خدر حەمەد خەتی

پرسیاری هاوەڵان و وەڵامی پێغەمبەر

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

صلى الله عليه وسلم

◀ زیاتر لە (٥٣٣) پرسیار و وەڵام

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

پرسیاری هاوەڵان
و
وەڵامی پێغەمبەر ﷺ

بسم الله الرحمن الرحيم

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: محمد خضر

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

هەولێر - بەرامبەر دەرگای قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری

Mdmakataba@gmail.com

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی / http://www.facebook.com

٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤

٠٧٨٢٤٦٧١٣٩٤

پرسیاری هاوەڵان
و
وەڵامی پێغەمبەر ﷺ

- زیاتر لە (٥٣٣) پرسیار و وەڵام -

ئامادەکردنی
خدر حەمەد خەتی



٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤ - ٠٧٨٢٤٦٧١٣٩٤
فەیس بووک: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی
هەولێر-بەرامبەر دەرگای قەڵا- بازاڕی ڕۆشەنبیری

ناوی کتێب: پرسیاری هاوەڵان و وەڵامی پێغەمبەر ﷺ
ئامادەکردنی: خدر حەمەد خەتی
پێداچوونەوەی : زیوەر ئەنوەر
نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: زەردەشت کاوانی
بابەت: ئایینی
چاپخانە: حاجی قادری کۆیی
چاپی: چاپی یەکەم / ١٤٤٢ك ـ ٢٠٢٠ز .
تیراژ: ١٥٠٠
پێوانە : (١٧ x ٢٤) سم
لاپەڕە : ٤٠٧

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان / هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردن: (٨٤٨) ساڵی (٢٠٢٠) ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پێشـــەکی

خوێنەرە بەڕێز وسەنگینەکان، ئەگەر کۆمەلێك پرسیار بورژێنین، وەك ئایا ئێمە لە کێ فێری خوێندنەوەی قورئان بووین؟ ئایا لەکێ فێری نوێژ کردن بووین؟ ئایا لە کێ فێری بووین چۆن زەکات بدەین؟ ئایا لە کێ فێربووین چۆن حەج بکەین؟ لە کێ فێربووین خێرو سەدەقە بکەین؟ لە کێ فێری شتە باشەکان بووین؟ لەکێ فێربووین شتە خراپەکان نەکەین؟ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە ئەوەیە بڵێین ئێمە لە پێغەمبەرمان (موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا) (ﷺ) فێربووین.

بەڕێزان: هاوەڵان خودا لێیان ڕازی بێ، بەردەوام دەچوون پرسیاریان ئاراستەی پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد، پێغەمبەریش وەڵامی دەدانەوە، ئەم وەڵامەش لای هاوەڵان زۆر بەبەرەکەت وبەچێژ بوو، دڵیان ئاوی پێ دەخواردەوە،چونکە کە بەقسەیان دەکرد لەسەدا سەد قازانجیان دەکرد.

بەڕێزان: پاش ئەوەی سەیری کتێبخانەی کوردیم کرد، هیچ بابەتێك نەبوو، بەناونیشانی پرسیاری هاوەڵان و وەڵامی پێغەمبەر(ﷺ) یان خود فەتواکانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ هاوەڵان، بۆیە گەڕام لەسەر ئەم بابەتە چەندین دەقم دۆزیەوە، داواکارم خودا لێم قەبوول بکا،وە ئومێدەوارم سەرجەم موسڵمانان سوودی لێ وەربگرن،وەدەکرێ بکرێتە مەنهەج بۆ قوتابخانە شەرعییەکان،خول، پێشبڕکی... هتد

دوو ئـــاگاداری:

١- ئەوانەی پرسیاریان لە پێغەمبەر(ﷺ) کردووە بریتینە لەمانە:

(١- فریشتە ٢-موسڵمان ٣- گاور (دیان) ٤- جوولەکە).

٢- ئەم کتێبە لە نزیکەی (٥٦٥) پرسیار و وەڵام پێك هاتووە، زیاتر لە(٥٣٣) پرسیار ئاراستەی پێغەمبەر(ﷺ) کراوە، وە (٣٤) فەرموودەش لەم کتێبە کراوەتە پرسیار و وەڵام، وە (٥٥) وانە و بابەتی زۆر گرنگی لە خۆ گرتووە.

ئایا بۆچی هاوەڵان (خودا لێیان رازی بێ) تامەزرۆ بوون پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) بکەن؟

وەڵام: لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- خودا فەرموویەتی واجبە بەقسەی پێغەمبەر(ﷺ) بکرێ بەبەڵگەی ئەم ئایەتە:

(يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِى ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِى شَىْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٥٩﴾) النساء

واتە: ئەی کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بن و پاشانیش گوێڕایەڵی کار بەدەستە (عادیلە) کانی خۆتان بن جا ئەگەر دوو بەرەکیتان هەبوو لەشتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بە خواو بە ڕۆژی دوایی ئەوە باشترە و ئاکام و ئەنجامی چاکترە. (واتە: قورئان و سوننەت)

٢- ئەوەی بە قسەی پێغەمبەر (ﷺ) بکات و یان پرسیاری لێ بکات وەك ئەوە وایە بەقسەی خوای کردبێ یان پرسیاری لە خودا کردبێ، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە:

(مَن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ ۖ ﴿٨٠﴾) النساء

واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بکات ئەوە بە ڕاستی گوێڕایەڵی خوای کردووە.

٣- ئەوەی بە قسەی پێغەمبەر(ﷺ) نەکات توشی ئاشوب وعەزابی خودا دەبێ بەبەڵگەی ئەم ئایەتە:

﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ النور (٦٣)

واتە: جا با بترسن ئەوانەی کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن کە (لە دنیادا) بەڵاو تاقیکردنەوەیەکیان تووش ببێ یا سزایەکی سەختیان تووش ببێ (لە دوا ڕۆژ) دا.

٤- ڕێباز و قسەو وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئێمە نەخشە ڕێگایە لەسەری بڕۆین، بۆ کەسێ ئومێدی بەخوا هەبێ، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە:

﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾ الاحزاب

واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بۆ ئێوە هەیە سەرمەشقی و پێشەوایەتی چاك بۆ کەسێ بەهیوای خواو (پاداشتی) ڕۆژی دواییە و زۆر یادی خوا دەکات.

٥- خودا فەرمانی کردووە، فەرمانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) وەربگرین وقەدەغەکانی ڕەتکەینەوە، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە:

﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُواْ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٧﴾ ﴾ الحشر

واتە: وە ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پێی دان وەریبگرن و ئەوەی لێتانی قەدەغە کرد وازی لێ بێنن وە لەخوا بترسن بێگومان خوای گەورە سزای سەختە.

٦- بەقسە کردنی پێغەمبەر (ﷺ) نیشانەی ئیمانە، بەقسەنەکردنی پێغەمبەر نیشانەی بێ ئیمانیە، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە:

﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ النساء

واتە: نەخێر(وانی یە کە خۆیان بە باوەڕدار نیشان دەدەن) سوێند بە پەروەردگارت بڕوا دارنین تا تۆ نەکەنە دادوەر لەهەر ئاژاوە و دووبەرەکی یەکی نێوانیان دا لەپاشان هەست نەکەن لە دەرونیاندا بە هیچ بێزارییەك لەو بڕیارەی تۆ داوتە و مل کەچ نەکەن بە مل کەچییەکی تەواو.

٧- ئەوەی بەقسەی پێغەمبەر(ﷺ) نەکات گومرایەکی ئاشکرایە بەبەڵگەی ئەم ئایەتە:

(وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾) الاحزاب

واتە: بۆ هیچ پیاوو ئافرەتێکی باوەڕدار نییە کاتێ خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری هەر کارێکیان دا (بۆیان نی یە) کە سەربشك بن لە کارەکەیاندا وە هەر کەس سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە بەڕاستی گومڕا بووە بە گومڕا بوونێکی ئاشکرا.

چەند فەرموودەیەکی گرنگ
لەسەر بەقسەکردنی پێغەمبەر(ﷺ)

١- پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەواڵی داوە ڕۆژێك دادێ کەسانێك دەڵێن فەرموودە چییە؟ ئێمە کاربەقورئان دەکەین!، ئەمەش دەقەکەی:

(عَنْ أَبِي رَافِعٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):(لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ، يَأْتِيهِ الْأَمْرُ مِنْ أَمْرِي مِمَّا أَمَرْتُ بِهِ أَوْ نَهَيْتُ عَنْهُ، فَيَقُولُ لَا أَدْرِي، مَا وَجَدْنَا فِي كِتَابِ اللَّهِ اتَّبَعْنَاهُ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَأَبُو دَاوُدَ، وَالتِّرْمِذِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ، وَالْبَيْهَقِيُّ قال الالباني صحيح (لَا أُلْفِيَنَّ:أَيْ لَا أَجِدَنَّ)

واتە: ئەبو رافیع خودا لێی رازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: با هیچ کەستان نەبینم لەسەر قەلەوێرەکەی پاڵبداتەوە، جا فەرمانێکی منی پێ بگات (واتە: فەرموودە) لەوەی فەرمانم بە کردنی کردووە، یان ڕێگریم لە شتێك کردوە، کابرا دەڵێ: من ئەوە نازانم، چی لە قورئان هاتووە من بەدوای ئەوە دەکەوم (واتە: تەنها ئیش بە قورئان دەکەم)

٢- پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەواڵی داوە ڕۆژێك دادێ کەسانێك دەڵێن فەرموودە چییە؟ ئێمە کاربەقورئان دەکەین، ئەمەش دەقەکەی:

(عَنِ الْمِقْدَامِ بْنِ مَعْدِي كَرِبَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)أنه قَالَ:(أَلَا إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ أَلَا يُوشِكُ رَجُلٌ شَبْعَانٌ عَلَى أَرِيكَتِهِ يَقُولُ عَلَيْكُمْ بِهَذَا الْقُرْآنِ فَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَلَالٍ فَأَحِلُّوهُ وَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَرَامٍ فَحَرِّمُوهُ وَإِنَّ مَا حَرَّمَ رَسُولُ الله كَمَا حَرَّمَ اللَّهُ....) رواه ابو داود وابن ماجة قال الالباني صحيح

واتە: میقدامی کوڕی مەعدی کەریبی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (ئاگادارین من قورئان و هاوشێوەی قورئانم پێ دراوە (واتە:

فەرموودە)، ئاگاداربن نزیکە ڕۆژێك بێ پیاوێکی تێر لەسەر قەلەوێرە وکورسی دانیشتووە، دەڵێ: ئەوە وەربگرن کە لە قورئان حەڵاڵ کراوە، ئێوەش حەلاڵی بکەن، ئەوەی لە قورئان حەڕام کراوە، ئێوەش حەڕامی بکەن، بزانن بیگومان ئەوەی پێغەمبەر حەڕامی کردووە، وەك ئەوە وایە خودا حەڕامی کردبێ.....)

٣- ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) قورئانە بەکردەیی:

ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) قسە وکردارو هەڵسوکەوتەکانی بریتی بووە لە جێ بەجێکردنی قورئان وەك دایکمان عائیشەدەڵێ(كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ) رواه ابو داود واحمد قال الالباني صحيح

واتە: ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) لە گوفتار وکردارو جموجۆڵەکانی برتییە بووە لە قورئان.

وانەی یەکەم

پرسیاری هاوەڵان لە بواری بیروباوەڕ (العقيدة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئیسلام چییە و چۆنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(قَالَ: يَا مُحَمَّدُ أَخْبِرْنِي عَنِ الْإِسْلَامِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْإِسْلَامُ أَن تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ وَتَصُومَ رَمَضَانَ وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلًا) رواه مسلم

واتە: جوبریل (پرسیاری دەکات دەڵێ: ئەی (محمد) هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئیسلام چییە وچۆنە؟ پێغەمبەر(ﷺ) لە وەڵامدا دەفەرموێت: ئیسلام ئەوەیە شاهێدی بدەی هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە (الله) وشاهێدی بدەی (محمد) (ﷺ) نێرراوی خودایە، و نوێژبکەی و زەکات بدەی وبەڕۆژووبی و حەجی ماڵی خوا بکەی ئەگەر لە توانتدا هەبوو.

پ٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئیمان چییە و چۆنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِيمَانِ قَالَ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ) رواه مسلم

واتە: جوبریل (پرسیاری دەکات دەڵێ: ئەی (محمد) (ﷺ) هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئیمان چییە وچۆنە؟ پێغەمبەر(ﷺ) لە وەڵامدا دەفەرموێت: ئیمان ئەوەیە، باوەڕت هەبێ بەخودا و فریشتەکانی خودا و کتێبەکانی خودا و پێغەمبەرانی خودا و ڕۆژی دوایی، وە باوەڕت هەبێ بەقەزا و قەدەر بەخێر و شەڕیەوە.

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئیحسان چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(قال: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِحْسَانِ قَالَ: أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ) رواه مسلم

واتە: جوبریل (پرسیار دەکات و دەڵێ: ئەی (محمد) (ﷺ) هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئیحسان چییە وچۆنە؟ پێغەمبەر(ﷺ) لە وەڵامدا دەفەرموێت: ئیحسان واتە: بەم شێوە خوداپەرستی بکەی وەك ئەوەی خوا ببینی، ئەگەر ئەتۆش خودا نەبینی بێگومان خودا تۆ دەبینی.

ئایا ئیمان چەندە بەشە؟ وە لوتکەی بەرزی ئیمان چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ شُعْبَةً، فَأَفْضَلُهَا لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الْإِيمَانِ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە: ئەبوهوریرە خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئیمان حەفتاو ئەوەندە بەشەیە، باشترینیان (لە ڕیوایەتی دیکە بەرزترین) (لا اله الا الله) و نزمترینی لادانی ئازارێکە لەسەر ڕێگا و شەرم بەشێکە لە ئیمان.

پ٤/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) خەیاڵی سەیر بەناو دڵمدا دێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أُحَدِّثُ نَفْسِي بِالْحَدِيثِ لَأَنْ أَخِرَّ مِنْ السَّمَاءِ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَتَكَلَّمَ بِهِ قَالَ ذَلِكَ صَرِيحُ الْإِيمَانِ) مسند أحمد قال الالباني حسن

واتە: ئەبوهورەیرە خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری کردو گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) من شتی وا بەناو دڵمدا دێ، ئەگەر لە ئاسمان بکەومە خوارەوە پێم خۆشترە، نەوەك قسەکە بکەم. پێغەمبەر(ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی: ئەوە نیشانەی ڕاستی ئیمانە.

وفی روایه(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: جَاءَ نَاسٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَسَأَلُوهُ: إِنَّا نَجِدُ فِي أَنْفُسِنَا مَا يَتَعَاظَمُ أَحَدُنَا أَنْ يَتَكَلَّمَ بِهِ، قَالَ: (وَقَدْ وَجَدْتُمُوهُ ؟) قَالُوا: نَعَمْ، قَالَ: (ذَاكَ صَرِيحُ الْإِيمَانِ) رواه مسلم

واتە: (ئەبوهورەیرە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کەسانێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) هاتن بۆخزمەتی و پرسیاریان لێکرد: ئێمە شتانێك دێت بەدڵماندا دەربڕینی زۆر قورسە لەلامان، فەرمووی: بەڕاستی ئەمەتان تووش هاتووە؟ وتیان: بەڵێ: فەرمووی: دە ئەوە ئیمانی پاکە.

پ٥/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) وەسوەسە چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ الْوَسْوَسَةِ قَالَ تِلْكَ مَحْضُ الْإِيمَانِ) رواه مسلم

واتە: عبدالله ی کوڕی مەسعود خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) کرا دەربارەی وەسوەسە لە وەڵامدا فەرمووی: ئەوە نیشانەی سافی ئیمانە.

پ٦ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) شوێنێکمان بۆ بکە جێگای شمشێر هەڵواسین وەکو بێ باوەڕان؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ أَنَّهُمْ خَرَجُوا عَنْ مَكَّةَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى حُنَيْنٍ قَالَ وَكَانَ لِلْكُفَّارِ سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَهَا وَيُعَلِّقُونَ بِهَا أَسْلِحَتَهُمْ يُقَالُ لَهَا ذَاتُ أَنْوَاطٍ قَالَ فَمَرَرْنَا بِسِدْرَةٍ خَضْرَاءَ عَظِيمَةٍ قَالَ فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَ قَوْمُ مُوسَى اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ إِنَّهَا لَسُنَنٌ لَتَرْكَبُنَّ سُنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ سُنَّةً سُنَّةً (رواه احمد) قال شعيب إسناده صحيح على شرط الشيخين

واتە: ئەبو واقیدی لەیسی خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: ئێمە لە مەککە لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ حونەین دەرچووین ، دەڵێ: کافران دارێکیان هەبوو لەکن دارەکە پشوویان دەداو چەکەکانیان بەم دارەوە هەڵدەواسی، پێیان دەگوت (ذَاتُ أَنْوَاطٍ) دەڵێ: ئێمەش بەلای دارێکی سەوزی گەورە رابردین، گوتمان ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) تۆش بۆ ئێمە ئەم دارە بکە (ذَاتُ أَنْوَاطٍ)(شوێنی شمشیر هەڵواسین) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئێوە قسەی قەومی موساتان کرد،، کاتێ بەلای قەومێك رابردن گوێلکیان دەپەرست، گوتیان ئەی موسی تۆش بۆ ئێمە وەکو ئەوان پەرستراوێك پیدابکە ، موسی فەرمووی: ئێوە قەومێکی نەزانن،فەرمووی، بەدوای ڕێبازی ئەوان دەکەون ڕێگا بە ڕێگا.

پ٧ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) شیرکی شاراوە چۆنە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن مَعْقِل بْن يَسَارٍ يَقُولُ: انْطَلَقْتُ مَعَ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ:(يَا أَبَا بَكْرٍ، لَلشِّرْكُ فِيكُمْ أَخْفَى مِنْ دَبِيبِ النَّمْلِ، فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: وَهَلِ الشِّرْكُ إِلَّا مَنْ جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَلشِّرْكُ أَخْفَى مِنْ

دَبِيبِ النَّمْلِ، أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى شَيْءٍ إِذَا قُلْتَهُ ذَهَبَ عَنْكَ قَلِيلُهُ وَكَثِيرُهُ؟ قَالَ: قُلِ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وَأَنَا أَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لَا أَعْلَمُ) الادب المفرد قال الالباني صحيح

واتە: مەعقیلی کوڕی یەسار خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: لەگەڵ ئەبوبەکر دەرچووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، فەرمووی: ئەی ئەبوبەکر شیرکی وا لە ناوتاندا هەیە، لە خشپەی پێی میرووڵە شاراوەترە، ئەبوبەکر گوتی: شیرك هەر ئەوە نیە کەسێ هاوبەش بۆ خودا بریاربدات؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سوێندم بەوەی گیانی منی بەدەستە شیرکی واها هەیە شاراوەترە لە خشپەی پێی میرووڵە، ئایا شتێکت فێربکەم ئەگەر بیخوێنی شیرکی بچوك وگەورەت لە کۆڵ بێتەوە، ئەبوبەکر گوتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڵێ (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وَأَنَا أَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لَا أَعْلَمُ) واتە: خودایە پەنا بە تۆ دەگرم شیرکت بۆ بریاربدەم لەوەی دەیزانم، وەداوای لێبورنت لێ دەکەم لەوەی نایزانم.

پ٨/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئێمە لە ڕۆژی قیامەتدا خودا دەبینین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّ أُنَاسًا قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (نَعَمْ هَلْ تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ صَحْوًا لَيْسَ فِيهَا سَحَابٌ؟..) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: ئەبو سەعیدی خودری خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: هەندێ لە خەڵکی پرسیاریان کرد گوتیان ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئایا ئێمە لە ڕۆژی قیامەتدا خودا دەبینین؟ لە وەڵامدا فەرمووی: بەڵێ: چۆن مانگی چواردە دەبینن ئاواش ئێوە خودا دەبینن، هیچ زیانتان پێ ناگات وەك چۆن لە بینینی مانگ زیانتان پێ ناگات

وفي رواية (عَن جَرِيرِ بْنِ عَبْدُ اللَّهِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ عِيَانًا) رواه البخاري واتە: ئێوە لە داهاتوو بەچاوی خۆتان خودا دەبینن

پ٩/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بۆچی کاروکردەوە بکەین مادام قەدەری خودا بڕاوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَلِيٍّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا وَقَدْ كُتِبَ مَقْعَدُهُ مِنَ النَّارِ، وَمَقْعَدُهُ مِنَ الْجَنَّةِ) قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلَا نَتَّكِلُ عَلَى كِتَابِنَا، وَنَدَعُ الْعَمَلَ؟ قَالَ، اعْمَلُوا فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ؟ أَمَّا مَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ السَّعَادَةِ فَسَيُيَسَّرُ لِعَمَلِ السَّعَادَةِ، وَأَمَّا مَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الشَّقَاوَةِ فَسَيُيَسَّرُ لِعَمَلِ الشَّقَاوَةِ، ثُمَّ قَرَأَ: (فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى، وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى، فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى، وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى، وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى، فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى) (الليل: ٥- ١٠) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: عەلی خودا لێی رازی بێ دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوو، دارێکی لە زەوی وەردەدا،و سەری بەرزکردەو وفەرمووی: هەموو نەفسێك جێگە دیارە لە بەهەشت و دۆزەخ، هاوەڵان گوتیان: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) مادام وایە بۆچی ئێمە کاروکردەوە بکەین؟ وە بۆ لێی پاڵ نەدەینەوە؟ فەرمووی: نەخێر ئێوە کاروکردەوە بکەن، هەرکەس وبۆ کاروکردەوەی خۆی دروستکراوە، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە(فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى، وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى) تاکو (فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى) واتە: ئینجا ئەو کەسەی (مالّ) ببەخشێ و لەخوا بترسێت و پارێزکاربێت. (٥) وە بڕوای ببێ بەوەی زۆرچاکە(لا اله الا الله)یە یا بەهەشت. (٦) ئەو زوو یارمەتی دەدەین بۆ ڕێی ئاسان(کە چاکە) یە. (٧) وە ئەو کەسەی ڕژدی بکات خۆی بێ نیاز بزانێ. (٨) وە بڕوای نەبێ بەچاکە(کە لا اله الا الله یە یا بەهەشت) ە. (٩) ئەوە زوو ڕێی سەختی بۆ ئاسان دەکەین. (١٠) (پوختەی.تەفسیر)

پ.١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا یەکەمین شت چی هەبووە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(.....قَالُوا قَبِلْنَا جِئْنَاكَ لِنَتَفَقَّهَ فِي الدِّينِ وَلِنَسْأَلَكَ عَنْ أَوَّلِ هَذَا الْأَمْرِ مَا كَانَ قَالَ كَانَ اللَّهُ وَلَمْ يَكُنْ شَيْءٌ قَبْلَهُ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ ثُمَّ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ وَكَتَبَ فِي الذِّكْرِ كُلَّ شَيْءٍ.....(رواه البخاري)

واتە: هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بی گوتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) هاتووین فێری ئایین بین،پرسیارت لێ دەکەین دەربارەی سەرەتای شتەکان (دروستکراوەکان)، فەرمووی: خودا هەبووە بەڵام هیچ شت نەبووە پێش ئەو، وە عەرشی خودا لەسەر ئاو بووە،دواتر ئاسمانەکانی و زەوی دروست کرد، جا هەموو شتێکی لە لەوحی مەحفوز نووسی.

پ١١ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا تۆ خوات بینیوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ شَقِيقٍ، قَالَ: قُلْتَ لِأَبِي ذرٍّ، لَوْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) لَسَأَلْتُهُ فَقَالَ: عَنْ أَيِّ شَيْءٍ كُنْتَ تَسْأَلُهُ؟ قَالَ: كُنْتُ أَسْأَلُهُ هَلْ رَأَيْتَ رَبَّكَ؟ قَالَ أَبُو ذَرٍّ: قَدْ سَأَلْتُ، فَقَالَ: (رَأَيْتُ نُورًا) رواه مسلم

واتە: عبدالله کوڕی شەقیق خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ:گوتمە ئەبو زەر ئەگەر پێغەمبەرم (ﷺ) بینیبا پرسیارم لێ دەکرد ئایا خوات بینیوە؟ ئەبو زەر گوتی: من ئەو پرسیارەم لێ کردووە، لە وەڵامدا فەرمووی: نورم دیوە(واتە: نوری حیجاب)

وفي رواية (عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ سَأَلَتْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): هَلْ رَأَيْتَ رَبَّكَ؟ قَالَ: (نُورٌ أَنَّى أَرَاهُ) رَوَاهُ مُسلم

توضيح (رؤية النبي صلى الله عليه وسلم لربه في الدنيا):

أما بالنسبة لنبينا محمد عليه الصلاة والسلام فقد اختلف في رؤيته لربه ليلة المعراج، ولكن القول الصحيح الذي دلت عليه الأدلة أنه لم يره، ويكون داخلاً في قوله (ﷺ) (إنكم لن تروا ربكم حتى تموتوا)، أو: (إنه لن يرى أحد منكم ربه حتى يموت)، فالراجح أن النبي (ﷺ) لم ير ربه، ولما سئل عليه الصلاة والسلام: هل رأيت ربك؟ ما قال: نعم. رأيت ربي! ولكنه قال: (رأيت نوراً)، وفي رواية أنه قال: (نور أنى أراه؟) يعني أنه إنما رأى نور الحجاب الذي قال عنه (ﷺ): (حجابه النور، لو كشفه لأحرقت سبحات وجهه ما انتهى إليه بصره من خلقه)، فهذه الأدلة تدل على أنه ما رأى ربه، ولو كان النبي (ﷺ)

رأى ربه لبين ذلك، وقال: نعم رأيت ربي. وجاء في حديث صحيح أنه (ﷺ) رأى ربه في المنام، أما في اليقظة فلا) شرح سنن ابي داود للعباد

پ ١٢ / - ئایا پێغەمبەر(ﷺ) خوای بینیوە لە خەودا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَائِشٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ:قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (رَأَيْتُ رَبِّيَ عَزَّ وَجَلَّ فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ، قَالَ: فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى قُلْتُ: أَنْتَ أَعْلَمُ) قَالَ: فَوَضَعَ كَفَّهُ بَيْنَ كَتِفَيَّ فَوَجَدْتُ بَرْدَهَا بَيْنَ ثَدْيَيَّ، فَعَلِمْتُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَتَلَا: (وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ) (الأنعام: ٧٥) رَوَاهُ الدَّرَامِيُّ مُرْسَلًا، وَلِلتِّرْمِذِيِّ نَحْوُهُ عَنْهُ. قال الالباني صحيح

واتە: عبدالرحن کوڕی عائیش خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوام لە خەودا بینی بە جوانترین شێوە، خودا فەرمووی: ئەی (محمد) (ﷺ) فریشتەکان لەسەر چی کێشەیانە (واتە: باسی چی دەکەن)، گوتم: خودا دەزانی، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووی: خودا دەستی خستە ناوشانم هەستم بە ساردی کرد لە ناو سینگم و هەموو شتێکم زانی ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، جا پێغەمبەر(ﷺ) ئەو ئایەتەی خوێندەوە (وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ) (قورتوبی) ئەڵێ: (ملكوت: أى مُلك، وزيدت الواو والتا و للمبالغه فى الصفه مثل: الجبروت).

ئەم فەرموودە خەونەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بەدرێژی روون دەکاتەوە:

(أَنَّ مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ قَالَ: احْتَبَسَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ غَدَاةٍ عَنْ صَلَاةِ الصُّبْحِ حَتَّى كِدْنَا نَتَرَاءَى قَرْنَ الشَّمْسِ، فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سَرِيعًا، فَثُوِّبَ بِالصَّلَاةِ وَصَلَّى وَتَجَوَّزَ فِي صَلَاتِهِ فَلَمَّا سَلَّمَ. قَالَ: (كَمَا أَنْتُمْ عَلَى مَصَافِّكُمْ). ثُمَّ أَقْبَلَ إِلَيْنَا. فَقَالَ: إِنِّي سَأُحَدِّثُكُمْ مَا حَبَسَنِي عَنْكُمُ الْغَدَاةَ إِنِّي قُمْتُ مِنَ اللَّيْلِ، فَصَلَّيْتُ مَا قُدِّرَ لِي فَنَعَسْتُ فِي صَلَاتِي حَتَّى اسْتَيْقَظْتُ، فَإِذَا أَنَا بِرَبِّي فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ. فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ أَتَدْرِي فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟ قُلْتُ: لَا أَدْرِي يَا رَبِّ. قَالَ: يَا مُحَمَّدُ فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟

قُلْتُ: لَا أَدْرِي رَبِّ، قَالَ: يَا مُحَمَّدُ فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟ قُلْتُ: لَا أَدْرِي يا رَبِّ، فَرَأَيْتُهُ وَضَعَ كَفَّهُ بَيْنَ كَتِفَيَّ حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَ أَنَامِلِهِ بَيْنَ صَدْرِي فَتَجَلَّى لِي كُلُّ شَيْءٍ وَعَرَفْتُ فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟ قُلْتُ: فِي الْكَفَّارَاتِ. قَالَ: وَمَا الْكَفَّارَاتُ؟ قُلْتُ: نَقْلُ الْأَقْدَامِ إِلَى الْجُمُعَاتِ، وَجُلُوسٌ فِي الْمَسَاجِدِ بَعْدَ الصَّلَوَاتِ، وَإِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عِنْدَ الْكَرِيهَاتِ. قَالَ: وَمَا الدَّرَجَاتُ؟ قُلْتُ: إِطْعَامُ الطَّعَامِ، وَلِينُ الْكَلَامِ، وَالصَّلَاةُ وَالنَّاسُ نِيَامٌ. قَالَ: سَلْ. قُلْتُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَتَرْكَ الْمُنْكَرَاتِ، وَحُبَّ الْمَسَاكِينِ، وَأَنْ تَغْفِرَ لِي وَتَرْحَمَنِي، وَإِذَا أَرَدْتَ فِتْنَةً فِي قَوْمٍ فَتَوَفَّنِي غَيْرَ مَفْتُونٍ، وَأَسْأَلُكَ حُبَّكَ وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبُنِي إِلَى حُبِّكَ. وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّهَا حَقٌّ فَادْرُسُوهَا وَتَعَلَّمُوهَا)رواه احمد قال الالباني صحيح

ئایا ئیبنو عەباس چی دەڵێ دەربارەی پێغەمبەر لە بینی خودا؟

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: (مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى) (النجم: ١١) (وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى) (النجم: ١٣) قَالَ: (رَآهُ بِفُؤَادِهِ مَرَّتَيْنِ) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ

ئیبن عەباس دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دووجار بە دڵ خودای دیوە.

پ ٨٣ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا شیرکی بچوك چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ مَحْمُودِ بْنِ لَبِيدٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: (إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! وَمَا الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ؟ قَالَ: الرِّيَاءُ، رَوَاهُ أَحْمَدُ. وَزَادَ الْبَيْهَقِيُّ فِي (شُعَبِ الْإِيمَانِ) يَقُولُ اللَّهُ لَهُمْ يَوْمَ يُجَازِي الْعِبَادَ بِأَعْمَالِهِمْ: اذْهَبُوا إِلَى الَّذِينَ كُنْتُمْ تُرَاؤُونَ فِي الدُّنْيَا، فَانْظُرُوا هَلْ تَجِدُونَ عِنْدَهُمْ جَزَاءً وَخَيْرًا؟) قال الالباني صحيح

واتە: مەحمودی کوڕی لەبید خودا لێی رازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوی من لێتان دەترسم شیرکی بچوکە، هاوەڵان گوتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) شیرکی بچووك چییە؟ فەرمووی: ڕووپاما (خۆدەرخستن)، لە ڕۆژی قیامەت کاتێ هەرکەس و پاداشتی خۆی وەردەگرێ، خودا بە ڕیابازەکان دەفەرموێ: بڕۆنە لای ئەو کەسانەی لەبەر چاوی ئەوان کاروکردەوەتان دەکرد،

بزانن ئەوان دەتوانن پاداشتان بدەنەوە(شتەکان بۆ خوا نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بوو بڵێن فلان کەس کەسێکی باشە)

پ٤٨ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن منداڵ دەبێتە کوڕ، وەچۆن دەبێتە کچ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن ثَوْبَانَ مَوْلَى رَسُولِ اللهِ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ قَائِمًا عِنْدَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) فَجَاءَ حِبْرٌ مِنْ أَحْبَارِ الْيَهُودِ فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكَ يَا مُحَمَّدُ فَدَفَعْتُهُ دَفْعَةً كَادَ يُصْرَعُ مِنْهَا فَقَالَ: لِمَ تَدْفَعُنِي؟ فَقُلْتُ: أَلَا تَقُولُ يَا رَسُولَ اللهِ، فَقَالَ الْيَهُودِيُّ: إِنَّمَا نَدْعُوهُ بِاسْمِهِ الَّذِي سَمَّاهُ بِهِ أَهْلُهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (إِنَّ اسْمِي مُحَمَّدٌ الَّذِي سَمَّانِي بِهِ أَهْلِي)، فَقَالَ الْيَهُودِيُّ: جِئْتُ أَسْأَلُكَ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) (أَيَنْفَعُكَ شَيْءٌ إِنْ حَدَّثْتُكَ؟) قَالَ: أَسْمَعُ بِأُذُنَيَّ، فَنَكَتَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِعُودٍ مَعَهُ، فَقَالَ: (سَلْ) فَقَالَ الْيَهُودِيُّ: أَيْنَ يَكُونُ النَّاسُ يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَاوَاتُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (هُمْ فِي الظُّلْمَةِ دُونَ الْجِسْرِ) قَالَ: فَمَنْ أَوَّلُ النَّاسِ إِجَازَةً؟ قَالَ: (فُقَرَاءُ الْمُهَاجِرِينَ) قَالَ الْيَهُودِيُّ: فَمَا تُحْفَتُهُمْ حِينَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ؟ قَالَ: (زِيَادَةُ كَبِدِ النُّونِ)، قَالَ: فَمَا غِذَاؤُهُمْ عَلَى إِثْرِهَا؟ قَالَ: (يُنْحَرُ لَهُمْ ثَوْرُ الْجَنَّةِ الَّذِي كَانَ يَأْكُلُ مِنْ أَطْرَافِهَا) قَالَ: فَمَا شَرَابُهُمْ عَلَيْهِ؟ قَالَ: (مِنْ عَيْنٍ فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلًا) قَالَ: صَدَقْتَ. قَالَ: وَجِئْتُ أَسْأَلُكَ عَنْ شَيْءٍ لَا يَعْلَمُهُ أَحَدٌ مِنْ أَهْلِ الْأَرْضِ إِلَّا نَبِيٌّ أَوْ رَجُلٌ أَوْ رَجُلَانِ. قَالَ: (يَنْفَعُكَ إِنْ حَدَّثْتُكَ؟) قَالَ: أَسْمَعُ بِأُذُنَيَّ. قَالَ: جِئْتُ أَسْأَلُكَ عَنِ الْوَلَدِ؟ قَالَ: (مَاءُ الرَّجُلِ أَبْيَضُ، وَمَاءُ الْمَرْأَةِ أَصْفَرُ، فَإِذَا اجْتَمَعَا، فَعَلَا مَنِيُّ الرَّجُلِ مَنِيَّ الْمَرْأَةِ، أَذْكَرَا بِإِذْنِ اللهِ، وَإِذَا عَلَا مَنِيُّ الْمَرْأَةِ مَنِيَّ الرَّجُلِ، آنَثَا بِإِذْنِ اللهِ). قَالَ الْيَهُودِيُّ: لَقَدْ صَدَقْتَ، وَإِنَّكَ لَنَبِيٌّ، ثُمَّ انْصَرَفَ فَذَهَبَ. فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (لَقَدْ سَأَلَنِي هَذَا عَنِ الَّذِي سَأَلَنِي عَنْهُ، وَمَا لِي عِلْمٌ بِشَيْءٍ مِنْهُ، حَتَّى أَتَانِيَ اللهُ بِهِ) رواه مسلم والحاكم

واتە: سەوبانی خزمتکاری پێغەمبەر(ﷺ) دەڵێ: لەلای پێغەمبەر دانیشتبووم، زانایەکی جوولەکە هات، گوتی: سڵاوت لێ بێ ئەی (محمد)، ئەڵێ: منیش پاڵێکم پێوەنا خەریک بوو بەربێتەوە، گوتی بۆچی پاڵم پێوە دەنێی؟ گوتم بۆچی

نالّێی ئەی پێغەمبەری خودا؟ کابرای جوولەکە گوتی: بەو ناوەی بانگی دەکەین کە کەس وکاری ناویان لێ ناوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خزمەکانم ناویان لێناوم (محمد) بەو ناوە بانگم دەکەن ، زاناکەی جوولەکە گوتی: هاتووم چەند پرسیارێکت لێ بکەم، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: ئەگەر قسەم بۆ کردی سوودت پێ دەگەیەنێ ؟ گوتی بە هەردوو گوێیان گوێ دەگرم، پێغەمبەر(ﷺ) چیلکە دارێکی لە زەوی وەردا و فەرمووی: پرسیار بکە؟

١- زانای جوولەکە گوتی: کاتێ ئەم زەوییە دەگۆڕێ خەڵکی لە کوێن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەتاریکی سەر پردن . (دەڵێن لێرە مەبەستی سەرپردە)

٢- زانای جوولەکە گوتی: کێ پێش هەموو کەس لە پرد دەپەڕێتەوە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەژارە موهاجیرەکان

٣- زانای جوولەکە گوتی: خەڵکی بەچی پێشوازی دەکرێن و دەعوەت دەکرێن ئەگەر چوونە بەهەشت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە زیادە گۆشتی جەرگی نەهەنگ.

٤- زانای جوولەکە گوتی: دوای بەچی دەعوت دەکرێن بۆ نانی نێوەڕۆ؟ پێغەمبەر فەرمووی: گای بەهەشتیان بۆ سەر دەبڕن کە لە لێوارەکانی بەهەشت دەلەوەڕێ.

٥- زانای جوولەکە گوتی: ئەدی چ خواردنەوەیەکیان دەدرێتێ بەسەریدا بکەن؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئاوی کانیاوی (سەلسەبیل) زانای جوولەکە گوتی: راست دەکەی

٦- زانای جوولەکە گوتی: هاتووم پرسارێکت لێ بکەم هیچ کەسی سەر زەوی نازانێ جگە لە پێغەمبەران یان پیاوێك یان دووان دەزانن، زانای جوولەکە گوتی: هاتووم پرسیارت لێ بکەم،پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ئەگەر قسەم بۆ کردی سوودت پێ دەگەیەنێ ؟ زانای جوولەکە گوتی بە هەردوو گوێیان گوێ دەگرم.

٧- زانای جوولەکە گوتی: هاتووم پرساری (منداڵ) بکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئاوی پیاو سپییە و ئاوی ژنیش زەردە، کاتێ تێکەڵ دەبن، ئەگەر ئاوی پیاو سەرکەوتە سەر ئاوی ژن بەفەرمانی خودا منداڵەکە دەبێتە کوڕ، ئەگەر ئاوی ژنەکە سەرکەوت بەسەر ئاوی پیاو، بە فەرمانی خودا دەبێتە کچ، جوولەکە گوتی: ڕاست دەکەی، تۆ پێغەمبەری، دوای زانای جوولەکە ڕۆیشت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو پرسیارانەی ئاراستەی کردم نەمدەزانی، بەڵام خودا بۆی ناردم.

توضيح:) وقد اختلف العلماء في المراد بالسبق، فقيل: المعنى: سبق في الإنزال، وقيل: معنى سبق: أي: غلب، كما ذكرنا، فأيهما سبق في الإنزال كان الشبه له، فإن سبق ماء الرجل في الإنزال كان الشبه له، وإن سبق ماء المرأة كان الشبه لها، وقيل: معنى (إن سبق) يعني: غلب، بمعنى: كثر، فمن غلب ماؤه أو كثر كان الشبه له، فإذا غلب ماء الرجل، كان الشبه له، وإذا غلب ماء المرأة كان الشبه لها) شرح سنن النسائي - الراجحي

پ٨٥ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) یەکەمین نیشانەی قیامەت چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَنَسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ بَلَغَ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ سَلَامٍ مَقْدَمُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) الْمَدِينَةَ فَأَتَاهُ فَقَالَ إِنِّي سَائِلُكَ عن ثَلَاثٍ لَا يَعْلَمُهُنَّ إِلَّا نَبِيٌّ قَالَ مَا أَوَّلُ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ وَمَا أَوَّلُ طَعَامٍ يَأْكُلُهُ أَهْلُ الْجَنَّةِ وَمِنْ أَيِّ شَيْءٍ يَنْزِعُ الْوَلَدُ إِلَى أَبِيهِ وَمِنْ أَيِّ شَيْءٍ يَنْزِعُ إِلَى أَخْوَالِهِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَبَّرَنِي بِهِنَّ آنِفًا جِبْرِيلُ قَالَ فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ ذَاكَ عَدُوُّ الْيَهُودِ مِنْ الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَمَّا أَوَّلُ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ فَنَارٌ تَحْشُرُ النَّاسَ مِنْ الْمَشْرِقِ إِلَى الْمَغْرِبِ وَأَمَّا أَوَّلُ طَعَامٍ يَأْكُلُهُ أَهْلُ الْجَنَّةِ فَزِيَادَةُ كَبِدِ حُوتٍ وَأَمَّا الشَّبَهُ فِي الْوَلَدِ فَإِنَّ الرَّجُلَ إِذَا غَشِيَ الْمَرْأَةَ فَسَبَقَهَا مَاؤُهُ كَانَ الشَّبَهُ لَهُ وَإِذَا سَبَقَ مَاؤُهَا كَانَ الشَّبَهُ لَهَا قَالَ أَشْهَدُ أَنَّكَ رَسُولُ اللَّهِ ثُمَّ قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ الْيَهُودَ قَوْمٌ بُهُتٌ إِنْ عَلِمُوا بِإِسْلَامِي قَبْلَ أَنْ تَسْأَلَهُمْ بَهَتُونِي عِنْدَكَ فَجَاءَتْ الْيَهُودُ وَدَخَلَ عَبْدُ اللَّهِ الْبَيْتَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَيُّ رَجُلٍ فِيكُمْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلَامٍ قَالُوا أَعْلَمُنَا وَابْنُ أَعْلَمِنَا وَ وَابْنُ أَخْيَرِنَا فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَفَرَأَيْتُمْ إِنْ أَسْلَمَ عَبْدُ اللَّهِ قَالُوا أَعَاذَهُ اللَّهُ مِنْ ذَلِكَ فَخَرَجَ عَبْدُ اللَّهِ إِلَيْهِمْ فَقَالَ

أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ فَقَالُوا شَرُّنَا وَابْنُ شَرِّنَا وَوَقَعُوا فِيهِ) رواه البخاري

واتە: ئەنەس خوا لێی رازی بێ دەڵێ: (عبدالله)ی کوڕی سەلام زانی پێغەمبەر (ﷺ)گەیشتۆتە مەدینە هاتە لای (ئەو کات زانایەکی جوولەکە)بوو گوتی: هاتووم (٣) پرسارت لێ بکەم، کەسێ پێغەمبەر نەبێ نازانێ، ئایا یەکەم نیشانەی قیامەت چییە؟ وە یەکەمین خواردنی خەڵکی بەهەشت چییە؟ وە بۆچی منداڵ بە باوکی دەچێ یان بۆچی بە خالوانی دەچێ؟

پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئێستا جوبریل هات هەواڵی پێدام، (عبدالله) گوتی: جوبریل دوژمنی جوولەکەیە (واتە: ئەوان بە دوژمنی خۆی دەزانن) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: یەکەمین نیشانەی قیامەت ئاگرێکە خەڵکی لە ڕۆژ هەلاتەوە کۆدەکاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، وە یەکەمین خواردنی خەڵکی بەهەشت زیادەی گۆشتی نەهەنگە، وە سەبارەت بە پێکچوونی منداڵ بەباوك و خالوانی، کاتێ پیاو دەچێتە لای ئافرەت ئەگەر ئاوی پیاوەکە پێشان هات منداڵەکە بەو دەچێ، بەڵام ئەگەر ئاوی ئافرەتەکە پێشان هات ئەوە منداڵەکە بە ئافرەتەکە دەچێ، (عبدالله)ی کوڕی سەلام گوتی: شاهێدی دەدەم تۆ پێغەمبەری خودای، وەگوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) جوولەکە گەلێکی بوختان چین ئەگەر بزانن من موسڵمان بوویمە بوختانم پێدەکەن، جا عبدالله خۆی شاردەوە لەلای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بەدوای جوولەکەکان هاتنە لای پێغەمبەر (ﷺ)، جا پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری لێ کردن فەرمووی: ڕاتان چۆنە بەرامبەر (عبدالله) کوڕی سەلام وپیاوێکی چۆنە لە ناو ئێوە؟ گوتیان: زاناترینمانە وە کوڕی زاناترینمانە و باشترینمانە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر (عبدالله) ی کوڕی سەلام موسڵمان بێ ئێوە چی دەڵێن، گوتیان: خودا پەنای بدات شتی وابکات، لەو دەمە عبدالله هاتە دەر بۆیان، گوتی: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) جوولەکەکان گوتیان: ئەوە خراپترینمانە و کوڕی خراپتریتمانە و دابەزینە سەری، عبدالله گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چیم گوت!.

پ١٦/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من فولانە کەسم خۆش دەوێ لە پێناوی خودا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَنَسٍ قَالَ: مَرَّ رَجُلٌ بِالنَّبِيِّ (ﷺ) وَعِنْدَهُ نَاسٌ. فَقَالَ رَجُلٌ مِمَّنْ عِنْده: إِني لأحب هَذَا فِي اللَّهِ. فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (أَعْلَمْتَهُ؟) قَالَ: لَا. قَالَ: (قُمْ إِلَيْهِ فَأَعْلِمْهُ) . فَقَامَ إِلَيْهِ فَأَعْلَمَهُ فَقَالَ: أَحَبَّكَ الَّذِي أَحْبَبْتَنِي لَهُ. قَالَ: ثُمَّ رَجَعَ. فَسَأَلَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) فَأَخْبَرَهُ بِمَا قَالَ. فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) (أَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكَ مَا احْتَسَبْتَ) رَوَاهُ الْبَيْهَقِيُّ فِي (شُعَبِ الْإِيمَانِ) . وَفِي رِوَايَةِ التِّرْمِذِيِّ: (الْمَرْءُ مَعَ من أحبَّ ولَه مَا اكْتسب) قال الالباني حسن

واتە: ئەنەس خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێك بەلای پێغەمبەردا(ﷺ) ڕابرد، وە خەڵکی لە دەورەی پێغەمبەر بوون، یەکێ لەوانەی لەوێ بوو،گوتی: من ئەو پیاوەم بۆ خودا خۆش دەوێ کەتازە ڕابرد، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: ئایا پێت گوتووە خۆشم دەوێی؟ کابرا گوتی: نەخێر، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڕۆ پێی بڵێ، ئەویش چوو پێی گوت، ئەویش لە وەڵامدا گوتی:خودا خۆشتی بوێ وەك چۆن منت بۆ خوا خۆش دەوێ، جا بۆ پێغەمبەری گێرایەوە، فەرمووی: (تۆ لەگەڵ ئەو کەسە حەشر دەکرێی کە خۆشت دەوێ)

پ١٧/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من کۆمەڵێکم خۆش دەوێ بەڵام پێیان نەگەیشتووم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ كَيْفَ تَقُولُ فِي رَجُلٍ أَحَبَّ قَوْمًا وَلَمْ يَلْحَقْ بِهِمْ؟ فَقَالَ: (المرءُ معَ من أحب) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: عبدالله ی کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ)، گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) چی دەفەرمووی دەربارەی کەسێك، کۆمەڵێکی خۆش دەوێ، بەڵام بەدیداریان شاد نەبووە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: تۆ لەگەڵ ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێ .

پ١٨ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من خوا وپێغەمبەرم خۆش دەوێ ؟
وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ذَرٍّ أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ الرَّجُلُ يُحِبُّ الْقَوْمَ وَلَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يَعْمَلَ كَعَمَلِهِمْ؟، قَالَ: (إِنَّكَ يَا أَبَا ذَرٍّ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ)، قَالَ: فَإِنِّي أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ، قَالَ: (أَنْتَ يَا أَبَا ذَرٍّ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ) رواه ابن حبان وابو داود والدارمي واحمد قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو زەڕ خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیارم کرد گوتم ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)پیاوێك کۆمەڵێك و گەلێکی خۆش دەوێ، بەڵام ناتوانێ وەکو ئەوان کردەوە بکات ؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەی ئەبو زەڕ لەگەڵ ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێ، ئەڵێ گوتم: من خواو پێغەمبەرم خۆش دەوێ، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: تۆ لەگەڵ ئەوانەی کە خۆشت دەوێن .

پ١٩ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕۆژی قیامەت تۆ چۆن ئێمە دەناسیتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَالَ:(إِنَّ حَوْضِي أَبْعَدُ مِنْ أَيْلَةَ مِنْ عَدَنٍ لَهُوَ أَشَدُّ بَيَاضًا مِنَ الثَّلْجِ، وَأَحْلَى مِنَ الْعَسَلِ بِاللَّبَنِ، وَلَآنِيَتُهُ أَكْثَرُ مِنْ عَدَدِ النُّجُومِ وَإِنِّي لَأَصُدُّ النَّاسَ عَنْهُ، كَمَا يَصُدُّ الرَّجُلُ إِبِلَ النَّاسِ عَنْ حَوْضِهِ) قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ أَتَعْرِفُنَا يَوْمَئِذٍ؟ قَالَ: (نَعَمْ لَكُمْ سِيمَا لَيْسَتْ لِأَحَدٍ مِنَ الْأُمَمِ تَرِدُونَ عَلَيَّ غُرًّا، مُحَجَّلِينَ مِنْ أَثَرِ الْوُضُوءِ) رَوَاهُ مُسلم

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: حەوزی من هێندە گەورەیە فراوانترە لە دووری نێوان شاری عەدەن و ئیلیە،و ئاوەکەی سپیترە لە بەفر،شیرینترە لە هەنگوینی بەشیر، و ژمارەی پەرداغەکانی زیاترە لە ژمارەی ئەستیرەکانی ئاسمان، و من کەسانێك دەردەکەم لەسەر ئەم حەوزە، وەك چۆن کەسێك وشتری بیگانە لەسەر حەوزی خۆی دەردەکات، هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تۆ لەم ڕۆژەدا ئێمە چۆن دەناسیەوە؟ فەرمووی: بەڵێ دەتانناسمەوە، سیمایەکەی (نیشانەکەی) واتان هەیە هیچ ئومەتێك ئەم سیمایەی نییە، ئەویش نیشانەی دەستنوێژە.

وفي رواية (عن عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرِو ابْنِ الْعَاصِ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ) قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (حَوْضِي مَسِيرَةُ شَهْرٍ، وَزَوَايَاهُ سَوَاءٌ، وَمَاؤُهُ أَبْيَضُ مِنَ الْوَرِقِ، وَرِيحُهُ أَطْيَبُ مِنَ الْمِسْكِ، وَكِيزَانُهُ كَنُجُومِ السَّمَاءِ، فَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ فَلَا يَظْمَأُ بَعْدَهُ أَبَدًا). قَالَ: وَقَالَتْ أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ (رضي الله عنه): قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (إِنِّي عَلَى الْحَوْضِ حَتَّى أَنْظُرَ مَنْ يَرِدُ عَلَيَّ مِنْكُمْ، وَسَيُؤْخَذُ أُنَاسٌ دُونِي فَأَقُولُ: يَا رَبِّ مِنِّي وَمِنْ أُمَّتِي، فَيُقَالُ: أَمَا شَعَرْتَ مَا عَمِلُوا بَعْدَكَ، وَاللَّهِ مَا بَرِحُوا بَعْدَكَ يَرْجِعُونَ عَلَى أَعْقَابِهِمْ). قَالَ: فَكَانَ ابْنُ أَبِي مُلَيْكَةَ يَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ أَنْ نَرْجِعَ عَلَي أَعْقَابِنَا، أَوْ (أَنْ) نُفْتَنَ عَنْ دِينِنَا) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: (عبدالله) کوڕی (عمرو)ی کوڕی (عاص) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (حەوزەکەی من مانگێ ڕێگایە، گۆشەکانی یەکسانن ئاوەکەی سپیترە لە زیو، بۆنی خۆشترە لە میسك، سوراحییەکانی ئەوەندەی ئەستیرەکانی ئاسمانە، هەرکەس لێی بخواتەوە دوای ئەوە هەرگیز تینووی نابێت) (عبدالله)و (أسماء)ی کچی أبوبکر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەڵێن: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (من لەسەر حەوزەکەم، تەماشا دەکەم کێ لەئێوە دێت بۆلام، کەسانێك ڕێی لای منیان لێدەگیرێ، دەڵێم: ئەی پەروەردگار ئەوانە لە منن، لە ئوممەتی منن، دەوترێ: ئەی نازانیت دوای تۆ چییان کردووە؟ سوێند بەخوا دوای تۆ لەئایینەکەت هەر خەریکی پاشگەزبوونەوە بوون). بۆیە (إبن أبی مُلیکه) دەپارایەوە دەیگوت: خودایە پەنا دەگرین بەتۆ لەوەی پاشگەزببینەوە یان تووشی تاقیکردنەوەی لادان لەدین ببین)

پ.٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چ تاوانێك زۆر گەورەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ قَالَ أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ مِنْ أَجْلِ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ) رواه البخاري

واتە: عبدالله (ﷺ) دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) چ تاوانێك زۆر گەورەیە؟ پێغەمبەر (ﷺ)لەوەڵامدا فەرمووی: هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدەی

لەکاتێکدا تۆی دروست کردوە، ئەڵێ گوتم دوای ئەوە چی؟، فەرمووی: منداڵەکەت بکوژی نەوەک نانت لەگەڵ بخوات، ئەڵێ گوتم : دوای ئەوە چی؟ فەرمووی: بچی زینا لەگەڵ ناموسی جیرانەکەت بکەی.

پ٣١ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بۆ کێ دڵسۆز بین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (الدِّينُ النَّصِيحَةُ ثَلَاثًا قُلْنَا: لِمَنْ هِيَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: لِلَّهِ، وَلِكِتَابِهِ، وَلِرَسُولِهِ، وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ

واتە: تەمیمی داری (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) سێ جاران فەرمووی: ئایندارى دڵسۆزییە، ئێمەش گوتمان بۆ کێ ئەی نێرروای خودا؟ پێغەمبەر (ﷺ)لەوەڵامدا فەرمووی: دینداری دڵسۆزییە بۆ خودا و بۆ کیتابی خودا و پێغەمبەری خودا و پێشەوای موسڵمانان و سەرجەم موسڵمانان بە گشتی .

پ٣٢ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەی قیامەت دادێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمًا بَارِزًا لِلنَّاسِ، فَأَتَاهُ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَتَى السَّاعَةُ؟ فَقَالَ: (مَا الْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ، وَلَكِنْ سَأُخْبِرُكَ عَنْ أَشْرَاطِهَا، إِذَا وَلَدَتِ الْأَمَةُ رَبَّتَهَا، فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا، وَإِذَا كَانَتِ الْحُفَاةُ الْعُرَاةُ رُءُوسَ النَّاسِ، فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا، وَإِذَا تَطَاوَلَ رِعَاءُ الْغَنَمِ فِي الْبُنْيَانِ، فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا، فِي خَمْسٍ لَا يَعْلَمُهُنَّ إِلَّا اللَّهُ)، فَتَلَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ، وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ، وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ) (لقمان: ٣٤) الْآيَةَ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ)بۆ خەڵکی هاتە دەر، پیاوێك هاتە لای و گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) کەی قیامەت دادێ؟ پێغەمبەر (ﷺ)لەوەڵامدا فەرمووی:پرسیار لێ کراو لە پرسیارکەر زاناتر نییە (واتە:

منیش وەکو تۆ نازانم) بەڵام من نیشانەکانی دەزانم پێت دەڵێم، ئەگەر کەنیزەك منداڵی خۆی بوویە گەورەی خۆی (هەندێ دەڵێن واتە: کچ دایکی خۆی دەکاتە خزمەتکاری خۆی، رێزی دایك کەم دەبێ) ئەوە نیشانەیە، وە ئەگەر پێپەتی و سەرکۆت (واتە: خەڵکی نا شایستە) بوونە دەم ڕاستی خەڵکی وبراگەورە، ئەوەش نیشانەیە، ئەگەر شوانەکان باڵەخانەی بەرزیان دروست دەکرد، ئەوەش نیشانەیە، وەپێنج شت هەنە خودا نەبێ کەس نازانێ جا پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ئایەتەی سورەتی (لقمان) خوێندەوە (إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ، وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ، وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ)

دەقی ئایەتەکە:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْأَرْحَامِ ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌۢ بِأَىِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿٣٤﴾﴾ لقمان

واتە: ئینجا خوا باسی پێنج شت ئەکات کەتەنها هەر خۆی ئەیانزانێ: ١- بەڕاستی زانیاریی هاتنی ڕۆژی قیامەت هەرلای خوایە، جگە لەو هیچ کەسێك نازانێ قیامەت کەی دێت، ٢- تەنها ئەویش باران ئەبارێنی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، کەسێکی تر ناتوانێ باران ببارێنێ. ٣- ئەویش ئەزانێ چی لە منداڵدانەکاندایە، واتە: هەر لەوکاتەوە کەهێشتان ئاوە، خوا خۆی دەزانێ چییە: کوڕە یان کچ، بەختیارو سەرفرازە، یان لاسارو بەدبەختە، بەژن و باڵای کورتە، یا..هتد. ٤-نە چاکەکار و نەخراپەکار- سەد لەسەد نازانێت سبەینێ چی دەکا لەچاك و لەخراپ. ٥- هیچ کەسیش نازانێ لە کام سەرزەوی ئەمرێ، واتە: کام جێگا دەبێتە گۆڕو ئارامگای، هەرچەند لەوانەیە هەوڵیش دراببێ بۆ زانینی ئەمە چونکە هەر خوایە زانا و بەئاگایە بەتەواوی ڕووداوەکان و گشت نهێنی و ئاشکرایەکیشی لایەکسانە(تەفسیری ڕامان)

گەورەیی پێغەمبەر (ﷺ) لە شت زانین:

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: أُوتِيتُ مَفَاتِيحَ كُلِّ شَيْءٍ إِلَّا الْخَمْسَ: (إِنَّ اللهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا

وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (لقمان: ٣٤) رواه احمد قال شعيب إسناده صحيح على شرط الشيخين. قال الهيثمى رجاله رجال الصحيح

واتە: ئیبن عومەر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کلیلی زانینی هەموو شتێکم پێ دراوە جگە لە پێنج شتان (ئەوەی پێنج غەیبیانەی لە سورەتی لوقمان باسکراوە)

پ٢٣ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا منداڵی موسڵمانان وکافران دەچنە بەهەشت یان دۆزەخ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ أَوْلَادِ الْمُشْرِكِينَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا عَامِلِينَ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هوریرە (ﷺ) دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) دەربارەی منداڵی کافران، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خودا زاناترە ئایا چ کردەوەیەك دەکەن.

وفي رواية-(عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ذَرَارِيُّ الْمُؤْمِنِينَ؟ قَالَ: (مِنْ آبَائِهِمْ) . فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ بِلَا عَمَلٍ؟ قَالَ: (اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا عَامِلِينَ) . قُلْتُ فذاراري الْمُشْرِكِينَ؟ قَالَ: (مِنْ آبَائِهِمْ) . قُلْتُ: بِلَا عَمَلٍ؟ قَالَ: (اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا عَامِلِينَ) . رَوَاهُ أَبُو دَاوُد قال الالباني صحيح

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی (ﷺ)خودا وەچەی ئیمانداران؟ فەرمووی دەچنەوە سەر باوکیان، گوتم: ئەی نێرراوی خودا بەبێ کردەوە؟ فەرمووی: خودا دەزانێ چی دەکەن، عائیشە دەڵێ: گوتم: ئەدی منداڵی کافران چینە؟ فەرمووی: وەکو ئەوان کافرن (تابیعی باوکیانن) گوتم: بەبێ کردەوە، فەرمووی: خودا دەزانێ چی دەکەن

وفي رواية (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ:(إِنَّ ذَرَارِيَّ الْمُؤْمِنِينَ فِي الْجَنَّةِ يَكْفُلُهُمْ إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَامُ) هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ وَلَمْ يُخْرِجَاهُ

وَقَدِ اتَّفَقَ الشَّيْخَانِ عَلَى إِخْرَاجِ حَدِيثِ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) سُئِلَ عَنْ أَطْفَالِ الْمُشْرِكِينَ فَقَالَ: (اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا عَامِلِينَ) رواه الحاكم ووافقه الذهبي

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی منداڵی موسڵمانان فەرمووی: لە بەهەشتن (ابراهیم) پێغەمبەر سەلامی خودای لەسەر بێ سەرپەرشتیان دەکات.،و پرسیاری لێ کرا دەربارەی منداڵی کافران، فەرمووی: خوا دەزانی چ دەکەن.

ڕوونکردنەوەی بابەتەکە:

توضيح (قَالَ النَّوَوِيُّ فِي شَرْحِ مُسْلِمٍ أَجْمَعَ مَنْ يُعْتَدُّ بِهِ مِنْ عُلَمَاءِ الْمُسْلِمِينَ عَلَى أَنَّ مَنْ مَاتَ مِنْ أَطْفَالِ الْمُسْلِمِينَ فَهُوَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ لِأَنَّهُ لَيْسَ مُكَلَّفًا وَأَمَّا أَطْفَالُ الْمُشْرِكِينَ فَفِيهِمْ ثَلَاثَةُ مَذَاهِبَ قَالَ الْأَكْثَرُونَ هُمْ فِي النَّارِ تَبَعًا لِآبَائِهِمْ وَتَوَقَّفَتْ طَائِفَةٌ فِيهِمْ وَالثَّالِثُ وَهُوَ الصَّحِيحُ الَّذِي ذَهَبَ إِلَيْهِ الْمُحَقِّقُونَ أَنَّهُمْ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ

وَيُسْتَدَلُّ لَهُ بِأَشْيَاءَ مِنْهَا حَدِيثُ إِبْرَاهِيمَ الْخَلِيلِ (ﷺ) حِينَ رَآهُ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي الْجَنَّةِ وَحَوْلَهُ أَوْلَادُ النَّاسِ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَأَوْلَادُ الْمُشْرِكِينَ قَالَ وَأَوْلَادُ الْمُشْرِكِينَ رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ فِي صَحِيحِهِ وَمِنْهَا قَوْلُهُ تَعَالَى وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رسولا وَلَا يَتَوَجَّهُ عَلَى الْمَوْلُودِ التَّكْلِيفُ حَتَّى يَبْلُغَ وَهَذَا مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ انْتَهَى كَلَامُ النَّوَوِيِّ) تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي/ المباركفوری

بەکورتی: واتە: منداڵی موسلمان بێ گومان دەچێتە بەهەشت چونکە تابیعی باوکیەتی و تەکلیفی شەرعی لەسەر نیە، بەڵام منداڵی کافران زانایان ڕایان جیاوازە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ دەچنە بەهەشت چونکە هیچ پێغەمبەریان بۆ نەهاتووە، وەهەروەها لە فەرمودە هاتووە پێغەمبەر منداڵی کافران دیوە لە لەلای ئیبڕاهیم پێغەمبەر لە بەهەشت.

پ٤٢/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) (سبأ) ناوی شارە یان ژن؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ فَرْوَةَ بْنِ مُسَيْكٍ الْمُرَادِيِّ قَالَ: وَأُنْزِلَ فِي سَبَإٍ مَا أُنْزِلَ، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا سَبَأٌ، أَرْضٌ أَوْ امْرَأَةٌ؟ قَالَ: لَيْسَ بِأَرْضٍ وَلَا امْرَأَةٍ، وَلَكِنَّهُ رَجُلٌ وَلَدَ عَشْرَةً مِنَ العَرَبِ فَتَيَامَنَ مِنْهُمْ سِتَّةٌ، وَتَشَاءَمَ مِنْهُمْ أَرْبَعَةٌ. فَأَمَّا الَّذِينَ تَشَاءَمُوا فَلَخْمٌ، وَجُذَامُ، وَغَسَّانُ، وَعَامِلَةُ، وَأَمَّا الَّذِينَ تَيَامَنُوا: فَالأُزْدُ، وَالأَشْعَرِيُّونَ، وَحِمْيَرٌ، وَمَذْحِجٌ، وَأَنْمَارٌ، وَكِنْدَةُ، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا أَنْمَارٌ؟ قَالَ: (الَّذِينَ مِنْهُمْ خَثْعَمُ، وَبَجِيلَةُ) رواه الترمذي والحاكم واحمد قال الالباني صحيح

واتە: فەروە (ﷺ) دەڵێ: کاتێ سورەتی (سبأ) دابەزی پیاوێك گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) (سبا) چییە؟ ناوی شوێنێکە یان ناوی ئافرەتە؟ فەرمووی: نە شوێنە و نە ئافرەت، بەڵکو پیاوێك بووە، دە منداڵی عەرەبی بوون، (٦) بوونە یەمەنی و (٤) بوونە شامی، شامییەکان بوونە ئەمانە (فَلَخْمٌ، وَجُذَامُ، وَغَسَّانُ، وَعَامِلَةُ) و یەمەنییەکانیش بونە ئەمانە (فَالأُزْدُ، وَالأَشْعَرِيُّونَ، وَحِمْيَرٌ، وَمَذْحِجٌ، وَأَنْمَارٌ، وَكِنْدَةُ)

بابزانین قورئان چی دەڵێ دەربارەی (سبا):

(لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ ءَايَةٌ ۖ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٍ وَشِمَالٍ ۖ كُلُوا۟ مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥ ۚ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ ﴿١٥﴾) سبا

واتە: جێگاو شوێنی خەڵکی سەبا: سوێند بەخوا جێگاو شوێنی گەلی (سەبا) لە (یەمەن)دا بەڵگەیەکی مەزن بوو لەسەر دەسەڵات و توانای خودا، بۆ پاداشتدانەوەی چاکەکاران و، سزای دانی خراپەکاران، چونکە ئەو گەلە کاتێ سپڵەیی وخیانەتیان سەبارەت بە نیعمەتەکانی خوا کرد، خوداش پەڕاگەندەی کردن و ڕیشەی دەرهێنان ئەو بەڵگەیەش دوو باخی گەورە و زۆر قەشەنگ بوون، یەك لەلای ڕاست و، ئەوی دی لای چەپەوە پێمان بەخشیبوون، ئەبێ چەندە دیمەنێکی جوان و سەر سوڕهێنەری بووبێ، بەوشێوە خوا باسیان دەکات!.

(ئیبن کەسیر) ئەڵێ: ژنان زەمبیلەیان ئەنا بەسەریانەوە و بەبن درەختەکانیا دەچوون، بێ ئەوە هیچ ئەزیەتێ ببینن میوەکە خۆی دەوەری و زەمبیلەکەی لێ پڕ ئەبوو!، جێی باسە، شارەکەشیان کەوتبووە نێوان باخەکانەوە وتمان: دەلە ڕزق و ڕۆزیی پەروەردگارتان بخۆن و سوپاسیشی بکەن لەبەرابەر ئەو هەموو نیعمەت و خۆشیەوە پێی بەخشیوون شارەکەتان شارێکی خۆش و پاك و خاوێن و، فێنك و سازگارە! و خواشتان پەروەردگارێکی خەتا پۆش و لێبوردەیە، بۆ هەرکەسێك پێ بزانێ و سوپاسی بکات (ڕامان)

(فَأَعْرَضُواْ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ ٱلْعَرِمِ وَبَدَّلْنَٰهُم بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَىْ أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَىْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ ﴿١٦﴾) سبأ

واتە: ئینجا ڕوویان وەرگێڕا بەو هۆیەوە لافاوی وێرانکارمان بۆ ناردن دوو باخاتی (چاکی بەرو بوومدار) ئەوانمان گۆڕی بەدوو باخاتی (خراپی) خاوەن بەرێکی تفت و تاڵ و دار گەز و کەمێ لەداری نەبگ واتە سیدر.(پوختە)

(ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِمَا كَفَرُواْ ۖ وَهَلْ نُجَٰزِىٓ إِلَّا ٱلْكَفُورَ ﴿١٧﴾ سبا

واتە: (ئەو بارودۆخەی کە بەسەریاندا هات) دەرئەنجامی بێئیمانی و کافرێتیاندا بوو، مەگەر ئێمە تۆڵە هەر لە کافران ناسێنین؟!).(ئاسان)

پ٣٥ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) نیشانەی ئیمان چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

((عَنْ أَبِي أُمَامَةَ أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): (مَا الْإِيمَانُ قَالَ إِذَا سَرَّتْكَ حَسَنَتُكَ وَسَاءَتْكَ سَيِّئَتُكَ فَأَنْتَ مُؤْمِنٌ قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَمَا الْإِثْمُ قَالَ إِذَا حَاكَ فِي نَفْسِكَ شَيْءٌ فَدَعْهُ) رَوَاهُ أَحْمد و وَابْنُ حِبَّانَ فِي صَحِيحِهِ) وَالطَّبَرَانِيُّ وَالْحَاكِمُ وَالْبَيْهَقِيُّ قال الالبانی حسن قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: حديث صحيح، رجاله ثقات رجال الصحيح

واتە: ئەبی ئومامە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) ئایا نیشانەی ئیمان چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ)لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر چاکەکان

دڵت خۆش بکەن و خراپەکان دڵت دەنگ بکەن، تۆ ئیمانداری، کابرا گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەی نیشانەی (خراپە) چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: تۆ بەرامبەری دوو دڵی و مورتاح و دڵ ئارام نیت.

پ٢٦ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) نیشانەی چاکەو خراپە چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ النَّوَّاسِ بْنِ سِمْعَانَ الْأَنْصَارِيِّ، قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) عَنِ الْبِرِّ وَالْإِثْمِ فَقَالَ: (الْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ) رواه مسلم

واتە: نەواسی کوڕی سەمعانی ئەنصاری (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) دەربارەی چاکە وخراپە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: چاکە بریتیە: لە هەڵسوکەوتی جوان و خراپەش بریتییە: لە شتێك بەدڵتدادێ و حەزناکەی خەڵکی بزانن

وفي رواية(عَن وابصَةَ بن مَعْبدٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: (يَا وَابِصَةُ جِئْتَ تَسْأَلُ عَنِ الْبِرِّ وَالْإِثْمِ؟) قُلْتُ: نَعَمْ قَالَ: فَجَمَعَ أَصَابِعَهُ فَضَرَبَ صَدْرَهُ وَقَالَ: (اسْتَفْتِ نَفْسَكَ اسْتَفْتِ قَلْبَكَ) ثَلَاثًا (الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ وَالْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ) رَوَاهُ أَحْمَدُ والدارمي

واتە: وابصەی کوڕی مەعبەد(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی وابصە هاتووی پرسیاری چاکە وخراپە بکەی؟ گوتم بەڵێ، دەڵێ: پەنجەکانی کۆکردەوە لەسینگی دام و گوتی: پرسیار لە دەروونت بکە و پرسیار لە دڵت بکە، سێ جاران (چاکە بریتیە: دەروونت ئارام و ئاسوودە بێ و دڵی ئارام بگرێ و خراپەش بریتیە لە شلەژانی دەروون و ناڕامی دڵ، ئەگەر خەڵکیش فتوات بۆ بدەن.

وفي رواية-(عن أبي ثعلبة الخشني رضي الله عنه قال قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَخْبِرْنِي مَا يَحِلُّ لِي وَيُحَرَّمُ عَلَيَّ قَالَ البِرُّ مَا سَكَنَتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ واطْمَأَنَّ إِلَيْهِ القَلْبُ والإِثْمُ مَا لَمْ تَسْكُنْ إِلَيْهِ النَّفْسُ ولَمْ يَطْمَئِنَّ إِلَيْهِ القَلْبُ وإِنْ أَفْتاكَ المُفْتُونَ) رواه أحمد بإسناد جيد قال الالباني صحيح

واتە: سەعلەبە (رضي الله عنه) دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)پێم بڵێ چیم بۆ حەڵاڵ و چیم بۆ حەرامە؟ فەرمووی: چاکە ئەوەیە دەروون بۆی ئاسودە دەبێ و دڵ بۆی ئارام دەبێ، گوناهیش ئەوەیە دەروون بۆی ئاسودە نابێ و دڵیش بۆی ئارام نابێ، ئەگەر فتواشت بۆ بدرێ.

پ٢٧/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بۆچی عیبادەت بکەین مادام قەدەری خودا بڕواتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ، سَمِعَ أَبَا هُرَيْرَةَ، يَقُولُ: قَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، نَعْمَلُ فِي شَيْءٍ نَأْتَنِفُهُ، أَمْ فِي شَيْءٍ قَدْ فُرِغَ مِنْهُ؟ قَالَ: (بَلْ فِي شَيْءٍ قَدْ فُرِغَ مِنْهُ)، قَالَ: فَفِيمَ الْعَمَلُ؟ قَالَ: (يَا عُمَرُ، لَا يُدْرَكُ ذَاكَ إِلَّا بِالْعَمَلِ)، قَالَ: إِذًا نَجْتَهِدُ يَا رَسُولَ اللَّهِ) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: عومەر (رضي الله عنه) دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئایا ئێمە عیبادەت وکردەوە بۆ شتێك بکەین، کە لە قەدەری خودا بڕاوەتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی:بەڵێ بۆ شتێك کە لە قەدەری خوا بڕاوەتەوە، عومەر گوتی: کەواتە بۆچی کردەوە بکەین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی عومەر بەڵام ئەم قەدەرە بە کردەوە نەبێ بەدەست نایەت، عومەر گوتی: کەواتە: کۆشش دەکەین وخۆمان ماندوو دەکەین.

پ٢٨/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تۆم لە خۆ ومال ومندالم خوشتر دەوێ، تۆ لەبەهەشت لە شوێنی بەرزی چۆن بتبینم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَاللَّهِ إِنَّكَ لَأَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِي، وَإِنَّكَ لَأَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَهْلِي، وَأَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ وَلَدِي، وَإِنِّي لَأَكُونُ فِي الْبَيْتِ، فَأَذْكُرُكَ فَمَا أَصْبِرُ حَتَّى آتِيَكَ، فَأَنْظُرُ إِلَيْكَ، وَإِذَا ذَكَرْتُ مَوْتِي ومَوْتَكَ عَرَفْتُ أَنَّكَ إِذَا دَخَلْتَ

الْجَنَّةَ رُفِعْتَ مَعَ النَّبِيِّينَ، وَإِنِّي إِذَا دَخَلْتُ الْجَنَّةَ خَشِيتُ أَنْ لَا أَرَاكَ. فَلَمْ يُرِدَّ عَلَيْهِ النَّبِيُّ (ﷺ) حَتَّى نَزَلَ جِبْرِيلُ بِهَذِهِ الْآيَةِ: (وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا) (النساء: ٦٩) (النساء: ٦٩) الْآيَةَ) رواه الطبراني في المعجم الاوسط السلسلة الصحية ٢٩٣٣ فقه السيرة

واتە: عائیشە دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) سوێند بە خودا تۆم لە خۆم و کەسوکار و منداڵەکانم خۆشتر دەوێ، کاتێ من لە ماڵم یادت دەکەم خۆم پێ ناگیرێ تاکو دێمە لات، بەلام بیرم لەوە کردەوە ڕۆژێك دێت من دەمرم و تۆش دەمری، و دەزانم تۆ لە بەهەشت پلەت بەرزە لەگەڵ پێغەمبەران، وە ئەگەر منیش بچمە بەهەشت تۆ نابینم لەم پلە بەرزە؟ پێغەمبەر(ﷺ) وەڵام نەدایەوە، تاکو جوبریل هات ئەم ئایەتەی دابەزاند (وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا) واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر بکات ئەوانە لەگەڵ کەسانێکن کە خوا بەهرەی ڕشتووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان و ئەوانە چ هاوڕێ و هاوەڵێکی چاکن. (پوختەی تەفسیر)

بەڕاستی ئەمە موژدەیەکی زۆر خۆشە بە هۆی خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) مرۆڤ بگاتە ئەم پلە بەرزە.

پ٣٩ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کردەوەیەکم نیشانبدە ئەگەر ئەنجامی بدەم بمخاتە بەهەشتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ أَعْرَابِيًّا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ إِذَا عَمِلْتُهُ دَخَلْتُ الْجَنَّةَ ، قَالَ: تَعْبُدُ اللهَ لَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ يَعْنِي الْمَكْتُوبَةَ وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ الْمَفْرُوضَةَ وَتَصُومُ رَمَضَانَ، قَالَ وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ لَا أَزِيدُ عَلَى هَذَا فَلَمَّا أَدْبَرَ قَالَ: مَنْ أَرَادَ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى هَذَا) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: ئەبو هورەیرە دەڵێ: پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) کارێکم پیشانبدە ئەگەر کردم پێی بچمە بەهەشتەوە؟ فەرمووی: خواپەرستی بکە و شەریکی بۆ بڕیارمەدە، و نوێژبکە و زەکات بدە،و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژووبە، کابرا گوتی: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ڕەوانە کردووە، لەوە زیاتر ناکەم،کاتێ کابرا ڕۆیشت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کێ حەزدەکات سەیری خەڵکی بەهەشت بکات با تەماشای ئەو پیاوە بکات.

پ .٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چارەنووسی منداڵی موشریکان چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ)، عَنْ أَطْفَالِ الْمُشْرِكِينَ، قَالَ: (اللهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا عَامِلِينَ إِذْ خَلَقَهُمْ) رواه مسلم

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: (ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پرسیارکرا لەپێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی منداڵی موشریکەکانەوە، فەرمووی: (خوا خۆی دەزانێ چیان کردووە ئەو خۆی دروستی کردوون).

تێبینی: لەڕیوایەتی دیکەدا هاتووە: منداڵی کافران دەچێتە بەهەشتەوە.

وانەی دووەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی پەیام و پێغەمبەران (الرسل والرسالات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) یەکەمین پێغەمبەر کێ بووە؟

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چەند پێغەمبەر ڕەوانەکراوە ؟

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چەند لە پێغەمبەر مورسەلەن؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أَبِي ذَرٍّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الْأَنْبِيَاءِ كَانَ أَوَّلَ؟ قَالَ: آدَمُ . قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَنَبِيٌّ كَانَ؟ قَالَ: نَعَمْ نَبِيٌّ مُكَلَّمٌ . قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ كَمِ الْمُرْسَلُونَ؟ قَالَ: ثَلَاثُمِائَةٍ وَبِضْعَةَ عَشَرَ جَمًّا غَفِيرًا وَفِي رِوَايَةِ أَبِي أُمَامَةَ، قَالَ أَبُو ذَرٍّ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ كَمْ وَفَاءُ عِدَّةِ الْأَنْبِيَاءِ قَالَ: مِائَةُ أَلْفٍ وَأَرْبَعَةٌ وَعِشْرُونَ أَلْفًا، الرُّسُلُ مِنْ ذَلِكَ ثَلَاثُمِائَةٍ وَخَمْسَةَ عَشَرَ جَمًّا غَفِيرًا) رواه أحمد، وابن حبان، والطبراني، والحاكم، وابن مردويه، والبيهقي في الأسماء عن أبي أمامة قال قلت يا رسول الله كم عدة الأنبياء قال ... فذكره) قال الالباني صحيح في مشكاة المصابيح

واتە: ئەبو زەر (ﷺ) دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) یەکەمین پێغەمبەر کێ بوو؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئادەم بووە، ئەڵێ گوتم: ئادەم (نبی) بوو، فەرمووی: بەڵێ (نبی) بووە و (صحف) شی بۆ دابەزیوە، ئەڵێ گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تایا ژمارەی پێغەمبەرە (مرسل) ەکان چەند بوو؟، فەرمووی: سێ سەد و ئەندە بوون، ژمارەیەکی زۆر بوون.

وە ریوایەتی (ئەبو ئومامە) دەڵێ: .....ئەی پێغەمبەری خوا ژمارەی هەموو پێغەمبەران چەند بووە؟ فەرمووی: (١٢٤) هەزار پێغەمبەر بووە، و (٣١٥) مرسل بوون.

پ٤/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆنت زانی تۆ پێغەمبەری ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي ذَرٍّ الْغِفَارِيِّ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ:(قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! كَيْفَ عَلِمْتَ أَنَّكَ نَبِيٌّ حَتَّى اسْتَيْقَنْتَ؟ فَقَالَ: يَا أَبَا ذَرٍّ! أَتَانِي مَلَكَانِ وَأَنَا بِبَعْضِ بَطْحَاءِ مَكَّةَ، فَوَقَعَ أَحَدُهُمَا إِلَى الْأَرْضِ، وَكَانَ الْآخَرُ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، فَقَالَ أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ: أَهُوَ هُوَ؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: فَزِنْهُ بِرَجُلٍ، فَوُزِنْتُ بِهِ فَوَزَنْتُهُ، ثُمَّ قَالَ: زِنْهُ بِعَشَرَةٍ، فَوُزِنْتُ بِهِمْ فَرَجَحْتُهُمْ، ثُمَّ قَالَ: زِنْهُ بِمِائَةٍ، فَوُزِنْتُ بِهِمْ فَرَجَحْتُهُمْ، ثُمَّ قَالَ زِنْهُ بِأَلْفٍ، فَوُزِنْتُ بِهِمْ فَرَجَحْتُهُمْ، كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَيْهِمْ يَنْتَثِرُونَ عَلَيَّ مِنْ خِفَّةِ الْمِيزَانِ. قَالَ: فَقَالَ أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ: لَوْ وَزَنْتَهُ بِأُمَّتِهِ لَرَجَحَهَا) رَوَاهُ الدَّارِمِيُّ. قال الالبانى صحيح فى السلسة الصحيحة(بطحاء مكة): مسيل واسع فيه دقاق الحصى

واتە: ئەبو زەڕی غەفاری (ﷺ) دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) چۆنت زانی تۆ پێغەمبەری تاکو دڵنیا بووی؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەی ئەبو زەڕ دوو فریشتە هاتنە لام لە سەر خاکی مەککە لم وچەوی لێبوو، یەکیان هاتە سەر زەوی، وئەوی دیکە لە نێوان ئاسمان و زەویدا بوو، یەکیان بەوی دیکەی گوت ئەوە هەوە خۆیەتی، ئەوی دیکە گوتی: بەڵێ ئەوە، گوتی: بیکێشە بەرامبەر پیاوێك، کێشایانم بەرامبەر پیاوێك من قورستر بووم، دوایی گوتی: بیکێشە بەرامبەر (١٠) پیاو هەر من قورستر بووم، دوایی گوتی: بیکێشە بەرامبەر (١٠٠) پیاو هەر من قورستر بووم، دوایی گوتی: بیکێشە بەرامبەر (١٠٠٠) پیاو هەر من قورستر بووم، و سەیرم دەکرد پیاوەکان لەسەر لای تەرازووەکە لەبەر قورسایی من دەفڕین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو دوو فریشتە یەکێکیان بەوی دیکەی گوت: ئەگەر بیکێشین بەرامبەر هەموو ئومەتەکەی هێشتا ئەو قورسترە.

پ٥/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن وەحیت بۆ دەێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ أَنَّ الْحَارِثَ بْنَ هِشَامٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ سَأَلَ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ) كَيْفَ يَأْتِيكَ الْوَحْيُ فَقَالَ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) أَحْيَانًا يَأْتِينِي مِثْلَ صَلْصَلَةِ الْجَرَسِ وَهُوَ أَشَدُّهُ عَلَيَّ فَيُفْصَمُ عَنِّي وَقَدْ وَعَيْتُ عَنْهُ مَا قَالَ وَأَحْيَانًا يَتَمَثَّلُ لِي الْمَلَكُ رَجُلًا فَيُكَلِّمُنِي فَأَعِي مَا يَقُولُ قَالَتْ عَائِشَةُ وَلَقَدْ رَأَيْتُهُ يَنْزِلُ عَلَيْهِ الْوَحْيُ فِي الْيَوْمِ الشَّدِيدِ الْبَرْدِ فَيَفْصِمُ عَنْهُ وَإِنَّ جَبِينَهُ لَيَتَفَصَّدُ عَرَقًا)صحيح البخاري

واتە: عائیشەی دایکی ئیمانداران خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ:حاریسی کوڕی هیشام پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)چۆن وەحیت بۆ دێ؟ پێغەمبەر (ﷺ)لە وەڵامدا فەرمووی: هەندێ جار وەک دەنگی زەنگ بۆم دێ، ئەوەیان لەسەرم قورسترینیانە، هەندێ جار جوبریل لە شێوەی پیاوێك دێتە لام وقسەم لەگەڵ دەکات ومنیش لەبەری دەکەم، عائیشە دەڵێ: پێغەمبەرم بینی (ﷺ)لە ڕۆژێکی سارد وەحی بۆ هات، نیوچاوانی ئارەقەی لێ دەهاتە خوارەوە.

تێبینی: پێغەمبەر(ﷺ) بە زۆر جۆری دیکە وەحی بۆ هاتووە (وەك خەون، ئیلهام...)

پ٦/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا نیشانەی پێغەمبەرایەتی چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: أَقْبَلَتْ يَهُودُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالُوا: يَا أَبَا الْقَاسِمِ إِنَّا نَسْأَلُكَ عَنْ خَمْسَةِ أَشْيَاءَ، فَإِنْ أَنْبَأْتَنَا بِهِنَّ، عَرَفْنَا أَنَّكَ نَبِيٌّ وَاتَّبَعْنَاكَ، فَأَخَذَ عَلَيْهِمْ مَا أَخَذَ إِسْرَائِيلُ عَلَى بَنِيهِ، إِذْ قَالُوا: اللَّهُ عَلَى مَا نَقُولُ وَكِيلٌ، قَالَ: (هَاتُوا)

قَالُوا: أَخْبِرْنَا عَنْ عَلامَةِ النَّبِيِّ، قَالَ: (تَنَامُ عَيْنَاهُ، وَلا يَنَامُ قَلْبُهُ) قَالُوا: أَخْبِرْنَا كَيْفَ تُؤَنَّثُ الْمَرْأَةُ، وَكَيْفَ تُذْكِرُ؟ قَالَ: (يَلْتَقِي الْمَاءَانِ، فَإِذَا عَلَا مَاءُ الرَّجُلِ مَاءَ الْمَرْأَةِ أَذْكَرَتْ، وَإِذَا عَلَا مَاءُ الْمَرْأَةِ مَاءَ الرَّجُلِ آنَثَتْ) قَالُوا: أَخْبِرْنَا مَا حَرَّمَ إِسْرَائِيلُ عَلَى نَفْسِهِ؟ قَالَ: كَانَ

يَشْتَكِي عِرْقَ النَّسَا، فَلَمْ يَجِدْ شَيْئًا يُلائِمُهُ إِلا أَلْبَانَ كَذَا وَكَذَا - قَالَ أَبِي: قَالَ بَعْضُهُمْ: يَعْنِي الْإِبِلَ (فَحَرَّمَ لُحُومَهَا)، قَالُوا: صَدَقْتَ، قَالُوا: أَخْبِرْنَا مَا هَذَا الرَّعْدُ؟ قَالَ: (مَلَكٌ مِنْ مَلائِكَةِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ مُوَكَّلٌ بِالسَّحَابِ بِيَدِهِ، أَوْ فِي يَدِهِ، مِخْرَاقٌ مِنْ نَارٍ، يَزْجُرُ بِهِ السَّحَابَ، يَسُوقُهُ حَيْثُ أَمَرَ اللَّهُ) قَالُوا: فَمَا هَذَا الصَّوْتُ الَّذِي نَسْمَعُ؟ قَالَ: (صَوْتُهُ) قَالُوا: صَدَقْتَ، إِنَّمَا بَقِيَتْ وَاحِدَةٌ وَهِيَ الَّتِي نُبَايِعُكَ إِنْ أَخْبَرْتَنَا بِهَا، فَإِنَّهُ لَيْسَ مِنْ نَبِيٍّ إِلا لَهُ مَلَكٌ يَأْتِيهِ بِالْخَبَرِ، فَأَخْبِرْنَا مَنْ صَاحِبُكَ؟ قَالَ: (جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلامُ)، قَالُوا: جِبْرِيلُ ذَاكَ الَّذِي يَنْزِلُ بِالْحَرْبِ وَالْقِتَالِ وَالْعَذَابِ عَدُوُّنَا، لَوْ قُلْتَ: مِيكَائِيلَ الَّذِي يَنْزِلُ بِالرَّحْمَةِ وَالنَّبَاتِ وَالْقَطْرِ، لَكَانَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: (مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِجِبْرِيلَ) (البقرة: ٩٧) إِلَى آخِرِ الْآيَةَ) رواه احمد (قال الهيثمي في مجمع الزوائد ج٨ ص٢٤٢ رواه أحمد والطبراني ورجاله ثقات وأخرجه أبو نعيم في الحلية ج٤ ص٣٠٥ ،كما في التاريخ الكبير للبخاري

واتە: ئیبن عەباس دەڵێ: جوولەکەکان هاتنە لای پێغەمبەری خودا (ﷺ)، گوتیان ئەی باوکی قاسم ئێمە پێنج پرسیارت لێ دەکەین، ئەگەر هەواڵت پێ دایین، ئەوە دەردەکەوێ ئەتو پێغەمبەری و بە دوات دەکەوین، پەیمانت پێ دەدەین وەك چۆن نەوەی ئیسرائیل پەیمانیان بە پێغەمبەری خۆیان دا، فەرمووی پرسیارەکانتان بکەن .گوتیان نیشانەی پێغەمبەرایەتی چییە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی چاوەکانی دەخەون بەڵام دڵی ئاگاداره، گوتیان ئەدی چۆن منداڵ دەبێتە کچ یان کوڕ؟ فەرمووی کاتێ ئاوی ژن و پیاو تێکەڵ دەبێ، ئەگەر ئاوی پیاو بەسەر ئاوی ژندا زاڵ بوو منداڵەکە دەبێتە کوڕ، بەڵام ئەگەر ئاوی ژنەکە زاڵ بوو بەسەر ئاوی پیاوەکە منداڵەکە دەبێتە کچ، گوتیان ئەدی یەعقوب پێغەمبەر چی لەسەر خۆی حەڕام کردبوو کاتێ نەخۆشی (عرق النسا) بوو، فەرمووی گۆشت و شیری وشتری لە خۆی حەڕام کردبوو، گوتیان ڕاست دەکەی، گوتیان هەواڵمان پێ بدە ئەو بروسکە چییە لە هەور پەیدا دەبێ؟ فەرمووی ئەوە فریشتەیەکە ڕاسپێدراوە گوزرێکی بە دەستە، لێدەدا و لێی دەخوڕێ، گوتیان ئەدی ئەو دەنگە چییە؟ فەرمووی ئەوە دەنگی لێدانەکەیەتی، گوتیان یەك شت ماوە پرسیارت لێ بکەین ئەگەر وەڵامت داینەوە دوات دەکەوین، گوتیان هەموو پێغەمبەرێك هاوەڵێکی لە فریشتەکان هەیە وەحی بۆ دێنێ، ئایا هاوەڵی تۆ کێیە؟ فەرمووی جوبریلە، گوتیان جوبریل عایدی

شەڕ و جەنگ و عەزابە دوژمنی ئێمەیە، ئەگەر گوتبات میکائیلە شوێنت دەکەوتین، چونکە ئەو عایدی باران و ڕووك و ڕەحمەتە، بۆیە خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند وفەرمووی: (قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ)

بۆ زانیاری: (ئەوەی یەعقووب لە خۆی حەڕام کردبوو، جوولەکەکان هەر جارەو قسەیەکیان دەکرد، دەیانگوت ئەگەر تۆ ڕاست دەکەی شوێنکەوتەی پێغەمبەرانی پێشووی بۆچی شت لە خۆت حەرام ناکەی وەك یەعقووب): (پێشەوا (ئەحمەد) لەوبارەیەوە فەرموودەیەکی دڕێژ ڕیوایەت دەکا، لەبەشێ لەو فەرموودەدا هاتووەو دەڵێت: یەعقووب نەخۆشییەکی سەختی گرت (باداری ودەردە لاق)، پاشان نەزری کرد کە: ئەگەر خوا شیفای بدات، جارێکی تر گۆشت وشیری وشتر نەخوا و پاریزی لێبکا، ئەگەرچی حەزیشی لێبکا، ئینجا خوا نەزرەکەی لێوەرگرت و، شیفای نەخۆشییەکەی دا، ئیتر لەمەوە جوولەکەکانیش، چاویان لەوکردوو گۆشت وشیری و شتریان لەخۆیان یاساغکرد! واتە: حەق نەبوو ئەوان ئەو گۆشتە لەخۆیان یاساغ بکەن، چونکە ئەو تەنها بۆ خۆی پاریزی لێکردو، هەر لەخۆی حەڕامیکرد، جابۆ پتر زانیاری لێی، تەماشای تەفسیری (ئیبن کەسیر) بکە(ڕامان)

پ٧ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا (يَا أُخْتَ هَارُونَ) (٢٨ مریم) لەم سورەتەدا مەبەستی خوشکی کام هاروونە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ، قَالَ: لَمَّا قَدِمْتُ نَجْرَانَ سَأَلُونِي، فَقَالُوا: إِنَّكُمْ تَقْرَءُونَ يَا أُخْتَ هَارُونَ، وَمُوسَى قَبْلَ عِيسَى بِكَذَا وَكَذَا، فَلَمَّا قَدِمْتُ عَلَى رَسُولِ اللهِ (ﷺ) سَأَلْتُهُ عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَ:(إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَمُّونَ بِأَنْبِيَائِهِمْ وَالصَّالِحِينَ قَبْلَهُمْ) رواه مسلم

واتە: موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: چوومە (نەجران) (لەوێ گاوری لێ بوون) پرسیاریان لێ کردم گوتیان: ئێوە لە قورئان لەباسی (مەریەم)ی دایکی (عیسی) سەلامی خودای لەسەر بێ دەخوێننەوە (ئەی خوشکی هارون)

هارووڕ برای (موسی) یە، موسی لە پێش عیسایە بەچەندین ساڵ، دەڵێ کاتێ گەرامەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)،گوتم وایان پێ گوتم ونەمزانی: ئایا مانای ئەم ئایەتە چییە؟ فەرمووی: ئەوان منداڵەکانی خۆیان بەناوی پێغەمبەران و پیاوە صالحەکان دەکرد (واتە: هارونی برای مەریەم بەناوی هارووڕ پێغەمبەر کراوە)

پ٨/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەی خودا بریاری دا تۆ بکاتە پێغەمبەر؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ مَتَى وَجَبَتْ لَكَ النُّبُوَّةُ؟ قَالَ: (وَآدَمُ بَيْنَ الرُّوحِ وَالجَسَدِ) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: هاوەڵان گوتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) کەی بڕیار درا تۆ بکرێتە پێغەمبەر؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەو کاتەی ئادەم لە نێوان ڕوح ولاشدا بوو. (واتە: دروست کرابوو، بەڵام هێشتا ڕوحی بەبەرنەکرابوو)

پ٩/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)دەربارەی پێغەمبەرایەتی خۆت هەواڵم بدەرێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ خَالِدِ بْنِ مَعْدَانَ، عَنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، أَنَّهُمْ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَخْبِرْنَا عَنْ نَفْسِكَ، فَقَالَ: (دَعْوَةُ أَبِي إِبْرَاهِيمَ، وَبُشْرَى عِيسَى، وَرَأَتْ أُمِّي حِينَ حَمَلَتْ بِي أَنَّهُ خَرَجَ مِنْهَا نُورٌ أَضَاءَتْ لَهُ بُصْرَى وَبُصْرَى مِنْ أَرْضِ الشَّامِ) رواه الحاكم في المستدرك ووافقه الذهبي وقال الالباني صحيح في السلسلة

واتە: خالیدی کوڕی مەعدان (ﷺ) دەڵێ: هاوەڵان گوتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) دەربارەی پێغەمبەرایەتی خۆت هەواڵمان بدەرێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: من دوعاو وداواکاری باوکم ئیبراهیم و موژدەی عیسی پێغەمبەرم و خەونی دایکمە کاتی حەملی هەبوو بە من ڕوناکییەکی لێ دەرچوو، بوصرای روناك کردووە لە شام.

چەند پرسیار وەڵامێکی دیکە
دەربارەی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)

پ١ / ئایا جیاوازی نێوان (نبی) و (رسول) چییە؟

وەڵام:

١- رەسول کتێبی بۆ دادەبەزی، رەسول فەرمانی پێ کراوە بە راگەیاندنی پەیام خودا.

٢- (نەبی) کیتابی بۆ دانابەزی، نەبی خەڵکی بانگ دەکات بۆ شەریعەتێکی پێش خۆی.

پ٢ / ئایا ناوی چەند پێغەمبەر لە قورئاندا هاتووە؟

وەڵام: ناوی (٢٥) پێغەمبەر لە قورئاندا هاتووە

پ٣ / ئایا ئەو شتانە چین کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نازانم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَا أَدْرِي أَتُبَّعٌ لَعِينٌ هُوَ أَمْ لَا وَمَا أَدْرِي أَعُزَيْرٌ نَبِيٌّ هُوَ أَمْ لَا) سنن أبي داود قال الالباني صحيح

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، أَنَّهَا قَالَتْ: (كَانَ تُبَّعٌ رَجُلًا صَالِحًا، أَلَا تَرَى أَنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ ذَمَّ قَوْمَهُ وَلَمْ يَذُمَّهُ؟) رواه الحاكم وقال هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ ووافقه الذهبي

وفي رواية-(ما أدري أتبع أنبيا كان أم لا ؟ و ما أدري ذا القرنين أنبيا كان أم لا ؟ و ما أدري الحدود كفارات لأهلها أم لا) الحاكم والبيهقي قال الالباني صحيح في صحيح الجامع

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: نازانم قەومی (تووبەع) لەعنەتی لێ کراوە یان نا؟، وە نازانم (عوزێر) پێغەمبەر بوو یان نا؟.

وە لە ریوایەتێکەدا دەفەرموێت: نازانم (تبع) پێغەمبەر بوو یان نا؟، وە نازانم (زولقەرنین) پێغەمبەر بوو یان نا؟، وە نازانم سزاکان (وەك سزای زینا و بوختان، دەست بڕین، جەڵدە ..... هتد) دەبنە سڕینەوەی گوناهان یان نا؟.

پ٤ / ئایا پێغەمبەری ئێمە (ﷺ) لە دوو کام پێغەمبەر هاتووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (أَنَا أَوْلَى النَّاسِ بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ فِي الْأُولَى وَالْآخِرَةِ). قَالُوا: كَيْفَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: (الْأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ مِنْ عَلَّاتٍ، وَأُمَّهَاتُهُمْ شَتَّى وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ، فَلَيْسَ بَيْنَنَا نَبِيٌّ)رواه البخاري

واتە: لە (ئەبو هورەیرە)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (من لە پێشترم لەهەموو کەس بۆ عیسای کوڕی مەریەم لە دنیا و قیامەتدا، وتیان: چۆن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: (پێغەمبەران کوڕی یەك باوکن، دایکیان جیایە، ئایینیان یەکە، لەنێوان من و ئەودا پێغەمبەرێکی تر نیە) واتا: بنج و بناوانی ئایینە ئاسمانییەکان یەکن لەخوا بەیەك زانین و بڕوابوون بە قیامەت، هەر چەند لەهەندێ وردەشتدا جیاوازبن.

شرح الكلمات: (مِنْ عَلَّاتٍ): أَيْ: هُمْ إِخْوَةٌ مِنْ أَبٍ وَاحِدٍ، فَإِنَّ الْعَلَّةَ الضَّرَّةَ وَبَنُو الْعَلَّاتِ أَوْلَادُ الرَّجُلِ مِنْ نِسْوَةٍ شَتَّى، (وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ): وَهُوَ الدِّينُ الْحَقُّ الَّذِي فُطِرَ النَّاسُ عَلَيْهِ.

پ٤ / ئایا ئامانج لە ناردنی پێغەمبەران چی بووە؟

وەڵام: دوو شت بووە ١- خواپەرستی ٢- دوورکەوتنەوە لە زاڵم و تاغوتان

(وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ ۚ فَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٦﴾) النحل

واتە: بەڕاستی بۆناو هەموو ئومەت و نەتەوەیەك لەهەموو سەردەمێكدا پەیامبەرێكمان ناردووە بۆ ئەوە پێیان بڵێن: تەنها خوا بپەرستن و لە (تاغووت) و یاسا پووچەڵەكان دوورین. بەڵێ ئەو دوو خاڵە: (خوا پەرستن و وەلانانی تاغووت) كەهەر پێغەمبەرەی داویەتی بەگوێی ئومەتەكەی خۆیدا ئەساس و بناغەی گشت ئایینەكان و ئایینی ئیسلامیشە، هەندێكیان خوای دڵۆقان خۆی رێی نیشاندان، چونكە ئامادەو شیاو بوون،هی وایشیان هەبوو بەهۆی لاساری خۆیانەوە لارێی و گومڕایی بۆ بڕیارەوە جا ئادەی بەسەر زەویدا بچن و بگەڕێن و ببینن و بنواڕن چارەنووسی ئەوانەی كە بڕوایان نەهێناو، پەیامبەرەكانیان بە درۆزن دانا چۆن بوو.(ڕامان)

وانەی سێیەم

پرسیاری هاوەڵان لە بواری هاوسەرگیری (الزواج) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١- ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باشترین ئافرەت کامەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قِيلَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَيُّ النِّسَاءِ خَيْرٌ؟ قَالَ: (الَّتِي تَسُرُّهُ إِذَا نَظَرَ وَتُطِيعُهُ إِذَا أَمَرَ وَلَا تُخَالِفُهُ فِي نَفْسِهَا وَلَا مَالِهَا بِمَا يَكْرَهُ) رَوَاهُ النَّسَائِيُّ وَالْبَيْهَقِيُّ فِي شُعَبِ الْإِيمَانِ) قال الالبانی حسن

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: بە پێغەمبەر(ﷺ) گوترا باشترین ئافرەت چ ئافرەتێکە؟ پێغەمبەر (ﷺ)لەوەڵامدا فەرمووی: ئەو ئافرەتەیە ئەگەر پیاوەکەی سەیری کرد دڵی خۆش بێ، وە بەقسەی پیاوەکەی بکات کاتێ فەرمانی پێ دەکات، وە پێچەوانەی پیاوەکەی نەکات (واتە: هەرکاتێ داوای سەرجێی لێ کرد) وە هاوکاری پیاوەکەی بکات بە مالّی خۆی (ئەگەر پێویست بوو)

بەم شێوەش هاتووە (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَيُّ النِّسَاءِ خَيْرٌ؟ فَقَالَ:(خَيْرُ النِّسَاءِ مَنْ تَسَرُّ إِذَا نَظَرَ، وَتُطِيعُ إِذَا أَمَرَ، وَلَا تُخَالِفُهُ فِي نَفْسِهَا وَمَالِهَا) رواه الحاكم

واتە: پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) باشترین ئافرەت کامەیە؟ لە وەلامدا فەرمووی: باشترینی ئافرەتان ١- دڵ خۆش بکات ئەگەر سەیری کرا ٢-

کاتێ فەرمانی پێ کرا جێ بەجێی بکا ٣- پێچەوانەی پیاوەکەی نەکات (بۆ سەرجێی) ٤- هاوکاری پیاوەکەی بکات (لە ڕووی دارایی).

پ٢/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باشترین سامانی دونیا چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ثَوْبَانَ، قَالَ: لَمَّا نَزَلَ فِي الْفِضَّةِ وَالذَّهَبِ مَا نَزَلَ، قَالُوا: فَأَيَّ الْمَالِ نَتَّخِذُ؟ قَالَ عُمَرُ: فَأَنَا أَعْلَمُ لَكُمْ ذَلِكَ، فَأَوْضَعَ عَلَى بَعِيرِهِ، فَأَدْرَكَ النَّبِيَّ (ﷺ)، وَأَنَا فِي أَثَرِهِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيَّ الْمَالِ نَتَّخِذُ؟ فَقَالَ: (لِيَتَّخِذْ أَحَدُكُمْ قَلْبًا شَاكِرًا، وَلِسَانًا ذَاكِرًا، وَزَوْجَةً مُؤْمِنَةً، تُعِينُ أَحَدَكُمْ عَلَى أَمْرِ الْآخِرَةِ) رواه ابن ماجه والترمذي وأبو نعيم فى الحلية قال الالباني صحيح

واتە: سەوبان (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: کاتێ ئایەتی هەڕەشە دابەزی دەربارەی ئەوانەی زێر وزیو هەڵدەگرن و نایبەخشن، هاوەڵان گوتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) چ مالێك هەڵبگرین؟ سەوبان ئەڵێ: عومەر گوتی: من وەڵامی ئەو پرسیارەتان بۆ دەهێنمەوە،بە پەلە خۆی هاویشتە سەر وشترو خۆی گەیاندە پێغەمبەر(ﷺ) ،منیش بەدوایدا چووم، عومەر گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) چ مالّ و سامانێك باشە ئێمە بۆ خۆمان گلیدەینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: با هەر یەك لە ئێوە ئەو سامانانەی هەبێ(دڵێکی سوپاسگوزار، و زمانێك کە یادی خودا بکات، و خێزانێکی ئیماندار یارمەتی بدات بۆ کاروباری قیامەت) (لێرە پێغەمبەر(ﷺ) خێزانی ئیمانداری بە سامانی چاك وەسف کرد)

ئایا مانای ئەم ئایەتە چییە ئەی ئیبن عومەر؟ وەڵام:

(عَنْ خَالِدِ بْنِ أَسْلَمَ قَالَ خَرَجْنَا مَعَ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا فَقَالَ أَعْرَابِيٌّ أَخْبِرْنِي عَنْ قَوْلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَالَ ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا مَنْ كَنَزَهَا فَلَمْ يُؤَدِّ زَكَاتَهَا فَوَيْلٌ لَهُ إِنَّمَا كَانَ هَذَا قَبْلَ أَنْ تُنْزَلَ الزَّكَاةُ فَلَمَّا أُنْزِلَتْ جَعَلَهَا اللَّهُ طُهْرًا لِلْأَمْوَالِ) رواه البخاري

واتە: خالیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێ: لەگەڵ (عبدالله)ی کوڕی عومەر خودا لێبیان ڕازی بێ دەرچوون بۆ سەفەر، عەرەبێکی دەشتەکی گوتی: هەواڵم بدەرێ دەربارەی مانای ئەم ئایەتە؟ ئیبن عومەر گوتی: واتە: ئەوەی زێر و زیوو سامان هەڵبگرێ و زەکاتی مااڵی خودای لێ نەدات، وەیل بۆ ئەو کەسە، ئەو ئایەتە پێش دابەزینی ئایەتی زەکاتدان بوو، بەاڵم کە ئایەتی زەکاتدان دابەزی، زەکاتدان بووە هۆی پاک بوونەوەی ماڵەکان.

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئافرەتێك چۆتە دڵم بیخوازم، بەاڵم منداڵی نابێ و نەزۆکە؟

وەاڵمەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ إِنِّي أَصَبْتُ امْرَأَةً ذَاتَ حَسَبٍ وَجَمَالٍ وَإِنَّهَا لَا تَلِدُ أَفَأَتَزَوَّجُهَا قَالَ لَا ثُمَّ أَتَاهُ الثَّانِيَةَ فَنَهَاهُ ثُمَّ أَتَاهُ الثَّالِثَةَ فَقَالَ تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمْ الْأُمَمَ (رواه ابو داود وابن حبان) قال الالبانى حسن صحيح

واتە: مەعقیلی کوڕی یەسار (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە الای پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: من بە نیازم ئافرەتێك بخوازم لە بنەماڵەیەکی ناودار و جوانیشە، بەاڵم منداڵی نابێ، ئایا بیخوازم، پێغەمبەر (ﷺ)لەوەاڵمدا فەرمووی: نەخێر، کابرا دووبارە هاتەوە،پێی فەرموو نەخێر، سێ بارە هاتەوە فەرمووی: نەخێر مەیخوازە، ئافرەتی بەسۆز و بەزاوەزێ بخوازن، چونکە من ڕۆژی قیامەت شانازی بە زۆریتان دەکەم.

پ٤/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خۆم بخەسێنم؟

وەاڵمەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَعْدِ بْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: قَالَ عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُونٍ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوْ أَذِنْتَ لَنَا فِي الِاخْتِصَاءِ فَاخْتَصَيْنَا، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (خِصَاءُ أُمَّتِي الصِّيَامُ) رواه احمد والطبراني حسن

واتە: سەعدی کوڕی مەسعود (ﷺ) دەڵێ: عوسمانی کوڕی مەزعون گوتی: ئەی نێردراوی خودا (ﷺ) بەڵکو ڕێگامان بدەی خۆمان بخەسێنین، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خەساندنی ئوممەتی من بەڕۆژووو بوونە.

هەر بۆیەش پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاری لاوەکان دەکات و دەفەرموێ

(يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: ئەی کۆمەڵی لاوەکان ئەوەی لە تواناتاندا هەبوو با هاوسەرگیری بکات، چونکە بۆی دەبێتە چاوگرتنەوە و داوێن پارێزی، وە ئەگەر لەتواناندا نەبوو هاوسەرگیری بکەن، ئەوا بەڕۆژوو بن، چونکە ڕۆژووگرتن خەساندنە.

پ٥/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا جیماع کردن لەگەڵ خێزانی خۆمان پاداشتی هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالْأُجُورِ، يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي، وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ، وَيَتَصَدَّقُونَ بِفُضُولِ أَمْوَالِهِمْ، قَالَ: (أَلَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ مَا تَصَدَّقُونَ؟ إِنَّ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ وَتَحْمِيدَةٍ صَدَقَةً، وَبُضْعُ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ)، قِيلَ: فِي شَهْوَتِهِ صَدَقَةٌ؟ قَالَ: (لَوْ وُضِعَ فِي الْحَرَامِ، أَلَيْسَ كَانَ عَلَيْهِ وِزْرٌ؟ ذَلِكَ إِنْ وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ كَانَ لَهُ أَجْرٌ) الادب المفرد قال الالباني صحيح

معاني الكلمات (اهل الدثور: الغنى والمال الكثير)(البُضْعُ: يطلق على الجماع والفرج نفسه)

واتە: ئەبو زەڕ (ﷺ) دەڵێ: گوتیان ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەوانەی دەوڵەمەندن پاداشتیان بۆ خویان برد، نوێژ دەکەن وەکو ئێمە، ڕۆژوو دەگرن وەکو ڕۆژووی ئێمە، لەوەش زیاتر ئەوان دەبەخشن بەو ماڵەی هەیانە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: با زیکرێکتان فێربکەم وەکو ماڵ بەخشینی ئەوانە، هەر جارێك

بڵێن (سبحان الله) و(الحمدلله) خێرێکتان بۆ دەنوسرێت، و بە چوونە لای خێزانتان خێرتان بۆ دەنووسرێت، هاوەڵان گوتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) بەجێ گەیاندنی ئارەزووی خۆمان خێرە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر ئەو ئاوە لە شوێنی حەرام دابنێن گوناح نیە؟، بەهەمان شێوەش ئەگەر لە شوێنی حەلاڵ دایبنێن خێرە.

پ٦/ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) داخوازی ئافرەتێکم کردوە، بەڵام نەمبینیوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ قَالَ خَطَبْتُ امْرَأَةً فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (هَلْ نَظَرْتَ إِلَيْهَا؟) قُلْتُ: لَا قَالَ:(فَانْظُرْ إِلَيْهَا فَإِنَّهُ أَحْرَى أَنْ يُؤْدَمَ بَيْنَكُمَا) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ وَالنَّسَائِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ وَالدَّارِمِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: موغیرەی کوڕی شوعبە (ﷺ) دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئافرەتێکم خوازبێنی کردووە، پێغەمبەر (ﷺ)لەوەڵامدا فەرمووی: ئایا سەیرت کردووە؟ ئەڵێ گوتم نەخێر، فەرمووی: بڕۆ بیبینە چونکە ئەوە چاکترە بۆ خۆشەویستی نێوانتان. (أَحْرَى) أَيْ أَقْرَبُ وَأَوْلَى وَأَرْغَبُ (أَنْ يُؤْدَمَ) أَيْ بِأَنْ يُؤَلِّفَ)

وفي رواية (عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ أَنَّ الْمُغِيرَةَ بْنَ شُعْبَةَ أَرَادَ أَنْ يَتَزَوَّجَ امْرَأَةً فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) اذْهَبْ فَانْظُرْ إِلَيْهَا فَإِنَّهُ أَحْرَى أَنْ يُؤْدَمَ بَيْنَكُمَا فَفَعَلَ فَتَزَوَّجَهَا فَذَكَرَ مِنْ مُوَافَقَتِهَا) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

موغیرە زۆر بەباشی باسی ئەم ئافرەتەی دەکرد چونکە بە قسەی پێغەمبەری کرد.

وفي رواية-(عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ، قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَذَكَرْتُ لَهُ امْرَأَةً أَخْطُبُهَا، فَقَالَ: (اذْهَبْ فَانْظُرْ إِلَيْهَا، فَإِنَّهُ أَجْدَرُ أَنْ يُؤْدَمَ بَيْنَكُمَا)، فَأَتَيْتُ امْرَأَةً مِنَ الْأَنْصَارِ، فَخَطَبْتُهَا إِلَى أَبَوَيْهَا، وَأَخْبَرْتُهُمَا بِقَوْلِ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَكَأَنَّهُمَا كَرِهَا ذَلِكَ، قَالَ: فَسَمِعَتْ ذَلِكَ الْمَرْأَةُ، وَهِيَ فِي خِدْرِهَا، فَقَالَتْ: إِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَمَرَكَ أَنْ تَنْظُرَ، فَانْظُرْ، وَإِلَّا فَأَنْشُدُكَ، كَأَنَّهَا أَعْظَمَتْ ذَلِكَ، قَالَ: فَنَظَرْتُ إِلَيْهَا فَتَزَوَّجْتُهَا، فَذَكَرَ مِنْ مُوَافَقَتِهَا) ابن

ماجه قال الالباني صحيح (شرح الكلمات: (في خدرها) بالكسر أي سترها. يريد أنها كانت بكرا. (فأنشدك) أي أسألك بالله أن لا تنظر إلي)

واتە: موغیرەی کوڕی شوعبە (رضي الله عنه) دەڵێ: چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا (ﷺ)گوتم ئافرەتێکم خوازبێنی کردووە، پێغەمبەر (ﷺ)لەوەڵامدا فەرمووی: ئایا سەیرت کردووە؟ ئەڵێ گوتم نەخێر، فەرمووی: برۆ بیبینە چونکە ئەوە چاکترە بۆ خۆشەویستی نێوانتان، ئەڵێ منیش چوومە ماڵی ئافرەتەکە کە ئەنصاری بوو، گوتمە باب و دایکی هاتووم سەیری کچەکەتان بکەم، جا لەسەر دڵیان گران بوو، کچەکەش گوێی لێ بوو، گوتی:ئەگەر پێغەمبەر فەرمانی پێ کردووی سەیرم بکە، ئەگەر پێ نەفەرمووی سوێندەدەم بەخوا، وە لەسەر دڵی قورس بوو سەیری بکەم، ئەڵێ سەیرم کرد و ڕازیبووم ومارەم کرد، لەگەڵم زۆر گونجاو بوو.(ئەوەش بەرەکەتی بە قسە کردنی پێغەمبەر(ﷺ)

پ٧ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر لەناوکاو چاوم بە ئافرەتێکی بێگانە کەوت چی بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَرِيرٍ قَالَ سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ نَظْرَةِ الْفَجْأَةِ فَقَالَ اصْرِفْ بَصَرَكَ) رواه ابو داود قال الالباني صحيح

واتە: جەریر دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ)کرد دەربارەی ئەوەی ئەگەر لە ناکاو چاوم بە ئافرەتێکی بێگانە کەوت (واتە: نەزەری حەڕام) چی بکەم فەرمووی: چاوی خۆت لادە لێی و ڕووت وەرگێڕە.

وفي روايه(عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، قَالَ:(سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) عَنْ نَظَرِ الْفُجَاءَةِ فَأَمَرَنِي أَنْ أَصْرِفَ بَصَرِي) رواه مسلم

واتە: (جەریر) کوڕی (عبدالله) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لەبارەی سەیرکردنی کتوپڕیەوە پرسیارم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)کرد فەرمانی پێدام کە زوو ڕوو وەربگێڕم.

وفي رواية(عَنْ بُرَيْدَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِعَلِيٍّ) يَا عَلِيُّ لَا تُتْبِعِ النَّظْرَةَ النَّظْرَةَ فَإِنَّ لَكَ الْأُولَى وَلَيْسَتْ لَكَ الْآخِرَةُ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ والدارمي قال الالباني حسن

واتە: بوریدە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) بە عەلی فەرموو: (ئەی (عەلی) نەگەر چاوت بە ئافرەتێك كەوت (لەناكاو یان لە كارێك) دووبارە چاوی لێ مەكەوە، چونكە یەكەمجار گوناح نیە، بەڵام دووەم جار لەسەرت حیسابە.

پ٨/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەم ئافرەتە لەمن مارە بكە ئەگەر تۆ پێویستت پێ نیە ؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ جِئْتُ أَهَبُ لَكَ نَفْسِي، فَنَظَرَ إِلَيْهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَصَعَّدَ النَّظَرَ فِيهَا وَصَوَّبَهُ، ثُمَّ طَأْطَأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَأْسَهُ. فَلَمَّا رَأَتِ الْمَرْأَةُ أَنَّهُ لَمْ يَقْضِ فِيهَا شَيْئًا جَلَسَتْ، فَقَامَ رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِهِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكَ بِهَا حَاجَةٌ فَزَوِّجْنِيهَا. فَقَالَ: (فَهَلْ عِنْدَكَ مِنْ شَيْءٍ). فَقَالَ: لَا وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: (اذْهَبْ إِلَى أَهْلِكَ فَانْظُرْ هَلْ تَجِدُ شَيْئًا). فَذَهَبَ ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ: لَا وَاللَّهِ مَا وَجَدْتُ شَيْئًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (انْظُرْ وَلَوْ خَاتِمًا مِنْ حَدِيدٍ). فَذَهَبَ ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ: لَا وَاللَّهِ (يَا رَسُولَ اللَّهِ) وَلَا خَاتِمًا مِنْ حَدِيدٍ، وَلَكِنْ هَذَا إِزَارِي -قَالَ سَهْلٌ: مَا لَهُ رِدَاءٌ- فَلَهَا نِصْفُهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَا تَصْنَعُ بِإِزَارِكَ؟ إِنْ لَبِسْتَهُ لَمْ يَكُنْ عَلَيْهَا مِنْهُ شَيْءٌ، وَإِنْ لَبِسَتْهُ لَمْ يَكُنْ عَلَيْكَ مِنْهُ شَيْءٌ). فَجَلَسَ الرَّجُلُ حَتَّى إِذَا طَالَ مَجْلِسُهُ قَامَ، فَرَآهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُوَلِّيًا، فَأَمَرَ بِهِ فَدُعِيَ، فَلَمَّا جَاءَ قَالَ: (مَاذَا مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ). قَالَ: مَعِي سُورَةُ كَذَا وَسُورَةُ كَذَا، عَدَّدَهَا فَقَالَ: (تَقْرَؤُهُنَّ عَنْ ظَهْرِ قَلْبِكَ). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: (اذْهَبْ فَقَدْ مُلَّكْتَهَا بِمَا مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ) مُتَّفق عَلَيْهِ (فضائل القران)

واتە: (سهل ی كوڕی سعدی ساعدی)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: ژنێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، هاتووم خۆمت پێشكەش بكەم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەیری كرد و باش ورد بووەوە، پاشان

سەری داخست، کە ژنەکە بینی پێغەمبەر (ﷺ) شتێکی لەبارەیەوە نەفەرموو، دانیشت، یەکێك لە هاوەڵەکانی هەستا و، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەگەر تۆ داخوازی نیت بۆ منی مارە بکە فەرمووی: (ئایا هیچت هەیە بیکەیت بە مارەیی؟) وتی: نەبەخوا ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)، فەرمووی: (بڕۆ مااڵەوە بزانە هیچت دەست دەکەوێت؟). ڕۆیشت و هاتەوە، وتی: نەبەخوا هیچم دەست نەکەوت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەوڵ بدە با ئەڵقەیەکی ئاسنیش بێت)، کابرا چوو و هاتەوە. وتی: نەبەخوا ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئەڵقەیەکی ئاسنیشم دەست نەکەوت. بەڵام ئەوە پۆشاکەکەمە هەر باشە (نیوەی بۆ ئەو) سهیل وتی: ئەو پیاوە پۆشاکی تری نییە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (چی دەکەی لەو تەنها پۆشاکەت؟ تۆ لەبەری بکەیت هیچ بۆ ئەو نابێت، ئەویش لەبەری بکات هیچی بۆ تۆ نابێت) کابرا دانیشت، دانیشتنەکەی درێژەی کێشا، ئینجا هەستا، پێغەمبەری خوا(ﷺ) بینی کابرا ڕۆیشت، فەرمانی دا بانگکرایەوە، کە هاتەوە، پێی فەرموو: (چەندە قورئانت لەبەرە) وتی: فلانە سورەت و فلانە سورەت. ژمارەی کردن. فەرمووی: (لەبەر دەیانخوێنیت؟) وتی: بەڵێ. فەرموی: (بڕۆ ئەوە لێم مارەکردیت بەو ئەندازە قورئانەی لەبەرتە).

(قورئان بەرەکەت بوو بۆ پیاوەکە و ئافرەتەکە

پ٩/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لاشەمان بۆ کێ دەرخەین و بۆ کێی بشارینەوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ بَهْزِ بْنِ حَكِيمٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ عَوْرَاتُنَا مَا نَأْتِي مِنْهَا وَمَا نَذَرُ قَالَ: (احْفَظْ عَوْرَتَكَ إِلَّا مِنْ زَوْجَتِكَ أَوْ مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ، قُلْتُ: فَإِذَا كَانَ الْقَوْمُ بَعْضُهُمْ فِي بَعْضٍ؟ قَالَ: إِنْ اسْتَطَعْتَ أَنْ لَا يَرَاهَا أَحَدٌ فَلَا يَرَيَنَّهَا، قُلْتُ: فَإِذَا كَانَ أَحَدُنَا خَالِيًا؟ قَالَ: فَاللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَحَقُّ أَنْ يُسْتَحْيَا مِنْهُ) رَوَاهُ الْخَمْسُ إِلَّا النَّسَائِيَّ قال الالباني حسن

واتە: بەهزی کوڕی حەکیم (ﷺ) دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) لاشەمان چەند دەریخەین و چەندی داپۆشین، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: لاشەی خۆت داپۆشە مەگەر بۆ خێزانی خۆت و جاریەی خۆت، وتم: ئەگەر کەسەکان هەموو خزمی یەکتر بوون، فەرمووی: ئەگەر گونجا وپێت کرا با کەس لاشەت نەبینێ، گوتم: ئەدی ئەگەر بەتەنیا بووم ؟ فەرمووی: خودا شیاوترە شەرمی لێ بکرێ.

پ.١٠ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆن حیجامە بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرٍ أَنَّ أُمَّ سَلَمَةَ اسْتَأْذَنَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْحِجَامَةِ فَأَمَرَ أَبَا طَيْبَةَ أَنْ يَحْجُمَهَا قَالَ حَسِبْتُ أَنَّهُ قَالَ كَانَ أَخَاهَا مِنْ الرَّضَاعَةِ أَوْ غُلَامًا لَمْ يَحْتَلِمْ(رَوَاهُ مُسلم وابو داود قال الالباني صحيح

واتە: لە (جابیر)ەوە کە (أم سلمە)(خوای لێی ڕازی بێت) داوای لە پێغەمبەر (ﷺ)کرد ڕێگای بدات بۆ کەڵەشاخگرتن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە (أبو طیبة) کەڵەشاخی بۆ بگرێت، ڕاوی دەڵێ: گومان وادەبەم جابر وتی: ئەو برای شیری (أم سلمە)بوو یان منداڵێك بو هێشتا بالّغ نەبوو.

پ١١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کچ پرسی پێ دەکرێ بۆ مارەبڕینی؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(قَالَ ذَكْوَانُ، مَوْلَى عَائِشَةَ، سَمِعْتُ عَائِشَةَ تَقُولُ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) عَنِ الْجَارِيَةِ يُنْكِحُهَا أَهْلُهَا، أَتُسْتَأْمَرُ أَمْ لَا؟ فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللهِ (ﷺ) (نَعَمْ، تُسْتَأْمَرُ)، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: فَقُلْتُ لَهُ: فَإِنَّهَا تَسْتَحِي، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (فَذَلِكَ إِذْنُهَا، إِذَا هِيَ سَكَتَتْ) رَوَاهُ مُسلم

واتە: زەکوانی خزمەتکاری عائیشە (ﷺ) دەڵێ: گوێم لە عائیشە بوو خوا لێی ڕازی بێ وتی: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) ئایا کچ لە کاتی مارکردنی

قسەی لێ وەردەگیرێ یان نا؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ قسەی لێ وەردەگیرێ، عائیشە دەڵێ: گوتم جاری وایە شەرم دەکات، فەرمووی: ئەگەر بێدەنگ بوو لە شەرمان ئەوە مۆڵەت وەرگرتنە لێی.

وفی روایه- (عَنْ خَنْسَاءَ بِنْتِ خِذَامٍ الْأَنْصَارِيَّةِ أَنَّ أَبَاهَا زَوَّجَهَا وَهِيَ ثَيِّبٌ فَكَرِهَتْ ذَلِكَ فَأَتَتْ النَّبِيَّ (ﷺ) فَرَدَّ نِكَاحَهَا(رواه البخاري) (اي نِكَاح أَبِيهَا)

واتە: خەنسایی کچی خیزامی ئەنصاری باوکی ماری کرد لە پیاوێك ئەو کات بێوەژن بوو، رازی نەبوو، هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) مارەیەکەی هەڵوەشاندەوە.

وفی روایه(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: إِنَّ جَارِيَةً بِكْرًا أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرَتَ أَنَّ أَبَاهَا زَوَّجهَا وَهِيَ كَارِهَةٌ فَخَيَّرَهَا النَّبِيِّ (ﷺ) . رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ قال الالبانی صحیح

واتە: ئیبن عەباس دەڵێ: کچێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ)،وتی: باوکم منی مارە کردووە لە کەسێك، منیش پێم ناخۆشە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆ خۆت ئازاد بە. (پێغەمبەر (ﷺ) سەرپشکی کرد لە نێوان ڕازی بوون و ڕازی نەبوون)

پ١٢/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باوکم منی داوەتە ئامۆزام ، بەڵام رازی نیم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ جَاءَتْ فَتَاةٌ إِلَى رَسُول اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ أَبِي زَوَّجَنِي ابْنَ أَخِيهِ يَرْفَعُ بِي خَسِيسَتَهُ فَجَعَلَ الْأَمْرَ إِلَيْهَا قَالَتْ فَإِنِّي قَدْ أَجَزْتُ مَا صَنَعَ أَبِي وَلَكِنْ أَرَدْتُ أَنْ تَعْلَمَ النِّسَاءُ أَنْ لَيْسَ لِلْآبَاءِ مِنْ الْأَمْرِ شَيْءٌ) مسند أحمد: ٢٥٠٨٧قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: حديث صحيح، وهذا إسناد رجاله ثقات رجال الشيخين إلا أنه قد اختلف فيه على كهمس بن الحسن، والالباني ضعيف:غاية المرام (٢١٧ثم صحيح: السلسلة الصحيحة (تحت ٣٣٣٧) تراجعات الالباني (قال السندي: قولها: يرفع بي خسيسته، أي: هو خسيس الحال، فأزال عنه بي خسَّته، وجعله رفيع الحال)

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: کچێك هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ)،وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) باوکم منی داوەتە برازای خۆی، تاکو خۆی لایان شیرین بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە دەست کچەکە، ئینجا کچەکە گوتی: من مۆڵەتم داوەتە باوکم، بەڵام ویستم ئافرەتان بزانن، باوکان بۆیان نیە بەبێ ڕازیبوونی ئەوان مارەبکرێن.

پ١٣ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا مارەیی ئافرەت چەندە وچۆنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: سَأَلْنَا رَسُولَ اللهِ (ﷺ) عَنْ صَدَاقِ النِّسَاءِ فَقَالَ:(هُوَ مَا اصْطَلَحَ عَلَيْهِ أَهْلُوهُمْ) السنن الكبرى للبيهقي و سنن الدار قطني

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (ﷺ) دەڵێ: پرسیارمان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی مارەیی ئافرەتان فەرمووی: مارەیی ئافرەتان هەر شتێکە کە خزمەکانیان لەسەری ڕێك کەوتوون.

وفي رواية-(عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): انْكِحُوا الْأَيَامَى قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ مَا الْعَلَائِقُ؟ قَالَ: مَا تَرَاضَى عَلَيْهِ أَهْلُوهُمْ) الدار قطني

وَعَنْ عَائِشَةَ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) (إِنَّ أَعْظَمَ النِّكَاحِ بَرَكَةً أَيْسَرُهُ مُؤْنَةً) رَوَاهُ الْبَيْهَقِيُّ فِي شُعَبِ الْإِيمَانِ.(مُؤْنَةٌ) أَيْ: مِنَ الْمَهْرِ وَالنَّفَقَةِ

قَالَ عُمَرُ بْنُ الخَطَّابِ:أَلَا لَا تُغَالُوا صَدُقَةَ النِّسَاءِ، فَإِنَّهَا لَوْ كَانَتْ مَكْرُمَةً فِي الدُّنْيَا، أَوْ تَقْوَى عِنْدَ اللَّهِ لَكَانَ أَوْلَاكُمْ بِهَا نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ)، (مَا عَلِمْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَكَحَ شَيْئًا مِنْ نِسَائِهِ وَلَا أَنْكَحَ شَيْئًا مِنْ بَنَاتِهِ عَلَى أَكْثَرَ مِنْ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ أُوقِيَّةً) رواه أبو داود قال الالباني صحيح وَالأُوقِيَّةُ عِنْدَ أَهْلِ العِلْمِ: أَرْبَعُونَ دِرْهَمًا وَثِنْتَا عَشْرَةَ أُوقِيَّةً أَرْبَعُ مِائَةٍ وَثَمَانُونَ دِرْهَمًا)

پ٨٤ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) وەصیەتم بۆ کراوە برازاکەم بە شوو بدەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ، قَالَ: تُوُفِّيَ عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُونٍ، وَتَرَكَ ابْنَةً لَهُ مِنْ خُوَيْلَةَ بِنْتِ حَكِيمِ بْنِ أُمَيَّةَ بْنِ حَارِثَةَ بْنِ الْأَوْقَصِ، قَالَ: وَأَوْصَى إِلَى أَخِيهِ قُدَامَةَ بْنِ مَظْعُونٍ، قَالَ عَبْدُ اللَّهِ: وَهُمَا خَالَايَ، قَالَ: فَخَطَبْتُ إِلَى قُدَامَةَ بْنِ مَظْعُونٍ، ابْنَةَ عُثْمَانَ بْنِ مَظْعُونٍ، فَزَوَّجَنِيهَا، وَدَخَلَ الْمُغِيرَةُ بْنُ شُعْبَةَ، يَعْنِي: إِلَى أُمِّهَا، فَأَرْغَبَهَا فِي الْمَالِ، فَحَطَّتْ إِلَيْهِ، وَحَطَّتْ الْجَارِيَةُ إِلَى هَوَى أُمِّهَا، فَأَبَيَا، حَتَّى ارْتَفَعَ أَمْرُهُمَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ قُدَامَةُ بْنُ مَظْعُونٍ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ابْنَةُ أَخِي، أَوْصَى بِهَا إِلَيَّ، فَزَوَّجْتُهَا ابْنَ عَمَّتِهَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ، فَلَمْ أُقَصِّرْ بِهَا فِي الصَّلَاحِ وَلَا فِي الْكَفَاءَةِ، وَلَكِنَّهَا امْرَأَةٌ، وَإِنَّمَا حَطَّتْ إِلَى هَوَى أُمِّهَا، قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): هِيَ يَتِيمَةٌ، وَلَا تُنْكَحُ إِلَّا بِإِذْنِهَا، قَالَ: فَانْتُزِعَتْ وَاللَّهِ مِنِّي بَعْدَ أَنْ مَلَكْتُهَا، فَزَوَّجُوهَا الْمُغِيرَةَ بْنَ شُعْبَةَ) رواه احمد قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده حسن)

واتە: عەبدوڵای کوڕی عومەر خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: عوسمانی کوڕی مەزعون وەفاتی کرد، کچێکی لە پاش بەجێما لە خەولەی کچی حەکیم، وەصیەتی کرد بۆ براکەی کەناوی (قودامەی کوڕی مەزعون) بوو سەرپەرشتیان بکات، عەبدوڵا دەڵێ هەردووکیان خاڵم بوون داخوازیم لە قودامە کرد بۆ کچەکەی عوسمان کوڕی مەزعوم لێی مارەکردم، بەڵام موغیرەی کوڕی شوعبە چووە لای دایکی کچەکە بە ماڵ تەماعی وەبەرنا، ڕازی کرد، کچەکەش مەیلی بۆ لای ڕای دایکی چوو،هەردووکیان نارازی بوون، کێشەکە چووە لای پێغەمبەر(ﷺ)، قودامە وتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئەو کچە برامە وە من وەسیەت کرام سەرپەرشتی بکەم،مارەم کردوە لە عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕە پلکی خۆی، و درێغیم نەکردووە لە چاکی وهاوکوفی، بەڵام ئەو ژنە بەدوای قسەی دایکی کەوتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە بێ باوکە مارەی مەکە، مەگەر بە ڕەزامەندی خۆی نەبێ، عەبدوڵا دەڵێ: سوێند بەخوا لە منیان ساندەوە دایانە موغیرەی کوڕی شوعبە.

پ٨٥ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئافرەتی داوێن پیس مارە بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن عَمْرُو بْن شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، قَالَ: كَانَ رَجُلٌ يُقَالُ لَهُ: مَرْثَدُ بْنُ أَبِي مَرْثَدٍ، وَكَانَ رَجُلًا يَحْمِلُ الأَسْرَى مِنْ مَكَّةَ حَتَّى يَأْتِيَ بِهِمُ المَدِينَةَ، قَالَ: وَكَانَتْ امْرَأَةٌ بَغِيٌّ بِمَكَّةَ يُقَالُ لَهَا: عَنَاقٌ وَكَانَتْ صَدِيقَةً لَهُ، وَإِنَّهُ كَانَ وَعَدَ رَجُلًا مِنْ أُسَارَى مَكَّةَ يَحْمِلُهُ، قَالَ: فَجِئْتُ حَتَّى انْتَهَيْتُ إِلَى ظِلِّ حَائِطٍ مِنْ حَوَائِطِ مَكَّةَ فِي لَيْلَةٍ مُقْمِرَةٍ، قَالَ: فَجَاءَتْ عَنَاقٌ فَأَبْصَرَتْ سَوَادَ ظِلِّي بِجَنْبِ الحَائِطِ فَلَمَّا انْتَهَتْ إِلَيَّ عَرَفَتْ، فَقَالَتْ: مَرْثَدٌ؟ فَقُلْتُ: مَرْثَدٌ. فَقَالَتْ: مَرْحَبًا وَأَهْلًا هَلُمَّ فَبِتْ عِنْدَنَا اللَّيْلَةَ. قَالَ: قُلْتُ: يَا عَنَاقُ حَرَّمَ اللَّهُ الزِّنَا، قَالَتْ: يَا أَهْلَ الخِيَامِ، هَذَا الرَّجُلُ يَحْمِلُ أُسَرَاءَكُمْ، قَالَ: فَتَبِعَنِي ثَمَانِيَةٌ وَسَلَكْتُ الخَنْدَمَةَ فَانْتَهَيْتُ إِلَى كَهْفٍ أَوْ غَارٍ فَدَخَلْتُ، فَجَاءُوا حَتَّى قَامُوا عَلَى رَأْسِي فَبَالُوا فَظَلَّ بَوْلُهُمْ عَلَى رَأْسِي وَعَمَّاهُمُ اللَّهُ عَنِّي، قَالَ: ثُمَّ رَجَعُوا وَرَجَعْتُ إِلَى صَاحِبِي فَحَمَلْتُهُ وَكَانَ رَجُلًا ثَقِيلًا حَتَّى انْتَهَيْتُ إِلَى الإِذْخِرِ، فَفَكَكْتُ عَنْهُ أَكْبُلَهُ فَجَعَلْتُ أَحْمِلُهُ وَيُعْيِينِي حَتَّى قَدِمْتُ المَدِينَةَ، فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنْكِحُ عَنَاقًا؟ فَأَمْسَكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيَّ شَيْئًا حَتَّى نَزَلَتْ الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (يَا مَرْثَدُ الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ، فَلَا تَنْكِحْهَا) رواه الترمذي والحاكم قال الالباني صحيح

واتە: لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لەباپیریەوە دەڵێ: پیاوێك هەبوو ناوی (مەرسەدی کوڕی ئەبی مەرسەد) ئیشی ئەوە بوو دەچوو دیلەکانی مەککەی دەگوازتەوە بۆ مەدینە(واتە: ئەو موسڵمانانەی کافران دەست بەسەریان کردبوون لەمەککە پێیان نەدەکرا کۆچ بکەن) دەڵێ: ئافرەتێکیش هەبوو لە مەککە داوێن پیس بوو، پێیان دەگوت (عەناق) دۆستی (مەرسەد) بوو، جا مەرسەد بەڵێنی دابووە دیلێکی مەککە بچێت رزگاری بکات وهەڵیگرێ، دەڵێ: چووم لە شەوێکی مانگە شەودا تاکو گەیشتمە بن دیوارەکانی مەککە، لەو کاتەدا (عەناق) هات سێبەرمی دیت، لەتەنیشت دیوار، کە گەیشتەلام وتی: تۆ مەرسەدی؟ وتم مەرسەدم، گوتی: سڵاوت لێ بێ وەرە ئەو شەو لای ئێمە ڕابوێرە، ئەڵێ گوتم: ئەی (عەناق) خوا زینای حەڕام

کردووە، ئەڵێ وتی: ئەی خەڵکینە ئەو پیاوە بەندەکراوەکانتان قورتار دەکات، ئەڵێ: هەشت کەس کەوتنە دوام،خۆم گەیاندە ئەشکەوتێك وچوومە ژوورەوە، هاتنە سەرسەرم، میزیان بەسەردا کردم، بەلام خوا چاوی کوێرکردن منیان نەبینی، دەڵێ: گەڕانەوە منیش گەڕامەوە برادەرە بەندکراوەکەم ڕزگار بکەم، هەڵمگرت و پیاوێکی قورس بوو، گەیاندمە ناو گیاوچۆڵی، دەست وقاچم کردەوە، گەیشتینە مەدینە، چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتم ئەی نێرراوی خوا ئایا (عەناق) مارەبکەم؟ پێغەمبەر بێ دەنگ و وەڵامی نەدایەوە تاکو ئەم ئایەتە دابەزی و فەرمووی (ٱلزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوۡ مُشۡرِكَةٗ وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوۡ مُشۡرِكٞۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ۝٣) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی (مەرسەد)

پیاوی زیناکەر تەنها ئافرەتی زیناکەر یاخود موشریك مارە دەکات، ئافرەتی زیناکەریش تەنها پیاوی زیناکەر یاخود موشریك مارەی دەکات، (هاوسەرێتی پیاوان و ئافرەتانێك کە بەردەوامن لەسەر زینا)، ئەوە لەسەر ئیمانداران حەڕامکراوە. (تەفسیری ئاسان) بۆیە لێ گەڕێ ئەی مەرسەد مارەی مەکە.

وفي رواية (عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، أَنَّ رَجُلًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ، اسْتَأْذَنَ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) فِي امْرَأَةٍ، يُقَالُ لَهَا (أُمُّ مُهَزُولٍ) كَانَتْ تُسَافِحُ، وَتَشْتَرِطُ أَنْ يُنْفِقَ عَلَيْهِ، وَأَنَّهُ اسْتَأْذَنَ فِيهَا نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) وَذَكَرَ لَهُ أَمْرَهَا فَقَرَأَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ): (الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً) (النور: ٣) وَنَزَلَتْ: (الزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ) (النور: ٣) رواه الحاكم في المستدرك وقال هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ ووافقه الذهبي (المسافحه: الزنا)

واتە: لەعەبدوڵای کوڕی عەمرەوە هاتووە دەڵێ: پیاوێك لە موسڵمانان داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) بۆ دۆستایەتی لەگەڵ ئافرەتێك (واتە: مارەی بکات) ناوی (أُمُّ مُهَزُولٍ)بوو بەومەرجەی مەسروفی پیاوەکە بکات، پرسەکەی بۆ پێغەمبەر باس کرد،پێغەمبەریش(ﷺ) ئەو ئایەتەی بۆ خوێندەوە(الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً) و ئەو ئایەتەش دابەزی (الزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ)

(عَن أَبِي عَن أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الزَّانِي الْمَجْلُودُ لَا يَنْكِحُ إِلَّا مِثْلَهُ) مسند أحمد: قال الشيخ الأرناؤوط: إسناده حسن

پ١٦/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەتوانم چەند ئافرەت مارەبکەم بەیەکەوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَالِمٍ، عَنْ أَبِيهِ: أَنَّ غَيْلَانَ بْنَ سَلَمَةَ الثَّقَفِيَّ أَسْلَمَ وَتَحْتَهُ عَشْرُ نِسْوَةٍ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (اخْتَرْ مِنْهُنَّ أَرْبَعًا)، فَلَمَّا كَانَ فِي عَهْدِ عُمَرَ طَلَّقَ نِسَاءَهُ وَقَسَّمَ مَالَهُ بَيْنَ بَنِيهِ فَبَلَغَ ذَلِكَ عُمَرَ فَلَقِيَهُ، فَقَالَ: إِنِّي أَظُنُّ الشَّيْطَانَ فِيمَا يَسْتَرِقُ مِنَ السَّمَعِ سَمِعَ بِمَوْتِكَ فَقَذَفَهُ فِي نَفْسِكَ، وَلَعَلَّكَ أَنْ لَا تَمْكُثَ إِلَّا قَلِيلًا وَايْمُ اللَّهِ لَتَرُدَّنَّ نِسَاءَكَ وَلَتَرْجِعَنَّ فِي مَالِكِ أَوْ لَأُوَرِّثُهُنَّ مِنْكَ، وَلَآمُرَنَّ بِقَبْرِكَ فَيُرْجَمُ كَمَا رُجِمَ قَبْرُ أَبِي رِغَالٍ) رواه ابن حبان قال الالباني و الأرناؤوط صحيح

واتە: سالم لە باوکی دەگێڕێتەوە دەڵێ: غەیلانی کوڕی سەلەمە موسڵمان بوو، (١٠) ژنی هەبوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: چوار ئافرەت بۆ خۆت هەڵبژێرە، ئەوی دیکە تەلاق بدە، لەسەردەمی خەلافەتی عومەر خوا لێی رازی بێ، غەیلان ئەو ژنانەی مایبوون تەڵاقی دان و مالەکەشی دابەش کرد لە نێوان منداڵەکانی، ئەم هەواڵە گەیشتەوە عومەر، عومەریش پێی گەیشت، پێی گوت: وا گومان دەبم شەیتان زانیتی تۆ دەمری، خستۆتیە دڵت دەمری، جا لەوانەیە کەمت مابێ، سوێند بەخوا ئەگەر ژنەکانت نەگێڕیتەوە، ومالەکەش لە منداڵەکان وەرنەگریتەوە، ئەوە فەرمان دەکەم قەبرەکەت ڕەجم بکەن وەک چۆن قەبری ئەبو ریغال ڕەجم کرا.

تێبینی: لەم ڕووداوە ئیسلام سێ جاران بەرگری لە ئافرەت کرد:

١- فەرمانی کرد ژمارەی ئافرەت لە لە دە بکاتە چوار

٢- فەرمانی کرد بیانگێڕیتەوە

٣- دەبێ مالەکەش لە منداڵەکانی وەربگیرێتەوە تاکو دوایی ئەو ژنانە لێی بێ بەش نەبن.

لە گێرانەوەیکدا هاتووە(عَنْ قَيْسِ بْنِ الْحَارِثِ قَالَ: (أَسْلَمْتُ وَعِنْدِي ثَمَانِ نِسْوَةٍ، فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ:(اخْتَرْ مِنْهُنَّ أَرْبَعًا) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وَابْنُ مَاجَهْ قال الالباني صحيح

واتە: قەیسی کوڕی حاریس (ﷺ) دەڵێ: موسڵمان بووم و هەشت ژنم هەبوون، چوومە لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێم راگەیاند، فەرمووی: لەو هەشت ئافرەتە چواریان هەڵبژێرە.

پ١٧/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوو خوشك بەیەکەوە هاوسەری منن چی بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ الضَّحَّاكِ بْنِ فَيْرُوزٍ الدَّيْلَمِيِّ عَنْ أَبِيهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ، قَالَ: (قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَسْلَمْتُ وَتَحْتِي أُخْتَانِ، قَالَ: اخْتَرْ أَيَّتَهُمَا شِئْتَ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ، وَأَبُو دَاوُدَ، وَابْنُ مَاجَهْ قال الالبانى حسن وفي رواية (طَلِّقْ أَيَّتَهُمَا شِئْتَ) رواه ابن ماجه حسن

واتە: زوحاکی کوڕی فەیروز لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) دەڵێ: وتم ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) موسڵمان بووبمە، و دوو خوشك بەیەکەوە خێزانی منن، چی بکەم، فەرمووی: بە ئارەزووی خۆت یەکێکیان هەڵبژێرە.

پ١٨/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر ئافرەتێك مارەکراو بەڵام نەگوازرایەوە ئایا چەند مارەیی دەکەوێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ، أَنَّهُ سُئِلَ عَنْ رَجُلٍ تَزَوَّجَ امْرَأَةً وَلَمْ يَفْرِضْ لَهَا صَدَاقًا وَلَمْ يَدْخُلْ بِهَا حَتَّى مَاتَ؟ قَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ: (لَهَا مِثْلُ صَدَاقِ نِسَائِهَا لَا وَكْسَ وَلَا شَطَطَ، وَعَلَيْهَا الْعِدَّةُ وَلَهَا الْمِيرَاثُ)، فَقَامَ مَعْقِلُ بْنُ سِنَانٍ الْأَشْجَعِيُّ، فَقَالَ: (قَضَى فِينَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي بَرْوَعَ بِنْتِ وَاشِقٍ امْرَأَةٍ مِنَّا مِثْلَ مَا قَضَيْتَ)، فَفَرِحَ ابْنُ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) سنن النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئیبن مەسعود (ﷺ) دەڵێ: کە پرسیاری لێ کراوە، ئەگەر پیاوێك ئافرەتێك مارە بکات مارەیی بۆ دیاری نەکردو نەشیگوازتەوە تاکو پیاوەکە مرد، ئایا چەند مارەیی دەکەوێ؟ ئیبن مەسعود وتی: (مارەیی وەکو ئافرەتەکانی دیکەی هاووێنەی دەکەوێ نەکەم و نەزۆر، وە عیددەشی لەسەرە و میراتیشی بەر دەکەوێ، لەو کاتەدا مەعقیلی کوڕی سینان وتی: کاتی خۆی پێغەمبەر(ﷺ) بەم شێوە بڕیاری بۆ ئێمەدا دەربارەی (بروعی کچی واشیق) کە ئافرەتێکی ئێمە بوو) حوکمی وەکو حوکمی تۆ،(عبدالله) بەم قسە دڵ خۆش بوو.

پ١٩ / - ئەی پێغەمبەری خـــودا (ﷺ) ئـایا دروستە پرچی دەست کرد بۆ ئافرەتان دابنرێت ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ جَارِيَةً مِنْ الْأَنْصَارِ تَزَوَّجَتْ وَأَنَّهَا مَرِضَتْ فَتَمَعَّطَ شَعَرُهَا فَأَرَادُوا أَنْ يَصِلُوهَا فَسَأَلُوا النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ لَعَنَ اللَّهُ الْوَاصِلَةَ وَالْمُسْتَوْصِلَةَ)رواه البخاري

واتە: عائیشە خودا لێی رازی بی دەڵێ: کچێکی ئەنصاری مارەکرا و نەخۆش کەوت، پرچی هەڵوەری بەهۆی نەخۆشیەکەی، ویستیان باڕوکەی بۆ دابنێن (پرچی دەستکرد) پرسیاریان لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خودا لەعنەتی کردوە لەو کەسەی پرچ دادەنێتەوە، و لەو کەسەش کە بۆ خەڵکی دادەنێ. (بکەر و بۆکراو)

لە گێرانەوەکیکەدا (عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ) قَالَتْ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ لِي ابْنَةً عُرَيِّسًا، أَصَابَتْهَا حَصْبَةٌ فَتَمَرَّقَ شَعْرُهَا، أَفَأَصِلُهُ؟ فَقَالَ: (لَعَنَ اللَّهُ الْوَاصِلَةَ وَالْمُسْتَوْصِلَةَ) رواه البخاري

واتە: (ئەسما)ی کچی (أبو بکر) (خوایان لێی ڕازی بێت) دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کچێکم هەیە بووکە، تووشی سوریژە بوو و قژەکەی کەوت، ئایا قژی تری پێوە ببەستم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نەفرینی خوا لەو ئافرەتە کە قژ دەلکێنێ و ئەو ئافرەتەش کە قژەکەی بۆ دەلکێنن).

الواصلة: التي تصل الشعر الزور بالشعر الحقيقي (المستوصلة) هي التي تطلب ان يوصل لها

پ.۴/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا مافی پیاو بەسەر ئافرەت چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ حُصَيْنِ بْنِ مِحْصَنٍ، قَالَ: عن عَمَّتِيه، قَالَتْ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فِي بَعْضِ الْحَاجَةِ، فَقَالَ: (أَيْ هَذِهِ أَذَاتُ بَعْلٍ أَنْتِ؟) قُلْتُ: نَعَمْ قَالَ: (كَيْفَ أَنْتِ لَهُ؟) قَالَتْ: مَا آلُوهُ إِلَّا مَا عَجَزْتُ عَنْهُ، قَالَ: (فَأَيْنَ أَنْتِ مِنْهُ؟ فَإِنَّمَا هُوَ جَنَّتُكِ وَنَارُكِ) رواه الطبراني و أحمد والنسائي والحاكم ووافقه الذهبي وقال الالباني حسن

واتە: حوصەینی کوڕی میحصەن خودا لێی ڕازی بی ئەویش لە پلکی دەگێڕێتەوە دەڵێ: وتی (واتە: پلکی) چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەندێ کار، فەرمووی: ئەو ئافرەتە میردی کردووە؟ ئەڵێ وتم: بەڵێ، فەرمووی: بۆ مێردەکەت چۆنی؟ ئەڵێ وتم: بۆی دربێغی ناکەم مەگەر لە توانامدا نەبێ،فەرمووی:تۆ بۆی چۆن بی، ئەو بۆتۆ بەهەشت وئاگرە. (واتە:ئەگەر لەگەڵی باش بی دەچیتە بەهەشت، ئەگەر لەگەڵی خراپ بی دەچیتە جەهەننەم).

پ۴/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ڕێکامان دەدەی سوجدەت بۆ ببەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ قَيْسِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: أَتَيْتُ الْحِيرَةَ فَرَأَيْتُهُمْ يَسْجُدُونَ لِمَرْزُبَانَ لَهُمْ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلَا نَسْجُدُ لَكَ؟ قَالَ: (لَوْ أَمَرْتُ أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِأَحَدٍ، لَأَمَرْتُ النِّسَاءَ أَنْ يَسْجُدْنَ لِأَزْوَاجِهِنَّ، لِمَا جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْهِنَّ مِنْ حَقِّهِمْ) سنن الدارمي قال حسين سليم اسد إسناده حسن

واتە: قەیسی کوڕی سەعد (ﷺ) دەڵێ: چوومە حیرە لەوێ سوجدەیان بۆ (مەرزبان) دەبرد، ئەڵێ: وتم: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)بۆچی ئێمەش سووجدە بۆ تۆنەبەین، فەرمووی: نەخێر نابێ، ئەگەر فەرمانم کردبایە کەس سوجدە بۆ

کەس بیات، ئەوە فەرمانم دەکرد ژن سووجدە بۆ مێردەکەی بیات، چونکە خودا ئەوەند حەقی مێردانی لەسەر ژنان داناوە.

پ٢٢/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە لەلای هەوێیەکەم بڵێم مێردم ئەو شتەی بۆ کردوومە نەشی کردووە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَسْمَاءَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَت: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ: إِنَّ لِي ضَرَّةً، فَهَلْ عَلَيَّ جُنَاحٌ أَنْ أَتَشَبَّعَ مِنْ مَالِ زَوْجِي بِمَا لَمْ يُعْطِنِي؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (الْمُتَشَبِّعُ بِمَا لَمْ يُعْطَ كَلَابِسِ ثَوْبَيْ زُورٍ) رواه البخاري

واتە: ئەسما (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: ئافرەتێك هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) من هەوێیەکم هەیە، ئایا گوناهبار دەبم کە بڵێم مێردەکەم لەسامانی خۆی فلان شت و فلان شتی دامێ لەکاتێدا کە نەشیدابێ پێم؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئەو کەسەی خۆی هەڵبکێشێ بە ماڵێکەوە کە نەیدرابێتێ وەك ئەو کەسە وایە کە قاتێکی درۆینەی پۆشیبێ).

پ٢٣ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەو پیاوە گورج وگۆڵە ئەگەر بۆ خودای جیهاد کردبایە پاداشتی زۆر دەبوو؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ كَعْبِ بْنِ عُجْرَةَ قَالَ: مَرَّ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) رَجُلٌ، فَرَأَى أَصْحَابُ النَّبِيِّ (ﷺ) مِنْ جَلَدِهِ ونَشَاطِهِ مَا أَعْجَبَهُمْ، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوْ كَانَ هَذَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنْ كَانَ خَرَجَ يَسْعَى عَلَى وَلَدِهِ صِغَارًا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَإِنْ خَرَجَ يَسْعَى عَلَى أَبَوَيْنِ شَيْخَيْنِ كَبِيرَيْنِ فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَإِنْ كَانَ يَسْعَى عَلَى نَفْسِهِ يَعِفُّها فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَإِنْ كَانَ خَرَجَ رِيَاءً وتَفَاخُرًا فَهُوَ فِي سَبِيلِ الشَّيْطَانِ) رواه الطبراني قال الالباني صحيح

واتە: کەعبی کوڕی عوجرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك بەلای پێغەمبەردا (ﷺ) تێپەڕی، هاوەڵان بینییان، بە گورج وگۆڵی وهێزی سەرسام بوون، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر ئەو هێزو گورج وگوڵییەی لە پێناوی خودا بەکارهێنابایە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر بۆ ئەوە هاتبێتە دەرەوە منداڵە وردەکانی بەخێو بکات، ئەوە لە پێناوی خودایە، و ئەگەر بۆ ئەوە هاتبێتە دەرەوە دایك وباوکە پیرەکەی بەخێو بکات، ئەوەش لە پێناوی خودایە، و ئەگەر بۆ ئەوە هاتبێتە دەرەوە بڕێك پارە پەیدا بکات هاوسەرگیری بکات و دامێنی خۆی بپارێزی، ئەوەش لە پێناوی خودایە، بەڵام ئەگەر بۆ ڕیایی وشانازی هاتبێتە دەرەوە، ئەوە لە ڕێگای شەیتانە.

پ٢٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا مۆڵەت وەرگرتن لە کچان بۆ شووکردن چۆنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (لَا تُنْكَحُ الْأَيِّمُ حَتَّي تُسْتَأْمَرَ، وَلَا تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّي تُسْتَأْذَنَ). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ: وَكَيْفَ إِذْنُهَا؟ قَالَ: (أَنْ تَسْكُتَ) رواه البخاري

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (بێوەژن مارە ناکرێت هەتا قسەی لەدەم وەرنەگیرێت، کچیش مارەناکرێت هەتا مۆڵەتی لێوەرنەگیرێت) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەت وەرگرتن لە کچ چۆنە؟ فەرمووی: (ئەوەیە کە بێدەنگ بێت).

چەند فەرموودەیەکی دیکە
دەربارەی هاوسەرگیری لە شێوەی پرسیار و وەڵام

١- ئایا هاوسەرگیری بۆ چەند مەبەستان دەکرێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَلِجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووێەتی: (لەبەر چوار مەبەست ئافرەت دەخوازرێت: یان بۆ مالّ و سامانەکەی، یان لەبەر بنەماڵەکەی، یان لەبەر جوانییەکەی، یان لەبەر دینداریەکەی، جا تۆ ئافرەتی دیندار بهێنە، تا دەست پڕ بەرەکەت بیت).

٢-ئایا یاریکردن لەگەڵ هاوسەر (خێزان) پاداشتی هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ قَالَ: رَأَيْتُ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ، وَجَابِرَ بْنَ عُمَيْرٍ الْأَنْصَارِيَّ يَرْمِيَانِ، فَمَلَّ أَحَدُهُمَا فَجَلَسَ، فَقَالَ لَهُ الْآخَرُ: كَسَلْتَ؟ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ كُلُّ شَيْءٍ لَيْسَ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ فَهُوَ لَهْوٌ وَسَهْوٌ، إِلَّا أَرْبَعَ خِصَالٍ: مَشْيُ الرَّجُلِ بَيْنَ الْغَرَضَيْنِ، وَتَأْدِيبُهُ فَرَسَهُ، وَمُلَاعَبَتُهُ أَهْلَهُ، وَتَعَلُّمُ السِّبَاحَةِ)رواه الطبراني والنسائي قال الالباني صحيح

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووێەتی: هەرشتێك لە یادی خوا نەبێ خافڵان و بێ ئاگاییە، جگە لە (٤) شت:

١- هاتووچۆی بەینی دوو نیشانە.

٢- مەشقکردن بەئەسپ.

٣- یاریکردن لەگەڵ خێزان و منداڵەکان.

٤- خۆفێری مەلەوانی کردن .

٣- ئایا پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خێزانی خۆی یاری کردووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: خَرَجْتُ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ وَأَنَا جَارِيَةٌ لَمْ أَحْمِلِ اللَّحْمَ وَلَمْ أَبْدُنْ، فَقَالَ لِلنَّاسِ: تَقَدَّمُوا فَتَقَدَّمُوا، ثُمَّ قَالَ لِي: تَعَالَيْ حَتَّى أُسَابِقَكِ فَسَابَقْتُهُ فَسَبَقْتُهُ، فَسَكَتَ عَنِّي، حَتَّى إِذَا حَمَلْتُ اللَّحْمَ وَبَدُنْتُ وَنَسِيتُ، خَرَجْتُ مَعَهُ فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ، فَقَالَ لِلنَّاسِ: تَقَدَّمُوا، فَتَقَدَّمُوا، ثُمَّ قَالَ: تَعَالَيْ حَتَّى أُسَابِقَكِ، فَسَابَقْتُهُ، فَسَبَقَنِي، فَجَعَلَ يَضْحَكُ، وَهُوَ يَقُولُ: هَذِهِ بِتِلْكَ) رواه احمد و ابن حبان وابي داود قال الالباني صحيح

واتە: عائیشە خودا لێی رازی بێ دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەرچووین بۆ یەکێ لە سەفەرەکان دەڵێ: من ئەو کات ئافرەتێکی تازە پێگەیشتوو بووم، قەڵەو نەبووم، پێغەمبەر (ﷺ) بە سوپاکەی فەرموو: ئێوە بڕۆن بۆ پێشەوە، دوایی پێمی فەرموو: وەرە با غاردانێ و پێشبڕکێ بکەین، منیش پێشبڕکێم لەگەڵ کرد پێشی کەوتمەوە، بێ دەنگ بوو، تاکو جارێکی دیکە، لەسەفەر بووین ئەو کاتە گۆشتم گرتبوو، فەرمووی: وەرە با پێشبڕکێ بکەین، منیش پێشبڕکێم لەگەڵ کرد، بەڵام ئەم جارە پێغەمبەر (ﷺ) پێشم کەوتەوە وپێکەنی و فەرمووی: ئەو جارە لە جیاتی جارەکەی دیکە.

٤- ئایا هاوسەرگیری پەیوەندی بە ئیمانەوە هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ تَزَوَّجَ فَقَدِ اسْتَكْمَلَ نِصْفَ الإِيمَانِ فَلْيَتَّقِ الله فِي النِّصْفِ الْبَاقِي)رواه الطبراني في الاوسط قال الالباني حسن

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێك هاوسەرگیری بکات، ئەوە بێگومان نیوەی ئیمانی تەواو کردوە، با بۆ نیوەکەی دیکە لە خوا بترسێ و تەقوای هەبێ

٥- ئایا هاوسەرگیری پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا تَزَوَّجَ الْعَبْدُ فَقَدْ كَمُلَ نِصْفُ الدِّينِ، فَلْيَتَّقِ اللهَ فِي النِّصْفِ الْبَاقِي) رواه البيهقي في شعب الايمان قال الالباني حسن

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێك هاوسەرگیری بکات، ئەوە بێگومان نیوەی ئایینی تەواو کردوە، با بۆ نیوەکەی دیکە لە خوا بترسێ و تەقوای هەبێ.

٦- ئایا بەخێوکردنی کچ پاداشتی هەیە بۆ باوك و دایك؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تُدْرِكَا، دَخَلْتُ أَنَا وَهُوَ فِي الْجَنَّةِ كَهَاتَيْنِ) الادب المفرد ومسلم صحيح

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێك دوو کچان بەخێو بکات، و بەجوانی وشەرعی بەڕێیان بکات، لەگەڵ منە لە بەهەشت

واتە: (ئەنس) کوڕی (مالیك) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێك دوو کچ بەخێو بکات، هەتا پێدەگەن ئەوا کە ڕۆژی قیامەت دێت من و ئەو ئاواین). لەم کاتەدا پەنجەکانی بەیەکەوە جوت کرد.

(سبحان الله) لەو ڕێزە دەبێتە ڕەفیقی پێغەمبەر (ﷺ)، موژدەتان لێ بێ ئەی باب و دایکی کچان)

وفي رواية(مَنْ كَانَ لَهُ ثَلَاثُ بَنَاتٍ فَصَبَرَ عَلَيْهِنَّ فَأَطْعَمَهُنَّ وَسَقَاهُنَّ وَكَسَاهُنَّ مِنْ جِدَّتِهِ كُنَّ لَهُ حِجَابًا مِنْ النَّارِ) رواه احمد قال شعيب اسناده صحيح

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێك سێ کچی هەبن، لەگەڵیان بە سەبروئارام بی و خواردنیان بداتێ وەئاویان بداتێ و جل وبەرگیان بۆ بکات، لە ڕۆژی قیامەت بۆی دەبنە پەردە لە ئاگری دۆزەخ. (جدته): الجدة هى الغنى)

٧- ئایا دروستە لە کاتی هاوسەرگیری دەف لێ بدرێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(فَصْلُ مَا بَيْنَ الْحَلَالِ وَالْحَرَامِ: الصَّوْتُ وَالدُّفُّ فِي النِّكَاحِ) رَوَاهُ أَحْمد وَالتِّرْمِذِيّ وَالنَّسَائِيّ وَابْن مَاجَه)رواه أحمد، والترمذى والنسائى، وابن ماجه، والطبرانى، والحاكم قال الالباني حسن في مشكاة المصابيح

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: جیاوازی نێوان حەڵاڵ و حەرام لە هاوسەرگیریدا ئاشکراکردن و دەف لێدانە .

ملاحظة: قَالَ أَبُو عُبَيْدٍ: (مَعْنَى الصَّوْتِ إِعْلَانُ النِّكَاحِ، وَاضْطِرَابُ الصَّوْتِ بِهِ، وَالذِّكْرُ فِي النَّاسِ)

وفي رواية(قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ فَصْلَ مَا بَيْنَ الْحَلَالِ وَالْحَرَامِ الصَّوْتُ) رواه النسائي قال الالباني حسن

٨- ئایا بۆ بووك گواستنەوە خواردن بکرێت باشە نا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) رَأَى عَلَى عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ أَثَرَ صُفْرَةٍ فَقَالَ: مَا هَذَا؟ قَالَ إِنِّي تَزَوَّجْتُ امْرَأَةً عَلَى وَزْنِ نَوَاةٍ مِنْ ذَهَبٍ قَالَ (فَبَارَكَ اللهُ لَكَ أَوْلِمْ وَلَوْ بِشَاةٍ) رواه الْبُخَارِيُّ و مُسْلِمٌ

واتە: (ئەنەسی کوڕی مالیك) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕەنگی زەردی (زەعفەران) و بۆنی خۆشی بە (عبدالرحمن ی کوڕی عوف)ەوە بینی، فەرموی: (ئەمە چییە؟) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ژنێکم لەسەر گۆیەکی ئاڵتون ماڕە کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: (خودا لێت پیرۆز بکات، کەواتە خواردن بکە با بە تاکە مەڕێکیش بێت).

٩- ئایا پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هاوسەرگییریان کردووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي أَيُّوبَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):(أَرْبَعٌ مِنْ سُنَنِ الْمُرْسَلِينَ: الْحَيَاءُ وَيُرْوَى الْخِتَانُ وَالتَّعَطُّرُ وَالسِّوَاكُ وَالنِّكَاحُ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيّ قال الالباني حسن في مشكاة المصابيح

واتە: ئەبو ئەیوب (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:(چوار شت لە ڕێبازی پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام) ١-شەرم و شکۆ (لەهەندێ ڕیوایەت خەتەنەکردن) ٢- بۆن لە خۆدان ٣- سیواك کردن ٤- هاوسەرگیری.

.١- ئایا ئەو کەسەی هاوسەرگیری دەکات خوا هاوکاری دەکات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ثَلَاثَةٌ حَقٌّ عَلَى اللَّهِ عَوْنُهُمْ: الْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَالْمُكَاتَبُ الَّذِي يُرِيدُ الْأَدَاءَ، وَالنَّاكِحُ الَّذِي يُرِيدُ الْعَفَافَ) رواه الترمذي قال الالباني حسن في مشكاة المصابيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: سێ کەس خودا لەسەر خۆی فەرز کردووە یارمەتیان بدات، موجاهید لە ڕێگای خودا و ئەو بەندەیەی دەیەوێ ئیش بکات تاکو ئازاد بێ (مکاتب: جۆرێکە لە عەبد گەورەکەی دەڵێ برۆ ئەوەندە پارەم بۆ پەیدا بکە ئازادت دەکەم) وە ئەو کەسەی هاوسەرگیری دەکات تاکو دامێنی خۆی لە حەرام بپارێزێ.

١١- ئایا چ شتێك مایەی بەختەوەری مرۆڤە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(أَرْبَعٌ مِنَ السَّعَادَةِ: الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ، وَالْمَسْكَنُ الْوَاسِعُ، وَالْجَارُ الصَّالِحُ، وَالْمَرْكَبُ الْهَنِيءُ، وَأَرْبَعٌ مِنَ الشَّقَاوَةِ: الْجَارُ السُّوءُ، وَالْمَرْأَةُ السُّوءُ، وَالْمَسْكَنُ الضِّيقُ، وَالْمَرْكَبُ السُّوءُ) رواه ابن حبان في صحيحه قال الالباني صحيح

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: چوار شت لە بەختەوەری ئینسانە:

١- ئافرەتێکی چاك ،

٢- خانوویەکی فراوان،

٣- دراوسێیەکی باش.

٤-ئەسپێکی چاك (ئەمڕۆ ئۆتومبێل)، وە چوار شت لە بەدبەختی ئینسانن: دراوسێی خراپ، ئافرەتی خراپ، خانووی تەنگ، ئەسپی خراپ (ئەمڕۆ سەیارەی خراپ.

١٢- ئایا ئافرەت خۆشییە لە خۆشییەکانی دونیا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ) رواه مسلم والنسائي وابن حبان

واتە: (عبدالله ی کوڕی عمرو) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (دونیا خێر و خۆشییە، چاکترین خێر و خۆشی دونیاش ئافرەتی چاکە).

١٣- ئایا چ کاتێك قەدەغەیە دوو ئافرەت بەیەکەوە مارە بکرێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَا يُجْمَعُ بَيْنَ الْمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا وَلَا بَيْنَ الْمَرْأَةِ وَخَالَتِهَا) مُتَّفَقٌ عَلَيْه

واتە: ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (بە یەکەوە کۆناکرێتەوە ئافرەت و پوری (خوشکی باوکی) و ئافرەت و پووری (پلکی)کۆناکرێتەوە (خوشکی دایکی). (واتە: نابێ هەردووک لە یەک کات خێزانی کەسێک بن، بەڵام ئەگەر یەکی تەڵاقدا یان مرد دەتوانی ئەویتر مارەی بکات)

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَي عَنْ أَرْبَعِ نِسْوَةٍ أَنْ يُجْمَعَ بَيْنَهُنَّ: الْمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا، وَالْمَرْأَةِ وَخَالَتِهَا) رواه البخاري

واتە: (أبو هوريرة) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە کۆکردنەوەی ژن و پورەکەی ئیتر خوشکی دایکی بێت یان باوکی.

وانەی چوارەم

پرسیاری هاوەڵان لە بواری خەون (الرؤیا) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە خەونمدا سەریان لێ کردمەوە و گلۆر بوویەوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرٍ، قَالَ: جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ رَأَيْتُ فِي الْمَنَامِ كَأَنَّ رَأْسِي ضُرِبَ فَتَدَحْرَجَ فَاشْتَدَدْتُ عَلَى أَثَرِهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) لِلْأَعْرَابِيِّ: (لَا تُحَدِّثِ النَّاسَ بِتَلَعُّبِ الشَّيْطَانِ بِكَ فِي مَنَامِكَ) رواه مسلم

واتە: جابیر (رضي الله عنه) دەڵێ: عەرەبێکی دەشتەکی (بیابانشین) هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ)، وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) لەخەونمدا بینیم لەسەریان دام (واتە: سەرم لێ کرایەوە) وگلۆر بوویەوە، بەتوندی ڕام دەکرد بەدوایدا. پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی عەرەبە دەشتەکییەکە:(ئەو جۆرە خەونانە بۆ خەڵکی مەگێڕەوە، ئەوە شەیتان بووە گالتەی پێ کردووی)

پ٢/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە خەونمدا بینیم کانیاوێك بۆ عوسمانی کوڕی مەزعون دەڕۆیشت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أُمِّ الْعَلَاءِ الْأَنْصَارِيَّةِ قَالَتْ: رَأَيْتُ لِعُثْمَانَ بْنِ مَظْعُونٍ فِي النَّوْمِ عَيْنًا تَجْرِي فَقَصَصْتُهَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: (ذَلِكِ عَمَلُهُ يُجْرَى لَهُ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: ئوم عەلای ئەنصاری خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: عوسمانی کوڕی مەزعونم لەخەونمدا بینی، کانیاوێکی بۆ هەڵقوڵابوو، بۆ پێغەمبەرم گێڕایەوە(ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەوە کردەوەکانییەتی سوودیان لێ دەبینێ.

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە خەونمدا دوو فریشتە بەرەو ئاگری دۆزەخیان بردم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: كَانَ الرَّجُلُ فِي حَيَاةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا رَأَى رُؤْيَا قَصَّهَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَتَمَنَّيْتُ أَنْ أَرَى رُؤْيَا أَقُصُّهَا عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: وَكُنْتُ غُلَامًا شَابًّا عَزَبًا، وَكُنْتُ أَنَامُ فِي الْمَسْجِدِ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)فَرَأَيْتُ فِي النَّوْمِ كَأَنَّ مَلَكَيْنِ أَخَذَانِي فَذَهَبَا بِي إِلَى النَّارِ، فَإِذَا هِيَ مَطْوِيَّةٌ كَطَيِّ الْبِئْرِ، وَإِذَا لَهَا قَرْنَانِ كَقَرْنَيِ الْبِئْرِ، وَإِذَا فِيهَا نَاسٌ قَدْ عَرَفْتُهُمْ، فَجَعَلْتُ أَقُولُ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ النَّارِ، أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ النَّارِ، أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ النَّارِ، قَالَ: فَلَقِيَهُمَا مَلَكٌ فَقَالَ لِي: لَمْ تُرَعْ. فَقَصَصْتُهَا عَلَى حَفْصَةَ، فَقَصَّتْهَا حَفْصَةُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) (نِعْمَ الرَّجُلُ عَبْدُ اللَّهِ، لَوْ كَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ). قَالَ سَالِمٌ: فَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ بَعْدَ ذَلِكَ لَا يَنَامُ مِنَ اللَّيْلِ إِلَّا قَلِيلًا) متفق عليه

واتە: عبدالله ی کوڕی عمر (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: هەر پیاوێ لە ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) خەونی دەبینی دەیگێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) منیش خۆزگەم دەخواست خەونێك ببینم و بیگێڕمەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: من کوڕێکی گەنجی بێخێزان بووم، لە مزگەوتدا دەخەوتم لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) لەخەوندا دیم: دوو فریشتە گرتمیان و بردمیان بۆ دۆزەخ، دیم هەڵچنرابوو هەروەك

بیر، دوو شاخیشی هەبوو وەك شاخی بیز، کەسانێکی تیابوو دەمناسینەوە، منیش دەموت: پەنا دەگرم بەخوا لە ئاگر، پەنا دەگرم بەخوا لە ئاگر، پەنا دەگرم بەخوا لە ئاگر، دەڵێ: فریشتەیەکیتر گەیشت بەم دوو فریشتە بەمنی وت: مەترسە زیانت پێناگات، ئەم خەونم گێڕایەوە بۆ (حفصە)، ئەویش گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (عبدالله پیاوی چاکە گەر شەونوێژی بکردایە). سالم دەڵێ: دوای ئەوە عبدالله بەشەو نەدەخەوت کەمێکی نەبێت. (مەبەستی شاخی بیر ئەو دووشوێنەیە کە شیشی چەرخەکەیان لەسەر دادەنرێ بۆ ئاو هەڵکێشان).

((مطوية) مبنية الجوانب. (قرنان) جانبان. (لم ترع) لاخوف عليك) (لم ترع) أي لا روع عليك ولا ضرر)

پ٤ / - (عبدالله ی کوڕی سلام) دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە خەونمدا لەناو باغێك بووم مانای چییە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ خَرَشَةَ بْنِ الْحُرِّ قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا فِي حَلَقَةٍ فِي مَسْجِدِ الْمَدِينَةِ، قَالَ: وَفِيهَا شَيْخٌ حَسَنُ الْهَيْئَةِ وَهُوَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلَامٍ، قَالَ: فَجَعَلَ يُحَدِّثُهُمْ حَدِيثًا حَسَنًا، قَالَ: فَلَمَّا قَامَ قَالَ الْقَوْمُ: مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى هَذَا، قَالَ: فَقُلْتُ: وَاللَّهِ لَأَتْبَعَنَّهُ فَلَأَعْلَمَنَّ مَكَانَ بَيْتِهِ، قَالَ: فَتَبِعْتُهُ، فَانْطَلَقَ حَتَّى كَادَ أَنْ يَخْرُجَ مِنَ الْمَدِينَةِ، ثُمَّ دَخَلَ مَنْزِلَهُ. قَالَ: فَاسْتَأْذَنْتُ عَلَيْهِ، فَأَذِنَ لِي. فَقَالَ: مَا حَاجَتُكَ يَا ابْنَ أَخِي؟ قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: سَمِعْتُ الْقَوْمَ يَقُولُونَ لَكَ لَمَّا قُمْتَ: مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى هَذَا، فَأَعْجَبَنِي أَنْ أَكُونَ مَعَكَ. قَالَ: اللَّهُ أَعْلَمُ بِأَهْلِ الْجَنَّةِ، وَسَأُحَدِّثُكَ مِمَّ قَالُوا ذَاكَ، إِنِّي بَيْنَمَا أَنَا نَائِمٌ إِذْ أَتَانِي رَجُلٌ فَقَالَ لِي: قُمْ، فَأَخَذَ بِيَدِي، فَانْطَلَقْتُ مَعَهُ، قَالَ: فَإِذَا أَنَا بِجَوَادَّ عَنْ شِمَالِي، (قَالَ): فَأَخَذْتُ لِآخُذَ فِيهَا، فَقَالَ لِي: لَا تَأْخُذْ فِيهَا فَإِنَّهَا طُرُقُ أَصْحَابِ الشِّمَالِ، قَالَ: فَإِذَا جَوَادُّ مَنْهَجٌ عَلَي يَمِينِي، فَقَالَ لِي: خُذْ هَاهُنَا. فَأَتَى بِي جَبَلًا، فَقَالَ لِي: اصْعَدْ. قَالَ: فَجَعَلْتُ إِذَا أَرَدْتُ أَنْ أَصْعَدَ خَرَرْتُ عَلَي اسْتِي. قَالَ: حَتَّي فَعَلْتُ ذَلِكَ مِرَارًا، قَالَ: ثُمَّ انْطَلَقَ بِي حَتَّي أَتَى بِي عَمُودًا رَأْسُهُ فِي السَّمَاءِ وَأَسْفَلُهُ فِي الْأَرْضِ، فِي أَعْلَاهُ حَلْقَةٌ، فَقَالَ لِيَ: اصْعَدْ فَوْقَ هَذَا، قَالَ: قُلْتُ: كَيْفَ أَصْعَدُ هَذَا وَرَأْسُهُ فِي السَّمَاءِ؟

قَالَ: فَأَخَذَ بِيَدِي فَزَجَلَ بِي، قَالَ: فَإِذَا أَنَا مُتَعَلِّقٌ بِالْحَلْقَةِ، قَالَ: ثُمَّ ضَرَبَ الْعَمُودَ فَخَرَّ، قَالَ: وَبَقِيتُ مُتَعَلِّقًا بِالْحَلْقَةِ حَتَّي أَصْبَحْتُ، قَالَ: فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَصَصْتُهَا عَلَيْهِ، فَقَالَ: (أَمَّا الطُّرُقُ الَّتِي رَأَيْتَ عَنْ يَسَارِكَ فَهِيَ طُرُقُ أَصْحَابِ الشِّمَالِ). قَالَ: (وَأَمَّا الطُّرُقُ الَّتِي رَأَيْتَ عَنْ يَمِينِكَ فَهِيَ طُرُقُ أَصْحَابِ الْيَمِينِ، وَأَمَّا الْجَبَلُ فَهُوَ مَنْزِلُ الشُّهَدَاءِ وَلَنْ تَنَالَهُ، وَأَمَّا الْعَمُودُ فَهُوَ عَمُودُ الْإِسْلَامِ، وَأَمَّا الْعُرْوَةُ فَهِيَ عُرْوَةُ الْإِسْلَامِ، وَلَنْ تَزَالَ مُتَمَسِّكًا بِهَا حَتَّي تَمُوتَ)مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: لە(خەرشە)ی کوڕی (حەر)ەوە دەڵێ: دانیشتبووم لە ئەڵقەی مزگەوتی مەدینەدا، پیرێکی شێوە شیرینی تیدابوو، کە (عبدالله)ی کوڕی (سلام)بوو، قسەی جوانی بۆ دەکردن، کاتێ هەستا خەڵکەکە وتیان: هەرکەس حەزدەکات تەماشای ئەهلی بەهەشت بکات با تەماشای ئەمە بکات. وتم: والله دەبێ دوای بکەوم تا شوێنی ماڵەکەی بزانم، دوای کەوتم ئەویش ڕۆیی تا زۆری نەمابوو لەمەدینە دەرچێت، ئەمجا چووە ماڵەکەی خۆی، داوای ڕوخسەتم کرد، ڕێگای دام و وتی: پێویستیت چییە ئەی برازام؟ وتم: لەوخەڵکەم بیست کاتێ هەستایت پێیان دەوتی: هەرکەس پێی خۆشە تەماشای ئەهلی بەهەشت بکات باتەماشای ئەمە بکات، بۆیە پێمخۆشبوو لەگەڵت بم، وتی: خوا زاناترە بە خەڵکی بەهەشت، قسەیشت بۆ دەکەم ئەو خەڵکە بۆچ وایان وتووە: من لە کاتێکدا خەوتبووم پیاوێك هات و پێی وتم: هەستە، دەستی گرتم و لەگەڵی چووم، تاوەختێکم دی چەند ڕێگەیەك هەیە لەلای چەپم، وبستم پیایاندا بڕۆم، وتی: لەوێوە مەڕۆ ئەوە ڕێگای هاوەڵانی چەپن، لەلای ڕاستیشمەوە چەند ڕێگایەکی ڕاست و ڕەوان هەبوو، وتی: ئێرە بگرە، هێنامی بەرەو چیایەك وتی: سەرکەوە، هەرچەند دەمویست سەرکەوم دەکەوتم بەپشتا هەتا چەندجار ئەمەم کرد پاشان بردمی هەتا گەیاندمیە لای کۆڵەکەیەك سەری لەئاسمان بوو خواری لە زەوی، لەلای سەرەوە ئەڵقەیەکی پێوەبوو وتی: سەرکەوە بەم کۆڵەکەدا وتم: چۆن سەرکەوم کەسەری لەئاسمانە؟ دەڵێ: بەرزی کردمەوە و هەڵیدام، وەختێکم زانی دەستم گرتووە بە ئەڵقەکەوە، ئەمجا دای لەکۆڵەکەکە و خستی بەزەویدا منیش بە ئەڵقەکەوە هەڵواسرابووم هەتا ڕۆژم کردەوە، ئەمجا هاتمە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)خەونەم کەم بۆ گێڕایەوە فەرمووی: (ئەو ڕێگایانەی لای چەپت

ئەوە ڕێگای یارانی چەپن، ئەوانەیشی لای ڕاستت بوون ئەوە ڕێگای یارانی ڕاستن، چیاکەیش پلەو پایەی شەهیدەکانە و تۆ نایگەیتێ، کۆڵەکەیش کۆڵەکەی دینە، قوڵفەکەی سەرەوەیش ئەوە قوڵفی ئیسلامەو، تۆ بەردەوام دەستت پێوەی دەبێت تا دەمریت).

پ٥ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مۆژدە خۆشەکان (المبشرات) مانای چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَمْ يَبْقَ مِنَ النُّبُوَّةِ إِلَّا الْمُبَشِّرَاتُ) قَالُوا: وَمَا الْمُبَشِّرَاتُ؟ قَالَ: (الرُّؤْيَا الصالحةُ) رَوَاهُ البُخَارِيّ

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پێغەمبەرایەتی نەماوە جگە لە موژدە خۆشەکان، هاوەڵان وتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) موژدە خۆشەکان چینە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: (خەونی خۆشە)

چەند فەرموودەیەکی دیکە
لەسەر خەون لە شێوەی پرسیار و وەڵام

١- ئایا چەند جۆر خەون هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (الرُّؤْيَا ثَلَاثَةٌ: مِنْهَا تَهْوِيلٌ مِنَ الشَّيْطَانِ لِيُحْزِنَ ابْنَ آدَمَ، وَمِنْهَا مَا يَهُمُّ بِهِ الرَّجُلُ فِي يَقَظَتِهِ فَرَآهُ فِي مَنَامِهِ، وَمِنْهَا جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: عەوفی کوڕی مالیك (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: خەون سێ جورە، جورێکیان خەونە ناخۆشەکانە لە شەیتانەوەیە تاکو ئادەمیزاد ئازار بدات، جورێکیان ئەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە بە ڕۆژ، شەوێ لە خەونی دەبینێت .وە جۆرێکیان بەشێکە لە (٤٦) بەشی پێغەمبەرایەتی.

٢- ئایا ئەگەر خەونی خۆش یان ناخۆشمان دیت چی بکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: الرُّؤْيَا ثَلَاثَةٌ: فَبُشْرَى مِنَ اللهِ، وَحَدِيثُ النَّفْسِ، وَتَخْوِيفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ رُؤْيَا تُعْجِبُهُ، فَلْيَقُصَّهَا إِنْ شَاءَ، وَإِذَا رَأَى شَيْئًا يَكْرَهُهُ، فَلَا يَقُصَّهُ عَلَى أَحَدٍ، وَلْيَقُمْ فَلْيُصَلِّ) رواه احمد قال شعيب حديث صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: خەون سێ جۆرە، موژدەیە لە خواوە، و قسەی دەروونە (بیرو خەیاڵ)ە، و ترساندنی شەیتانە، ئەگەر کەسێك لە ئێوە خەونێکی خۆشی بینی، ئەگەر حەزی کرد بابیگێڕێتەوە،

وە ئەگەر خەونێکی ناخۆشی بینی با بۆ هیچ کەسی نەگێڕێتەوە، با هەڵسێ نوێژ بکات

٣- ئایا چ شتێك بکەین خەونی ناخۆش زیانمان لێ نادات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي قَتَادَةَ، عَنْ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: (الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ مِنَ اللهِ، وَالرُّؤْيَا السَّوْءُ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَمَنْ رَأَى رُؤْيَا فَكَرِهَ مِنْهَا شَيْئًا فَلْيَنْفُثْ عَنْ يَسَارِهِ، وَلْيَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ، لَا تَضُرُّهُ وَلَا يُخْبِرْ بِهَا أَحَدًا، فَإِنْ رَأَى رُؤْيَا حَسَنَةً، فَلْيُبْشِرْ وَلَا يُخْبِرْ إِلَّا مَنْ يُحِبُّ) رواه مسلم

واتە: ئەبو قەتادە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: خەونی چاك لە خواوەیە، وە خەونی خراپ لە شەیتانەوەیە، ئەگەر کەسێك خەونێکی ناخۆشی بینی با تف بکاتە لای چەپی بڵێ، (اعوذ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرجيم) ئەم خەونە زیانی لێ نادات،و با بۆکەسی نەگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر خەونێکی خۆشی بینی با موژدە بدات و بەڵام ئەگەر کەسێکی خۆش نەوێ بۆی نەگێڕێتەوە.

وفي رواية-(عَنْ أَبِي قَتَادَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ مِنَ اللَّهِ وَالْحُلْمُ مِنَ الشَّيْطَانِ فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مَا يُحِبُّ فَلَا يُحَدِّثْ بِهِ إِلَّا مَنْ يُحِبُّ وَإِذَا رَأَى مَا يَكْرَهُ فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنْ شَرِّهَا وَمِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَلْيَتْفُلْ ثَلَاثًا وَلَا يُحَدِّثْ بِهَا أحدا فَإِنَّهَا لن تضره) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

وفي رواية-(عَنْ جَابِرٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِذَا رَأَى أَحَدُكُمُ الرُّؤْيَا يَكْرَهُهَا فَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ ثَلَاثًا وَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ ثَلَاثًا وَلْيَتَحَوَّلْ عَنْ جَنْبِهِ الَّذِي كانَ عَلَيْهِ) رَوَاهُ مُسلم

واتە: لە (جابیر)ەوە (خوای لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەگەر یەکێ لەئێوە خەونێکی ناخۆشی بینی باسێ جار تف بکات بەلای چەپیدا و، سێجار پەنابگرێت بەخوا و خۆی وەربگێڕێت لەو لایەی لەسەری خەوتووە).

(عَنْ أَبِي قَتَادَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (الرُّؤْيَا مِنَ اللَّهِ وَالْحُلْمُ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا رَأَي أَحَدُكُمْ شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَنْفُثْ عَنْ يَسَارِهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، وَلْيَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنْ شَرِّهَا، فَإِنَّهَا لَنْ تَضُرَّهُ). فَقَالَ: إِنْ كُنْتُ لَأَرَي الرُّؤْيَا أَثْقَلَ عَلَيَّ مِنْ جَبَلٍ، فَمَا هُوَ إِلَّا أَنْ سَمِعْتُ بِهَذَا الْحَدِيثِ فَمَا أُبَالِيهَا) متفق عليه

واتە: (ئەبو سەلەمە) دەڵێ: (ئەبو قتادە)دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (خەونی باش لەخواوەیە خەونی خراپ لەشەیتانەوە، ئەگەر یەکێ لە ئێوە خەوێکی دی پێی ناخۆش بوو باسێ جار تف بکات بەلای چەپیدا و، پەنابگرێت بەخوا لە خراپەی ئەو خەونە، ئیتر ئەو خەونە زیانی پێناگەیەنێت).

(ئەبو سەلەمە) دەڵێ: خەونی وام دەبینی لە کێوێك قورستر بوو بەلامەوە هەتا ئەم فەرموودەیەم بیست ئیتر دوای ئەوە گوێم نەئەدایە.

٤- ئایا شەیتان دەتوانێ بچیتە سەر شێوەی پێغەمبەر لە خەوندا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: (مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ فَسَيَرَانِي فِي الْيَقَظَةِ، أَوْ: لَكَأَنَّمَا رَآنِي فِي الْيَقَظَةِ، لَا يَتَمَثَّلُ الشَّيْطَانُ بِي). وَقَالَ: فَقَالَ أَبُو سَلَمَةَ: قَالَ أَبُو قَتَادَةَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَنْ رَآنِي فَقَدْ رَأَي الْحَقَّ)رواه البخاري

واتە: (ئەبو هورەیرە)دەفەرموێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: (هەر کەس لەخەوندا من ببینێ ئەوە لە بێداریشدا هەر دەمبینێ، یان: وەك ئەوە وەهایە لە بێداریدا منی دیبێ، شەیتان نایەتە شێوەی منەوە).

ئەبو هورەیرە وتی: لە (ئەبو سەلەمە)ەوە: لە (ئەبو قتادە)ەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەس منی لەخەوندا بینی ئەوە هەقی بینیوە) واتە: خەونەکەی ڕاستە و هەڵەشەو پەڵەشە نیە.

(شرح (فقد رآني) اختلف العلماء في معنى قوله (ﷺ) فقد رآني فقال ابن الباقلاني معناه أن رؤياه صحيحة ليست بأضغاث ولا من تشبيهات الشيطان)

٥- ئایا خەون پەیوەندی بە پێغەمبەرایەتییەوە هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ).رواه البخاري

واتە: (عبادە)ی کوڕی (صامت) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (خەونی باوەڕدار بەشێکە لە چل و شەش بەشی پێغەمبەرایەتی).

وراية(عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ) رواه البخاري

واتە: (ئیبن عومەر) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (خەونی چاك بەشێکە لە حەفتا بەشی پێغەمبەرایەتی).

٦- ئایا خەون گێڕانەوە زیانی هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي رَزِينٍ العقيليِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ وَهِيَ عَلَى رِجْلِ طَائِرٍ مَا لَمْ يُحَدِّثْ بِهَا فَإِذَا حَدَّثَ بِهَا وَقَعَتْ) وَأَحْسِبُهُ قَالَ: (لَا تُحَدِّثْ إِلَّا حَبِيبًا أَوْ لَبِيبًا) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو ڕەزین (ڕضی اللە عنە) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: خەونی ئیماندار بەشێکە لە (٤٦) بەشی پێغەمبەرایەتی، ئەو خەونە وەستاوە تاکو ناگێڕێتەوە، ئەگەر گێڕایەوە دێتەجێ، ڕاوی دەڵێ: وابزانم فەرمووی: مەبی گێڕنەوە مەگەر بۆ خۆشەویستان نەبێ.

وفي رواية-(الرُّؤْيَا عَلَى رِجْلِ طَائِرٍ، مَا لَمْ تُعْبَرْ، فَإِذَا عُبِرَتْ وَقَعَتْ) قَالَ: وَالرُّؤْيَا جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ - قَالَ: وَأَحْسِبُهُ قَالَ - لَا يَقُصُّهَا إِلَّا عَلَى وَادٍّ أَوْ ذِي رَأْيٍ) رواه ابوداود و ابن ماجه قال الالباني صحيح

٧- ئایا یەکەمین جار وەحی بۆ پێغەمبەر بەچی دەستی پێ کرد؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: أَوَّلُ مَا بُدِئَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنَ الْوَحْيِ الرُّؤْيَا الصَّادِقَةُ فِي النَّوْمِ فَكَانَ لَا يَرَى رُؤْيَا إِلَّا جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ ثُمَّ حُبِّبَ إِلَيهِ الخَلاءُ وكانَ يَخْلُو بغارِ حِراءٍ فيتحنَّثُ فِيهِ - وَهُوَ التَّعَبُّدُ اللَّيَالِيَ ذَوَاتِ الْعَدَدِ.....) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ یەکەمین جار کە وەحی دەستی پێ کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بە خەونی ڕاست بوو، هەر خەونێکی دەیبینی ڕاست دەردەچوو وەکو ڕۆژی ڕوناك، دوایی ئارەزووی تەنیایی بوو،چووە ئەشکەوتی (حیرا) چەند شەوێك (دەمایەوە) خواپەرستی دەکرد.

وانەی پێنجەم

پرسیاری هاوەڵان لە بارەی (بەهەشت) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پا / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تۆش ئەگەر خوا ڕەحمت پێ نەکات بە کردەوەی خۆت ناچیتە بەهەشتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهَا كَانَتْ تَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (سَدِّدُوا وَقَارِبُوا، وَأَبْشِرُوا، فَإِنَّهُ لَنْ يُدْخِلَ الْجَنَّةَ أَحَدًا عَمَلُهُ). قَالُوا: وَلَا أَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: (وَلَا أَنَا، إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللَّهُ مِنْهُ بِرَحْمَةٍ. وَاعْلَمُوا أَنَّ أَحَبَّ الْعَمَلِ إِلَى اللَّهِ أَدْوَمُهُ وَإِنْ قَلَّ) رواه البخاري

واتە: (عائیشە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (بۆبەرپێی خۆتان بڕوانن و میانەڕەوبن و مژدە دەربن، چونکە کەس کردەوەی خۆی نایباتە بەهەشت) وتیان: تۆیش ئەی پێغەمبەر خوا(ﷺ)؟ فەرمووی: (تەنانەت منیش، مەگەر خوا بەمیهرەبانی خۆی بمپۆشێت، بیشزانن خۆشەویستترین کردار لای خوا بەردەوامترینیانە باکەمیش بێت).

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە بەهەشتدا جیماع لەگەڵ ئافرەتان هەیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ، هَلْ نَصِلُ إِلَى نِسَائِنَا فِي الْجَنَّةِ؟ فَقَالَ: (إِنَّ الرَّجُلَ لَيَصِلُ فِي الْيَوْمِ إِلَى مِائَةِ عَذْرَاءَ) رواه الطبراني قال الالباني صحيح في السلسلة الصحيحة

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: گوترا ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)، ئایا ئێمە دەگەینە ئافرەتەکانمان لە بەهەشت؟ (واتە: پێمان دەکرێ جیماعیان لەگەڵ بکەین) پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: پیاو رۆژی جیماع لەگەڵ سەد کچ دەکات.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئافرەتەکان دەبنەوە کچ پاش جیماع؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ،عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، أَنَّهُ قِيلَ لَهُ: أَنَطَأُ فِي الْجَنَّةِ؟ قَالَ:(نَعَمْ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ دَحْمًا دَحْمًا، فَإِذَا قَامَ عَنْهَا رَجَعَتْ مُطَهَّرَةً بِكْرًا) رواه ابن حبان قال الالباني حسن (غريب الحديث:(دحما دحما): قال ابن الأثير في النهاية هو النكاح والوطء بدفع وإزعاج (الكتاب: تراجعات العلامة الألباني في التصحيح والتضعيف)

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) لە پێغەمبەر(ﷺ) دەگێڕێتەوە پێی گوتراوە ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، ئایا لە بەهەشت جیماع دەکەین؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بەڵێ، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، جیماع دەکرێ بەهێزەوە، کاتێ کابرا هەستا لە سەر ئافرەتەکە لە جیماع تەواوبوو، بەپاکی دەبیتەوە کچ .

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خەڵکی بەهەشت دەخەون

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ: سُئِلَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ)، فَقِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيَنَامُ أَهْلُ الْجَنَّةِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (النَّوْمُ أَخُو الْمَوْتِ، وَأَهْلُ الْجَنَّةِ لَا يَنَامُونَ) رواهُ البيهقيُّ قال الالبانى صحيح

واتە: جابیری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) گوترا ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)، ئایا خەڵکی بەهەشت دەخەون؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خەوتن برای مردنە، خەڵکی بەهەشت ناخەون.

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە بەهەشت ئەسپ هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ سَاعِدَةَ، قَالَ: كُنْتُ أُحِبُّ الْخَيْلَ فَقُلْتُ: هَلْ فِي الْجَنَّةِ خَيْلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: يَا عَبْدَ الرَّحْمَنِ، إِنْ أَدْخَلَكَ اللَّهُ الْجَنَّةَ كَانَ لَكَ فِيهَا فَرَسٌ مِنْ يَاقُوتَةٍ لَهَا جَنَاحَانِ تَطِيرُ بِكَ حَيْثُ شِئْتَ) رواه الطبراني ورواته ثقات قال الالباني حسن لغيره

واتە: عبدالرحمن ی کوڕی ساعیدە (رضي الله عنه) دەڵێ: من حەزم بە هەبوون ئەسپ دەکرد، گوتم: ئایا لە بەهەشت ئەسپ هەیە ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)؟ فەرمووی: ئەی عبدالرحمن، ئەگەر خودا تۆی خستە بەهەشتەوە، بۆ تۆ ئەسپانێك هەیە لە یاقوت، دووباڵی هەیە پێی دەفری، بۆ کوێ حەزبکەی دەتبات.

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خەڵکی بەچی زۆر دەچێتە بەهەشت، بەچی زۆر دەچێتە دۆزەخ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ)مَا أَكْثَرُ مَا يُدْخِلُ الْجَنَّةَ قَالَ التَّقْوَى وَحُسْنُ الْخُلُقِ وَسُئِلَ مَا أَكْثَرُ مَا يُدْخِلُ النَّارَ قَالَ الْأَجْوَفَانِ الْفَمُ وَالْفَرْجُ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ قال الالباني حسن

واتە: ئەبو هورێرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) ئایا خەڵکی بەچی زۆر دەچێتە بەهەشت؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: پارێزکاری و هەڵس وکەوتی جوان، وەپرسیاری لێ کرا، ئایا خەڵکی بەچی زۆر دەچێتە دۆزەخ؟ فەرمووی: بە دوو کونەکە (دەم و دامێن)

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ): کارێکم نیشان بدە بمخاتە بەهەشتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ قَالَ: (لَا تَغْضَبْ وَلَكَ الْجَنَّةُ)رواه الطبراني وابن أبي الدنيا.قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو دەردا (رضي الله عنه) دەڵێ: وتم: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، کارێکم نیشان بدە بمخاتە بەهەشتەوە، فەرمووی: تورەمەبە بەهەشتت بۆ هەیە.

وانەی شەشەم

پرسیاری هاوەڵان لە بارەی ڕۆژی قیامەت (یوم القیامه) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ): ئایا چۆن سڵاو لە مردووانی گۆرستان بکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كُنْتُ سَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ)كَيْفَ نَقُولُ فِي التَّسْلِيمِ عَلَى الْقُبُورِ فَقَالَ: قُولِي: السَّلَامُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ، وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَلَاحِقُونَ) مسلم و عبدالرزاق في المصنف وللفظ له

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) گوتم: چۆن سڵاو لە ئەهلی گۆرستان بکەین وچی بڵێن؟ فەرمووی: (بڵێ: سڵاوتان لێ بێت ئەی خەڵکی ئەم شوێنە لە ئیمانداران و موسڵمانان، خوا ڕەحم بکات بەوانەمان کە زوومردون و ڕۆیشتوون، بەوانەشمان کە هێشتا ماون، بێ گومان ئێمەش هەرکاتێك خوا وبستی لەسەر بێت بەئێوە دەگەین

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن کافر لە ڕۆژی قیامەت لەسەر ڕووان ڕادەکێشرێت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَنَسٍ أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ كَيْفَ يُحْشَرُ الْكَافِرُ عَلَى وَجْهِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: (أَلَيْسَ الَّذِي أَمْشَاهُ عَلَى الرِّجْلَيْنِ فِي الدُّنْيَا قَادِرًا عَلَى أَنْ يُمْشِيَهُ عَلَى وَجْهِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: ئەنەس (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) چۆن کافر لە ڕۆژی قیامەت لەسەر ڕوو ڕادەکێشرێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەو خودایەی توانای هەیە لەسەر دوو قاچ بیڕوێنێ، لە قیامەتیش توانای هەیە لەسەر ڕوو بیروێنێ.

پ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەی قیامەت دادێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَتَى السَّاعَةُ؟ قَالَ: (وَمَا أَعْدَدْتَ لِلسَّاعَةِ). قَالَ: حُبَّ اللَّهِ وَرَسُولِهِ، قَالَ: (فَإِنَّكَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ). قَالَ أَنَسٌ: فَمَا فَرِحْنَا بَعْدَ الْإِسْلَامِ فَرَحًا أَشَدَّ مِنْ قَوْلِ النَّبِيِّ (ﷺ) (فَإِنَّكَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ). قَالَ أَنَسٌ: فَأَنَا أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَأَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ، فَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ مَعَهُمْ وَإِنْ لَمْ أَعْمَلْ بِأَعْمَالِهِمْ) رواه البخاري

واتە: (ئەنەس) کوڕی (مالیك) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا کەی قیامەت دێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (چیت بۆ ئامادە کردووە؟) پیاوەکە وتی: خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەڕاستی تۆ لەگەڵ ئەو کەسەدایت کە خۆشت دەوێت) ئەنەس دەڵێ: لەدوای موسڵمان بوون، هیچ شتێك ئەوەندە خۆشحاڵی نەکردین، وەك ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) (بەڕاستی تۆ لەگەڵ ئەو کەسەدایت کە خۆشت دەوێت) أنس دەڵێ: بەڕاستی

من خوا و پێغەمبەر و ئەبوبەکر و عومەرم خۆش دەوێت، ئومێدم وایە لەگەڵ ئەواندابم، با کردەوەکانیشم وەک ئەوان نەبێت.

پ٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ڕۆژی قیامەت دووبارە کێشەکانی دونیا دێنەوە گۆڕێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الزُّبَيْرِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ الزُّبَيْرُ: لَمَّا نَزَلَتْ: (إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِنْدَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ) (الزمر: ٣١) قَالَ الزُّبَيْرُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُكَرَّرُ عَلَيْنَا مَا كَانَ بَيْنَنَا فِي الدُّنْيَا مَعَ خَوَاصِّ الذُّنُوبِ؟ فَقَالَ: (نَعَمْ يُكَرَّرُ عَلَيْهِمْ ذَلِكَ حَتَّى يُؤَدُّوا إِلَى كُلِّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ) فَقَالَ الزُّبَيْرُ: (وَاللَّهِ إِنَّ الْأَمْرَ لَشَدِيدٌ) رواه الحاكم واحمد هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ) ووافقه الذهبي قال الارنؤط اسناده حسن

واتە: (عبدالله) ی کوڕی زوبێر (ﷺ) دەڵێ: زوبێر وتی: کاتێ ئەم ئایەتە دابەزی (إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِنْدَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ)) زوبێر وتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، ئایا کێشەکانی نێوانمان دووبارە دەبنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، لەگەڵ گوناهە تایبەتییەکان، فەرمووی: بەڵێ دووبارە دەبنەوە لەسەریان تاکو هەرکەس ما فی خەڵکی لێ وەردەگیرێتەوە، زوبێر وتی: سوێند بەخوا کارێکی سەختە.

پ٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەڕەنا(الصور) چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: مَا الصُّورُ؟ قَالَ: (قَرْنٌ يُنْفَخُ فِيهِ) رواه أحمد، وأبو داود،والترمذى حسن والحاكم، والبيهقى فى شعب الإيمان قال الالباني صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص خودا لە خۆی وبابی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: (الصور) کەڕەنا چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: قۆچێکە فوی تێدا دەکرێ.

تێبینی: مەبەستی نەفخی (صور)ە بۆ بەڕابوونی ڕۆژی قیامەت.

پ٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەڕۆژی دوایی کە داوای شەفاعەت دەکەی، خودا چ وەڵامێکت دەداتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّهُ سَمِعَهُ، يَقُولُ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَاذَا رَدَّ إِلَيْكَ رَبُّكَ فِي الشَّفَاعَةِ؟ فَقَالَ: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ ظَنَنْتُ أَنَّكَ أَوَّلُ مَنْ يَسْأَلُنِي عَنْ ذَلِكَ لِمَا رَأَيْتُ مِنْ حِرْصِكَ عَلَى الْعِلْمِ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَمَا يُهِمُّنِي مِنَ انْقِصَافِهِمْ عَلَى بَابِ الْجَنَّةِ أَهَمُّ عِنْدِي مِنْ تَمَامِ شَفَاعَتِي، وَشَفَاعَتِي لِمَنْ شَهِدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُخْلِصًا يُصَدِّقُ قَلْبُهُ لِسَانَهُ، وَلِسَانُهُ قَلْبَهُ) أخرجه ابن حبان والحاكم وقال : صحيح الإسناد . وأخرجه أيضًا : أحمد قال الهيثمى رجاله رجال الصحيح غير معاوية بن معتب وهو ثقة . والحارث كما فى بغية الباحث (غريب الحديث : (انقصافهم) : أى استسعادهم بدخول الجنة)

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) ئایا خودا چ وەڵامێکی دایەوە لە شەفاعەت؟ فەرمووی: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، وابزانم تۆ یەکەم کەسی ئەم پرسیارم لێ دەکەی و دەتبینم سووری لەسەر وەرگرتنی زانست، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، کاتێ دەبینم ئیزدحام وپاڵەپەستۆ دروست بووە و دڵخۆشن لە بەر دەرگای بەهەشت، ئەوەم پێ خۆشترە لە شەفاعەت، شەفاتی من بۆ ئەوانەیە کە شایەدیان دابێ بە(لا اله الا الله) بەڕاستی، دڵەکەی زمانی بەڕاست دابنی، زمانی دڵی بەڕاست دابنێ. (واتە: دڵ وزمانی ڕاست بکەن)

پ٧ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەڕۆژی دواییدا لە گۆڕەپانی کۆبونەوە حەوزی کەوسەر ئەندازەی چەندە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ثَوْبَانَ (رضي الله عنه): أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (إِنِّي لَبِعُقْرِ حَوْضِي أَذُودُ النَّاسَ لِأَهْلِ الْيَمَنِ، أَضْرِبُ بِعَصَايَ حَتَّى يَرْفَضَّ عَلَيْهِمْ). فَسُئِلَ عَنْ عَرْضِهِ؟ فَقَالَ: (مِنْ مَقَامِي إِلَى عَمَّانَ). وَسُئِلَ عَنْ شَرَابِهِ؟ فَقَالَ: (أَشَدُّ بَيَاضًا مِنَ اللَّبَنِ، وَأَحْلَى مِنَ الْعَسَلِ، يَغُتُّ فِيهِ مِيزَابَانِ يَمُدَّانِهِ مِنَ الْجَنَّةِ، أَحَدُهُمَا مِنْ ذَهَبٍ وَالْآخَرُ مِنْ وَرِقٍ) رواه مسلم

واتە: لە (سوبان)ەوە (خوای لێی ڕازی بێت) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (من لەئاوەڕۆگە و کۆتایی حەوزەکەمدام، خەڵکی لێدەگێڕمەوە لە پێناو خەڵکی یەمەندا، بەداردەستەکەم لێی دەدەم تا دەچێ بۆ ئەوان) پرسیارکرا لەپانییەکەی؟ فەرمووی: (لەم شوێن وەستانی منەوە بۆ عەممانە) پرسیار کرا لە ئاوەکەی؟ فەرمووی: (لەشیر سپیترە، لە هەنگوین شیرینترە، دوو پلوسکی بەتوندی تیا هەڵدەقوڵێ لەبەهەشتەوە دێن و یەکێکیان لەئاڵتون و ئەوی تریان لە زیوە).

وانەی حەوتەم

پرسیاری هاوەڵان لە بواری پاك وخاوێنی (الطهارة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئاوی دەریا پاکە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: سَأَلَ رَجُلٌ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا نَرْكَبُ الْبَحْرَ وَنَحْمِلُ مَعَنَا الْقَلِيلَ مِنَ الْمَاءِ فَإِنْ تَوَضَّأْنَا بِهِ عَطِشْنَا أفنتوضأ من مَاء الْبَحْرِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (هُوَ الطَّهُورُ مَاؤُهُ الْحِلُّ مَيْتَتُهُ) رَوَاهُ مَالك وَالتِّرْمِذِيّ وَالنَّسَائِيّ وَابْن مَاجَه والدارمي) قال الالبانى صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئێمە سواری کەشتی دەبین، و کەمێك ئاو لەگەڵ خۆمان دەبین، ئەگەر دەستنوێژ بە ئاوەکە بگرین، تێنوو دەبین، ئایا دەستنوێژ بە ئاوی دەریا بگرین؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: دەریا ئاوەکەی پاکە و شتی مردووی ناو دەریاش پاکە.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئاوی بیرەکان پیسە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن أبي سعيد الْخُدْرِيّ قَالَ: قيل يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنَتَوَضَّأُ مِنْ بِئْرِ بُضَاعَةَ وَهِيَ بِئْرٌ يُلْقَى فِيهَا الْحِيَضُ وَلُحُومُ الْكِلَابِ وَالنَّتْنُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّ الْمَاءَ طَهُورٌ لَا يُنَجِّسُهُ شَيْءٌ) رَوَاهُ أَحْمد وَالتِّرْمِذِيّ وَأَبُو دَاوُد وَالنَّسَائِيّ قال الالباني صَحِيح

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) ئایا دەستنوێژ بگرین لە ئاوی بیری (بوزاعە) کە پەڕۆی حەیزی ئافرەتان و گوشتی سەگە و شتی بۆگەنی تێ فرێ دەدرێ ؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بێگومان ئاو پاکە هیچ شتێك پیسی ناکات.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئاوی گۆمەکان پیسە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْمَاءِ يَكُونُ فِي الْفَلَاةِ مِنَ الْأَرْضِ وَمَا يَنُوبُهُ مِنَ الدَّوَابّ وَالسِّبَاع فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِذَا كَانَ الْمَاءُ قُلَّتَيْنِ لَمْ يَحْمِلِ الْخَبَثَ) رَوَاهُ أَحْمد وَأَبُو دَاوُد وَالتِّرْمِذِيّ وَالنَّسَائِيّ والدارمي وَابْنُ مَاجَهْ قال الالباني صَحِيح

واتە: ئیبن عومەر (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر(ﷺ) کرا، ئایا ئاوەی بیابانی سەر زەوی هی گۆمە ئاوەکان کە درندەو ئاژەڵ لێی دەخۆنەوە خاوێنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر ئاوەکە گەیشتە ئەندازەی قوللەتێن پیس نابێ. (قوللەتین دەکاتە (١٩٢) لتر.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە خواردن لە قاپی موشریکان بخۆین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِيِّ، قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَسَأَلْتُهُ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قُدُورُ الْمُشْرِكِينَ نَطْبُخُ فِيهَا؟ قَالَ (لَا تَطْبُخُوا فِيهَا) قُلْتُ: فَإِنِ احْتَجْنَا إِلَيْهَا فَلَمْ نَجِدْ مِنْهَا

بُدًّا؟ قَالَ: (فَارْحَضُوهَا رَحْضًا حَسَنًا، ثُمَّ اطْبُخُوا وَكُلُوا) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح (ارخصوها) أي اغسلوها)

واتە: ئەبو سەعلەبە (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئایا خواردن دروست بکەین لە قاپ و قاچاغی موشریکان، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: نەخێر، ئەڵێ گوتم: ئەگەر ناچار بووین، فەرمووی: جوان بیان شۆن ئنجا خواردنی تیا دروست بکەن.

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا قاپ وقاچاغی ئاگر پەرستان بەکاربێنین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ الخُشَنِيِّ، قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ قُدُورِ المَجُوسِ، فَقَالَ: (أَنْقُوهَا غَسْلًا، وَاطْبُخُوا فِيهَا، وَنَهَى عَنْ كُلِّ سَبُعٍ ذِي نَابٍ) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو سەعلەبە (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی قاپ و نامانی ئاگر پەرستان، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: جوان بیان شۆن ئنجا خواردنی تیا دروست بکەن، وە قەدەغەی کردین لە خواردنی هەموو خاوەن چڕنووکێك.

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا هەست کردن بە شت لەناو نوێژ، نوێژ بەتاڵ دەکات ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبَّادِ بْنِ تَمِيمٍ عَنْ عَمِّهِ أَنَّهُ شَكَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) الرَّجُلُ الَّذِي يُخَيَّلُ إِلَيْهِ أَنَّهُ يَجِدُ الشَّيْءَ فِي الصَّلَاةِ فَقَالَ لَا يَنْفَتِلْ أَوْ لَا يَنْصَرِفْ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا أَوْ يَجِدَ رِيحًا) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: عوبادی کوڕی تەمیم (رضي الله عنه) دەڵێ: مامم سکاڵای بردە لای پێغەمبەر (ﷺ)،وتی: هەندێك جار پیاو لێی تێك دەچێ لەناوێژ جا نازانی دەستنوێژی

شکاوە یان نا، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: واز لە نوێژ ناهێنرێت، تاکو دەنگ دەبیسترێت (واتە: تر) یان هەست بەبۆن دەکرێ (واتە: فس و غازات).

وفي رواية (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):(إِذَا وَجَدَ أَحَدُكُمْ فِي بَطْنِهِ شَيْئًا فَأَشْكَلَ عَلَيْهِ أَخَرَجَ مِنْهُ شَيْءٌ أَمْ لَا فَلَا يَخْرُجَنَّ مِنَ الْمَسْجِدِ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا أَوْ يَجِدَ رِيحًا) رَوَاهُ مُسلم

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێکرد لەسکیا، ئینجا لێی تێکچوو ئایا شتێکی لێ هاتبێتە دەرەوە یان نا؟ با لە مزگەوت نەچێتە دەرەوە، هەتا یان گوێی لە دەنگی دەبێ، یان بۆنێك دەکات (واتە: تا دڵنیا نەبێ لەدەرچوونی شتێك بەگومان دەستنوێژی ناشکێت).

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مەزیم دێت چی بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَلِيٍّ قَالَ كُنْتُ رَجُلًا مَذَّاءً وَكُنْتُ أَسْتَحْيِي أَنْ أَسْأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) لِمَكَانِ ابْنَتِهِ فَأَمَرْتُ الْمِقْدَادَ بْنَ الْأَسْوَدِ فَسَأَلَهُ فَقَالَ يَغْسِلُ ذَكَرَهُ وَيَتَوَضَّأُ) رواه مسلم

واتە: (عەلی)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: من پیاوێك بووم لینجاوم زۆربوو، شەرمم دەکرد لەپێغەمبەر(ﷺ) بپرسم لەبەرئەوە فاتمەی کچی لای من بوو، هەر بۆیە داوام لە(مقدادی) کوڕی(اسود) کرد، ئەو پرسیاری لێکرد، فەرموویی: (زەکەری دەشواو دەستنوێژ دەگرێت).

تێبینی: (مەزی) ئاوێکە لە زەکر دێتە دەرەوە لە کاتی ئارەزوو هەستان و یان ماندووبوون، وەکو چەوریيە بەڵام تۆ نیە، چونکە تۆ غوسل واجب دەکات.

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر (مەزی)م بە جل وبەرگەوە نووسا چی بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ، قَالَ: كُنْتُ أَلْقَى مِنَ الْمَذْيِ شِدَّةً، فَكُنْتُ أُكْثِرُ الِاغْتِسَالَ مِنْهُ، فَسَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَ: (إِنَّمَا يُجْزِئُكَ مِنْهُ الْوُضُوءُ)، فَقُلْتُ: فَكَيْفَ بِمَا يُصِيبُ ثَوْبِي مِنْهُ؟، قَالَ: (يَكْفِيكَ أَنْ تَأْخُذَ كَفًّا مِنْ مَاءٍ فَتَنْضَحَ بِهَا مِنْ ثَوْبِكَ حَيْثُ تَرَى أَنَّهُ أَصَابَهُ) رواه احبان قال الالباني صحيح

واتە: سەهلی کوڕی حونیف (ﷺ) دەڵێ: زۆر مەزیم هەبوو، زۆر خۆم دەشوشت، منیش پرسیارم لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) لەم بارەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: تەنها دەستنوێژ بگرە وخۆت مەشۆ، گوتم: ئەگەر (مەزی) بە جل وبەرگم وەنوسا چی بکەم، فەرمووی: چەنگە ئاوێك بەدەستت برشێنە سەر ئەو شوێنەی بەری کەوتووە.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر لە پاش میز ئاوێك لە زەکەر هات چی واجبە بکرێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ الْمَاءِ يَكُونُ بَعْدَ الْمَاءِ، فَقَالَ: ذَلِكَ مِنْ الْمَذْيِ، وَكُلُّ فَحْلٍ يُمْذِي. فَتَغْسِلُ مِنْ ذَلِكَ فَرْجَكَ وَأُنْثَيَيْكَ وَتَوَضَّأُ وُضُوءَكَ لِلصَّلَاةِ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد) قال الالباني صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی سەعد (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی ئەوەی ئاو لە دوای ئاو دێتە خوارەوە (واتە: لە پاش میز)، فەرمووی ئەوە مەزییە، هەموو زەکەرێك مەزی هەیە، جا بۆ ئەمە زەکەر و گونەکانت بشۆ و دەستنوێژێکی وەکو هی نوێژ هەڵبگرە. (ئەم دەستنوێژە بۆ عیبادەتەکانە

پ.١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من پاك نابمەوە لە حـەیز ئـایا واز لە نوێژکردن بێنم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: جَاءَتْ فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْشٍ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي امْرَأَةٌ أُسْتَحَاضُ فَلَا أَطْهُرُ أَفَأَدَعُ الصَّلَاةَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَا إِنَّمَا ذَلِكِ عِرْقٌ وَلَيْسَ بِحَيْضٍ فَإِذَا أَقْبَلَتْ حَيْضَتُكِ فَدَعِي الصَّلَاةَ وَإِذَا أَدْبَرَتْ فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ ثمَّ صَلِّي) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: عائیشە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: فاتیمەی کچی ئەبی حوبیش هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: ئەی نێرراوی خودا من پاك نابمەوە، ئایا واز لە نوێژ بێنم ؟ فەرمووی: نەخێر ئەوە دەمارە، نەك حەیز، هەر کاتێ کاتی حەیزی خۆت هات، نوێژ مەکە، کاتێ سوڕی مانگانەت تەواو بوو، خۆت بشۆ و خۆت پاك بکەوە لە خوێن و نوێژ بکە.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خواردنی گۆشتی مەڕ و وشتر دەستنوێژ دەشکێنێ ؟ وە ئایا نوێژ دروستە لە مۆڵگەکانیان

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن جَابر بن سَمُرَة أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنَتَوَضَّأُ مِنْ لُحُومِ الْغَنَمِ؟ قَالَ: (إِنْ شِئْتَ فَتَوَضَّأْ وَإِنْ شِئْتَ فَلَا تَتَوَضَّأْ) . قَالَ أَنَتَوَضَّأُ مِنْ لُحُومِ الْإِبِلِ؟ قَالَ: (نَعَمْ فَتَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الْإِبِلِ) قَالَ: أُصَلِّي فِي مَرَابِضِ الْغَنَمِ قَالَ: (نَعَمْ) قَالَ: أُصَلِّي فِي مَبَارِكِ الْإِبِلِ؟ قَالَ: (لَا) رَوَاهُ مُسلم

واتە: (جابیر) کوڕی (سەمورە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری کرد لەپێغەمبەر (ﷺ) ئایا دەستنوێژ بگرمەوە لەخواردنی گۆشتی مەڕ؟ فەرمووی: (ئەگەر ویستت دەستنوێژ بگرە، ئەگەر ویستیشت مەیگرە) وتی: ئەی دەستنوێژ بگرم لەگۆشتی وشتر؟ فەرمووی: (بەڵێ) وە پرسیاری لێ کرد ئایا لە مۆڵگەی مەڕ نوێژ دروستە ؟ فەرمووی: بەڵێ، وتی: نوێژ

بکەم لەمۆڵگەی وشتردا؟ فەرمووی: (نەخێر). روونکردنەوە: (مَرَابِضِ)جَمْعُ مَرْبِضٍ وَهُوَ مَوْضِعُ رُبُوضِ الْغَنَمِ وَهُوَ لِلْغَنَمِ بِمَنْزِلَةِ الِاضْطِجَاعِ لِلْإِنْسَانِ وَالْبُرُوكِ لِلْإِبِلِ وَالْجُثُومِ لِلطَّيْرِ.

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئافرەتێکم ماچ کردوە هاتووم حەددی شەرعیم لێ دەربکە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنِّي عَالَجْتُ امْرَأَةً فِي أَقْصَى الْمَدِينَةِ، وَإِنِّي أَصَبْتُ مِنْهَا مَا دُونَ أَنْ أَمَسَّهَا، فَأَنَا هَذَا، فَاقْضِ فِيَّ مَا شِئْتَ، فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: لَقَدْ سَتَرَكَ اللهُ، لَوْ سَتَرْتَ نَفْسَكَ، قَالَ: فَلَمْ يَرُدَّ النَّبِيُّ (ﷺ) شَيْئًا، فَقَامَ الرَّجُلُ فَانْطَلَقَ، فَأَتْبَعَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلًا دَعَاهُ، وَتَلَا عَلَيْهِ هَذِهِ الْآيَةَ: (أَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ، إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ) (هود: ١١٤) فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: يَا نَبِيَّ اللهِ هَذَا لَهُ خَاصَّةً؟ قَالَ: (بَلْ لِلنَّاسِ كَافَّةً) رَوَاهُ مُسلم

واتە: (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لەلا خواروی مەدینەوە ژنێکم بەگیر هێنا، تووشی گوناە بووم بێ ئەوەی زینای لەگەڵ بکەم، ئیستەیش ئەمە منم، چ بڕیارێکم لەبارەوە دەدەیت بفەرموو ئامادەم. (عمر)(خوای لێی ڕازی بێت) پێی وت: خوا بۆی پۆشیوویت ئەگەر خۆیشت بتپۆشیایە. دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، پیاوەکە هەستا و ڕۆیشت، پێغەمبەر (ﷺ) پیاوێکی بە شوێنیدا نارد بانگی کرد و ئەم ئایەتەی بەسەردا خوێندەوە (وأقم الصلاه) واتە: (نوێژ بەچاکی ئەنجام بدە لەهەردوو سەری ڕۆژەوە (کە بەیانی و عەسرە) لە چەند ساتێکی شەویشدا کە نزیکە لە ڕۆژەوە و مەبەست شێوان و خەوتنانە، لە ڕاستیدا کردەوە چاکەکان گوناهەکان ڕادەماڵن ئەوەش ئامۆژگاریە بۆ ئەوانەی یادی خوا دەکەن) پیاوێك

لەناو خەڵکەکەدا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەمە بەس تایبەتە بەو؟ فەرمووی: (بەڵکو بۆ هەموو خەڵکییە بە گشتی).

لە ریوایەتی دیکە دەڵێ (تازە لەگەڵ ئێمە نوێژت نەکرد)

شرح الكلمات (إني عالجت امرأة) معنى عالجها أي تناولها واستمتع بها (دون أن أمسها) المراد بالمس الجماع ومعناه استمتعت بها بالقبلة والمعانقة وغيرهما من جميع أنواع الاستمتاع إلا الجماع)

وفی روایه(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي لَقِيتُ امْرَأَةً فِي الْبُسْتَانِ، فَضَمَمْتُهَا إِلَيَّ وَقَبَّلْتُهَا وَبَاشَرْتُهَا، وَفَعَلْتُ بِهَا كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا أَنِّي لَمْ أُجَامِعْهَا، فَسَكَتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَنْزَلَ اللَّهُ جَلَّ وَعَلَا: (أَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ، إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ، ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ) (هود: ١١٤) قَالَ: فَدَعَاهُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَرَأَهَا عَلَيْهِ، فَقَالُ عُمَرُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلَهُ خَاصَّةً؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (بَلْ لِلنَّاسِ كَافَّةً) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح

پ١٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر ئافرەت ئیحتیلامی بوو چی لەسەر واجبە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: (قَالَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ، فَهَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ مِنْ غُسْلٍ إِذَا احْتَلَمَتْ؟ قَالَ: (نَعَمْ، إِذَا رَأَتِ الْمَاءَ) فَغَطَّتْ أُمُّ سَلَمَةَ وَجْهَهَا، وَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَوَتَحْتَلِمُ الْمَرْأَةُ؟ قَالَ: (نَعَمْ تَرِبَتْ يَمِينُكَ، فَبِمَ يُشْبِهُهَا وَلَدُهَا؟) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە: ئوم سەلەمە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: ئوم سولیم گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)، خودا شەرم لە حەق ناکات، ئەگەر ئافرەت ئیحتیلامی بوو غوسلی دەکەوێتە سەر؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ ئەگەر ئاوی بینی (واتە: ئەگەر ئاوی هاتەوە) ئومە سەلەمە چاوی خۆی داپۆشی لەشەرمان

گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) چما ئافرەت ئیحتیلامی دەبێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ، ئەدی چۆن شێوەی منداڵ بە خۆی دەچێ.

وفي رواية (عن أَنَسٍ أَنَّ أُمَّ سُلَيْمٍ سَأَلَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عن الْمَرْأَةِ تَرَى فِي مَنَامِهَا مَا يَرَى الرَّجُلُ قَالَ إِذَا أَنْزَلَتْ الْمَاءَ فَلْتَغْتَسِلْ) (رواه النسائي قال الالباني صحيح

(قَالَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ اللَّهُ تَعَالَى عَنْهَا: نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الْأَنْصَارِ؛ لَمْ يَمْنَعْهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ

واتە: عائیشە خوا لێی رازی بێ دەڵێ : باشترین ئافرەت ئافرەتی ئەنصارین، چونکە شەرمیان نە دەکرد بۆ شارەزا بوون لە ئایین پرسیار بکەن.

(عن إِسْحَقُ (بْنُ أَبِي طَلْحَةَ) عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ جَاءَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ وَهِيَ جَدَّةُ إِسْحَقَ- إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ لَهُ وَعَائِشَةُ عِنْدَهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ الْمَرْأَةُ تَرَي مَا يَرَي الرَّجُلُ فِي الْمَنَامِ، فَتَرَي مِنْ نَفْسِهَا مَا يَرَي الرَّجُلُ مِنْ نَفْسِهِ؟ فَقَالَتْ عَائِشَةُ: يَا أُمَّ سُلَيْمٍ، فَضَحْتِ النِّسَاءَ تَرِبَتْ يَمِينُكِ. فَقَالَ لِعَائِشَةَ: (بَلْ أَنْتِ فَتَرِبَتْ يَمِينُكِ، نَعَمْ فَلْتَغْتَسِلْ يَا أُمَّ سُلَيْمٍ إِذَا رَأَتْ ذَاكِ) رواه مسلم

واتە: لە (ئیسحاق)ی کوڕی (ابي طلحة)ەوە لە (ئەنەس)ەوە (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: (ئوم سولەیم)کە نەنکی ئیسحاق بوو هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) عائیشەش لەوێ بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ژن، ئەوەی پیاوێك لەخەودا دەیبینێ ئەمیش دەیبینێ، پیاو چی لەخۆیدا دەبینێ ئەمیش دەیبینێ؟ (ئایا خۆشۆردنی لەسەرە؟) (عائشە)(خوای لێ ڕازی بێت) وتی: هەی دەست بکەیت بەکەنوی خاڵیدا ئەی (ام سلیم) ئابڕووی ژنانت برد، پێغەمبەر (ﷺ) بە(عائشە)ی فەرموو: تۆدەست بکەیت بەکەنووی خاڵیدا، بەڵێ ئەی (ام سلیم) با خۆی بشۆرێت ئەگەر ئەوەی دی (لەخەویا).

پ١٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر شەو جەنابەتم کەوتە سەر چی بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: (ذَكَرَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ تُصِيبُهُ الْجَنَابَةُ مِنَ اللَّيْلِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (تَوَضَّأْ وَاغْسِلْ ذَكَرَكَ، ثُمَّ نَمْ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: ئیبن عومەر (ڕضی الله عنه) دەڵێ: عومەری کوڕی خەتاب پرسیاری لە پێغەمبەر کرد ئەگەر (ﷺ) تووشی جەنابەت بووم بەشەو چی بکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: دەستنوێژ بگرە، و زەکەرت بشۆ، دوایی بخەوە.(وە دەتوانی ئەو دەمەش خۆت بشۆی)

پ١٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر پیاوێك ئاوی هاتەوە بێ خەو بینین یان خەوی بینی بەڵام ئاوی نەهاتەوە غوسلی لەسەرە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَائِشَةَ، قَالَتْ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الرَّجُلِ يَجِدُ البَلَلَ وَلَا يَذْكُرُ احْتِلَامًا؟ قَالَ: (يَغْتَسِلُ)، وَعَنِ الرَّجُلِ يَرَى أَنَّهُ قَدْ احْتَلَمَ وَلَمْ يَجِدْ بَلَلًا؟ قَالَ: (لَا غُسْلَ عَلَيْهِ)، قَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَلْ عَلَى المَرْأَةِ تَرَى ذَلِكَ غُسْلٌ؟ قَالَ: (نَعَمْ، إِنَّ النِّسَاءَ شَقَائِقُ الرِّجَالِ) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ): ئەگەر پیاوێك تەڕایەتی بینی (واتە: ئاوی هاتۆتە خوارەوە) بەڵام بەبیری نیە ئیحتلامی بووبێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: غوسلی دەکەوێتە سەر، وە پرسیاری لێ کرا پیاوێك ئیحتیلامی بووە، بەڵام ئاوی نەهاتۆتە خوارەوە، فەرمووی: غوسلی لەسەر نیە.

پ١٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر پیاوێك لەگەڵ خێزانی جیماعی کرد، بەڵام ئاوی نەهاتەوە،ئایا غوسلیان لەسەرە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ، زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ: إِنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) عَنِ الرَّجُلِ يُجَامِعُ أَهْلَهُ ثُمَّ يُكْسِلُ هَلْ عَلَيْهِمَا الْغُسْلُ؟ وَعَائِشَةُ جَالِسَةٌ. فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) (إِنِّي لَأَفْعَلُ ذَلِكَ، أَنَا وَهَذِهِ، ثُمَّ نَغْتَسِلُ)رَوَاهُ مُسْلِمٌ

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) وتی: پیاوێك پرسیاری لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد لەبارەی پیاوێکەوە کەسەرجێیی: (تێکەڵی لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات و ئینجا تاقەتی نەمێنێ (واتە: ئاوی نەیەتەوە) ئایا خۆشۆردنیان لەسەرە؟ لەوکاتەدا (عائشە)لەوێ دانیشتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (من و ئەمە(عائشە) وادەکەین و دوایی خۆمان دەشۆرین). (يقال أكسل الرجل في جماعه إذا ضعف عن الإنزال)

پ١٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من پرچم زۆرە چی بکەم لە کاتی غوسلی جەنابەت ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ، قَالَتْ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ إِنِّي امْرَأَةٌ أَشُدُّ ضَفْرَ رَأْسِي فَأَنْقُضُهُ لِغُسْلِ الْجَنَابَةِ؟ قَالَ: (لَا إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِي عَلَى رَأْسِكِ ثَلَاثَ حَثَيَاتٍ ثُمَّ تُفِيضِينَ عَلَيْكِ الْمَاءَ فَتَطْهُرِينَ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ

وعند ابي داود(وَاغْمِزِي قُرُونَكِ عِنْدَ كُلِّ حَفْنَةٍ) رواه ابو داود قال الالباني حسن

واتە: ئوم سەلەمە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) من ئافرەتێکم پەرچم زۆرە و پۆڕە ئایا کەزییەکانی سەرم هەڵوشێنمەوە لە کاتی غوسلی جەنابەت؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: نەخێر تەنها سێ چەنگ (مست) ئاوی بەسەردا بکە و دوایش ئاو بەسەر هەموو لاشەدا بکە پاك دەبیتەوە.

پ١٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئێمە کە دەچینە مزگەوت کراسەکانمان لە ڕێگادا بەشتی پیس دەکەوێ چی بکەین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ امْرَأَةٍ مِنْ بَنِي عَبْدِ الْأَشْهَلِ قَالَتْ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ لَنَا طَرِيقًا إِلَى الْمَسْجِدِ مُنْتِنَةً فَكَيْفَ نَفْعَلُ إِذَا مُطِرْنَا قَالَ أَلَيْسَ بَعْدَهَا طَرِيقٌ هِيَ أَطْيَبُ مِنْهَا قَالَتْ قُلْتُ بَلَى قَالَ فَهَذِهِ بِهَذِهِ) رواه ابو داود قال الالباني صحيح

واتە: ئافرەتێك لەبەنی عەبدی ئەلئەشهەل خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: وتم ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئەو ڕێگایەی ئێمە بۆی دێینە مزگەوت پیس و بۆگەنە چی بکەین لە کاتی باران بارین ؟(واتە: جل وبەرگمان بەر زەوی دەکەوێ و پیس دەبێ) پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: لەپاش ئەو پیس بوونە لەسەر شوێنی پاك ناڕۆن ؟ئەڵێ گوتم: بەڵێ، فەرمووی: ئەم پاکە ئەم پیسە پاك دەکاتەوە.

پ١٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئێمە جل وبەرگمان بە خوێنی حەیز دەبێ ئایا چی بکەین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أُمِّ قَيْسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ دَمِ الْحِيضَ يَكُونُ فِي الثَّوْبِ، قَالَ: (اغْسِلِيهِ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ، وَحُكِّيهِ بِضِلَعٍ) سنن الدارمي وابن ماجه قال المحقق حسين سليم أسد الداراني اسناده صحيح وقال الالباني حسن صحيح

واتە: ئوم قەیس خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی خوێن کاتێ بەجل وبەرگەوە دەنووسێ، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بیشۆ بە ئاو و سیدر (سیدر) واتە: ئیمرۆ سابون و هاوشێوەکانی دەگرێتەوە) بە دەستەکانت هەریشێوە .

وفي رواية (عَنْ أَسْمَاءَ قَالَتْ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَتْ: إِحْدَانَا يُصِيبُ ثَوْبَهَا مِنْ دَمِ الْحَيْضَةِ، كَيْفَ تَصْنَعُ بِهِ، قَالَ: (تَحُتُّهُ، ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالْمَاءِ، ثُمَّ تَنْضَحُهُ، ثُمَّ تُصَلِّي فِيهِ) رواه مسلم

واتە: (ئەسما)ی کچی (ئەبوبەکر) (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێ هات بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: یەکێکمان (جاری وا هەیە) جلەکانی خۆێنی حەیزی بەردەکەوێت چی لێ بکات؟ فەرمووی: بی پرۆێنە ئینجا ئاوی پیا بکەو دەستی لێ بخە، ئینجا ئاوی پیا بکەرەوە دوایی نوێژی پێوە بکە). (واتە: بیشۆرە).

شرح: (تحته ثم تقرصه بالماء ثم تنضحه) معنى تحته تقشره وتحكه وتنحته ومعنى تقرصه الدلك بأطراف الأصابع والأظفار مع صب الماء عليه حتى يذهب أثره ومعنى تنضحه تغسله)

پ.٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر مشک کەوتە ناو ڕوون چ لە ڕوونەکە بکەین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ مَيْمُونَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) سُئِلَ عَنْ فَأْرَةٍ سَقَطَتْ فِي سَمْنٍ فَقَالَ أَلْقُوهَا وَمَا حَوْلَهَا فَاطْرَحُوهُ وَكُلُوا سَمْنَكُمْ) رواه البخاري

واتە: مەیمونە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر مشک کەوتە ناو ڕوون چی بکەین، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: مشکەکەو دەوروبەری فڕێ بدەن، ئەوەی دیکە بخۆن (دیارە مەبەستی ڕوونی پەیتە)

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پێستی مردارەوەبوو پیسە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ جُلُودِ الْمَيْتَةِ فَقَالَ: (دِبَاغُهَا طَهُورُهَا) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: عائیشە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی پێستی ئاژەڵی مرداربوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خۆشکردنی پێست پاک بونەوەیەتی. (دیارە ئەم ئاژەڵانە دەگرێتەوە کە گۆشتیان دەخورێ)

وفي رواية (عَنْ عَائِشَةَ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (ذَكَاةُ الْمَيْتَةِ دِبَاغُهَا) رواه النسائي قال الالباني صحيح

پ٢٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆن دەستنوێژ هەڵدەگیرێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ لَقِيطِ بْنِ صَبِرَةَ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَخْبِرْنِي عَنِ الْوُضُوءِ. قَالَ: (أَسْبِغِ الْوُضُوءَ وَخَلِّلْ بَيْنَ الْأَصَابِعِ وَبَالِغْ فِي الِاسْتِنْشَاقِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ صَائِمًا) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ وَالنَّسَائِيُّ وَرَوَى ابْنُ مَاجَه والدارمي قال الالباني صحيح

واتە: لەقیتی کوڕی سەبیرە (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی چۆنیەتی دەستنوێژ گرتن، فەرمووی: جوان دەستنوێژ بگرە، و کەلێنی ناو پەنجەکانت بشۆ، و زۆر ئاو لە دەمت وەربکە مەگەر بە ڕۆژوو بی.

پ٢٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) پاداشتی دەستنوێژ چییە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أبي أُمَامَةَ عن عَمْرَو بن عَبَسَةَ يَقُولُ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ كَيْفَ الْوُضُوءُ قَالَ أَمَّا الْوُضُوءُ فَإِنَّكَ إِذَا تَوَضَّأْتَ فَغَسَلْتَ كَفَّيْكَ فَأَنْقَيْتَهُمَا خَرَجَتْ خَطَايَاكَ مِنْ بَيْنِ أَظْفَارِكَ وَأَنَامِلِكَ فَإِذَا مَضْمَضْتَ وَاسْتَنْشَقْتَ مَنْخِرَيْكَ وَغَسَلْتَ وَجْهَكَ وَيَدَيْكَ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ وَمَسَحْتَ رَأْسَكَ وَغَسَلْتَ رِجْلَيْكَ إِلَى الْكَعْبَيْنِ اغْتَسَلْتَ مِنْ عَامَّةِ خَطَايَاكَ فَإِنْ أَنْتَ وَضَعْتَ وَجْهَكَ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ خَرَجْتَ مِنْ خَطَايَاكَ كَيَوْمَ وَلَدَتْكَ أُمُّكَ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو ئومامە لە عەمری کوڕی عەبەسەوە (ﷺ) دەڵێ: وتم ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) دەستنوێژ چۆن دەگیرێ ؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: کاتێ هەڵسای بۆ دەستنوێژ هەردوو دەستەکانت شوشتن، گوناهەکانی هەردوو دەستت دەردەچن لە نیوان نینۆک و پەنجەکان و کاتێک ئاوت کردە دەم و لووت و دەم وچاو و دەستەکانت شوشت تاکو ئانیشک، و سەرت مەسح کرد، وەپێیەکانت

شوشتن تاکو پاژنە پێ، واتە خۆت شوشت لە هەموو گوناحەکان، وە کاتێ سەرت بۆ خودا لە سوجدە دانا هەموو گوناحەکان دەردەچن وەها پاك دەبیتەوە وەك منداڵی تازە لە دایك بوو.

پ٢٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە لە سێ جار زیاتر ئەندامەکانی دەستنوێژ بشۆرێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، قَالَ جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَسَأَلَهُ عَنِ الْوُضُوءِ، فَأَرَاهُ ثَلَاثًا ثَلَاثًا، ثُمَّ قَالَ: (هَذَا الْوُضُوءُ، فَمَنْ زَادَ عَلَى هَذَا فَقَدْ أَسَاءَ، أَوْ تَعَدَّى، أَوْ ظَلَمَ) رَوَاهُ النَّسَائِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ قال الالباني حسن قَوْلُهُ: (ظَلَمَ). يَعْنِي جَاوَزَ الْحَدَّ وَاللَّهُ أَعْلَمُ

واتە: عەمری کوڕی شوعەیب (ﷺ) دەڵێ: پیاوێکی دەشتەکی هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ)، پرسیاری کرد سەبارەت بە دەستنوێژ، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا سێ جار سێ جاری فێرکرد، دوایی فەرمووی: ئەوە دەستنوێژە، ئەوەی لەمە زیاتر بکات، بێگومان خراپەی کردوە، یان سنووری بەزاندوە یان زوڵمی کردوە(واتە: لە سێ جار سێ جار زیاتر ئەندامەکان مەشۆن)

پ٢٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە ئاوی دەستنوێژ گرتن ئیسراف هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، (أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) مَرَّ بِسَعْدٍ وَهُوَ يَتَوَضَّأُ فَقَالَ: مَا هَذَا السَّرَفُ يَا سَعْدُ قَالَ: أَفِي الْوُضُوءِ سَرَفٌ؟ ! قَالَ: نَعَمْ! وَإِنْ كُنْتَ عَلَى نَهْرٍ جَارٍ) رَوَاهُ أَحْمَدُ، وَابْنُ مَاجَهْ قال الالباني صحيح في (تراجعات الالباني)

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاس خوا لە خۆی وباوکی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) بەلای سەعد رابرد دەستنوێژی دەگرت، پێی فەرموو: ئەی سەعد بۆچی ئەو هەموو ئاوە بۆ دەستنوێژ سەرف دەکەی؟ سەعد وتی: ئایا بۆ دەستنوێژیش ئیسرافە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ ئەگەر لە سەر ڕوبارێش بی.

بۆ ئاگاداری: دەستنوێژی تێروتەواوە بەم شێوەیە:

(١٢٧ـ عن حُمْرَانَ، مَوْلَى عُثْمَانَ (رضي الله عنه): أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّان (رضي الله عنه) دَعَا بِوَضُوءٍ فَتَوَضَّأَ: فَغَسَلَ كَفَّيْهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْثَرَ، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُمْنَى إِلَى الْمِرْفَقِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُسْرَى مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ مَسَحَ رَأْسَهُ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَهُ الْيُمْنَى إِلَى الْكَعْبَيْنِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ غَسَلَ الْيُسْرَى مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا، ثُمَّ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ، لَا يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ). رواه البخاري قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: وَكَانَ عُلَمَاؤُنَا يَقُولُونَ: هَذَا الْوُضُوءُ أَسْبَغُ مَا يَتَوَضَّأُ بِهِ أَحَدٌ لِلصَّلَاةِ.

واتە: (حیمران)ی کارگوزاری (عوسمان)ی کوڕی (عەفان)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: (عوسمان)کوڕی (عەفان)(خوای لێی ڕازی بێت) داوای ئاوی دەستنوێژی کردوو، دەستنوێژی گرت: دەستەکانی سێ جار شۆرد ئاوی لە دەم ولووتی وەرداو، سێ جار دەموچاوی شۆرد، ئینجا دەستی ڕاستی هەتا ئەنیشکی سێ جار شۆردو، دەستی چەپیشی بەوشێوەیە، پاشان مەسحی سەریکرد، پاشان قاچی ڕاستی تا قولە پێی سێ جار شۆرد، قاچی چەپیشی بەهەمان شێوە، ئینجا وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) م دیووە وەکو ئەم دەستنوێژەی من دەستنوێژی گرتووە، پاشان فەرمووبەتی: (هەرکەس دەستنوێژ وەکو ئەم دەستنوێژەی من بگرێت، ئینجا هەستێ و دوورکات نوێژ بکات لەنوێژەکەدا دالّغەلێنەدا ،(خودا) لەهەموو گوناهە ڕابردووەکانی دەبوردرێت). (ئیبن شەهاب) دەڵێ: زانایانمان دەڵێن: ئەم دەستنوێژە تەواوترین دەستنوێژە کەسێك بیگرێت بۆ نوێژکردن.

پ٣٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کەسی جەنابەتدار دەتوانێ بە جەنابەتەوە بخەوێ وبخواو بخواتەوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنِ الْجُنُبِ، هَلْ يَنَامُ، أَوْ يَأْكُلُ، أَوْ يَشْرَبُ؟ قَالَ: (نَعَمْ، إِذَا تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ) رواه ابن ماجه صحيح

واتە: جابیری کوڕی عبدالله (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی کەسی لەش پیس (جەنابەتدار) ئایا دەتوانێ بخەوی، یان نان بخوا یان ئاو بخواتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بەڵێ دەتوانێ بخەوێ و بخوا وبخواتەوە، ئەگەر دەستنوێژێك بگرێ وەکو دەستنوێژی نوێژ (ئەم دەستنوێژە سوننەتە نەك واجب)

پ٣٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چەند ڕۆژ دەتوانین خوف لە پێ بکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ خُزَيْمَةَ بْنِ ثَابِتٍ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، أَنَّهُ سُئِلَ عَنِ المَسْحِ عَلَى الخُفَّيْنِ؟ فَقَالَ: (لِلْمُسَافِرِ ثَلَاثَةٌ، وَلِلْمُقِيمِ يَوْمٌ) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: خوزەیمەی کوڕی سابیت (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی مەسحی سەر خوف و (هاوشێوەی) پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بۆ ڕێبوار سێ ڕۆژە بۆ نیشتەجێ ڕۆژێك (بۆ زانین: ئەو سێ ڕۆژە بەشەوەکانەوە، ئەو ڕۆژەش بە شەوەکەیەوە، وپاش ئەوەی دەستنوێژ دەگرێ خوف لەپێ دەکرێ، کەی دەستنوێژی شکا لەو کاتەوە هەژمار دەکرێ)

وفي رواية(عَنْ خُزَيْمَةَ بْنِ ثَابِتٍ: سَأَلْنَا النَّبِيَّ (ﷺ) عَنِ الْمَسْحِ عَلَى الْخُفَّيْنِ، فَرَخَّصَ لِلْمُسَافِرِ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِيَهُنَّ) رواه احمد قال شعيب حديث صحيح، رجاله ثقات رجال الشيخين

پ٣٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر بۆ ماوەی چوار مانگ ئاومان نەبوو، چی بکەین بۆ دەستنوێژ وغوسل ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَقَالَ إِنَّا نَكُونُ بِهَذَا الرَّمْلِ فَلَا نَجِدُ الْمَاءَ وَيَكُونُ فِينَا الْحَائِضُ وَالْجُنُبُ وَالنُّفَسَاءُ فَيَأْتِي عَلَيْهَا أَرْبَعَةُ أَشْهُرٍ لَا تَجِدُ الْمَاءَ قَالَ عَلَيْكَ بِالتُّرَابِ يَعْنِي التَّيَمُّمَ) رواه أحمد: قال الشيخ الأرناؤوط: حديث حسن

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێکی عەرەبی بیابانەنشین پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) گوتی: ئێمە لە بیابانین، ئاومان نیە، و لەناوماندا هەیە ئافرەتی حەیزدار و کەسانی جەنابەتدار و ئافرەتی منداڵ بوو، جا چوار مانگ بەسەردا تێ دەپەڕێ ئاویان دەست ناکەوێ چی بکەن؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خۆڵ بەکاربێنن (واتە: تەیموم بکەن)

وفی روایه(عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (الصَّعِيدُ الطَّيِّبُ وَضُوءُ الْمُسْلِمِ، وَإِنْ لَمْ يَجِدِ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو زەر (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووبەتی: خۆڵی پاك دەستنوێژی موسڵمانە، ئەگەر دە ساڵیش ئاوی دەست نەکەوێ.

پ٢٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) پیاو وئافرەت چۆن غوسل بکەن ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ثَوْبَانَ أَنَّهُمْ اسْتَفْتَوْا النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ أَمَّا الرَّجُلُ فَلْيَنْشُرْ رَأْسَهُ فَلْيَغْسِلْهُ حَتَّى يَبْلُغَ أُصُولَ الشَّعْرِ وَأَمَّا الْمَرْأَةُ فَلَا عَلَيْهَا أَنْ لَا تَنْقُضَهُ لِتَغْرِفْ عَلَى رَأْسِهَا ثَلَاثَ غَرَفَاتٍ بِكَفَّيْهَا) رواه ابوداود قال الالباني صحيح

واتە: سەوبان (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیارمان لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) دەربارەی غوسلی پیاو وئافرەت چۆن دەکرێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: سەبارەت بە پیاو قژی خۆی خاوەکاتەوە و دەیشوات تاکو ئاو دەگاتە بن مووەکانی، بەڵام ئافرەت لەسەری نیە قژی خاوبکاتەوە تەنها سێ چەنگ ئاو بەسەر سەری خۆی دادەکات (ئەوەش لەبەر ئەوەیە چونکە ئافرەت قژی زۆرە و دەیکاتە لوولەوکەزی)

پ.٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئافرەت چۆن غوسڵی حەیز و جەنابەت دەکات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ: أَنَّ أَسْمَاءَ سَأَلَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ غُسْلِ الْمَحِيضِ؟ فَقَالَ: تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ، ثُمَّ تَصُبُّ عَلَي رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّي تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا، ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَا الْمَاءَ، ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا). فَقَالَتْ أَسْمَاءُ: وَكَيْفَ أَتَطَهَّرُ بِهَا؟ فَقَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ، تَطَهَّرِينَ بِهَا). فَقَالَتْ عَائِشَةُ -كَأَنَّهَا تُخْفِي ذَلِكَ- تَتَبَّعِينَ أَثَرَ الدَّمِ. وَسَأَلَتْهُ عَنْ غُسْلِ الْجَنَابَةِ؟ فَقَالَ: (تَأْخُذُ مَاءً فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ -أَوْ: تُبْلِغُ الطُّهُورَ -ثُمَّ تَصُبُّ عَلَي رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ حَتَّي تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا، ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ). فَقَالَتْ عَائِشَةُ: نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الْأَنْصَارِ، لَمْ يَكُنْ يَمْنَعُهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ) متفق عليه

واتە: (عائیشە)(دەڵێ: (ئەسما)(خوای لێی ڕازی بێت) پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) لەبارەی خۆشۆردنی حەیزەوە؟ فەرمووی: یەکێکتان ئاو هەڵدەگرێت لەگەڵ سیدرا (گەڵای دارێکە لەباتی صابون بەکاریان هێناوە) بەباشی خۆی پاك دەکاتەوە، ئینجا ئاو دەکات بە سەریا بەتوندی دەستی لێدەخات هەتا ئاو دەگاتە پێستی سەری، پاشان ئاوی تر دەکا بەسەریا، ئینجا پارچە لۆکەیەك هەڵدەگرێت و خۆی پێ پاك دەکاتەوە. (ئەسما) وتی: چۆن خۆمی پێ پاك بکەمەوە؟ فەرمووی (سبحان الله) خۆتی پێپاك بکەرەوە) عائیشە وتی: وەکو بیەوێ بەنهێنی پێیی بڵێ شوێن و شوێنەواری خوێنەکەی پێپاك بکەرەوە، ئینجا پرسیاری لێکرد لەبارەی خۆشۆردنی لەشگرانییەوە؟ فەرمووی: (ئاو هەڵدەگریت بەباشی خۆت دەشۆریت، ئینجا ئاو دەکەیت بەسەرتاو دەست دەخەیت لەسەرت تا پێستی سەرت تەڕ دەبێت، ئینجا ئاویتر دەکەیت بەسەرتا) عائشە وتی: باشترین ئافرەت ئافرەتی ئەنسارەکانن، شەرم ڕێگای لێنەگرتن کەشارەزابن لەئایینەکەیان.

پ٣١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چی دروستە بۆ پیاو تاکو چیژ وەربگرێ لە ئافرەتی حەیزدار؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ حَرَامِ بْنِ حَكِيمٍ عَنْ عَمِّهِ أَنَّهُ سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَا يَحِلُّ لِي مِنْ امْرَأَتِي وَهِيَ حَائِضٌ قَالَ لَكَ مَا فَوْقَ الْإِزَارِ) رواه ابو داود قال الالباني صحيح

واتە: حەرامی کوڕی حەکیم (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) چی دروستە بۆم لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار ئەنجام بدەم (واتە: خێزانی خۆی)، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بۆت هەیە لەسەر پەشتەماڵ لەزەتی لێ وەربگری.

تێبینی: پیاو دەتوانێ لەگەڵ هاوسەری خۆی راوبوێرێ جلیشی لەبەر نەبێ)

پ٣٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) جوولەکە لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار نان ناخۆن و لە ماڵ لەگەلیان دانانیشن ئێمە چی بکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(ـ عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه): أَنَّ الْيَهُودَ كَانُوا إِذَا حَاضَتِ الْمَرْأَةُ فِيهِمْ لَمْ يُؤَاكِلُوهَا، وَلَمْ يُجَامِعُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ، فَسَأَلَ أَصْحَابُ النَّبِيِّ (ﷺ)النَّبِيَّ ((ﷺ) فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ) إِلَى آخِرِ الْآيَةِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (اصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا النِّكَاحَ). فَبَلَغَ ذَلِكَ الْيَهُودَ فَقَالُوا: مَا يُرِيدُ هَذَا الرَّجُلُ أَنْ يَدَعَ مِنْ أَمْرِنَا شَيْئًا إِلَّا خَالَفَنَا فِيهِ. فَجَاءَ أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ وَعَبَّادُ بْنُ بِشْرٍ فَقَالَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ الْيَهُودَ تَقُولُ كَذَا وَكَذَا، فَلَا نُجَامِعُهُنَّ؟ فَتَغَيَّرَ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى ظَنَنَّا أَنْ قَدْ وَجَدَ عَلَيْهِمَا، فَخَرَجَا، فَاسْتَقْبَلَهُمَا هَدِيَّةٌ مِنْ لَبَنٍ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَأَرْسَلَ فِي آثَارِهِمَا فَسَقَاهُمَا، فَعَرَفَا أَنْ لَمْ يَجِدْ عَلَيْهِمَا) رواه مسلم

واتە: (ئەنەس) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: جوولەکەکان ئەگەر ئافرەتیان بکەوتایەتە بێنوێژیی، نانیان لەگەڵ نەدەخوارد، لەماڵدا لەگەڵیان دانەدەنیشتن،

هاوەڵان لە پێغەمبەریان (ﷺ) پرسی لەوبارەیەوە، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە (وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ) واتە: پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی حەیز بڵێ: حەیز ئازارە کەواتە دووربکەونەوە لە هاوسەرەکانتان لەکاتی حەیزدا و نزیکیان مەکەون تا پاك دەبنەوە کە خۆیان شوشت(دوای پاك بوونەوە) ئینجا بچنە لایان لەو شوێنەوە کە خوا فەرمانی پێداون بەڕاستی خوا تۆبەکارانی خۆش دەوێت و پاکانی خۆش دەوێت،.پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەموو شتێکی لەگەڵدا بکەن جگە لە سەرجێیی، ئەو هەواڵە گەیشت بە جولەکەکان، وتیان: ئەم پیاوە دەیەوێ هەرچی کاری ئێمە هەیە پێچەوانەکەی بکات، (اسید) کوری(حضیر) و (عباد) کوڕی (بشر) هاتن وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا جولەکەکان ئاواو ئاوا دەڵێن: ئایا سەر جێییان لەگەڵدا نەکەین؟ ڕەنگی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەندە گۆڕا هەتا واگومانمان برد کە پێغەمبەر(ﷺ) لێیان تووڕە بووبێت، ڕۆیشتنە دەرەوە، گەیشتن بەقاپێ شیر کەبەدیاری بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتبوو، ئەویش ناردی بەدوایاندا، لەوشیرە بەشیدان خواردیانەوە، بەوەدا زانیان کە پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە نییە لێیان.

وفي رواية-(وَقَالَ الْمُفَسِّرُونَ: كَانَتِ الْعَرَبُ فِي الْجَاهِلِيَّةِ إِذَا حَاضَتِ الْمَرْأَةُ (مِنْهُمْ) لَمْ يُؤَاكِلُوهَا وَلَمْ يُشَارِبُوهَا، وَلَمْ يُسَاكِنُوهَا فِي بَيْتٍ، كَفِعْلِ الْمَجُوسِ، فَسَأَلَ أَبُو الدَّحْدَاحِ رسول اللَّه صلى اللَّه عليه وسلم، عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا نَصْنَعُ بِالنِّسَاءِ إِذَا حِضْنَ. فَأَنْزَلَ اللَّهُ هَذِهِ الْآيَةَ.) اسباب نزول القرآن للواحدي

واتە: تۆڕەڕەوانی قورئان دەڵێن: عەرەبەکان لە سەردەمی نەزانیدا (پێش ئیسلام) ئەگەر ئافرەتێك کەوتبایە سوڕی مانگانە (حەیز) خواردن و خواردنەوەیان لەگەڵ نەدەخواردن و لە ماڵێش لەگەڵیدا نەدەبوون، چاویان لە ئاگرپەرستان دەکرد، جا ئەبو دەحداح لەم بارەوە پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) ئایا چ لەو ئافرەتانە بکەین کە دەکەونە حەیزەوە، بۆ ئەم وەڵامە خوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاندو فەرمووی (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ.....)

وفي رواية (عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) (عَنْ مُؤَاكَلَةِ الْحَائِضِ قَالَ: وَاكِلْهَا) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی سەعد (ڕضی الله عنه) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ)کرد: ئایا نان لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار بخۆم، فەرمووی: بەڵێ بیخۆ.

پ٣٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئافرەتی منداڵ بوو ماوەی پاك بوونەوەی چەندە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أم سلمة ، عن النبي (ﷺ) أنها سألته كم تجلس المرأة إذا ولدت؟ ، قال: (تجلس أربعين يوما إلا أن ترى الطهر قبل ذلك) سنن دار قطني

واتە: ئوم سەلەمە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) ئایا ئافرەتی منداڵ بوو بۆ پاك بوونەوە چەند چاوەڕێ دەکات ، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: چل ڕۆژ چاوەڕوان دەکات، مەگەر ئافرەتێك پێش ئەو چل ڕۆژە پاك بێتەوە (واتە: پاش منداڵ بوون هەر کات پاك بوویەوە خۆی دەشوات ونوێژ دەکات)

وفي رواية (عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ، قَالَتْ: كَانَتِ النُّفَسَاءُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) (تَجْلِسُ أَرْبَعِينَ يَوْمًا، وَكُنَّا نَطْلِي وُجُوهَنَا بِالْوَرْسِ مِنَ الْكَلَفِ)رواه ابن ماجه قال الالباني حسن صحيح

پ٣٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر ئافرەتێکی سگپڕ مێردەکەی مرد کەی دەتوانێ شوو بکاتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي سَلَمَةَ، قَالَ: سُئِلَ ابْنُ عَبَّاسٍ، وَأَبُو هُرَيْرَةَ، عَنِ الْمُتَوَفَّى عَنْهَا زَوْجُهَا وَهِيَ حَامِلٌ؟ قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: آخِرُ الْأَجَلَيْنِ، وَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: إِذَا وَلَدَتْ فَقَدْ حَلَّتْ، فَدَخَلَ أَبُو

سَلَمَةَ إِلَى أُمِّ سَلَمَةَ، فَسَأَلَهَا عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَتْ: وَلَدَتْ سُبَيْعَةُ الْأَسْلَمِيَّةُ بَعْدَ وَفَاةِ زَوْجِهَا بِنِصْفِ شَهْرٍ، فَخَطَبَهَا رَجُلَانِ أَحَدُهُمَا شَابٌّ وَالْآخَرُ كَهْلٌ، فَحَطَّتْ إِلَى الشَّابِّ، فَقَالَ الْكَهْلُ: لَمْ تَحْلِلْ، وَكَانَ أَهْلُهَا غُيَّبًا، فَرَجَا إِذَا جَاءَ أَهْلُهَا أَنْ يُؤْثِرُوهُ بِهَا، فَجَاءَتْ رَسُولَ اللَّهِ ولدت فَقَالَ: (قَدْ حَلَلْتِ فَانْكِحِي مَنْ شِئْتِ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو سەلەمە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: لە ئیبن عەباس و ئەبو هورەیرە پرسیار کرا دەربارەی ئافرەتێکی سگپڕ کە مێردی مردووە؟ ئیبن عەباس وتی: لە هەردوو عیددەکان کامیان درێژ تر بۆ ئەویان چاوەڕێ دەکات، ئەبو هورەیرە گوتی: هەر کاتێ ئافرەتەکە منداڵی بوو، عیددەی تەواو دەبێ دەتوانێ شوو بکاتەوە،بۆ ئەم مەبەستە ئەبو سەلەمە چووە لای ئوم سەلەمە پرسیاری لێ کرد، ئەویش گوتی: (سوبیعەی ئەسلەمی) پاش مردنی مێردەکەی بە نیو مانگ (١٥) ڕۆژ منداڵی بوو، دوو پیاو هاتنە داخوازی، یەکیان گەنج بوو، ئەوی دیکەیان جوامێر بوو، (سوبیعە) بۆ گەنجەکە ڕازی بوو، پیاوە جوامێرەکە وتی: هێشتا عیددەی تەواو نەبووە، ئافرەتەکە چووە لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر پێی فەرموو: ماوەت تەواو بووە، کامیانت پێ خۆشە شوو بەو بکە.

پ٣٥/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئافرەت ئیحتیلامی دەبێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ قَتَادَةَ، أَنَّ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ، حَدَّثَهُمْ أَنَّ أُمَّ سُلَيْمٍ، حَدَّثَتْ أَنَّهَا سَأَلَتْ نَبِيَّ اللهِ (ﷺ) عَنِ الْمَرْأَةِ تَرَى فِي مَنَامِهَا مَا يَرَى الرَّجُلُ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) (إِذَا رَأَتْ ذَلِكَ الْمَرْأَةُ فَلْتَغْتَسِلْ) فَقَالَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ: وَاسْتَحْيَيْتُ مِنْ ذَلِكَ، قَالَتْ: وَهَلْ يَكُونُ هَذَا؟ فَقَالَ نَبِيُّ اللهِ (ﷺ): (نَعَمْ، فَمِنْ أَيْنَ يَكُونُ الشَّبَهُ؟ إِنَّ مَاءَ الرَّجُلِ غَلِيظٌ أَبْيَضُ، وَمَاءَ الْمَرْأَةِ رَقِيقٌ أَصْفَرُ، فَمِنْ أَيِّهِمَا عَلَا، أَوْ سَبَقَ، يَكُونُ مِنْهُ الشَّبَهُ) رواه مسلم

واتە: قەتادە خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: ئوم سولەیم پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد وتی: ئەگەر ئافرەت خەونی دیت وەکو پیاو(واتە: ئیحتیلامی بوو) چی لەسەرە؟ پێغەمبەر(ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی: ئەگەر ئاوی هاتە خوارەوە

خۆشوشتنی لەسەرە، ئوم سولیم دەڵێ: پرسیارم لێ کرد و شەرمیشم دەکرد، ئایا ئافرەت ئاوی دێتەوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی: بەڵێ، ئەدی چۆن بەیەك چوون روو دەدات، ئاوی پیاو سپی خەستە، وە ئاوی ئافرەت زەردێکی شلە، جا کامیان سەرکەوت، یان پێشکەوت بەو دەچێ. (واتە: منداڵ)

تەیەمومی لەش گران:

پ٣٦/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) جەنابەتم لەسەر بوو ئاوم دەست نەکەوت خۆم لە خۆڵ وەردا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ شَقِيقٍ قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا مَعَ عَبْدِ اللَّهِ وَأَبِي مُوسَى (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ)، فَقَالَ أَبُو مُوسَى: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ، أَرَأَيْتَ لَوْ أَنَّ رَجُلًا أَجْنَبَ فَلَمْ يَجِدِ الْمَاءَ شَهْرًا، كَيْفَ يَصْنَعُ بِالصَّلَاةِ؟ فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَا يَتَيَمَّمُ وَإِنْ لَمْ يَجِدِ الْمَاءَ شَهْرًا، فَقَالَ أَبُو مُوسَى: فَكَيْفَ بِهَذِهِ الْآيَةِ فِي سُورَةِ الْمَائِدَةِ: (فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا). فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَوْ رُخِّصَ لَهُمْ فِي هَذِهِ الْآيَةِ لَأَوْشَكَ إِذَا بَرَدَ عَلَيْهِمُ الْمَاءُ أَنْ يَتَيَمَّمُوا بِالصَّعِيدِ فَقَالَ أَبُو مُوسَى لِعَبْدِ اللَّهِ: أَلَمْ تَسْمَعْ قَوْلَ عَمَّارٍ: بَعَثَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي حَاجَةٍ، فَأَجْنَبْتُ، فَلَمْ أَجِدِ الْمَاءَ، فَتَمَرَّغْتُ فِي الصَّعِيدِ كَمَا تَمَرَّغُ الدَّابَّةُ، ثُمَّ أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ: (إِنَّمَا يَكْفِيكَ أَنْ تَقُولَ بِيَدَيْكَ هَكَذَا). ثُمَّ ضَرَبَ بِيَدَيْهِ الْأَرْضَ ضَرْبَةً وَاحِدَةً، ثُمَّ مَسَحَ الشِّمَالَ عَلَى الْيَمِينِ، وَظَاهِرَ كَفَّيْهِ وَوَجْهَهُ؟ فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: أَوَلَمْ تَرَ عُمَرَ لَمْ يَقْنَعْ بِقَوْلِ عَمَّارٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ)؟ رواه البخاري

واتە: (شقیق) دەڵێ: من لەگەڵ (عبدالله) و (ئەبوموسی)(خوای لێی ڕازی بێت) دانیشتبووین، (ئەبوموسی) وتی: ئەی باوکی (عبدالرحمن): ئایا ئەگەر پیاوێك لەشی گرانبوو و تا مانگێ ئاوی دەست نەکەوت، چۆن نوێژ بکات؟ (عبدالله) وتی: تەیەموم ناکات بامانگێ ئاوی دەست نەکەوێ، (ئەبوموسی) وتی: ئەی چی دەکەیت لەگەڵ ئەم ئایەتەی سوورەتی (المائدە): (ئەگەر ئاویان دەست نەکەوت با بەخۆڵێکی پاك تەیەموم بکەن) (عبدالله) وتی:

ئەگەر ئەو مۆڵەتەیان بدرێتێ کە لەم ئایەتەدا هاتووە، لەوانەیە کاتێ ئاویش ساردبێت بەخۆڵ تەیەموم بکەن، (ابوموسی) بە(عبدالله)ی وت: ئایا ئەم قسەی عەممارت نەبیستووە کە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ کارێك ناردمی، تووشی لەشگرانی بووم، ئاوم دەست نەکەوت، منیش خۆمم لەخۆڵدا گەوزان وەکو ولاغ، ئینجا هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بۆم گێڕایەوە، فەرمووی: (بەڵکو ئەوەندەت بەس بوو کە بەدەستەکانت ئاوا بکەیت) دەستی دا بەزەویدا یەك جار (هێنای بەدەموچاویدا)پاشان دەستی چەپی هێنا بەدەست و قۆڵی ڕاستیا (عبدالله) ئایا نەتدی عومەر متمانەی بەقسەکەی عەممار نەبوو؟.

پ٣٧ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) فلان کەس غوسلی لەسەر بوو خۆی شوشت مرد ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: (خَرَجْنَا فِي سَفَرٍ، فَأَصَابَ رَجُلًا مَنَّا حَجَرٌ، فَشَجَّهُ فِي رَأْسِهِ، فَاحْتَلَمَ فَسَأَلَ أَصْحَابَهُ: هَلْ تَجِدُونَ لِي رُخْصَةً فِي التَّيَمُّمِ؟ قَالُوا: مَا نَجِدُ لَكَ رُخْصَةً وَأَنْتَ تَقْدِرُ عَلَى الْمَاءِ. فَاغْتَسَلَ فَمَاتَ، فَلَمَّا قَدِمْنَا عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) أُخْبِرَ بِذَلِكَ، قَالَ: قَتَلُوهُ، قَتَلَهُمُ اللَّهُ، أَلَا سَأَلُوا إِذْا لَمْ يَعْلَمُوا ; فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ، إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ، وَيَعْصِبَ عَلَى جُرْحِهِ خِرْقَةً، ثُمَّ يَمْسَحَ عَلَيْهَا، وَيَغْسِلَ سَائِرَ جَسَدِهِ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ حسن لغيره

واتە: جابیر (ﷺ) دەڵێ: دەرچووین بۆ سەفەر، پیاوێك لە ئێمە بەردێکی بەسەری کەوت بریندار بوو، پاشان ئیحتلامی بوو، پرسیاری کرد لە هاوەڵان ئایا مۆڵەتم هەیە تەیەموم بکەم؟ گوتیان: ئێمە نابینین مۆڵەت هەبێ،مادام ئاو لەبەر دەست بی، خۆی شوشت ومرد، کاتێ گەراینەوە هەواڵ درایە پێغەمبەر(ﷺ)، فەرمووی: کوشتیان خوابیان کوژێ، ئایا بۆچی پرسیار ناکەن مادام نازانن، دەرمانی نەزانی پرسیارە، بەڵکو تەیەمومی بەس بوو، برینەکەشی دادەپۆشی ومەسحی دەکرد، هەموو لاشەکەشی دەشوشت.

پ٣٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا تۆی پیاو(مەنی) ئەگەر بەجل وبەرگەوە بوو پیسە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن ابن عباس، قال: سئل النبي (ﷺ) عن المني يصيب الثوب، قال:(إنما هو بمنزلة المخاط والبزاق، وإنما يكفيك أن تمسحه بخرقة أو بإذخرة) دار قطني

واتە: ئیبن عەباس خودا لە خۆی وبابی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا(ﷺ)، دەربارەی مەنی بەجل وبەرگەوە بێ، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەو وەکو چلم و تفە، بەڵکو تەنها بە پارچە پەڕۆێك یان ئیزدەجیر بیسڕە(ازدجر) گیایەکی بۆن خۆشە.

تێبینی: عائیشە دەڵێ:من مەنیم بەجلەکانی پێغەمبەر ئەپرواند ئەگەر وشك بوایە، ئەم شۆری ئەگەر تەڕبوایە(فقه السنه)

پ٣٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چی بکەم دەربارەی خوێنی سووڕی مانگانە (العادة الشهرية) ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(حيض) عَنْ عَائِشَةَ، أَنَّهَا قَالَتْ: إِنَّ أُمَّ حَبِيبَةَ، سَأَلَتْ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) عَنِ الدَّمِ؟ فَقَالَتْ عَائِشَةُ: رَأَيْتُ مِرْكَنَهَا مَلْآنَ دَمًا. فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللهِ (ﷺ) (امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ، ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي) رواه ومسلم والنسائي (مركنها اي اجانة) تەشت

واتە: عائیشە خودای لێی ڕازی بێ دەڵێ: ئوم حەبیبە پرسیار کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی خوێنی حەیزی ئافرەتان؟ عائیشە بینیم تەشتی جل شوشتنی پڕ بوو لە خوێن، پێغەمبەر (ﷺ)پێی فەرموو: بمێنێوە بە ئەندازەی عادەی خۆت، پاشان خۆت بشۆ ونوێژ بکە.

(عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتِ: اسْتَفْتَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ بِنْتُ جَحْشٍ (رضي الله عنه) رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ: إِنِّي أُسْتَحَاضُ؟ فَقَالَ: (إِنَّمَا ذَلِكِ عِرْقٌ، فَاغْتَسِلِي ثُمَّ صَلِّي).

فَكَانَتْ تَغْتَسِلُ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ قَالَ اللَّيْثُ بْنُ سَعْدٍ: لَمْ يَذْكُرِ ابْنُ شِهَابٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَمَرَ أُمَّ حَبِيبَةَ بِنْتَ جَحْشٍ أَنْ تَغْتَسِلَ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ، وَلَكِنَّهُ شَيْءٌ فَعَلَتْهُ هِيَ) رواه البخاري

واتە: (عائیشە)(خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: (ئوم حبیبە) کچی (جەحش) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)کرد و وتی: من خوێنی نەخۆشیم پیادێت؟ فەرمووی: (ئەوە دەمارێکە، خۆت بشۆرە، ئینجا نوێژ بکە) ئەویش بۆ هەموو نوێژێك خۆی دەشۆرد.(لیث)کوڕی (سعد) وتی: (ابن شهاب)ئەوەی نەوت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە (ام حبیبە) (خوای لێی ڕازی بێت) کە بۆ هەموو نوێژێك خۆی بشوات، بەڵکو شتێك بووە خۆی کردوویەتی.

پ.٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چی بکەم لە خوێن چرکە (خوێنی نەخۆشی ئافرەتان) ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرٍ، أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ قَيْسٍ قَالَتْ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْمُسْتَحَاضَةِ قَالَ: (تَعْتَدُّ أَيَّامَ أَقْرَائِهَا، ثُمَّ تَغْتَسِلُ كُلَّ طُهْرٍ، ثُمَّ تَحْتَشِي، وَتُصَلِّي) المعجم الاوسط للطبراني

واتە: جابیر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: فاتیمە کچی قەیس گوتی: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) دەربارەی (ئیستحازە) خوێن چرکە، فەرمووی: چاوەڕوان دەکات هێندەی ڕۆژانی عادە، پاشان خۆی دەشوا، پاشان بە پەمۆ یان پەڕۆ دایدەخات، و نوێژ دەکات.

پ ٤١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من خوێنی نەخۆشیم پێدا دێتە خوارەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتِ: اسْتَفْتَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ بِنْتُ جَحْشٍ (رضي الله عنه) رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ: إِنِّي أُسْتَحَاضُ؟ فَقَالَ: (إِنَّمَا ذَلِكِ عِرْقٌ، فَاغْتَسِلِي ثُمَّ صَلِّي). فَكَانَتْ تَغْتَسِلُ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ قَالَ اللَّيْثُ بْنُ سَعْدٍ: لَمْ يَذْكُرِ ابْنُ شِهَابٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ

(ﷺ) أَمَرَ أُمَّ حَبِيبَةَ بِنْتَ جَحْشٍ أَنْ تَغْتَسِلَ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ، وَلَكِنَّهُ شَيْءٌ فَعَلَتْهُ هِيَ) رواه البخاري

واتە: (عائیشە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: (ئوم حبیبە) کچی (جەحش) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد و وتی: من خوێنی نەخۆشیم پیادێتە خوارەوە؟ فەرمووی: (ئەوە دەمارێکە، خۆت بشۆرە، ئینجا نوێژ بکە) ئەویش بۆ هەموو نوێژێك خۆی دەشۆرد.(لیث)ی کوڕی (سعد) وتی: (ابن شهاب)ئەوەی نەوت کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی کرد بە (ام حبیبە) (خوای لێ ڕازی بێت) کە بۆ هەموو نوێژێك خۆی بشوات، بەڵکو شتێك بووە خۆی کردوویەتی.

پ٤٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەگەر ئافرەت دەستی چووە ناو دامێنی خۆی چی لەسەرە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، أَنَّ بُسْرَةَ بِنْتَ صَفْوَانَ، سَأَلَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْمَرْأَةِ تُدْخِلُ يَدَهَا فِي فَرْجِهَا؟ فَقَالَ: عَلَيْهَا الْوُضُوءُ) المعجم الاوسط للطبراني

واتە: عەمری کوڕی شوعیب لە باب وباپیرانییەوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) دەڵێ: بوسرەی کچی سەفوان پرسیاری لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) دەربارەی ئەوەی ئافرەتێك دەستی بباتە ناو دامێنیێ؟ فەرمووی: دەستنوێژ دەگرێتەوە.

پ٤٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەست بە زەکەر کەوتن دەستنوێژ دەشکێنێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن طَلْق بن عَليّ قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ مَسِّ الرَّجُلِ ذَكَرَهُ بَعْدَمَا يَتَوَضَّأُ. قَالَ: (وَهَلْ هُوَ إِلَّا بَضْعَةٌ مِنْهُ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ وَالنَّسَائِيُّ وَرَوَى ابْنُ مَاجَهْ نَحوه

واتە: تەلقی کوڕی عەلی (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) دەربارەی دەست لێدانی زەکەر پاش دەستنوێژ، فەرمووی: ئەو بەشێکە لەلاشەی مرۆڤەکە.

(وفي رواية (عَنْ عُرْوَةَ، عَنْ بُسْرَةَ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ مَسَّ فَرْجَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

قَالَ ابْنُ الْهَمَّامِ: الْحَقُّ أَنَّ كُلًّا مِنَ الْحَدِيثَيْنِ لَا يُنَزَّلُ عَنْ دَرَجَةِ الْحَسَنِ لَكِنْ يَتَرَجَّحُ حَدِيثُ طَلْقٍ بِأَنَّ حَدِيثَ الرِّجَالِ أَقْوَى لِأَنَّهُمْ أَحْفَظُ لِلْعِلْمِ وَأَضْبَطُ.

پ٤٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مەزی و مەنی چی پێویست دەکەن؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَلِيٍّ قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْمَذْيِ قَالَ: (فِيهِ الْوُضُوءُ) وَسَأَلْتُهُ عَنِ الْمَنِيِّ قَالَ: (فِيهِ الْغُسْلُ) المعجم الاوسط للطبراني

واتە: علی (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) دەربارەی مەزی (ئاشقاو) فەرمووی: دەستنوێژی بۆ دەگیرێتەوە و پرسیارم لێ کرد دەربارەی مەنی (تۆی پیاو) فەرمووی: خۆشوشتنی دەوێ.

وانەی هەشتەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی نوێژ (الصلاة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر نەمتوانی بە پێوە نوێژ بکەم ئایا چی بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: كَانَتْ بِي بَوَاسِيرُ، فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ:(صَلِّ قَائِمًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَصَلِّ جَالِسًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: عیمرانی کوڕی حوصەین (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: مایەی سیریم هەبوو، پرسیارم لە پێغەمبەرکرد(ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: نوێژ بە پێوە بکە، ئەگەر پێت نەکرا بە دانیشتنەوە بیکە، ئەگەر بەدانیشتنەوە پێت نەکرا لەسەر تەنیشت نوێژ بکە.

پ٢ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کردەوەیەکم فێربکە پێی بچمە بەهەشتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ مَعْدَانَ بْنِ طَلْحَةَ قَالَ: لَقِيتُ ثَوْبَانَ مَوْلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ أَعْمَلُهُ يُدْخِلُنِي اللَّهُ بِهِ الْجَنَّةَ فَسَكَتَ ثُمَّ سَأَلْتُهُ فَسَكَتَ ثُمَّ سَأَلْتُهُ الثَّالِثَةَ فَقَالَ: سَأَلْتُ

عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: (عَلَيْكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ لِلَّهِ فَإِنَّكَ لَا تَسْجُدُ لِلَّهِ سَجْدَةً إِلَّا رَفَعَكَ اللَّهُ بِهَا دَرَجَةً وَحَطَّ عَنْكَ بِهَا خَطِيئَةً) قَالَ مَعْدَانُ: ثُمَّ لَقِيتُ أَبَا الدَّرْدَاءِ فَسَأَلْتُهُ فَقَالَ لِي مِثْلَ مَا قَالَ لِي ثَوْبَانُ) رَوَاهُ مُسلم

واتە: (مەعدان) کوڕی (طلحة اليعمري) دەڵێ: گەیشتم بە سوبانی کارگوزاری پێغەمبەری خوا (وتم: کارێکم پێ بڵێ کەبیکەم و بەوە خوا بمخاتە بەهەشتەوە، یا وتم: خۆشەویسترین کار لای خوا، (سوبان) بێدەنگ بوو، ئینجا لێم پرسیەوە، هەر بێدەنگ بوو، ئینجا بۆ جاری سێیەم لێم پرسیەوە، وتی: لەویارەیەوە لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) پرسیووە فەرموویەتی: سوجدەی زۆر ببە بۆ خوای گەورە، تۆ هەر سوجدەیەك کە دەیبەیت بۆ خوا ئەو بەوە پلەیەك (بەرزت دەکاتەوە، گوناهێکیشت لێ کەم دەکاتەوە) (مەعدان) دەڵێ: دوایی گەیشتم بە (ابو درداء) هەمان پرسیارم لێکرد ئەویش هەمان وەڵامی (سوبان)ی دامەوە.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) نوێژ دروستە لەو جل وبەرگەی کە پیاو جیماعی پێ دەکات ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ، قَالَ: سَأَلَ رَجُلٌ النَّبِيَّ (ﷺ): أُصَلِّي فِي الثَّوْبِ الَّذِي آتِي فِيهِ أَهْلِي؟ قَالَ:(نَعَمْ، إِلَّا أَنْ تَرَى فِيهِ شَيْئًا فَتَغْسِلَهُ) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: جابیری کوڕی سەمورە(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد ئایا نوێژ بکەم بەو جل وبەرگەی جیماعم پێ کردوە لەگەڵ خێزانم؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بەڵێ دروستە، ئیللا ئەگەر شتێکت پێوە بینی بیشۆ.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا نوێژ دروستە لە ناو یەك جل وبەرگ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ أَنَّ سَائِلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عن الصَّلَاةِ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَوَلِكُلِّكُمْ ثَوْبَانِ) صحيح البخاري

واتە: (ئەبوهورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پرسیارکەرێك پرسیاری لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لەبارەی نوێژەوە لەیەك پۆشاکدا؟ ئەویش بەسەر سووڕمانەوە فەرمووی: (بۆ هەموو یەکێکتان دوو پۆشاکی هەیە).

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا نوێژی سوننەت لە ماڵ خێرترە یان لە مزگەوت ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ حَرَامِ بْنِ حَكِيمٍ، عَنْ عَمِّهِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَعْدٍ، قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَيُّمَا أَفْضَلُ؟ الصَّلَاةُ فِي بَيْتِي أَوِ الصَّلَاةُ فِي الْمَسْجِدِ؟ قَالَ: (أَلَا تَرَى إِلَى بَيْتِي؟ مَا أَقْرَبَهُ مِنَ الْمَسْجِدِ فَلَأَنْ أُصَلِّيَ فِي بَيْتِي أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أُصَلِّيَ فِي الْمَسْجِدِ، إِلَّا أَنْ تَكُونَ صَلَاةً مَكْتُوبَةً) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: حەرامی کوڕی حەکیم لە مامی عبدالله ی کوڕی سەعد دەگێڕێتەوە (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم کر د لە پێغەمبەر (ﷺ) ئایا نوێژ لە ماڵ خیرترە یان لە مزگەوت؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئایا نابینی من ماڵم چەند نزیکە لە مزگەوت؟ لەگەڵ ئەوەشدا نوێژم لە ماڵی پێ خۆشترە نەوەك لە مزگەوت، مەگەر نوێژەکە فەرز بی .

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) جوبریل سەرەتای کاتەکانی نوێژەکان و کۆتایی نوێژەکانی دیاری کردن ئەم دوو کاتە کامەن ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَبِي مُوسَى الاشعري (رضي الله عنه)، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ أَتَاهُ سَائِلٌ يَسْأَلُهُ عَنْ مَوَاقِيتِ الصَّلَاةِ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ شَيْئًا، قَالَ: فأمرَ بلالاً فَأَقَامَ الْفَجْرَ حِينَ انْشَقَّ الْفَجْرُ، وَالنَّاسُ لَا يَكَادُ يَعْرِفُ بَعْضُهُمْ بَعْضًا، ثُمَّ أَمَرَهُ فَأَقَامَ بِالظُّهْرِ حِينَ زَالَتِ الشَّمْسُ، وَالْقَائِلُ يَقُولُ: قَدِ انْتَصَفَ النَّهَارُ، وَهُوَ كَانَ أَعْلَمَ مِنْهُمْ، ثُمَّ أَمَرَهُ فَأَقَامَ بِالْعَصْرِ وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ، ثُمَّ أَمَرَهُ فَأَقَامَ بِالْمَغْرِبِ حِينَ وَقَعَتِ الشَّمْسُ، ثُمَّ أَمَرَهُ فَأَقَامَ الْعِشَاءَ حِينَ غَابَ الشَّفَقُ،

ثُمَّ أَخَّرَ الْفَجْرَ مِنَ الْغَدِ حَتَّي انْصَرَفَ مِنْهَا وَالْقَائِلُ يَقُولُ: قَدْ طَلَعَتِ الشَّمْسُ أَوْ كَادَتْ، ثُمَّ أَخَّرَ الظُّهْرَ حَتَّي كَانَ قَرِيبًا مِنْ وَقْتِ الْعَصْرِ بِالْأَمْسِ، ثُمَّ أَخَّرَ الْعَصْرَ حَتَّي انْصَرَفَ مِنْهَا وَالْقَائِلُ يَقُولُ: قَدِ احْمَرَّتِ الشَّمْسُ، ثُمَّ أَخَّرَ الْمَغْرِبَ حَتَّي كَانَ عِنْدَ سُقُوطِ الشَّفَقِ، ثُمَّ أَخَّرَ الْعِشَاءَ حَتَّي كَانَ ثُلُثُ اللَّيْلِ الْأَوَّلِ، ثُمَّ أَصْبَحَ، فَدَعَا السَّائِلَ، فَقَالَ: (الْوَقْتُ بَيْنَ هَذَيْنِ). رَوَاهُ مُسلم

واتە: (ئەبو موسی الاشعری) لەپێغەمبەری خواوە(ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ: پرسیارکەرێك هات لەبارەی کاتەکانی نوێژەوە پرسیاری لێکرد، هیچ وەڵامی نەدایەوە دەڵێ: فەرمانیکرد بەبیلال بانگی بەیانیدا، کاتێ بەرەبەیان هەڵهات هێشتا خەڵك یەکتریان نەدەناسیەوە، دواتر فەرمانی پێکرد بانگی نیوەڕۆیدا کاتێ خۆرترازا (لەناوەڕاستی ئاسمان لایدا) هەموو کەس دەیوت بەڕاستی ڕۆژ نیوە بووە، ئەو خۆیشی زاناتربوو، ئینجا کاتێ خۆرداکەوت فەرمانی پێکرد بانگیدا بۆ شێوان، دوای ئەوە کاتێ ئاسۆ ونبوو فەرمانی پێکرد بانگیدا بۆ خەوتنان، ئینجا بەربەیانی ڕۆژی داهاتووی دواخست هەتا کاتەکەی تێپەڕی، تا قسەکەرێك دەیوت خۆرکەوتووە، یا خەریکە بکەوێت، ئینجا نیوەڕۆی دواخست تا نزیك بوویەوە لەکاتی عەسری دوێنێ، پاشان عەسری دواخست تاکاتەکەی تێپەڕی و قسەکەر دەیوت: خۆر سوور هەڵگەڕاوە، ئینجا شێوانی دواخست هەتا گەیشتە کەوتنی ئاسۆ، پاشان خەوتنانی دواخست هەتا سێیەکی یەکەمی شەو ڕۆیشت، ئینجا بەیانیی کردەوە، پاشان پرسیارکەری بانگ کردوو فەرمووی: (کات لەنێوان ئەو دوانەدایە).

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چ کاتێك بەندە زۆر لە خوا نزیکە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ قَالَ: حَدَّثَنِي عَمْرُو بْنُ عَنْبَسَةَ قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ نَازِلٌ بِعُكَاظَ، وَقَالَ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ فَهَلْ مِنْ دَعْوَةٍ أَقْرَبُ مِنْ أُخْرَى، أَوْ سَاعَةٍ؟ قَالَ: (نَعَمْ، إِنَّ أَقْرَبَ مَا يَكُونُ الرَّبُّ مِنَ الْعَبْدِ جَوْفَ اللَّيْلِ الْآخِرِ، فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَكُونَ مِمَّنْ يَذْكُرُ اللَّهَ فِي تِلْكَ السَّاعَةِ فَكُنْ) رواه ابن خزيمة قال الألباني: إسناده صحيح

واتە: ئەبو ئومامەی باهیلی (رضي الله عنه) دەڵێ: عەمری کوری عەنبەسە گوتی: چوومە لای پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو عوکاز دەڕۆیشت، دەڵێ: گوتم: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئایا پارانەوە هەیە زوتر گیرابێ لە هەندێکی دیکە؟ یان کات هەبێ زوتر دوعای لێ گیرابێ؟ فەرمووی: بەڵێ، نزیکترین کات کە خودا لە بەندەکانی نزیکە، کۆتایی شەوە، ئەگەر دەتوانی لەو کەسانە بە کە یادی خودا دەکەن لە کۆتای شەو.

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا نوێژی ناوەراست (صَلَاةُ الْوُسْطَى) کام نوێژە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن ابْن مَسْعُود وَسمرَة بن جُنْدُب قَالَا: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (صَلَاةُ الْوُسْطَى صَلَاةُ الْعَصْرِ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ قال الالباني حسن

واتە: عبدالله ی کوڕی مەسعود و سەمورەی کوڕی جندوب (رضي الله عنهما) دەڵێن: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: نوێژی ناوەراست نوێژی عەسرە

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بنِ المسعود (رضي الله عنه) قَالَ: حَبَسَ الْمُشْرِكُونَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ صَلَاةِ الْعَصْرِ، حَتَّي احْمَرَّتِ الشَّمْسُ أَوِ اصْفَرَّتْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (شَغَلُونَا عَنِ الصَّلَاةِ الْوُسْطَي صَلَاةِ الْعَصْرِ، مَلَأَ اللَّهُ أَجْوَافَهُمْ وَقُبُورَهُمْ نَارًا. أَوْ (قَالَ): حَشَا اللَّهُ أَجْوَافَهُمْ وَقُبُورَهُمْ نَارًا) رواه البخاري

واتە: (عبدالله)ی کوڕی (مسعود)(خوای لێی ڕازی بیت) دەڵێ: موشریکەکان ڕێگەیان نەدا کە پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی عەسر بکات، هەتا خۆر سوورهەڵگەڕا یا زەرد بوو، ئنجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (خەریکیان کردین لەنوێژی ناوەراست، نوێژی عەسر، خوای گەورە ناوسکیان و گۆڕەکانیان پڕبکات لەئاگر. یا (فەرمووی) خوای گەورە ناوسکیان و گۆڕەکانیان بەئاگر بئاخنێ).

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کاتی ناپەسند(مکروه) هەیە نوێژی تێدا ئەنجام نەدەری؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: سَأَلَ صَفْوَانُ بْنُ الْمُعَطَّلِ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي سَائِلُكَ عَنْ أَمْرٍ أَنْتَ بِهِ عَالِمٌ وَأَنَا بِهِ جَاهِلٌ، قَالَ: (وَمَا هُوَ؟) قَالَ: هَلْ مِنْ سَاعَاتِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سَاعَةٌ تُكْرَهُ فِيهَا الصَّلَاةُ؟ قَالَ: (نَعَمْ إِذَا صَلَّيْتَ الصُّبْحَ، فَدَعِ الصَّلَاةَ، حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ، فَإِنَّهَا تَطْلُعُ بِقَرْنَيِ الشَّيْطَانِ، ثُمَّ صَلِّ فَالصَّلَاةُ مَحْضُورَةٌ مُتَقَبَّلَةٌ حَتَّى تَسْتَوِيَ الشَّمْسُ عَلَى رَأْسِكَ كَالرُّمْحِ، فَإِذَا كَانَتْ عَلَى رَأْسِكَ كَالرُّمْحِ فَدَعِ الصَّلَاةَ، فَإِنَّ تِلْكَ السَّاعَةَ تُسْجَرُ فِيهَا جَهَنَّمُ وَتُفْتَحُ فِيهَا أَبْوَابُهَا، حَتَّى تَزِيغَ الشَّمْسُ عَنْ حَاجِبِكَ الْأَيْمَنِ، فَإِذَا زَالَتْ فَالصَّلَاةُ مَحْضُورَةٌ مُتَقَبَّلَةٌ حَتَّى تُصَلِّيَ الْعَصْرَ، ثُمَّ دَعِ الصَّلَاةَ حَتَّى تَغِيبَ الشَّمْسُ)
رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: صەفوانی کوڕی مەعەتەڵ پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) وتی: ئەی نێردراوی خودا (ﷺ) من پرسیارت لێ دەکەم دەربارەی کارێك تۆ لێی زانای و منیش لێی نەزانم، فەرمووی: ئەو شتە چییە؟ صەفوان گوتی: پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا لە شەو وڕۆژدا کاتی ناپەسند هەیە بۆ نوێژکردن؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر نوێژی بەیانیت کرد، واز لە نوێژ بهێنە تاکو ڕۆژ هەڵات، چونکە لەو کاتە قۆچی شەیتان دەردەکەوێ، پاشان نوێژ بکە ئەو نوێژە وەرگیراوەو فریشتەکان تێدا ئامادەدەبن تاکو خۆر دێتە ناوەراست وەکو رمح، پاشان واز لە نوێژ بهێنە لەو کاتدا جەهەنەم سۆر دەکرێتەوە ودەرگاکانی دەکرێنەوە، تاکو خۆر لادەدا لەلای بڕۆی ڕاستت، ئەگەر لایدا نوێژەکان وەرگیراون تاکو عەسر دەکرێت، پاشان واز لە نوێژ بێنە تاکو خۆر ئاوا دەبێ.

شرح الكلمات: (محضورة) أي تحضرها الملائكة. (متقبلة) أي لها ثواب عند الله تعالى وقبول لديه. (كالرمح) المستوي الذي لا يميل إلى الطرف

وفي رواية((عن عُلَيّ بن رباح قَالَ: سَمِعْتُ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ الْجُهَنِيَّ (رضي الله عنه) يَقُولُ: ثَلَاثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)يَنْهَانَا أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ أَوْ أَنْ نَقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا:

حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ الشَّمْسُ، وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ حَتَّي تَغْرُبَ) رواه مسلم

واتە: (علی)کوڕی (رباح) دەڵێ: لە(عوقبە)ی کوڕی(عامر الجهنی)م بیستووە (خوای لێ ڕازی بێت) دەیووت: سێ کات هەن کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگری لێدەکردین کە نوێژی تێدا بکەین یا مردووی تێدا بخەینە گۆڕ: کاتێ خۆر هەڵدێت بەتەواوی هەتا بەرز دەبێتەوە، کاتێ لەنیوەڕۆدا بەپێوە وەستاو سێبەری نامێنێ تا لادەدات، کاتێکیش خۆر لاردەبێتەوە بۆ ئاوابوون هەتا ون دەبێت.

پ.١ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کەسێك خۆی بشوبهێنێتە ئافرەتان بیکوژین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِمُخَنَّثٍ قَدْ خَضَبَ يَدَيْهِ وَرِجْلَيْهِ بِالْحِنَّاءِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَا بَالُ هَذَا؟) قَالُوا: يَتَشَبَّهُ بِالنِّسَاءِ فَأَمَرَ بِهِ فَنُفِيَ إِلَى النَّقِيعِ. فَقيل: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا تَقْتُلُهُ؟ فَقَالَ: (إِنِّي نُهِيتُ عَنْ قَتْلِ الْمُصَلِّينَ)، قَالَ أَبُو أُسَامَةَ: (وَالنَّقِيعُ نَاحِيَةٌ عَنِ الْمَدِينَةِ وَلَيْسَ بِالْبَقِيعِ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ قال الالباني صحيح (مخنث) الذي خلقه خلق النساء ويشبههن في كلامه وحركاته

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: کەسێکیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) خۆی وێنا کردبوو وەکو ئافرەتان، دەست وپێیەکانی خەنەکردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:ئەوە چییەتی؟ وتیان: خۆی بە ئافرەتان دەچوێنێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد دوورخرایەوە بۆ ناوچەی (نەقیع) وتیان:ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئایا بیکوژین؟ فەرمووی: نەخێر قەدەغەکراوم نوێژ خوێنان بکوژم.

وفي رواية(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) لَعَنَ الْمُخَنَّثِينَ مِنَ الرِّجَالِ، وَالْمُتَرَجِّلَاتِ مِنَ النِّسَاءِ، وَقَالَ: (أَخْرِجُوهُمْ مِنْ بُيُوتِكُمْ وَأَخْرِجُوا فُلَانًا وَفُلَانًا - يَعْنِي الْمُخَنَّثِينَ) سنن ابوداود صحيح

پ١١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەگەر نەمتوانی قورئان لە نوێژ بخوێنم لە جیاتی ئەوە چی بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ أَبِي أَوْفَى قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي لَا أَسْتَطِيعُ أَخْذَ شَيْءٍ مِنْ الْقُرْآنِ فَعَلِّمْنِي مَا يُجْزِئُنِي قَالَ قُلْ سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ هَذَا لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فَمَا لِي قَالَ قُلْ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي وَارْزُقْنِي ثُمَّ أَدْبَرَ وَهُوَ مُمْسِكٌ كَفَّيْهِ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَمَّا هَذَا فَقَدْ مَلَأَ يَدَيْهِ مِنْ الْخَيْرِ) رواه احمد و أَبُو دَاوُدَ و النَّسَائِيُّ قال الالباني حسن

واتە: ئیبن ئەبی ئەوفا (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتی:ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) من ناتوانم قورئان لە نوێژ بخوێنم، ئایا چ شتێك هەیە جێگای ئەو قورئانم بۆ پڕیکاتەوە؟ فەرمووی: ئەم زیکرە بخوێنە(سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ) کابرا گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئەمە بۆ خودایە، ئایا من چ دوعایەك بکەم بۆ خۆم؟ فەرمووی: بڵێ(اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي وَارْزُقْنِي) پاشان کابرا ڕۆیشت وەدەستەکانی خۆی گرتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەم پیاوە دەستەکانی پڕبوون لە خێروچاکە.

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) شەیتان نوێژم لێ تێك دەکات ئایا چی بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي الْعَلَاءِ، أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ أَبِي الْعَاصِ، أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ)، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ حَالَ بَيْنِي وَبَيْنَ صَلَاتِي وَقِرَاءَتِي يَلْبِسُهَا عَلَيَّ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) (ذَاكَ شَيْطَانٌ يُقَالُ لَهُ خَنْزَبٌ، فَإِذَا أَحْسَسْتَهُ فَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْهُ، وَاتْفِلْ عَلَى يَسَارِكَ ثَلَاثًا) قَالَ: فَفَعَلْتُ ذَلِكَ فَأَذْهَبَهُ اللهُ عَنِّي) رَوَاهُ مُسْلِمٌ

واتە: لە (أبی العلا)ەوە: کە (عوسمان)ی کوڕی (أبی العاص) (خوای لێی ڕازی بێت) هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: یارسول الله، شەیتان بووەتە کۆسپ لە نێوان من و نوێژو قورئان خوێندنەکەمدا لێم تێکدەدات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوە شەیتانێکە پێی دەوترێ (خنزب)ئەگەر هەستت پێکرد پەنا بگرە بەخوا لێی، وە سێ جار تف بکە بەلای چەپدا) دەڵێ: ئەمەم کرد خوای گەورە شەیتانی لێدور خستمەوە.

پ۱۳/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بۆ کێ لاشەمان بشارینەوە، وەبۆ کێ دەریبخەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن بَهْز بْن حَكِيمٍ حَدَّثَنِي أَبِي عَنْ جَدِّي قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ عَوْرَاتُنَا مَا نَأْتِي مِنْهَا وَمَا نَذَرُ قَالَ احْفَظْ عَوْرَتَكَ إِلَّا مِنْ زَوْجَتِكَ أَوْ مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ فَقَالَ الرَّجُلُ يَكُونُ مَعَ الرَّجُلِ قَالَ إِنْ اسْتَطَعْتَ أَنْ لَا يَرَاهَا أَحَدٌ فَافْعَلْ قُلْتُ وَالرَّجُلُ يَكُونُ خَالِيًا قَالَ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ يُسْتَحْيَا مِنْهُ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ وَابْنُ مَاجَهْ قال الالباني حسن

واتە: بەهزی کوڕی حەکیم (ﷺ) دەڵێ:باوکم لە باپیری گێڕاویەتەوە، ئەڵێ گوتم:ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) کام شوێنی لاشەمان دەرخەین وکام شوێنی بشارینەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: لاشەت بشارەوە لە هەموو کەس، تەنها لە خێزان وکەنیزەکەت نەبێ،پیاوێك گوتی: ئەدی ئەگەر تەنها پیاوت لەگەڵ بوو؟فەرمووی: ئەگەر بگونجێ پیاویش لاشەی پیاو نەبینی باشە،وە پرسیاری لێ کرا ئەگەر پیاو بە تەنها بوو کەسی لەگەڵ نەبوو؟ فەرمووی: لەو کاتەدا خودا شایستەی ئەوەیە ئینسان شەرمی لێ بکات.

پ۱٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا نوێژ لە کراسەم بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ سَلَمَةَ بْنِ الْأَكْوَعِ قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي رَجُلٌ أَصِيدُ أَفَأُصَلِّي فِي الْقَمِيصِ الْوَاحِدِ قَالَ نَعَمْ وَازْرُرْهُ وَلَوْ بِشَوْكَةٍ) رواه ابوداود

واتە: سەلەمی کوڕی ئەکوع (ﷺ) دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی خودا من پیاوێکی ڕاوچیم، ئایا نوێژ لە یەك کراس بکەم؟ فەرمووی: بەڵێ، لێکی گرێ بدە ئەگەر بە درکێکیش بێ. (وَازْرُرْهُ): أَيِ: اشْدُدْهُ)

(عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَيْلَى، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَسَأَلَهُ رَجُلٌ فَقَالَ: أُصَلِّي فِي الْفِرَاءِ؟ قَالَ: فَأَيْنَ الدِّبَاغُ)رواه ابن ابي شيبة

واتە: عبدالرحمانی کوڕی ئەبو لەیلا لە باوکییەوە (ﷺ) دەڵێ: لەلای پێغەمبەر دانیشتبووم، پیاوێك پرسیاری لێ کرد گوتی: ئایا نوێژ بکەم لە فەروەی پێست؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەدی خۆشکردنی پێست بۆچییە؟

الدباغ: معالجة الجلد بمادةٍ ليَلِينَ ويزول ما به من رطوبة ونتن

پ١٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن لە ناو (کەشتی) نوێژ بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: (سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) كَيْفَ أُصَلِّي فِي السَّفِينَةِ؟ قَالَ: صَلِّ فِيهَا قَائِمًا، إِلَّا أَنْ تَخَافَ الْغَرَقَ) رَوَاهُ الدَّارَقُطْنِيّ وَالْحَاكِمُ أَبُو عَبْدِ اللَّهِ فِي الْمُسْتَدْرَكِ عَلَى شَرْطِ الصَّحِيحَيْنِ) قال الالباني صحيح

واتە: ئیبن عومەر (ﷺ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ)لە ناو کەشتی چۆن نوێژ بکەم ؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بە پێوە نوێژ بکە، مەگەر ترسی ئەوەت هەبێ نقووم بی.

پ١٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دەتوانم لەناو نوێژدا بۆ سوجدە بردن زەوی راست بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ مُعَيْقِيبٍ، قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ مَسْحِ الحَصَى فِي الصَّلَاةِ؟ فَقَالَ: (إِنْ كُنْتَ لَا بُدَّ فَاعِلًا فَمَرَّةً وَاحِدَةً) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

واتە: موعەیقیب (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) دەربارەی لادانی وردە بەرد لەناو نوێژدا لە شوێنی سوجدە بردن؟ فەرمووی: ئەگەر هەر چارەت نەبوو، یەک جار لایاندا وبەس.

وفي رواية (عَنْ مُعَيْقِيبٍ (عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ فِي الرَّجُلِ يُسَوِّي التُّرَابَ حَيْثُ يَسْجُدُ: إنْ كُنْتَ فَاعِلًا فَوَاحِدَةً) رَوَاهُ الْجَمَاعَةُ

واتە: موعەیقیب (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: دەربارەی پیاوێک کە خۆڵ ڕاست بکات کاتی سوجدە بردن، فەرمووی: ئەگەر هەر ڕاست دەکەی یەک جار ڕاستی بکە وبەس.

قَالَ أَبُو أُسَامَةَ: (يَعْنِي تَسْوِيَةَ الْحَصَى أَوْ شَيْءٌ فِي مَوْضِعِ سُجُودِهِ)

پ١٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئاوڕدانەوە لە نوێژ چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: (سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الِالْتِفَاتِ فِي الصَّلَاةِ، فَقَالَ: هُوَ اخْتِلَاسٌ يَخْتَلِسُهُ الشَّيْطَانُ مِنْ صَلَاةِ الْعَبْدِ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد دەربارەی ئاوڕدانەوە لە نوێژ؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەوە دزینە شەیتان لە نوێژی بەندەکەی دەیدزێ.

پ١٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) نوێژم کرد، بەڵام لێم تێک چوو نەمزانی تاکم کردوە یان جووت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي صَلَّيْتُ فَلَمْ أَدْرِ أَشَفَعْتُ أَمْ أَوْتَرْتُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِيَّايَ وَأَنْ يَتَلَعَّبَ بِكُمُ الشَّيْطَانُ فِي

صَلاتِكُمْ، مَنْ صَلَّى مِنْكُمْ فَلَمْ يَدْرِ أَشَفَعَ أَوْ أَوْتَرَ، فَلْيَسْجُدْ سَجْدَتَيْنِ، فَإِنَّهُمَا تَمَامُ صَلاتِهِ) رواه احمد قال ارنؤط حسن

واتە: عوسمانی کوڕی عەفان (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) من نوێژم کرد، بەڵام نەمزانی نوێژەکەم تاك بوو یان جووت؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی:ئاگادارین شەیتان لەناونوێژدا یاریتان پێ نەکات، ئەگەر لێتان تێك چوو لە تاك و جۆت، ئەوا دوو سوجدەی سەهوببەن لە کۆتایی بۆشایەکە پڕدەکاتەوە.(دیارە پاش ئەوەی لای کەم هەژمارە دەکرێ واتە: ئەگەر نەتزانی سێ رکعاتت کردوەیان چوار، تۆ لای کەمی حیساب بکە، ئنجا دوو سوجدەی سەهوببە وسەلام بدەرەوە. وەك لەم دەقەدا هاتووە.

وفي رواية-(عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ إِذَا لَمْ يَدْرِ أَحَدُكُمْ صَلَّى ثَلَاثًا أَمْ أَرْبَعًا فَلْيُصَلِّ رَكْعَةً ثُمَّ يَسْجُدْ بَعْدَ ذَلِكَ سَجْدَتَيْنِ وَهُوَ جَالِسٌ فَإِنْ كَانَ صَلَّى خَمْسًا شَفَعَتَا لَهُ صَلَاتَهُ وَإِنْ صَلَّى أَرْبَعًا كَانَتَا تَرْغِيمًا لِلشَّيْطَانِ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر نەتان زانی سێ رکعاتتان کردووە یان چوار، با رکعاتێك زیاد بکات ولەپاشان دوو سوجدە ببات بەدانیشتنەوە، ئەگەر بووە پینج رکعات، ئەو دوو سوجدە بۆی دەبنە جووت، ئەگەر چوار رکعاتیش بوون، ئەو دوو سوجدە لووتی شەیتان دەشکێنێ.

پ٨٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) شەونوێژ چۆن دەکری؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ، أَنَّهُ قَالَ: قَامَ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ كَيْفَ صَلَاةُ اللَّيْلِ؟ قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) (صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خِفْتَ الصُّبْحَ فَأَوْتِرْ بِوَاحِدَةٍ) رواه مسلم

واتە: عبدالله ی کوڕی عومەر کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری کرد، گوتی:ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)چۆن شەو نوێژ بکەم؟ لەوەڵامدا پێغەمبەر

(ﷺ) فەرمووی: شەو نوێژ دوو رکعات دوو رکعاتە، بەڵام ئەگەر ترسای بەیانی دابێت یەك رکعاتی وتر بکە.

وفی روایه(-(عن نافع عن بن عمر أن رجلا سأل النبي (ﷺ) عن الوتر فقال افصل بين الواحدة من الثنتين بالسلام) سنن الدار قطني.

- (وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (من نَام عَن الْوِتْرِ أَوْ نَسِيَهُ فَلْيُصَلِّ إِذَا ذَكَرَ أَوْ إِذا اسْتَيْقَظَ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيّ أَبُو دَاوُد وَابْن مَاجَه قال الالباني صحيح

- (عَنْ يَحْيَى بْنِ أَبِي كَثِيرٍ، عَنْ أَبِي نَضْرَةَ، أَنَّ أَبَا سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ أَخْبَرَهُ أَنَّهُمْ، سَأَلُوا رَسُولَ اللهِ (ﷺ) عَنِ الْوِتْرِ، فَقَالَ: الْوِتْرُ قَبْلَ الصُّبْحِ) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ

- (عَنْ ابْنِ عُمَرَ أَنَّهُ كَانَ إِذَا سُئِلَ عَنْ الْوِتْرِ قَالَ: أَمَّا أَنَا فَلَوْ أَوْتَرْتُ قَبْلَ أَنْ أَنَامَ، ثُمَّ أَرَدْتُ أَنْ أُصَلِّيَ بِاللَّيْلِ شَفَعْت بِوَاحِدَةٍ مَا مَضَى مِنْ وِتْرِي، ثُمَّ صَلَيْتُ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا قَضَيْت صَلَاتِي أَوْتَرْت بِوَاحِدَةٍ، لِأَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) (أَمَرَنَا أَنْ نَجْعَلَ آخِرَ صَلَاةِ اللَّيْلِ الْوِتْرَ) رَوَاهُ أَحْمَدُ

- (وَعَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (بَادرُوا الصُّبْح بالوتر) وَرَاه مُسلم

(بَادِرُوا الصُّبْحَ بِالْوَتْرِ)، أَيْ: أَسْرِعُوا بِأَدَاءِ الْوَتْرِ قَبْلَ الصُّبْحِ

- (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَنْ نَامَ عَنْ الْوِتْرِ أَوْ نَسِيَهُ فَلْيُصَلِّ إِذَا أَصْبَحَ أَوْ ذَكَرَ) رَوَاهُ الْخَمْسَةُ إِلَّا النَّسَائِيّ

- (وَعَنْ جَابِرٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَنْ خَافَ أَنْ لَا يَقُومَ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ فَلْيُوتِرْ أَوَّلَهُ، وَمَنْ طَمِعَ أَنْ يَقُومَ آخِرَهُ فَلْيُوتِرْ آخِرَ اللَّيْلِ، فَإِنَّ صَلَاةَ آخِرَ اللَّيْلِ مَشْهُودَةٌ، وَذَلِكَ أَفْضَلُ) واته: (جابر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (ئەوەی دەترسێ لەکۆتایی شەودا بەئاگانەیەتەوە با لەسەرەتای شەوەوە وتڕەکەی بکات، ئەوکەسەیش کە بەتەمایە لەکۆتایی شەودا هەستێ با لەکۆتایی شەودا وتڕەکەی بکات، چونکە نوێژی کۆتایی شەو فریشتەکان شایەتی بۆ دەدەن، ئەمەشیان باشترە).

رَوَاهُ مُسْلِمٌ (شرح (مشهودة) أي محضورة تحضرها ملائكة الرحمة)

پ.٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کام نوێژ باشترین نوێژە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ، قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ): أَيُّ الصَّلَاةِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: (طُولُ الْقُنُوتِ) رواه مسلم

واتە: (جابر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پرسیارکرا لەپێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) باشترین نوێژ کامەیە؟ فەرمووی: (زۆر وەستانە).

(شرح: (طول القنوت) أي ذات طول القنوت. وقد فسروا القنوت في هذا الحديث بالقيام)

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) هاتووم کۆمەڵێك پرسیارم هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ عَبَسَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَنْ مَعَكَ عَلَى هَذَا الْأَمْرِ؟ قَالَ: حُرٌّ وَعَبْدٌ. قُلْتُ: مَا الْإِسْلَامُ؟ قَالَ: طِيبُ الْكَلَامِ، وَإِطْعَامُ الطَّعَامِ قُلْتُ: مَا الْإِيمَانُ؟ قَالَ: (الصَّبْرُ وَالسَّمَاحَةُ) قَالَ: قُلْتُ: أَيُّ الْإِسْلَامِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ . قَالَ: قُلْتُ: أَيُّ الْإِيمَانِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: خُلُقٌ حَسَنٌ . قَالَ: قُلْتُ: أَيُّ الصَّلَاةِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: طُولُ الْقُنُوتِ، قَالَ: قُلْتُ: أَيُّ الْهِجْرَةِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: أَنْ تَهْجُرَ مَا كَرِهَ رَبُّكَ، قَالَ: فَقُلْتُ: فَأَيُّ الْجِهَادِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: مَنْ عُقِرَ جَوَادُهُ، وَأُهْرِيقَ دَمُهُ. قَالَ: قُلْتُ: أَيُّ السَّاعَاتِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: جَوْفُ اللَّيْلِ الْآخِرِ) رَوَاهُ أَحْمَدُ قال الالباني صحيح

واتە: عەمری کوڕی عەبەسە (ﷺ) دەڵێ:چوومە لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەم پرسیارانەم لێ کرد

١- گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) کێ بە دوای تۆ کەوتووە؟ فەرمووی: مرۆڤی ئازاد و وبەندە

٢- گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئیسلامەتی چییە؟ فەرمووی:گوفتاری شیرین و نان بەخشینە.

٣- گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئیمان چییە؟ فەرمووی: ئارام گرتن ولێبوردنە.

٤- گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) باشترین ئیسلامە چییە؟ فەرمووی:خەڵکی لە دەست وزمانت سەلامەت بێ.

٥- گوتم ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)باشترین ئیمان چییە؟ فەرمووی: هەڵسوکەوتی جوانە.

٦- گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) باشترین نوێژ کامەیە؟ فەرمووی:بە پێوە زۆر ڕاوەستان (واتە: زۆر قورئان تێدا بخوێنرێت) بەڵام لە نوێژی بە کۆمەڵ حیساب بۆ نەخۆش ولاوازو پیر دەکرێت.

٧- گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) باشترین کۆچ کردن کامەیە؟ فەرمووی: لەو شتە ڕابکەی کە خودا پێی ناخۆشە.

٨- گوتم ئەی نێرراوی خودا باشترین (ﷺ) جیهاد کامەیە؟ فەرمووی: خوێنت لە پێناوی خودا برژێ.

٩- گوتم ئەی نێرراوی (ﷺ) خودا باشترین کات کامەیە؟ فەرمووی: هەستانەوە بۆ عیبادەت لە کۆتایی شەو.

پ٢٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر نەخۆش بووم چۆن نوێژ بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ قَالَ كَانَ بِي النَّاصُورُ فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ صَلِّ قَائِمًا فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ) رواه ابوداود

واتە: عیمرانی کوڕی حوصەین (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: تووشی نەخۆشی (ناصور) بووم، پرسیارم لە پێغەمبەرکرد(ﷺ) بۆ نوێژکردن؟ فەرمووی: نوێژ بە پێوەبکە، ئەگەر نەتتوانی بە دانیشتنەوە نوێژ بکە،وە ئەگەر نەتتوانی لەسەر تەنیشت نوێژ بکە.

وفي رواية (عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ صَلَاةِ المَرِيضِ؟ فَقَالَ: (صَلِّ قَائِمًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

پ٢٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پاداشتی ئەو کەسەی بەدانیشتنەوە نوێژ دەکا لەگەڵ ئەو کەسەی بەپێوەنوێژ دەکا وەکو یەکە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ، قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ صَلَاةِ الرَّجُلِ وَهُوَ قَاعِدٌ؟ فَقَالَ: (مَنْ صَلَّى قَائِمًا فَهُوَ أَفْضَلُ، وَمَنْ صَلَّاهَا قَاعِدًا فَلَهُ نِصْفُ أَجْرِ القَائِمِ، وَمَنْ صَلَّاهَا نَائِمًا فَلَهُ نِصْفُ أَجْرِ القَاعِدِ) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

واتە: عیمرانی کوڕی حوصەین (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەرکرد(ﷺ) دەربارەی پیاوێك کە نوێژ بە دانیشتنەوە دەکات، فەرمووی: ئەوەی نوێژ بە پێوە بکات چاکترە، ئەوەی نوێژ بە دانیشتنەوە بکات نیو خێری کەسی بەپێوەی هەیە، و ئەوەی بەڕاکشاوی نوێژ بکات نیوەی پاداشتی بەدانیشتنەوەی بۆ هەیە.

پ٢٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر کەسێ لەبیری چوو نوێژ بکات چی یکات ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(الصلاة)(عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ(ﷺ)، عَنِ الرَّجُلِ يَغْفُلُ عَنِ الصَّلَاةِ أَوْ يَرْقُدُ عَنْهَا، قَالَ: (يُصَلِّيهَا إِذَا ذَكَرَهَا) رواه ابن ماجه صحيح

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) دەربارەی پیاوێك نوێژی لەبیر دەچێ یان لە خەودەمینێ، پێغەمبەر (ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی: کاتێ بیری کەوتەوە نوێژ دەکات.

پ ٢٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوو قیرات ماناى چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَنْ شَهِدَ الْجَنَازَةَ حَتَّى يُصَلَّى عَلَيْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ، وَمَنْ شَهِدَهَا حَتَّى تُدْفَنَ فَلَهُ قِيرَاطَانِ). قِيلَ وَمَا الْقِيرَاطَانِ؟ قَالَ: (مِثْلُ الْجَبَلَيْنِ الْعَظِيمَيْنِ) رواه البخاري

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (ئەوەی بەدیار جەنازەیەکەوە بێت هەتا نوێژی لەسەر دەکرێت قیراتێکی دەست دەکەوێت، ئەوەش شوێنی دەکەوێت هەتا دەنێژن ئەوە دوو قیراتی دەست دەکەوێت) پرسیاریان کرد: دوو قیرات چین؟!. فەرموی: (وەک دوو کەژی (کێو) گەورە وایە) (لەسامان و پاداشت)

پ٢٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) پاداشتی قیرات چەندە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(قیراط) وَفِي حَدِيثِ سَعِيدٍ، وَهِشَامٍ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنِ الْقِيرَاطِ، فَقَالَ: (مِثْلُ أُحُدٍ) مسلم

واتە: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) پاداشتی قیرات چەندە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: وەکو کێوی ئوحودە.

ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)،ئایا ئەوەی نوێژ لەسەر جەنازە بکات و ئامادەی لە گۆڕنانی مردوو بێ پاداشتی چییە؟

(عَنْ ثَوْبَانَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : (مَنْ صَلَّى عَلَى جِنَازَةٍ فَلَهُ قِيرَاطٌ، وَمَنْ شَهِدَ دَفْنَهَا فَلَهُ قِيرَاطَانِ) قَالَ: فَسُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنِ الْقِيرَاطِ؟ فَقَالَ: (مِثْلُ أُحُدٍ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

وەڵام: پاداشتی هێندەی دوو کێوە.

پ٢٧ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کاتی نوێژی بەیانی چ کاتێکە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَنَسٍ قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ): عَنْ وَقْتِ صَلَاةِ الصُّبْحِ، فَصَلَّى حِينَ طَلَعَ الْفَجْرُ، ثُمَّ صَلَّى الْغَدَ بَعْدَ مَا أَسْفَرَ، ثُمَّ قَالَ: أَيْنَ السَّائِلُ عَنْ وَقْتِ صَلَاةِ الصُّبْحِ؟ مَا بَيْنَ هَذَيْنِ) رواه احمد إسناده صحيح على شرط الشيخين.

واتە: ئەنەس (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) دەربارەی کاتی نوێژی بەیانی، پێغەمبەر نوێژی کرد کاتێ بەرەبەیان دەرکەوت، ئینجا نوێژی کرد دوای ئەوەی دونیا ڕووون بوبەوە، پاشان فەرمووی: کوانێ ئەوەی پرسیاری کرد لە نوێژی بەیانی ؟ لە نێوان ئەو دوو کاتەیە.

دوو پرسیار ئاڕاستەی عائیشە دایکی ئیمانداران دەکەین دەربارەی نوێژ:

پ١ / ئەگەر ژن لە پێش سوجددا بوو ئایا نوێژ بەتاڵ دەکات ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: (كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ وَأَنَا مُعْتَرِضَةٌ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ كَاعْتِرَاضِ الْجَنَازَةِ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر شەو نوێژی دەکرد، و منیش بە باری پانی ڕاکشابووم، لە نێوان ئەو و قیبلە، وەکو دڕێژ کردنی جەنازە بۆ نوێژ.

پ٢/ ئەی دایکی ئیمانداران پێغەمبەر (ﷺ) چۆن نوێژە سوونتەکان ئەنجام دەدان؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن عبد الله بن شَقِيق قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ عَنْ صَلَاةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ تَطَوُّعِهِ فَقَالَتْ: كَانَ يُصَلِّي فِي بَيْتِي قَبْلَ الظُّهْرِ أَرْبَعًا ثُمَّ يَخْرُجُ فَيُصَلِّي بِالنَّاسِ ثُمَّ يَدْخُلُ فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ وَكَانَ يُصَلِّي بِالنَّاسِ الْمَغْرِبَ ثُمَّ يَدْخُلُ فَيصَلي رَكْعَتَيْنِ وَيُصلي بِالنَّاسِ الْعِشَاءَ

وَيَدْخُلُ بَيْتِي فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ وَكَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ تِسْعَ رَكَعَاتٍ فِيهِنَّ الْوَتْرُ وَكَانَ يُصَلِّي لَيْلًا طَوِيلًا قَائِمًا وَلَيْلًا طَوِيلًا قَاعِدا وَكَانَ إِذَا قَرَأَ وَهُوَ قَائِمٌ رَكَعَ وَسَجَدَ وَهُوَ قَائِمٌ وَإِذا قَرَأَ قَاعِدًا رَكَعَ وَسَجَدَ وَهُوَ قَاعِدٌ وَكَانَ إِذَا طَلَعَ الْفَجْرُ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

واتە:(عبدالله)ی کوڕی (شقیق) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پرسیارم لە (عائیشە) خوای لێی ڕازی بێت) کرد لەبارەی نوێژی سوننەتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) وتی: لەماڵەوە لەپێش نیوەڕۆدا چوار ڕکاتی دەکرد، ئینجا لەماڵێ دەردەچوو نوێژی بۆ خەڵکەکەش دەکرد، ئینجا دەهاتەوە ماڵەوە دوو ڕکاتی دەکرد، نوێژی شێوانی بەخەڵکەکە دەکرد، ئینجا دەهاتە ماڵەوە دوو ڕکاتی دەکرد، نوێژی خەوتنانی بەخەڵکەکە دەکرد، دەهاتە ماڵەکەی من دوو ڕکاتی دەکرد، لەشەودا نۆ ڕکاتی دەکرد وەتریشی تێدابوو، هەروەها شەوێك بەپێوە نوێژی دەکرد، شەوێکی درێژیش بەدانیشتنەوە کاتێ بەپێوە نوێژی دەکرد لەحاڵەتی وەستانەوە دەچووە (ڕکوع)و (سجود)، کاتێکیش بەدانیشتنەوە نوێژی دەکرد لەحاڵەتی دانیشتنەوە (ڕکوع) و (سجود)ی دەبرد. کاتێکیش سپێدە دەردەکەوت دوو ڕکاتی دەکرد

وانەی نۆیەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مردن و مردووان (الموت والأموات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا موسڵمانی عاقڵ کێیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنِ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّهُ قَالَ: كُنْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَجَاءَهُ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَسَلَّمَ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، ثُمَّ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الْمُؤْمِنِينَ أَفْضَلُ؟ قَالَ: (أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا)، قَالَ: فَأَيُّ الْمُؤْمِنِينَ أَكْيَسُ؟ قَالَ: (أَكْثَرُهُمْ لِلْمَوْتِ ذِكْرًا، وَأَحْسَنُهُمْ لِمَا بَعْدَهُ اسْتِعْدَادًا، أُولَئِكَ الْأَكْيَاسُ) رواه ابن ماجه قال الالباني حسن

واتە: ئیبن عومەر (ڕضی الله عنه) دەڵێ: لەگەڵ پیغەمبەر(ﷺ) بووم، پیاوێکی ئەنصاری هات و سڵاوی کرد لە پێغەمبەر پاشان گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) باشترین ئیماندار کێیە؟ فەرمووی: ئەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی چاکە. پاشان گوتی: ئاقڵترین ئیماندار کامەیە؟ فەرمووی: ئەوەی زۆر یادی مردن دەکات و جوان خۆی بۆ ئامادە دەکات، ئا ئەوانە ژیرەکانن.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لەبەر جەنازەی جوولەکە دروستە بوەستین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ: مَرَّتْ بِنَا جَنَازَةٌ فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَقُمْنَا مَعَهُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّمَا هِيَ جَنَازَةُ يَهُودِيَّةٍ، فَقَالَ: (إِنَّ لِلْمَوْتِ فَزَعًا، فَإِذَا رَأَيْتُمُ الْجَنَازَةَ، فَقُومُوا) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: جابیری کوڕی عبدالله (ﷺ) دەڵێ: جەنازەکیان بەلای ئێمەدا تێپەراند، پێغەمبەر (ﷺ) لەبەری هەستا و ئیمەش لەگەڵ ئەو هەستاین، منیش گوتم: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئەوە جەنازەی جوولەکە بوو، فەرمووی:بێگومان مردن سامناکە ودڵ تەزێنێ، ئەگەر جەنازەتان بینی لەبەری هەستن.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لەناو گۆڕ عەقڵمان بۆ دەگەڕێتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، ذَكَرَ فَتَّانَيِ الْقَبْرِ، فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ: أَتُرَدُّ عَلَيْنَا عُقُولُنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: نَعَمْ، كَهَيْئَتِكُمُ الْيَوْمَ) قَالَ: فَبِفِيهِ الْحَجَرُ) رواه ابن حبان

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمرِ (ﷺ) دەڵێ: باسی فیتنەی ناو گۆڕکرا، عومەری کوڕی خەتاب گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئایا عەقڵمان بۆ دەگەڕێتەوە؟ فەرمووی:بەڵێ، وەکو شێوەی ئێستاتان لێ دێتەوە، عومەر دەڵێ: بەردی لە ناو دەمدایە.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا عەزابی قەبر هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ يَهُودِيَّةً دَخَلَتْ عَلَيْهَا فَذَكَرَتْ عَذَابَ الْقَبْرِ فَقَالَتْ لَهَا أَعَاذَكِ اللَّهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ فَسَأَلَتْ عَائِشَةُ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) عَنْ عَذَابِ الْقَبْرِ فَقَالَ نَعَمْ عَذَابُ الْقَبْرِ

قَالَتْ عَائِشَةُ فَمَا رَأَيْتُ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) بَعْدُ صَلَّى صَلَاةً إِلَّا تَعَوَّذَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ زَادَ غُنْدَرٌ عَذَابُ الْقَبْرِ حَقٌّ)صحيح البخاري

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: ئافرەتێکی جوولەکە هاتە ماڵمان باسی عەزابی قەبری کرد، وگوتی: خودا پەنات بدات لە عەزابی قەبر، دەڵێ منیش پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد دەربارەی عەزابی قەبر، فەرمووی: عەزابی قەبر ڕاستە،عائیشە دەڵێ:لەپاشان پێغەمبەرم (ﷺ) نەبینی مەگەر لە پاش هەموو نوێژەکان پەنای بەخوا دەگرت لە عەزابی گۆڕ.

وفي رواية (عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ دَخَلَتْ عَلَيَّ عَجُوزَانِ مِنْ عُجُزِ يَهُودِ الْمَدِينَةِ فَقَالَتَا لِي إِنَّ أَهْلَ الْقُبُورِ يُعَذَّبُونَ فِي قُبُورِهِمْ فَكَذَّبْتُهُمَا وَلَمْ أُنْعِمْ أَنْ أُصَدِّقَهُمَا فَخَرَجَتَا وَدَخَلَ عَلَيَّ النَّبِيُّ (ﷺ) فَقُلْتُ لَهُ يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ عَجُوزَيْنِ وَذَكَرْتُ لَهُ فَقَالَ صَدَقَتَا إِنَّهُمْ يُعَذَّبُونَ عَذَابًا تَسْمَعُهُ الْبَهَائِمُ كُلُّهَا فَمَا رَأَيْتُهُ بَعْدُ فِي صَلَاةٍ إِلَّا تَعَوَّذَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ صحيح البخاري

پ٥/ ئایا پێغەمبەری خودا (ﷺ) بۆچی هێندە پەنا بەخودا دەگری لە عەزابی قەبرو قەرزداری؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَدْعُو فِي الصَّلَاةِ: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ). قَالَتْ: فَقَالَ لَهُ قَائِلٌ: مَا أَكْثَرَ مَا تَسْتَعِيذُ مِنَ الْمَغْرَمِ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: (إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا غَرِمَ حَدَّثَ فَكَذَبَ، وَوَعَدَ فَأَخْلَفَ). رواه البخاري / صفة الصلاة / الدعاء قبل السلام

واتە: (عائیشە) (خودا لێی ڕازی بێ) هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەنوێژا دەپارایەوە: خوایە من پەنادەگرم بەتۆ لەسزای گۆڕو لەفیتنەی دەجال و، پەنادەگرم بەتۆ لە فیتنەی ژیان و مردن، خوایە پەنادەگرم بەتۆ لەهەرشتێ تووشی گوناهم بکات، لەقەرزێك کەنادرێتەوە عائیشە دەڵێ: یەکێ وتی (ئەی پێغەمبەری خوا) بۆ ئەوەندە پەنا دەگری لەقەرزاری؟ فەرمووی: (پیاو ئەگەر قەرزاربوو قسە دەکات و درۆ دەکات، بەڵێن دەدات و نایباتە سەر).

پ٦/ ئایا پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە شوینی خۆت بمری باشە یان لە دووری وغوربەتی؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، قَالَ: تُوُفِّيَ رَجُلٌ بِالْمَدِينَةِ مِمَّنْ وُلِدَ بِالْمَدِينَةِ، فَصَلَّى عَلَيْهِ النَّبِيُّ (ﷺ)، فَقَالَ: (يَا لَيْتَهُ مَاتَ فِي غَيْرِ مَوْلِدِهِ) فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ النَّاسِ: وَلِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ (إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا مَاتَ فِي غَيْرِ مَوْلِدِهِ، قِيسَ لَهُ مِنْ مَوْلِدِهِ إِلَى مُنْقَطَعِ أَثَرِهِ فِي الْجَنَّةِ) رواه ابن ماجه والنسائي قال الالباني حسن

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمر خوا لێی رازی بێ دەڵێ: پیاوێك لە مەدینە وەفاتی کرد، و لەو کەسانەش بوو کە لە مەدینە لەدایك ببوو، پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی لەسەر کرد، فەرمووی: خۆزگە لە شوێنی لە دایك بوونی نەمردبایە) پیاوێك وتی: بۆچی ئەی نێرراوی خودا؟ فەرمووی: مرۆڤ ئەگەر مرد جگە لە شوێنی لە دایك بوونی، بۆی ئەندازە دەکرێت لە شوێنی لە دایك بوونی تاکو ئەو شوێنەی ئەجەلی لێ هاتووە، لە بەهەشت بۆی فراوان دەکرێت.

شرح: إِلَى مُنْقَطَعِ أَثَرِهِ) قَالَ الطِّيبِيُّ: أَيْ: إِلَى مَوْضِعِ قَطْعِ أَجَلِهِ،

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا مردنی لە ناکاو خراپە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُبَيْدِ بْنِ عُمَيْرٍ قَالَ سَأَلْتُ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا عَنْ مَوْتِ الْفَجْأَةِ أَيُكْرَهُ؟ قَالَتْ: لأَيِّ شَيْءٍ يُكْرَهُ سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ:(رَاحَةٌ لِلْمُؤْمِنِ وَأَخْذُ أَسَفٍ لِلْفَاجِرِ)رواه البيهقي والطبراني

واتە: عبدالله ی کوڕی عوبیدی کوڕی عومەیر (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە عائیشە کرد خودا لێی ڕازی بێ، دەربارەی مردنی لە ناکاو ئایا خراپە؟ گوتی: بۆچی خراپە؟، پرسیارم لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) لەم بارەوە، فەرمووی: حەسانەوەیە بۆ ئیماندار، وە جێگای پەشیمانییە بۆ خراپەکار.

وانەی دەیەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی زەکات و سەدەقە (الزكاة والصدقات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا زێر دەبەرکردن گوناحە بۆ ئافرەتان ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ قَالَتْ: كُنْتُ أَلْبَسُ أَوْضَاحًا مِنْ ذَهَبٍ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَكَنْزٌ هُوَ؟ فَقَالَ: (مَا بلغ أَن يُؤدى زَكَاتُهُ فَزُكِّيَ فَلَيْسَ بِكَنْزٍ) رَوَاهُ مَالِكٌ وَأَبُو دَاوُد

واتە: ئوم سەلەمە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: جۆرێك زێرم دەبەر کردبوو، وتم: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئایا ئەمە دەچێتە ئەو جۆرەی کە قورئان هەڕەشەی لێ کردووە بۆ ئەوانەی زێر و زیو کۆدەکەنەوە) فەرمووی: ئەگەر گەیشتە ڕادەی زەکات، زەکاتی لێ بدە، ئەم هەڕەشە نایگرێتەوە.

شرح الحديث) وَعَنْ أُمِّ سَلَمَةَ قَالَتْ: كُنْتُ أَلْبَسُ أَوْضَاحًا مِنْ ذَهَبٍ) فِي النِّهَايَةِ: هُوَ جَمْعُ وَضَحٍ بِفَتْحَتَيْنِ نَوْعٌ مِنَ الْحَلْيِ، يُعْمَلُ مِنَ الْفِضَّةِ سُمِّيَ بِهِ لِبَيَاضِهِ (قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَكَنْزٌ هُوَ؟) أَيِ أَسْتِعْمَالُ الْحَلْيِ كَنْزٌ مِنَ الْكُنُوزِ الَّذِي تُوُعِّدَ عَلَى اقْتِنَائِهِ فِي الْقُرْآنِ أَمْ لَا (فَقَالَ: مَا بَلَغَ) أَيِ الَّذِي بَلَغَ (أَنْ تُؤَدَّى زَكَاتُهُ) أَيْ نِصَابًا (فَزُكِّيَ) عَلَى صِيغَةِ الْمَجْهُولِ)

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە زەکات پێش کاتی خۆی بدرێت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَلِيٍّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ، أَنَّ الْعَبَّاسَ (سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) فِي تَعْجِيلِ صَدَقَتِهِ قَبْلَ أَنْ تَحِلَّ، فَرَخَّصَ لَهُ فِي ذَلِكَ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ وَالدَّارِمِيُّ قال الالباني حسن

واتە: عەلی کوڕی ئەبو تالیب (ﷺ) دەڵێ: عەباس پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، دەربارەی پێش خستنی زەکات، پێش ئەوەی کاتی خۆی بێ، پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی دا.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا زەکاتی سەرفترە بۆ کێ بدەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: جَاءَ رِجَالٌ مِنَ أَهْلِ الْبَادِيَةِ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّا أُولُو أَمْوَالٍ فَهَلْ يَجُوزُ عَنَّا مِنْ زَكَاةِ الْفِطْرِ؟ قَالَ: لَا فَأَدُّوهَا عَنِ الصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ وَالذَّكَرِ وَالْأُنْثَى وَالْحُرِّ وَالْعَبْدِ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ زَبِيبٍ أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ أَقِطٍ) رواه البيهقي

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (ﷺ) دەڵێ: پیاوانێك لە خەڵکی بیابان هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، وتیان:ئەی نێرراوی خودا ئێمە خاوەن مااڵین ئایا ئەم ماڵە بەبەر زەکاتی فیتر (سەرفترە) دەکەوێ؟ فەرمووی: نەخێر بەڵکو دەبێ بۆ هەموو منداڵ و گەورەو نێرو مێیەك و ئازاد وبەندەیەك ساعێك بدرێ لە خورما یان لە مێوژ، یان ساعێك لە جۆ یان ساعێك لە کەشك)

وفي رواية(عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: فَرَضَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) زَكَاةَ الْفِطْرِ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ عَلَى الْعَبْدِ وَالْحُرِّ وَالذَّكَرِ وَالْأُنْثَى وَالصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ مِنَ الْمُسْلِمِينَ وَأَمَرَ بِهَا أَنْ تُؤَدَّى قَبْلَ خُرُوجِ النَّاس إِلَى الصَّلَاة) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: (عبدالله کوڕی عمر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانیدا بەبەخشینی زەکاتی سەرفترە پێش ئەوەی خەڵك دەربچن بۆ نوێژی جەژن.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا زەکات بۆ ئال وبیت دەبێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ أَبِي رَافِعٍ عَنْ أَبِيهِ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) بَعَثَ رَجُلًا مِنْ بَنِي مَخْزُومٍ عَلَى الصَّدَقَةِ فَقَالَ أَلَا تَصْحَبُنِي تُصِيبُ قَالَ قُلْتُ حَتَّى أَذْكُرَ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرْتُ ذَلِكَ فَقَالَ إِنَّا آلُ مُحَمَّدٍ لَا تَحِلُّ لَنَا الصَّدَقَةُ وَإِنَّ مَوْلَى الْقَوْمِ مِنْ أَنْفُسِهِمْ(رواه احمد) قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين

واتە: ئیبنو ئەبی رافیع لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) پیاوێکی بەنی مەخزومی نارد بۆ زەکات کۆکردنەوە، گوتی: ئایا هاوڕێیەتیم ناکەی تاکو شتێکم دەستکەوێ، گوتم: با بۆ پێغەمبەری باس بکەم، بۆم باس کرد فەرمووی: سەدەقە بۆ ئال وبەیتی (محمد) نابێ.

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باشترین باخچەم هەیە لە خەیبەر ئایا چ فەرمانێکم پێ دەکەی بۆ بەخشین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: أَصَابَ عُمَرُ (رضي الله عنه) أَرْضًا بِخَيْبَرَ، فَأَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) يَسْتَأْمِرُهُ فِيهَا، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَصَبْتُ أَرْضًا بِخَيْبَرَ، لَمْ أُصِبْ مَالًا قَطُّ هُوَ أَنْفَسُ عِنْدِي مِنْهُ، فَمَا تَأْمُرُنِي بِهِ؟ قَالَ: (إِنْ شِئْتَ حَبَسْتَ أَصْلَهَا، وَتَصَدَّقْتَ بِهَا). (قَالَ): فَتَصَدَّقَ بِهَا عُمَرُ: أَنَّهُ لَا يُبَاعُ أَصْلُهَا وَلَا يُبْتَاعُ، وَلَا يُورَثُ وَلَا يُوهَبُ. قَالَ: فَتَصَدَّقَ عُمَرُ فِي الْفُقَرَاءِ، وَفِي الْقُرْبَى، وَفِي الرِّقَابِ، وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَابْنِ السَّبِيلِ، وَالضَّيْفِ، لَا جُنَاحَ عَلَى مَنْ وَلِيَهَا أَنْ يَأْكُلَ مِنْهَا بِالْمَعْرُوفِ، أَوْ يُطْعِمَ صَدِيقًا، غَيْرَ مُتَمَوِّلٍ فِيهِ) مُتَّفق عَلَيْهِ (غَيْرَ مُتَمَوِّلٍ فِيهِ أَيْ غَيْرَ جَامِعٍ الْمَالَ لِنَفْسِهِ مِنْ مَالِ هَذَا الْوَقْفِ لَكِنْ لَهُ أَنْ يُنْفِقَ عَلَى نَفْسِهِ إِذَا احْتَاجَ)

واتە: (ئیبن عمر) دەڵێ: (عمر) (خوای لێی ڕازی بێت) پارچە زەوییەکی لە (خەیبەر) دەست کەوت و هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) پرسی پێکرد دەربارەی و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من پارچە زەوییەکم لە (خەیبەر)

دەست کەوتووە، هەرگیز مانّی ئاوا بە نرخم دەست نەکەوتووە، فەرمانت بەچییە؟ فەرمووی: (ئەگەر ئەتەوێت ئەسڵەکەی گل دەرەوە و بیکە بەخێر (وقف) (عمر)یش کردی بەخێر بە مەرجێك خودی زەوییەکە نەفرۆشرێت و نەکڕێت و بە میرات نەبرێت و نەبەخشرێت دەڵێ: ئیتر عومەر کردی بەخێر بۆ هەژاران و خزمان و کۆیلەکان و لە ڕێگەی خوا و ڕێبواران و میواندا. بەو شێوەی کە گوناح و تاوان نەبێت لەسەر هەر کەسێك کە سەرپەرشتی بکات بە گوێرەی توانا لێی بخوات و بەشی دۆست و برادەریشی لێبدات بەمەرجێ لێی قایم نەکات

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کام خێر پاداشتی گەورەو زۆرە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الصَّدَقَةِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: (أَنْ تَصَدَّقَ، وَأَنْتَ صَحِيحٌ شَحِيحٌ، تَأْمُلُ الْعَيْشَ، وَتَخْشَى الْفَقْرَ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هوریرە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) باشترین سەدەقە کامەیە؟ فەرمووی: خێرێك بکەی کە تۆ ساغی و دڵێشت لەسەر مانّەکەتە، هیوات بە ژیان و لەفەقیریش بترسی.

وفي رواية(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: أَتَى رَسُولَ اللهِ (ﷺ) رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَيُّ الصَّدَقَةِ أَعْظَمُ؟ فَقَالَ: أَنْ تَصَدَّقَ وَأَنْتَ صَحِيحٌ شَحِيحٌ، تَخْشَى الْفَقْرَ وَتَأْمُلُ الْغِنَى، وَلَا تُمْهِلَ حَتَّى إِذَا بَلَغَتْ الْحُلْقُومَ قُلْتَ: لِفُلَانٍ كَذَا، وَلِفُلَانٍ كَذَا، أَلَا وَقَدْ كَانَ لِفُلَانٍ) رواه مسلم

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کام خێر پاداشتی گەورەو زۆرە؟ فەرمووی: (ئەوەیە کەخێر بکەیت لەکاتێکدا لەشت ساغ بێت و مانّەکەت خۆش بوێت و ڕژد بیت، بترسی لەهەژاری و بەهیوای دەوڵەمەندی بیت، نەك ئەو خێرەی کەدوای دەخەیت هەتا گیان دەگاتە گەروو، ئەوسا بڵێیت: ئەوە بۆ فلان و ئەوە بۆ فیسار، ئاگادار بە، ئەو مانّە هەر بۆ فلان و فیسار دەبێت) (واتە لەدەست تۆ دەرچوو).

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چاکەکردن لەگەڵ ئاژەڵان خێرە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: (بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ اشْتَدَّ عَلَيْهِ الْعَطَشُ فَوَجَدَ بِئْرًا فَنَزَلَ فِيهَا فَشَرِبَ ثُمَّ خَرَجَ فَإِذَا كَلْبٌ يَلْهَثُ يَأْكُلُ الثَّرَى مِنْ الْعَطَشِ فَقَالَ الرَّجُلُ: لَقَدْ بَلَغَ هَذَا الْكَلْبَ مِنْ الْعَطَشِ مِثْلُ الَّذِي كَانَ بَلَغَ مِنِّي فَنَزَلَ الْبِئْرَ فَمَلَأَ خُفَّهُ مَاءً ثُمَّ أَمْسَكَهُ بِفِيهِ حَتَّى رَقِيَ فَسَقَى الْكَلْبَ فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ فَغَفَرَ لَهُ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَإِنَّ لَنَا فِي الْبَهَائِمِ أَجْرًا؟ فَقَالَ: فِي كُلِّ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٌ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: ئەبو هورەیرە خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: ڕۆژێك پیاوێك بە ڕێگادا دەڕۆیشت، دوایی زۆر تێنوو بوو، گەیشتە بیرە ئاوێك، چووە ناو بیرەکە تێر ئاوی خواردەوە، کەهاتە دەرەوە سەیری کرد وا سەگێك زمانی لە زەوی دەخشێنێ لە تێنان، کابرا گوتی: ئەم سەگەش وەکو من تێنووە، جارێکی دیکە خۆی شۆڕکردەوە ناو بیرە ئاوەکە، پێڵاوەکانی بۆ سەگەکە پڕی ئاو کرد، دوای پێڵاوەکەی بەدەمی گرت تاکو بێتە دەرەوە، ئنجا سەگەکەی تێرئاو کرد، لەبەرامبەر ئەم کردەوە باشە خودا سوپاسی کرد و لە گوناحەکانی خۆش بوو، هاوەڵان خودا لێیان ڕازی بێ وتیان: ئەی نێرراوی خودا ئایا ئێمە لەبەرامبەر چاکە کردن لەگەڵ ئاژەڵان پاداشتمان دەگاتێ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ خێرتان دەگاتێ بەرامبەر هەموو گیاندارێك.

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا زەکات وسەدەقە دروستە ئافرەت بیداتە مێردەکەی ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ زَيْنَبَ، امْرَأَةِ عَبْدِ اللهِ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (تَصَدَّقْنَ، يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ، وَلَوْ مِنْ حُلِيِّكُنَّ) قَالَتْ: فَرَجَعْتُ إِلَى عَبْدِ اللهِ فَقُلْتُ: إِنَّكَ رَجُلٌ خَفِيفُ ذَاتِ الْيَدِ، وَإِنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَدْ أَمَرَنَا بِالصَّدَقَةِ، فَأْتِهِ فَاسْأَلْهُ، فَإِنْ كَانَ ذَلِكَ يَجْزِي عَنِّي وَإِلَّا صَرَفْتُهَا إِلَى غَيْرِكُمْ، قَالَتْ: فَقَالَ لِي عَبْدُ اللهِ: بَلِ ائْتِيهِ أَنْتِ، قَالَتْ: فَانْطَلَقْتُ، فَإِذَا امْرَأَةٌ

مِنَ الْأَنْصَارِ بِبَابِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) حَاجَتِي حَاجَتُهَا، قَالَتْ: وَكَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) قَدْ أُلْقِيَتْ عَلَيْهِ الْمَهَابَةُ، قَالَتْ: فَخَرَجَ عَلَيْنَا بِلَالٌ فَقُلْنَا لَهُ: ائْتِ رَسُولَ اللهِ (ﷺ)، فَأَخْبِرْهُ أَنَّ امْرَأَتَيْنِ بِالْبَابِ تَسْأَلَانِكَ: أَتُجْزِئُ الصَّدَقَةُ عَنْهُمَا، عَلَى أَزْوَاجِهِمَا، وَعَلَى أَيْتَامٍ فِي حُجُورِهِمَا؟ وَلَا تُخْبِرْهُ مَنْ نَحْنُ، قَالَتْ: فَدَخَلَ بِلَالٌ عَلَى رَسُولِ اللهِ (ﷺ) فَسَأَلَهُ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (مَنْ هُمَا؟) فَقَالَ: امْرَأَةٌ مِنَ الْأَنْصَارِ وَزَيْنَبُ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) (أَيُّ الزَّيَانِبِ؟) قَالَ: امْرَأَةُ عَبْدِ اللهِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): لَهُمَا أَجْرَانِ: أَجْرُ الْقَرَابَةِ، وَأَجْرُ الصَّدَقَةِ) متفق عليه

واتە: (زینب)ی هاوسەری (عبدالله ی کوڕی مسعود) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی دەستەی ژنان خێر بکەن با لەخشڵی تایبەتی خۆیشتان بێت). دەڵێت: گەڕامەوە بۆ لای (عبدالله) و پێم وت: تۆ پیاوێکی کەمدەستی پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی پێداوین کە خێر بکەین بچۆ لێی بپرسە: ئەگەر بەئێوەی بدەم دەبێت؟ ئەگەر نا بابیدەم بەکەسی تر، عبدالله پێی وتم خۆت بچۆ، منیش چووم، سەیرم کرد ئافرەتێکی (أنصاری) لەبەر قاپی ماڵی پێغەمبەردا (ﷺ) وەستاوە بۆ هەمان مەبەست، پێغەمبەریش (ﷺ) سام و هەیبەتێکی تایبەتی هەبوو، بیلال هاتە دەرەوە بۆلامان و پێمان وت: بچۆ بە پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ: دوو ئافرەت لەبەر دەرگان و هاتوون پرسیاریان هەیە: ئایا ئەو خێرەی دەیبەخشن بەمێردەکانیان و بەو هەتیوانەی کەلەژێر سایەی ئەواندان جێدەگرێت بۆیان؟ پێشی مەڵێ ئێمە کێین؟ بیلال چوو بۆلای پێغەمبەر، پێغەمبەر (ﷺ) پرسی کێن ئەو ئافرەتانە؟ بیلال وتی: ئافرەتێکی (أنصاری) و زەینەبیشە، پێغەمبەر (ﷺ) پرسی: (کام زەینەبە) بلال وتی: خێزانی (عبدالله ی کوڕی مسعود) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەو ئافرەتانە دوو جار پاداشتیان هەیە، پاداشتی خزمایەتی و پاداشتی خێرەکەش).

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە لە خێرکردن پاشگەزبیتەوە پاش ئەوەی درایە کەسەکە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) قَالَ: حَمَلْتُ عَلَى فَرَسٍ عَتِيقٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، فَأَضَاعَهُ صَاحِبُهُ، فَظَنَنْتُ أَنَّهُ بَائِعُهُ بِرُخْصٍ، فَسَأَلْتُ رَسُولَ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ: (لَا تَبْتَعْهُ، وَلَا تَعُدْ فِي صَدَقَتِكَ، فَإِنَّ الْعَائِدَ فِي صَدَقَتِهِ كَالْكَلْبِ يَعُودُ فِي قَيْئِهِ).مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: (عمر)ی کوڕی خەتاب)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: ئەسپێکی ڕەسەنی چاکم بەخشیبە زەلامێك تالەڕێگەی خوادا بەکاری بهێنێ. کەچی خاوەنەکەی وەکو پێویست گوێی پێنەدا، منیش وام زانی کە تاڵان فرۆشی کردووە. هەر بۆیە پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد لەو بارەوە ئەویش فەرمووی: (مەیکڕەوە لە خێرەکەیشت پاشگەز مەبەرەوە چونکە ئەوەی لە خێرێك بگەڕێتەوە کە کردوویەتی وەك سەگ وایە بگەڕێتەوە سەر ڕشانەوەکەی.

شرح (حملت على فرس عتيق) معناه تصدقت به ووهبته لمن يقاتل عليه في سبيل الله والعتيق الفريس النفيس الجواد السابق، (فأضاعه صاحبه) أي قصر في القيام بعلفه ومؤنته)

پ.١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باخچەکم دایە دایکم، پاشان وەفاتی کرد چی لەم باخچەکە بکە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ: إِنِّي أَعْطَيْتُ أُمِّي حَدِيقَةً لِي وَإِنَّهَا مَاتَتْ وَلَمْ تَتْرُكْ وَارِثًا غَيْرِي، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (وَجَبَتْ صَدَقَتُكَ، وَرَجَعَتْ إِلَيْكَ حَدِيقَتُكَ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: عەمری کوڕی شوعەیب (ﷺ) لەباوکی ئەویش لە باپیرەوە دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: من باخەکم دابووە دایکم، ئێستا

دایکم وەفاتی کردووە، وجگە لە من میراتگری دیکەی نیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سەدەقەکەت قەبوول بووە، باخەکەشت بۆ گەڕایەوە بە میرات.

پ١١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) خێر بۆ دایکم بکەم پێی دەگات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن ابن عباس أَنَّ سَعْدَ بْنَ عُبَادَةَ تُوُفِّيَتْ أُمُّهُ وَهُوَ غَائِبٌ عَنْهَا فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أُمِّى تُوُفِّيَتْ وَأَنَا غَائِبٌ عَنْهَا أَيَنْفَعُهَا إِنْ تَصَدَّقْتُ عَنْهَا؟ قَالَ نَعَمْ) قَالَ: فَإِنِّى أُشْهِدُكَ أَنَّ حَائِطِى الْمِخْرَافَ صَدَقَةٌ عَنْهَا) رَوَاهُ الْبُخَارِىُّ

واتە: ئیبن عەباس دەڵێ: دایکی سەعدی کوڕی عوبادە وەفاتی کرد، بەڵام سەعد لەماڵ نەبوو، دوای هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی نێرروای خودا(ﷺ) دایکم وەفاتی کردوە، منیش لە ماڵ نەبووم، ئایا ئەگەر خێری بۆ بکەم پێی دەگات؟، فەرمووی: بەڵێ، سەعد گوتی: دە تۆ بەشاهید بە فلانە باخچەم کردە خێر بۆی.

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چاکەکانی زەمانی جاهیلیم بۆ دەنووسرێت ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ: أَنَّ حَكِيمَ بْنَ حِزَامٍ أَخْبَرَهُ: أَنَّهُ قَالَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَيْ رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ أُمُورًا كُنْتُ أَتَحَنَّثُ بِهَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ، مِنْ صَدَقَةٍ أَوْ عَتَاقَةٍ أَوْ صِلَةِ رَحِمٍ، أَفِيهَا أَجْرٌ؟ فَقَالَ (لهُ) رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (أَسْلَمْتَ عَلَى مَا أَسْلَفْتَ مِنْ خَيْرٍ) متفق عليه

واتە: (عورەوە)ی کوڕی (زوبەیر) دەڵێ: (حکیم) کوڕی (حزام) بۆی گێڕاوەتەوە کە بەپێغەمبەری خوای(ﷺ) وتووە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئایا ئەو کاروبارانەی کە لە نەفامیدا پەرستشمان پێدەکردن لەخێرو ئازادکردنی بەندەو سەردان لە کەسوکار، ئایا پاداشتیان هەیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: (تۆ لەسەر ئەو چاکانە موسڵمان بوویت کە پێشتر ئەنجامت داون).

شرح الكلمات: (أرأيت) أخبرني عن حكم. (أتحنث) أتعبد وأتقرب. (على ما سلف) ما سبق منك من فعال حميدة مسجل في صحيفة أعمالك وثابت لك أجره.

پ١٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خراپەکانی پێش موسڵمان بوونم لەسەر حیسابە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (رضي الله عنه): قَالَ: قَالَ أُنَاسٌ لِرَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنُؤَاخَذُ بِمَا عَمِلْنَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ؟ قَالَ: (أَمَّا مَنْ أَحْسَنَ مِنْكُمْ فِي الْإِسْلَامِ فَلَا يُؤَاخَذُ بِهَا، وَمَنْ أَسَاءَ أُخِذَ بِعَمَلِهِ فِي الْجَاهِلِيَّةِ وَالْإِسْلَامِ).مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: (عبدالله) کوڕی (مسعود)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: خەڵکانێك وتیان بەپێغەمبەر (ﷺ): ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا لێپرسینەوەمان هەیە لەسەر ئەوکارانەی لەنەفامیدا ئەنجاممان داون؟ فەرمووی: (ئەوکەسەتان کە لەئیسلامدا چاکەکار دەبێت، لێی ناپرسرێتەوە، بەڵام ئەوەی کەخراپەکاربوو (لەئیسلام هەڵگەڕایەوە) لەکارەکانی سەردەمی نەفامیی و ئیسلامیشی دەپرسرێتەوە).

شرح الكلمات: (نؤاخذ) نعاقب. (أحسن في الإسلام) استمر على دينه وترك المعاصي،(أساء) ارتد. (بالأول) بما عمل حال الكفر. (الآخر) ما اكتسبه من معصية بعد إسلامه

پ١٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا (ئیبنو جودعان) سیلە ڕەحم ونان دانی هەژارانی بە کەڵك دێ ڕۆژی قیامەت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، ابْنُ جُدْعَانَ كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ يَصِلُ الرَّحِمَ، وَيُطْعِمُ الْمِسْكِينَ، فَهَلْ ذَاكَ نَافِعُهُ؟ قَالَ:(لَا يَنْفَعُهُ، إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْمًا: رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ

واتە: (عائشە)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ابن جدعان) لەسەردەمی نەفامیدا سەردانی کەسوکاری خۆی دەکرد، خواردنی دەدا بەهەژاران، ئایا ئەوە سوودی هەبووە دەبێت؟ فەرمووی: (نەخێر، سوودی پێ ناگەێنێ، چونکە ئەو ڕۆژێك لەڕۆژان نەیوتووە: حودایە لە ڕۆژی قیامەتدا لەگوناهەکانم خۆش ببە).

پ١٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەگەر کەسێك شتێکی بۆ ناردین وەریبگرین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه قال:أَرْسَلَ إِلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَالٍ فَرَدَدْتُهُ، قَالَ: فَلَمَّا جِئْتُهُ، قَالَ: (مَا حَمَلَكَ عَلَى أَنْ تَرُدَّ مَا أَرْسَلْتُ بِهِ إِلَيْكَ؟) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قُلْتَ لِي: إِنَّ خَيْرًا لَكَ أَنْ لَا تَأْخُذَ مِنَ النَّاسِ، قَالَ: (إِنَّمَا ذَاكَ أَنْ تَسْأَلَ النَّاسَ، وَمَا جَاءَكَ عَنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ، فَإِنَّمَا هُوَ رِزْقٌ رَزَقَكَهُ اللَّهُ)رواه الطبراني وأبو يعلى بإسناد لابأس به، وقال الالباني حسن صحيح

واتە: عومەری کوڕی خەتاب (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) شتێکی بۆ ناردم، منیش ڕەتم کردوە وەرم نەگرت، دەڵێ:کاتێ پێغەمبەرم (ﷺ) بینی فەرمووی: بۆچی ئەو ماڵەی بۆم ناردی وەرتنەگرت؟ ئەڵێ: وتم: تۆ ڕۆژێك پێت فەرمووم ئەوە بۆتۆ باشترە شت لە خەڵکی وەرنەگری، فەرمووی: ئەوەی وتم مەبەستم ئەوە بوو کە داوا لە خەڵکی بکەی، بەڵام کە خەڵکی خۆی بۆت ڕەوان دەکات، ئەوە ڕزقێکە خوا بۆی ناردوی.

پ١٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئاودان خێرە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ أَنَّ أُمَّهُ مَاتَتْ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ أَفَأَتَصَدَّقُ عَنْهَا؟ قَالَ: نَعَمْ قُلْتُ: فَأَيُّ الصَّدَقَةِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: (سَقْيُ الْمَاءِ) قَالَ الْحَسَنُ: فَتِلْكَ سِقَايَةُ آلِ سَعْدٍ بِالْمَدِينَةِ رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالنَّسَائِيُّ قال الالباني حسن

واتە: سەعدی کوڕی عوبادە (ﷺ) دەڵێ: وتم: ئەی نێرراوی (ﷺ) خودا دایکم وەفاتی کردووە، ئایا خێرێکی بۆ بکەم، فەرمووی: بەڵێ، ئەڵێ گوتم: چی زۆر خێرە بۆی بکەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئاو بەخشین) (دەڵێن بیرێکی لێدا وگوتی: ئەوە بیری دایکی سەعدە، ئەو کاتیش ئاو لە مەدینە کەم بوو)

حەسەن دەڵێ: ئەوە ئاوی خێراتی بنەماڵەی سەعدە لە مەدینە، بەڵێ بەم شێوە هاوەڵان یەکسەر قسەی پێغەمبەریان(ﷺ) جێبەجێ دەکرد.

پ٨٧ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن هەموو ڕۆژی (٣٦٠) خێر دەکرێت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عَبْد اللَّهِ بْن بُرَيْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (فِي الْإِنْسَانِ ثَلَاثُ مِائَةٍ وَسِتُّونَ مَفْصِلًا، عَلَى كُلِّ مَفْصِلٍ صَدَقَةٌ)، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَمَنْ يُطِيقُ ذَلِكَ؟ قَالَ: (تُنَحِّي الْأَذَى، وَإِلَّا فَرَكْعَتَيِ الضُّحَى) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: عبدالله کوڕی بوڕەیدە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئینسان (٣٦٠) جومگەی هەیە، هەموو جومگەیەك خێرێکی پێویستە لەسەر، هاوەڵان وتیان: ئەی نێرراوی خودا کێ ئەوەی پێ دەکرێ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئازار لە ڕێگای خەڵکی لابدەن، ئەگەر نا دوو رکعات چێشتە نوێژ بکەن.

وفي رواية(عن عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا): إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (إِنَّهُ خُلِقَ كُلُّ إِنْسَانٍ مِنْ بَنِي آدَمَ عَلَي سِتِّينَ وَثَلَاثِ مِائَةِ مَفْصِلٍ، فَمَنْ كَبَّرَ اللَّهَ، وَحَمِدَ اللَّهَ، وَهَلَّلَ اللَّهَ، وَسَبَّحَ اللَّهَ، وَاسْتَغْفَرَ اللَّهَ، وَعَزَلَ حَجَرًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ، أَوْ شَوْكَةً أَوْ عَظْمًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ، وَأَمَرَ بِمَعْرُوفٍ، أَوْ نَهَي عَنْ مُنْكَرٍ، عَدَدَ تِلْكَ السِّتِّينَ وَالثَّلَاثِ مِائَةِ السُّلَامَي، فَإِنَّهُ يَمْشِي يَوْمَئِذٍ وَقَدْ زَحْزَحَ نَفْسَهُ عَنِ النَّارِ). قَالَ أَبُو تَوْبَةَ: وَرُبَّمَا قَالَ: (يُمْسِي).

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (ئادەمیزاد لە(٣٦٠) جومگە پێکهاتووە، هەرکەس زیکری (الله أكبر والحمد لله و لا إله إلا الله و سبحان الله و استغفر الله) بڵێت یاخود بەردێك، یان دڕکێك یان ئیسکێك لەسەر ڕێی خەڵکی لا ببات، فەرمان بەچاکە بکات، یان قەدەغەی خراپە بکات، بەقەدەر ئەو(٣٦٠) جومگانە، ئەوە ئەو ڕۆژە خۆی لەئاگری دۆزەخ لاداوە).

وانەی یازدەهەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مانگی ڕەمەزان (رمضان) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خێرترین ڕۆژوو لە پاش ڕۆژووی ڕەمەزان کامەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: أَيُّ الصِّيَامِ أَفْضَلُ بَعْدَ شَهْرِ رَمَضَانَ؟ قَالَ: (شَهْرُ اللَّهِ الَّذِي تَدْعُونَهُ الْمُحَرَّمَ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هوڕەیرە (ڕضی الله عنه) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی نێردراوی خودا(ﷺ) باشترین ڕۆژوو لە پاش ڕەمەزان کامەیە؟ فەرمووی: ئەو مانگەی پێی دەگوترێ (موحەڕەم)

وفي رواية (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، يَرْفَعُهُ، قَالَ: سُئِلَ: أَيُّ الصَّلَاةِ أَفْضَلُ بَعْدَ الْمَكْتُوبَةِ؟ وَأَيُّ الصِّيَامِ أَفْضَلُ بَعْدَ شَهْرِ رَمَضَانَ؟ فَقَالَ: (أَفْضَلُ الصَّلَاةِ، بَعْدَ الصَّلَاةِ الْمَكْتُوبَةِ، الصَّلَاةُ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ، وَأَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ شَهْرِ رَمَضَانَ، صِيَامُ شَهْرِ اللهِ الْمُحَرَّمِ)رَوَاهُ مُسْلِمٌ

ابن تیمیە: دەڵێ: لەوانەیە مەبەستی سەرەتای ساڵ بێ یان مانگە حەڕامکراوەکان بێ وەکو مانگی (رجب ذوالقعدة و ذوالحجة و محرم)

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە ڕۆژووی سوننەت ئەگەر حەزمان کرد دەتوانین بیشکێنین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: دَارَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) دَوْرَةً، قَالَ: (أَعِنْدَكِ شَيْءٌ؟)، قَالَتْ: لَيْسَ عِنْدِي شَيْءٌ، قَالَ: (فَأَنَا صَائِمٌ)، قَالَتْ: ثُمَّ دَارَ عَلَيَّ الثَّانِيَةَ، وَقَدْ أُهْدِيَ لَنَا حَيْسٌ، فَجِئْتُ بِهِ، فَأَكَلَ فَعَجِبْتُ مِنْهُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، دَخَلْتَ عَلَيَّ وَأَنْتَ صَائِمٌ، ثُمَّ أَكَلْتَ حَيْسًا، قَالَ: (نَعَمْ يَا عَائِشَةُ، إِنَّمَا مَنْزِلَةُ مَنْ صَامَ فِي غَيْرِ رَمَضَانَ، أَوْ غَيْرِ قَضَاءِ رَمَضَانَ، أَوْ فِي التَّطَوُّعِ بِمَنْزِلَةِ رَجُلٍ أَخْرَجَ صَدَقَةَ مَالِهِ فَجَادَ مِنْهَا بِمَا شَاءَ فَأَمْضَاهُ، وَبَخِلَ مِنْهَا بِمَا بَقِيَ فَأَمْسَكَهُ) رواه النسائي قال الالباني حسن

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ماڵەوە فەرمووی:چیمان هەیە؟ گوتم هیچمان نییە، فەرمووی: مادام وایە من بەڕۆژووم،دوایی هاتەوە شتێکمان بۆ هاتبوو بەدیاری منیش بۆم برد خواردی، منیش پێم سەیربوو، وتم:ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) هاتییە ماڵەوە وتت بە ڕۆژووم ئێستاش واخواردن دەخۆیت، فەرمووی: بەڵێ ئەی عائیشە هەرکەسێ بە ڕۆژووبێ جگە لە ڕەمەزان یان جگە لە قەزاکردنەوەی ڕەمەزان یان ڕۆژووی سوونەت، وەکو کەسێکە بیەوێ خێرێك بکات لەماڵەکەی هەندێك دەبەخشێ ودوایی ئەوی دیکە چ حەزبکات هەڵدەگرێتەوە یان ئەگەر حەزبکات دەیبەخشێ.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ماچکردنی خێزان ڕۆژوو دەشکێنی؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عُمَرَ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ أَنَّهُ سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَيُقَبِّلُ الصَّائِمُ فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سَلْ هَذِهِ لِأُمِّ سَلَمَةَ فَأَخْبَرَتْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَصْنَعُ ذَلِكَ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَدْ غَفَرَ اللَّهُ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَمَا وَاللَّهِ إِنِّي لَأَتْقَاكُمْ لِلَّهِ وَأَخْشَاكُمْ لَهُ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَفِيهِ أَنَّ أَفْعَالَهُ حُجَّةٌ.(قال الحافظ بعد ذكره: دل ذلك على أن الشاب والشيخ سواء)

واتە: عومەر کوڕی ئەبو سەلەمە (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ)کرد گوتم: ئایا کەسی بە ڕۆژوو دەتوانێ خێزانی خۆی ماچ بکات؟ فەرمووی: پرسیار لە ئوم سەلەمە بکە، ئەویش گوتی: پێغەمبەر ماچی دەکرد وبەڕۆژووش بوو، عومەر گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئاخر خودا لەگوناهەکانی ڕابردوو و داهاتووت خۆش بووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:سوێند بەخوا من لە هەموتان زیاتر تەقوای خوا دەکەم ولەهەموشتان زیاتر لە خوا دەترسم.

تێبینی: ئەو فەرموودەی دەڵێ بۆ پیر دروستە و بۆ گەنج قەدەغەیە ماچ بکات، ئەم فەرموودە لاوازە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

(وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: (أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ الْمُبَاشَرَةِ لِلصَّائِمِ، فَرَخَّصَ لَهُ، وَأَتَاهُ آخَرُ فَنَهَاهُ عَنْهَا، فَإِذَا الَّذِي رَخَّصَ لَهُ شَيْخٌ، وَإِذَا الَّذِي نَهَاهُ شَابٌّ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وابن ماجه قال الالباني ضعيف

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ)کرد، دەربارەی نزیك بوونەوە لە ئافرەتان لە کاتی بە ڕۆژوو بوون، مۆڵەتی پێدا، پیاوێکی دیکە داوای مۆڵەتی لێ کرد، قەدەغەی کرد، ئەوەی مۆڵەتی پێدا پیر بوو، ئەوەی ڕێگری لێ کرد گەنج بوو.

بۆ ئاگاداری: لە مەزهەبی ئیمامی شافیعی ماچ کردن بۆ کەسی بەڕۆژوو ڕێپێدروا نیە، چونکە بەروو جیماع دەڕوا و کەفارەتی دەکەوێتە سەر.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەگەر لە مانگی ڕەمەزاندا لەبیرم چوو خواردن وخواردنەوەم خوارد چی بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: إِنِّي أَكَلْتُ وَشَرِبْتُ نَاسِيًا، فَقَالَ: (أَتِمَّ صَوْمَكَ، فَإِنَّ اللَّهَ أَطْعَمَكَ وَسَقَاكَ) رواه البيهقي وابو داود قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: من خواردن وخوارنەوەم خواردووە بەڵام لە بیرم نەبووە بە ڕۆژووم؟ فەرمووی: ڕۆژوەکەت تەواوبکە، بیگومان خودا ئەو خواردن وخواردنەوەی پێداوی.

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە ڕۆژوو لە ڕۆژوو گرێ بدرێتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: نَهَاهُمُ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنِ الْوِصَالِ رَحْمَةً لَهُمْ، فَقَالُوا: إِنَّكَ تُوَاصِلُ، قَالَ: (إِنِّي لَسْتُ كَهَيْئَتِكُمْ، إِنِّي يُطْعِمُنِي رَبِّي وَيَسْقِينِي) رواه مسلم

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەرتان(ﷺ) قەدەغەی کردوون، ڕۆژوو لە ڕۆژوو گرێ بدنەوە ئەوەش وەکو ڕەحمەتێکە بۆ ئێوە، هاوەڵان وتیان : بەڵام تۆ ڕۆژوو لە ڕۆژوو گرێ دەدەیتەوە، فەرمووی: من وەکو ئێوە نیم، من خودا خواردن وخواردنەوەم پێی دەبەخشی وهاوکاریم دەکات.

وفي رواية(عن أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْوِصَالِ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ: فَإِنَّكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ تُوَاصِلُ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (وَأَيُّكُمْ مِثْلِي؟ إِنِّي أَبِيتُ يُطْعِمُنِي رَبِّي وَيَسْقِينِي). فَلَمَّا أَبَوْا أَنْ يَنْتَهُوا عَنِ الْوِصَالِ وَاصَلَ بِهِمْ يَوْمًا ثُمَّ يَوْمًا، ثُمَّ رَأَوُا الْهِلَالَ، فَقَالَ: (لَوْ تَأَخَّرَ الْهِلَالُ لَزِدْتُكُمْ) كَالْمُنَكِّلِ لَهُمْ حِينَ أَبَوْا أَنْ يَنْتَهُوا) متفق عليه

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی دانە دەمی شەو و ڕۆژی کردووە لە ڕۆژوگرتندا، پیاوێك لە موسڵمانان وتی: خۆ تۆ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەو ڕۆژ دەدەیتە دەم یەك.. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (جاکێتان وەکو منە؟ من شەوگار دەبەمە سەر و پەروەردگارم خواردن و خواردنەوەم پێ دەبەخشێ). بەڵام کاتێ کە کۆڵیان نەدا مۆڵەتی دان کە ڕۆژ و شەوێك نەیشکێنن، ئینجا کە مانگی یەکشەوەیان بینی فەرمووی: (ئەگەر دوا بکەوتایە بۆ ئەو ئەندازەیەش بۆم زیاد دەکردن) وەکو سزایەك بۆیان کاتێ کە کۆڵیان نەدەدا لە ڕۆژوو شکاندن.

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دەبێ کاتی بانگی بەیانی هاتبێ و ئێمەش جەنابەتمان لەسەر بێ لە مانگی ڕەمەزان؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا): أَنَّ رَجُلًا جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) يَسْتَفْتِيهِ وَهِيَ تَسْمَعُ مِنْ وَرَاءِ الْبَابِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ تُدْرِكُنِي الصَّلَاةُ وَأَنَا جُنُبٌ، أَفَأَصُومُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (وَأَنَا تُدْرِكُنِي الصَّلَاةُ وَأَنَا جُنُبٌ فَأَصُومُ). فَقَالَ: لَسْتَ مِثْلَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَدْ غَفَرَ اللَّهُ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ. فَقَالَ: (وَاللَّهِ إِنِّي لَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَخْشَاكُمْ لِلَّهِ، وَأَعْلَمَكُمْ بِمَا أَتَّقِي) رواه مسلم

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێ دەکرد، ئەویش لەپشتی دەرگاکەوە گوێی لێ بوو، پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) جاری واهەیە کاتی نوێژ دێت و من لەشم گرانە، ئایا بەڕۆژوو ببم؟ پێغەمبەریش (ﷺ)لەوەڵامیدا فەرمووی: (منیش (جاری وا هەیە) کاتی نوێژ دێت و لەشم گرانەو کەچی بەڕۆژووش دەبم... (پیاوەکە) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ): تۆ وەکو ئێمە نیت!! چونکە تۆ خوا لە گوناهەکانی سەرەتا و کۆتاییت خۆش بووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەخوا، من هیوام وایە لەهەموتان زیاتر لەخوا ترس بم و شارەزاتر بم کەچۆن خۆم بپارێزم لە سزای خوا).

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە لەسەفەردا بە ڕۆژووبی ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ حَمْزَةَ بْنِ عَمْرٍو الْأَسْلَمِيِّ أَنَّهُ سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ الصَّوْمِ فِي السَّفَرِ فَقَالَ إِنْ شِئْتَ صُمْتَ وَإِنْ شِئْتَ أَفْطَرْتَ) رواه احمد والنسائي قال الالباني صحيح

واتە: حەمزەی کوڕی عەمری ئەسلەمی (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: دەربارەی بە ڕۆژووبوون لە سەفەر پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد؟ فەرمووی: ئەگەر حەزت کرد بە ڕۆژووبە، ئەگەر حەزت کرد ڕۆژووەکەت بشکێنە.

(وفي رواية (عَنْ حَمْزَةَ بْنِ عَمْرٍو الْأَسْلَمِيِّ (رضي الله عنه) أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَجِدُ بِي قُوَّةً عَلَى الصِّيَامِ فِي السَّفَرِ، فَهَلْ عَلَيَّ جُنَاحٌ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (هِيَ رُخْصَةٌ مِنَ اللَّهِ، فَمَنْ أَخَذَ بِهَا فَحَسَنٌ، وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يَصُومَ فَلَا جُنَاحَ) رواه مسلم

واتە: (حمزەی کوڕی عەمر) (خوای لێی ڕازی بێت) بە پێغەمبەری خوای وتووە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من دەتوانم لەسەفەردا بەڕۆژوو بم، ئایا هیچ گوناهم ناگات؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوە مۆڵەتێکە لەلایەن خوای گەورەوە، ئەوەی سوودی لێوەربگرێت ئەوە چاکە ئەوەش حەزدەکات بەڕۆژوو بێت ئەوە گوناهی ناگات).

(عن قَزَعَةُ قَالَ: أَتَيْتُ أَبَا سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ (رضي الله عنه) وَهُوَ مَكْثُورٌ عَلَيْهِ، فَلَمَّا تَفَرَّقَ النَّاسُ عَنْهُ قُلْتُ: إِنِّي لَا أَسْأَلُكَ عَمَّا يَسْأَلُكَ هَؤُلَاءِ عَنْهُ، سَأَلْتُهُ عَنِ الصَّوْمِ فِي السَّفَرِ، فَقَالَ: سَافَرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى مَكَّةَ وَنَحْنُ صِيَامٌ، قَالَ: فَنَزَلْنَا مَنْزِلًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (إِنَّكُمْ قَدْ دَنَوْتُمْ مِنْ عَدُوِّكُمْ، وَالْفِطْرُ أَقْوَي لَكُمْ). فَكَانَتْ رُخْصَةً، فَمِنَّا مَنْ صَامَ وَمِنَّا مَنْ أَفْطَرَ، ثُمَّ نَزَلْنَا مَنْزِلًا آخَرَ، فَقَالَ: (إِنَّكُمْ مُصَبِّحُو عَدُوِّكُمْ، وَالْفِطْرُ أَقْوَي لَكُمْ، فَأَفْطِرُوا). وَكَانَتْ عَزْمَةً، فَأَفْطَرْنَا، ثُمَّ (قَالَ): لَقَدْ رَأَيْتُنَا نَصُومُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بَعْدَ ذَلِكَ فِي السَّفَرِ) رواه مسلم

واتە: (قزعە) دەڵێ: چووم بۆلای (ابو سعید الخدری) (خوای لێ ڕازی بێت) بینیم خەڵکێکی زۆر دەوری داوە، کاتێ خەڵکی بڵاوەیان کرد پێموت: من لەو پرسیارانەت لێناکەم کەئەو خەڵکە دەیان پرسی، جا پرسیارم لێکرد دەربارەی ڕۆژوو لەسەفەردا، ئەویش وتی: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەسەفەڕێکدا بووین بۆ مەککە، هەموشمان بەڕۆژوبوین کە گەیشتینە شوێنێك فەرمووی: (بێگومان ئێوە لە دوژمنەکەتان نزیك بوونەتەوە، ڕۆژوو بشکێنن گوڕ و تینە بۆتان) ئیتر ئەوە مۆڵەتێك بوو، جا هەمانبوو بەڕۆژوو بوو، هەمانبوو ڕۆژووەکەی شکاند، پاشان گواستمانەوە بۆ شوێنێکی تر، فەرمووی: (ئێوە بەیانی دەگەنە سەردوژمنتان، ڕۆژو وشکاندن گور و تینە بۆتان، کەواتە بیشکێنن)، ئەوە ئیتر فەرمان بوو ئێمەش ڕۆژوومان شکاند، پاش ئەوە وا دەبوو لە سەفەردا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەڕۆژوو دەبوین.

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دەتوانم لە جیاتی دایکم ڕۆژوو بگرمەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ جَاءَتْ امْرَأَةٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ وَعَلَيْهَا صَوْمُ نَذْرٍ أَفَأَصُومُ عَنْهَا قَالَ أَرَأَيْتِ لَوْ كَانَ عَلَى أُمِّكِ دَيْنٌ فَقَضَيْتِيهِ أَكَانَ يُؤَدِّي ذَلِكِ عَنْهَا قَالَتْ نَعَمْ قَالَ فَصُومِي عَنْ أُمِّكِ) رواه مسلم

واتە: ئیبن عەباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، وتی: ئەی نێرراوی خودا دایکم وەفاتی کردووە، ڕۆژووی نەزی لەسەر بوو، ئایا دەتوانم لە جیاتی ئەو بە ڕۆژووبم؟، فەرمووی: ئەگەر دایکت قەرزارببوایە ئایا قەرزەکەت بۆ نەدەدایەوە؟، وتی: بەڵێ، فەرمووی: لە جیاتی دایکت بە ڕۆژووبە.

وفي رواية(عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ) مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ) متفق عليه

حكم من توفي وعليه صيام شهر:

السؤال: رجل توفيت أمه وعليها صيام شهر رمضان فماذا يعمل؟

الجواب: إذا كانت متمكنة من القضاء ولم تقض فإنه يقضى عنها.

وأما إذا ماتت ولم تتمكن من القضاء إما لقصر المدة بعد رمضان ولم تتمكن فيها، أو لطول المدة ولكنها بقيت مريضة وماتت في مرضها فإنه لا يقضى عنها، وإنما يقضى عنها إذا كانت قادرة على القضاء ولم تقضِ. وقد قال عليه الصلاة والسلام: (من مات وعليه صيام صام عنه وليه)، فيصوم عنها ولدها، لكن هذا -كما قلت-: إذا كانت متمكنة من القضاء، بمعنى أنه جاء بعد رمضان وقت وهي غير مريضة وكانت متمكنة من القضاء وماتت قبل أن تقضي،ولا يلزمه أن يطعم عنها؛ لأنها لم يجب عليها القضاء، فهي قادرة، فلا يطعم عنها، وإنما يكون الإطعام عن الإنسان الذي لا يستطيع، والذي عنده عجز دائم، وأما الإنسان الذي أصابه مرض، أو حصل له سفر وكان عليه قضاء فإنه لا يطعم عنه، وإنما يصام عنه) شرح سنن ابي داود للعباد

پ٩ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئافرەتێك نەزری كردبوو ئەگەر لە ناو دەریا ڕزگاری بێ یەك مانگ بەڕۆژووبێ بەڵام وەفاتی كرد؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ امْرَأَةً رَكِبَتْ الْبَحْرَ فَنَذَرَتْ إِنْ نَجَّاهَا اللَّهُ أَنْ تَصُومَ شَهْرًا فَنَجَّاهَا اللَّهُ فَلَمْ تَصُمْ حَتَّى مَاتَتْ فَجَاءَتْ ابْنَتُهَا أَوْ أُخْتُهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَأَمَرَهَا أَنْ تَصُومَ عَنْهَا) رواه ابو داود قال الالباني صحيح

واتە: ئیبن عەباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: ئافرەتێك بەناو دەریادا ڕۆیشت لەسەرخۆی نەزر كرد ئەگەر خودا رزگاری كات، یەك مانگ بە ڕۆژووبێ، خودا ڕزگاری كرد، بەڵام بەبەر ڕانەگەیشت بە ڕۆژووبێ مرد، كچی یان خوشكی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)پرسیاری لێ كرد لەم بارەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ كرد لە جیاتی ئەو بەڕۆژووبێ.

پ١٠ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تۆ بۆچی دووشەم و پێنج شەم بە ڕۆژوو دەبی؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) (كَانَ يَصُومُ الِاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسَ، فَقِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّكَ تَصُومُ الِاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسَ؟ فَقَالَ: إِنَّ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسَ يَغْفِرُ اللَّهُ فِيهِمَا لِكُلِّ مُسْلِمٍ، إِلَّا مُتَهَاجِرَيْنِ، يَقُولُ: دَعْهُمَا حَتَّى يَصْطَلِحَا) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) دووشەم وپێنج شەم بە ڕۆژووەبوو، پرسیاری لێ كرا ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) بۆچی تۆ دووشەم و پێنج شەمدا بە ڕۆژوو دەبی؟ فەرمووی: بێگومان لە ڕۆژی دووشەم و پێنج شەم خودا لە هەموو موسڵمانێك خۆش دەبێ، مەگەر ئەوانەی قسە لەگەڵ یەكتر ناكەن، دەگوترێ لەوانە گەڕێن تاكو صولح دەكەن و ئاشت دەبنەوە.

پ١١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تۆ بۆچی دووشەم بە ڕۆژوو دەبی؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي قَتَادَةَ الْأَنْصَارِيِّ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) سُئِلَ عَنْ صَوْمِ الِاثْنَيْنِ، فَقَالَ: (فِيهِ وُلِدْتُ، وَفِيهِ أُنْزِلَ عَلَيَّ).رواه مسلم

واتە: (ابوقتادە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) کاتێک دەربارەی بە ڕۆژوو بوونی دووشەموان لێیان پرسیوە ، فەرموویەتی: (من لەو ڕۆژەدا لەدایک بووم، لەو ڕۆژەشدا قورئان دابەزێنراوەتە سەرم). (واتە: بەڕۆژووبن باشە)

وفي رواية(...قَالَ ذَانِكَ يَوْمَانِ تُعْرَضُ فِيهِمَا الْأَعْمَالُ عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ فَأُحِبُّ أَنْ يُعْرَضَ عَمَلِي وَأَنَا صَائِمٌ) رواه النسائي قال الالباني حسن صحيح

واتە: لە گێڕانەوەی دیکدا... فەرموویەتی: (لە دووشەم و پێنج شەم کردەوەکانی ئینسان بەرزدەکرێنەوە بۆ خزمەت پەروەردگاری جیهانیان، و من حەزدەکەم بەڕۆژووبم کاتێ کردەوەکانم بەرزدەکرێنەوە.

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) حوکمی شەرعی و پاداشتی ئەم کۆمەڵە ڕۆژووانە چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رضي الله عنه): رَجُلٌ أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: كَيْفَ تَصُومُ؟ فَغَضِبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ قوله، فَلَمَّا رَأَى عُمَرُ (رضي الله عنه) غَضَبَهُ، قَالَ: رَضِينَا بِاللَّهِ رَبًّا وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيًّا، نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ غَضَبِ اللَّهِ وَغَضَبِ رَسُولِهِ. فَجَعَلَ عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يُرَدِّدُ هَذَا الْكَلَامَ حَتَّى سَكَنَ غَضَبُهُ، فَقَالَ عُمَرُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَيْفَ بِمَنْ يَصُومُ الدَّهْرَ كُلَّهُ؟ قَالَ: (لَا صَامَ وَلَا أَفْطَرَ) أَوْ قَالَ: (لَمْ يَصُمْ وَلَمْ يُفْطِرْ). قَالَ: كَيْفَ مَنْ يَصُومُ يَوْمَيْنِ وَيُفْطِرُ يَوْمًا؟ قَالَ: (وَيُطِيقُ ذَلِكَ أَحَدٌ). قَالَ: كَيْفَ مَنْ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمًا؟ قَالَ: (ذَاكَ صَوْمُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَام). قَالَ: كَيْفَ مَنْ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمَيْنِ؟ قَالَ:

(وَدِدْتُ أَنِّي طُوِّقْتُ ذَلِكَ). ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (ثَلَاثٌ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ، فَهَذَا صِيَامُ الدَّهْرِ كُلِّهِ. صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ: أَحْتَسِبُ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ وَالسَّنَةَ الَّتِي بَعْدَهُ، وَصِيَامُ يَوْمِ عَاشُورَاءَ: أَحْتَسِبُ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ) رواه مسلم

واتە: (ئەبو قەتادە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسی؟ ئەو چۆن بەڕۆژوو دەبیت؟! پێغەمبەر (ﷺ) لەقسەکەی پەست بوو، کە(عومەر) ئەوەی بینی وتی: ئێمە ڕازین کە خوا پەروەردگارمانە و ئیسلام ئاینمانە و محمدیش پێغەمبەرمانە، پەنادەگرین بەخوا لەناڕەزایی و تووڕەیی خواو پێغەمبەرەکەی، جا (عومەر)چەند جارێك ئەوەی دووبارە کردەوە هەتا پێغەمبەر (ﷺ) ڕقەکەی نیشتەوە، ئینجا عومەر وتی:

١- ئەی پێغەمبەری خودا کەسێك هەموو کات بەڕۆژوو بێت پێت چۆنە؟ ئەویش فەرمووی: ئەوە نە بەڕۆژوو وە، نەشکاندوشیەتی.

٢- عومەر وتی: ئەی ئەوەی دوو ڕۆژ بگرێت و ڕۆژێك نەگرێت؟خۆشەویست فەرمووی: جا کەس دەتوانێت ئەوە بکات؟

٣- عومەر وتی: ئەوەی ڕۆژە ناڕۆژێك بەڕۆژو دەبێت؟ فەرمووی ئەوە ڕۆژووی (داود)ە سەلامی خوای لەسەر بێت.

٤- عومەر وتی: ئەی ئەوە چۆنە ڕۆژێك بەڕۆژوو بێت و دوو ڕۆژ بەڕۆژوو نەبێت؟ فەرمووی: ئاواتەخوازم ئەو توانایەم پێ بدرایە.

٥- پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سێ ڕۆژ لەهەموو مانگێکدا ڕەمەزانیش بۆ ڕەمەزان ئەوە بەڕۆژوو بوونی هەموو ساڵێکە.

٦- ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفەش ئومێدم وایە بەخوا کەببێت بەکەفارەتی ساڵی ڕابردوو و ساڵی داهاتووش.

٧- ڕۆژوی عاشوراش ئومێدم وایە بەخوا کەببێت بە کەفارەتی ساڵی ڕابردوو.

پ١٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ڕۆژی هەینی بە ڕۆژوو بم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عبيد الله بن إياد بن لقيط يَقُولُ: سَمِعْتُ لَيْلَى امْرَأَةَ بَشِيرٍ تَقُولُ: إِنَّهَ سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) أَصُومُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَلاَ أُكَلِّمُ ذَلِكَ الْيَوْمَ أَحَدًا؟ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ):(لاَ تَصُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، إِلاَّ فِي أَيَّامٍ هُوَ أَحَدُهَا، أَوْ فِي شَهْرٍ، وَأَمَّا أَنْ لاَ تُكَلِّمَ أَحَدًا، فَلَعَمْرِي لأَنْ تَكَلَّمَ بِمَعْرُوفٍ، وَتَنْهَى عَنْ مُنْكَرٍ، خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَسْكُتَ) أخرجه أحمد و الطبراني في المعجم الكبير) و البيهقي في السنن قال الالباني صحيح (ليلى امرأة من بني غفار)

واتە: عوبەیدوڵای کوڕی ئەیاد کوڕی لەقیت گوێم لێبوو لەیلای خێزانی بەشیر خوا لێی ڕازی بێ وتی : پرسیارم لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) ئایا بە ڕۆژووبم لە ڕۆژی هەینی و قسەش لەگەڵ کەس نەکەم؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو: لە ڕۆژی هەینی بە ڕۆژوومەبە، مەگەر کەسێك لە پێش و پاش بەڕۆژووبێ، یان لە مانگێك کە کەسێك بەڕۆژووبێ (بۆ نموونە ڕۆژانی سێی یەکێك لەو ڕۆژانە بکەوێتە هەینی) سەبارەت بە قسە نەکردن لەگەڵ خەڵکی، سوێند بە تەمەنم ئەگەر قسە بکەی بۆ فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری بکەی لە خراپە، ئەوە بۆ تۆ باشترە لەوەی بێ دەنگ بی.

پ١٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە مانگی شەعبان بە ڕۆژووبم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن أُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَمْ أَرَكَ تَصُومُ شَهْرًا مِنَ الشُّهُورِ مَا تَصُومُ مِنْ شَعْبَانَ، قَالَ: (ذَلِكَ شَهْرٌ يَغْفُلُ النَّاسُ عَنْهُ بَيْنَ رَجَبٍ وَرَمَضَانَ، وَهُوَ شَهْرٌ تُرْفَعُ فِيهِ الْأَعْمَالُ إِلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ، فَأُحِبُّ أَنْ يُرْفَعَ عَمَلِي وَأَنَا صَائِمٌ) رواه النسائي قال الالباني حسن

واتە: ئوسامەی کوڕی زەید (ﷺ) دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) دەبینم لە مانگی شەعبان زۆر بە ڕۆژوو دەبی؟ فەرمووی: ئەوە مانگێکە خەڵکی لێی بێ ئاگایە، کەوتۆتە نێوان ڕەجەب و ڕەمەزان، لەم مانگە کردەوەکانی

نادەمیزاد بەرز دەکرێنەوە بۆ لای خودای جیهانیان، منیش حەز دەکەم کردەوەکانم بەرز بکرێتەوە لەو کاتەدا بەڕۆژووبم.

پ١٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کەفارەتی جیماع لە مانگی ڕەمەزان چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: هَلَكْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: (وَمَا أَهْلَكَكَ). قَالَ: وَقَعْتُ عَلَى امْرَأَتِي فِي رَمَضَانَ، قَالَ: (هَلْ تَجِدُ مَا تُعْتِقُ رَقَبَةً). قَالَ: لَا، قَالَ: (فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ). قَالَ: لَا، قَالَ: (فَهَلْ تَجِدُ مَا تُطْعِمُ سِتِّينَ مِسْكِينًا). قَالَ: لَا، قَالَ: ثُمَّ جَلَسَ فَأُتِيَ النَّبِيُّ (صلي الله عليه وسلم) بِعَرَقٍ فِيهِ تَمْرٌ، فَقَالَ: (تَصَدَّقْ بِهَذَا). قَالَ: أَفْقَرَ مِنَّا؟ فَمَا بَيْنَ لَابَتَيْهَا أَهْلُ بَيْتٍ أَحْوَجُ إِلَيْهِ مِنَّا. فَضَحِكَ النَّبِيُّ (ﷺ) حَتَّي بَدَتْ أَنْيَابُهُ، ثُمَّ قَالَ: (اذْهَبْ فَأَطْعِمْهُ أَهْلَكَ) متفق عليه

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: تیاچووم ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەویش فەرمووی: (چی تۆی تیا بردووە؟!). کابرا وتی: لەڕەمەزاندا سەرجێیم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا کردوە، ئەویش فەرمووی: (ئایا دەتوانیت بەندەیەك ئازاد بکەیت؟) کابرا وتی: نەخێر، فەرمووی: (ئایا دەتوانیت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژو بیت؟) کابرا وتی: نەخێر، فەرمووی: (ئەی دەتوانیت نانی شەست هەژار بدەیت؟). کابرا وتی: نەخێر، ئینجا کابرا دانیشت، پێغەمبەر (ﷺ) زەمبیلەیەك خورمای بۆهات و فەرمووی: (ئا ئەمە بکە بەخێر)، کابرا وتی: جا بۆ لەخۆمان هەژارتر هەیە؟ ئەم پەڕ و ئەوپەڕی شار لە ئێمە هەژارتری تیا نییە کە پێویستی بەوە بێت!! ئەوسا پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی تا دانە پیرۆزەکانی دەرکەوت، پاشان فەرمووی: (دەی بچۆ خێزانەکەتی پێ تێر بکە).

پ١٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوعام بۆ بکە لە ڕێگای خودا شەهیدبم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي أُمَامَةَ، قَالَ: أَنْشَأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) جَيْشًا، فَأَتَيْتُهُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ادْعُ اللَّهَ لِي بِالشَّهَادَةِ، قَالَ: (اللَّهُمَّ سَلِّمْهُمْ وَغَنِّمْهُمْ)، فَغَزَوْنَا فَسَلِمْنَا وَغَنِمْنَا، حَتَّى ذَكَرَ ذَلِكَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، قَالَ: ثُمَّ أَتَيْتُهُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَتَيْتُكَ تَتْرَى ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، أَسْأَلُكَ أَنْ تَدْعُوَ لِي بِالشَّهَادَةِ، فَقُلْتَ: (اللَّهُمَّ سَلِّمْهُمْ وَغَنِّمْهُمْ) فَسَلِمْنَا وَغَنِمْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَمُرْنِي بِعَمَلٍ أَدْخُلُ بِهِ الْجَنَّةَ، فَقَالَ: (عَلَيْكَ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَا مِثْلَ لَهُ)، قَالَ: فَكَانَ أَبُو أُمَامَةَ لَا يُرَى فِي بَيْتِهِ الدُّخَانُ نَهَارًا إِلَّا إِذَا نَزَلَ بِهِمْ ضَيْفٌ، فَإِذَا رَأَوَا الدُّخَانَ نَهَارًا عَرَفُوا أَنَّهُ قَدِ اعْتَرَاهُمْ ضَيْفٌ) رواه ابن حيان قال الالباني صحيح وقال شعيب الأرنؤوط إسناده صحيح على شرط مسلم

واتە: ئەبو ئومامە (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) سوپایەکی ئامادەکرد، منیش چوومە لای گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا، دوعام بۆ بکە شەهیدبم؟ فەرمووی: خودایە سەلامەتیان بکەی بەدەستکەوتەوە، غەزامان کرد وسەلامەت بووین بەدەستکەوتەوە، تاکو سێ جاران پێم فەرموو، پاشان چوومە لای گوتم: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)، ئەوە سێ جارە من دێمە خزمەتت ئەڵێم دوعام بۆ بکە شەهیدبم، دەفەرمووی: خودایە سەلامەتیان بکەی بەدەست کەوتەوە، ئێمەش سەلامەت بووین بە دەستکەوتەوە، فەرمانم پێ بکە بەکردەوەیەك پێی بچمە بەهەشتەوە، فەرمووی: بە ڕۆژوویە هاوشێوەی نیە، دەڵێ: پاش ئەوە ئەبو ئومامە بە ڕۆژ ئاگر لە ماڵی پێ نەکرا مەگەر میوانی هەبوایە، ئەگەر ئاگر ببینرابایە خەڵکی دەیزانی میوانیان هەیە.

پ١٧ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لەسەفەر بە ڕۆژووبم یان نا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ حَمْزَةَ بْنِ عَمْرٍو، قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الصَّوْمِ فِي السَّفَرِ؟ فَقَالَ: (إِنْ شِئْتَ أَنْ تَصُومَ فَصُمْ، وَإِنْ شِئْتَ أَنْ تُفْطِرَ فَأَفْطِرْ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: حەمزەی کوڕی عەمرو (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) دەربارەی ڕۆژوو لە سەفەردا؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر حەزدەکەی بە ڕۆژوویە، وە ئەگەر حەزدەکەی بە ڕۆژوو نەبی بە ڕۆژوومەبە.

وانەی دوازدەهەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی شەوی قەدر (ليلة القدر) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کەی شەوی قەدرە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ضَمْرَةَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُنَيْسٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ كُنْتُ فِي مَجْلِسِ بَنِي سَلَمَةَ وَأَنَا أَصْغَرُهُمْ فَقَالُوا مَنْ يَسْأَلُ لَنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ لَيْلَةِ الْقَدْرِ وَذَلِكَ صَبِيحَةَ إِحْدَى وَعِشْرِينَ مِنْ رَمَضَانَ فَخَرَجْتُ فَوَافَيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) صَلَاةَ الْمَغْرِبِ ثُمَّ قُمْتُ بِبَابِ بَيْتِهِ فَمَرَّ بِي فَقَالَ ادْخُلْ فَدَخَلْتُ فَأُتِيَ بِعَشَائِهِ فَرَآنِي أَكُفُّ عَنْهُ مِنْ قِلَّتِهِ فَلَمَّا فَرَغَ قَالَ نَاوِلْنِي نَعْلِي فَقَامَ وَقُمْتُ مَعَهُ فَقَالَ كَأَنَّ لَكَ حَاجَةً قُلْتُ أَجَلْ أَرْسَلَنِي إِلَيْكَ رَهْطٌ مِنْ بَنِي سَلَمَةَ يَسْأَلُونَكَ عَنْ لَيْلَةِ الْقَدْرِ فَقَالَ كَمْ اللَّيْلَةُ فَقُلْتُ اثْنَتَانِ وَعِشْرُونَ قَالَ هِيَ اللَّيْلَةُ ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ أَوْ الْقَابِلَةُ يُرِيدُ لَيْلَةَ ثَلَاثٍ وَعِشْرِينَ (رواه ابو داود) قال الالباني حسن صحيح

واتە: زەمرەی کوڕی عبدالله ی کوڕی ئونەیس (ﷺ) دەڵێ: لە مەجلیسی بەنی سەلەمە بووم، ومن بچوکترینیان بووم، وتیان: کێ دەچی پرسیاری شەوی قەدر بۆمان لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکات ؟ ئەو کاتە بەیانی زۆژی بیست ویەکی ڕەمەزان بوو،ئەو زۆژە چووم لە مزگەوت نوێژی مەغریبم لەگەڵ پێغەمبەرکرد(ﷺ)، لەبەر دەرگای مالّی پێغەمبەر(ﷺ) وەستام، پێغەمبەر هات

فەرمووی: وەرە ژوورەوە منیش چوومە ژوورەوە، نانی ئێوارەی بۆ هات، منیش لەگەڵی نەمخوارد چونکە کەم بوو،جا کاتێ لە نان خواردن تەواو بوو،دوایی فەرمووی: ئەم نەعلەم بدەرێ، هەستاو منیش هەستام، فەرمووی: پێ دەچێ کارێکت هەبێ؟ وتم: بەڵێ، کۆمەڵێك منیان ناردووە، پرسیاری شەوی قەدر بکەم لە تۆ،فەرمووی: ئەم شەوە شەوی چەندە، گوتم: بیست ودوو، فەرمووی: ئەم شەوە هەوە،پاشان گەڕایەوە فەرمووی: یان شەوی داهاتوو هەوە، واتە: بیست وسێ.

عن ابْنَ عُمَرَ (رضي الله عنه) قالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (الْتَمِسُوهَا فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ يَعْنِي لَيْلَةَ الْقَدْرِ فَإِنْ ضَعُفَ أَحَدُكُمْ أَوْ عَجَزَ فَلَا يُغْلَبَنَّ عَلَى السَّبْعِ الْبَوَاقِي) متفق عليه

واتە: (ابن عمر) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (بگەڕێن بەشوێنی لە دە شەوی کۆتاییدا- واتە شەوی قەدر- ئەگەر کەسێکتان بێ هێز بوو یان نەیتوانی با حەوتەکەی کۆتایی لەدەست خۆی نەدات.

پ۲/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر شەوانی قەدر هات چ دوعایەك بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا قَالَتْ يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ) أَرَأَيْتَ إِنْ وَافَقْتُ لَيْلَةَ الْقَدْرِ مَا أَدْعُو قَالَ تَقُولِينَ اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي)صحيح سنن ابن ماجه

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ)کرد گوتم: ئەگەر گەیشتمە شەوانی قەدر چ دوعایەك بڵێم؟ فەرمووی: بڵێ (اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي)

وفي رواية (عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَأَيْتَ إِنْ عَلِمْتُ أَيُّ لَيْلَةٍ الْقَدْرِ مَا أَقُولُ فِيهَا؟ قَالَ: قُولِي: اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعَفُ عَنِّي) رَوَاهُ أَحْمد وَابْن مَاجَه وَالتِّرْمِذِيّ وَصَححهُ

پ٣/ ڕۆژێك پیغەمبەری خودا (ﷺ) هات هەواڵی شەوی قەدر بداتە خەڵكی، بەڵام دوو موسڵمان كێشەیان بوو لە بیری نەما؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ قَالَ: خَرَجَ النَّبِيُّ (ﷺ) لِيُخْبِرَنَا بِلَيْلَةِ الْقَدْرِ فَتَلَاحَى رَجُلَانِ مِنَ الْمُسْلِمِينَ فَقَالَ: (خَرَجْتُ لِأُخْبِرَكُمْ بِلَيْلَةِ الْقَدْرِ فَتَلَاحَى فُلَانٌ وَفُلَانٌ فَرُفِعَتْ وَعَسَى أَنْ يَكُونَ خَيْرًا لَكُمْ فَالْتَمِسُوهَا فِي التَّاسِعَةِ وَالسَّابِعَةِ وَالْخَامِسَةِ) رَوَاهُ الْبُخَارِيّ

واتە: عوبادەی كوڕی سامیت (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە دەر بۆ ئەوەی هەواڵی شەوی قەدرمان بداتێ، بەڵام دوو موسڵمان كێشمەكێشیان بوو، فەرمووی: بۆ ئەوە هاتم هەواڵی شەوی قەدرتان بدەمێ، بەڵام فلان وفلان كێشەیان بوو، لەبیرم چوویەوە هیوام وایە ئەم لەبیرچوونەوە خێری تێدابێ بۆ ئێوە، بەڵام ئێوە بگەڕێن لە نۆهەم و حەوت و پێنجەمدا)

لەبوخاریدا هاتووە: (.....ئەی (ئەبو سەعید) ئێوە لەژمارە شارەزاترن لە ئێمە، وتی: بەڵێ ئێمە زیاتر خاوەن حەقین لەوەدا.. وتم: نۆهەم و حەوتەم و پێنجەم چییە؟ وتی: كاتێ بیست و یەك تێپەڕی بەشوێنیدا كاتێ بیست و دوو دێت ئەوە نۆهەمە، كاتێ بیست و سێ تێپەڕی، ئەوەی بە شوێنیدا دێت ئەوە حەوتەمە، ئەگەر بیست و پێنج تێپەڕی ئەوەی بە شوێنیدا دێت پێنجەمە)

وانەی سێزدەهەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی
حەج وعومرە (الحج والعمرة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / ئافرەتان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لەگەڵ تۆ جیهاد نەکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن عائشة رَضِيَ اللهُ عنها، قَالَت: قُلْتُ: يَا رسول الله، نَرَى الجِهَادَ أَفْضَلَ العَمَلِ، أَفَلاَ نُجَاهِدُ؟ فَقَالَ: لَكُنَّ أَفْضَلُ الجِهَادِ: حَجٌّ مَبْرُورٌ) رواه البخاري

واتە: عائیشە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: وتم: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) دەبینین جیهاد باشترین کردەوەیە ئایا ئێمەش لەگەڵ ئێوە جیهاد نەکەین ؟ فەرمووی:بەڵکو باشترین جیهاد حەجێکی وەرگیراوە.(حەجێك بە پێی شەرع ئەنجام بدرێ)

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دەتوانم لە جیاتی باوکم حەج بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنْ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: إِنَّ أَبِي مَاتَ وَلَمْ يَحُجَّ، أَفَأَحُجَّ عَنْهُ قَالَ: (أَرَأَيْتَ لَوَ كَانَ عَلَى أَبِيكَ دَيْنٌ أَكُنْتَ قَاضِيَهُ) قَالَ: نَعَمْ قَالَ: (حُجَّ عَنْ أَبِيكَ) رواه ابن حبان قال الالباني حسن

واتە: ئیبن عەباس (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: باوکم وەفاتی کردووە حەجیشی نەکردبوو، ئایا دەتوانم حەجی لە جیاتی بکەم؟ فەرمووی: ئەگەر باوکت قەرزار بوایە ئایا قەرزەکەت بۆ دەدایەوە؟ کابرا وتی: بەڵێ، فەرمووی: کەواتە حەجی بۆ بکە.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دەبێ حەج لە جیاتی کەسێك بکەی بەڵام خۆت حەجت نەکردبێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) سَمِعَ رَجُلًا يَقُولُ لَبَّيْكَ عَنْ شُبْرُمَةَ قَالَ: (مَنْ شُبْرُمَةُ) قَالَ: أَخٌ لِي أَوْ قَرِيبٌ لِي قَالَ: (أَحَجَجْتَ عَنْ نَفْسِكَ؟) قَالَ: لَا قَالَ: (حُجَّ عَنْ نَفْسِكَ ثُمَّ حُجَّ عَنْ شُبْرُمَةَ) رَوَاهُ الشَّافِعِيُّ وَأَبُو دَاوُد وابنُ مَاجَه قال الالباني صحيح

واتە: ئیبن عەباس (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) گوێی لە پیاوێك بوو، دەیگوت ئەوە حەج دەکەم لە جیاتی (شوبرومە) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: شوبرومە کێیە؟ وتی: برامە یان خزمانە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا بۆ خۆت حەجت کردووە؟ کابرا گوتی: نەخێر، فەرمووی: یەکەم جار حەج بۆ خۆت بکە، ئینجا بۆ شوبرومە حەج بکە.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر منداڵ لەگەڵ خۆمان ببەین بۆ حەج و عومرە، حەج وعومرەیان پێ بکەین ئایا پاداشتمان دەگاتێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(إِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) لَقِيَ رَكْبًا بِالرَّوْحَاءِ فَقَالَ: (مَنِ الْقَوْمُ؟) قَالُوا: الْمُسْلِمُونَ. فَقَالُوا: مَنْ أَنْتَ؟ قَالَ: (رَسُولُ اللَّهِ) فَرَفَعَتْ إِلَيْهِ امْرَأَةٌ صَبِيًّا فَقَالَتْ: أَلِهَذَا حَجٌّ؟ قَالَ:(نَعَمْ وَلَكِ أَجَرٌ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) لە (رەوحا) گەیشتە کۆمەڵە سوارێك، فەرمووی:ئەو قەومە کێنە؟ وتیان: ئێمە موسڵمانین، ئەوانیش گوتیان: ئەی جەنابت کێی؟

فەرمووی: پێغەمبەری خودام، ئافرەتێك منداڵێكی بەرزكردوەتەوە گوتی: ئەو منداڵە حەجی بۆهەیە، پێغەمبەر فەرمووی: بەڵێ، وەتۆش پاداشتت دەگاتێ.

تێبینی: دیارە حەجی منداڵ بەبەر حەجی فەرز ناكەوێ بەڵام پاداشتی دەگاتی.

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باوكم كەسێكی پیرە، ناتوانێ حەج و عومرە بكات، و توانای سەفەركردنیشی نیە چی بكەم؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي رَزِينٍ الْعُقَيْلِيِّ أَنَّهُ أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أَبِي شَيْخٌ كَبِيرٌ لَا يَسْتَطِيعُ الْحَجَّ وَلَا الْعُمْرَةَ وَلَا الظَّعْنَ قَالَ: (حُجَّ عَنْ أَبِيكَ وَاعْتَمِرْ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ

واتە: ئەبو رەزینی عوقەیلی (ڕەزای خودای لێبێ) دەڵێ: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) باوكم كەسێكی بە تەمەنە، ناتوانێ حەج وعومرە بكات، و ناتوانێ سەفەریش بكات؟ فەرمووی: حەج وعومرە لە جیاتی باوكت بكە.

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ج جل وبەگێك دەبەر بكرێت دروستە بۆ حەج وعومرە؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ): أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَا يَلْبَسُ الْمُحْرِمُ مِنَ الثِّيَابِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (لَا تَلْبَسُوا الْقُمُصَ، وَلَا الْعَمَائِمَ، وَلَا السَّرَاوِيلَاتِ، وَلَا الْبَرَانِسَ وَلَا الْخِفَافَ، إِلَّا أَحَدٌ لَا يَجِدُ النَّعْلَيْنِ فَلْيَلْبَسِ الْخُفَّيْنِ، وَلْيَقْطَعْهُمَا أَسْفَلَ مِنَ الْكَعْبَيْنِ، وَلَا تَلْبَسُوا مِنَ الثِّيَابِ شَيْئًا مَسَّهُ الزَّعْفَرَانُ وَلَا الْوَرْسُ) رواه البخاري

واتە: (ئیبن عومەر) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ پیاوێك پرسیاری كرد لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی پۆشاكی ئیحرام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (كراس

لەبەرمەکەن، مێزەر لەسەر مەکەن، شەروالّ لەپێ مەکەن، کلّاو لەسەر مەکەن، خوف لە پێی مەکەن، مەگەر کەسێك نەعلی دەست نەکەوێت با خوف (پێلاو) لە پێ بکات، بەڵام پاژنەکانی خوار قولە پێکانی ببڕێت، جلێك لەبەر مەکەن کە زەعفەران و وەرس (دوو گیای بۆنخۆشن) ی بەرکەوتبێ.

وفی روایه(-(عَنْ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: (سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَا يَلْبَسُ الْمُحْرِمُ؟ قَالَ لَا يَلْبَسُ الْمُحْرِمُ الْقَمِيصَ، وَلَا الْعِمَامَةَ، وَلَا الْبُرْنُسَ، وَلَا السَّرَاوِيلَ وَلَا ثَوْبًا مَسَّهُ وَرْسٌ، وَلَا زَعْفَرَانٌ، وَلَا الْخُفَّيْنِ إِلَّا أَنْ لَا يَجِدَ نَعْلَيْنِ فَلْيَقْطَعْهُمَا حَتَّى يَكُونَا أَسْفَلَ مِنْ الْكَعْبَيْنِ) رَوَاهُ الْجَمَاعَةُ

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بۆنم لە خۆداوە و جوبەشم دەبەر کردوە، مەبەستی عومرەم هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ صَفْوَانَ بْنِ يَعْلَى بْنِ أُمَيَّةَ، عَنْ أَبِيهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) وَهُوَ بِالْجِعْرَانَةِ، قَدْ أَهَلَّ بِالْعُمْرَةِ، وَهُوَ مُصَفِّرٌ لِحْيَتَهُ وَرَأْسَهُ، وَعَلَيْهِ جُبَّةٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنِّي أَحْرَمْتُ بِعُمْرَةٍ، وَأَنَا كَمَا تَرَى، فَقَالَ: (انْزِعْ عَنْكَ الْجُبَّةَ، وَاغْسِلْ عَنْكَ الصُّفْرَةَ، وَمَا كُنْتَ صَانِعًا فِي حَجِّكَ، فَاصْنَعْهُ فِي عُمْرَتِكَ) رواه مسلم

واتە: صەفوانی کوڕی یەعلای کوڕی ئومەیە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتە لە ناوچەی جیعرانەبوو. ئەو پیاوە ئیحرامی بە عومرە بەست بوو، سەروریشی زەرد کردبوو لەبەر خەنە و ماددەی تر، و جوبەکی بەسەرخودادا بوو، وتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، من ئیحرامم بە عومرە بەستووە، وەمن دەبینی چۆنم، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: جوببەکەت داکەنەو خۆشت بشۆ لەم رەنگە، و چی بۆ حەج دەکەی هەمان شت بۆ عومرە بکە.

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەری کیویمان ڕاوکردووە، وئێمە لە ئیحرامداین، ئایا دروستە گۆشتەکەی بخۆین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ ابْنِ أَبِي قَتَادَةَ، عَنْ أَبِيهِ أَبِي قَتَادَةَ قَالَ: أَصَابَ حِمَارًا وَحْشِيًّا، فَأَتَى بِهِ أَصْحَابَهُ وَهُمْ مُحْرِمُونَ، وَهُوَ حَلَالٌ، فَأَكَلْنَا مِنْهُ فَقَالَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: لَوْ سَأَلْنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَسَأَلْنَاهُ، فَقَالَ: (قَدْ أَحْسَنْتُمْ)، فَقَالَ لَنَا: (هَلْ مَعَكُمْ مِنْهُ شَيْءٌ؟)، قُلْنَا: نَعَمْ. قَالَ: (فَاهْدُوا لَنَا) فَأَتَيْنَاهُ مِنْهُ فَأَكَلَ مِنْهُ وَهُوَ مُحْرِمٌ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئیبن ئەبو قەتادە (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: گوێدرێژێکی کیویم ڕاوکرد، هێنایە لای هاوڕێکانی، ئەوان لە ئیحرامدابوون، ئەویش لە ئیحرامدا نەبوو، دەڵێ: گۆشتەکەمان خوارد، هەندێك گوتیانە هەندێك: لەم بارەوە پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) بکەین ، ئێمەش پرسیارمان لێ کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: کارێکی چاکتان کردووە، و فەرمووی: ئایا هیچ گوشتان ماوە؟ وتمان بەڵێ، فەرمووی: هەندێکمان بە دیاری بۆ بنێرن، ئێمەش بۆمان ناردو لێی خوارد ئەو لەو کاتدا لە ئیحرامدابوو.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە کاتی ئیحرامدا لە جانەوەرەکان دەتوانین چ بکوژین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) سُئِلَ مَا يَقْتُلُ الْمُحْرِمُ؟ قَالَ: (يَقْتُلُ الْعَقْرَبَ، وَالْفُوَيْسِقَةَ، وَالْحِدَأَةَ، وَالْغُرَابَ، وَالْكَلْبَ الْعَقُورَ) رواه النسائي وابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: ئیبن عومەر (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو کەسەی لە ئیحرامدایە بۆی هەیە چی بکوژی؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: دووبشك دەکوژرێ، مشك، کۆلارە، قەلە ڕەش،و سەگی هار.

-(اقْتُلُوا الحَيَّةَ والعَقْرَبَ وإنْ كُنْتُمْ فِي الصَّلاةِ) الطبراني قال الالباني صحيح

واتە: پێعەمبەر (ﷺ) فەرمووێەتی: ئەگەر لە ناونوێژیش بوون دووپشك ومار بکوژن.

وفي رواية(عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: (خَمْسٌ فَوَاسِقُ يُقْتَلْنَ فِي الْحِلِّ وَالْحَرَمِ الْحَيَّةُ، وَالْغُرَابُ الْأَبْقَعُ، وَالْفَأْرَةُ، وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ، وَالْحُدَيَّا رواه البخاري

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (پێنج جانەوەری زیان بەخش هەیە لەمەککەو سنووری دەورو بەری مەککەش دەکوژرێن. (مار، قەلەڕەشی بازو (واتە: ڕەنگ ڕەش وسپی)، مشك، سەگی هار، کۆلارە)

پ.١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەمەوێ حەج بکەم، بەڵام نەخۆشم، چی بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ دَخَلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَلَى ضُبَاعَةَ بِنْتِ الزُّبَيْرِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ فَقَالَتْ يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ) إِنِّي أُرِيدُ الْحَجَّ وَأَنَا شَاكِيَةٌ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) حُجِّي وَاشْتَرِطِي أَنَّ مَحِلِّي حَيْثُ حَبَسْتَنِي) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) چووە سەردانی (زوباعە)ی کچی زوبێری کوڕی عەبدولموتەلیب، وتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) دەمەوێ حەج بکەم بەڵام نەخۆشم؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی:حەجی خۆت بکە، بەڵام مەرج دابنێ، بڵێ لە کوێ بۆم نەکرا دەگەڕێمەوە(دیارە بەم مەرجە فیدیە ناکەوێتە سەر،وەکو ئیحصار نیە)

وفي رواية(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ): أَنَّ ضُبَاعَةَ بِنْتَ الزُّبَيْرِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ: إِنِّي امْرَأَةٌ ثَقِيلَةٌ، وَإِنِّي أُرِيدُ الْحَجَّ، فَمَا تَأْمُرُنِي؟ قَالَ: (أَهِلِّي بِالْحَجِّ وَاشْتَرِطِي أَنَّ مَحِلِّي حَيْثُ تَحْبِسُنِي). قَالَ: فَأَدْرَكَتْ) رواه مسلم

(ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: (زوباعەی کچی زوبێر) هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: من ئافرەتێکی ناساغم، دەشمەوێ حەج بکەم، فەرمانت بە چییە؟ ئەویش فەرمووی: (ئیحرام بە حەج ببەستە، بەمەرجی بگرە شوێنی ئیحرامەکەم ئەو شوێنەیە کە پەکم دەکەوێ) ڕاوی دەڵێ: حەجەکەی بۆ کرا.

پ١١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من نەخۆشم چۆن تەواف بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ قَالَتْ: شَكَوْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنِّي شَاكِيَةٌ فَقَالَ: (طُوفِي مِنْ وَرَاءِ النَّاسِ، وَأَنْتِ رَاكِبَةٌ)، قَالَتْ: فَفَعَلْتُ) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: ئوم سەلەمە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: سکاڵام بردە لای پێغەمبەر(ﷺ) وتم: من نەخۆشم چۆن تەواف بکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: لە دوای خەڵکی تەواف بکە بە سواری، دەڵێ منیش وام کرد.

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بچمە ناو ژووی کەعبە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عَائِشَةَ قَالَتْ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا أَدْخُلُ الْبَيْتَ؟ قَالَ: (ادْخُلِي الْحِجْرَ فَإِنَّهُ مِنَ الْبَيْتِ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: وتم: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)ئایا بچمە ناو ژووری کەعبە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بڕۆ ناو حیجر چونکە حیجر بەشێکە لە بەیت

(عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتْ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)عَنِ الْجَدْرِ، أَمِنَ الْبَيْتِ هُوَ؟ قَالَ: (نَعَمْ). قُلْتُ: فَلِمَ لَمْ يُدْخِلُوهُ فِي الْبَيْتِ؟ قَالَ: (إِنَّ قَوْمَكِ قَصَّرَتْ بِهِمُ النَّفَقَةُ). قُلْتُ: فَمَا شَأْنُ بَابِهِ مُرْتَفِعًا؟ قَالَ: (فَعَلَ ذَلِكِ قَوْمُكِ لِيُدْخِلُوا مَنْ شَاءُوا وَيَمْنَعُوا مَنْ شَاءُوا، وَلَوْلَا أَنَّ قَوْمَكِ حَدِيثٌ عَهْدُهُمْ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَأَخَافُ أَنْ تُنْكِرَ قُلُوبُهُمْ، لَنَظَرْتُ أَنْ أُدْخِلَ الْجَدْرَ فِي الْبَيْتِ، وَأَنْ أُلْزِقَ بَابَهُ بِالْأَرْضِ).رواه البخاري

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) ئایا (حیجری ئیسماعیل) بەشێکە لە (بەیت)؟ فەرمووی: (بەڵێ) وتم: ئەی بۆ نەیانخستۆتە سەر (بەیت)؟ فەرمووی: (ئەوە خزمەکانت وایان کردووە تا کێیان بوێ بیکەنە ژوورەوە، کێیان بوێ نەیەڵن، جا ئەگەر خزمەکانت لەسەردەمی نەفامییەوە نزیك نەبوونایە کە دەترسم پێیان ناخۆش بێت لەوانە بوو دیوارەکە بخەمە سەر (بەیت) دەرگاکەشی ڕێکی زەوی بکەم).

پ١٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن لە عەرەفە بوەستین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عُرْوَة بْن مُضَرِّسٍ الطَّائِيُّ قَالَ أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِالْمَوْقِفِ يَعْنِي بِجَمْعٍ قُلْتُ جِئْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ مِنْ جَبَلِ طَيِّئٍ أَكْلَلْتُ مَطِيَّتِي وَأَتْعَبْتُ نَفْسِي وَاللَّهِ مَا تَرَكْتُ مِنْ حَبْلٍ إِلَّا وَقَفْتُ عَلَيْهِ فَهَلْ لِي مِنْ حَجٍّ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ أَدْرَكَ مَعَنَا هَذِهِ الصَّلَاةَ وَأَتَى عَرَفَاتَ قَبْلَ ذَلِكَ لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَقَدْ تَمَّ حَجُّهُ وَقَضَى تَفَثَهُ (رواه ابو داود) قال الالباني صحيح

واتە: عورەوەی کوڕی موزەریسی تائی (ﷺ) دەڵێ: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) لە عەرەفات وتم: ئەی پێغەمبەری خودا لە چیای (طي) هاتووم وخۆم ماندوو کردووە،هیچ گورسێکم پازنەداوە مەگەر لەسەری وەستاوم، ئایا حەجەکەم تەواوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی:ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەو نوێژەی کرد وهاتە عەرەفات، پێش ئەوە شەوبێ یان ڕۆژ، بیگومان حەجەکەی تەواوە.

پ١٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا حەج چییە وچۆنە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عَبْدَ الرَّحْمَن بْنَ يَعْمَر الدِّيلِيِّ، قَالَ: شَهِدْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، وَهُوَ وَاقِفٌ بِعَرَفَةَ، وَأَتَاهُ نَاسٌ مِنْ أَهْلِ نَجْدٍ، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ كَيْفَ الْحَجُّ؟ قَالَ: (الْحَجُّ عَرَفَةُ،

فَمَنْ جَاءَ قَبْلَ صَلَاةِ الْفَجْرِ، لَيْلَةَ جَمْعٍ، فَقَدْ تَمَّ حَجُّهُ، أَيَّامُ مِنًى ثَلَاثَةٌ، فَمَنْ تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ، فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ، وَمَنْ تَأَخَّرَ، فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ، ثُمَّ أَرْدَفَ رَجُلًا خَلْفَهُ، فَجَعَلَ يُنَادِي بِهِنَّ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: عبدالرحمن کوڕی یەعمەری دەیلی (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەرم بینی (ﷺ) لە عەرەفە وەستا بوو،خەڵکی نەجد هاتنە لای وتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) حەج چییە وچۆنە؟

پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: حەج بریتییە لە عەرەفە، ئەوەی بێتە عەرەفە پێش نوێژی بەیانی،شەوی خەڵك کۆبونەوە،ئەوە حەجەکەی تەواوە، ورۆژانی مینـاش سێ رۆژە،و ئەوەی پەلە بکات لە دوو رۆژان گوناهی ناگاتێ، و ئەوەی خۆی دوابخات گوناهی ناگاتێ، دوای پیاوێك لە دوای پێغەمبەر(ﷺ) سواری وڵاخ ببوو، ئەو قسانەی بۆ خەڵکی دووبارە کردنەوە.

پ١٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دەبێ کردارەکانی حەج پاش وپێش بخەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَأَتَاهُ رَجُلٌ يَوْمَ النَّحْرِ وَهُوَ وَاقِفٌ عِنْدَ الْجَمْرَةِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي حَلَقْتُ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ؟ فَقَالَ: (ارْمِ وَلَا حَرَجَ). وَأَتَاهُ آخَرُ فَقَالَ: إِنِّي ذَبَحْتُ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ؟ قَالَ: (ارْمِ وَلَا حَرَجَ). وَأَتَاهُ آخَرُ فَقَالَ: إِنِّي أَفَضْتُ إِلَى الْبَيْتِ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ؟ قَالَ: (ارْمِ وَلَا حَرَجَ). (قَالَ): فَمَا رَأَيْتُهُ سُئِلَ يَوْمَئِذٍ عَنْ شَيْءٍ إِلَّا قَالَ: (افْعَلُوا وَلَا حَرَجَ)رواه البخاري

واتە: (عبدالله ی کوڕی عەمر ی کوڕی عاص) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو پیاوێك هات بۆ خزمەتی لەڕۆژی قوربانیدا، ئەو لەنزیکی (جمره العقبه)دا بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من سەرم تاشی پێش ئەوەی بەرد باران (ڕەجمی شەیتان) بکەم؟ فەرمووی: (بەرد باران (شەیتان ڕەجم) بکەو قەیناکات) یەکێکی تر هات و وتی: من قوربانیەکەمم سەربڕیوە پێش ئەوەی بەرد باران بکەم؟ فەرموی: (ئێستە بەرد باران بکەو

قەیناکات) یەکێکی تر هات و وتی: من چووم بۆ تەوافی (إفاضة) پێش ئەوەی بەرد باران بکەم؟ فەرمووی: (ئێستە بەرد باران بکەو قەیناکات).. ئەو ڕۆژە نەمدی هیچ پرسیارێکی لێ بکرێت و نەفەرمێت: (ئەوە بکەو قەیناکات).

وفي رواية (عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رضي الله عنه) قالَ: وَقَفَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى رَاحِلَتِهِ، فَطَفِقَ نَاسٌ يَسْأَلُونَهُ، فَيَقُولُ الْقَائِلُ مِنْهُمْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي لَمْ أَكُنْ أَشْعُرُ أَنَّ الرَّمْيَ قَبْلَ النَّحْرِ، فَنَحَرْتُ قَبْلَ الرَّمْيِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (فَارْمِ وَلَا حَرَجَ). قَالَ: وَطَفِقَ آخَرُ يَقُولُ: إِنِّي لَمْ أَشْعُرْ أَنَّ النَّحْرَ قَبْلَ الْحَلْقِ، فَحَلَقْتُ قَبْلَ أن أنحر؟ فَيَقول: (انحر ولا حرج). قَالَ: فما سمعته يُسْأَلُ يَوْمَئِذٍ عَنْ أَمْرٍ مِمَّا يَنْسَي الْمَرْءُ وَيَجْهَلُ -مِنْ تَقْدِيمِ بَعْضِ الْأُمُورِ قَبْلَ بَعْضٍ وَأَشْبَاهِهَا- إِلَّا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (افْعَلُوا ذَلِكَ وَلَا حَرَجَ) رواه البخاري

واتە: (عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر وڵاغەکەی وەستا بوو خەڵکی دەچوون پرسیاریان لێ دەکرد، یەیکێکیان دەیوت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من نەمزانی کەبەردباران کردن(ڕەجم) پێش قوربانی کردنە، قوربانیم کرد پێش بەرد باران کردن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئێستا بەرد بارانەکەت (ڕەجم)بکەو قەیناکا) یەکێکی تر وتی: من نەمزانی کە قوربانی پێش سەرتاشینە، سەرم تاشی پێش قوربانی کردن، فەرمووی: (قوربانییەکەت بکەو قەیناکات).. ئەو ڕۆژە نەمبیست کەسێك پرسیار بکات لەوانەی کە نەیاندەزانی یان بیریان چوو بوو، هەندێ شتیان پێش هەندێکی تر کردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) هەر دەیفەرموو: (ئەوە بکەو قەیناکات).

پ١٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) سەفاومەڕوەم پێش تەواف کردووە ئایا دروستە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَن أُسامةَ بنِ شريكٍ قَالَ: خَرَجْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حَاجًّا فَكَانَ النَّاسُ يَأْتُونَهُ فَمِنْ قَائِلٍ: يَا رَسُولَ اللَّهِ سَعَيْتُ قَبْلَ أَنْ أَطُوفَ أَوْ أَخَّرْتُ شَيْئًا أَوْ قَدَّمْتُ شَيْئًا فَكَانَ يَقُولُ: (لَا حَرَجَ إِلَّا عَلَى رَجُلٍ اقْتَرَضَ عِرْضَ مُسْلِمٍ وَهُوَ ظَالِمٌ فَذَلِكَ الَّذِي حَرِجَ وهَلِك) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وابن خزيمة قال الاعظمي و الالباني صحيح

واتە: ئوسامەی کوڕی شەریك (ﷺ) دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) چووم بۆ حەج، خەڵکی دەهاتن پرسیاریان لێ دەکرد، یەکێ وتی: سەعیم کردووە(واتە: سەفا ومەڕوە) پێش تەواف کردن، یان دەیانگوت ئەو کارەمان دوا خستووە، یان دەیانگوت ئەو کارەمان پێش خستووە؟ ئەویش دەیفەرموو: کێشە نیە و دروستە، فەرمووی: مەگەر کەسێك حەق ومافی موسڵمانی لەسەربێ وزوڵمی کردبێ ئەوکەسە کێشەی هەیەو فەوتاوە.

پ٨٧ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەسپێم لەسەردایە چی بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن كَعْب بْن عُجْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، أَنَّهُ خَرَجَ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) مُحْرِمًا، فَقَمِلَ رَأْسُهُ وَلِحْيَتُهُ، فَبَلَغَ ذَلِكَ النَّبِيَّ (ﷺ) فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ فَدَعَا الْحَلَّاقَ، فَحَلَقَ رَأْسَهُ، ثُمَّ قَالَ لَهُ: (هَلْ عِنْدَكَ نُسُكٌ؟) قَالَ: مَا أَقْدِرُ عَلَيْهِ، (فَأَمَرَهُ أَنْ يَصُومَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، أَوْ يُطْعِمَ سِتَّةَ مَسَاكِينَ، لِكُلِّ مِسْكِينَيْنِ صَاعٌ)، فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ فِيهِ خَاصَّةً: (فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِنْ رَأْسِهِ) (البقرة: ١٩٦) ثُمَّ كَانَتْ لِلْمُسْلِمِينَ عَامَّةً) رواه مسلم

واتە: کەعبی کوڕی عوجرە (ﷺ) دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بە ئیحرامەوە چوومە حەج، ئەسپێ کەوتە سەروڕیشی، ئەم هەوالە گەیشتە پێغەمبەر(ﷺ)، لەدوای نارد وبانگی سەرتاشی کردو سەری تاشی، پاشان پێی فەرموو: ئایا دەتوانی قوربانی بکەی(واتە: فیدیە بدەی) گوتی: نەخێر دەستەڵاتم نیە، فەرمانی پێ کرد سێ ڕۆژان بە ڕۆژووبێ، یان شەش هەژارنان بدات، بۆ هەر هەژارێك ساعێك، خودا ئەم ئایەتەی بۆ ئەو بەتایبەتی دابەزاند (فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِنْ رَأْسِهِ) دواییش بوویە یاسا بۆ گشت موسڵمانان.

وفي رواية(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَعْقِلٍ قَالَ: قَعَدْتُ إِلَى كَعْبٍ (رضي الله عنه)وَهُوَ فِي الْمَسْجِدِ، فَسَأَلْتُهُ عَنْ هَذِهِ الْآيَةِ: (فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ) (البقرة: ١٩٦). فَقَالَ كَعْبٌ: نَزَلَتْ فِيَّ، كَانَ بِي أَذى مِنْ رَأْسِي، فَحُمِلْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَالْقَمْلُ يَتَنَاثَرُ عَلَي وَجْهِي، فَقَالَ: (مَا كُنْتُ أُرَي أَنَّ الْجَهْدَ بَلَغَ مِنْكَ مَا أَرَي، أَتَجِدُ شَاةً). فَقُلْتُ:

لَا، فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: (فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ) قَالَ: (صَوْمُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ، أَوْ إِطْعَامُ سِتَّةِ مَسَاكِينَ، نِصْفَ صَاعٍ طَعَامًا لِكُلِّ مِسْكِينٍ). قَالَ: فَنَزَلَتْ فِيَّ خَاصَّةً، وَهِيَ لَكُمْ عَامَّةً) رواه البخاري

واتە: (عبدالله ی کوڕی معقل) دەڵێ: چوومە لای (کعب) دانیشتم لەمزگەوتدا دەربارەی ئەم ئایەتە پرسیارم لێکرد (ففديه من صيام او صدقه او نسك) البقره/١٩٦ (کعب) وتی: ئەوە لەسەر من دابەزی سەرم بریندی پێوە بوو. بردیانم بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ئەسپێ دەهاتە سەر دەم و چاوم، فەرمووی: (نەمزانیوە ئاوا ماندوویت باشە مەڕێکت پێ هەڵ ناسوڕێ) وتم: نەخێر: ئیتر ئەو ئایەتە دابەزی (ففديه من صيام او صدقه او نسك) فەرمووی: (سێ ڕۆژ بەڕۆژوبە، یان نانی شەش هەژار بدە بۆ هەر هەژارێك نیو مەن(صاع) خواردن) جا ئەو ئایەتە بەتایبەت بۆ من دابەزی بۆ ئێوەشە بەگشتی.

پ٨٨ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕۆژی حەجی گەورە چ ڕۆژێکە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَقَفَ يَوْمَ النَّحْرِ بَيْنَ الْجَمَرَاتِ فِي الْحَجَّةِ الَّتِي حَجَّ، فَقَالَ لِلنَّاسِ: (أَيُّ يَوْمٍ هَذَا؟) قَالُوا: هَذَا يَوْمُ النَّحْرِ قَالَ: (فَأَيُّ بَلَدٍ هَذَا؟) قَالُوا: هَذَا الْبَلَدُ الْحَرَامُ قَالَ: (فَأَيُّ شَهْرٍ هَذَا؟) قَالُوا: الشَّهْرُ الْحَرَامُ. قَالَ: (هَذَا يَوْمُ الْحَجِّ الْأَكْبَرِ، فَدِمَاؤُكُمْ، وَأَمْوَالُكُمْ، وَأَعْرَاضُكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ، كَحُرْمَةِ هَذَا الْبَلَدِ فِي هَذَا الْيَوْمِ) ثُمَّ قَالَ: (أَلَا هَلْ بَلَّغْتُ؟) قَالُوا: نَعَمْ. فَطَفِقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: (اللَّهُمَّ اشْهَدْ) ثُمَّ وَدَّعَ النَّاسَ، فَقَالُوا: هَذِهِ حَجَّةُ الْوَدَاعِ) الحاكم في المستدرك وابو داود قال الالباني صحيح

واتە: ئیبن عومەر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەنیوان جەمرەکان وەستا بوو، لەو حەجەی کە کردی، فەرموویە خەڵکی (ئەوە چ ڕۆژێکە) وتیان: ئەوە ڕۆژی جەژنی قوربانە، فەرمووی: (ئەوە چ شارێکە؟) وتیان: ئەوە شاری قەدەغەکراوە (واتە: حەرەمی مەککەیە) فەرمووی: (ئەو مانگە چ مانگێکە؟) وتیان: مانگی حەرامە (واتە: لەو مانگانەیە کە کوشتاری تێدا قەدەغەیە) فەرمووی: ئەوە ڕۆژی حەجی گەورەیە، خوێن و ماڵ و ناموستان لە یەکتر حەرامە، وەکو حەرامی ئەو

وڵاتە لەو ڕۆژەدا، پاشان فەرمووی: ئاگادارین من پێم ڕاگەیاندن، وتیان: بەڵێ، فەرمووی:

خودایە شایەد بە من پێم ڕاگەیاندن، پاشان خودا حافیزی لە خەڵکی کرد، خەڵکی وتیان: ئەم حەجە حەجی مالّئاواییە.

وفي رواية(عَنْ عَلِيٍّ، قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ يَوْمِ الحَجِّ الأَكْبَرِ، فَقَالَ: (يَوْمُ النَّحْرِ) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

واتە: عەلی (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەرکرد(ﷺ)، دەربارەی ڕۆژی حەجی گەورە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ڕۆژی جەژنی قوربانە.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دەتوانم حەج لە جیانی دایکم بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ بُرَيْدَةَ قَالَ: (كُنْتُ جَالِسًا عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) إِذْ أَتَتْهُ امْرَأَةٌ فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي تَصَدَّقْتُ عَلَى أُمِّي بِجَارِيَةٍ، وَإِنَّهَا مَاتَتْ، قَالَ: وَجَبَ أَجْرُكِ وَرَدَّهَا عَلَيْكِ الْمِيرَاثُ قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ كَانَ عَلَيْهَا صَوْمُ شَهْرٍ أَفَأَصُومُ عَنْهَا؟ قَالَ: صُومِي عَنْهَا قَالَتْ: إِنَّهَا لَمْ تَحُجَّ قَطُّ أَفَأَحُجُّ عَنْهَا؟ قَالَ: نَعَمْ حُجِّي عَنْهَا) رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

واتە: بوریدە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: لەلای پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبووم، ئافرەتێك هاتە خزمەتی گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) من جارەییەکم بەخێر دایە دایکم، بەڵام دایکم وەفاتی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خودا پاداشتی بۆ نوسی وبەمیراتیش بۆت گەڕایەوە، گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) دایکم مانگێك ڕۆژووی لەسەربوو ئایا دەتوانم ڕۆژووەکانی بۆ بگرمەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی:بەڵێ لە جیاتی ئەو بە ڕۆژوو بە، وتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) دایکم هەرگیز حەجی نەکردووە ئایا دەتوانم لە جیاتی ئەو حەج بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی:بەڵێ لە جیاتی ئەو حەج بکە.

پ.٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە لە حەج بازرگانی بکرێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أبي أمامة التَّيْمِيِّ قال: قَالَ: كُنْتُ رَجُلًا أُكَرِّي فِي هَذَا الْوَجْهِ وَكَانَ نَاسٌ يَقُولُونَ لِي: إِنَّهُ لَيْسَ لَكَ حَجٌّ، فَلَقِيتُ ابْنَ عُمَرَ، فَقُلْتُ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ، إِنِّي رَجُلٌ أُكَرِّي فِي هَذَا الْوَجْهِ وَإِنَّ نَاسًا يَقُولُونَ لِي إِنَّهُ لَيْسَ لَكَ حَجٌّ، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: أَلَيْسَ تُحْرِمُ وَتُلَبِّي وَتَطُوفُ بِالْبَيْتِ وَتُفِيضُ مِنْ عَرَفَاتٍ وَتَرْمِي الْجِمَارَ، قَالَ: قُلْتُ: بَلَى، قَالَ: فَإِنَّ لَكَ حَجًّا، جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلَهُ عَنْ مِثْلِ مَا سَأَلْتَنِي عَنْهُ، فَسَكَتَ عَنْهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَلَمْ يُجِبْهُ حَتَّى نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلا مِنْ رَبِّكُمْ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَقَرَأَ عَلَيْهِ هَذِهِ الْآيَةَ، وَقَالَ: لَكَ حَجٌّ) سنن ابي داود قال الالباني صحيح

الغريب من الحديث (الكراء) اي التاجر (أُكَرِّي) تاجر، والمراد هنا سفر الحج

واتە: لەئەبو ئومامەی تەمیمییەوە هاتووە دەڵێ: پیاوێکی بازرگان بووم، خەڵکی پێیان گوتم خێری حەجت پی ناگا چونکە بازرگانیت کرد، ئیبن عومەر وتی ئایا تۆ ئیحرامت نەبەستووە، تەلبیەشت کردووە، تەوافیش دەکەی و لە عەرەفات دێتەخوار و ڕەجمی جەمرات دەکەی، ئەڵێ وتم بەڵێ وادەکەم، وتی کەواتە تۆ حەجت دروستە، پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) هەمان پرسیاری لێ کرد، کە تۆ ئاڕاستەی منت کرد، ئەویش بێ دەنگ بوو، وەڵامی نەدایەوە، ئەوجا ئەو ئایەتە هاتە خوار (لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلا مِنْ رَبِّكُمْ) پێغەمبەر(ﷺ) بە دوای کابرای نارد و ئایەتەکەی بەسەردا خوێندەوە، و فەرمووی حەجەکەت دروستە .

تێبینی: پەندێکی کوردی زۆر جوان هەیە دەڵێ (هەم زیارەت هەم تیجارەت)

پ٢١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا باشترین کردەوە چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَيُّ الْأَعْمَالِ أَفْضَلُ قَالَ إِيمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ قِيلَ ثُمَّ مَاذَا قَالَ جِهَادٌ فِي سَبِيلِ االَّهِ قِيلَ ثُمَّ مَاذَا قَالَ حَجٌّ مَبْرُورٌ) صحيح البخاري

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) دەربارەی باشترین کردەوە؟ فەرمووی: باوەڕهێنان بەخوداو پێغەمبەر (ﷺ)، گوترا پاشان: فەرمووی: تێکۆشان لە پێناوی خودا، گوترا پاشان: فەرمووی: حەجێکی وەرگیراو.

پ٢٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا حیجری ئسماعیل بەشێکە لە بەیت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ سَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ الْجَدْرِ أَمِنَ الْبَيْتِ هُوَ قَالَ نَعَمْ قُلْتُ فَمَا لَهُمْ لَمْ يُدْخِلُوهُ فِي الْبَيْتِ قَالَ إِنَّ قَوْمَكِ قَصَّرَتْ بِهِمْ النَّفَقَةُ قُلْتُ فَمَا شَأْنُ بَابِهِ مُرْتَفِعًا قَالَ فَعَلَ ذَلِكَ قَوْمُكِ لِيُدْخِلُوا مَنْ شَاءُوا وَيَمْنَعُوا مَنْ شَاءُوا وَلَوْلَا أَنَّ قَوْمَكِ حَدِيثٌ عَهْدُهُمْ بِالْجَاهِلِيَّةِ فَأَخَافُ أَنْ تُنْكِرَ قُلُوبُهُمْ أَنْ أُدْخِلَ الْجَدْرَ فِي الْبَيْتِ وَأَنْ أُلْصِقَ بَابَهُ بِالْأَرْضِ) رواه البخاري

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) ئایا (حیجری ئیسماعیل) بەشێکە لە (بەیت)؟ فەرمووی: (بەڵێ) وتم: ئەی بۆ نەیانخستۆتە سەر (بەیت)؟ فەرمووی: (ئەوە خزمەکانت وایان کردووە تا کێیان بوێ بیکەنە ژوورەوە، کێیان بوێ نەیەڵن، جا ئەگەر خزمەکانت لەسەردەمی نەفامییەوە نزیك نەبوونایە کە دەترسم پێیان ناخۆش بێت لەوانە بوو دیوارەکە بخەمە سەر (بەیت) دەرگاکەشی ڕێکی زەوی بکەم).

وانەی چواردەهەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی قوربانی (الاضحية) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا گیسك دەبێ بۆ قوربانی؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَعْطَاهُ غَنَمًا يَقْسِمُهَا عَلَى أَصْحَابِهِ ضَحَايَا، فَبَقِيَ عَتُودٌ أَوْ جَدْيٌ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: (ضَحِّ بِهِ أَنْتَ) رواه مسلم و الترمذي قال الالباني صحيح

قَالَ وَكِيعٌ: (الجَذَعُ مِنَ الضَّأْنِ يَكُونُ ابْنَ سِتَّةِ أَوْ سَبْعَةِ أَشْهُرٍ) (الجدي: الذكر من اولاد المعز) (العَتُودُ: من اولاد المعز ما قوي واتى عليه حول) قاموس المعاني.

(الضَّأْنِ) واتە: مەڕ (الجَذَعُ) شەك

واتە: عوقبەی کوڕی عامیر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) مێگەلە مەڕێکی دامێ دابەشی بکەم بۆ قوربانی بەسەر هاوەڵانی، تەنها کارێك مایەوە، منیش بۆ پێغەمبەرم(ﷺ) باس کرد، فەرمووی: تۆش ئەوە بکە قوربانی.

وفي رواية (عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: قَسَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِينَا ضَحَايَا، فَأَصَابَنِي جَذَعٌ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُ أَصَابَنِي جَذَعٌ؟ فَقَالَ: (ضَحِّ بِهِ). البخاري

واتە: (عوقبە) کوڕی (عامر) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕێ حەیوانی بەسەردا دابەشکرین کە بیکەینە قوربانی، من گیسکێکم بەرکەوت، عەرزم کرد، ئەی پێغەمبەری خوا، من گیسکێکم بۆ ماوەتەوە؟ فەرمووی: (بیکە بە قوربانیی).

تێنینی: گیسك نابێ بۆ قوربانی بەڵام چونکە هیچ ئاژەڵ نەمابوو، پێغەمبەر ئەمەی فەرموو وەکو بڕیارێکی تایبەتی بۆ عوقبە.

ئاگاداری: ئەو ئاژەڵانەی بۆ قوربانی دەبن ئەمانەن و تەمەنیان بەم شێوەیە:

١- (مەڕ) بەرخی تەمەن شەش مانگ لای حەنەفیەکان، لای شافعییەکان ساڵێك بێ، واتە: چووبێتە دوو ساڵان.

٢- (بزن) یەك ساڵ بێ، واتە چووبێتە دوو ساڵان، لای شافعی دوو ساڵی تەواوکردبێ چووبێتە سێ ساڵان.

٣- (ڕەشە وڵاخ) (گا و مانگا و گامێش) دوو ساڵ بێ، واتە: چووبێتە سێ ساڵان.

٤- (وشتر) تەمەن پێنج ساڵان بێ، چووبێتە ساڵی شەشەم

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا قوربانی پێش نوێژی جەژن دروستە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ جُنْدُبِ بْنِ سُفْيَانَ قَالَ: شَهِدْتُ أَضْحًى مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَصَلَّى بِالنَّاسِ، فَلَمَّا قَضَى الصَّلَاةَ رَأَى غَنَمًا قَدْ ذُبِحَتْ، فَقَالَ: (مَنْ ذَبَحَ قَبْلَ الصَّلَاةِ فَلْيَذْبَحْ شَاةً مَكَانَهَا، وَمَنْ لَمْ يَكُنْ ذَبَحَ فَلْيَذْبَحْ عَلَى اسْمِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ) رواه النسائي

واتە: جوندوبی کوڕی سوفیان (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: ئامادەی قوربانی کردن بووم لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)، نوێژی بۆ خەڵکی کرد، کاتێ لە نوێژکردن تەواو بوو، چەند مەڕێکی بینی سەربڕاوە، فەرمووی: ئەوەی پێش نوێژی بەیانی

قوربانی کردووە با ئاژەڵێکی دیکە لە جیاتی ئەو بکاتە قوربانی، ئەوەی نەشی کردوە، با ناوی خوا بێنی و قوربانی بکات.

وفي رواية (عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) مَنْ ذَبَحَ قَبْلَ الصَّلَاةِ فَإِنَّمَا ذَبَحَ لِنَفْسِهِ وَمَنْ ذَبَحَ بَعْدَ الصَّلَاةِ فَقَدْ تَمَّ نُسُكُهُ وَأَصَابَ سُنَّةَ الْمُسْلِمِينَ) (رواه البخاري

پ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چ جۆرە ئاژەڵێك بۆ قوربانی دروست نییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) سُئِلَ مَاذَا يُتَّقَى مِنَ الضَّحَايَا؟ فَأَشَارَ بِيَدِهِ فَقَالَ أَرْبَعًا. وَكَانَ الْبَرَاءُ يُشِيرُ بِيَدِهِ وَيَقُولُ: وَيَدِي أَقْصَرُ مِنْ يَدِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ): الْعَرْجَاءُ الْبَيِّنُ ظَلَعُهَا ، وَالْعَوْرَاءُ الْبَيِّنُ عَوَرُهَا، وَالْمَرِيضَةُ الْبَيِّنُ مَرَضُهَا ، وَالْعَجْفَاءُ الَّتِي لَا تَنْقَى) رَوَاهُ مَالِكٌ وَأَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ وَالدَّارِمِيُّ قال شعيب حديث صحيح وقال الالباني صحيح

واتە: بەڕائی کوڕی عازیب (ڕەزای خودا لێیان بێ): پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) ئایا چی ئاژەڵێك بۆ قوربانی نابێ؟ ئاماژەی بە دەستی خۆی کرد، فەرمووی: چوار، وە بەڕا ئاماژەی بەدەستی خۆی کرد و وتی: دەستی من کورترە لە دەستی پێغەمبەری خودا(ﷺ): فەرمووی: ئەوەی بەئاشکرا دەشەلێ و کوێرێکی بە ئاشکرا کوێر و نەخۆشێکی بە ئاشکرا نەخۆش و ئەوەی مێشکی نەماوە

وانەی پازدەهەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مزگەوتەکان (المساجد) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەسەر خۆم نەزر کردوە ئەگەر تۆ مەککە رزگار بکەی بچمە مزگەوتی قودس دوو ڕکات نوێژی تیا بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ:(أَنَّ رَجُلًا قَامَ يَوْمَ الْفَتْحِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي نَذَرْتُ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ إِنْ فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكَ مَكَّةَ أَنْ أُصَلِّيَ فِي بَيْتِ الْمَقْدِسِ رَكْعَتَيْنِ قَالَ: (صَلِّ هَاهُنَا) ثُمَّ أَعَادَ عَلَيْهِ، فَقَالَ: (صَلِّ هَاهُنَا) ثُمَّ أَعَادَ عَلَيْهِ فَقَالَ: شَأْنَكَ إِذًا) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ، وَالدَّارِمِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: جابیری کوڕی عبدالله (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پیاوێك ڕۆژی رزگارکردنی مەککە هەستا وگوتی: ئەی نێردراوی خودا(ﷺ) نەزرم کردووە بۆ خودا ئەگەر خودا مەککەی بۆ رزگارکردی، بچمە مزگەوتی قودس دوو ڕکات نوێژ لەوێ بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: لێرە نوێژ بکە، کابرا دووبارەی کردەوە، فەرمووی: لێرە نوێژەکەت بکە، کابرای سێ بارەی کردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە کەیفی خۆت بکە.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا نوێژ لە مزگەوتی مەدینە لە مزگەوتی قودس خێرترە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ: (أَنَّ امْرَأَةً شَكَتْ شَكْوَى فَقَالَتْ: إِنْ شَفَانِي اللَّهُ فَلَأَخْرُجَنَّ فَلَأُصَلِّيَنَّ فِي بَيْتِ الْمَقْدِسِ، فَبَرِأَتْ ثُمَّ تَجَهَّزَتْ تُرِيدُ الْخُرُوجَ. فَجَاءَتْ مَيْمُونَةُ تُسَلِّمُ عَلَيْهَا، فَأَخْبَرَتْهَا بِذَلِكَ، فَقَالَتْ: اجْلِسِي فَكُلِي مَا صَنَعْتِ وَصَلِّي فِي مَسْجِدِ الرَّسُولِ (ﷺ) فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: صَلَاةٌ فِيهِ أَفْضَلُ مِنْ أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ مِنْ الْمَسَاجِدِ إِلَّا مَسْجِدَ الْكَعْبَةِ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَمُسْلِمٌ

واتە: ئیبن عەباس (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێك تووشی نەخۆشی بوو، وتی: ئەگەر خودا (ﷻ) شیفام بدات دەچمە مزگەوتی قودس نوێژ لەوێ دەکەم وەکو نەزرێك، خودا شیفای دا، جا خۆی ئامادەکرد بڕوا بۆ قودس، بەڵام مەیمونە هاتە لای سڵاوی لێ کرد، ئەویش بابەتەکەی بۆ باس کرد، مەیمونە خودا لێی رازی بێ وتی: دانیشە مەڕۆ بۆ ئەوێ ، ئەو نانەی حازرت کردووە بۆ سەفەر لە مااڵی خۆت بیخۆ و نوێژەکەش لە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) بکە، چونکە من گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ)، دەیفەرموو: یەك نوێژ لە مزگەوتی من خێری زیاترە لە هەزار نوێژ لە مزگەوتەکانی دیکە، جگە لە مزگەوتی کەعبە نەبێ.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا مزگەوتی کەعبە پێشان دروست کراوە یان مزگەوتی قودس ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ذَرّ (رضي الله عنه) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ مَسْجِدٍ وُضِعَ فِي الْأَرْضِ أَوَّلُ؟ قَالَ: (الْمَسْجِدُ الْحَرَامُ). قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: (الْمَسْجِدُ الْأَقْصَى). قُلْتُ: كَمْ بَيْنَهُمَا؟ قَالَ: (أَرْبَعُونَ سَنَةً، وَأَيْنَمَا أَدْرَكَتْكَ الصَّلَاةُ فَصَلِّ، فَهُوَ مَسْجِدٌ) متفق عليه

واتە: (ئەبو زەر)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کام مزگەوت یەکەم مزگەوتە لەسەرزەویدا؟ فەرمووی: (مزگەوتی

حەرام) وتم: پاشان کام؟ فەرمووی: (مزگەوتی ئەقسا) وتم: ماوەی نێوانیان چەندە؟ فەرمووی: (چل ساڵ، لەهەر شوێنێکیش کاتی نوێژ هات نوێژ بکە، ئەوە مزگەوتە).

تێبینی: ئەو فەرموودانەی باسی ئەوە دەکەن نوێژ لە قودس بە (٥٠٠) نوێژ هەمووی زەعیفن بۆ نموونە:

(الصَّلَاةُ فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ بِمِائَةِ أَلْفِ صَلَاةٍ وَالصَّلَاةُ فِي مَسْجِدِي بِأَلْفِ صَلَاةٍ وَالصَّلَاةُ فِي بَيْتِ الْمَقْدِسِ بِخَمْسِ مِائَةِ صَلَاةٍ) رواه الطبراني قال الالباني ضعيف انظر حديث رقم: ٣٥٦٩ في ضعيف الجامع

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خێری نوێژکردن لە کەعبە و مزگەوتی مەدینە چەندە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرٍ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)قَالَ:(صَلَاةٌ فِي مَسْجِدِي أَفْضَلُ مِنْ أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ إِلَّا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ وَصَلَاةٌ فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَفْضَلُ مِنْ مِائَةِ أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: جابیر (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: نوێژ لەو مزگەوتەی من چاکترە لە هەزار نوێژ لە مزگەوتەکانی دیکە، جگە لە مزگەوتی حەرام، وە نوێژ لە مزگەوتی حەرام چاکترە لە سەد هەزار نوێژ لە مزگەوتەکانی دیکە.

پ ٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا نوێژی سوونەت لە ماڵەوە خێرترە یان لە مزگەوتی مەدینە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (صَلَاةُ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ أَفْضَلُ مِنْ صَلَاتِهِ فِي مَسْجِدِي هَذَا إِلَّا الْمَكْتُوبَةَ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وَالتِّرْمِذِيّ قال الالباني صحيح

واتە: زەیدی کوڕی سابیت (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: نوێژی سوونەتی موسڵمان لە ماڵی خۆی خێرترە لە نوێژی مزگەوتی من، مەگەر نوێژەکە فەرز بێ.

پ٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کام مزگەوت لەسەر تەقوا دروست کراوە (اسس على التقوى)؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ اخْتَلَفَ رَجُلَانِ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْمَسْجِدِ الَّذِي أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى فَقَالَ أَحَدُهُمَا هُوَ مَسْجِدُ الرَّسُولِ وَقَالَ الْآخَرُ هُوَ مَسْجِدُ قُبَاءٍ فَأَتَيَا النَّبِيَّ (ﷺ) فَسَأَلَاهُ فَقَالَ هُوَ مَسْجِدِي هَذَا (رواه احمد) قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: حديث صحيح، وهذا إسناد جيد من أجل ربيعة بن عثمان التيمي

واتە: سەهلی کوڕی سەعد (رضي الله عنه) دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) دوو پیاو بوو بە کێشەیان دەربارەی ئەو مزگەوتەی لەسەر تەقوا دروست کراوە، یەکیان گوتی: مزگەوتی پێغەمبەرە (ﷺ)، ئەوی دیکە گوتی: نەخێر مزگەوتی (قوبا) یە، هەردووکیان چوونە لای پێغەمبەر پرسیاریان لێ کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەو مزگەوتەی لەسەر تەقوا دروست کراوە مزگەوتی منە (واتە: مزگەوتی مەدینە)یە.

وفي رواية (عَنِ ابْنِ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: تَمَارَى رَجُلَانِ فِي الْمَسْجِدِ الَّذِي أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ، فَقَالَ رَجُلٌ: هُوَ مَسْجِدُ قُبَاءَ، وَقَالَ الْآخَرُ: هُوَ مَسْجِدُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (هُوَ مَسْجِدِي هَذَا) رواه الترمذي والنسائي قال الالباني صحيح

ئایا پێغەمبەر(ﷺ) دەچووە مزگەوتی(قوبا) بۆ نوێژکردن؟

عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَأْتِي مَسْجِدَ قُبَاءٍ رَاكِبًا وَمَاشِيًا، فَيُصَلِّي فِيهِ رَكْعَتَيْنِ) رواه البخاري

واتە: (ابن عمر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسواری و یان بەپێ دەهات بۆ مزگەوتی (قوبا)دوو ڕکات نوێژی تێدا دەکرد

ئایا پاداشتی یەك نوێژ لە مزگەوتی قوبا چەندە؟

(صَلَاةٌ فِي مَسْجِدِ قُبَاءَ كَعُمْرَةٍ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: پێغەمبەر فەرموویەتی: دوو رکعات سونەت نوێژ لە مزگەوتی (قوبا) پاداشتی یەك عومرەی هەیە.

عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ:(مَنْ مَشَى فِي ظُلْمَةِ اللَّيْلِ إِلَى الْمَسَاجِدِ، آتَاهُ اللَّهُ نُورًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح بشواهده

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەوەی بەتاریکی بچێتە مزگەوت خودا لە ڕۆژی قیامەت نوری پێ دەبەخشێ.

ئایا پاداشتی چوونە مزگەوت بۆ نوێژی فەرز و نوێژی سوونەتی چێشتەنگاو چەندە ؟

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ:(مَنْ مَشَى إِلَى صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ وَهُوَ مُتَطَهِّرٌ كَانَ لَهُ كَأَجْرِ الْحَاجِّ الْمُحْرِمِ، وَمَنْ مَشَى إِلَى سُبْحَةِ الضُّحَى كَانَ لَهُ كَأَجْرِ الْمُعْتَمِرِ، وَصَلَاةٌ عَلَى إِثْرِ صَلَاةٍ لَا لَغْوَ بَيْنَهُمَا كِتَابٌ فِي عِلِّيِّينَ) وقَالَ أَبُو أُمَامَةَ: الْغُدُوُّ وَالرَّوَاحُ إِلَى هَذِهِ الْمَسَاجِدِ مِنَ الْجِهَادِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) رواه احمدحديث صحيح

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەوەی بچێتە مزگەوت بۆ نوێژی فەرز بەپاکی و دەستنوێژەوە پاداشتی وەکو حاجییەکی ئیحرامداوە، وە ئەوەی بچێتە مزگەوت بۆ نوێژی سوونەتی چێشتەنگاو، ئەوە پاداشتی عومرەکەی بۆ دەنووسرێت.

پ ٧ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بۆ کام مزگەوت دروستە سەفەر بکرێت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(لَا تَشُدُّوا الرِّحَالَ إِلَّا إِلَى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: مَسْجِدِي هَذَا، وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ، وَالْمَسْجِدِ الْأَقْصَى) رواه مسلم

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: باروبارگە بۆ هیچ مزگەوتێك مەپێچنەوە، مەگەر بۆ سێ مزگەوت نەبێ، مزگەوتی من و مزگەوتی حەرام و مزگەوتی قودس.

وفی روایه (إِنَّمَا يُسَافَرُ إِلَى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: مَسْجِدِ الْكَعْبَةِ، وَمَسْجِدِي، وَمَسْجِدِ إِيلِيَاءَ) رواه مسلم (مسجد إيلياء هو بيت المقدس)

پ٨/ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پاداشتی نوێژ لە مزگەوتی (قوبا) چەندە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وعن سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ رضي الله عنه قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ تَطَهَّرَ فِي بَيْتِهِ ثُمَّ أَتَى مَسْجِدَ قُبَاءَ فَصَلَّى فِيهِ صَلَاةً كَانَ لَهُ كَأَجْرِ عُمْرَةٍ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: سەهلی کوڕی حونیف (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەوەی لە ماڵەوە دەستنوێژ بگری و دوای بچێتە مزگەوتی قوبا نوێژێکی تێدا بکات، ئەوە پاداشتی عومرەکی دەگاتێ.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا باشترین و خراپترین شوێن کامەیە لەلای خودا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الْبُلْدَانِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ؟ وَأَيُّ الْبُلْدَانِ أَبْغَضُ إِلَى اللَّهِ قَالَ: (لَا أَدْرِي حَتَّى أَسْأَلَ جِبْرِيلَ) فَأَتَاهُ جِبْرِيلُ فَأَخْبَرَهُ أَنَّ أَحَبَّ الْبِقَاعِ إِلَى اللَّهِ الْمَسَاجِدُ، وَأَبْغَضَ الْبِلَادِ إِلَى اللَّهِ الْأَسْوَاقُ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالْبَزَّارُ وَاللَّفْظُ لَهُ،

وَأَبُو يَعْلَى وَالْحَاكِمُ وَقَالَ: صَحِيحُ الْإِسْنَادِ وقال الالباني حسن صحيح في صحيح الترغيب والترهيب.

واتە: جوبەیری کوڕی موتعیم (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ)کرد وتی: ئەی نێرراوی خودا کام شوێن خۆشەویسترە لەلای خودا و کام شوێن بوغزاوترە لەلای خودا؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: نازانم تاکو لە جوبریل پرسیار نەکەم، کاتێ جوبریل هاتە لای پرسیاری لێ کرد، ئەویش وتی: خۆشەویسترین پارچە زەوی لای خودا مزگەوتەکانن، وە بوغزاوترین پارچە زەوی لەلای خودا بازارەکانن.

وفي رواية (عَنِ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الْبِقَاعِ خَيْرٌ؟ فَقَالَ: (لَا أَدْرِي) فَقَالَ: أَيُّ الْبِقَاعِ شَرٌّ؟ فَقَالَ:(لَا أَدْرِي) فَقَالَ: سَلْ رَبَّكَ، قَالَ: فَلَمَّا نَزَلَ جِبْرِيلُ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِنِّي سُئِلْتُ أَيُّ الْبِقَاعِ خَيْرٌ وَأَيُّ الْبِقَاعِ شَرٌّ؟ فَقُلْتُ: لَا أَدْرِي فَقَالَ: جِبْرِيلُ: وَأَنَا لَا أَدْرِي حَتَّى أَسْأَلَ رَبِّي، قَالَ: فَانْتَفَضَ جِبْرِيلُ انْتِفَاضَةً كَادَ أَنْ يُصْعَقَ مِنْهَا مُحَمَّدٌ (ﷺ) فَقَالَ اللَّهُ: يَا جِبْرِيلُ يَسْأَلُكَ مُحَمَّدٌ أَيُّ الْبِقَاعِ خَيْرٌ؟ فَقُلْتَ: لَا أَدْرِي، فَسَأَلَكَ أَيُّ الْبِقَاعِ شَرٌّ فَقُلْتَ: لَا أَدْرِي، وَإِنَّ خَيْرَ الْبِقَاعِ الْمَسَاجِدُ، وَشَرَّ الْبِقَاعِ الْأَسْوَاقُ) رواه الحاكم

واتە: ئیبن عومەر (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی نێرراوی خودا باشترین پارچە زەوی کامەیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نازانم، کابرا گوتی: خراپترین پارچە زەوی کامەیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نازانم، کابرا گوتی: پرسیار لە خودای خۆت بکە؟ کاتێ جبریل دابەزی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێ کرد دەربارەی باشترین و خراپترین پارچە زەوی؟ جوبریل وتی: منیش نازانم تاکو لە پەروەدگارم پرسیار نەکەم، جوبریل وا بەخێرایی بۆی دەرچوو

زۆر نەما پێغەمبەر ببوورێتەوە، خودا فەرمووی: ئەی جوبریل محمد پرسیاری لێ کردی دەربارەی باشترین وخراپترین پارچە زەوی گوتت نازانم، بێگومان باشترین پارچە زەوی مزگەوتەکانن، و خراپترین پارچە زەوی بازارەکانن. (چونکە بازارەکان فێڵ و ڕیباو قوڵبرینی زۆر لێ دەکرێ)

وانەی شازدەهەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی قورئانی پیرۆز (القران الكريم) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا گەورەترین سورەت کامەیە لە قورئانی پیرۆز؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

((عَنْ أَبِي سَعِيدِ بْنِ الْمُعَلَّى قَالَ مَرَّ بِيَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَأَنَا أُصَلِّي فَدَعَانِي فَلَمْ آتِهِ حَتَّى صَلَّيْتُ ثُمَّ أَتَيْتُ فَقَالَ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَأْتِيَنِي فَقُلْتُ كُنْتُ أُصَلِّي فَقَالَ أَلَمْ يَقُلْ اللَّهُ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ثُمَّ قَالَ أَلَا أُعَلِّمُكَ أَعْظَمَ سُورَةٍ فِي الْقُرْآنِ قَبْلَ أَنْ أَخْرُجَ مِنْ الْمَسْجِدِ فَذَهَبَ النَّبِيُّ (ﷺ) لِيَخْرُجَ مِنْ الْمَسْجِدِ فَذَكَّرْتُهُ فَقَالَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ هِيَ السَّبْعُ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنُ الْعَظِيمُ الَّذِي أُوتِيتُهُ) رواه البخاري

واتە: لە ئەبو سەعیدی کوڕی موعەللا هاتووە: دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) بەلامدا تێپەڕی و منیش نوێژم دەکرد، بانگی کردم وەڵامم نەدایەوە تاکو نوێژم تەواوکرد فەرمووی: بۆچی نەهاتی بانگم کردی، گوتم نوێژم دەکرد، فەرمووی: ئەی نازانی خوا دەفەرموێ: ئەی ئیمانداران ئەگەر خوا و پێغەمبەرَ(ﷺ) بانگی کردن وەڵامیان بدەنەوە، دوایی فەرمووی: ئایا پێت نەڵێم گەورەترین سورەت کامەیە لە قورئان پێش دەرچوونم لە مزگەوت، کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) وێستی لە مزگەوت بچێتە دەرەوە بیرم خستەوە، فەرمووی (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) ئەو حەوت دووبارەبوویەوە و قورئانی مەزنە پێم بەخشراوە وەك خەڵات .

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا گەورەترین ئایەت کامەیە لە قورئانی پیرۆز؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

((عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): يَا أَبَا الْمُنْذِرِ، أَتَدْرِي أَيُّ آيَةٍ مِنْ كِتَابِ اللهِ مَعَكَ أَعْظَمُ؟ قَالَ: قُلْتُ: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: يَا أَبَا الْمُنْذِرِ أَتَدْرِي أَيُّ آيَةٍ مِنْ كِتَابِ اللهِ مَعَكَ أَعْظَمُ؟) قَالَ: قُلْتُ: (اللهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ) (البقرة: ٢٥٥). قَالَ: فَضَرَبَ فِي صَدْرِي، وَقَالَ: (وَاللهِ لِيَهْنِكَ الْعِلْمُ أَبَا الْمُنْذِرِ) رَوَاهُ مُسلم

واتە: (ئوبەی)کوڕی (کەعب) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ئەی (ئەبو لمونزیر) دەزانی چ ئایەتێك لە کتێبی خودا لەهەموان گەورەترە). دەڵێ: وتم: خوا و پێغەمبەری خوا دەزانن، فەرمووی: (ئەی (ئەبو لمونزیر) دەزانی چ ئایەتێك کە لە خزمەتیدای، لە کتێبی خوای بالّا دەست لە هەموان گەورەترە). (دەڵێت) وتم (اللهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ) (البقرە ٢٥٥) دەڵێ: دەستی دابەسنگما و فەرمووی: (بەخوا (پێکاوتە) زانست و زانیاریت لێپیرۆز بێت ئەی (ئەبو مونزیر).

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پاداشتی خوێندنی دوو ئایەتی کۆتایی (البقرة) چەندە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أَبِي مَسْعُودٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ قَرَأَ بِالآيَتَيْنِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: لە ئەبو مەسعودەوە هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی (هەر کەسێك دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی (البقرة) بخوێنێ شەوان بەسەیەتی (واتە بەسیەتی بۆ پارێزراوی لە خراپە، هەندێ دەڵێن بەسیەتی لە بڕی شەونوێژ.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پاداشتی خوێندنی سورەتی (قل هو الله احد) چەندە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَنَسٍ قَالَ قَالَ رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أُحِبُّ هَذِهِ السُّورَةَ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)حُبُّكَ إِيَّاهَا أَدْخَلَكَ الْجَنَّةَ) رواه الترمذي وقال الالباني حسن

واتە: لە ئەنەسەوە هاتووە دەڵێ: پیاوێك گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) من ئەو سورەتەم خۆش دەوێ، (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خۆشەویستیت بۆ ئەم سورەتە دەتخاتە بەهەشتەوە.

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) یان سورەتی (هود) یان سورەتی (یوسف) م بەسەردا بخوێنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ، يَقُولُ: تَعَلَّقْتُ بِقَدَمِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)فَقُلْتُ لَهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَقْرِئْنِي سُورَةَ هُودٍ، وَسُورَةَ يُوسُفَ. فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (يَا عُقْبَةُ إِنَّكَ لَنْ تَقْرَأَ مِنَ الْقُرْآنِ سُورَةً أَحَبَّ إِلَى اللَّهِ وَلَا أَبْلَغَ عِنْدَهُ مِنْ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ) قَالَ يَزِيدُ: (فَلَمْ يَكُنْ أَبُو عِمْرَانَ يَدَعُهَا، كَانَ لَا يَزَالُ يَقْرَؤُهَا فِي صَلَاةِ الْمَغْرِبِ) سنن الدارمي (قال المحقق حسين سليم أسد الداراني) إسناده صحيح

واتە: عوقبەی کوڕی عامیر (ﷺ) دەڵێ: خۆم بە لای پێشەوەی (ئەو ئاژەڵەی پێغەمبەر سواری ببوو) هەڵواسی، و دەستم خستە سەر قاچی پێغەمبەر(ﷺ)، گوتم: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) سورەتی (هود) یان (یوسف) بەسەردا بخوێنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: یا عوقبە تۆ هیچ سورەتێك لە قورئان ناخوێنێ خوشەویستریێ وزوو بگاتە لای خوا، لە (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ) یەزید دەڵێ: ئەبو عیمران وازی لە خوێندنی نەهێنا، وەبەردەوام لە نوێژی مەغریب دەیخوێند.

وفي رواية (عَنْ أَسْلَمَ بْنِ عِمْرَانَ، أَنَّهُ سَمِعَ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ، يَقُولُ: تَبِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)وَهُوَ رَاكِبٌ، فَجَعَلْتُ يَدِي عَلَى قَدَمِهِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَقْرِئْنِي إِمَّا مِنْ سُورَةِ هُودٍ، وَإِمَّا مِنْ سُورَةِ يُوسُفَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (يَا عُقْبَةُ بْنَ عَامِرٍ، إِنَّكَ لَنْ تَقْرَأَ سُورَةً أَحَبَّ إِلَى اللَّهِ، وَلَا أَبْلَغَ عِنْدَهُ مِنْ أَنْ تَقْرَأَ: قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ، فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ لَا تَفُوتَكَ فِي صَلَاةٍ فَافْعَلْ) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووبەتی: ئەی عوقبەی کوڕی عامیر تۆ هیچ سورەتێك نا خوێنی خۆشەویستر بێ لەلای خوا لە سورەتی (الفلق) ئەگەر پێتکرا با لە خوێندنی لەناو نوێژدا لە دەستت نەڕوا. (واتە: لە ناو نوێژ بیخوێنە)

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بەکام سورەتی قورئان پەنا بەخوا بگرم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

((عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ قَالَ: بَيْنَمَا أَنَا أَسِيرُ مَعَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) بَيْنَ الْجُحْفَةِ وَالْأَبْوَاءِ إِذَا غَشِيَتْنَا رِيحٌ وَظُلْمَةٌ شَدِيدَةٌ فَجَعَلَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يَتَعَوَّذُ بِـ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ وَأَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ وَيَقُولُ: يَا عُقْبَةُ تَعَوَّذْ بِهِمَا، فَمَا تَعَوَّذَ مُتَعَوِّذٌ بِمِثْلِهِمَا قَالَ: وَسَمِعْتُهُ يَؤُمُّنَا بِهِمَا فِي الصَّلَاةِ) رواه النسائي وابو داود والبيهقي قال الالباني صحيح

واتە: لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە هاتووە دەڵێ: من لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە نێوان جوحفە و ئەبوادا دەڕۆیشتم، باو تاریکی یەکی بەهێز دایپۆشین، پێغەمبەر (ﷺ) پەنای دەگرت بە (أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ) و (قل اَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ) وە دەیفەرموو: ئەی عوقبە تۆش پەنایان پێ بگرە، لە پەنا گرتن هاووێنەیان نییە، دەڵێ: گوێم لێ بوو لە پێش نوێژیش دەیخوێندن.

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من سورەتی (قل هو الله)م خۆش دەوێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَ رَجُلًا عَلَى سَرِيَّةٍ، وَكَانَ يَقْرَأُ لِأَصْحَابِهِ فِي صَلَاتِهِمْ فَيَخْتِمُ بِـ (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) فَلَمَّا رَجَعُوا ذُكِرَ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)

فَقَالَ: (سَلُوهُ لِأَيِّ شَيْءٍ يَصْنَعُ ذَلِكَ). فَسَأَلُوهُ، فَقَالَ: لِأَنَّهَا صِفَةُ الرَّحْمَنِ، فَأَنَا أُحِبُّ أَنْ أَقْرَأَ بِهَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (أَخْبِرُوهُ أَنَّ اللَّهَ يُحِبُّهُ) رواه البخاري

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێکی کرد بە فەرماندەی هێزێك، ئەو پیاوە لەبەرنوێژی هاوەڵەکانیدا کە قورئانی دەخوێند و بە (قل هو الله احد) کۆتایی پێدەهێنا، کاتێك گەڕانەوە ئەوەیان لە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس کرد، فەرمووی: (لێی بپرسن بۆچی وا دەکات، ئەوانیش لێیان پرسی و وتی: لەبەر ئەوەی سیفەت و ناوەڵناوی خودای بەخشندەیە، منیش حەز دەکەم بیخوێنم. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (خەبەری پێبدەن کە خوداش ئەوی خۆش دەوێت).

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پاداشتی خوێندنی سورەتی (قل هو الله) چەندە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، قَالَ: (أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَقْرَأَ فِي لَيْلَةٍ ثُلُثَ الْقُرْآنِ؟) قَالُوا: وَكَيْفَ يَقْرَأُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ؟ قَالَ: (قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ تَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ) رواه مسلم (تَعْدِلُ) اي يساوي

واتە: لە ئەبی دەرداوە هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئایا هەر یەك لە ئێوە ناتوانێ شەوێ سێیەکی قورئان بخوێنێ؟ هاوەڵان گوتیان: چۆن دەتوانین سێیەکی قورئان بخوێنین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ) بخوێنن پاداشتی سێیەکی قورئانتان دەگاتێ، خێری بەرامبەر سێیەکی قورئانە.

وفی روایه(مَنْ قَرَأَ: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ فَقَدْ قَرَأَ ثُلُثَ القُرْآنِ) رواه الترمذي قال الالباني صحيح واتە: ئەوەی (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) بخوێنێ، ئەوە بێگومان سێیەکی قورئانی خوێندوە.

(قال رسول الله (ﷺ) (من قرأ (قل هو الله أحد) عشر مرات بنى الله له بيتاً في الجنة) رواه أحمد قال الالباني صحيح

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێ (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) دە جاران بخوێنێ، خوا خانوویەکی لە بەهەشت بۆ دروست دەکات.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەهلی خودا کێنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّ لِلَّهِ أَهْلِينَ مِنَ النَّاسِ) قَالُوا: مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ:(أَهْلُ الْقُرْآنِ هُمْ أَهْلُ اللَّهِ وَخَاصَّتُهُ) رواه النسائي وابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: ئەنەس (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: خودا لە ناو خەڵکی کەسانێکی هەن، هاوەڵان گوتیان: ئەی نێراوی خودا (ﷺ) ئەو کەسانە کێنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەوانە ئەو کەسانەن کە خەریکی قورئانن، ئەوانە دۆستی تایبەتی خودانە.

وفي رواية (عَنْ أَنَسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ أَحِبَّةً مِنْ خَلْقِهِ، قِيل: مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: أَهْلُ الْقُرْآنِ هُمْ أَهْلُ اللَّهِ وَخَاصَّتُهُ) أبو نعيم في حلية الأولياء وطبقات الأصفياء

پ.٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لەماوەی چەند ڕۆژ خەتمێك بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (اقْرَأِ الْقُرْآنَ فِي كُلِّ شَهْرٍ) قَالَ قُلْتُ: إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً، قَالَ: (فَاقْرَأْهُ فِي عِشْرِينَ لَيْلَةً) قَالَ قُلْتُ: إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً، قَالَ: (فَاقْرَأْهُ فِي سَبْعٍ وَلَا تَزِدْ عَلَى ذَلِكَ) رواه مسلم

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمڕ خوا لە خۆی وباوکی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموم: لە ماوەی مانگێك خەتمێك بکە، ئەڵێ وتم: من دەتوانم زیاتر بخوێنم، فەرمووی: لە ماوەی دە شەو خەتمێك بکە، ئەڵێ گوتم: زیاتر توانم هەیە، فەرمووی:لە ماوەی یەك هەفتە بخوێنە، بەڵام لەوە زیاتر نا.

وفي رواية (عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (لَمْ يَفْقَهْ مَنْ قَرَأَ الْقُرْآنَ فِي أَقَلَّ مِنْ ثَلَاث) رَوَاهُ التِّرْمِذِيّ وَأَبُو دَاوُد والدارمي صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لە قورئان حاڵی نابێ، ئەوەی لە کەمتر لە سێ ڕۆژان خەتمێ بکات.

پ١١ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چەند جۆر قورئان خوێندن هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: سَمِعْتُ هِشَامَ بْنَ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ يقْرَأ سُورَة الْفرْقَان على غير مَا أقرؤوها. وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَقْرَأَنِيهَا فَكِدْتُ أَنْ أَعْجَلَ عَلَيْهِ ثُمَّ أَمْهَلْتُهُ حَتَّى انْصَرَفَ ثُمَّ لَبَّبْتُهُ بِرِدَائِهِ فَجِئْتُ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) . فَقلت يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي سَمِعْتُ هَذَا يَقْرَأُ سُورَةَ الْفُرْقَانِ عَلَى غَيْرِ مَا أَقْرَأْتَنِيهَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): أَرْسِلْهُ اقْرَأ فَقَرَأت الْقِرَاءَةَ الَّتِي سَمِعْتُهُ يَقْرَأُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (هَكَذَا أُنْزِلَتْ) . ثُمَّ قَالَ لِي: (اقْرَأ) . فَقَرَأت. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (هَكَذَا أنزلت إِن الْقُرْآنَ أُنْزِلَ عَلَى سَبْعَةِ أَحْرُفٍ فَاقْرَءُوا مَا تيَسّر مِنْهُ) مُتَّفق عَلَيْهِ. وَاللَّفْظ لمُسلم

واتە: (عمر)ی کوڕی (الخطاب) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: گوێم لە (هشام)ی کوڕی (حکیم)ی کوڕی (حزام)(خوای لێ ڕازی بێت) بوو سورەتی (الفرقان)ی دەخوێند جیاواز لە خوێندنی من، کە پێغەمبەر (ﷺ)خۆی بۆی خوێندبووم، خەریك بوو پەلە بکەم (خوێندنەوەکەی پێببڕم) بەڵام مۆڵەتم دا تالێبوویەوە، پاشان بەرۆکیم گرت و بردم بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پێموت: ئەی پێغەمبەری خوا، من گوێم لەمەبوو سورەتی (الفرقان)ی خوێندەوە جیاواز لەوەی کە تۆ بەمنت خوێندەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (بەریدە، بخوێنە) ئەویش هەر بەو شێوە خوێندی کە من لێم بیستبوو، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: (هەروا دابەزیووە) پاشان بەمنیشی فەرموو: (بخوێنە) منیش خوێندمەوە، فەرمووی: (هەروا دابەزیوە، ئەم قورئانە لەسەر حەوت پیت دابەزیووە، ئێوەیش ئەوەندەی بۆتان دەکرێ بیخوێننەوە).

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چی یەکەین هەموو رۆژێ تاکو خێری سێ وشتر کردنە خێرمان بگاتێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (رضي الله عنه) قَالَ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ فِي الصُّفَّةِ فَقَالَ: (أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنْ يَغْدُوَ كُلَّ يَوْمٍ إِلَى بُطْحَانَ أَوْ إِلَى الْعَقِيقِ، فَيَأْتِيَ مِنْهُ بِنَاقَتَيْنِ كَوْمَاوَيْنِ، فِي غَيْرِ إِثْمٍ وَلَا قَطْعِ رَحِمٍ). فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ نُحِبُّ ذَلِكَ. قَالَ: (أَفَلَا يَغْدُو أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَيَعْلَمُ أَوْ يَقْرَأُ آيَتَيْنِ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ نَاقَتَيْنِ، وَثَلَاثٌ (خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلَاثٍ) وَأَرْبَعٌ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَرْبَعٍ، وَمِنْ أَعْدَادِهِنَّ مِنَ الْإِبِلِ).رواه مسلم

واتە: (عقبە)ی کوڕی (عامر)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: لەکاتێکدا ئێمە لەهەیوانی مزگەوتەکەدا بووین (الصفه) پێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی هات و، فەرمووی: (کام لە ئێوە حەز دەکات کە هەموو ڕۆژێك سەرلەبەیانی بچێت بۆ (بطمان)یا (عقیق)و دوو وشتری سەرکۆپارەی قەڵەوی پێبێت بێ ئەوەی گوناهبار ببێت یا دڵی هیچ خزمێکی لێ بێشێت) وتمان: هەموومان حەز بەوەدەکەین. فەرمووی: (ئەی ناکرێت هەریەکێ لە ئێوە سەرلەبەیانی بڕوات بۆ مزگەوت دوو ئایەت لەقورئان فێرببێت یان بخوێنێت کە باشترە بۆی لە دوو وشتری مێ، سیانیش (باشترە بۆی لە سیان) و چواریش باشترە بۆی لە چوار، و بەپێی ژمارەی ئایەتەکان لە وشتر).

پ١٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا باشترین کەس کێیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ قَالَ قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِنَّ أَفْضَلَكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ) رواه البخاري

واتە: عوسمانی کوڕی عەفان دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی باشترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان دەخوێنێ و خەڵکیش فێری قورئان دەکات.

پ١٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تەفسیری (سبحان الله) چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ طَلْحَةَ بْنِ عُبَيْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، عَنْ تَفْسِيرِ سُبْحَانَ اللَّهِ قَالَ: (هُوَ تَنْزِيهُ اللَّهِ عَنْ كُلِّ سُوءٍ) رواه الحاكم في المستدرك وقال هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ

واتە: تەلحەی کوڕی عوبیدالله (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) لە تەفسیری (سبحان الله) فەرمووی: بریتییە لە بەپاك دانانی خودا لە هەموو خراپەیەك وکەم وکوڕییەك.

پ١٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) سورەتێکم فێربکە پاکانە بن بۆم لە شیرك ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَبَلَةَ بْنِ حَارِثَةَ قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَقُلْتُ: عَلِّمْنِي شَيْئًا يَنْفَعُنِي. فَقَالَ: (إِذَا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ، فَاقْرَأْ: قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ، فَإِنَّهَا بَرَاءَةٌ مِنَ الشِّرْكِ) المعجم الاوسط للطبراني صحيح

واتە: جەبەلەی کوڕی حاریسە (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) وتم: شتێکم فێر بکە سوودم پێ بگەیەنێ، فەرمووی: ئەگەر چوویتە سەر جێگا بۆ خەوتن ئەم سورەتە بخوێنە (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ) چونکە ئەو سورەتە پاکانەیە لە شیرك.

پ١٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کاتی خەوتن چی بخوێنم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ فَرْوَةَ بْنِ نَوْفَلٍ، عَنْ أَبِيهِ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (مَجِيءٌ مَا جَاءَ بِكَ) قَالَ: جِئْتُ لِتُعَلِّمَنِي شَيْئًا أَقُولُهُ عِنْدَ مَنَامِي،قَالَ:(فَإِذَا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ، فَاقْرَأْ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ثُمَّ نَمْ عَلَى خَاتِمَتِهَا، فَإِنَّهَا بَرَاءَةٌ مِنَ الشِّرْكِ) سنن الدارمي قال حسين سليم اسد صحيح

واتە: فەرەوی کوڕی نەوفل لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بۆچی هاتووی؟ وتم: هاتووم شتێکم فێربکەی لەکاتی خەوتن بخوێنم؟ فەرمووی: ئەگەر چوویتە سەر جێگا بۆ خەوتن ئەم سورەتە بخوێنە(قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ)، پاشان لەسەر کۆتایی خوێندنی سورەتەکە بخەوە چونکە ئەو پاکانەیە لە شیرك

پ١٧ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕوح چییە وچۆنە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: بَيْنَمَا أَنَا أَمْشِي مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي حَرْثٍ وَهُوَ مُتَّكِئٌ عَلَى عَسِيبٍ، إِذْ مَرَّ بِنَفَرٍ مِنَ الْيَهُودِ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: سَلُوهُ عَنِ الرُّوحِ، فَقَالُوا: مَا رَابَكُمْ إِلَيْهِ لَا يَسْتَقْبِلُكُمْ بِشَيْءٍ تَكْرَهُونَهُ؟ فَقَالُوا: سَلُوهُ، فَقَامَ إِلَيْهِ بَعْضُهُمْ فَسَأَلَهُ عَنِ الرُّوحِ، قَالَ: فَأَسْكَتَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ شَيْئًا، فَعَلِمْتُ أَنَّهُ يُوحَى إِلَيْهِ، قَالَ: فَقُمْتُ مَكَانِي، فَلَمَّا نَزَلَ الْوَحْيُ قَالَ: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا) رواه البخاري

واتە: (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لەکاتێکدا من لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) لەناو کێڵگەیەکدا دەڕۆیشتم، خۆیدابوو بەسەر داردەستێکی دارخورمادا، بەڵای چەند جوولەکەیەکدا تێپەڕی لەناو خۆیاندا بەیەکتریان دەگوت: پرسیاری لێبکەن دەربارەی ڕوح، وتیان: چی بەدگومانی کردوون لە بێتوانایی ئەو پیاوە، کێ دەڵێ وەڵامێکی واتان ناداتەوە کە پێتان ناخۆش بێ؟ وتیان: پرسیاری لێبکەن، هەندێکیان لەلایدا وەستان و پرسیاریان لێکرد دەربارەی ڕوح. دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) مات بوو، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، منیش زانیم کە وەحی بۆدێت لە شوێنی خۆم ڕاوەستام، کاتێ وەحی دابەزی فەرمووی: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا) واتە: (پرسیارت لێدەکەن لەبارەی ڕوحەوە بڵێ ڕوح تایبەتە بە زانستی پەروەردگارمەوە، ئێوە تەنها کەمێك زانیاریتان پێدراوە).

وانەی حەڤدەهەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی
یادی خودا (ذکر الله) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا براوەکان کێنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ)، يَسِيرُ فِي طَرِيقِ مَكَّةَ فَمَرَّ عَلَى جَبَلٍ يُقَالُ لَهُ جُمْدَانُ، فَقَالَ: (سِيرُوا هَذَا جُمْدَانُ سَبَقَ الْمُفَرِّدُونَ) قَالُوا: وَمَا الْمُفَرِّدُونَ؟ يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: (الذَّاكِرُونَ اللهَ كَثِيرًا، وَالذَّاكِرَاتُ) رواه مسلم

واتە: (ئەبوهورەیرە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەڕێی مەککەدا دەڕۆیشت بەلای کێوێکدا ڕابورد پێی دەوترا (جومدان) فەرمووی: (برۆن، ئەمە (جومدان)ە، یەکتاپەرستەکان پێشکەوتن)، وتیان: یەکتاپەرستەکان کێن ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی: (ئەو پیاوو ژنانەی کە یادی خوا زۆر دەکەن)

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا باخچەکانی بەهەشت چیيە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

((عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِذَا مَرَرْتُمْ بِرِيَاضِ الْجَنَّةِ فَارْتَعُوا) قَالُوا: وَمَا رِيَاضُ الْجِنَّة؟ قَالَ: (حِلَقُ الذِّكْرِ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيّ قال الالباني حسن

واتە: ئەنەس (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر بەلای باخچەکانی بەهەشت ڕابردن لێی بخۆن؟ هاوەڵان وتیان: باخچەکانی بەهەشت چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: کۆڕەکانی یادی خودایە.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا سوودی کۆڕەکانی یادی خودا چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو، قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ: مَا غَنِيمَةُ مَجَالِسِ الذِّكْرِ؟ قَالَ: غَنِيمَةُ مَجَالِسِ الذِّكْرِ الْجَنَّةُ) رواه أحمد قال الالباني حسن لغيره في صحيح الترغيب والترهيب

واتە: عبداللەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) دەڵێ: گوتم: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) دەستکەوتی مەجلیسەکانی زیکر چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: دەستکەوتی مەجلیسەکانی زیکر بەهەشتە.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چ شتێك هەیە خێرێ لە بەخشینی زێر و زیو زیاتر بێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرِ أَعْمَالِكُمْ، وَأَزْكَاهَا عِنْدَ مَلِيكِكُمْ، وَأَرْفَعِهَا فِي دَرَجَاتِكُمْ وَخَيْرٌ لَكُمْ مِنْ إِنْفَاقِ الذَّهَبِ وَالوَرِقِ، وَخَيْرٌ لَكُمْ مِنْ أَنْ تَلْقَوْا عَدُوَّكُمْ فَتَضْرِبُوا أَعْنَاقَهُمْ وَيَضْرِبُوا أَعْنَاقَكُمْ)؟ قَالُوا: بَلَى. قَالَ: (ذِكْرُ اللَّهِ تَعَالَى) قَالَ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ: (مَا شَيْءٌ أَنْجَى مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ قال الالباني صحيح

واتە: ئەبی دەردا (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئایا هەواڵتان بدەمێ بە باشترین کردەوەکانتان و پاك بێ لەلای خوداتان و پلەتان بەرزبکاتەوە، وەچاکتربێ لە بەخشینی زێر و زیو، و چاکتربێ لەوەی بگەنە دوژمنتان لە ملیان بدەن و ئەوانیش لە ملتان بدەن، هاوەڵان وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری

خودا (ﷻ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: یادی خودا، مەعازی کوڕی جەبەل وتی: هیچ شتێك چاکتر نیە لە یادی خودا کە ئینسان ڕزگاربکات لە عەزابی خودا.

پ ٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کێ زیندووە و کێش بەزیندوویی مردووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

وَعَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَثَلُ الَّذِي يَذْكُرُ رَبَّهُ وَالَّذِي لَا يَذْكُرُ مَثَلُ الْحَيِّ وَالْمَيِّت) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: ئەبو موسا (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: نموونەی ئەو کەسەی یادی خودا دەکات و ئەوەی یادی خودا ناکات وەکو نموونەی کەسی زیندوو و مردوو وایە.

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چ زیکرێك بکەم خودا دارێکم بۆ لە بەهەشت دەڕوێنێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَرَّ بِهِ وَهُوَ يَغْرِسُ غَرْسًا، فَقَالَ: (يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، مَا الَّذِي تَغْرِسُ؟) قُلْتُ: غِرَاسًا لِي، قَالَ: (أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى غِرَاسٍ خَيْرٍ لَكَ مِنْ هَذَا؟) قَالَ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: قُلْ: سُبْحَانَ اللَّهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ، يُغْرَسْ لَكَ بِكُلِّ وَاحِدَةٍ شَجَرَةٌ فِي الْجَنَّةِ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) بەلامدا ڕابرد ومنیش دارم دەچاندن، فەرمووی: ئەی ئەبو هورەیرە چی دەچینی؟، گوتم: بۆ خۆم درەخت دەڕوێنم، فەرمووی: ئایا شتێکت نیشانبدەم کە لە چاندنی ئەوانە چاکتر بێ، ئەڵێ وتم: بەڵێ ئەی نێرراوی خودا، فەرمووی: بڵێ (سُبْحَانَ اللَّهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ) بۆ هەر یەك لەوانە دارێکت بۆ دەچێنرێ لە بەهەشت.(واتە: بۆ

(سبحان الله) دارێك بۆ (الحمدلله) دارێك، بۆ(لا اله الا الله) دارێك، بۆ (الله اكبر) دارێك،بەم زیكرە چوار نەمام یان درەخت بۆ مرۆڤ دەڕوێ لە بەهەشت)

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چ كاتێك بەندە لە خودا زۆر نزیكە تاكو یادی خودا بكات ؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن عَمْرو بن عبسة قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الرَّبُّ مِنَ الْعَبْدِ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ الْآخِرِ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَكُونَ مِمَّنْ يَذْكُرُ اللَّهَ فِي تِلْكَ السَّاعَةِ فَكُنْ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: عەمرِی كوڕی عەبەسە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: نزیكترین كات كە خودا لە بەندە نزیكە كۆتایی شەوە، ئەگەر بتوانی لەو كەسانە بە كە لەو كاتەدا یادی خودا دەكەن.

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چ زیكرێك لە گەنجینەی بەهەشتە؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى كَلِمَةٍ مِنْ تَحْتِ الْعَرْشِ مِنْ كَنْزِ الْجَنَّةِ لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى: أَسلَمَ عَبدِي واسْتَسْلَمَ) رَوَاهُمَا الْبَيْهَقِيّ فِي الدَّعْوَات الْكَبِير والحاكم قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا وتەیەكت نیشان بدەم لە ژێر عەرِش بێ و لە گەنجینەی بەهەشت بێ، ئەویش ئەوەیە(لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ) كە بەندە ئەم زیكرەی كرد،خوای بەرز دەفەرمووی: بەندەكەم خۆی رادەستی من كرد، وە بە تەواوی خۆی دایە دەست خودا.

وَقَالَ ابْنُ حَجَرٍ: (أَسْلَمَ عَبْدِي) أَيِ: انْقَادَ وَتَرَكَ الْعِنَادَ، أَوْ أَخْلَصَ فِي الْعُبُودِيَّةِ بِالتَّسْلِيمِ لِأُمُورِ الرُّبُوبِيَّةِ، (وَاسْتَسْلَمَ) أَيِ: انْقَادَ انْقِيَادًا كَامِلًا، أَوْ بَالَغَ فِي الِانْقِيَادِ وَقَطْعِ النَّظَرِ عَنِ

الْعِبَادِ. وَقَالَ الطِّيبِيُّ: أَيْ: فَوَّضَ أُمُورَ الْكَائِنَاتِ إِلَى اللَّهِ بِأَسْرِهَا وَانْقَادَ هُوَ بِنَفْسِهِ لِلَّهِ مُخْلِصًا لَهُ) مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح

پ ٩ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) یاساکانی ئیسلام زۆر بووینە شتێکم فێربکە دەستی پێوە بگرم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ بُسْرٍ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ (أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنْ شَرَائِعَ الْإِسْلَامِ قَدْ كَثُرَتْ عَلَيَّ، فَأَخْبِرْنِي بِشَيْءٍ أَتَشَبَّثُ بِهِ. قَالَ: لَا يَزَالُ لِسَانُكَ رَطْبًا مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ، وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ قال لالباني صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی بوسر (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) بێگومان یاساکانی ئیسلام زۆر بووینە لەسەرم، هەواڵم بدەرێ بە شتێك دەستی پێوە بگرم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەردەوام زمانت تەڕبێ بە یادی خوا.

پ.١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چ وتەیەك زۆر خێرە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ذَرٍّ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) سُئِلَ أَيُّ الْكَلَامِ أَفْضَلُ قَالَ مَا اصْطَفَى اللَّهُ لِمَلَائِكَتِهِ أَوْ لِعِبَادِهِ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ) رواه مسلم

واتە: ئەبو زەڕ (ﷺ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ)، چاکترین قسە کامەیە؟ فەرمووی: ئەوەی خودا بۆ فریشتەکانی هەڵبژاردووە یان بۆ بەندەکانی، کە بریتییە لە (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ)

پ١١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن ڕۆژێ هەزار چاکە بەدەست دێ و هەزار گوناح دەسڕێتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ: قَالَ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: (أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَكْسِبَ كُلَّ يَوْمٍ أَلْفَ حَسَنَةٍ؟ فَسَأَلَهُ سَائِلٌ مِنْ جُلَسَائِهِ: كَيْفَ يَكْسِبُ أَحَدُنَا أَلْفَ حَسَنَةٍ؟ قَالَ: (يُسَبِّحُ مِائَةَ تَسْبِيحَةٍ فَيُكْتَبُ لَهُ أَلْفُ حَسَنَةٍ أَوْ يُحَطُّ عَنهُ أَلفُ خطيئةٍ) رَوَاهُ مُسلم

واتە: (سەعد)ی کوڕی (أبی وقاص)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا بووین (ﷺ) فەرمووی: (کەستان هەیە لە ڕۆژێکدا نەتوانێت (١٠٠٠) چاکە بکات) یەکێ لە دانیشتوان پرسی: کێمان دەتوانین (١٠٠٠) چاکە بکات؟ فەرمووی: (سەد جار بڵێ (سبحان الله) (١٠٠٠) چاکەی بۆ دەنوسرێت و (١٠٠٠) گوناهی لێهەڵدەوەرێت).

وانەی هەژدەهەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی پاڕانەوە (الدعاء) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چ دوعایەك قەبول دەبێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي أُمَامَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: (قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَيُّ الدُّعَاءِ أَسْمَعُ؟ قَالَ: جَوْفُ اللَّيْلِ الْآخِرِ، وَدُبُرُ الصَّلَوَاتِ الْمَكْتُوبَاتِ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ قال الالباني حسن

واتە: ئەبو ئومامە (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) کام دوعا قەبوولە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: لە کۆتایی شەو و لەپاش نوێژە فەرزەکان.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پەلەکردن لە دوعا چۆنە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: (لَا يَزَالُ يُسْتَجَابُ لِلْعَبْدِ، مَا لَمْ يَدْعُ بِإِثْمٍ أَوْ قَطِيعَةِ رَحِمٍ، مَا لَمْ يَسْتَعْجِلْ) قِيلَ: يَا رَسُولَ اللهِ مَا الِاسْتِعْجَالُ؟ قَالَ: يَقُولُ: (قَدْ دَعَوْتُ وَقَدْ دَعَوْتُ، فَلَمْ أَرَ يَسْتَجِيبُ لِي، فَيَسْتَحْسِرُ عِنْدَ ذَلِكَ وَيَدَعُ الدُّعَاءَ) رواه مسلم

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: بەردەوام وەڵامی دوعاکانی بەندە دەدرێتەوە، بەو مەرجەی داوای شتی گوناح و پچڕاندنی سیلەی ڕەحم نەکات، وە پەلەش نەکات، گوترا: ئەی نێرراوی خودا پەلەکردن لە دوعا مانای چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: کابرا دەڵێ من پارامەوە، پارامەوە، بەڵام نەمبینی دوعام قەبوڵ بێ، لەوکاتدا کابرا خۆی بێئومێد دەکاو واز لە دوعا دەهێنێ.

شرح الكلمات: (فَيَسْتَحْسِرُ: أَيْ: يَنْقَطِعُ وَيَمِيلُ وَيَفْتُرُ، اسْتِفْعَالٌ مِنْ حَسَرَ إِذَا عَيِيَ وَتَعِبَ)

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەوەی لە خودا نەپارێتەوە خودا سزای دەدات ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (الدُّعَاءُ هُوَ العِبَادَةُ) ثُمَّ قَرَأَ: (وَقَالَ رَبُّكُمْ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ) (غافر: ٦٠) رواه الترمذي وابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: نوعمانی کوڕی بەشیر خودا لێی ڕازی بێ، دەڵێ پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: پارانەوە خۆی لە خۆیدا خواپەرستییە، جا ئەم ئایەتی خوێندەوە (وَقَالَ رَبُّكُمْ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ) واتە: پەروەردگارتان دەفەرموێ: لێم بپارێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە، ئەوانەی لەبەر خۆبەزلزانین لێم ناپارێنەوە دەیانخەمە دۆزەخەوە.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە دوعا لای خودا ڕێزدارتر هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَيْسَ شَيْءٌ أَكْرَمَ عَلَى اللَّهِ مِنَ الدُّعَاءِ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ، وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ قال الالبانى حسن

واتە: ئەبو هورێرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هیچ شتێك لەلای خودا لە دوعا بەڕێزتر نییە.

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوعایەکم فێری بکە لە ناونوێژدا بیڵێم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ، أَنَّهُ قَالَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): عَلِّمْنِي دُعَاءً أَدْعُو بِهِ فِي صَلَاتِي، قَالَ: قُلْ: اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا، وَلَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ) رواه البخاري ومسلم و ابن ماجه والنسائي والترمذي

واتە: ئەبوبەکری سیدیق (رضي الله عنه) دەڵێ: گوتم: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) فێری دوعایەکم بکە لە ناو نوێژدا بیخوێنم؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بڵێ (اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا، وَلَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ) واتە: خودایە من ستەمێکی زۆرم لە خۆم کردووە، وهیچ کەس نییە لە گوناهان خۆش بێ جگە لە تۆ، خودایە لەلای خۆت لێم خۆشبە، وەبەزەییت پێمدابێتەوە، بێگومان تۆ بەبەزەیی ولەگوناهان خۆش دەبی.

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە کاتی دوعادا چی بڵێم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أبي مالك الأشجعي عن أبيه أن رجلا أتى النبي (ﷺ) فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ كَيْفَ أَقُولُ حِينَ أَسْأَلُ رَبِّي قَالَ قُلْ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَعَافِنِي وَارْزُقْنِي وَيَجْمَعُ أَصَابِعَهُ إِلَّا الْإِبْهَامَ فَإِنَّ هَؤُلَاءِ تَجْمَعُ لَكَ دُنْيَاكَ وَآخِرَتَكَ) رواه مسلم

واتە: ئەبو مالیکی ئەشجەعی (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) چی بڵێم کاتێ لە خودا دەپارێمەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بڵێ (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَعَافِنِي وَارْزُقْنِي) واتە: خودایە لێم

خۆشبە وڕەحمم پێ بکە، وسەلامەتم بکە وڕۆزیم پێ ببەخشە) (پەنجەکانی کۆکردەوە تەنها پەنجە گەورە نەبێت) بەڕاستی ئەوانە دونیا و ئاخیرەتت بۆ کۆدەکاتەوە).

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا باشترین دوعا کامەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن انس بن مالك قال:فَأَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ الدُّعَاءِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: سَلِ اللَّهَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ،ثُمَّ أَتَاهُ الْغَدَ فَقَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، أَيُّ الدُّعَاءِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: سَلِ اللَّهَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، فَإِذَا أُعْطِيتَ الْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ فَقَدْ أَفْلَحْتَ) البخاري في الادب المفرد قال الالباني صحيح)

واتە:ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)کام دوعا زۆر چاکە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: داوای لێبووردن و سەلامەتی بکە لە خوا لە دونیا و ئاخیرەت، بەیانی هاتەوە هەمان پرسیاری کردەوە، هەمان وەڵامی دایەوە، فەرمووی ئەگەر سەلامەتیت پێ بەخشرا لە دونیا و ئاخیرەت، ئەوە بێگومان سەرفرازبووی.

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پەیوندی نێوان دوعا وبەڵا چییە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَا يُغْنِي حَذَرٌ مِنْ قَدَرٍ، وَالدُّعَاءُ يَنْفَعُ مِمَّا نَزَلَ، وَمِمَّا لَمْ يَنْزِلْ، وَإِنَّ الْبَلَاءَ لَيَنْزِلُ فَيَتَلَقَّاهُ الدُّعَاءُ فَيَعْتَلِجَانِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ) رواه الحاكم قال الالباني حسن

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

خۆپاراستن بێ سوودە بەرامبەر قەدەری خوا، وە پاڕانەوە سوودی هەیە بۆ ئەوەی هاتۆتە خوارەوەو ئەوەی هێشتا نەهاتووتە خوارەوە، چونکە کاتێ بەڵا دێتە خوارەوە پاڕانەوە بەرەنگاری ئەبێت و کێشمە کێشمیانە هەتا ڕۆژی دوایی.

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا ئەگەر ئێمە دوعا زیاد بکەین خواش شتمان بۆ زیاد دەکات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ:مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَدْعُو بِدَعْوَةٍ لَيْسَ فِيهَا إِثْمٌ وَلَا قَطِيعَةُ رَحِمٍ إِلَّا أَعْطَاهُ اللَّهُ بِهَا إِحْدَى ثَلَاثٍ إِمَّا أَنْ تُعَجَّلَ لَهُ دَعْوَتُهُ وَإِمَّا أَنْ يَدَّخِرَهَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ وَإِمَّا أَنْ يَصْرِفَ عَنْهُ مِنَ السُّوءِ مِثْلَهَا قَالُوا إِذًا نُكْثِرُ قَالَ اللَّهُ أَكْثَرُ) رواه أحمد والبزار وأبو يعلى بأسانيد جيدة والحاكم وقال صحيح الإسناد قال الالباني حسن صحيح في صحيح الترغيب والترهيب

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

هیچ موسڵمانێك نییە لەخوای گەورە بپارێتەوە و پارانەوەکەی تاوانی تێدا نەبێت و سیلەی ڕەحم پچڕاندنی تێدا نەبێت، ئیلا خوا یەکێ لەم سێ شتانەی بۆ دەکات: یا پارانەوەکەی زوو لێ وەرئەگیرێت، یا بۆی هەڵئەگرێت بۆ ڕۆژی دوایی، یان بە ئەندازەی ئەو دوعایە شەڕ و خراپەی لێ دوور ئەخاتەوە، هاوەڵان وتیان: کەواتە زۆر ئەپارێینەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خواش بۆتان زۆرتر ئەکات وزووتر لێتان قەبوڵ دەکات.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) حەز دەکەین کۆشش بکەین لە دوعا ئایا چی بڵێین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ لَهُمْ: (أَتُحِبُّونَ أَيُّهَا النَّاسُ أَنْ تَجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ؟) قَالُوا: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: قُولُوا: اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ) رواه الحاكم قال الشيخ الألباني: (صحيح) انظر حديث رقم: ٨١ في صحيح الجامع

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) پێمانی فەرموو: ئەی خەڵکینە ئایە ئێوە حەز ئەکەن کۆشش بکەن لە دوعا کردندا؟ وتیان: بەڵێ ئەی نێرراوی

خوا(ﷻ)، فەرمووی: بڵێن: (اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)، واتە: خودایە یارمەتیم بدە لەسەر یاد کردنت وسوپاسکردن و بەچاکی پەرستنت .

پ.١ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە بڵێن خودایە لە دونیا سزامان بدە لە جیانی قیامەت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَنَسٍ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ)، عَادَ رَجُلًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ قَدْ خَفَتَ فَصَارَ مِثْلَ الْفَرْخِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (هَلْ كُنْتَ تَدْعُو بِشَيْءٍ أَوْ تَسْأَلُهُ إِيَّاهُ؟) قَالَ: نَعَمْ، كُنْتُ أَقُولُ: اللهُمَّ مَا كُنْتَ مُعَاقِبِي بِهِ فِي الْآخِرَةِ، فَعَجِّلْهُ لِي فِي الدُّنْيَا، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) سُبْحَانَ اللهِ لَا تُطِيقُهُ - أَوْ لَا تَسْتَطِيعُهُ - أَفَلَا قُلْتَ: اللهُمَّ آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ قَالَ: فَدَعَا اللهَ لَهُ، فَشَفَاهُ) رواه مسلم

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) چووە سەردانی موسڵمانێك بینی لاواز بووە وەکو جوجەڵەیەکی لێهاتووە، فەرمووی: ئایە تۆ هەرگیز پارڕاوپتەوە لە خوا و شتت لێ داوا کردووە؟ پیاوەکە وتی: بەڵێ پارڕاومەوە وتومە: (خودایە ئەگەر ڕۆژی دوایی سزام ئەدەی لەسەر تاوانێك کە لە دونیادا کردوومە ئێستا سزام بدە لەسەری) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سبحان الله) بەرگەی ناگریت ئەی بۆ نەت ئەوت: (اللهُمَّ آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) ئەنەس دەڵێ پێغەمبەر(ﷺ) بۆی لە خودا پارڕایەوە خوداش شیفای دا.

پ١١ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا دوعای پڕ مانا و گشتگیر چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (يَسْتَحِبُّ الْجَوَامِعَ مِنَ الدُّعَاءِ، وَيَدَعُ مَا سِوَى ذَلِكَ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ قال الالبانی صحيح

عائیشە فەرموویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) ئەو پارانەوەی پێ خۆش بوو کە پڕ مانابوو، وازی لەشێوە پارانەوەکانی تر ئەهێنا.

چەند نموونەیەك لە دوعای پڕ مانا و کۆکرەوە:

١- (اللَّهُمَّ آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّار) رواه مسلم

٢- (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ) البخاري في الادب المفرد قال الالباني صحيح

٣- (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى) رواه مسلم

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا دوعا قەزاو قەدەر دەگێڕیتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَلْمَانَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (لَا يَرُدُّ القَضَاءَ إِلَّا الدُّعَاءُ، وَلَا يَزِيدُ فِي العُمْرِ إِلَّا البِرُّ) رواه الترمذي قال الالباني حسن

واتە: لە سەلمانی فارسییەوە خوا لێی ڕازی بێت هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هیچ شتێك قەزا ناگێڕێتەوە پارانەوە نەبێت، و هیچ شتێك تەمەن درێژ ناکات چاکە کردن نەبێت.

پ ١٣ / ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) چ دوعایەك بخوێنم تا زیندەوەر و درندە زیانم لێ نەدەن؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا لَقِيتُ مِنْ عَقْرَبٍ لَدَغَتْنِي الْبَارِحَةَ قَالَ: أَمَا لَوْ قُلْتَ حِينَ أَمْسَيْتَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ لَمْ تَضُرَّكَ) رَوَاهُ مُسلم

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر وتی(ﷺ): ئەی نێرراوی خودا دوێنێ دووپشك پێیوەدام؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر شەوێ ئەو دوعایەت خوێندبایە (أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ) زیانی لێ نەدەدای.

پ/ ئەگەر بۆ گەشت و گوزارو سەفەر لە شوێنێك لاماندا چ دوعایەك بخوێنین؟

وەڵام: (عَن خَوْلَةَ بِنْتَ حَكِيمٍ السُّلَمِيَّةَ، تَقُولُ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَقُولُ: مَنْ نَزَلَ مَنْزِلًا ثُمَّ قَالَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ، لَمْ يَضُرَّهُ شَيْءٌ، حَتَّى يَرْتَحِلَ مِنْ مَنْزِلِهِ ذَلِكَ) رَوَاهُ مُسلم

واتە: (خولە)ی کچی (حکیم السُّلمیّە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: (هەر کەس لە مەنزلێکدا هەواری هەڵدا پاشان وتی: پەنا دەگرم بە وشە تەواوەکانی خوا لە زیانی هەموو شتێ کە ئەو دروستی کردووە، ئەوە هیچ شتێك زیانی پێناگەیەنێ تا لەو شوێنە کۆچ دەکات).

شرح (بكلمات الله التامات) قيل معناه الْكَامِلَات الَّتِي لَا يَدْخُلُهَا نَقْصٌ وَلَا عَيْبٌ، وَقِيلَ: النَّافِعَةُ الشَّافِيَةُ، وَقِيلَ: الْقُرْآنُ) صحيح مسلم بتحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي

پ١٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوعایەکم فێربکە خودا لە شەڕ بمپارێزی و پەنای پێ بگرم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ شُتَّرِ بْنِ شَكَلِ بْنِ حُمَيْدٍ عَنْ أَبِيه قَالَ: قُلْتُ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ عَلِّمْنِي تَعْوِيذًا أَتَعَوَّذُ بِهِ قَالَ: (قُلِ اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بك من شَرّ سَمْعِي وَمن شَرّ بَصَرِي وَشَرِّ لِسَانِي وَشَرِّ قَلْبِي وَشَرِّ مَنِيِّي) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وَالتِّرْمِذِيّ وَالنَّسَائِيّ قال الالباني صحيح

واتە: شوتەیری کوڕی شەکەلی (ﷺ) دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوعایەکم فێربکە خۆم پێ پەنا بدەم، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بڵێ (قُلِ اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بك من شَرّ سَمْعِي وَمن شَرّ بَصَرِي وَشَرِّ لِسَانِي وَشَرِّ قَلْبِي وَشَرِّ مَنِيِّي) واتە: خودایە من پەنا دەگرم بە تۆ لەشەڕی بیستنم و لە شەڕی بینینم و لە شەڕی زمانم و لە شەڕی دڵم و لەشەڕی دامێنم (یان خراپ مردنم).

شرح الكلمات: (وَمِنْ شَرِّ مَنِيِّي: يَعْنِي فَرْجَهُ)(قِيلَ هُوَ جَمْعُ الْمَنِيَّةِ أَيْ مِنْ شَرِّ الْمَوْتِ أَيْ: قَبْضِ رُوحِهِ عَلَى عَمَلٍ قَبِيحٍ)

پ٨٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوعایەکی خراپ (تووك) لە هاوبەشدانەران بکە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ادْعُ عَلَي الْمُشْرِكِينَ. قَالَ: (إِنِّي لَمْ أُبْعَثْ لَعَّانًا، وَإِنَّمَا بُعِثْتُ رَحْمَةً) رواه مسلم

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: بە پێغەمبەر (ﷺ) وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزا بکە لەسەر بێ بڕواکان. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەڕاستی من بە نەفرینکار نەنێردراوم، بەڵکو بە ڕەحمەت و میهرەبانی نێردراوم).

وانەی نۆزدەهەم

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی چەند کرەوەیەکی چاك و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆن صەلاوات لەسەر ئال وبەیت لێ بدەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: أَتَانَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ فِي مَجْلِسِ سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ، فَقَالَ لَهُ بَشِيرُ بْنُ سَعْدٍ: أَمَرَنَا اللَّهُ تَعَالَى أَنْ نُصَلِّيَ عَلَيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَكَيْفَ نُصَلِّي عَلَيْكَ؟ قَالَ: فَسَكَتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى تَمَنَّيْنَا أَنَّهُ لَمْ يَسْأَلْهُ، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (قُولُوا: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى (آلِ) إِبْرَاهِيمَ. وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ فِي الْعَالَمِينَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ. وَالسَّلَامُ كَمَا قَدْ عَلِمْتُمْ) رواه مسلم

واتە: (ئەبو مسعود الانصاری) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: ئێمە لەلای (سەعد)ی کوڕی (عبادە) دانیشتبووین، پێغەمبەری خوا(ﷺ) هات بۆ ناومان، (بشر) کوڕی (سعد) پێی وت: خوای گەورە فەرمانی پێکردووین کە سڵاواتت لەسەر بدەین ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆن سڵاواتت لەسەر بدەین؟ پێغەمبەر(ﷺ) بێدەنگ بوو، ئەوەندەی پێ چوو خۆزگەمان دەخواست کە ئەو پرسیارەی لێنەکرایە ئینجا فەرمووی: (بڵێن: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ

مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَي (آلِ) إِبْرَاهِيمَ. وَبَارِكْ عَلَي مُحَمَّدٍ، وَعَلَي آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَي آلِ إِبْرَاهِيمَ فِي الْعَالَمِينَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ) والسلام كما قد علمتم).

والسلام كما قد علمتم). واتە: سەلامیش دەزانن چۆن دەکرێ

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کردەوەیەکم فێربکە، ئەگەر کردم پێ بچمە بەهەشتەوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: أَتَى أَعْرَابِيٌّ النَّبِيَّ (ﷺ)فَقَالَ: دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ إِذَا عَمِلْتُهُ دَخَلْتُ الْجَنَّةَ. قَالَ: (تَعْبُدُ اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ وَتُؤَدِّي الزَّكَاةَ الْمَفْرُوضَةَ وَتَصُومُ رَمَضَانَ). قَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا أَزِيدُ عَلَى هَذَا شَيْئًا وَلَا أَنْقُصُ مِنْهُ. فَلَمَّا وَلَّى قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى هَذَا) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێکی بیابانەنشین هاتە خزمەت پێغەمبەر و وتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، کارێکم نیشان بدە ئەگەر کردم بمخاتە بەهەشت؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خودا بپەرستە و هیچ هاوەڵێکی بۆ بریارمەدە، وە نوێژە فەرزەکان بکە، و زەکاتی مالّی خودا بدە، و بە ڕۆژووبە لە مانگی ڕەمەزان، کابرا وتی: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە نەلەوە زیاتر دەکەم و نەکەمتریش دەکەم، کاتێ کابرا ڕۆیشت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوەی حەز دەکات سەیری خەڵکی بەهەشت بکات، با تەماشای ئەو پیاوە بکات.

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کارێکم فێر بکە، ئەم بمباتە بەهەشت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن أَنَسٍ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِلنَّبِيِّ (ﷺ): عَلِّمْنِي عَمَلا يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ، قَالَ: أَطْعِمِ الطَّعَامَ وَأَفْشِ السَّلامَ وَأَطِبِ الْكَلامَ وَصَلِّ بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ تَدْخُلُ الْجَنَّةَ بِسَلامٍ) رواه البزار قال الالباني صحيح لغيره

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی نێرراوی خودا کارێکم فێر بکەم بمخاتە بەهەشت، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خواردن بدە خەڵکی و سەلام لەناو خەڵکی بڵاوکەوە (زۆر سەلام لە خەڵکی بکە یان ئاشتی بڵاو بکەوە لە ناو خەڵکی)، قسەی جوان بکە، شەوان شەونوێژ بکە کاتێك کەسانێك خەوتوون، جابەم کارانە خودا دەتخاتە بەهەشت.

پ ٧ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر شایەتمان بێنم و نوێژبکەم و زەکات بدەم و ڕەمەزان بە ڕۆژووبم چیم بۆ هەیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ الْجُهَنِيِّ قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ يَا رَسُولَ اللهِ شَهِدْتُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَأَنَّكَ رَسُولُ اللهِ وَصَلَّيْتُ الْخَمْسَ وَأَدَّيْتُ زَكَاةَ مَالِي وَصُمْتُ شَهْرَ رَمَضَانَ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) مَنْ مَاتَ عَلَى هَذَا كَانَ مَعَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ هَكَذَا وَنَصَبَ إِصْبَعَيْهِ مَا لَمْ يَعُقَّ وَالِدَيْهِ) رواه أحمد والطبراني و ابن خزيمة وابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: عەمری کوڕی موڕەی جوهەنی (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی نێرراوی خودا شایەدیم داوە، هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە (اللە) وە شایەدیم داوە تۆ نێرراوی خودای(ﷺ) : پێنج نوێژەکانم کردووە،و زەکاتی مالّی خودام داوە، و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژووبووم، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەوەی لەسەر ئەم حاڵەتە بمرێ، لە ڕۆژی قیامەت لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان وشەهیدانە، بەم شێوە دوو پەنجەکەی بەرز کردەوە، فەرمووی: بەو مەرجەی دایك وباوکی ئازار نەدا.

پ ٨ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە پاش واجبیتەکان، حەلال بەحەلال دەزانم ولە حەڕامەکانیش دوور دەبمەوە ئایا دەچمە بەهەشت ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرٍ، أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللهِ (ﷺ)، فَقَالَ: أَرَأَيْتَ إِذَا صَلَّيْتُ الصَّلَوَاتِ الْمَكْتُوبَاتِ، وَصُمْتُ رَمَضَانَ، وَأَحْلَلْتُ الْحَلَالَ، وَحَرَّمْتُ الْحَرَامَ، وَلَمْ أَزِدْ عَلَى ذَلِكَ شَيْئًا، أَأَدْخُلُ الْجَنَّةَ؟ قَالَ: (نَعَمْ)، قَالَ: وَاللهِ لَا أَزِيدُ عَلَى ذَلِكَ شَيْئًا) رواه مسلم

واتە: جابیری کوڕی عبدالله (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پیغەمبەر(ﷺ) کرد وتی: ئەگەر پێنج نوێژە فەرزەکان بکەم و ڕەمەزان بە ڕۆژووبم، حەلال بەحەلال دابنێم (واتە: ئەوەی حەلالە بیکەم) وەحەڕام بەحەڕام بزانم (واتە: لەهەموو حەڕامەکان دوور کەومەوە) وە لەوەش زیاتر نەکەم، ئایا دەچمە بەهەشت؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بەڵێ، کابرا وتی: سوێند بەخوا لەوە زیاتر ناکەم.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە ئیسلامدا چ کارێك زۆر خێرە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو، أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللهِ (ﷺ)، أَيُّ الْإِسْلَامِ خَيْرٌ؟ قَالَ: تُطْعِمُ الطَّعَامَ، وَتَقْرَأُ السَّلَامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ، وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ) متفق عليه

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمر (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پیغەمبەر (ﷺ) کرد وتی: لە ئیسلامدا چ کارێك زۆر خێرە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خواردن بدەیە خەڵکی ، و سەلام لەو کەسانە بکەی دەیان ناسی ونایان ناسی.

پ .١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوو پرسیارم هەیەا- هەموو شتەکان لەچی دروست کراون ٢- بەچی دەچم بەهەشت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي إِذَا رَأَيْتُكَ طَابَتْ نَفْسِي وَقَرَّتْ عَيْنِي، فَأَنْبِئْنِي عَنْ كُلِّ شَيْءٍ. فَقَالَ: (كُلُّ شَيْءٍ خُلِقَ مِنْ مَاءٍ) قَالَ: قُلْتُ: أَنْبِئْنِي عَنْ أَمْرٍ إِذَا أَخَذْتُ بِهِ دَخَلْتُ الْجَنَّةَ. قَالَ: (أَفْشِ السَّلَامَ، وَأَطْعِمِ الطَّعَامَ، وَصِلِ الْأَرْحَامَ، وَقُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ، ثُمَّ ادْخُلِ الْجَنَّةَ بِسَلَامٍ) رواه احمد والحاكم قال شعيب إسناده صحيح، رجاله ثقات رجال الشيخين.

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: وتم: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) من کە تۆ دەبینم دڵم خۆش دەبێ و چاوم ڕوناك دەبێتەوە، هەواڵی هەموو شتێکم پێ بدە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: هەموو شتێك لە ئاو دروست کراوە، ئەڵێ وتم: کارێکم فێربکە ئەگەر دەستم پێوە گرت بمخاتە بەهەشت؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: سەلام لە خەڵکی بکە وخواردن بدە خەڵکی و سیلەی ڕەحم جێ بەجێ بکە وشەوان هەستەوە بۆ شەونوێژ کە خەڵکی خەوتوون، ئینجا دەچیتە بەهەشت.

پ١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چی بکەم دڵم نەرم دەبێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَجُلًا شَكَا إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) قَسْوَةَ قَلْبِهِ، فَقَالَ: (امْسَحْ رَأْسَ الْيَتِيمِ، وَأَطْعِمِ الْمِسْكِينَ) رَوَاهُ أَحْمد) قال الالباني حسن لغيره

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك سکاڵای هێنایە لای پێغەمبەر (ﷺ)وتی دڵم ڕەقە چی بکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: دەست بەسەری هەتیوو دابێنە و خواردن بدە هەژاران.

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کام کردەوە زۆر چاکە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ حُبْشِيٍّ الْخَثْعَمِيِّ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) سُئِلَ أَيُّ الْأَعْمَالِ أَفْضَلُ فَقَالَ إِيمَانٌ لَا شَكَّ فِيهِ وَجِهَادٌ لَا غُلُولَ فِيهِ وَحَجَّةٌ مَبْرُورَةٌ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی حوبشی خەسعەمی (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) دەربارەی چاکترین کردەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: باوەڕێك هیچ گومانی تێدا نەبێ، جیهادێك گوناهی تێدا نەبێ و حەجێکی وەرگیراوە (بەجوانی وشەرعی کارەکان جێ بەجی بکات).

پ١٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەگەر کەسێك بەڕۆژووبێ و لەگەڵ جەنازە بچێتە گۆڕستان و خواردن بداتە هەژار و سەردانی نەخۆش بکا چی بۆ هەیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ صَائِمًا؟) قَالَ أَبُو بكر: أَنا قَالَ: (فن تَبِعَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ جِنَازَةً؟) قَالَ أَبُو بَكْرٍ: أَنَا. قَالَ: (فَمَنْ أَطْعَمَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ مِسْكِينًا؟) قَالَ أَبُو بَكْرٍ: أَنَا. قَالَ: (فَمَنْ عَادَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ مَرِيضًا؟) . قَالَ أَبُو بَكْرٍ: أَنَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَا اجْتَمَعْنَ فِي امْرِئٍ إِلَّا دَخَلَ الْجَنَّةَ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ

واتە: ئەبو هورێرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ بە ڕۆژووە؟ ئەبوبەکر وتی: من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ شوێن جەنازە کەوتووە؟ ئەبوبەکر وتی: من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ هەژارێکی نان داوە؟ ئەبوبەکر گوتی: من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ سەردانی نەخۆشێکی کردووە؟ ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێ وتی: من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێك ئەو کارانەی کردبێ ئیللا دەچێتە بەهەشت.

پ ١٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر کەسێك سوپاسی کردی لەسەر کارێکی چاکە یان مەدحی کردی، ئایا ئەمە چۆنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ قِيلَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ يَعْمَلُ الْعَمَلَ مِنْ الْخَيْرِ وَيَحْمَدُهُ النَّاسُ عَلَيْهِ قَالَ تِلْكَ عَاجِلُ بُشْرَى الْمُؤْمِنِ) رواه مسلم

واتە: ئەبو زەڕ (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) ڕای جەنابت چۆنە دەربارەی ئەو کەسەی چاکە دەکات و خەڵکی سوپاسی دەکەن؟ فەرمووی: (ئەوە مژدە پێشەکییە بۆ ئیماندار)

شرح الكلمات: (تلك عاجل بشرى المؤمن) قال العلماء معناه هذه البشرى المعجلة له بالخير وهي دليل البشرى المؤخرة إلى الآخرة بقوله بشراكم اليوم جنات الآية وهذه البشرى المعجلة دليل على رضا الله تعالى عنه ومحبته له فيحببه إلى الخلق

پ١٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا شتە هەرە چاکەکان چینە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ، قَالَ: لَقِيتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخَذْتُ بِيَدِهِ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَخْبِرْنِي بِفَوَاضِلِ الأَعْمَالِ، فَقَالَ: يَا عُقْبَةُ صِلْ مَنْ قَطَعَكَ وَأَعْطِ مَنْ حَرَمَكَ، وَأَعْرِضْ عَمَّنْ ظَلَمَكَ) رواه أحمد والحاكم قال الالباني صحيح لغيره في صحيح الترغيب والترهيب

واتە: عوقبەی کوڕی عامیر (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: گەیشتم بە پێغەمبەری خودا (ﷺ)، هەر دوو دەستەکانم گرتن و وتم: ئەی نێردراوی خودا (ﷺ) هەواڵم بدەرێ بە کارە هەرە چاکەکان چینە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەی عوقبە سیلەی ڕەحم بەجێ بگەیەنە لەگەڵ ئەو کەسەی لەگەڵی پچراندی و شت بدە ئەو کەسەی شتی لەتۆ قەدەغە کردووە، و پشت بکە لەو کەسەی زوڵمی لێ کردووی.

پ١٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن بزانم چاکەم کردووە یان خراپەم کردووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) يَا رَسُولَ اللَّهِ! كَيْفَ لِي أَنْ أَعْلَمَ إِذَا أَحْسَنْتُ أَوْ إِذَا أَسَأْتُ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): إِذَا سَمِعْتَ جِيرَانَكَ يَقُولُونَ: قَدْ أَحْسَنْتَ؟ فَقَدْ أَحْسَنْتَ، وَإِذَا سَمِعْتَهُمْ يَقُولُونَ: قَدْ أَسَأْتَ فَقَدْ أَسَأْتَ) رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ قال الالباني صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی نێردراوی خودا (ﷺ) ئەگەر چاکەم کرد چۆن بزانم من چاکەم کردووە؟، و ئەگەر خراپەم کرد چۆن بزانم خراپەم کردوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر بیستت هاوسێیەکانت وتیان: چاکەت کردوە بزانە چاکەت کردووە، و ئەگەر بیستت وتیان: خراپەت کردووە بزانە خراپەت کردووە.

پ١٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن بزانم من چاکەکارم یان خراپەکارم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَتَى أَكُونُ مُحْسِنًا؟، قَالَ: (إِذَا قَالَ جِيرَانُكَ: أَنْتَ مُحْسِنٌ، فَأَنْتَ مُحْسِنٌ، وَإِذَا قَالُوا: إِنَّكَ مُسِئٌ، فَأَنْتَ مُسِئٌ) رواه ابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی مەسعود (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پیغەمبەر (ﷺ) کرد و وتی: کەی دەبمە پیاوی چاك؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر جیرانەکەت وتی: تۆ پیاوی باشی تۆ پیاوی باشی، ئەگەر جیرانەکانت وتیان: تۆ پیاوێکی خراپی تۆ پیاوێکی خراپی.

پ١٨ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باشترین موسڵمان کێیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ): أَيُّ الْمُسْلِمِينَ أَفْضَلُ ؟ قَالَ: (مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ) ابو يعلى الموصلي قال حسين سليم أسد إسناده صحيح

واتە: ئەبو موسی (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) باشترین موسڵمان کێیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەوەی موسڵمانان لە دەست و زمانی ئەمینن.

پ١٩ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خودا عیبادەتی کەمی بەردەوامی پێ خۆشە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا قَالَتْ سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَيُّ الْأَعْمَالِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ قَالَ أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلَّ وَقَالَ اكْلَفُوا مِنْ الْأَعْمَالِ مَا تُطِيقُونَ)رواه البخاري

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا(ﷺ)، خودا چ کردەوەیەکی پێ خۆشە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بەردەوامی ئەگەر کەمیش بێ، وەفەرمووی: ئەو کردەوانە مەکەن کە لە توانای ئێوەدا نیە

وانەی بیست

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی
کاروکاسبی (العمل والكسب) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پاکترین کاسبی چییە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الْكَسْبِ أَطْيَبُ؟ قَالَ:(عَمَلُ الرَّجُلِ بِيَدِهِ وَكُلُّ بَيْعٍ مَبْرُورٍ) رَوَاهُ أَحْمَدُ والبزار والطبراني قال الالباني صحيح

واتە: رافیعی کوڕی خەدیج (ﷺ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) وتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) پاکترین کاسبی چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی: پیاوێك بە نانی دەستی خۆی بژی و کڕین وفرۆشتنێکی حەلاڵ بکات.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باوکم پێویستی بە مااڵی منە،چی بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، (أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: إِنَّ لِي مَالًا، وَإِنَّ وَالِدِي يَحْتَاجُ إِلَى مَالِي. قَالَ: أَنْتَ وَمَالُكَ لِوَالِدِكَ، إِنَّ أَوْلَادَكُمْ مِنْ أَطْيَبِ كَسْبِكُمْ، كُلُوا مِنْ كَسْبِ أَوْلَادِكُم) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَابْنُ مَاجَهْ قال الالباني صحيح

واتە: عەمری کوڕی شوعەیب (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: من مالّم وسامانم هەیە، باوکم پێویستی بەمالّی منە چی بکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: تۆ و مالّەکەت هی باوکتە، فەرمووی: بێگومان منداڵەکانتان لە پاکترین کاسبی ئێوەن، لە بەرهەمی منداڵەکانتان بخۆن.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە کرێ وەرگیرێ لە بەرامبەر کتێبی خودا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (أَنَّ نَفَرًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) مَرُّوا بِمَاءٍ فِيهِمْ لَدِيغٌ أَوْ سَلِيمٌ فَعَرَضَ لَهُمْ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْمَاءِ فَقَالَ: هَلْ فِيكُمْ مِنْ رَاقٍ إِنَّ فِي الْمَاءِ رَجُلًا لَدِيغًا أَوْ سَلِيمًا، فَانْطَلَقَ رَجُلٌ مِنْهُمْ فَقَرَأَ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ عَلَى شَاءٍ فَبَرَأَ، فَجَاءَ بِالشَّاءِ إِلَى أَصْحَابِهِ فَكَرِهُوا ذَلِكَ، وَقَالُوا: أَخَذْتَ عَلَى كِتَابِ اللَّهِ أَجْرًا، حَتَّى قَدِمُوا الْمَدِينَةَ فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَخَذَ عَلَى كِتَابِ اللَّهِ أَجْرًا فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِنَّ أَحَقَّ مَا أَخَذْتُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا كِتَابُ اللَّهِ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ، وَفِي رِوَايَةٍ (أَصَبْتُمُ اقْسِمُوا وَاضْرِبُوا لِي مَعَكُمْ سَهْمًا) رواه البخاري

واتە: ئیبن عەباس (ﷺ) دەڵێ: کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بەلای ئاوەدانییەك ڕابردن، یەکێ لە ئەهلی ئەم ئاوەدانییە دوپشك پێوەدابوو، گوتیان: ئایا دەرمانێکتان لا نییە، بۆ ئەو کەسەی پێوە دراوە؟ یەکێ لە هاوەڵان چوو بۆ چارەسەری (دیارە مەرجی داناوە بۆیان ئەگەر چاك بوویەوە چەند مەڕکی بدەنێ) جا سوڕەتی فاتیحەی بەسەردا خوێند کابرا چاك بوویەوە و چەند مەڕەکی لێ وەرگرتن، هاوەڵان پێیان ناخۆش بوو، گوتیان: چۆن بەرامبەر کیتابی خودا کرێ وەردەگری؟ کاتێ گەڕانەوە مەدینە، چوونە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتیان: ئەم هاوەڵە کرێی وەرگرتووە بەرامبەر خوێندنی کتێبی خودا، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: شتێکی حەقە ئەوەی وەرتان گرتووە لە کرێی کتێبی خودا، لە گێڕانەوەی دیکەدا فەرمووی: پێکاوتانە وبەشی منیشی لێ بدەن.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە دەسەڵات مااڵت بداتێ تۆش وەری بگری؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ أَمْوَالِ السُّلْطَانِ؟ فَقَالَ: (مَا أَتَاكَ اللَّهُ مِنْهَا مِنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ، وَلَا إِشْرَافٍ فَكُلْهُ، وَتَمَوَّلْهُ) قَالَ: وقَالَ الْحَسَنُ: (لَا بَأْسَ بِهَا مَا لَمْ يَرْحَلْ إِلَيْهَا أَوْ يُشْرِفْ لَهَا) رواه احمد قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو دەردا (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) دەربارەی مااڵێك دەسەڵات بتداتێ، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەاڵمدا فەرمووی: خودا مااڵەکی بۆ ناردی بەبێ ئەوەی خۆت داوا بکەی و خۆتی پێ بەرزبکەیەوە، بیخۆ وبیکە مااڵ.(بەاڵم زۆر لە زانایان لەبەر وەرع و عیزەت وەریان نەگرتووە)

غريب الحديث: (فَكُلْهُ): فكل به واطعمه . (تَمَوّله): اجعله لك مالا

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە کڕێی کەڵەشاخ (حیجامە) وەربگرم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ مُحَيِّصَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّهُ اسْتَأْذَنَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي أُجْرَةِ الْحَجَّامِ، فَنَهَاهُ، فَلَمْ يَزَلْ يَسْتَأْذِنُهُ حَتَّى قَالَ: (اعْلِفْهُ نَاضِحَكَ، وَأَطْعِمْهُ رَقِيقَكَ) رَوَاهُ مَالِكٌ، وَالتِّرْمِذِيُّ، وَأَبُو دَاوُدَ، وَابْنُ مَاجَهْ قال الالباني صحيح

واتە: موحەییصە (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: داوای مووڵەتم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) بۆ وەرگرتنی کرێی کەڵەشاخ (حیجامە)، ئەڵێ: قەدەغەی کردم، دەڵێ: بەردەوام داوام لێ کرد مووڵەتم بدات پارە وەرگرم، فەرمووی: ئەگەر هەر وەردەگری پارەکە بە ئالیك بدە بۆ وشترەکانت و بیدە بە خواردن بۆ بەندەکانت. (دیارە ئەمە بۆ وەرع وزیاتر تەقوایە وخۆپارێزییە)

شرح الحديث: (أَنَّهُ اسْتَأْذَنَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي أُجْرَةِ الْحَجَّامِ)، أَيْ فِي أَخْذِهَا أَوْ أَكْلِهَا (فَنَهَاهُ) قَالَ النَّوَوِيُّ: هَذَا نَهْيُ تَنْزِيهٍ لِلارْتِفَاعِ عَنْ دَنِيءِ الِاكْتِسَابِ، وَلِلْحَثِّ عَلَى مَكَارِمِ الْأَخْلَاقِ، وَمَعَالِي الْأُمُورِ، (اعْلِفْهُ) أَيْ أَطْعِمْ بِهِ الْعَلَفَ (نَاضِحَكَ)، وَهُوَ الْجَمَلُ الَّذِي يُسْقَى بِهِ الْمَاءُ (وَأَطْعِمْهُ رَقِيقَكَ) أَيْ عَبِيدَكَ وَإِمَائِكَ، (نواضحك: جمع ناضحة . وهي الناقة التي يسقى عليها الماء أي اجعله علفا لها)

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کرێ وەرگرتن دروستە لە پەرینی ئاژەڵان بۆ سەر ئاژەڵ (واتە:ئاوس کردنیان)؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)عَنْ عَسْبِ الْفَحْلِ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: ئیبنو عومەر (رضي الله عنهما) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ)قەدەغەی کردوە لە وەرگرتنی کرێی پەرینی ئاژەڵان بۆ ئاژەڵ (واتە: ئاوسکردنی ئاژەڵ بە ئاژەڵ) . (عسب: وەچە، نەوە، الفحل: نێر)

شرح الحديث: أَيْ كِرَاءِ ضِرَابِهِ وَأُجْرَةِ مَائِهِ نَهَى عَنْهُ لِلْغَرَرِ لِأَنَّ الْفَحْلَ قَدْ يَضْرِبُ وَقَدْ لَا يَضْرِبُ وَقَدْ لَا يُلَقِّحُ الْأُنْثَى وَبِهِ ذَهَبَ الْأَكْثَرُونَ إِلَى تَحْرِيمِهِ وَأَمَّا الْإِعَارَةُ فَمَنْدُوبٌ ثُمَّ لَوْ أَكْرَمَهُ الْمُسْتَعِيرُ بِشَيْءٍ جَازَ قَبُولُ كَرَامَتِهِ.

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پارەی کرین وفرۆشتنی سەگ دروستە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(نَهَى عَنْ ثَمَنِ الْكَلْبِ وَثَمَنِ الخِنْزِيرِ وَثَمَنِ الخَمْرِ وَعنْ مَهْرِ الْبَغِيِّ وَعَنْ عَسْبِ الفَحْلِ) طس قال الالباني صحيح

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە وەرگرتنی پارەی سەگ وبەرازو ئارەق، وە مارەیی ئافرەتی داوین پیس و کرێی ئاژەڵ سواری یەك بوون بۆ زاوزێ (واتە: ئەو ئاژەڵەی دەپەڕیتە ئاژەڵێکی دیکە بۆ زاوزێ)

وفی روایه (نَهَى عَنْ عَسْبِ الْفَحْلِ وَقَفِيزِ الطَّحَّانِ) قط صحيح

شرح: (عسب الفحل) بيع ماء الذكر من الإبل أو البقر أو أخذ أجرة على ضرابه أي تلقيحه)

وفي رواية(نهى عن ثمن الكلب إلا الكلب المعلم) (رواه احمد و النسائي) عن جابر . قال الشيخ الألباني: (حسن) انظر حديث رقم: ٦٩٤٧ في صحيح الجامع

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کردوە لە وەرگرتنی پارەی سەگ مەگەر سەگی ڕاهێنراو (فێرکراو) ئەویان دروستە

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەگەر کەسێك وەکو دیاری شتێکی هێنا، بەرامبەر پەڕینی ئاژەڵان دروستە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَنَسٍ أَنَّ رَجُلًا مِنْ كِلَابٍ سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ عَسْبِ الْفَحْلِ فَنَهَاهُ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا نُطْرِقُ الْفَحْلَ فَنُكْرَمُ، فَرَخَّصَ لَهُ فِي الْكَرَامَةِ)رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: ئەنەس (ڕضی الله عنه) دەڵێ: پیاوێك لە هۆزی کیلاب پرسیاری لە پیغەمبەر ((ﷺ) کرد، دەربارەی کرێی ئاژەڵ ئاوسکردن بە ئاژەڵ، پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغەی کرد، کابرا گوتی: ئەگەر وەکو دیاری خاوەن ئاژەڵە مێیەکە شتێکی هێنا؟، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی:ئەوە قەیناکا ومۆڵەتی دا.

شرح الحديث: عَنْ أَنَسٍ أَنَّ رَجُلًا مِنْ كِلَابٍ) اي، قَبِيلَةٌ (سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ)عَنْ عَسْبِ الْفَحْلِ) أَيْ (إِجَارَةِ مَائِهِ وَضِرَابِهِ (فَنَهَاهُ) أَيْ نَهْيَ تَحْرِيمٍ عِنْدَ الْجُمْهُورِ (قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا نُطْرِقُ الْفَحْلَ) بِضَمِّ النُّونِ وَكَسْرِ الرَّاءِ نُعِيرُهُ لِلضِّرَابِ، فِي النِّهَايَةِ: وَفِي الْحَدِيثِ: وَمِنْ حَقِّهَا إِطْرَاقُ فَحْلِهَا أَيْ إِعَارَتُهُ لِلضِّرَابِ، وَالطَّرْقُ فِي الْأَصْلِ مَاءُ الْفَحْلِ، وَقِيلَ هُوَ الضِّرَابُ ثُمَّ سُمِّيَ بِهِ الْمَاءُ (فَنُكْرَمُ) عَلَى صِيغَةِ الْمُتَكَلِّمِ الْمَجْهُولِ أَيْ يُعْطِينَا صَاحِبُ الْأُنْثَى شَيْئًا بِطَرِيقِ الْهَدِيَّةِ وَالْكَرَامَةِ لَا عَلَى سَبِيلِ الْمُعَاوَضَةِ (فَرَخَّصَ لَهُ فِي الْكَرَامَةِ) أَيْ فِي قَبُولِ الْهَدِيَّةِ دُونَ الْكِرَاءِ) مرقاة المفاتيح

پ٩ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەندێ سامانم بدەری ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ (رضي الله عنه) قَالَ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَأَعْطَانِي، ثُمَّ سَأَلْتُهُ فَأَعْطَانِي، ثُمَّ سَأَلْتُهُ فَأَعْطَانِي، ثُمَّ قَالَ: (إِنَّ هَذَا الْمَالَ خَضِرَةٌ حُلْوَةٌ، فَمَنْ أَخَذَهُ بِطِيبِ نَفْسٍ بُورِكَ لَهُ فِيهِ، وَمَنْ أَخَذَهُ بِإِشْرَافِ نَفْسٍ لَمْ يُبَارَكْ لَهُ فِيهِ، وَكَانَ كَالَّذِي يَأْكُلُ وَلَا يَشْبَعُ، وَالْيَدُ الْعُلْيَا خَيْرٌ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى) رواه البخاري

واتە: (حکیم کوڕی حزام) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: داوای (هەندێ پارەو سامانم) لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، ئەویش بەشی دام، پاشان داوای هەندێکی ترم لێکرد، هەر بەشیدام، دواتر داوای هەندێکی ترم لێکرد هەر بەشی دام و فەرمووی: (ئەم ماڵ و سامانە شیرین و ڕازاوەیە، ئەوەی بەڕەزامەندی و بێ داواکردن بیدرێتێ، بەرەکەتی تێدەکەوێت، ئەوەش هەر حەزی لێ بکات و چاوی تێر نەبێت، بەرەکەتی تێناکەوێت بۆی، وەکو ئەو کەسەی لێ دێت کەهەر دەخوات و تێریش نابێت.. دەستی سەرەوەش چاکترە لەدەستی خوارەوە(واتە: ئەو کەسەی خێر دەکا باشترە لەو کەسەی خێر وەرگرێ).

لە ڕیوایەتی ترمزی ئەوەشی زیاد کردووە(...فَقَالَ حَكِيمٌ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالحَقِّ لَا أَرْزَأُ أَحَدًا بَعْدَكَ شَيْئًا حَتَّى أُفَارِقَ الدُّنْيَا (فَكَانَ أَبُو بَكْرٍ، يَدْعُو حَكِيمًا إِلَى العَطَاءِ فَيَأْبَى أَنْ يَقْبَلَهُ) ثُمَّ إِنَّ عُمَرَ، دَعَاهُ لِيُعْطِيَهُ فَأَبَى أَنْ يَقْبَلَ مِنْهُ شَيْئًا، فَقَالَ عُمَرُ: (إِنِّي أُشْهِدُكُمْ يَا مَعْشَرَ المُسْلِمِينَ عَلَى حَكِيمٍ أَنِّي أَعْرِضُ عَلَيْهِ حَقَّهُ مِنْ هَذَا الفَيْءِ فَيَأْبَى أَنْ يَأْخُذَهُ) فَلَمْ يَرْزَأْ حَكِيمٌ أَحَدًا مِنَ النَّاسِ شَيْئًا بَعْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى تُوُفِّيَ) رواه الترمذي صحيح

واتە:(حکیم کوڕی حزام) (خوای لێ ڕازی بێت) وتی: سوێند بەوی تۆی بەحەق ڕەوانەکردووە، تاکو ماوم لە دونیا داوا لە کەس ناکەم، ئەبوبەکر وعومەر خوا لێیان ڕازی بێ شتیان پێ دەدا لە دەستکەوتەکانی جەنگ وەری نەگرت تاکو وەفاتی کرد.

وانەی بیست و یەک

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی گەورەیی ئوممەتی پێغەمبەر و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئیمانی کێ جێگای سەرسوڕمانە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن أَنَسٍ، قَالَ: قَالَ النَّبِيّ (ﷺ): أَيُّ الْخَلْقِ أَعْجَبُ إِيمَانًا؟ قَالُوا: الْمَلائِكَةُ، قَالَ: الْمَلائِكَةُ كَيْفَ لَا يُؤْمِنُونَ؟ قَالوا: النَّبِيُّونَ، قَالَ: النَّبِيُّونَ يُوحَى إِلَيْهِمْ فَكَيْفَ لَا يُؤْمِنُونَ؟ قَالُوا: الصَّحَابَةُ، قَالَ: الصَّحَابَةُ يَكُونُونَ مَعَ الأَنْبِيَاءِ، فَكَيْفَ لا يُؤْمِنُونَ، وَلكن أَعْجَبَ النَّاسِ إِيمَانًا: قَوْمٌ يجيؤون مِنْ بَعْدِكُمْ، فَيَجِدُونَ كِتَابًا مِنَ الْوَحْيِ، فَيُؤْمِنُونَ بِهِ، وَيَتَّبِعُونَهُ، فَهُمْ أَعْجَبُ النَّاسِ، أَوِ الْخَلْقِ، إِيمَانًا) مسند البزار قال الالباني صحيح

واتە: ئەنەس (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئایا ئیمانی کێ جێگای سەرسوڕمانە؟ هاوەڵان گوتیان: فریشتەکان، فەرمووی: فرشتە چۆن ئیمان ناهێنن؟ گوتیان: پێغەمبەران، فەرمووی: پێغەمبەران وەحییان بۆ دێ چۆن ئیمان ناهێنن؟ هاوەڵان وتیان: هاوەڵانی پێغەمبەران، فەرمووی: هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەرانن چۆن ئیمان ناهێنن؟ فەرمووی: بەڵکو ئیمانی ئەو کەسانە جێگای سەرسوڕمانە، کەسانێکن لە دوای ئێوە دێن، کتێبێك دەبینن لە وەحی، ئیمانی پێ دێنن، وەبە دوای دەکەون، ئەوانە لەناو خەڵکی سەرسوڕمانترین ئیمانیان هەیە.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووت واجب بوو ئایا بۆ ئەم مردووە چی واجب بوو ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَنَسٍ قَالَ: مَرُّوا بِجَنَازَةٍ فَأَثْنَوْا عَلَيْهَا خَيْرًا. فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (وَجَبَتْ) ثُمَّ مَرُّوا بِأُخْرَى فَأَثْنَوْا عَلَيْهَا شَرًّا. فَقَالَ: (وَجَبَتْ) فَقَالَ عُمَرُ: مَا وَجَبَتْ؟ فَقَالَ: (هَذَا أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ خَيْرًا فَوَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ وَهَذَا أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ شَرًّا فَوَجَبَتْ لَهُ النَّارُ أَنْتُم شُهَدَاء الله فِي الأَرْض) . وَفِي رِوَايَةٍ: (الْمُؤْمِنُونَ شُهَدَاءُ اللَّهِ فِي الْأَرْضِ) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: ئەنەس (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: جەنازەکیان تێپەڕاند بەباشە باسیان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بۆی واجب بوو، پاشان جەنازەکیان تێپەڕاند بەخراپە باسیان کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: واجب بوو، عومەر خودا لێی ڕازی بێ وتی: چی پێویست بوو؟ فەرمووی: ئەوەی بەباشە باستان کرد بەهەشتی بۆ مسۆگەر بوو، ئەوەی بە خراپە باستان کرد دۆزەخ بۆی مسۆگەر بوو، ئیوە شاهیدی خودان لەسەر زەوی.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا هەیە بێ لێ پێچینەوە بچێتە بەهەشت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّ فِي أَصْلَابِ أَصْلَابِ أَصْلَابِ رجالٍ رجالاً ونساءٍ مِنْ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ) ثُمَّ قَرَأَ (وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) (الجمعة: ٣) اخرجه الطبراني قال الالباني صحيح في ظلال، قال الهيثمى إسناده جيد في جمع الجوامع أو الجامع الكبير للسيوطي

واتە: سەهلی کوڕی سەعد (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: لە پشتی پشتی پشتی پیاوان وئافرەتان لە ئوممەتی من دەچنە بەهەشت بە بێ حیساب، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) ئەو ئایەتەی خوێندەوە(وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) (سورەتی الجمعه(٣) واتە: لەئایندەدا خەڵکی

تریش دێن (موسڵمان دەبن لە گەل و میللەتان) پەیوەست دەبن بەمانەوە، بێگومان ئەو زاتە بااڵدەست و دانا و کار دروستە. (تەفسیری ئاسان)

پ ٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باشترینی خەڵکی کێنە لە هەموو سەردەمەکان ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قِيلَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللهِ، أَيُّ النَّاسِ خَيْرٌ؟ قَالَ: أَنَا وَمَنْ مَعِي قَالَ: فَقِيلَ لَهُ: ثُمَّ مَنْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: الَّذِينَ عَلَى الْأَثَرِ، قِيلَ لَهُ: ثُمَّ مَنْ يَا رَسُولَ الله؟ قَالَ: فَرَفَضَهُمْ) رواه احمد قال شعيب سناده جيد.

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: گوتیانە پێغەمبەر (ﷺ) ئەی نێرراوی خودا باشترین خەڵك کێیە؟ فەرمووی: من و ئەوانەی لەگەڵ منن، دەڵێ: گوتیان: دوای کێ ئەی نێرراوی خودا ؟ فەرمووی: ئەوانەی لە دوای ئەوانە دێن، گوتیان: دوای کێ ئەی نێرراوی خودا ؟ ڕاوی دەڵێ: وەڵامی نەدایەوە)

وانەی بیست و دوو

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی فاڵچی وکاهینەکان و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بچینە لای کاهینەکان ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن مُعَاوِيَة بن الحكم قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أُمُورًا كُنَّا نَصْنَعُهَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ كُنَّا نَأْتِي الْكُهَّانَ قَالَ: (فَلَا تَأْتُوا الْكُهَّانَ) قَالَ: قُلْتُ: كُنَّا نَتَطَيَّرُ قَالَ: (ذَلِكَ شَيْءٌ يَجِدُهُ أَحَدُكُمْ فِي نَفْسِهِ فَلَا يصدَّنَّكم) قَالَ: قُلْتُ: وَمِنَّا رِجَالٌ يَخُطُّونَ قَالَ: (كَانَ نَبِيٌّ مِنَ الْأَنْبِيَاءِ يَخُطُّ فَمَنْ وَافَقَ خَطَّهُ فَذَاك) رَوَاهُ مُسلم

(معاویە)ی کوڕی (الحکم) (خودا لێی رازی بێ) دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی خودا، لەناو ئێمەدا کەسانێك دەچوونە لای فاڵچیەکان، فەرمووی: (تۆ مەچۆ بۆلایان). دەڵێ: وتم: کەسانێکمان هەبوو ڕەشبین دەبوون بەفرینی باڵندە . فەرمووی: (ئەوە شتێك بوو لەدڵیاندا دروست دەبوو بەڵام ڕێی نەدەگرت لەوکارەی دەیانویست بیکەن)، دەڵێ وتم: کەسانێکی تریشمان هەبوو هێڵیان لەزەویدا دەکێشا، فەرمووی: (پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی خوا، هێڵی دەکێشا هەرکەس لەگەڵ هێڵەکەیدا یەك بگرێت ئەوەچاکە) (بەڵام ئێستا کاری وا باش نیە)

*- ئەم فەرموودە ڕای زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ حەڕامە ئیمە پەنابەرین بۆ ئەو هێڵکارییە.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەو فاڵچییانە جار بەجار شتی ڕاست دەڵێن؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن عَائِشَة قَالَتْ: سَأَلَ أُنَاسٌ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْكُهَّانِ فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (إِنَّهُمْ لَيْسُوا بِشَيْءٍ) قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ فَإِنَّهُمْ يُحَدِّثُونَ أَحْيَانًا بِالشَّيْءِ يَكُونُ حَقًّا فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (تِلْكَ الْكَلِمَةُ مِنَ الْحَقِّ يَخْطَفُهَا الْجِنِّيُّ فَيَقُرُّهَا فِي أُذُنِ وَلِيِّهِ قَرَّ الدَّجَاجَةِ فَيَخْلِطُونَ فِيهَا أَكْثَرَ مِنْ مِائَةِ كَذْبَةٍ) مُتَّفق عَلَيْهِ

(عائیشە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کەسانێك دەربارەی فاڵچییەکان پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هیچ نین) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا هەندێ جار شتێك دەڵێن ڕاست دەردەچێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوە وشەیەکی ڕاستە جنۆکە دەیقۆزێتەوە و دەیچپێنێ بە گوێی دۆستەکەی خۆیدا، هەروەك چۆن مریشك دەقرتێنێ، زیاتر لە سەد درۆی تێکەڵ دەکەن).

وانەی بیست و سێ

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی گوناهە گەورەکان (الکبائر) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) گوناهە گەورەکان کامەن؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن أَنَسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عن الْكَبَائِرِ قَالَ الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ وَقَتْلُ النَّفْسِ وَشَهَادَةُ الزُّورِ (رواه البخاري)

واتە: ئەنەس (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەرکرا (ﷺ) دەربارەی گوناهە گەورەکان، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: هاوبەشدانان بۆ خودا و ئازاردانی دایك وباوك و کوشتنی بەناحەق و شایەدی بە درۆ.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) گەورەترین گوناح کامەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ:(قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ الذَّنْبِ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ؟ قَالَ: أَنْ تَدْعُوَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ قَالَ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ خَشْيَةَ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ . قَالَ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ . فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَصْدِيقَهَا: (وَالَّذِينَ لَا

يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ) (الفرقان: ٦٨) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە: (عبدالله) کوڕی (مسعود) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کام گوناهە لای خوا گەورەترین گوناهە؟ فەرمووی: (هاوەڵ بۆ خوا دابنێی کە ئەو دروستی کردووی) وتی: ئینجا چیتر؟ فەرمووی: (منداڵەکەت بکوژیت لەترسی ئەوەی لەگەڵتا دەخوات (واتە لەترسی بەخێوکردنی)، وتی: ئینجا چیتر؟ فەرمووی: (دەست درێژی بەدڕەوشتی بکەیتە سەر خێزانی دراوسێت) خوای گەورەش بۆ بەڕاستگێرانی قسەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: (والذين لا يدعون مع الله الهاً اخر ولا يقتلون النفس التي حرم الله الا بالحق ولا يزنون ومن يفعل ذلك يلق اثاماً) (الفرقان:٦٨). واتە: ئەوانەی جۆرە خوایەکیتر لەگەڵ خوادا ناپەرستن، کەسێکیش ناکوژن کەخوا کوشتنی حەڕام کردووە مەگەر بەهەق و ڕەوا، زیناش ناکەن، ئەوەی ئەو جۆرەکارە خراپانە ئەنجام بدات ئەواتووشی سزا دەبێت.

پ ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەو گوناهانەی ئینسان بەهیلاك دەبنە کامەن؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ قَالَ الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَكْلُ الرِّبَا وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلَاتِ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: (ئەبوهوڕەیرە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر(فەرموویەتی: (دووربکەونەوە لەوحەوت گوناهەی کە ئادەمیزاد تیادەبەن) وتیان: ئەوانە چین ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان، جادوو، کوشتنی ئادەمیزاد کە خوا حەڕامی کردووە، مەگەر بەهەقی خۆی، سوو خواردن، خواردنی ماڵی هەتیو، پشت هەڵکردن لە ڕۆژی جەنگی کافراندا، بوختانکردن بۆ ئافرەتانی باوەڕداری بێئاگای پاکداوێن).

وانەی بیست و چوار

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی گەشبینی و ڕەشبینی و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا (الفال) چییە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ - قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: (لَا طِيَرَةَ، وَخَيْرُهَا الْفَأْلُ قَالُوا: وَمَا الْفَأْلُ؟ قَالَ: (الْكَلِمَةُ الصَّالِحَةُ يَسْمَعُهَا أَحَدُكُمْ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە: (ئەبو هورەیرە) دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستوە دەیفەرموو: (گەشبینی و ڕەشبینی لەباڵندەدا نییە، باشترین گەشبینی (الفأل)ە) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (فأل) چییە؟ فەرمووی: (وتەیەکی جوانە کە یەکێکتان دەیبیستێت).

الطيرة : التشاؤم بالطير ، فقد كان أحدهم إذا كان له أمر فرأى طيرا طار يمنة استبشر واستمر بأمره ، وإن رآه طار يسرة تشاءم به ورجع ، وتطلق على التشاؤم مطلقا.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا مااڵمان بگوازینەوە لەم شوێنە چونکە خێرمان لێ نەبینیوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ قَالَ رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي دَارٍ كَثِيرٌ فِيهَا عَدَدُنَا وَكَثِيرٌ فِيهَا أَمْوَالُنَا فَتَحَوَّلْنَا إِلَى دَارٍ أُخْرَى فَقَلَّ فِيهَا عَدَدُنَا وَقَلَّتْ فِيهَا أَمْوَالُنَا فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَرُوهَا ذَمِيمَةً) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد قال الالباني حسن

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)ئێمە لە خانوویەك نیشتەجی بووین، هەم ژمارەی نەفەرمان زۆر بوو، هەم ماڵ وسامانمان زۆر بوو، بەڵام ئێستا لەم خانووە دەژین هەم نەفەرمان کەم بووە، هەم ماڵ وسامانمان کەم بووە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەم شوێنە بەجێ بهێڵن.(شرح الكلمات (ذروه)اي (دعوها ذميمة» أي: اتركوها وأنتم ذامون لها وكارهون لما وقع في نفوسكم من شؤمها) الزرقاني

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پێ بێ خێری لەچی هەیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَالَ: (الشُّؤْمُ فِي الدَّارِ، وَالْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ) رواه مسلم

واتە: عبدالله ی کوڕی عومەر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ڕەشبینی و پێ بێخێری (بەدیۆم) لەمانە هەیە لە خانوو و ئافرەت وئەسپ.

شرح الكلمات (الشؤم في الدار) اختلف العلماء في هذا الحديث فقال مالك وطائفة هو على ظاهره وإن الدار قد يجعل الله تعالى سكناها سببا للضرر أو الهلاك وكذا اتخاذ المرأة المعينة أو الفرس أو الخادم قد يحصل الهلاك عنده بقضاء الله تعالى ومعناه قد يحصل الشؤم في هذه الثلاثة وقال آخرون شؤم الدار ضيقها وسوء جيرانها وأذاهم

وشؤم المرأة عدم ولادتها وسلاطة لسانها وتعرضها للريب وشؤم الفرس أن لا يغزى عليها وقيل حرانها وغلاء ثمنها وشؤم الخادم سوء خلقه وقلة تعهده لما فوض إليه) شرح مسلم

قال ابن القيم(الطيرة في الفرس لحرانها، والدار لسوء جيرانها، والمراة لعدم طاعة زوجها)(الطيرة اي الفال)

پ ٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کەفارەتی گەشبینی و ڕەشبینی لە باڵندەدا چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عبد اللهِ بن عمرٍو، عن رسولِ اللهِ (ﷺ) ؛ قال:(مَنْ رَدَّتْهُ الطِّيَرَةُ عَنْ حَاجَتِهِ فَقَدْ أَشْرَكَ) قالوا: يا رسولَ اللهِ، فما كفارةُ ذلك؟ قال: (يَقُولُ: اللَّهُمَّ لاَ طَيْرَ إِلاَّ طَيْرُكَ، وَلاَ خَيْرَ إِلاَّ خَيْرُكَ، وَلاَ إِلَهَ غيرك) رواه أحمد، والطبرانى قال الالباني والهيثم حسن

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمر (ﷺ) دەڵێ: هەرکەسێك لە ئیشەکەی بگەڕێتەوە لەبەر گەشبینی و ڕەشبینی لەباڵندەدا، ئەوە شیرکی کردوە، هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کەفارەتی گەشبینی و ڕەشبینی لەباڵندەدا چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بڵێن (اللَّهُمَّ لاَ طَيْرَ إِلاَّ طَيْرُكَ، وَلاَ خَيْرَ إِلاَّ خَيْرُكَ، وَلاَ إِلَهَ غيرك)

وانەی بیست و پێنج

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی نەخۆشی و پزیشکی و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەگەر چارەسەری نەخۆشییەکانمان نەکەین گوناهمان دەگاتێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أُسَامَةَ بْنِ شَرِيكٍ قَالَ قَالَتْ الْأَعْرَابُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا نَتَدَاوَى قَالَ نَعَمْ يَا عِبَادَ اللَّهِ تَدَاوَوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَمْ يَضَعْ دَاءً إِلَّا وَضَعَ لَهُ شِفَاءً أَوْ قَالَ دَوَاءً إِلَّا دَاءً وَاحِدًا قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُوَ قَالَ الْهَرَمُ) رَوَاهُ أَحْمد وَالتِّرْمِذِيّ وَأَبُو دَاوُد قال الالباني صحيح

واتە: ئوسامەی کوڕی شەریك (ﷺ) دەڵێ: عەرەبە دەشتەکییەکان وتیان: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئایا چارسەر بکەین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ ئەی بەندەکانی خودا، چارەسەر بکەن، خودا هیچ دەردێکی نەناردوە ئیللا چارەسەری بۆ ناردووە، تەنها یەك دەرد نەبێ، هاوەڵان وتیان: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئایا ئەو دەردە چییە؟ فەرمووی: پیری.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە (بۆق) بکرێتە دەرمان ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عُثْمَانَ أَنَّ طَبِيبًا سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ ضِفْدَعٍ يَجْعَلُهَا فِي دَوَاءٍ فَنَهَاهُ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ قَتْلِهَا) رواه ابو داود قال الالباني صحيح

واتە: (عبدالرحمن)ی کوڕی عوسمان (رضي الله عنه) دەڵێ: پزیشکێك پرسیاری لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) گوتی: ئایا دروستە بۆق بکاتە دەرمان، پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کرد بۆق بکوژێ.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بۆکن مۆڵەتە کراسی ئاوریشم دەبەر بکەن ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ:أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَخَّصَ لِعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ وَالزُّبَيْرِ بْنِ الْعَوَّامِ فِي الْقُمُصِ الْحَرِيرِ فِي السَّفَرِ مِنْ حِكَّةٍ كَانَتْ بِهِمَا أَوْ وَجَعٍ كَانَ بِهِمَا) رواه مسلم

واتە: (أنس) کوڕی (مالك) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتی دا بە (عبدالرحمن)ی کوڕی (عوف) و، (زبێر)ی کوڕی (عەوام)، بە پۆشینی کراسی ئاوریشم لەسەفەردا، لەبەر خوراندنێ یان ئازارێ کە پێیانەوە بوو لە ڕیوایەتێکدا: لەتاو ئەسپێ سکاڵایان گەیاندە پێغەمبەری خوا).

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا پزیشك بەرپرسیارە (زامین)؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَنْ تَطَبَّبَ، وَلَمْ يُعْلَمْ مِنْهُ طِبٌّ قَبْلَ ذَلِكَ، فَهُوَ ضَامِنٌ) سنن ابو داود والنسائي قال الالباني حسن

واتە: عەمری کوڕی شوعەیب (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەوەی پزیشکی بکات، و پێشتر بەپزیشك نەناسرابێ، ئەوە زامینە(واتە: ئەبێ قەربووی زیانەکانی نەخۆش بکا ئەگەر شتێکی لێ هات)

شرح الكلمات:(تطبب) تكلف في الطب وهو لا يعلمه،(طِبٌّ) معالجة المرضى معلجة صحيحة

(تطبب) تعاطى علم الطب وهو لا يعرفه معرفة جيدة. (ضامن) الضامن الكفيل والملتزم)

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا بۆ چاوپیسی نوشتە بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ عُمَيْسٍ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا - قَالَتْ: (يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ وَلَدَ جَعْفَرٍ تُسْرِعُ إِلَيْهِمُ الْعَيْنُ، أَفَأَسْتَرْقِي لَهُمْ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَإِنَّهُ لَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابِقُ الْقَدَرِ لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ) رَوَاهُ أَحْمَدُ، وَالتِّرْمِذِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ. قال الالباني حسن

واتە: ئەسمای کچی عومەیس خوا لێی رازی بێ گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)

منداڵی (جعفر) زوو زوو بە چاو دەچن ئایا نوشتەیان (دوعای شەرعی) بۆ بکەم؟ فەرمووی: بڵێ، چونکە ئەگەر شتێك بە پێش قەدەر بکەوێ، چاوە(واتە: چاو پیسی)

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا دەرمان سوودی هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ذَكْوَانَ عَنْ رَجُلٍ مِنْ الْأَنْصَارِ قَالَ عَادَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)رَجُلًا بِهِ جُرْحٌ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ادْعُوا لَهُ طَبِيبَ بَنِي فُلَانٍ قَالَ فَدَعَوْهُ فَجَاءَ فَقَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَيُغْنِي الدَّوَاءُ شَيْئًا فَقَالَ سُبْحَانَ اللَّهِ وَهَلْ أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ دَاءٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا جَعَلَ لَهُ شِفَاءً) رواه احمد قال الالباني صحيح

واتە: زکوان لە پیاوێکی ئەنصار دەگێڕێتەوە:ئەڵێ گوتی: پێغەمبەر(ﷺ) سەردانی پیاوێکی نەخۆشی کرد، بریندار بوو، پێغەمبەر فەرمووی: بۆی بانگی پزیشك بکەن، بانگیان کرد وهات، وتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئایا دەرمان سوودی هەیە؟ فەرمووی (سبحان الله)، خودا هەر دەردێکی ناردۆتە سەر زەوی ئیللا شیفای بۆ داناوە.

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا شیری مانگا دەرمانە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمْ يَضَعْ دَاءً إِلَّا وَضَعَ لَهُ شِفَاءً فَعَلَيْكُمْ بِأَلْبَانِ الْبَقَرِ فَإِنَّهَا تَرُمُّ مِنْ كُلِّ الشَّجَرِ) رواه احمد قال الالباني صحيح

واتە: تاریقی کوڕی شەهاب (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: خودا هیچ دەردێکی نەناردووە ئیللا شیفای بۆ داناوە، جا ئێوە شیری مانگا بخۆنەوە، چونکە لە هەموو گیاو گۆڵ و درختێك دەخوات(واتە: ئەو گیاوگول و دەرەختانە شیریان لێ پێك دێت وسوودیان زۆرە)

شرح الحديث: (فإنها ترم) بفتح المثناة وبضم الراء (من كل الشجر) أي تجمع منه وتأكله وفي الأشجار كغيرها من النبات منافع لا تحصى منها ما علمه الأطباء ومنها ما استأثر الله بعلمه واللبن يتولد منها ففيه بعض تلك المنافع فربما صادف الداء الدواء والمستعمل لا يشعر.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا کەڵەشاخ گرتن دەرمانە وەکەی بکرێ باشە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (مَنِ احْتَجَمَ لِسَبْعَ عَشْرَةَ وَتِسْعَ عَشْرَةَ وَإِحْدَى وَعِشْرِينَ كَانَ شِفَاءً لَهُ مِنْ كُلِّ دَاء) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد قال الالباني حسن

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێك حیجامە بکات لە (١٧) و(١٩) و(٢١) واتە: ئەو ڕۆژانە لە هەموو مانگێك، ئەو حیجامە لە هەموو دەردێك بۆی دەبێتە شیفا.

پ.١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەوانەی داخکردن ناکەن چ پاداشتێکیان هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ أُمَّتِي سَبْعُونَ أَلْفًا بِغَيْرِ حِسَابٍ قَالُوا مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ هُمْ الَّذِينَ لَا يَسْتَرْقُونَ وَلَا يَتَطَيَّرُونَ وَلَا يَكْتَوُونَ وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (رواه مسلم)

واتە: عمیرانی کوڕی حوصەین (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لە ئوممەتی من حەفتا هەزار کەس دەچێتە بەهەشتێ بێ لێپێچینەوە، گوتیان: ئەوانە کێنە ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)؟ فەرمووی: ئەوانە ئەو کەسانەن داوای نوشتە لەکەس ناکەن و وەرەشبین نین لە باڵندا و کەویش ناکەن و پشت بە پەروردگاری خۆیان دەبەستن. (١- (الطيرة) التشاؤم الذي يصد صاحبه عن العمل ٢-(يَكْتَوُونَ) يتداوون بالكي

پ ١١ / ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا دروستە نوشتە بکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ الْأَشْجَعِيِّ قَالَ كُنَّا نَرْقِي فِي الْجَاهِلِيَّةِ فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ كَيْفَ تَرَى فِي ذَلِكَ فَقَالَ اعْرِضُوا عَلَيَّ رُقَاكُمْ لَا بَأْسَ بِالرُّقَى مَا لَمْ يَكُنْ فِيهِ شِرْكٌ) رواه مسلم

غريب الحديث: (رقاكم): مفردها رقية وهى العوذة، والمراد ما يرقى به

(عوف)ی کوڕی (مالك الاشجعی) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: ئێمە لە سەردەمی نەفامیدا نوشتەمان دەکرد، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم

کارەی نێمە چۆنە بەلاتەوە؟ فەرمووی: (نوشتەکانتان نیشانم بدەن تابزانم چین؟ نوشتە خراپ نییە بەمەرجێك شیرك بۆ خوا دانانی تیا نەبێت).

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئازارم هەیە چی بخوێنم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عُثْمَانَ بْنِ أَبِي الْعَاصِ الثَّقَفِيِّ أَنَّهُ شَكَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَجَعًا يَجِدُهُ فِي جَسَدِهِ مُنْذُ أَسْلَمَ فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ضَعْ يَدَكَ عَلَى الَّذِي تَأَلَّمَ مِنْ جَسَدِكَ وَقُلْ بِاسْمِ اللَّهِ ثَلَاثًا وَقُلْ سَبْعَ مَرَّاتٍ أَعُوذُ بِاللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ (رواه مسلم)

واتە: عوسمانی کوڕی ئەبو عاسی سەقەفی (ﷺ) : سکالای بردە لای پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر ئازاری لاشەی لەوتەی موسڵمان بووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:دەستت بخەرە سەر ئەو ئەندامەی لەشت کە ئازاری هەیە، سێ جاران بڵێ (بسم الله) و حەوت جاران بڵێ (أَعُوذُ بِاللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ)

وفي رواية (.....فَقُلْتُ ذَلِكَ فَشَفَانِيَ اللَّهُ (رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

لەگێڕانەوەی دیکە هاتووە دەڵێ: ئەم دوعایەم خوێند خودا شیفای بۆ ناردم.

پ١٣/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا شیفا لەچی دایە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): الشِّفَاءُ فِي ثَلَاثٍ: فِي شَرْطَةِ مِحْجَمٍ أَوْ شَرْبَةِ عَسَلٍ أَوْ كَيَّةٍ بِنَارٍ وَأَنَا أَنْهَى أُمَّتِي عَنِ الْكَيِّ) رَوَاهُ الْبُخَارِيّ

واتە: ئیبن عەباس (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: شیفا لە سێ شتان دایە، لەدەرزیی کەڵەشاخگردا و خواردنەوەی هەنگوین دا، یان ئاگر پیاچزاندندایە(داخکردن)، و من قەدەغەی ئوممەتەکم دەکەم لە ئاگر پیاچزان ندا.

پ١٤/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا دروستە سیحر بەسیحر هەڵوەشێتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) عَنِ النُّشْرَةِ، فَقَالَ: هُوَ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ) رواه ابو داود قال الالباني صحيح

واتە: جابیری کوڕی عبدالله (ﷺ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا(ﷺ) دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی سیحر بە سیحر، پێغەمبەر (ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی: ئەوە کردەوەی شەیتانە.

هەندێك روونکردنەوە:

(قال ابن القيم النشرة (حل السحر عن المسحور(وهي نوعان: الاول: حل السحر بالسحر فهو الذي من عمل الشيطان، فان السحر من عمله

الثاني: النشرة بالرقية والتعوذات والدعوات والادوية المباحة وهذا جائز بل مستحب)

واتە: ئیبن قەیم دەڵێ: هەڵوەشاندنەوەی سیحر دوو جۆرە، یەکەم: هەڵوشانەوەی سیحر بە سیحر ئەوە لە کردەوەی شەیتانە.

دووەم: هەڵوەشاندنەوەی سیحر بە نوشتە وپەناگرتن بەخودا ودوعاو دەرمانی ڕێێدارو ئەوەش دروستە، بەڵکو کارێکی باشە وخوازراوە.

پ١٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لەم نەخۆشییانە چیمان بۆ هەیە لە پاداشت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ قَالَ رَجُلٌ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَرَأَيْتَ هَذِهِ الْأَمْرَاضَ الَّتِي تُصِيبُنَا مَا لَنَا بِهَا قَالَ كَفَّارَاتٌ قَالَ أُبَيٌّ وَإِنْ قَلَّتْ قَالَ وَإِنْ شَوْكَةً فَمَا فَوْقَهَا قَالَ فَدَعَا أُبَيٌّ عَلَى نَفْسِهِ أَنْ لَا يُفَارِقَهُ الْوَعْكُ حَتَّى يَمُوتَ فِي أَنْ لَا يَشْغَلَهُ عَنْ حَجٍّ وَلَا عُمْرَةٍ وَلَا جِهَادٍ

فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ فِي جَمَاعَةٍ فَمَا مَسَّهُ إِنْسَانٌ إِلَّا وَجَدَ حَرَّهُ حَتَّى مَاتَ) رواه احمد قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده حسن

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك بە پێغەمبەری (ﷺ) گوت، ئایا ئەو نەخۆشییانەی تووشمان دەبێ چیمان بۆ هەیە؟، فەرمووی: سڕینەوەی تاوانەکانە، باوکم گوتی: ئەگەر نەخۆشییەکە کەمیش بێ، فەرمووی: ئەگەر دڕکێکیش بێ، یان سەروورتر، ئەڵێ: باوکم دوعای لە خۆ کرد، هەردەم (تا)ی هەبێ تاکو مردن، تەنها رێگای حەج وعومرە و جیهاد و نوێژی بەکۆمەڵی لێ نەگرێ، هەر کەسێك دەستی لێدابایە هەستی بە گەرمای (تا) یەکەی دەکرد تاکو مرد.

پ ١٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا قورسترین تاقی کردنەوە بۆ کێیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ عَنْ أَبِيهِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ النَّاسِ أَشَدُّ بَلَاءً قَالَ الْأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الْأَمْثَلُ فَالْأَمْثَلُ يُبْتَلَى الْعَبْدُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ صُلْبًا اشْتَدَّ بَلَاؤُهُ وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ ابْتُلِيَ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَمَا يَبْرَحُ الْبَلَاءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَتْرُكَهُ يَمْشِي عَلَى الْأَرْضِ وَمَا عَلَيْهِ مِنْ خَطِيئَةٍ) سنن ابن ماجه (حسن صحيح) المشكاة ١٥٦٢، الصحيحة

واتە: موسعەبی کوڕی سەعد (ﷺ) دەڵێ باوکم: گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئایا کێ لە خەڵکی قورسترین بەڵای تووش دەبێ، فەرمووی: پێغەمبەران، پاشان پێ بەپێ، بەندە بە ئەندازەی ئیمانەکەی تاقی دەکرێتەوە، ئەگەر ئیمانەکەی بەهێز بوو، بەڵاکەی قورستر دەبێ، ئەگەر دینداریەکەی نەرم بوو، تاقی دەکرێتەوە بەپێی ئاینەکەی، بەڵا لە کۆڵ بەندە نابێتەوە تاکو لەسەر زەوی دەڕوات هیچ گوناهی نەماوە.

وفي رواية(...قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ النَّاسِ أَشَدُّ بَلَاءً قَالَ الْأَنْبِيَاءُ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ ثُمَّ مَنْ قَالَ ثُمَّ الصَّالِحُونَ إِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيُبْتَلَى بِالْفَقْرِ حَتَّى مَا يَجِدُ أَحَدُهُمْ إِلَّا الْعَبَاءَةَ

يُحَوِّيهَا وَإِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيَفرَحُ بِالْبَلَاءِ كَمَا يَفْرَحُ أَحَدُكُمْ بِالرَّخَاءِ (رواه ابن ماجه) قال الالباني صحيح

گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئایا کێ لە خەڵکی قورسترین بەڵای توش دەبێ، فەرمووی: پێغەمبەران، گوتم: پاشان کی؟ فەرمووی: پاشان چاکەکان، یەکێ لەوان تاقی دەکرێتەوە بە هەژاری هیچی نابێ جگە لەو عەبایەی دەپێچێتەوە، لەوان هی وا هەیە دڵخۆشە بە بەڵا، وەکو چۆن ئێوە دڵخۆشن بە خۆشی.

پ٨٧ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا مافی موسڵمان لەسەر موسڵمان چییە لە کاتی نەخۆشی؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ). قِيلَ: مَا هُنَّ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: (إِذَا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عَلَيْهِ، وَإِذَا دَعَاكَ فَأَجِبْهُ، وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ، وَإِذَا عَطَسَ فَحَمِدَ اللَّهَ فَسَمِّتْهُ، وَإِذَا مَرِضَ فَعُدْهُ، وَإِذَا مَاتَ فَاتَّبِعْهُ)رواه مسلم

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (موسڵمان شەش مافی لەسەر موسڵمان هەیە). وترا: ئەوانە کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: (کە گەیشتی پێی سەلامی لێبکە، کە دەعوەتی کردیت بچۆ بەدەمیەوە، کە داوای ئامۆژگاری لێکردیت ئامۆژگاری بکە، کە پژمی و سوپاسی خوای کرد، بڵێ: خوا ڕەحمت پێبکات، ئەگەر نەخۆش کەوت سەری لێبدە، کە مرد شوێن جەنازەکەی بکەوە).

وانەی بیست و شەش

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی تێکۆشان (الجهاد) و جۆرەکانی شەهیدی و وەڵامی پێغەمبەر(ﷺ)

پ ١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چ شتێك بەرامبەری جیهادە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قِيلَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) مَا يَعْدِلُ الْجِهَادَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ قَالَ لَا تَسْتَطِيعُونَهُ قَالَ فَأَعَادُوا عَلَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا كُلُّ ذَلِكَ يَقُولُ لَا تَسْتَطِيعُونَهُ وَقَالَ فِي الثَّالِثَةِ مَثَلُ الْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ الصَّائِمِ الْقَائِمِ الْقَانِتِ بِآيَاتِ اللَّهِ لَا يَفْتُرُ مِنْ صِيَامٍ وَلَا صَلَاةٍ حَتَّى يَرْجِعَ الْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ تَعَالَى) رواه مسلم

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: گوترایە پێغەمبەر(ﷺ) چ شتێك بەرامبەری تێکۆشان لە پێناوی خودا، فەرمووی: ناتوانن (واتە: ناتوانن شتێك بکەن بگاتە جیهاد) دووجار یان سێ جار پرسیارەکەیان دووبارەکردەوە، هەموو جارێ فەرمووی ناتوانن، لە جاری سێیەم فەرمووی: نموونەی موجاهید لە پێناوی خودا، وەکو کەسێکە بەڕۆژ بەڕۆژووە و شەوان شەونوێژ دەکات و ملکەچە بۆ ئایەتەکانی خودا ماندو نابێ لە ڕۆژوو ونوێژ، تاکو موجاهید دەگەڕێتەوە. (واتە: موجاهید بەردەوام لە ناو عیبادەتە تاکو دەگەڕێتەوە)

پ ٢ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا باشترین کەس کێیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي سَعِيدٍ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: أَيُّ النَّاسِ أَفْضَلُ؟ يَا رَسُولَ اللهِ، قَالَ: (مُؤْمِنٌ يُجَاهِدُ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ فِي سَبِيلِ اللهِ)، قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: (ثُمَّ رَجُلٌ مُعْتَزِلٌ فِي شِعْبٍ مِنَ الشِّعَابِ يَعْبُدُ رَبَّهُ وَيَدَعُ النَّاسَ مِنْ شَرِّهِ) متفق عليه

واتە: (ئەبو سەعید)ی (الخدری)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: چاکترین کەس کێیە؟ ئەویش فەرمووی: (پیاوێکە جیهاد بکات لەڕێی خوادا بەماڵ و گیانی خۆی) وتی: پاشان کێیە؟ فەرمووی: (بڕوادارێکیش لە شیوێك لەشیوەکان (خۆی مەڵاس بدات) و پەروەردگاری بپەرستێت و خەڵکی لەزیانی بە دوور گرێت).

پ ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا ئەگەر جیهاد بکەم لە پێناوی خودا، خودا لە گوناهەکانم خۆش دەبێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ يَخْطُبُ عَلَى الْمِنْبَرِ فَقَالَ أَرَأَيْتَ إِنْ قَاتَلْتُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ صَابِرًا مُحْتَسِبًا مُقْبِلًا غَيْرَ مُدْبِرٍ أَيُكَفِّرُ اللَّهُ عَنِّي سَيِّئَاتِي قَالَ نَعَمْ ثُمَّ سَكَتَ سَاعَةً قَالَ أَيْنَ السَّائِلُ آنِفًا فَقَالَ الرَّجُلُ هَا أَنَا ذَا قَالَ مَا قُلْتَ قَالَ أَرَأَيْتَ إِنْ قُتِلْتُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ صَابِرًا مُحْتَسِبًا مُقْبِلًا غَيْرَ مُدْبِرٍ أَيُكَفِّرُ اللَّهُ عَنِّي سَيِّئَاتِي قَالَ نَعَمْ إِلَّا الدَّيْنَ سَارَّنِي بِهِ جِبْرِيلُ آنِفًا)صحيح سنن النسائي

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، وئەو لەسەر مینبەر وتاری دەخوێندەوە، وتی: ئەگەر جیهاد بکەم لە پێناوی خوداو ئارام بگرم وداوای پاداشت بکەم وبەرەو دوژمن بچمە پێش وپشت هەڵنەکەم، ئایا خودا لە گوناهەکانم خۆش دەبێ، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بەڵێ، پاشان ماوەیەك بێ دەنگ بوو، فەرمووی: کوانی ئەوەی ئێستا پرسیاری کرد، پیاوەکە گوتی: من بووم گوتم: ئەگەر جیهاد بکەم لە پێناوی خودا ئارام بگرم و داوای

پاداشت بکەم وبەرەو دوژمن بچمە پێش وپشت هەڵنەکەم، ئایا خودا لە گوناهەکانم خۆش دەبێ، فەرمووی: بەڵێ تەنها قەرزار نەبێ ، ئێستا جبریل پێی راگەیاندم.

پ ٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بجەنگێین لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارانەی چاکە وخراپەیان هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أُمِّ سَلَمَةَ، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (يَكُونُ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ تَعْرِفُونَ وَتُنْكِرُونَ فَمَنْ أَنْكَرَ فَقَدْ بَرِئَ، وَمَنْ كَرِهَ فَقَدْ سَلِمَ وَلَكِنْ مَنْ رَضِيَ وَتَابَعَ قَالُوا: أَفَلَا نُقَاتِلُهُمْ قَالَ: لَا مَا صَلَّوْا لَا مَا صَلَّوْا أَيْ مَنْ كَرِهَ بِقَلْبِهِ وَأَنْكَرَ بِقَلْبِهِ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

واتە: ئوم سەلەمە (خوای لێی ڕازی بێت) هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (کەسانێك دەکرێتە فەرمانڕەواتان، کاری وایان لێدەبینی کە هەندێکیان پەسەندی شەرعن و هەندێکیان پەسەندی شەرع نین، هەر کەسێ پێی ناخۆش بێ (واتە ناشەرعییەکان) ئەوا بێتاوانە، و هەرکەسێکیش نکوڵی لێبکا ئەوا سەلامەتە لە تاوان، بەڵام (تاوانبار) کەسێکە کە ڕازی بێت (بەو ناشەرعییانە) و شوێنکەوتە بێت). وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): ئەی نەجەنگێین لەگەڵیاندا؟ فەرمووی: (نەخێر، تا نوێژ بکەن).

تێبینی: زانایان دەفەرموون: بەرەنگاری ئەو دەسەڵاتداران ناکرێتەوە کە ئومێدی چاکبوونیان هەیە، بەڵام ئەوانەی ئومیدی چاك بونیان نییە، ڕاپەرین لە دژیان دەکرێ.

پ ٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا باشترین کردەوە کامەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن أبي ذر قال:(قلت يا رسول الله، أي العمل أفضل ؟ قال: الإيمان بالله، والجهاد في سبيل الله) متفق عليه

واتە: ئەبو زەر (رضي الله عنه) دەڵێ: گوتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) باشترین کردەوە کامەیە؟ فەرمووی: ئیمان هێنان بەخودا و تێکۆشان لە پێناوی خودا.

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا موژدە بدینە خەڵکی کە خودا لەسەر خۆی پێویست کردووە ئیمانداران بخاتە بەهەشتەوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ، وَأَقَامَ الصَّلَاةَ، وَصَامَ رَمَضَانَ ; كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، جَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، أَوْ جَلَسَ فِي أَرْضِهِ الَّتِي وُلِدَ فِيهَا. قَالُوا: أَفَلَا نُبَشِّرُ بِهِ النَّاسَ؟ قَالَ: إِنَّ فِي الْجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللَّهُ لِلْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، مَا بَيْنَ الدَّرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَاسْأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الْجَنَّةِ وَأَعْلَى الْجَنَّةِ، وَفَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ، وَمِنْهُ تُفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ) رَوَاهُ البُخَارِيّ

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەرکەسێ باوەڕ بێنێ بەخوا و پێغەمبەر ونوێژ بکات و بەڕۆژووبێ، حەقە لەسەر خوا بیخاتە بەهەشتەوە (دیارە خودا بەچاکەی خۆی لەسەر خۆی پێویست دەکات،ئەگەر نا کەس ناتوانێ شت لەسەر خودا پێویست بکات) جاتێکۆشێ لە پیناوخودا یان لەو زەویە دانیشێ کەتێدا لە دایك بووە، هاوەڵان وتیان: ئایا ئەم موژدە بدەینە خەڵکی؟ فەرمووی:لە بەهەشت سەد پلە هەیە، بۆ تێکۆشەرانی ڕێگای خودا، نێوانی دوو پلە بە ئەندازەی نێوان ئاسمان وزەوییە، ئەگەر داواتان لە خودا کرد، داوای فیردەوسی لێ بکەن، چونکە ناوەڕاستی بەهەشتە، وبەرزترین شوێنی بەهەشتە، وە عەرشی خودا لە سەرووپەتی و لەوێش ڕووبارەکانی بەهەشت هەڵدەقوڵێن.

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا شەهیدان لە ناو گۆڕ پرسیاریان لێ دەکرێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدای

(عَنْ رَاشِدِ بْنِ سَعْدٍ، عَنْ رَجُلٍ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ)، أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا بَالُ الْمُؤْمِنِينَ يُفْتَنُونَ فِي قُبُورِهِمْ إِلَّا الشَّهِيدَ؟ قَالَ: (كَفَى بِبَارِقَةِ السُّيُوفِ عَلَى رَأْسِهِ فِتْنَةً) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ڕاشیدی کوڕی سەعد (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: پیاوێك گوتی: ئەی نێردراوی خودا(ﷺ) ئایا ئیمانداران پرسیاری ناو گۆڕیان لێ دەکرێ بێجگە لە شەهید؟ فەرمووی: ئەوەندە بەسە بۆ شەهیدان کە بریقەی شمشێریان لەسەرە لە جیاتی پرسیاری ناوگۆڕ.

(يُفْتَنُونَ فِي قُبُورِهِمْ) واتە: لە پرسیاری ناو گۆڕ سەلامەتن

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا باشترین شەهید کێیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ نُعَيْمِ بْنِ هَمَّارٍ، أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ): أَيُّ الشُّهَدَاءِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: الَّذِينَ إِنْ يُلْقَوْا فِي الصَّفِّ لَا يَلْفِتُونَ وُجُوهَهُمْ حَتَّى يُقْتَلُوا، أُولَئِكَ يَتَلَبَّطُونَ فِي الْغُرَفِ الْعُلَى مِنَ الْجَنَّةِ، وَيَضْحَكُ إِلَيْهِمْ رَبُّكَ، وَإِذَا ضَحِكَ رَبُّكَ إِلَى عَبْدٍ فِي الدُّنْيَا فَلَا حِسَابَ عَلَيْهِ) رواه احمد قال شعيب حديث صحيح

واتە: نوعەیمی کوڕی هەممارِ (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) وتی: باشترین شەهید کێیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەوانەن ئەگەر ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە لەڕیزدا، ڕوی خۆیان وەرناگێڕن تاکو دەکوژرێن، ئەوانە دەکەونە ژوورەکانی بەهەشتی بەرز، خودا بە ڕوویان پێ دەکەنێ، وە ئەگەر خودا بە ڕووی بەندەیەك پێکەنێ لە دونیادا، ئەوە هیچ حیسابی لەسەر نییە.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا تێکۆشانی کێ بۆ خودایە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ الرَّجُلُ يُقَاتِلُ حَمِيَّةً وَيُقَاتِلُ شَجَاعَةً وَيُقَاتِلُ رِيَاءً فَأَيُّ ذَلِكَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَالَ مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) رواه البخاري

واتە: ئەبو (موسا) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: پیاوێك دەجەنگی بۆ دەمارگیری هۆزەکەی، و پیاوێك دەجەنگی بۆ ناڤایەتی، و پیاوێك دەجەنگی بۆ ریابازی، ئایا کامیان لە پێناوی خودایە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەوەی بجەنگێ تاکو وشەی خودا بەرز بێتەوە ئەوە لە ڕێگای خودایە.

(واتە: بۆ بەرزبونەوەی لا اله الا الله).

پ .١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر کەسێك مەبەستی خودا بێ لە جیهاد،وە دونیاشی مەبەست بێ ئایا پاداشتی چۆنە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رسولَ الله رجلٌ يُرِيدُ الْجِهَادَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَهُوَ يَبْتَغِي عَرَضاً من عرَضِ الدُّنْيَا فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ):(لَا أجر لَهُ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، ئەگەر کەسێك مەبەستی جیهاد بوو لە پێناوی خودا، وە لە هامان کاتدا مەبەستیشی دونیا بوو، ئایا پاداشتی چۆنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: هیچ پاداشتی نیە.

(مِنْ عَرَضِ الدُّنْيَا): أَيْ: مِنْ أَعْرَاضِهَا مِنَ الْمَالِ بِالْأُجْرَةِ، أَوِ الْجَاهِ بِالسُّمْعَةِ)

وفي رواية(عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ: أَرَأَيْتَ رَجُلًا غَزَا يَلْتَمِسُ الْأَجْرَ وَالذِّكْرَ، مَالَهُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (لَا شَيْءَ لَهُ) فَأَعَادَهَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ،

يَقُولُ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَا شَيْءَ لَهُ) ثُمَّ قَالَ: (إِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبَلُ مِنَ الْعَمَلِ إِلَّا مَا كَانَ لَهُ خَالِصًا، وَابْتُغِيَ بِهِ وَجْهُهُ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

پ١١/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆچی ئافرەتان جیهاد ناکەن ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ، أَنَّهَا قَالَتْ: (يَغْزُو الرِّجَالُ وَلَا تَغْزُو النِّسَاءُ وَإِنَّمَا لَنَا نِصْفُ الْمِيرَاثِ) فَأَنْزَلَ اللَّهُ (وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ) (النساء: ٣٢) قَالَ مُجَاهِدٌ: وَأَنْزَلَ فِيهَا (إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ) (الأحزاب: ٣٥) وَكَانَتْ أُمُّ سَلَمَةَ أَوَّلَ ظَعِينَةٍ قَدِمَتِ الْمَدِينَةَ مُهَاجِرَةً) رواه الترمذي قال الالباني صحيح الاسناد

واتە: ئوم سەلەمە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: گوتمە پێغەمبەر (ﷺ) بۆچی پیاوان جیهاد دەکەن، بەڵام ئافرەتان جیهاد ناکەن، وە ئێمە نیوەی پیاوانمان هەیە لە میرات،خودای پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند (وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ) موجاهید دەڵێ: دەربارەی ئەم پرسیارە ئەم ئایەتەش دابەزی (إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ) و ئوم سەلەمە یەکەم ئافرەتە هیجرەتی کردووە بە سواری وشتر بۆ مەدینە.

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەگەر کەسێکی کافر دەستێکی پەڕاندم وچووم بیکوژم گوتی (لااله الا الله) ئایا بیکوژم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(٦ــ عَنِ الْمِقْدَادِ بْنِ الْأَسْوَدِ (رضي الله عنه) أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَأَيْتَ إِنْ لَقِيتُ رَجُلًا مِنَ الْكُفَّارِ فَقَاتَلَنِي، فَضَرَبَ إِحْدَي يَدَيَّ بِالسَّيْفِ فَقَطَعَهَا، ثُمَّ لَاذَ مِنِّي بِشَجَرَةٍ فَقَالَ: أَسْلَمْتُ لِلَّهِ، أَفَأَقْتُلُهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ بَعْدَ أَنْ قَالَهَا؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (لَا تَقْتُلْهُ). قَالَ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ قَدْ قَطَعَ يَدِي، ثُمَّ قَالَ ذَلِكَ بَعْدَ أَنْ قَطَعَهَا، أَفَأَقْتُلُهُ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (لَا تَقْتُلْهُ، فَإِنْ قَتَلْتَهُ فَإِنَّهُ بِمَنْزِلَتِكَ قَبْلَ أَنْ تَقْتُلَهُ، وَإِنَّكَ بِمَنْزِلَتِهِ قَبْلَ أَنْ

يَقُولَ كَلِمَتَهُ الَّتِي قَالَ أَمَّا الْأَوْزَاعِيُّ وَابْنُ جُرَيْجٍ فَفِي حَدِيثِهِمَا: قَالَ: أَسْلَمْتُ لِلَّهِ. وَأَمَّا مَعْمَرٌ فَفِي حَدِيثِهِ. فَلَمَّا أَهْوَيْتُ لِأَقْتُلَهُ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: (مقداد)ی کوڕی (اسود) (خوای لێ ڕازی بێت)دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەیشتم بەپیاوێك لەکافرەکان جەنگا لەدژم و بەشمشێر دای لەدەستێکم و قرتاندی ئینجا ڕای کردە پشتی درەختێکەوە وتی: باوەڕم هێنا بەخوا، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا دوای وتنی ئەو قسەیە بیکوژم ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (مەیکوژە) دەڵێ: منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو دەستێکی پەڕاندووم، دوای قرتاندنی دەستم ئەوەی وت، ئایا بیکوژم؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (مەیکوژە، ئەگەر بیکوژیت ئەو لەشوێنی تۆدایە پێش ئەوەی بیکوژیت، تۆیش لەشوێنی ئەودای پێش وتنی ئەو وتەیەی کە وتی). (واتە: ئەو بە موسڵمانی مردووە، تۆیش ئیمان لە دەست دەدەیت چونکە موسڵمانێکت کوشتووە).

پ٨٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا گۆشەگیری بکەم لەم ئەشکەوتە، وازیش لە دونیا بێنم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي أُمَامَةَ، قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي سَرِيَّةٍ مِنْ سَرَايَاهُ، قَالَ: فَمَرَّ رَجُلٌ بِغَارٍ فِيهِ شَيْءٌ مِنْ مَاءٍ، قَالَ: فَحَدَّثَ نَفْسَهُ بِأَنْ يُقِيمَ فِي ذَلِكَ الْغَارِ فَيَقُوتُهُ مَا كَانَ فِيهِ شيء مِنْ مَاءٍ وَيُصِيبُ مَا حَوْلَهُ مِنَ الْبَقْلِ وَيَتَخَلَّى مِنَ الدُّنْيَا ثُمَّ قَالَ: لَوْ أَنِّي أَتَيْتُ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ فَإِنْ أَذِنَ لِي فَعَلْتُ وَإِلاَّ لَمْ أَفْعَلْ، فَأَتَاهُ فَقَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ إِنِّي مَرَرْتُ بِغَارٍ فِيهِ مَا يَقُوتُنِي مِنَ الْمَاءِ، وَالْبَقْلِ، فَحَدَّثَتْنِي نَفْسِي بِأَنْ أُقِيمَ فِيهِ وَأَتَخَلَّى مِنَ الدُّنْيَا قَالَ: فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): إِنِّي لَمْ أُبْعَثْ بِالْيَهُودِيَّةِ وَلاَ بِالنَّصْرَانِيَّةِ وَلَكِنِّي بُعِثْتُ بِالْحَنِيفِيَّةِ السَّمْحَةِ، وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَغَدْوَةٌ أَوْ رَوْحَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا، وَلَمُقَامُ أَحَدِكُمْ فِي الصَّفِّ خَيْرٌ مِنْ صَلاَتِهِ سِتِّينَ سَنَةً) رواه احمد والطبراني قال الالباني صحيح في السلسلة الصحيحة

واتە: لەئەبو ئومامە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بە مەفرەزە دەرچووین ، یەکێ لە پیاوان بەلای ئەشکەوتێکدا رابرد ئاوی تێدا بوو، لەدڵی خویدا گوتی: لەو ئەشکەوتە خواپەرستی بکەم، ئاوی لێیەو هەندێ بژێوی لە دەوروبەری دەست دەکەوێ، جا واز لە دونیا بێنێ، پاشان گوتی: بابچمە لای پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری لێ بکەم، ئەگەر مووڵەتی دام وادەکەم، ئەگەر مۆڵەتی نەدام واناکەم، جا هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بەدڵی داهاتبوو هەمووی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:من ڕەوان نەکراوم بەجوولەکەیی و گاوری(واتە: وەکو ئەوان ناکەم گۆشەگیری بکەم) بەڵکو من ڕەوانکراوم، بە ئایینی ڕاست ودروست، سوێندم بەوەی گیانی (محمد)ی بەدەستە، ڕۆیشتنی بەیانیان یان ئێواران لە پێناوی خودا چاکترە لەدونیا وئەوەی تێدایە، ڕاوەستانی هەریەکێك لە ئێوە لە ریزی خەبات وتێکۆشان چاکترە لە شێست ساڵ نوێژکردن.

پ١٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا باشترین جیهاد کامەیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ، أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) وَقَدْ وَضَعَ رِجْلَهُ فِي الْغَرْزِ، أَيُّ الْجِهَادِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: (كَلِمَةُ حَقٍّ عِنْدَ سُلْطَانٍ جَائِرٍ) رواه النسائي

واتە: تاریقی کوڕی شەهاب (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر کرد(ﷺ)، لەو کاتەی پێیکەی خستە ناو رکێبی ئەسپەکەی بۆ سەفەر گوتی: باشترین جیهاد کامەیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: وتەیەکی حەقە لەلای دەستەلاتدارێکی ستەمکار.

پ ١٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چاکترین کردەوە کامەیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: (الصَّلَاةُ لِوَقْتِهَا). قَالَ: (قُلْتُ): ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: (بِرُّ الْوَالِدَيْنِ). قَالَ: (قُلْتُ): ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: (الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ). فَمَا تَرَكْتُ أَسْتَزِيدُهُ إِلَّا إِرْعَاءً عَلَيْهِ) رواه مسلم

واتە: (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) دەڵێ: پرسیارم لەپێغەمبەری خوا کرد (ﷺ) کام کار زۆر چاکە؟ فەرمووی: (نوێژ لەکاتی خۆیدا) دەڵێ: (وتم) پاشان چی؟ فەرمووی: (چاکە کردن لەگەل دایك و باوکا). وتم: پاشان چی؟ فەرموی: (جیهاد لە ڕێی خوادا) بۆیە پرسیاری ترم نەکرد لەبەرئەوەی ئەزیەتی نەدەم.

پ٨٦ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەگەر کەسێك ویستی مالم ببا، چی بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ الله (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ: أَرَأَيْتَ إِنْ جَاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ أَخْذَ مَالِي؟ قَالَ: (فَلَا تُعْطِهِ مَالَكَ). قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَاتَلَنِي؟ قَالَ: (قَاتِلْهُ). قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلَنِي؟ قَالَ: (فَأَنْتَ شَهِيدٌ). قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلْتُهُ؟ قَالَ: (هُوَ فِي النَّارِ). رواه مسلم

واتە: (ئەبو هورەیرە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ((ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ ئەگەر پیاوێك هات و ویستی مالەکەمم لێ زەوت بکات؟ فەرمووی: (مالەکەتی مەدەرێ) وتی: ئەی ئەگەر ویستی شەڕم لەگەڵ بکات؟ فەرمووی: (تۆیش شەڕی لەگەڵ بکە) وتی: ئەی ئەگەر کوشتمی؟ فەرمووی: (ئەوە تۆ شەهیدی) وتی: ئەی ئەگەر من ئەوم کوشت؟ فەرمووی: (ئەو لە ئاگردایە).

پ٨٧ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا چەند جۆر شەهید هەیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) (مَا تَعُدُّونَ الشَّهِيدَ فِيكُمْ) قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، مَنْ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللهِ فَهُوَ شَهِيدٌ، قَالَ: (إِنَّ شُهَدَاءَ أُمَّتِي إِذًا لَقَلِيلٌ)، قَالُوا: فَمَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: (مَنْ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللهِ فَهُوَ شَهِيدٌ، وَمَنْ مَاتَ فِي سَبِيلِ اللهِ فَهُوَ شَهِيدٌ،

وَمَنْ مَاتَ فِي الطَّاعُونِ فَهُوَ شَهِيدٌ، وَمَنْ مَاتَ فِي الْبَطْنِ فَهُوَ شَهِيدٌ)، قَالَ ابْنُ مِقْسَمٍ: أَشْهَدُ عَلَى أَبِيكَ فِي هَذَا الْحَدِيثِ أَنَّهُ قَالَ: (وَالْغَرِيقُ شَهِيدٌ) رواه مسلم

واتە: ئەبو هورێرە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا ئێوە کێ بەشەهید دادەنێن؟، هاوەڵان گوتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئەوەی لە پێناوی خودا بکوژرێ ئەوە شەهیدە، فەرمووی: ئەگەر وابێ شەهیدی ئوممەتی من کەمن، گوتیان: ئەدی کێنە ئەوانی دیکە؟ فەرمووی: ئەوەی لە پێناوی خودا بکوژرێ شەهیدە، ئەوی لە پێناوی خودا بمرێ شەهیدە، ئەوەی بە تاعون بمرێ شەهیدە، ئەوەی بە زگئێشە بمرێ شەهیدە، دەڵێ: ئیبن موقسیم وتی: شایەدی لێ دەدەم بۆ باوکت لەو فەرموودە وتی: ئەوەی لە ئاویش دەخنکێ شەهیدە.

وقي رواية (عَن سعيدِ بنِ زيدٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ:(مَنْ قُتِلَ دُونَ دِينِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ قُتِلَ دُونَ دَمِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ قُتِلَ دُونَ مَالِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ قُتِلَ دُونَ أَهْلِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: سەعیدی کوڕی زەید (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەوەی بکوژرێ لە پێناو ئاییەنەکەی خۆی ئەوە شەهیدە، ئەوەی بکوژرێ لە پێناو خوێنی خۆی ئەوە شەهیدە، ئەوەی بکوژرێ لە پێناو مالّ وسامانی شەهیدە و ئەوەی بکوژرێ لە پێناو منداڵ وخێزانی خۆی ئەوە شەهیدە.

پ٨٨/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا کۆچ کردن ماوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتْ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْهِجْرَةِ فَقَالَ: (لَا هِجْرَةَ بَعْدَ الْفَتْحِ، وَلَكِنْ جِهَادٌ وَنِيَّةٌ، وَإِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا) رواه مسلم

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەری خوا کرا (ﷺ) لەبارەی کۆچ کردنەوە، ئەویش فەرمووی: (لە دوای فەتحەوە کۆچکردن نییە، بەڵکو جیهاد و لێبڕان هەیە، هەر کات داواتان لێکرا بچن بۆ جیهاد بڕۆن).

وانەی بیست و حەوت

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی
عیبادەت لە جیاتی کەسێك و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا دروستە لە جیاتی دایکم نەزر جێ بەجێ بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ سَعْدَ بْنَ عُبَادَةَ اسْتَفْتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: (يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ وَعَلَيْهَا نَذْرٌ وَلَمْ تَقْضِهِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) اقْضِهِ عَنْهَا) رواه البخاري

واتە: عبدالله ی کوڕی عەباس (رضي الله عنه) دەڵێ: سەعدی کوڕی عوبادە پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، دایکم وەفاتی کردوە، وە نەزریشی لەسەرە،وجێ بەجێشی نەکردووە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: لەجیاتی ئەو نەزرەکەی جێبەجێ بکە.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دایکم ڕۆژووی لەسەرە ئایا بۆی بگرمەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ، أَنَّ امْرَأَةً أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَتْ: إِنَّ أُمِّي تُوُفِّيَتْ وَعَلَيْهَا نَذْرُ صِيَامٍ، فَتُوُفِّيَتْ قَبْلَ أَنْ تَقْضِيَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لِيَصُمْ عَنْهَا الْوَلِيُّ) سنن ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: جابیری کوڕی عبدالله (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: دایکم وەفاتی کردووە، و ڕۆژووی نەزری لەسەرە،وەفاتی کرد، پێش ئەوەی نەزرەکەی جێ بەجێ بکات، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: با خزمێکی نزیکی لە جیاتی ڕۆژووەکان بگرێتەوە.

(وفي رواية)وَعَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صَوْمٌ صَامَ عَنْهُ وليه) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) نەزرم کردوە دەف لەلای سەری تۆ لێ بدەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جده رَضِي الله عَنهُ أَنَّ امْرَأَةً قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي نَذَرْتُ أَنْ أَضْرِبَ عَلَى رَأْسِكَ بِالدُّفِّ قَالَ: (أَوْفِي بِنَذْرِكِ) . رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَزَادَ رَزِينٌ: قَالَتْ: وَنَذَرْتُ أَنْ أَذْبَحَ بِمَكَانِ كَذَا وَكَذَا مَكَانٌ يَذْبَحُ فِيهِ أَهْلُ الْجَاهِلِيَّةِ فَقَالَ:(هَلْ كَانَ بِذَلِكِ الْمَكَانِ وَثَنٌ مِنْ أَوْثَانِ الْجَاهِلِيَّةِ يُعْبَدُ؟) قَالَتْ: لَا قَالَ: (هَلْ كَانَ فِيهِ عِيدٌ مِنْ أَعْيَادِهِمْ؟) قَالَتْ: لَا قَالَ: (أَوْفِي بِنَذْرِكِ)سنن ابي داود قال الالباني حسن

واتە: عەمری کوڕی شوعەیب (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: ئافرەتێك وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) نەزرم کردوە هەندێك دەف لەلای سەری تۆ لێ بدەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەزرەکەت جێبەجێ بکە، وە هەروەها وتی: نەزرم کردووە ئاژەڵێك سەربڕم لە فلانەشوێن، لە زەمانی جاهیلی خەڵکی لەوێ ئاژەڵیان سەردەبری؟، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا لەو شوێنە هیچ بتی لێ بوو لە زەمانی

جاهیلی بپەرسترێ، ئافرەتەکە وتی: نەخێر، فەرمووی: لەو شوێنە هیچ یاد وجەژنی زەمانی جاهیلی لێ دەکرا) وتی: نەخێر، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەزرەکەت جێبەجێ بکە.

پE/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) نەزرم کردووە،ئەو وشترەی پێی ڕزگار بووم بیکوژمەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن عمرو بن شعيب ، عن أبيه ، عن جده ، قال: جاءت امرأة أبي ذر على راحلة رسول الله (ﷺ) القصواء حين أغير على لقاحه حتى أناخت عند رسول الله (ﷺ)، فقالت: إني نذرت إن نجاني الله عليها لآكلن من كبدها وسنامها، فقال رسول الله (ﷺ): (لبئسما جزيتها ليس هذا نذرا، إنما النذر ما ابتغي به وجه الله) سنن دار القطني

واتە: عەمری کوڕی شوعەیب (ﷺ) دەڵێ: خێزانی ئەبو زەر بەسواری وڵاخەکەی پێغەمبەر(ﷺ) کەناوی (قەصوا) بوو هات، کاتێ پێی هەڵات لەبەر دەستی دوژمن وتی: من نەزرم کردووە، ئەگەر خودا لە سەر ئەو وشتر ڕزگاری کردم لە جەرگی بخۆم وکۆپارەکەی بخۆم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی پاداشتێکی خراپی دەدەیتەوە، ئەوە نەزر نیە، بەڵکو نەزر ئەوەیە لە پێناوی خودادا بکرێ.

پO/ عوقبە دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)خۆشکم نەزری کردوە بەپیادە بچێتە ماڵی خودا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ قَالَ نَذَرَتْ أُخْتِي أَنْ تَمْشِيَ إِلَى بَيْتِ اللَّهِ وَأَمَرَتْنِي أَنْ أَسْتَفْتِيَ لَهَا النَّبِيَّ (ﷺ) فَاسْتَفْتَيْتُهُ فَقَالَ (ﷺ) لِتَمْشِ وَلْتَرْكَبْ) رواه البخاري

واتە: عوقبەی کوڕی عامیر (ﷺ) دەڵێ: خوشکم نەزری کردووە، بەپێ بچێتە ماڵی خودا، و فەرمانی بەمن کرد بۆی پرسیار لە پێغەمبەر(ﷺ) بکەم، پرسیارم لێ کرد، فەرمووی: با بە پێ ڕۆیشتن و بەسواری بچێ.

پ٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەو پیاوە نەزری کردووە بەپیادە بڕوا بە هاوکاری کوڕەکانی؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

وَعَنْ أَنَسٍ (أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ)رَأَى شَيْخًا يُهَادَى بَيْنَ ابْنَيْهِ، فَقَالَ: مَا بَالُ هَذَا؟ قَالُوا: نَذَرَ أَنْ يَمْشِيَ. قَالَ: إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى عَنْ تَعْذِيبِ هَذَا نَفْسَهُ لَغَنِيٌّ وَأَمَرَهُ أَنْ يَرْكَبَ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە: ئەنەس (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پیاوێکی پیری بینی لە نێوان دوو کوڕی دەڕۆیشت (واتە: هەر یەك وخۆدابووە بن شانەکی) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە چییەتی؟ وتیان: نەزری کردووە بە پیادە بڕوا، فەرمووی: خودا پێویستی بە خۆ ئازاردانی ئەو نیە، و فەرمانی پێ کرد سواری وڵاخ بێ.

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چەند جۆر نەزر هەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: النَّذْرُ نَذْرَانِ: فَمَنْ كَانَ نَذَرَ فِي طَاعَةٍ فَذَلِكَ لِلَّهِ فِيهِ الْوَفَاءُ، وَمَنْ كَانَ نَذَرَ فِي مَعْصِيَةٍ فَذَلِكَ لِلشَّيْطَانِ وَلَا وَفَاءَ فِيهِ. وَيُكَفِّرُهُ مَا يُكَفِّرُ الْيَمِينَ) رَوَاهُ النَّسَائِيُّ قال الالباني صحيح.

واتە: عیمرانی کوڕی حوصەین (ﷺ) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەر(ﷺ) بوو دەیفەرموو، نەزر دوو نەزرە، هەرکەسێ نەزری کرد بۆ عیبادەتی خودا، ئەوە بۆ خودایە ئەبێ جێ بەجێبکرێ، و ئەوەی نەزر بکات بۆ گوناح ئەوە بۆ شەیتانە، نابێ جێ بەجێبکرێ، و کەفارەتی وەکو کەفارەتی سوێندە.

وقَالَ قَوْمٌ مِنْ أَهْلِ العِلْمِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) وَغَيْرِهِمْ: لَا نَذْرَ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ، وَكَفَّارَتُهُ كَفَّارَةُ يَمِينٍ، وَهُوَ قَوْلُ أَحْمَدَ، وَإِسْحَاقَ، وَاحْتَجَّا بِحَدِيثِ الزُّهْرِيِّ، عَنْ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ عَائِشَةَ وقَالَ بَعْضُ أَهْلِ العِلْمِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) وَغَيْرِهِمْ: لَا نَذْرَ فِي مَعْصِيَةٍ، وَلَا كَفَّارَةَ فِي ذَلِكَ، وَهُوَ قَوْلُ مَالِكٍ، وَالشَّافِعِيِّ) تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە زەمانی جاهیلی نەزرم کردووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّ عُمَرَ سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ كُنْتُ نَذَرْتُ فِي الْجَاهِلِيَّةِ أَنْ أَعْتَكِفَ لَيْلَةً فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ قَالَ فَأَوْفِ بِنَذْرِكَ) رواه البخاري

واتە: ئیبن عومەر (ﷺ) دەڵێ: عومەر پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) وتی: زەمانی جاهیلی نەزرم کردووە لە شەوێك بمینێمەوە لە مزگەوتی حەڕام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەزرەکەت جێبەجێ بکە.

پ ٩ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەم پیاوە نەزری کردووە لەسەر پێ ڕاوەستی و نەچێتە بەر سێبەر و قسە نەکات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ: بَيْنَا النَّبِيُّ (ﷺ) يَخْطُبُ إِذا هُوَ بِرَجُل قَائِم فَسَأَلَهُ عَنْهُ فَقَالُوا: أَبُو إِسْرَائِيلَ نَذَرَ أَنْ يَقُومَ وَلَا يَقْعُدَ وَلَا يَسْتَظِلَّ وَلَا يَتَكَلَّمَ وَيَصُومَ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (مُرُوهُ فَلْيَتَكَلَّمْ وَلْيَسْتَظِلَّ وَلْيَقْعُدْ وَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: ئیبن عەباس (ﷺ) دەڵێ: کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) وتاری دەخوێندەوە، پیاوێکی بینی ڕاوەستا بوو، پرسیاری کرد بۆچی ڕاوەستاوە؟ هاوەڵان وتیان: ئەبو ئیسرائیل نەزری کردووە، بەپێوە ڕاوەستێ، ودانەنیشێ و نەچێتە بەر سێبەر، و قسە نەکات و بە ڕۆژووش بێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: فەرمانی پێ بکەن با قسە بکات و بچێتە بەر سێبەر و دانیشێ و ڕۆژووەکەشی تەواو بکات.

پ.١ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەبوبەکر سوێندی خوارد نان نەخوات ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي بَكْرٍ قَالَ نَزَلَ بِنَا أَضْيَافٌ لَنَا قَالَ وَكَانَ أَبُو بَكْرٍ يَتَحَدَّثُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِاللَّيْلِ فَقَالَ لَا أَرْجِعَنَّ إِلَيْكَ حَتَّى تَفْرُغَ مِنْ ضِيَافَةِ هَؤُلَاءِ وَمِنْ

قِرَاهُمْ فَأَتَاهُمْ بِقِرَاهُمْ فَقَالُوا لَا نَطْعَمُهُ حَتَّى يَأْتِيَ أَبُو بَكْرٍ فَجَاءَ فَقَالَ مَا فَعَلَ أَضْيَافُكُمْ أَفَرَغْتُمْ مِنْ قِرَاهُمْ قَالُوا لَا قُلْتُ قَدْ أَتَيْتُهُمْ بِقِرَاهُمْ فَأَبَوْا وَقَالُوا وَاللَّهِ لَا نَطْعَمُهُ حَتَّى يَجِيءَ فَقَالُوا صَدَقَ قَدْ أَتَانَا بِهِ فَأَبَيْنَا حَتَّى تَجِيءَ قَالَ فَمَا مَنَعَكُمْ قَالُوا مَكَانَكَ قَالَ وَاللَّهِ لَا أَطْعَمُهُ اللَّيْلَةَ قَالَ فَقَالُوا وَنَحْنُ وَاللَّهِ لَا نَطْعَمُهُ حَتَّى تَطْعَمَهُ قَالَ مَا رَأَيْتُ فِي الشَّرِّ كَاللَّيْلَةِ قَطُّ قَالَ قَرِّبُوا طَعَامَكُمْ قَالَ فَقَرَّبَ طَعَامَهُمْ فَقَالَ بِسْمِ اللَّهِ فَطَعِمَ وَطَعِمُوا فَأُخْبِرْتُ أَنَّهُ أَصْبَحَ فَغَدَا عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَأَخْبَرَهُ بِالَّذِي صَنَعَ وَصَنَعُوا قَالَ بَلْ أَنْتَ أَبَرُّهُمْ وَأَصْدَقُهُمْ) رواه ابو داود قال الالباني صحيح

واتە: عبدالرحمن کوڕی ئەبوبەکر (ﷺ) دەڵێ: ئەمشەو هەندێك میوانمان هەبوو، باوکم (ئەبوبەکر) لەخزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بوو بەشەو قسەیان دەکرد، وتی: من ناگەڕێمەوە جا تۆ نان بۆ ئەم میوانانە دانێ، نانمان بۆ دانان وتیان: سوێند بەخوا ناخۆین تاکو ئەبوبەکر دەگەڕێتەوە، کە هاتەوە وتی: نانت بە میوانەکانت داناوە، وتم سوێندیان خوارد وتیان: تاکو ئەبوبەکر نەگەڕێتەوە نان ناخۆین، وتیان: ڕاست دەکات، وتی: بۆچی نەتان خوارد؟ وتیان: لەبەر پلەوپایی تۆ، ئەبوبەکر وتی: سوێند بەخوا نان ناخۆم، ئەوانیش وتیان بەخوا ئێمەش ناخۆین، دەڵێ:هەرگیز شەوی وا ناخۆشم نەبینیوە، ئنجا ئەبوبەکر (بسم الله) کرد و خواردی، ئەوانیش خواردیان، بۆ بەیانی چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) رووداوەکەم بۆ گێڕاوە، فەرمووی: تۆ لە هەموان باشتر و ڕاستر بووی.

وانەی بیست و هەشت

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی سوێند خواردن و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر شتێکی کەم بە سوێندی بەدرۆ بۆ خۆت ببەی، ئایا تاوانەکەی چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي أُمَامَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ مَنْ اقْتَطَعَ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِهِ فَقَدْ أَوْجَبَ اللَّهُ لَهُ النَّارَ وَحَرَّمَ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ وَإِنْ كَانَ شَيْئًا يَسِيرًا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ وَإِنْ قَضِيبًا مِنْ أَرَاكٍ) رواه مسلم

واتە: (ئەبو ئومامە) واتە: (الحارث)ی (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر ((ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کەسێك بە سوێند مافی کەسێکی موسڵمان زەوت بکات ئەوا خوا سزای ئاگری لەسەر پێویست دەکات و بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات) پیاوێك پێی وت: باشتێکی کەمیش بێت ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ؟، فەرمووی: (با دانە دارسیواکێکیش بێت).

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر باشتر بوو سوێندەکەم بشکێنم، ئایا بیشکێنم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: أَعْتَمَ رَجُلٌ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ)، ثُمَّ رَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ فَوَجَدَ الصِّبْيَةَ قَدْ نَامُوا، فَأَتَاهُ أَهْلُهُ بِطَعَامِهِ، فَحَلَفَ لَا يَأْكُلُ مِنْ أَجْلِ صِبْيَتِهِ، ثُمَّ بَدَا لَهُ فَأَكَلَ، فَأَتَى رَسُولَ اللهِ (ﷺ) فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ، فَرَأَى غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا، فَلْيَأْتِهَا، وَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِينِهِ) رواه مسلم

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك جارێكیان لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) درەنگ دەكەوێت تاریكایی شەوی بەسەردا دێت، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ناوماڵ و منداڵی ئەبینێ منداڵەكانی خەوتوون، ئەوجا خێزانەكەی خواردنەكەی بۆ دەهێنێ ئەویش سوێند دەخوات كە نابێت بیخوات لەبەر منداڵەكانی، پاشان وای پێباش بوو كەبیخوات، لە دواییدا دێتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەمەی بۆ باس دەكات. ئەویش دەفەرموێت: (هەر كەس سوێندی لەسەر شتێ خوارد و پاشان باشتر لەوی بینی با ئەو شتە بكات و سوێندەكەی بخات و كەفارەتی سوێندەكەی بدات).

شرح: (أعتم) أي دخل في العتمة وهي شدة ظلمة الليل)

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) سوێندم خواردووە هاوكاری ئامۆزاكەم نەكەم؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي الْأَحْوَصِ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ، عَنْ أَبِيهِ، قَالَ: (قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَرَأَيْتَ ابْنَ عَمٍّ لِي آتِيهِ أَسْأَلُهُ فَلَا يُعْطِينِي وَلَا يَصِلُنِي، ثُمَّ يَحْتَاجُ إِلَيَّ فَيَأْتِينِي فَيَسْأَلُنِي، وَقَدْ حَلَفْتُ أَنْ لَا أُعْطِيَهُ وَلَا أَصِلَهُ، فَأَمَرَنِي أَنْ آتِيَ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ وَأُكَفِّرَ عَنْ يَمِينِي) رَوَاهُ النَّسَائِيُّ قال الالباني صحيح في المشكاة

واتە: ئەبو ئەحوەصی عەوفی کوڕی مالیك (ﷺ) لەباوکی دەگێڕێتەوە دەڵێ: وتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، ئەگەر داوام لە کوڕی مامم کرد پێی نەبەخشیم و هاتووچووی نەکردم،پاشان ئەو موحتاجی من بوو، هاتە لام داوای لێ کردم، منیش سوێندم خوارد پێی نەبەخشم وهاتووچۆی نەکەم،دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ کردم ئەوە بکەم کە خێری تێدایە و کەفارەتی سوێندەکەشم بدەم.

پ٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ڤ خەڵکێك زۆر باشە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَيُّ النَّاسِ خَيْرٌ قَالَ قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ يَجِيءُ قَوْمٌ تَسْبِقُ شَهَادَةُ أَحَدِهِمْ يَمِينَهُ وَيَمِينُهُ شَهَادَتَهُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ وَكَانَ أَصْحَابُنَا يَنْهَوْنَا وَنَحْنُ غِلْمَانٌ أَنْ نَحْلِفَ بِالشَّهَادَةِ وَالْعَهْدِ) رواه البخاري

واتە: (عبدالله ی کوڕی مەسعود) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) باشترین خەڵکی کێنە؟ فەرمووی: خەڵکی سەردەمی من، پاشان دوای ئەوان، پاشان دوای ئەوان، پاشان کەسانێك دێن شایەدیان پێش سوێندیان کەووە، و سوێندیان پێش شایەدیان کەووە(واتە: سوێند خواردن بەشتێکی کەم تەماشا دەکەن لەسەر شتی بچوك سوێند دەخۆن)

وانەی بیست و نۆ

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی خواردنەوەکان (الاشربة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من بەیەك هەناسە تێر ئاو ناخۆمەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) نَهَى عَنْ النَّفْخِ فِي الشَّرَابِ فَقَالَ رَجُلٌ: الْقَذَاةَ أَرَاهَا فِي الْإِنَاءِ قَالَ: (أَهْرِقْهَا) قَالَ: فَإِنِّي لَا أُرْوَى مِنْ نَفَسٍ وَاحِدٍ قَالَ: (فَأَبِنِ الْقَدَحَ عَنْ فِيكَ ثُمَّ تَنَفَّسْ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ والدارمي قال الالباني حسن (فَأَبِنِ الْقَدَحَ) اي اَخِّره وابعده (أَرَى الْقَذَاةَ) اي الوسخ

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغەی کردووە فوو لە خواردنەوە بکرێت، پیاوێك پرسیاری کرد گوتی: ئەگەر پیسییەکە لەناو جامی ئاوەکە بوو، فەرمووی: بیڕێژە، کابرا گوتی: بە یەك هەناسە من تێرئاو نابم، فەرمووی: جامەکە دوورخەوە لە دەمت،ئنجا هەناسە هەڵکێشە.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئارەقی هەنگوین حەرامە

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: سُئِلَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) عَنِ الْبِتْعِ فَقَالَ: (كُلُّ شَرَابٍ أَسْكَرَ فَهُوَ حَرَامٌ) رواه مسلم

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەری خوا کرا لەبارەی ئارەقی هەنگوینەوە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (هەر خواردنەوەیەك مرۆڤ سەرخۆش بکات ئەوە حەڕامە).

شرح (البتع) هو نبيذ العسل وهو شراب أهل اليمن.

پ ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەمێك ئارەق خواردنەوە ئەگەر سەرخۆشت نەکات ئایا حەرامە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن عمرو بن شعيب، عن أبيه، عن جده، قال: جاء قوم إلى النبي(ﷺ)، فقالوا: يا رسول الله إنا ننبذ نبيذا فنشربه على طعامنا، فقال: (اشربوا واجتنبوا كل مسكر) فأعادوا عليه، فقال: (إن الله ينهاكم عن قليل ما أسكر كثيره)سنن الدار قطني

واتە: عەمری کوڕی شوعەیب لەباب وباپیری دەگێڕێتەوە (ﷺ) دەڵێ: کەسانێك هاتنە لای پێغەمبەر(ﷺ) وتیان: ئەی نێرراوی خودا، ئێمە خۆشاو دروست دەکەین، لەگەڵ خواردن دەخۆینەوە، فەرمووی:بخۆنەوە بەڵام خۆتان دوور بگرن لە شتێکی سەرخۆش کەر، دووبارە پرسیاریان لێ کردەوە، فەرمووی: خودا قەدەغەتان دەکات لە کەمێك کە زۆرەکەی سەرخۆش کەرە.(واتە: کەم و زۆر شتی سەرخۆشکەر حەڕامە)

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئارەق بە میرات بۆ هەتیوان بەجێ ماوە ئایا چی لێ بکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ أَنَّ أَبَا طَلْحَةَ سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) عن أَيْتَامٍ وَرِثُوا خَمْرًا قَالَ أَهْرِقْهَا قَالَ أَفَلَا أَجْعَلُهَا خَلًّا قَالَ لَا) رواه ابوداود قال الالباني صحيح

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (ﷺ) دەڵێ: ئەبو تەلحە پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد دەربارەی هەتیوان کە ئارەقیان بۆ بە میرات بە جێ ماوە؟، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بیرێژن، وتیان: ئایا نەیکەینە سرکە؟، فەرمووی: نەخێر.

پ ٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە ئارەق بکرێتە سرکە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَنَسٍ (أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) سُئِلَ عَنْ الْخَمْرِ يُتَّخَذُ خَلًّا؟ فَقَالَ: لَا) رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُد وَالتِّرْمِذِيُّ و أَحْمَدُ

(أنس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: دەربارەی ئارەق شتی تێبکرێ و بکرێت بە سرکە، پرسیار لە پێغەمبەری خوا کرا (ﷺ) فەرمووی: (نەخێر).

پ ٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا قوڕی (خەبال) چییە لە دۆزەخ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَجُلًا قَدِمَ مِنْ جَيْشَانَ وَجَيْشَانُ مِنَ الْيَمَنِ فَسَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ شَرَابٍ يَشْرَبُونَهُ بِأَرْضِهِمْ مِنَ الذُّرَةِ، يُقَالُ لَهُ: الْمِزْرُ، فَقَالَ النَّبِيُّ (أَوَ مُسْكِرٌ هُوَ). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ، إِنَّ عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ عَهْدًا لِمَنْ يَشْرَبُ الْمُسْكِرَ أَنْ يَسْقِيَهُ مِنْ طِينَةِ الْخَبَالِ). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا طِينَةُ الْخَبَالِ؟ قَالَ: (عَرَقُ أَهْلِ النَّارِ، أَوْ: عُصَارَةُ أَهْلِ النَّارِ) رواه مسلم

واتە: (جابر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك لە (جەیشان)ەوە هات (جەیشان) لەیەمەنە، پرسیاری لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) لەبارەی خواردنەوەیەکەوە کە لە خاکی خۆیاندا دەیخۆنەوە و لە گەنمەشامی دروست دەکرا، پێی دەوترا: (المزر)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئایا سەرخۆشکەرە؟). وتی: بەڵێ. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (هەموو سەرخۆشکەرێ حەرامە، خوا بەڵێنێکی هەیە بۆ ئەو کەسەی کە سەرخۆشکەر دەخواتەوە تیری بکات لە قوڕی (الخبال) وتیان ئەی

پێغەمبەری خوا قوڕی (الخبال) چییە؟ فەرمووی: (ئارەقی لەشی خەڵکی نێو دۆزەخە، یان کێم و زوخاوی خەڵکی نێو دۆزەخە).

پ ٧ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە بۆ دەرمان ئارەق دروست بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ وَائِلٍ الْحَضْرَمِيِّ أَنَّ طَارِقَ بْنَ سُوَيْدٍ سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ الْخَمْرِ فَنَهَاهُ. فَقَالَ: إِنَّمَا أَصْنَعُهَا لِلدَّوَاءِ فَقَالَ: (إِنَّهُ لَيْسَ بِدَوَاءٍ وَلَكِنَّهُ دَاءٌ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ

واتە: (وائل الحضرمي) دەڵێ: (طارق) کوڕی (سويد الجعفی) (خوای لێ ڕازی بێت): لەبارەی ئارەقەوە پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد ڕێگری کرد - یان پێی ناخۆش بوو - کە دروستی بکات، وتی: بە مەبەستی دەرمان دروستی دەکەم، فەرمووی: (ئارەق دەرمان نییە بەڵکو دەردە).

وانەی سی

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی خواردەمەنییەکان (الأَطْعِمَةِ) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/١ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا سیر حەڕامە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي أَيُّوبَ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) نَزَلَ عَلَيْهِ، فَنَزَلَ النَّبِيُّ (ﷺ) فِي السُّفْلِ، وَأَبُو أَيُّوبَ فِي الْعِلْوِ، (قَالَ): فَانْتَبَهَ أَبُو أَيُّوبَ لَيْلَةً فَقَالَ: نَمْشِي فَوْقَ رَأْسِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ فَتَنَحَّوْا فَبَاتُوا فِي جَانِبٍ، ثُمَّ قَالَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ النَّبِيُّ ((ﷺ) (السُّفْلُ أَرْفَقُ). فَقَالَ: لَا أَعْلُو سَقِيفَةً أَنْتَ تَحْتَهَا، فَتَحَوَّلَ النَّبِيُّ (ﷺ) فِي الْعُلُوِّ وَأَبُو أَيُّوبَ فِي السُّفْلِ، فَكَانَ يَصْنَعُ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) طَعَامًا، فَإِذَا جِيءَ بِهِ إِلَيْهِ سَأَلَ عَنْ مَوْضِعِ أَصَابِعِهِ، فَيَتَتَبَّعُ مَوْضِعَ أَصَابِعِهِ، فَصَنَعَ لَهُ طَعَامًا فِيهِ ثُومٌ، فَلَمَّا رُدَّ إِلَيْهِ سَأَلَ عَنْ مَوْضِعِ أَصَابِعِ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقِيلَ لَهُ: لَمْ يَأْكُلْ، فَفَزِعَ، وَصَعِدَ إِلَيْهِ، فَقَالَ: أَحَرَامٌ هُوَ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) (لَا، وَلَكِنِّي أَكْرَهُهُ). قَالَ: فَإِنِّي أَكْرَهُ مَا تَكْرَهُ، أَوْ: مَا كَرِهْتَ. قَالَ: وَكَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُؤْتَى) رواه مسلم

واتە: لە(أبو أيوب)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت): کە پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵی ئەو دابەزی، پێغەمبەر (ﷺ) لەقاتی خوارەوە نیشتەجێبوو، (أبو أيوب) یش لە نهۆمی سەرەوە: شەوێك (أبو أيوب) بە ئاگاهات و وتی: ئێمە بەسەر سەری پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هاتووچۆ بکەین؟ چوونە سوچێکەوە و لەوێ ئەو شەوەیان بردە سەر، پاشان بە پێغەمبەری(ﷺ) وت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

(خوارەوە ئاسانترە) وتی: سەرناکەومە سەربانێك تۆ لەژێریدا بیت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) گواستیەوە بۆ نهۆمی سەرەوە و (أبو أيوب)یش هاتە خوارەوە، هەموو جارێ خواردنی دروستەکرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، هەر کە خواردنەکەی بهێنایە بۆی پرسیاری دەکرد لە شوێنی پەنجەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، دواتر ئەویش لە جێپەنجەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەیخوارد، جارێکیان خواردنێکی بۆ دروست کرد کە سیری تێدابوو، کاتێ بۆی گەڕایەوە پرسیاری کرد لە جێگە پەنجەکانی پێغەمبەر(ﷺ)، پێی وترا، نەیخواردوە، (أبو أيوب) ترسا و شڵەژا و چووە سەرەوە بۆ خزمەتی و عەرزی کرد: ئایا حەرامە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نەخێر، بەڵکو من خۆشیم لێینایە). ئەویش وتی: منیش خۆشم نایە لەوەی کە تۆ خۆشت لێی نایە، خۆشت لێینەهات: لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەحی بۆهات (حەزیشی نەدەکرد کە لەوکاتەدا بۆنی دەمی ناخۆش بێت).

پ ٢ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خواردنی گۆشتی بزن مژە (بزنمشك) حەرامە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) أَنَّ خَالِدَ بْنَ الْوَلِيدِ (رضي الله عنه) -الَّذِي يُقَالُ لَهُ سَيْفُ اللَّهِ- أَخْبَرَهُ: أَنَّهُ دَخَلَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى مَيْمُونَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ)، وَهِيَ خَالَتُهُ وَخَالَةُ ابْنِ عَبَّاسٍ، فَوَجَدَ عِنْدَهَا ضَبًّا مَحْنُوذًا، قَدِمَتْ بِهِ أُخْتُهَا حُفَيْدَةُ بِنْتُ الْحَارِثِ مِنْ نَجْدٍ، فَقَدَّمَتِ الضَّبَّ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَكَانَ قَلَّمَا يُقَدَّمُ إِلَيْهِ طَعَامٌ حَتَّى يُحَدَّثَ بِهِ وَيُسَمَّي لَهُ، فَأَهْوَي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدَهُ إِلَي الضَّبِّ، فَقَالَتِ امْرَأَةٌ مِنَ النِّسْوَةِ الْحُضُورِ: أَخْبِرْنَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِمَا قَدَّمْتُنَّ لَهُ، قُلْنَ: هُوَ الضَّبُّ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَرَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدَهُ، فَقَالَ خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ: أَحَرَامٌ الضَّبُّ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: (لَا، وَلَكِنَّهُ لَمْ يَكُنْ بِأَرْضِ قَوْمِي، فَأَجِدُنِي أَعَافُهُ). قَالَ خَالِدٌ: فَاجْتَرَرْتُهُ فَأَكَلْتُهُ، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَنْظُرُ فَلَمْ يَنْهَنِي) رواه البخاري

واتە: (عبدالله) کوڕی (عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: (خالد)ی کوڕی (وليد) (خوای لێ ڕازی بێت) - کە پێی دەوترا شمشێری خوا- هەواڵی پێداوە،

کە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چوو بۆلای (میمونە)ی هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) کە پووری ئەو و (ابن عباس) بوو لەدایکەوە، بزن مژەیەکی برژاوی لەلای بینی، کە (حفیدە) کچی (حارس)ی خوشکی لە (نەجدە) وە بۆی هێنابوو، (میمونە) بزنمژەکەی خستە بەردەمی پێغەمبەری خوا کە بەدەگمەن خواردنێکی بخرایەتە بەردەم هەتا باسی بۆ نەکرایە و ناوی نەبرایە بۆی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی برد بۆ بزنمژەکە، یەکێ لەو ئافرەتانەی کە لەوێدا ئامادەبوون وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادارێکەن بەوەی کە بۆتان داناوە، وتیان خواردنەکە بزنمژەیە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی کێشایەوە، ئینجا (خالید) ی کوڕی (ولید) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ بزنمژە حەڕامە؟ فەرمووی: (نەخێر، بەڵام لەخاکی قەومەکەی منداا نەبووە، بۆیە دەبینی دڵم ناچێتە سەری). خالید وتی: لەتم کرد و خواردم، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سەیری کردم وڕێگری لێنەکردم.

شرح(محنوذ) أي مشوى وقيل المشوى على الرضف وهي الحجارة المحماة (أعافه) قال أهل اللغة معنى أعافه أكرهه تقذرا)

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ڕووەن وپەنیرو پێستی ئاژەڵ حەڵاڵە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَلْمَانَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ السَّمْنِ وَالْجُبْنِ وَالْفِرَاءِ فَقَالَ: (الْحَلَالُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ وَالْحَرَامُ مَا حَرَّمَ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ وَمَا سَكَتَ عَنْهُ فَهُوَ مِمَّا عَفَا عَنْهُ) رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ وَالتِّرْمِذِيُّ والحاكم قال الالباني حسن

واتە: (سلمان) (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەرکرا (ﷺ) دەربارەی ڕووەن و پەنیرو پێستی ئاژەڵ،(یان کەری کیوی) پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: حەڵاڵ ئەوەیە کەخودا لە کیتابی خوی حەڵاڵی کردووە، و حەڕامیش ئەوەیە خودا لە کتێبی خۆی حەڕامی کردووە، ئەوەی بێ دەنگی لەسەر کردووە، ئەوە عەفوی لێ داوە.

شرح ((وَالْفِرَاءِ):هو مايُلبَسُ من جلود الحيوانات بعد دبغها، وقيل (القراء) وَهُوَ حِمَارُ الْوَحْشِ)

پ ٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کەمتیار دەخوریٚ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي عَمَّارٍ قَالَ: سَأَلتُ جابرَ بنَ عبدِ اللَّهِ عَنِ الضَّبُعِ أَصَيْدٌ هِيَ؟ فَقَالَ: نَعَمْ فَقُلْتُ: أَيُؤْكَلُ؟ فَقَالَ: نَعَمْ فَقُلْتُ: سَمِعْتَهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ؟ قَالَ: نَعَمْ. رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَالنَّسَائِيُّ وَالشَّافِعِيُّ وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ: هَذَا حديثٌ حسنٌ صَحِيح قال الالباني صحيح (الضبع) واتە: کەمتیار.

واتە: عبدالرحمن ی کوڕی ئەبی عەمار (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە جابیری کوڕی عبدالله کرد دەربارەی کەمتیار ئایا ڕاو دەکرێ، وتی: بەڵێ، وتم: ئایا دەخوریٚ؟ وتی: بەڵێ، وتم: گوێت لە پێغەمبەری خودا بووە(ﷺ)، وتی: بەڵێ.

پ٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەسانێك گۆشتمان بۆ دێنن نازانین ناوی خودای لەسەر هاتووە یان نا؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ قَوْمًا قَالُوا لِلنَّبِيِّ إِنَّ قَوْمًا يَأْتُونَا بِاللَّحْمِ لَا نَدْرِي أَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ أَمْ لَا فَقَالَ سَمُّوا عَلَيْهِ أَنْتُمْ وَكُلُوهُ قَالَتْ وَكَانُوا حَدِيثِي عَهْدٍ بِالْكُفْرِ) رواه البخاري

وفي رواية (عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ، أَنَّ قَوْمًا قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ قَوْمًا يَأْتُونَا بِاللَّحْمِ لَا نَدْرِي أَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ أَمْ لَا؟ فَقَالَ: (سَمُّوا أَنْتُمْ وَكُلُوا). وَكَانُوا حَدِيثَ عَهْدٍ بِجَاهِلِيَّةٍ) رواه ابن ماجه والدارمي قال الالباني صحيح و قال حسين سليم اسيد صحيح

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: کەسانێك وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، کەسانێك گۆشتمان بۆ دێنن، نازانین ناوی خودای لەسەر هاتووە یان نا؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئێوە خۆتان ناوی خوا بێنن وبیخۆن، ئەوانە زۆر لە مێژ نەبوو موسڵمان ببوون)

پ ٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە لە مەنجەڵ وقاپی ئەهلی کیتاب خواردن وخواردنەوە بخۆین وبخۆینەوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِيِّ أَنَّهُ سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ إِنَّا نُجَاوِرُ أَهْلَ الْكِتَابِ وَهُمْ يَطْبُخُونَ فِي قُدُورِهِمْ الْخِنْزِيرَ وَيَشْرَبُونَ فِي آنِيَتِهِمْ الْخَمْرَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنْ وَجَدْتُمْ غَيْرَهَا فَكُلُوا فِيهَا وَاشْرَبُوا وَإِنْ لَمْ تَجِدُوا غَيْرَهَا فَارْحَضُوهَا بِالْمَاءِ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا (رواه ابو داود) قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو سەعلەبەی خوشەنی (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد، وتم: ئێمە جیرانی ئەهلی کیتابین ئەوانە لە مەنجەڵەکانیان گۆشتی بەراز لێ دەنێنین ولە قاپەکانیان ئارەق دەخۆنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر مەنجەڵ وقاپی دیکەتان دەست کەوت لەوانەبخۆن، ئەگەر دەستان نەکەوت، جوان بیان شۆن و تێیاندا بخۆن وبخۆنەوە.

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە لە قاپی کافران شت بخۆین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِيِّ، قَالَ: وَلَقِيَهُ وَكَلَّمَهُ قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَسَأَلْتُهُ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قُدُورُ الْمُشْرِكِينَ نَطْبُخُ فِيهَا؟ قَالَ (لَا تَطْبُخُوا فِيهَا)، قُلْتُ: فَإِنِ احْتَجْنَا إِلَيْهَا فَلَمْ نَجِدْ مِنْهَا بُدًّا؟ قَالَ: (فَارْحَضُوهَا رَحْضًا حَسَنًا، ثُمَّ اطْبُخُوا وَكُلُوا) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو سەعلەبەی خوشەنی (ﷺ) دەڵێ: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) پرسیارم لێ کرد و وتم: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئایا لە مەنجەڵی کافران خواردن دروست بکەین؟ فەرمووی: نەخێر خواردنی تیا دروست مەکەن، گوتم: ئەگەر ناچار بووین؟ فەرمووی: جوان بیان شۆرن، ئینجا خواردنیان تیا دروست بکەن.

پ٨/ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا گۆشتی گوێدرێژ دەخوری ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ لَمَّا كَانَ يَوْمُ خَيْبَرَ جَاءَ جَاءٍ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أُكِلَتْ الْحُمُرُ ثُمَّ جَاءَ آخَرُ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أُفْنِيَتْ الْحُمُرُ فَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَبَا طَلْحَةَ فَنَادَى إِنَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يَنْهَيَانِكُمْ عن لُحُومِ الْحُمُرِ فَإِنَّهَا رِجْسٌ أَوْ نَجِسٌ قَالَ فَأُكْفِئَتْ الْقُدُورُ بِمَا فِيهَا (رواه مسلم)

واتە: (أنس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: کاتێ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەیبەری ڕزگار کرد، کەسێك گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) گوێدرێژەکان خوران، پاشان کەسێکی دیکە هات گوتی: ئەی نێرراوی خودا گوێدرێژیان نەهێشت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردە ئەبو تەلحە، بانگەوازی کرد کە خودا وپێغەمبەرەکەی قەدەغەتان دەکەن لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی، کە بێگومان پیسە، دەڵێ: مەنجەڵەکان سەراوژێر کران لەوەی تێیاندابوو (واتە: دەگۆڕێیان کرد وڕژاندنیان).

وفي رواية(عَنْ جَابِرٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى يَوْمَ خَيْبَرَ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الْأَهْلِيَّةِ وَأَذِنَ فِي لُحُومِ الْخَيْلِ) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: جابیری کوڕی عبدالله(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی (خیبر)دا ڕێگری کرد لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی، مۆڵەتی دا بە خواردنی گۆشتی ئەسپ.

پ٩/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئێمە نان دەخۆین و تێر نابین ئایا چی بکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ وَحْشِيِّ بْنِ حَرْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ: إِنَّ أَصْحَابَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا نَأْكُلُ وَلَا نَشْبَعُ قَالَ: (فَلَعَلَّكُمْ تَفْتَرِقُونَ؟ قَالُوا: نَعَمْ قَالَ: (فَاجْتَمِعُوا عَلَى طَعَامِكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ يُبارِكْ لكم فِيهِ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيّ قال الالباني حسن

واتە: (وەحشی کوڕی حەرب) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) وتیان: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئێمە کاتێ نان دەخۆین تێر نابین؟ فەرمووی: لەوانەیە بە جیا نان بخۆن، وتیان: بەڵێ، فەرمووی: هەموتان بەیەکەوە نان بخۆن و ناوی خودای لەسەر بێنن، خودا بەرەکەتی تێدەخات.

پ.١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کوللە (کلۆ) دەخوری ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنِ الْجَرَادِ؟ فَقَالَ: جُنْدٌ مِنْ جُنُودِ اللَّهِ لَيْسَ جُنْدٌ أَعْظَمُ مِنْهُ لَا آكِلُهُ، وَلَا أُحَرِّمُهُ، وَكَانَ يَقُولُ: مَا لَمْ يُحَرِّمْ فَهُوَ لَنَا حَلَالٌ) عبدالرزاق

واتە: ئەبو عوسمانی نەهدی (ﷺ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) کرا دەربارەی کوللە(کلۆ)؟ فەرمووی: سەربازێکە لە سەربازەکانی خودا، هیچ سەربازێك لەو بەهێزترنیە، من نایخۆم وحەڕامیشی ناکەم، و دەیفەرموو مادام حەڕام نەکراوە بۆمان حەڵاڵە.

پ ١١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن میوان خاوەن ماڵ گوناهبار دەکات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي شُرَيْحٍ الْخُزَاعِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): (الضِّيَافَةُ ثَلَاثَةُ أَيَّامٍ، وَجَائِزَتُهُ يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ، وَلَا يَحِلُّ لِرَجُلٍ مُسْلِمٍ أَنْ يُقِيمَ عِنْدَ أَخِيهِ حَتَّى يُؤْثِمَهُ). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَكَيْفَ يُؤْثِمُهُ؟ قَالَ:(يُقِيمُ عِنْدَهُ وَلَا شَيْءَ لَهُ يَقْرِيهِ بِهِ)رواه مسلم

واتە: لە(أبو شريح)ی (خزاعی)ییەوە دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (میوانداری سێ ڕۆژە، شەوو ڕۆژی یەکەم بایەخی زیاتری پێبدرێ، ڕەوانییە بۆ هیچ موسڵمانێك ئەمەندە لای برا موسڵمانەکەی بمێنێتەوە تاوەکو گوناهباری

بکات. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن گوناهباری دەکات؟ فەرمووی: (لای بمێنێتەوە و هیچی وایش نەبێت میوانداری پێ بکات).

وفي رواية (وَعَنْ أَبِي شُرَيْحٍ الْخُزَاعِيِّ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاَللَّهِ وَالْيَوْمِ الْأُخَرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ جَائِزَتَهُ، قَالُوا: وَمَا جَائِزَتُهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ، وَالضِّيَافَةُ ثَلَاثَةُ أَيَّامٍ، فَمَا كَانَ وَرَاءَ ذَلِكَ فَهُوَ صَدَقَةٌ، وَلَا يَحِلُّ لَهُ أَنْ يَثْوِيَ عِنْدَهُ حَتَّى يُحْرِجَهُ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

پ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر خەڵکی میواندارییان نەکردین چی بکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (رضي الله عنه) أَنَّهُ قَالَ: قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّكَ تَبْعَثُنَا، فَنَنْزِلُ بِقَوْمٍ فَلَا يَقْرُونَنَا، فَمَا تَرَى؟ فَقَالَ لَنَا رَسُولُ الله (ﷺ): (إِنْ نَزَلْتُمْ بِقَوْمٍ فَأَمَرُوا لَكُمْ بِمَا يَنْبَغِي لِلضَّيْفِ فَاقْبَلُوا، فَإِنْ لَمْ يَفْعَلُوا فَخُذُوا مِنْهُمْ حَقَّ الضَّيْفِ الَّذِي يَنْبَغِي لَهُمْ) رواه مسلم

واتە: (عقبه)ی کوڕی (عامر) دەڵێ: وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ بەملاولاماندا دەنێریت، دێین بەسەر تیرەو هۆزی ئەو تۆدا کەچی میوانداریمان ناکەن، جا بەلاتەوە چۆنە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموون: (ئەگەر دابەزین لەسەر تیرە و هۆزێك و میوانداریان کردن وەکو پێویست ئەوە ئێوەیش بچن بەدەمیانەوە، ئەگەر میوانداریشیان نەکردن و خوڵکیان نەکردن ئەوە ئەمەندەی کە پێویستە مافی میوانداری خۆتانیان لێوەرگرن ئەگەر بەزۆریش بێت).

شرح(لا يقروننا) لا يقدمون لنا ضيافة. (بما ينبغي) بما يقدم عادة. (فخذوا منهم) ما كان ينبغي أن يقدم قهرا عنهم وذلك في حق الضيف المضطر إلى ضيافة كما لو كان في مكان لا تباع فيه الأشياء أو كان منقطعا وأما غير المضطر فضيافته سنة مؤكدة) صحيح البخاری.

واتە: ئەگەر لە شوێنێك بوو شتی لێ نەدەفرشرا یان کابرا ناچار بوو ئینجا بۆی دروستە بە زۆری هەندێك خواردنی لێ وەرگری.

پ ١٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خواردنی گاوران دروستە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ قَبِيصَةَ بْنِ هُلْبٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ طَعَامِ النَّصَارَى وَفِي رِوَايَةٍ: سَأَلَهُ رَجُلٌ فَقَالَ: إِنَّ مِنَ الطَّعَامِ طَعَامًا أَتَحَرَّجُ مِنْهُ فَقَالَ: (لَا يَتَخَلَّجَنَّ فِي صَدْرِكَ شَيْءٌ ضَارَعْتَ فِيهِ النَّصْرَانِيَّةَ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيّ وَأَبُو دَاوُد قال الالباني حسن

واتە: قوبیسەی کوڕی هولب لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) دەربارەی خواردنی گاوران، فەرمووی: هیچ لە دڵتان دروست نەبێ.

پ ١٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا پاش سێ ڕۆژان نێچیری کوژراو بدۆزیتەوە دروستە بخوری؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي الَّذِي يُدْرِكُ صَيْدَهُ بَعْدَ ثَلَاثٍ: (فَكُلْهُ مَا لَمْ يُنْتِنْ) رواه مسلم

واتە: (أبو ثعلبة)(خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەر (ﷺ) وە دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەو کەسەی کە دوای سێ ڕۆژ (*) نێچیرەکەی دەدۆزێتەوە کە فەرموویەتی: (ئەگەر بۆگەنی نەکردبێ ئەوا بیخۆ).

* بەمەرجێ کەمتەرخەم نەبێ لەگەڕان بەدوایدا.

پ ١٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر سەگێکی دیکە نێچیری ڕاوکرد بوو؟ و ئەگەر نێچیرەکە پاش دۆزینەوە لە ئاو خنکابوو ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِذَا أَرْسَلْتَ كَلْبَكَ فَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، فَإِنْ أَمْسَكَ عَلَيْكَ فَأَدْرَكْتَهُ حَيًّا فَاذْبَحْهُ، وَإِنْ أَدْرَكْتَهُ قَدْ قَتَلَ وَلَمْ يَأْكُلْ

مِنْهُ فَكُلْهُ، وَإِنْ وَجَدْتَ مَعَ كَلْبِكَ كَلْبًا غَيْرَهُ وَقَدْ قَتَلَ فَلَا تَأْكُلْ فَإِنَّكَ لَا تَدْرِي أَيُّهُمَا قَتَلَهُ، وَإِنْ رَمَيْتَ سَهْمَكَ فَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، فَإِنْ غَابَ عَنْكَ يَوْمًا فَلَمْ تَجِدْ فِيهِ إِلَّا أَثَرَ سَهْمِكَ فَكُلْ إِنْ شِئْتَ، وَإِنْ وَجَدْتَهُ غَرِيقًا فِي الْمَاءِ فَلَا تَأْكُلْ) رواه البخاري

واتە: (عدی) کوڕی (حاتم) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموم: (هەر کات سەگەکەت (*) کردە نێچیرەکە ناوی خوا بهێنە، جا ئەگەر نێچیری بۆ گرتی و بەزیندوویی پیاگەیشتی سەری ببڕە، و ئەگەر گەیشتیتە سەر نێچیرەکە کوژرا بوو وەلێی نەخواردبوو ئەوا بیخۆ، جا ئەگەر لەگەڵ سەگەکەتدا سەگێکیترت بینی و (نێچیرەکە کوژرا بوو) ئەوا نەیخۆیت، چونکە تۆ نازانی کە کامییان کوشتوویەتی، و هەر کە تیرەکەت هاوێشت ناوی خوا ببە، جا ئەگەر بۆ ماوەی ڕۆژێك نێچیرەکەت لێ وون بوو پاشان دۆزیتەوە هیچ هۆکارێکی تری کوشتنت پێیەوە نەبینینەوە جگە لەتیرەکەی خۆت، ئەگەر وبستت ئەوا بیخۆو ئەگەر دۆزیتەوەو لەناو ئاودا خنکابوو ئەوا مەیخۆ). *- سەگی فێرەڕاو(پوختەی صحیحی موسلیم)

(فِي رِوَايَةٍ: (أَنَّهُ قَالَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ): إِنَّا نَرْمِي الصَّيْدَ فَنَقْتَفِي أَثَرَهُ الْيَوْمَيْنِ وَالثَّلَاثَةَ ثُمَّ نَجِدُهُ مَيِّتًا وَفِيهِ سَهْمُهُ، قَالَ: يَأْكُلُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

پ١٦/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر تیرەکە بە پانی بەنێچیر کەوت و کوشتی ئایا گۆشتەکەی دەخوری ؟ وە ئەگەر سەگەکە لە نێچیرەکەی خواردبوو ئایا گۆشتەکەی دەخوری؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَدِيِّ ابْنِ حَاتِمٍ (رضي الله عنه) قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ ((ﷺ) عَنِ الْمِعْرَاضِ؟ فَقَالَ: (إِذَا أَصَابَ بِحَدِّهِ فَكُلْ، وَإِذَا أَصَابَ بِعَرْضِهِ فَقَتَلَ فَإِنَّهُ وَقِيذٌ، فَلَا تَأْكُلْ). وَسَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ ((ﷺ) عَنِ الْكَلْبِ؟ فَقَالَ: (إِذَا أَرْسَلْتَ كَلْبَكَ وَذَكَرْتَ اسْمَ اللَّهِ فَكُلْ، فَإِنْ أَكَلَ مِنْهُ فَلَا تَأْكُلْ، فَإِنَّهُ إِنَّمَا أَمْسَكَ عَلَى نَفْسِهِ). قُلْتُ: فَإِنْ وَجَدْتُ مَعَ كَلْبِي كَلْبًا آخَرَ، فَلَا أَدْرِي أَيُّهُمَا أَخَذَهُ؟ قَالَ: (فَلَا تَأْكُلْ، فَإِنَّمَا سَمَّيْتَ عَلَى كَلْبِكَ وَلَمْ تُسَمِّ عَلَى غَيْرِهِ) رواه البخاري

واتە: (عدی) کوڕی (حاتم) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: لەبارەی ڕاوکردن بە نەقیزە پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)؟ ئەویش فەرمووی: (ئەگەر بە سەرە تیژەکەی نێچیری کوشت ئەوا بیخۆ، بەڵام ئەگەر بە باری پانی پیاکێشا و کوشتی ئەوە مرداربووە و نەیخۆیت). لەبارەی سەگەوە پرسیارم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد؟ فەرمووی: (ئەگەر سەگەکەت تێکرد و ناوی خوات هێنا ئەوا نێچیرەکە بخۆ، ئەگەر لێی خواردبێ ئیتر مەیخۆ، چونکە ئەوە تەنها بۆخۆی گرتووە). وتم: ئەگەر لەگەڵ سەگەکەی خۆمدا سەگێکی ترم بینی و نەمزانی کامیان گرتوویەتی؟ فەرمووی: (نەیخۆیت، چونکە تۆ ناوی خوات لەسەر سەگەکەی خۆت بردوە و ناوی خوات بۆ ئەوی تر نەبردووە).

وَفِي رِوَايَةٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ (إِذَا أَرْسَلْتَ كَلْبَك فَاذْكُرْ اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ، فَإِذَا أَمْسَكَ عَلَيْكَ فَأَدْرَكْتَهُ حَيًّا فَاذْبَحْهُ، وَإِنْ أَدْرَكْتَهُ قَدْ قَتَلَ وَلَمْ يَأْكُلْ مِنْهُ فَكُلْهُ، فَإِنَّ أَخْذَ الْكَلْبِ ذَكَاةٌ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ، وَهُوَ دَلِيلٌ عَلَى الْإِبَاحَةِ سَوَاءٌ قَتَلَهُ الْكَلْبُ جَرْحًا أَوْ خَنْقًا)

شرح) (١) المعراض: السهم الذي لا ريش عليه (٢) خزق: طعن الطائر فنفذ فيه (٣) الكلب المعلم) هو: الذى إذا زجر انزجر وإذا أرسل أطاع

پ٨٧ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر سەگی فێر نەکراو نێچیری گرت ئایا گۆشتەکەی دەخوری؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عنَ أَبِي ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّا بِأَرْضِ قَوْمٍ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ نَأْكُلُ فِي آنِيَتِهِمْ. وَأَرْضِ صَيْدٍ: أَصِيدُ بِقَوْسِي، وَأَصِيدُ بِكَلْبِي الْمُعَلَّمِ، أَوْ بِكَلْبِي الَّذِي لَيْسَ بِمُعَلَّمٍ، فَأَخْبِرْنِي مَا الَّذِي يَحِلُّ لَنَا مِنْ ذَلِكَ؟ قَالَ: (أَمَّا مَا ذَكَرْتَ أَنَّكُمْ بِأَرْضِ قَوْمٍ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ تَأْكُلُونَ فِي آنِيَتِهِمْ: فَإِنْ وَجَدْتُمْ غَيْرَ آنِيَتِهِمْ فَلَا تَأْكُلُوا فِيهَا، وَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فَاغْسِلُوهَا ثُمَّ كُلُوا فِيهَا. وَأَمَّا مَا ذَكَرْتَ أَنَّكَ بِأَرْضِ صَيْدٍ: فَمَا أَصَبْتَ بِقَوْسِكَ فَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ ثُمَّ كُلْ، وَمَا أَصَبْتَ بِكَلْبِكَ الْمُعَلَّمِ فَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ ثُمَّ كُلْ، وَمَا أَصَبْتَ بِكَلْبِكَ الَّذِي لَيْسَ بِمُعَلَّمٍ فَأَدْرَكْتَ ذَكَاتَهُ فَكُلْ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە: (أبو سەغلبەی خوشەنی) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە خاکی خەڵکانێك داین کە خاوەن پەڕاوی ئاسمانین لە قاپ و قاچاغیاندا شت دەخۆین، لە خاکێکی ڕاوکردندایین: بە کەوانەکەم ڕاو دەکەم، بەسەگە فێرە ڕاوەکەم ڕاو دەکەم، یان بەو سەگەی کە فێرەڕاو نیە، ئاگادارم بکە بزانم چی لەوانە بۆ ئێمە حەڵاڵە؟ فەرمووی: دەربارەی ئەوەی کە باست کرد ئێوە لە خاکی خەڵکانێکی خاوەن پەڕاوی ئاسمانیدان و لە قاپ و قاچاغیاندا دەخۆن، ئەگەر قاپ و قاچاغی ترتان دەست کەوت ئەوا لە هی ئەواندا مەخۆن، جا ئەگەر هی ترتان دەست نەکەوت ئەوا قاپ و قاچاغەکەیان بشۆن و پاشان تیایدا بخۆن، دەربارەی ئەوەش کە وای لە خاکێکی ڕاودا: ئەو نێچیرەی کە بەکەوانەکەت پێکات ناوی خوای لەسەر بهێنە و پاشان بیخۆ، ئەوەش کە بەسەگە فێرەڕاوەکەت دەیگریت، ناوی خوای لەسەر بهێنە و پاشان بیخۆ، ئەو نێچیرەی کە بە سەگە فێر نەکراوەکەت دەیگریت ئەگەر فریای سەربڕینی دەکەویت ئەوا بیخۆ).

وهو صريح في اشتراط التسمية لحل الصيد ودلالته على ذلك اصرح من دلاته على تحريم صيد غير المعلم.

پ ١٨ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر دەریا ئاژەڵێکی مردووی فڕێدا دەرەوە ئایا گۆشتی دەخوری؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ جَابِرٍ (رضي الله عنه) قَالَ: بَعَثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَأَمَّرَ عَلَيْنَا أَبَا عُبَيْدَةَ، نَتَلَقَّي عِيرًا لِقُرَيْشٍ، وَزَوَّدَنَا جِرَابًا مِنْ تَمْرٍ لَمْ يَجِدْ لَنَا غَيْرَهُ، فَكَانَ أَبُو عُبَيْدَةَ يُعْطِينَا تَمْرَةً تَمْرَةً، قَالَ: فَقُلْتُ: كَيْفَ كُنْتُمْ تَصْنَعُونَ بِهَا؟ قَالَ: نَمَصُّهَا كَمَا يَمَصُّ الصَّبِيُّ، ثُمَّ نَشْرَبُ عَلَيْهَا مِنَ الْمَاءِ، فَتَكْفِينَا يَوْمَنَا إِلَي اللَّيْلِ، وَكُنَّا نَضْرِبُ بِعِصِيِّنَا الْخَبَطَ، ثُمَّ نَبُلُّهُ بِالْمَاءِ فَنَأْكُلُهُ، قَالَ: وَانْطَلَقْنَا عَلَي سَاحِلِ الْبَحْرِ فَرُفِعَ لَنَا عَلَي سَاحِلِ الْبَحْرِ كَهَيْئَةِ الْكَثِيبِ الضَّخْمِ، فَأَتَيْنَاهُ فَإِذَا هِيَ دَابَّةٌ تُدْعَي الْعَنْبَرَ، (قَالَ): قَالَ أَبُو عُبَيْدَةَ: مَيْتَةٌ، ثُمَّ قَالَ: لَا، بَلْ نَحْنُ رُسُلُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَقَدِ اضْطُرِرْتُمْ فَكُلُوا. قَالَ: فَأَقَمْنَا عَلَيْهِ شَهْرًا، وَنَحْنُ ثَلَاثُ مِائَةٍ،

حَتَّي سَمِنَّا. قَالَ: وَلَقَدْ رَأَيْتُنَا نَغْتَرِفُ مِنْ وَقْبِ عَيْنِهِ بِالْقِلَالِ الدُّهْنَ، وَنَقْتَطِعُ مِنْهُ الْقَدَرَ كَالثَّوْرِ، أَوْ كَقَدْرِ الثَّوْرِ، فَلَقَدْ أَخَذَ مِنَّا أَبُو عُبَيْدَةَ ثَلَاثَةَ عَشَرَ رَجُلًا فَأَقْعَدَهُمْ فِي وَقْبِ عَيْنِهِ، وَأَخَذَ ضِلَعًا مِنْ أَضْلَاعِهِ فَأَقَامَهَا، ثُمَّ رَحَلَ أَعْظَمَ بَعِيرٍ مَعَنَا، فَمَرَّ مِنْ تَحْتِهَا. وَتَزَوَّدْنَا مِنْ لَحْمِهِ وَشَائِقَ، فَلَمَّا قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ، أَتَيْنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرْنَا ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ: (هُوَ رِزْقٌ أَخْرَجَهُ اللَّهُ لَكُمْ، فَهَلْ مَعَكُمْ مِنْ لَحْمِهِ شَيْءٌ فَتُطْعِمُونَا). قَالَ: فَأَرْسَلْنَا إِلَي رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْهُ فَأَكَلَهُ)رواه البخاري

واتە (جابر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ)ناردینی بۆ جەنگ و (ئەبو عوبەیدەی) کردە فەرماندەمان، بەدوای کاروانی قوڕەیشدا دەگەڕاین، تووشە بەرەیەك لە خورمای کردە تووشوومان و هیچی تری لا نەبوو بۆمان جگە لەوە، (ئەبو عوبەیدە) دەنکە خورمای دەداینێ. منیش وتم: ئەی ئێوە چیتان لێدەکرد؟ وتی: دەمانمژی هەروەك چۆن منداڵ دەیمژێ، پاشان ئاومان دەخواردەوە بەسەریدا، ئەو ڕۆژە تا شەوەکەی بەشی کردین، بەدارەکانی دەستمان گەڵای دارمان دەوەراند، پاشان بەئاو تەڕمان دەکرد و دەمانخوارد، بەکەناری دەریاکەدا ڕۆیشتین، لەکەناری دەریاکە تارمایی یەکمان دی وەکو تەپۆڵکە وابوو کە گەیشتینە لای سەیردەکەین گیاندارێکە پێی دەوترا (عنبر) ئەبو عوبەیدە وتی: ئەوە مرداربوەیە، پاشان وتی: نەخێر بەڵکو ئێمە نێردراوی پێغەمبەری خوا ین و لە پێناوی خوادا هاتووین، بەڕاستی ناچاربووین بیخۆن، وتی: ئێمە کە سێسەد کەس بووین یەك مانگ لەسەری ماینەوە هەتا قەڵەو بووین، وتی: ئێمەت ببینیایە لە چاڵی چاویدا بە گۆزەی گەورە ڕۆنمان هەڵدەگۆزی، پارچە گۆشتمان لێدەبڕی، یان بەقەدەر گایەك دەبوو، (ئەبو عوبەیدە) سیانزە پیاوی لێبردین و لە چاڵی چاویدا داینیشاندن، پەراسوویەکی لێهەڵگرت و دایچەقاند، پاشان گەورەترین حوشترێ کە پێمان بوو بردی بەژێریدا، لە گۆشتەکەی زۆرێکمان لێزەرد کرد و کردمانە تووشووی (ڕێ) کاتێ گەڕاینەوە مەدینە، هاتینە خزمەتی پێغەمبەری خواو (ﷺ) ئەو باسەمان بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: (ئەوە ڕزقێکە خوا بۆ ئێوەی هێناوەتە دەرێ، ئایا شتیك لە گۆشتەکەیتان پێیە بیدەنە دەرخواردمان). وتی: لە گۆشتەکەیمان نارد بۆ پێغەمبەری خواو (ﷺ) خواردی.

پ ١٩ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە بەبەرد ئاژەڵ سەر ببڕین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَن كعبِ بنِ مَالك أَنه كانَ لَهُ غَنَمٌ تُرْعَى بِسَلْعٍ فَأَبْصَرَتْ جَارِيَةٌ لَنَا بِشَاةٍ مِنْ غَنَمِنَا مَوْتًا فَكَسَرَتْ حَجَرًا فَذَبَحَتْهَا بِهِ فَسَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) فَأمره بأكلها) رَوَاهُ البُخَارِيّ

واتە: کەعبی کوڕی مالیك (ﷺ) دەڵێ: مەڕێکمان هەبوو، جاریەکمان بینی خەریکە مەڕەکە دەمرێ، بەردێکی شکاندو پێی کوشتەوە، کەعب دەربارەی پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ)کرد ، فەرمانی کرد بەخواردنی گۆشتەکەی.

وفي رواية(عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ، أَنَّ ذِئْبًا نَيَّبَ فِي شَاةٍ، فَذَبَحُوهَا بِمَرْوَةٍ (فَرَخَّصَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي أَكْلِهَا) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح لغير(شرح: (نيب) أي أثر فيه بنابه. والناب سن خلف الرباعية)

واتە: زەیدی کوڕی سابیت (ﷺ) دەڵێ: گورگێك چڕنوکی لە مەڕێك دا، کوشتیانەوە بە بەرد، پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی دان بۆ خواردنی.

پ.٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بەچ شتێك نابێ ئاژەڵ سەربېڕدرێت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن رَافع بن خديج قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا لَاقُوا الْعَدُوَّ غَدًا وَلَيْسَتْ مَعَنَا مُدًى أَفَنَذْبَحُ بِالْقَصَبِ؟ قَالَ: مَا أَنْهَرَ الدَّمَ وَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ فَكُلْ لَيْسَ السِّنَّ وَالظُّفُرَ وَسَأُحَدِّثُكَ عَنْهُ: أَمَّا السِّنُّ فَعَظْمٌ وَأَمَّا الظُّفُرُ فَمُدَى الْحَبَشِ وَأَصَبْنَا نَهْبَ إِبِلٍ وَغَنَمٍ فَنَدَّ مِنْهَا بِعِيرٌ فَرَمَاهُ رَجُلٌ بِسَهْمٍ فَحَبَسَهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّ لِهَذِهِ الْإِبِلِ أَوَابِدَ كَأَوَابِدِ الْوَحْشِ فَإِذَا غَلَبَكُمْ مِنْهَا شَيْءٌ فَافْعَلُوا بِهِ هَكَذَا) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: (رافع) کوڕی (خَدیج) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سبەینێ ئێمە بە دوژمن دەگەین و چەقۆمان پێنیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەرچی خوێن فیشقە پێبکات و ناوی خواشی لەسەربرابێ بیخۆ، نەك بە ددان و نینۆك، با پێت بڵێم: کە ددان ئێسقانەو

نینۆکیش چەقۆی حەبەشیەکانە). دەڵێ: لە حوشتر و مەڕ دەستکەوتی جەنگمان دەست کەوت، حوشترێکیان یاخی بوو، پیاوێك تیرێکی تێتەقاند و ڕای گرت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئەم حوشترانە هەیانە یاخی دەبێ هەروەك یاخی بوونی کێوییەکان، ئەگەر یەکێکیان لێتان یاخی بوو ئێوەش ئاوای لەگەڵدا بکەن).

وَالْأَوَابِدُ: جَمْعُ آبِدَةٍ وَهِيَ الَّتِي تَوَحَّشَتْ وَنَفَرَتْ (كَأَوَابِدِ الْوَحْشِ) أَيْ: حَيَوَانُ الْبَرِّ (فَإِذَا غَلَبَكُمْ فِيهَا) أَيْ: مِنْ أَوَابِدِ الْإِبِلِ

پ ٢١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بێچووی ناو سکی ئاژەڵ دەخوری لە کاتی سەربڕین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! نَنْحَرُ النَّاقَةَ، وَنَذْبَحُ الْبَقَرَةَ وَالشَّاةَ، فَنَجِدُ فِي بَطْنِهَا الْجَنِينَ، أَنُلْقِيهِ أَمْ نَأْكُلُهُ؟ قَالَ: كُلُوهُ إِنْ شِئْتُمْ، فَإِنَّ ذَكَاتَهُ ذَكَاةُ أُمِّهِ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ، وَالتِّرْمِذِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ. قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (ﷺ) دەڵێ: وتمان ئەی نێرراوی(ﷺ) خودا ئێمە حوشتر دەکوژینەوە، و مانگا ومەڕیش سەردەبڕین، دەبینین بێچووی لەناو سکدایە، ئایا فڕێی بدەین یان بیخۆین؟ فەرمووی: ئەگەر حەزدەکەن بیخۆن ، کوشتنەوەی دایکەکەی بە بڕی بێچووەکەی دەکەوێ.

پ٢٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە ڕاو کاتێ چەقۆم دەست ناکەوێ بەچی سەری نێچیر ببڕم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرْسِلُ كَلْبِي فَيَأْخُذُ الصَّيْدَ وَلَا أَجِدُ مَا أُذَكِّيهِ بِهِ فَأُذَكِّيهِ بِالْمَرْوَةِ وَالْعَصَا قَالَ أَهْرِقْ الدَّمَ بِمَا شِئْتَ وَاذْكُرْ اسْمَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: عەدی کوڕی حاتیم (رضي الله عنه) دەڵێ: گوتم: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)، سەگەکەم دەنێرم بۆ ڕاو نێچیر دەگرێ، هیچ شت نادۆزمەوە سەری پێ ببڕم، ئایا سەری ببڕم بە بەرد و دار، فەرمووی: بەچی حەزدەکەی خوێن برژێنە وناوی خودای لێ بێنە. (الْمَرْوَة حجر أَبيض براق وَقيل الَّتِي يقْدَح مِنْهَا النَّار)

پ٢٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر تیرم هاویشت بۆ نێچیر، پاش شەوێك لاشەکەم دۆزیەوە ئایا بیخۆم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرْمِي الصَّيْدَ فَأَطْلُبُ أَثَرَهُ بَعْدَ لَيْلَةٍ قَالَ إِذَا وَجَدْتَ فِيهِ سَهْمَكَ وَلَمْ يَأْكُلْ مِنْهُ سَبُعٌ فَكُلْ (رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: عەدی کوڕی حاتیم (رضي الله عنه) دەڵێ: وتم:ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) تیر دەهاوێم بۆ نێچیر، پاشان بەدوایدا دەگەڕێم پاش شەوێك دەیدۆزمەوە، فەرمووی: ئەگەر تیری خۆت لەناویدا دۆزیەوە ودڕندەش لێیان نەخواردبوو، ئەوە گۆشتەکەی بخۆ.

وانەی سی و یەك

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی سزای زینا و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کوڕەکەم کرێکاربوو لای پیاوێك بەڵام زینای لەگەڵ ژنی خاوەن ماڵ کردووە،منیش ژنێك وسەد مەڕم لە جیاتی داوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ وَزَيْدِ بْنِ خَالِدٍ (أَنَّ رَجُلَيْنِ اخْتَصَمَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ أَحَدُهُمَا: اقْضِ بَيْنَنَا بِكِتَابِ اللَّهِ. وَقَالَ الْآخَرُ: أَجَلْ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَاقْضِ بَيْنَنَا بِكِتَابِ اللَّهِ وَأْذَنْ لِي أَنْ أَتَكَلَّمَ قَالَ: تَكَلَّمْ قَالَ إِنَّ ابْنِي كَانَ عَسِيفًا عَلَى هَذَا فَزَنَى بِامْرَأَتِهِ فَأَخْبَرُونِي أَنَّ عَلَى ابْنِي الرَّجْمَ فَافْتَدَيْتُ مِنْهُ بِمِائَةِ شَاةٍ وَبِجَارِيَةٍ لِي ثُمَّ إِنِّي سَأَلْتُ أَهْلَ الْعِلْمِ فَأَخْبَرُونِي أَنَّ عَلَى ابْنِي جَلْدَ مِائَةٍ وَتَغْرِيبَ عَامٍ وَإِنَّمَا الرَّجْمُ عَلَى امْرَأَتِهِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَمَا وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَأَقْضِيَنَّ بَيْنَكُمَا بِكِتَابِ اللَّهِ أَمَّا غَنَمُكَ وَجَارِيَتُكَ فَرَدٌّ عَلَيْكَ وَأَمَّا ابْنُكَ فَعَلَيْهِ جَلْدُ مِائَةٍ وَتَغْرِيبُ عَامٍ وَأَمَّا أَنْتَ يَا أُنَيْسُ فَاغْدُ إِلَى امْرَأَةِ هَذَا فَإِنِ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا، فَاعْتَرَفَتْ فَرَجَمَهَا) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ (عَسِيفًا اي اجيرا عنده)

واتە: ئەبو هورەیرە وزەیدی کوڕی خالید (خودا لێیان رازی بێ) دەڵێن: دوو پیاو کێشەیان بردە لای پێغەمبەر(ﷺ)، یەکێکیان وتی: فەرمانمان بۆ دەربکە

بە کتێبی خودا، ئەوی دیکەش وتی: فەرمانمان بۆ دەربکە بەکتێبی خودا، وتی: مۆڵەتم بدە قسە بکەم، کوڕەکەم کرێگرتەی ئەو پیاوە بووە، زینای کردووە لەگەڵ ژنەکەی، هەواڵیان پێدام کە کوڕەکەم بەردباران (ڕەجم) دەکرێت، منیش لە بڕی بەردباران نەکردن (١٠٠) مەڕ و جاریەکم پێ داون، پاشان پرسیارم کرد لە خەڵکی زانا وتیان: کوڕەکەی تۆ (١٠٠) شورکی (جەڵدەی) لێ دەدرێ و سالێك دوور دەخرێتەوە، ژنەکەی ئەویش بەردباران دەکرێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سوێندم بەوەی گیانی منی بەدەستە بڕیارتان بۆ دەدەم بە کتێبی خودا، جاریەکەو سەد مەڕەکە ڕەت دەکرێتەوە بۆ تۆ، کوڕی تۆش ئەبێ سەد جەڵدەی لێ بدرێ و سالێك دوور بخرێتەوە، ئەی ئونیس (انس) تۆش بڕۆ ئەگەر ئەو ئافرەتە دانی نا بە زینا کردن ڕەجمی بکەن، دانی ناو ڕەجم کرا.

پ ٢ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا سزای ئەو پیاو وئافرەتانەچیە کە زینایان کردووە،بەڵام هاوسەرگیریان نەکردووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ أَمَرَ فِيمَنْ زَنَى وَلَمْ يُحْصَنْ بِجَلْدِ مِائَةٍ وَتَغْرِيبِ عَامٍ) رواه البخاري

واتە: زەیدی کوڕی خالید (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد ئەوەی زینای کرد بەڵام پیاوەکەو ئافرەتەکە هاوسەرگیریان نەکرد بوو، ئەوا سزایان لێدانی سەد دار و سالێك دوور خستنەوەیە.

پ ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا سزای ئەو پیاو وئافرەتانە چیە کە زینایان کردووە وهاوسەرگیرییان کردووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ: أَن الْيَهُود جاؤوا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرُوا لَهُ أَنَّ رَجُلًا مِنْهُمْ وَامْرَأَةً زَنَيَا فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَا تَجِدُونَ فِي التَّوْرَاةِ فِي شَأْنِ الرَّجْمِ؟) قَالُوا:

نَفْضَحُهُمْ وَيُجْلَدُونَ قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلَامٍ: كَذَبْتُمْ إِنَّ فِيهَا الرَّجْمَ فَأْتُوا بِالتَّوْرَاةِ فَنَشَرُوهَا فَوَضَعَ أَحَدُهُمْ يَدَهُ عَلَى آيَةِ الرَّجْمِ فَقَرَأَ مَا قَبْلَهَا وَمَا بَعْدَهَا فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلَامٍ: ارْفَعْ يَدَكَ فَرَفَعَ فإذا فِيهَا آيةُ الرَّجم. فَقَالُوا: صَدَقَ يَا محمَّدُ فِيهَا آيَة الرَّجْم. فَأمر بهما النَّبِي (ﷺ) فَرُجِمَا. وَفِي رِوَايَةٍ: قَالَ: ارْفَعْ يَدَكَ فَرَفَعَ فَإِذَا فِيهَا آيَةُ الرَّجْمِ تَلُوحُ فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ إِنَّ فِيهَا آيَةَ الرَّجْمِ وَلِكِنَّا نَتَكَاتَمُهُ بَيْنَنَا فَأَمَرَ بِهِمَا فَرُجِمَا) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە هاتووە دەڵێ: جوولەکە هاتنە لای پێغەمبەر(ﷺ) گوتیان پیاوێك و ئافرەتێکی جوولەکە زینایان کردوە حوکمیان بۆ بدە، فەرمووی: چی لە تەورات هەیە دەربارەی ڕەجم، گوتیان: ڕیسوا دەکرێن و قامچیان لێ دەدرێ، (عبدالله کوڕی سەلام) گوتی: درۆ دەکەن، لەتەورات هاتووە ڕەجم دەکرێن،و دەبڕۆن تەورات بێنن، هێنایان کردیانەوە، یەکێك دەستی لەسەر ئایەتی ڕەجم دانا، پاش و پێشی خوێندەوە، (عبدالله) پێ گوت دەستت هەڵگرە، دەستی هەڵگرت کە تەماشایان کرد ئایەتی ڕەجمی تێدابوو، گوتیان: ئەی (محمد) راستە ئایەتی ڕەجمی تێدایە، جا پێغەمبەر فەرمانی کرد هەردووکیان ڕەجم کردن. (دیارە پیاوەکە ژنی هەبووە و ژنەکەش مێرد)

پ ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من زینام کردوە هاتووم بۆ سزا ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: أَتَى النَّبِيُّ (ﷺ) رَجُلٌ وَهُوَ فِي الْمَسْجِدِ فَنَادَاهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي زَنَيْتُ فَأَعْرَضَ عَنْهُ النَّبِيُّ (ﷺ) فَتَنَحَّى لِشِقِّ وَجْهِهِ الَّذِي أَعْرَضَ قِبَلَهُ فَقَالَ: إِنِّي زَنَيْتُ فَأَعْرَضَ عَنْهُ النَّبِيُّ (ﷺ) فَلَمَّا شَهِدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ دَعَاهُ النَّبِيُّ (ﷺ) فَقَالَ: (أَبِكَ جُنُونٌ؟) قَالَ: لَا فَقَالَ: (أُحْصِنْتَ؟) قَالَ: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: (اذْهَبُوا بِهِ فَارْجُمُوهُ) متفق عليه

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) لەو کاتە لە مزگەوت بوو، بانگی کرد ئەی پێغەمبەری خودا من زینام کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) پشتی تێ کرد، کابرا خۆی سوڕاندە لای ڕووی پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: من زینام کردووە، کاتێ چوار جار شایەدی لە سەرخۆیدا، پێغەمبەر(ﷺ) بانگی

کرد فەرمووی: تۆ شێتی؟ گوتی: نەخێر، فەرمووی: ژنت هێناوە، گوتی: بەڵێ، فەرمووی: بڕۆن ڕەجمی بکەن.

پ٤/ ماعیز و ئافرەتێکی هۆزی غامیدی دەڵێن زینامان کردووە ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) هاتووین بۆ سزا لێ وەرگرتنمان؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ بُرَيْدَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ مَاعِزَ بْنَ مَالِكٍ الْأَسْلَمِيَّ أَتَى رَسُولَ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي قَدْ ظَلَمْتُ نَفْسِي وَزَنَيْتُ، وَإِنِّي أُرِيدُ أَنْ تُطَهِّرَنِي. فَرَدَّهُ، فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَاهُ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي قَدْ زَنَيْتُ، فَرَدَّهُ الثَّانِيَةَ: فَأَرْسَلَ رَسُولُ الله (ﷺ) إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ: (أَتَعْلَمُونَ بِعَقْلِهِ بَأْسًا؟ تُنْكِرُونَ مِنْهُ شَيْئًا). فَقَالُوا: مَا نَعْلَمُهُ إِلَّا وَفِيَّ الْعَقْلِ مِنْ صَالِحِينَا فِيمَا نُرَي. فَأَتَاهُ الثَّالِثَةَ: فَأَرْسَلَ إِلَيْهِمْ أَيْضًا فَسَأَلَ عَنْهُ، فَأَخْبَرُوهُ أَنَّهُ لَا بَأْسَ بِهِ وَلَا بِعَقْلِهِ، فَلَمَّا كَانَ الرَّابِعَةَ حَفَرَ لَهُ حُفْرَةً، ثُمَّ أَمَرَ بِهِ فَرُجِمَ. قَالَ: فَجَاءَتِ الْغَامِدِيَّةُ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي قَدْ زَنَيْتُ فَطَهِّرْنِي. وَإِنَّهُ رَدَّهَا. فَلَمَّا كَانَ الْغَدُ، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ لِمَ تَرُدُّنِي؟ لَعَلَّكَ أَنْ تَرُدَّنِي كَمَا رَدَدْتَ مَاعِزًا، فَوَاللَّهِ إِنِّي لَحُبْلَى. قَالَ: (إِمَّا لَا فَاذْهَبِي حَتَّي تَلِدِي). قَالَ: فَلَمَّا وَلَدَتْ أَتَتْهُ بِالصَّبِيِّ فِي خِرْقَةٍ قَالَتْ: هَذَا قَدْ وَلَدْتُهُ، قَالَ: (اذْهَبِي فَأَرْضِعِيهِ حَتَّي تَفْطِمِيهِ). فَلَمَّا فَطَمَتْهُ أَتَتْهُ بِالصَّبِيِّ فِي يَدِهِ كِسْرَةُ خُبْزٍ، فَقَالَتْ: هَذَا يَا نَبِيَّ اللَّهِ قَدْ فَطَمْتُهُ، وَقَدْ أَكَلَ الطَّعَامَ، فَدَفَعَ الصَّبِيَّ إِلَى رَجُلٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ، ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَحُفِرَ لَهَا إِلَي صَدْرِهَا، وَأَمَرَ النَّاسَ فَرَجَمُوهَا، فَيُقْبِلُ خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ بِحَجَرٍ فَرَمَي رَأْسَهَا، فَتَنَضَّحَ الدَّمُ عَلَي وَجْهِ خَالِدٍ، فَسَبَّهَا، فَسَمِعَ نَبِيُّ الله (ﷺ) سَبَّهُ إِيَّاهَا فَقَالَ: (مَهْلًا يَا خَالِدُ، فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ تَابَهَا صَاحِبُ مَكْسٍ لَغُفِرَ لَهُ). ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَصَلَّي عَلَيْهَا وَدُفِنَتْ) رواه مسلم

واتە: لە(بوڕەیدە)ەوە دەگێڕنەوە کە پیاوێك بە ناوی (ماعیز)ی کوڕی (مالك)ی (الاسلمی) هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من ستەمم لە خۆم کردوە و زینام کردووە، ئەمەوێت لەو تاوانە پاکم کەیتەوە. پێغەمبەریش (ﷺ) گەڕاندییەوە، ڕۆژی دواتر سەر لەبەیانی هاتەوەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەڕاستی من زینام کردووە. ئەمجارەیشیان هەر گەڕاندییەوە پێغەمبەر (ﷺ) ناردی

بۆلای کەس و کار و هۆزەکەی فەرمووی: (ئایا لە عەقڵیدا هیچ عەیبێك ئەبینن، شتێکی وای لێبەدی دەکەن کە حەزی پێ نەکەن؟) وتیان: نەخێر وای نازانین کە وابێت بەڵکو بەپیاوێکی عاقڵ و تەواوی دەزانین لە پیاو باشانی خۆمان دێتە پێش چاومان. بۆ جاری سێهەم هاتەوە بۆلای و پاشان هەم دیسان ناردیەوە بۆلایان پرسیاری لێکردن دەربارەی، ئەوانیش دیسان خەبەریان پێدایەوە کە هیچ شك نابەین نەلە خۆی و نەلە عەقڵیدا. کە جاری چوارەم هاتەوە چاڵێکی بۆ هەڵ کەنراو، پاشان فەرمانیدا بەرد بارانیان کرد. دەڵێ: ئینجا ئافرەتێکی هۆزی (غامیدی) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من زینام کردووە پاکم کەرەوە. دیسان ئەمیشی گەڕاندەوە، بۆ ڕۆژی دواتر هاتەوە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ دەمگەڕێنیتەوە؟ ڕەنگە بتەوێت وەك چۆن (ماعز)ت گەڕاندەوە منیش بگەڕێنیتەوە دەبەخوا من سکم پڕە فەرمووی: (دە هەر نا کەواتە بڕۆ تا منداڵەکەت دەبێت) دەڵێ: کاتێك منداڵەکەی بوو هاتەوە بۆ لای منداڵەکەی مناڵۆتکە کردبوو لە پارچە پەڕۆیەکدا. وتی: ئەمە منداڵەکەیە وابوومە، فەرمووی: (دەبڕۆ شیری پێبدە تا لە شیر دەیبڕیتەوە). کاتێ لە شیری بڕیەوە بە منداڵەکەوە هاتەوە بۆ خزمەتی منداڵەکە پارچە نانێکی بەدەستەوە بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە منداڵەکەیە وا لە شیر بڕیومەتەوە و نانەخۆرەیش بووە. ئیتر منداڵەکە دەداتە دەست پیاوێك لە موسڵمانەکان، پاشان فەرمان ئەکات چاڵێکی بۆ هەڵدەکەنرێت تا سەر سینگی، ئینجا فەرمانی کرد بە خەڵکی ڕەجمیان کرد ئا لەو کاتەدا خالیدی کوڕی ولید بەردێکی تێدەگرێت دەیدا بەسەریدا و خۆێن فیشقە دەکات بەسەروچاوی (خالد) دا، ئەویش جنێوی پێدەدات، پێغەمبەریش (ﷺ) گوێی لەجنێوەکەی دەبێت کە پێی دەدات و دەفەرموێت: هێور و لەسەر خۆ بە ئەی (خالد) سوێندبێت بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەم ئافرەتە تەوبەیەکی وای کردووە ئەگەر پیاوی باجگریش ئەو تەوبەی بکردایە خوا لێی خۆش دەبوو، پاشان فەرمانی پێکرد نوێژی لەسەرکرد و شاردیانەوە.

شرح: (صاحب مكس) (المَكْسُ: ضريبة ياخذها المُكَّاسُ) المعاني (ئەوانەی باج کۆدەکەنەوە

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من سزام (حد) لەسەر پێویست بووە لێم دەربکە تاکو پاک ببمەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: بَيْنَمَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْمَسْجِدِ وَنَحْنُ قُعُودٌ مَعَهُ، إِذْ جَاءَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَصَبْتُ حَدًّا فَأَقِمْهُ عَلَيَّ. فَسَكَتَ عَنْهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثُمَّ أَعَادَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَصَبْتُ حَدًّا فَأَقِمْهُ عَلَيَّ، فَسَكَتَ عَنْهُ، وَأُقِيمَتِ الصَّلَاةُ، فَلَمَّا انْصَرَفَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ أَبُو أُمَامَةَ: فَاتَّبَعَ الرَّجُلُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ انْصَرَفَ، وَاتَّبَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنْظُرُ مَا يَرُدُّ عَلَى الرَّجُلِ، فَلَحِقَ الرَّجُلُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أَصَبْتُ حَدًّا فَأَقِمْهُ عَلَيَّ. قَالَ أَبُو أُمَامَةَ: فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (أَرَأَيْتَ حِينَ خَرَجْتَ مِنْ بَيْتِكَ أَلَيْسَ قَدْ تَوَضَّأْتَ فَأَحْسَنْتَ الْوُضُوءَ). قَالَ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: (ثُمَّ شَهِدْتَ الصَّلَاةَ مَعَنَا). فَقَالَ: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (فَإِنَّ اللَّهَ قَدْ غَفَرَ لَكَ حَدَّكَ. أَوْ قَالَ: ذَنْبَكَ) رواه مسلم

واتە: (أبو أمامه) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەمزگەوتا بوو، ئێمەیش لە خزمەتیدا دانیشتبووین، پیاوێك هات وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من شایستەی سزای گوناهێك بووم لەسەرمی جێبەجێ بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) لێی، بێدەنگ بوو. پاشان دووبارەی کردەوە و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من شایستەی سزای گوناهێك بووم جێبەجێی بکە لەسەرم، هەر لێی بێدەنگ بوو، نوێژ دابەسترا، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێبوویەوە و ڕۆیشت، پیاوەکە شوێنی کەوت. منیش شوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوتم تا بزانم چ وەڵامێکی پیاوەکە دەداتەوە، پیاوەکە گەیشت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) شایستەی سزای گوناهێك بووم، جێبەجێی بکە لەسەرم. (أبو امامه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (باشە کاتێك لەماڵەکەت دەرچوویت بەجوانی دەست نوێژت نەگرت). وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: (لەدوایدا ئامادەی نوێژ بوویت لەگەڵمان) وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (دە خوا لە سزای گوناهەکەت خۆش بوو) یا فەرمووی: (لە گوناهەکەت).

قال ابن القيم: (وقد اختلف في وجه هذا الحديث: قالت طائفة: اقر بحد ولم يسمه فلم يجب على الامام استفساره، ولو سماه لحد كما حد ماعزا،وقالت طائفة: بل غفرالله

له بتوبته، والتائب من الذنب كمن لا ذنب له، وعلى هذا فمن تاب من الذنب قبل القدرة عليه سقطت عنه حقوق الله تعالى كما تسقط عن المحارب وهذا هو الصواب، واما حقوق الخلق فلا تسقط الا بالاداء او الابراء) فتوى الرسول واحكامه

پ ٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەستبازیم لەگەڵ ئافرەتێك كردوو لەزەتم لێ وەرگرت، بەڵام زینام لەگەڵ نەكردووە؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللهِ، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ: إِنِّي عَالَجْتُ امْرَأَةً فِي أَقْصَى الْمَدِينَةِ وَإِنِّي أَصَبْتُ مِنْهَا مَا دُونَ أَنْ أَمَسَّهَا وَأَنَا هَذَا فَاقْضِ فِيَّ مَا شِئْتَ، فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: لَقَدْ سَتَرَكَ اللَّهُ لَوْ سَتَرْتَ عَلَى نَفْسِكَ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) شَيْئًا، فَانْطَلَقَ الرَّجُلُ فَأَتْبَعَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) رَجُلاً، فَدَعَاهُ فَتَلاَ عَلَيْهِ (وَأَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إِنَّ الحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ) إِلَى آخِرِ الآيَةِ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ القَوْمِ: هَذَا لَهُ خَاصَّةً؟ قَالَ: لاَ، بَلْ لِلنَّاسِ كَافَّةً) رواه الترمذي قال الالباني صحيح حسن

(إِنِّي عَالَجْتُ امْرَأَةً): أَيْ: دَاعَبْتُهَا)مرقاه المفاتيح (عالجها اى داعبها) داعب واته دەسبازی و گالتەی لەگەڵ كرد، (زاول: واته ئەنجامی دا) فەرهەنگی سەرچاوە

واته: له عەبدوڵای كوڕی مەسعودەوە هاتووە دەڵێ: پیاوێك هاته خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: من دەستبازیم لەگەڵ ئافرەتێكدا كرد له و سەری شار، ماچم كردوو له باوەشم گرت، و پەشیمانم هاتووم تۆڵەم لێ وەرگرەوە، پێشەوا (عومەر) فەرمووی: خوا تۆی داپۆشیەوە بۆچی گوناهەكەت دەردەخەی؟ پێغەمبەر(ﷺ) بێ دەنگ بوو، كابرا ڕۆیشت، پێغەمبەر هاوەڵێكی بەدوادا نارد، ئەم ئایەتەی بۆ دابەزی (وَأَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إِنَّ الحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ) پیاوێك گوتی: ئەی نێرراوی خودا ئەم بڕیارە تایبەتە بۆ ئەو كەسە؟ فەرمووی: نەخێر گشتییە بۆ هەموو كەسێ.

تێبینی: ئەم كابرایە زۆر پەشیمان بوویەوە، تۆبەیەكی ڕاستەقینەی كرد تەنانەت ئامادەی تۆڵەكردنەوە بوو، بۆیە ناكرێت ئینسان چاوی له ناموسی خەڵكی بێ.

وانەی سی و دوو

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی سوێندان (القسامة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئایا پێغەمبەری خودا (ﷺ) سوێندی بە کۆمەڵی هێشتەوە کە پێش ئیسلام هەبوو ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ رَجُلٍ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ (ﷺ) مِنَ الْأَنْصَارِ: أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) أَقَرَّ الْقَسَامَةَ عَلَى مَا كَانَتْ عَلَيْهِ فِي الْجَاهِلِيَّةِ) رواه مسلم

واتە: لە پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کەلە یاریدەدەرانە دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ) سوێندی بە کۆمەڵ (القسامە)ی هێشتەوە لەسەر شێوەی خۆی وەك سەردەمی نەفامی

ڕوونکردنەوە: (القسامة): واتە سوێند، بەڵام لێرە مانای سوێند خواردنی بە کۆمەڵ کە (٥٠) کەس سوێند دەخون منداڵ و ژن و شێت و بەندە نەبن، ئەگەر پەنجا کەس نەبوون ئامادەبووان (٥٠) سوێند دەخۆن، بەم شێوە خوێن بۆ خوێان مسۆگر دەکەن، ئەگەر سوێندیان نەخوارد، ئەوە تاوانبارەکان سوێند دەخۆن خوێنیان لەسەر لادەچێ (لە کاتێك قاتیل لە ناو قەومێك وون دەبێ)

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئێمە سوێند ناخۆین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَهْلِ بْنِ أَبِي حَثْمَةَ، أَنَّهُ عَنْ رِجَالٍ مِنْ كُبَرَاءِ قَوْمِهِ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ سَهْلٍ وَمُحَيِّصَةَ خَرَجَا إِلَى خَيْبَرَ مِنْ جَهْدٍ أَصَابَهُمْ، فَأَتَي مُحَيِّصَةُ فَأَخْبَرَ أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ سَهْلٍ قَدْ قُتِلَ وَطُرِحَ فِي عَيْنٍ أَوْ فَقِيرٍ، فَأَتَي يَهُودَ فَقَالَ: أَنْتُمْ وَاللَّهِ قَتَلْتُمُوهُ، قَالُوا: وَاللَّهِ مَا قَتَلْنَاهُ، ثُمَّ أَقْبَلَ حَتَّي قَدِمَ عَلَي قَوْمِهِ فَذَكَرَ لَهُمْ ذَلِكَ، ثُمَّ أَقْبَلَ هُوَ وَأَخُوهُ حُوَيِّصَةُ -وَهُوَ أَكْبَرُ مِنْهُ- وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ سَهْلٍ، فَذَهَبَ مُحَيِّصَةُ لِيَتَكَلَّمَ، وَهُوَ الَّذِي كَانَ بِخَيْبَرَ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ) لِمُحَيِّصَةَ: (كَبِّرْ كَبِّرْ) يُرِيدُ السِّنَّ. فَتَكَلَّمَ حُوَيِّصَةُ، ثُمَّ تَكَلَّمَ مُحَيِّصَةُ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): (إِمَّا أَنْ يَدُوا صَاحِبَكُمْ، وَإِمَّا أَنْ يُؤْذِنُوا بِحَرْبٍ). فَكَتَبَ رَسُولُ (ﷺ) إِلَيْهِمْ فِي ذَلِكَ، فَكَتَبُوا: إِنَّا وَاللَّهِ مَا قَتَلْنَاهُ، فَقَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) لِحُوَيِّصَةَ وَمُحَيِّصَةَ وَعَبْدِ الرَّحْمَنِ: (أَتَحْلِفُونَ وَتَسْتَحِقُّونَ دَمَ صَاحِبِكُمْ). قَالُوا: لَا، قَالَ: (فَتَحْلِفُ لَكُمْ يَهُودُ). قَالُوا: لَيْسُوا بِمُسْلِمِينَ، فَوَادَاهُ رَسُولُ (ﷺ) مِنْ عِنْدِهِ، فَبَعَثَ إِلَيْهِمْ رَسُولُ (صلي الله عليه وسلم) مِائَةَ نَاقَةٍ حَتَّي أُدْخِلَتْ عَلَيْهِمُ الدَّارَ، فَقَالَ سَهْلٌ: فَلَقَدْ رَكَضَتْنِي مِنْهَا نَاقَةٌ حَمْرَاءُ) رواه البخاري

واتە: لە(سهل)ی کوڕی (أبي حثمة)وە ئەویش لە چەند گەورە پیاوانێکی هۆزەکەیەوە دەگێڕێتەوە کە (عبدالله)ی کوڕی (سهل) و (مُحیصه) دەرئەچن بۆ خەیبەر لەبەر نەبوونی و برسێتی کە تووشیان بوو بوو، لەوکاتەدا هەواڵ درا بە (محیصه)کە (عبدالله)ی کوڕی (سهل) کوژراوە و فڕێ دراوەتە ناو کارێزێك یا بیرێکی دەم بڵاوی نزیکە دەستەوە، هات بۆلای جوولەکەکان و پێی وتن: بەخوا ئێوە کوشتوتانە، ئەوانیش وتیان: بەخوا ئێمە نەمان کوشتووە، دوای ئەوە بەڕێ دەکەوێت تادێتەوە بۆلای هۆزەکەی و ڕووداوەکەیان بۆ باس دەکات. پاشان ئەو و (حویصه)ی براگەورەی و (عبدالرحمن)ی کوڕی (سهل) دێن بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) سەرەتا (محیصه) -ئەوەی کەلە خەیبەر بوو- ویستی قسە بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (گەورەتر، گەورەتر) مەبەستی تەمەن بوو (واتە با لە تۆ بەتەمەنتر قسە بکات) ئینجا (حویصه)دێتە گۆو دوای ئەو (محیصه)یش، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (یا ئەبێ ئێوەی جوولەکە. خوێنی هاوەڵەکەتان بدەن، یادەبێت جەنگ ڕاگەیەنن). پێغەمبەر (ﷺ) لەوبارەوە

نامەی بۆ نووسین، ئەوانیش بۆیان نووسیەوە: کە بەخوا ئێمە نەمان کوشتووە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بە (حویصە)و (محیصە)و (عبدالرحمن)ی فەرموو: (ئایا سوێند دەخۆن تا خوێنی هاوەڵەکەتان مسۆگەر بکەن) وتیان: نەخێر، فەرمووی: (ئەی جوولەکەکان سوێندتان بۆ بخۆن؟) وتیان: ئەوان موسڵمان نین، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) لەلایەن خۆیەوە خوێنەکەی بۆدان و سەد حوشتری بۆ ناردن تا کرانە ژوورەوە بۆیان. (سهل) دەڵێ: وشترێکی سووریان لەقەیەکی لێدام.

پ٤/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کەسی بیرهەڵکەن و یان ئەوەی ئاژەڵ دەیکوژی خوێنی لەسەر کێیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: (البئر جَرْحُهَا جُبَارٌ، وَالْبِئْرُ جُبَارٌ، وَالْمَعْدِنُ جُبَارٌ، وَالْعَجْمَاءُجَرْحُهَا جُبَارٌ، وَفِي الرِّكَازِ الْخُمْسُ)رواه البخاري (المعدن) (السقوط في المناجم هدر لا يعوض عنه)(جبار)(هدر لا ضمان لمن مات بسبب التنقيب عنه،(العجماء) البهيمة، (البئر: اي القوع فيها)

واتە: لە(ئەبو هورەیرە)(خوای لێی ڕازی بێت) ئەویش لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە فەرموویەتی: (بیر هەڵکەندن هەر زیانێکی لێبکەوێتەوە بە فیڕۆ دەڕوات، کانزا هەڵکەندنیش هەر زیانێکی لێبکەوێتەوە بە فیڕۆ دەڕوات، گیانلەبەری بێزمانیش هەر زیانێکی لێبکەوێتەوە بەهەدەر دەڕوات و گەنجینە شاراوەکانی پێش ئیسلام پێنج یەکی زەکاتە.

وفي رواية (عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ قُتِلَ فِي عِمِّيَّا أَوْ رِمِّيَّا تَكُونُ بَيْنَهُمْ بِحَجَرٍ أَوْ سَوْطٍ أَوْ بِعَصًا فَعَقْلُهُ عَقْلُ خَطَإٍ، وَمَنْ قَتَلَ عَمْدًا فَقَوَدُ يَدِهِ، فَمَنْ حَالَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ، لَا يُقْبَلُ مِنْهُ صَرْفٌ وَلَا عَدْلٌ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئیبن عەباس (ڕضی اللە عنهما) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەوەی بکوژرێ بەکوێرانە، یان کاتێ شت بۆ یەکتر دەهاوێن (لە شەڕو هەرای کۆمەڵە

کەسێك کە بەناو یەك وەردەبن بکوژ دیار نیە)، چ بەبەرد یان بە قامچی یان بە دار، ئەوە خوێنیان وەکو خوێنی کوشتنی بە هەڵەیە(واتە: کەس لە تۆلەیان ناکوژرێتەوە)، و ئەوەی بکوژرێ بە ئەنقەست دەکوژرێتەوە، ئەوەی پەنای بکوژ بدات، نەفرینی خودا و فریشتەکان و خەڵکی لەسەر دەبێ، نوێژی واجب و سوونتەتی لێ وەرناگیرێ. (عِمِّيًا أَوْ رِمِّيًا) (اي في عَرْكَة (مرة بعد مرة) لايعرف من قتل بعضا (عركة) جارێك کوشتار، جار لە دوای جار.

وانەی سی و سێ

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی
مافی دایك وباوك (الوالدين) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کێ لە هەموو کەس لە پێشترە بۆ خزمەت کردنی ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ أَحَقُّ بِحُسْنِ صَحَابَتِي؟ قَالَ: (أُمَّكَ). قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: (أُمَّكَ) . قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ (أُمَّكَ) . قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: (أَبُوكَ) . وَفِي رِوَايَةٍ قَالَ: (أُمَّكَ ثُمَّ أُمَّكَ ثُمَّ أُمَّكَ ثُمَّ أَبَاكَ ثمَّ أدناك أدناك) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) کێ لە هەموو کەس لە پێشترە چاکەی لەگەڵ بکەم، فەرمووی: دایکت، گوتی: دوای ئەو: فەرمووی: دایکت، گوتی: دوای ئەوە: فەرمووی: دایکت، گوتی: دوای ئەوە، فەرمووی: باوکت.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەمەوێ غەزا بکەم، هاتووم ڕاوێژت پێ بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن معاويةَ بن جاهِمةُ أَنَّ جَاهِمَةَ جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَدْتُ أَنْ أَغْزُوَ وَقَدْ جِئْتُ أَسْتَشِيرُكَ. فَقَالَ: (هَلْ لَكَ مِنْ أُمٍّ؟) قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: (فَالْزَمْهَا فَإِنَّ الْجَنَّةَ عِنْدَ رِجْلِهَا) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالنَّسَائِيُّ وَالْبَيْهَقِيّ فِي (شعب الْإِيمَان) قال الالباني اسناده جيد

واتە:موعاویەی کوڕی جاهیمە (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: جاهیمە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: ئەی نێرراوی خوا(ﷺ)، دەمەوێ بچمە غەزا، هاتووم ڕاوێژت پێ بکەم بزانم تۆ چی دەڵێی؟ پێی فەرموو: ئایا دایکت ماوە؟ گوتی: بەڵێ، فەرمووی خزمەتی دایکت بکە، چونکە بەهەشت لەکن پێیەکانیەتی (واتە: بەخزمەتی ئەو دەچیتە بەهەشت)

پ ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بەخێوکردنی منداڵ دایك و باوك دەپارێزن لە ئاگر؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ: جَاءَتْنِي امْرَأَةٌ وَمَعَهَا ابْنَتَانِ لَهَا، فَسَأَلَتْنِي فَلَمْ تَجِدْ عِنْدِي شَيْئًا غَيْرَ تَمْرَةٍ وَاحِدَةٍ، فَأَعْطَيْتُهَا إِيَّاهَا. فَأَخَذَتْهَا فَقَسَمَتْهَا بَيْنَ ابْنَتَيْهَا وَلَمْ تَأْكُلْ مِنْهَا شَيْئًا، ثُمَّ قَامَتْ فَخَرَجَتْ وَابْنَتَاهَا، فَدَخَلَ عَلَيَّ النَّبِيُّ (ﷺ) فَحَدَّثْتُهُ حَدِيثَهَا، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (مَنِ ابْتُلِيَ مِنَ الْبَنَاتِ بِشَيْءٍ، فَأَحْسَنَ إِلَيْهِنَّ، كُنَّ لَهُ سِتْرًا مِنَ النَّارِ). مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: (عائیشە) هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێك هات بۆلام و دوو کچی لەگەڵدا بوو، داوای یارمەتی لێکردم، منیش هیچم لا نەبوو، تەنها یەك دەنك خورما نەبێت، دەنکە خورماکەم دایە و ئەویش کردی بە دووڵەتەوە، دابەشی کرد لە نێوان هەردوو کچەکەیدا و خۆی هیچی لێنەخوارد، پاشان هەستاو لەگەڵ دوو کچەکەیدا ڕۆیشتە دەرەوە. کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە، ئەم

بەسەرهاتەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: (ئەگەر کەسێك خوا تاقی بکاتەوە کچی پێببەخشێت، ئەویش بە چاکیی ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، ئەوە ئەو کچانە دەبنە بەربەست بۆی لە ئاگری دۆزەخ).

پ ٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەمەوێ کۆچ وجیهاد بکەم لە پێناوی خودا، فەرمانت چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رضي الله عنه) قَالَ: أَقْبَلَ رَجُلٌ إِلَى نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: أُبَايِعُكَ عَلَي الْهِجْرَةِ وَالْجِهَادِ، أَبْتَغِي الْأَجْرَ مِنَ اللَّهِ قَالَ: (فَهَلْ مِنْ وَالِدَيْكَ أَحَدٌ حَيٌّ). قَالَ: نَعَمْ، بَلْ كِلَاهُمَا. قَالَ: (فَتَبْتَغِي الْأَجْرَ مِنَ اللَّهِ). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: (فَارْجِعْ إِلَي وَالِدَيْكَ فَأَحْسِنْ صُحْبَتَهُمَا).رواه البخاري

واتە: (لە (عبدالله)ی کوڕی (عەمر)ی کوڕی (عاص) (خوای لێ ڕازی بێت) وتی: پیاوێك هات بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: پەیمانی کۆچ کردن و تێکۆشانت دەدەمێ و مەبەستیشم پاداشتی پەروەردگارە، پێغەمبەر فەرمووی: (ئایا دایك و باوکت کەسیان زیندووە؟) وتی: بەڵێ بەڵکو هەردووکیان زیندوون، فەرمووی: (پاداشتت دەوێ لای پەروەردگار؟) وتی بەڵێ، فەرمووی: (کەواتە بگەڕێرەوە بۆلای باوك و دایکت و چاك خزمەتیان بکە و بەباشی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکە).

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باوك پێگەی چییە بۆ چوونە بەهەشت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، أَنَّ رَجُلاً أَتَاهُ فَقَالَ: إِنَّ لِيَ امْرَأَةً وَإِنَّ أُمِّي تَأْمُرُنِي بِطَلَاقِهَا، قَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَقُولُ: الوَالِدُ أَوْسَطُ أَبْوَابِ الجَنَّةِ، فَإِنْ شِئْتَ فَأَضِعْ ذَلِكَ البَابَ أَوْ احْفَظْهُ قَالَ: وَقَالَ ابْنُ أَبِي عُمَرَ: رُبَّمَا قَالَ سُفْيَانُ: إِنَّ أُمِّي وَرُبَّمَا قَالَ: أَبِي) رواه الترمذي وابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: لە ئەبو (دەرداوە) هاتووە دەڵێ پیاوێك هاتە لام گوتی: دایکم فەرمانم پێ دەکات خێزانم تەلاق بدەم، ئەبو دەردا گوتی: گوێم لە پێغەمبەر بوو(ﷺ) فەرمووی: باوك دەرگای ناوەراستی بەهەشتە، ئەگەر حەز دەکەی ئەم دەرگایە لە دەست خۆت بدە، ئەگەر حەزیش دەکەی بیپارێزە، ئیبن عومەر دەڵێ: سوفیان دەڵێ: کابرا یان گوتی دایکم یان گوتی باوکم.

پ ٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دایکم کافرە ئایا سیلەی ڕەحمی لەگەڵ جێبەجێ بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ قَالَتْ قَدِمَتْ عَلَيَّ أُمِّي وَهِيَ مُشْرِكَةٌ فِي عَهْدِ قُرَيْشٍ إِذْ عَاهَدَهُمْ فَاسْتَفْتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَدِمَتْ عَلَيَّ أُمِّي وَهِيَ رَاغِبَةٌ أَفَأَصِلُ أُمِّي قَالَ نَعَمْ صِلِي أُمَّكِ) رواه مسلم

واتە: لە ئەسمای کچی ئەبوبەکر هاتووە خوا لە خۆی وبابی ڕازی بێ دەڵێ: دایکم سەردانی کردم لە زەمانی پێغەمبەردا(ﷺ)، کە موشریکە بوو، منیش پرسیارم لە پێغەمبەر کرد ئایا دروستە یان نا؟ فەرمووی: دروستە سیلەی ڕەحمی لەگەڵ جێ بەجێ بکە)

وفي رواية(عَنْ أَسْمَاءَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ أُمِّي قَدِمَتْ عَلَيَّ، وَهِيَ رَاغِبَةٌ -أَوْ: رَاهِبَةٌ- أَفَأَصِلُهَا؟ قَالَ: (نَعَمْ). رواه البخاري

واتە: ئەسمای کچی ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دایکم هاتووە بۆ لام، حەز لە سەردانم ئەکات، یان دەترسێ پەیوەندی لەگەڵ بپچڕێنم، یان پێشوازی نەکەم، ئایا سیلەی ڕەحمی لەگەڵ بکەم و پێشوازی بکەم؟ فەرموی: (بەڵێ)

پ٧/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کاتێ گەرامەوە ماڵ مۆڵەت لە دایکم وەربگرم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) سَأَلَهُ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَسْتَأْذِنُ عَلَى أُمِّي؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): نَعَمْ . فَقَالَ الرَّجُلُ: إِنِّي مَعَهَا فِي الْبَيْتِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): اسْتَأْذِنْ عَلَيْهَا، فَقَالَ الرَّجُلُ: إِنِّي خَادِمُهَا، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَتُحِبُّ أَنْ تَرَاهَا عُرْيَانَةً؟ قَالَ: لَا. قَالَ: فَاسْتَأْذِنْ عَلَيْهَا) رواه مالك

واتە: عەتای کوڕی یەسار (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئایا مۆڵەت وەربگرم لە دایکم کاتێ گەرامەوە ماڵەوە، فەرمووی:بەڵێ، کابرا گوتی: ئاخر من لە ماڵێ لەگەڵی دەژم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: مۆڵەتی لێ وەربگرە، کابرا گوتی: ئاخر من خزمەت کاریمە، فەرمووی: ئایا حەز دەکەی بە ڕووتی چاوت پێی بکەوێ؟ کابرا گوتی: نەخێر، فەرمووی: کەواتە مۆڵەتی لێ وەربگرە.

پ ٨ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لەپاش مردنی دایك و باوك هیچ چاکەیەك دەمینێ لەگەڵیان بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي أُسَيْدٍ السَّاعِدِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يَقُولُ: بَيْنَمَا نَحْنُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)إِذْ جَاءَهُ رَجُلٌ مِنْ بَنِي سَلَمَةَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلْ بَقِيَ مِنْ بِرِّ أَبَوَيَّ شَيْءٌ أَبَرُّهُمَا بِهِ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهِمَا؟ قَالَ: (نَعَمْ، الصَّلَاةُ عَلَيْهِمَا وَالِاسْتِغْفَارُ لَهُمَا وَإِنْفَاذُ عُهُودِهِمَا وَإِكْرَامُ صَدِيقِهِمَا وَصِلَةُ الرَّحِمِ الَّذِي لَا رَحِمَ لَكَ إِلَّا مِنْ قِبَلِهِمَا) رواه الحاكم وقال هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ ووافقه الذهبي

واتە: ئەبی ئوسەیدی ساعیدی (ﷺ) دەڵێ: ئێمە لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بووین، پیاوێك هاتە خزمەتی لە بەنی سەلەمە گوتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئایا هیچ چاکە ماوە بیکەم بۆ دایك وباکم لە پاش مردنیان، فەرمووی:

بەڵێ، دوعایان بۆ بکە و داوای لێ خۆشبونیان بۆ بکە لە خودا، بەڵێنەکانیان بۆ ببە سەر و ڕێز لە برادەرەکانیان بگرە، سیلەی ڕەحم جێبەجێ بکە لەگەڵ ئەو کەسانەی بەهۆی ئەوانەوە دەبنە خزمت.

پ ٩ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چاکە لەگەڵ دایك وباوکە گوناح ڕەش دەکاتەوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، رَجُلٌ، فقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَذْنَبْتُ ذَنْبًا كَبِيرًا، فَهَلْ لِي مِنْ تَوْبَةٍ؟، فقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (أَلَكَ وَالِدَانِ؟، قَالَ: لَا، قَالَ: (فَلَكَ خَالَةٌ)؟، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَبِرَّهَا إِذًا) رواه ابن حبان واحمد قال الالباني صحيح

واتە: ئیبنو عومەر (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی نێردراوی خودا من گوناهێکی گەورەم کردووە، ئایا تۆبەم بۆ هەیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ئایا دایك وباوکت ماوە؟ کابرا گوتی: نەخێر، فەرمووی: ئایا پلکت(پور) ماوە خوشکی دایك، کابرا گوتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کەواتە چاکە لەگەڵ ئەو بکە.

پ ١٠ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کێ سێ جاران سەرشۆر بێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (رَغِمَ أَنْفُ، ثُمَّ رَغِمَ أَنْفُ، ثُمَّ رَغِمَ أَنْفُ). قِيلَ: مَنْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: (مَنْ أَدْرَكَ أَبَوَيْهِ عِنْدَ الْكِبَرِ: أَحَدَهُمَا أَوْ كِلَيْهِمَا، فَلَمْ يَدْخُلِ الْجَنَّةَ) رواة مسلم

واتە: (ئەبو هورەیرە) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (سەرشۆڕبێت، پاشان سەرشۆڕبێت، پاشان سەرشۆڕبێت، پاشان سەرشۆڕبێت) عەرزیان کرد: کێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: (کەسێك گەشتبێت بە باوك و دایکی یان بە یەکێکیان لە کاتی پیریدا و پاشان نەچووبێتە بەهەشتەوە). (واتە چاك نەبوبێت لەگەڵیاندا)

وانەی سی و چوار

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مافی ئافرەت لەسەر پیاو و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا مافی ئافرەت چییە لەسەر پیاو؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ حَكِيمِ بْنِ مُعَاوِيَةَ، أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) مَا حَقُّ الْمَرْأَةِ عَلَى الزَّوْجِ؟ قَالَ: (أَنْ يُطْعِمَهَا إِذَا طَعِمَ، وَأَنْ يَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَى، وَلَا يَضْرِبِ الْوَجْهَ، وَلَا يُقَبِّحْ، وَلَا يَهْجُرْ إِلَّا فِي الْبَيْتِ) رواه ابن ماجه والحاكم وابن حبان قال الالباني صحيح و شعيب اسناده صحيح

وفي رواية(عَنْ حَكِيمِ بْنِ مُعَاوِيَةَ الْقُشَيْرِيِّ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: (قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا حَقُّ زَوْجَةِ أَحَدِنَا عَلَيْهِ؟ قَالَ: أَنْ تُطْعِمَهَا إِذَا طَعِمْتَ وَتَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَيْتَ وَلَا تَضْرِبِ الْوَجْهَ وَلَا تُقَبِّحْ وَلَا تَهْجُرْ إِلَّا فِي الْبَيْتِ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَأَبُو دَاوُدَ قال الالباني صحيح

واتە: حەکیمی کوڕی موعاویە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) ئایا مافی ئافرەت چییە لەسەر پیاو؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خواردنی بداتێ ئەگەر خۆی خواردنی خوارد، و جل وبەرگی بۆ بکات کاتێ بۆ خۆی جل وبەگ دەکات بەپێی توانا، لە دەم وچاو روخساری نەدات، ناشیرینی نەکات بەلێدان، قسە و کردەوەکانی ناشرین نەکات، لێی جیانەبێتەوە تەنها لە ناو جێگای خۆی نەبێ.

شرح الحديث: (ولا يضرب الوجه) أي إن احتاج إلى ضربها للتأديب أو لتركها بعض الفرائض. (ولا يقبح) أي سورتها بضرب الوجه. ولا ينسب شيئا من أفعالها وأقوالها إلى القبح. (ولا يهجر إلا في البيت) أي لا يهجرها إلا في المضجع ولا يتحول عنها ولا يحولها إلى دار أخرى)

پ٢/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بۆچی ئێمەی ئافرەتان سووتەمەنی دۆزەخین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، قَالَ: شَهِدْتُ مَعَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) الصَّلَاةَ يَوْمَ الْعِيدِ، فَبَدَأَ بِالصَّلَاةِ قَبْلَ الْخُطْبَةِ، بِغَيْرِ أَذَانٍ وَلَا إِقَامَةٍ، ثُمَّ قَامَ مُتَوَكِّئًا عَلَى بِلَالٍ، فَأَمَرَ بِتَقْوَى اللهِ، وَحَثَّ عَلَى طَاعَتِهِ، وَوَعَظَ النَّاسَ وَذَكَّرَهُمْ، ثُمَّ مَضَى حَتَّى أَتَى النِّسَاءَ، فَوَعَظَهُنَّ وَذَكَّرَهُنَّ، فَقَالَ: (تَصَدَّقْنَ، فَإِنَّ أَكْثَرَكُنَّ حَطَبُ جَهَنَّمَ)، فَقَامَتِ امْرَأَةٌ مِنْ سِطَةِ النِّسَاءِ سَفْعَاءُ الْخَدَّيْنِ، فَقَالَتْ: لِمَ؟ يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: (لِأَنَّكُنَّ تُكْثِرْنَ الشَّكَاةَ، وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ، قَالَ: فَجَعَلْنَ يَتَصَدَّقْنَ مِنْ حُلِيِّهِنَّ، يُلْقِينَ فِي ثَوْبِ بِلَالٍ مِنْ أَقْرِطَتِهِنَّ وَخَوَاتِمِهِنَّ) رواه مسلم

واتە: جابیری کوڕی عبدالله (ﷺ) دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری نوێژی هەینیم کرد، نوێژی کرد پێش وتار، بەبێ بانگ وقامەت، پاشان هەستاوە بە بیلالەوە، فەرمانی کرد بە پارێزکاری خودا وهاندان لەسەر خواپەرستی، ئامۆژگاری خەڵکی کرد و یادی خستنەوە، دوای ڕۆیشت تاکو گەیشتە لای ئافرەتان، ئامۆژگاری کردن و بیری خستنەوە، فەرمووی: ببەخشن، بێگومان ئێوە زۆربەتان سووتەمەنی دۆزەخن، ئافرەتێك لە ناوەڕاستی ئافرەتان هەستاو گوتی: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟

پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئێوە زۆر سکاڵا دەکەن وکوفری نیعمەتی مێرد دەکەن، دەڵێ: دەستیان کرد بە بەخشین وزێڕیان دەهاویشتە کۆشی بیلال.

پ ٣ / عائیشە دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مۆڵەتم بدە وەکو پیاوان جیهاد بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: اسْتَأْذَنْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فِي الْجِهَادِ. فَقَالَ: (جهادكن الْحَج) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: بۆ جیهاد داوای مۆڵەتم کرد پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: جیهادی ئێوە حەجە.

پ ٤ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئافرەت چەند تازیەدار دەبێ پاش مردنی پیاوەکەی ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (لَا تُحِدُّ امْرَأَةٌ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلَاثٍ، إِلَّا عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا، وَلَا تَلْبَسُ ثَوْبًا مَصْبُوغًا إِلَّا ثَوْبَ عَصْبٍ، وَلَا تَكْتَحِلُ وَلَا تَمَسُّ طِيبًا، إِلَّا إِذَا طَهُرَتْ نُبْذَةً مِنْ قُسْطٍ أَوْ أَظْفَارٍ) رواه البخاري

واتە: (أم عطية)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هیچ ژنێك بۆ مردوو زیاتر لەسێ ڕۆژ ماتەمینی نابێ بکات، مەگەر بۆ میردی کە بۆ ماوەی چوار مانگ و دە ڕۆژە، لەوکاتانەدا جگە لەپەڕۆی خۆ بەستنەکەی نابێ جلی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردابێت، چاو ناڕێژێت و بۆن لەخۆی نادات، مەگەر پاش پاکبوونەوە، ئەتوانێت کەمێك بۆنی (قسط) و (أظفار) (کە دوو جۆر بۆنی ئەو سەردەمە بوون) لەخۆی بدات.

پ٥/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) (صەفوانی) میردم لێمدەدا وڕۆژووم پێ دەشکێنی ونوێژی بەیانیش لەدوای خۆرهەڵاتن دەکات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ قَالَ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ عِنْده فَقَالَت: زَوْجِي صَفْوَانُ بْنُ الْمُعَطَّلِ يَضْرِبُنِي إِذَا صَلَّيْتُ وَيُفَطِّرُنِي إِذَا صُمْتُ وَلَا يُصَلِّي الْفَجْرَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ قَالَ: وَصَفْوَانُ عِنْدَهُ قَالَ: فَسَأَلَهُ عَمَّا قَالَتْ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَمَّا قَوْلُهَا: يَضْرِبُنِي إِذَا صَلَّيْتُ فَإِنَّهَا تَقْرَأُ بِسُورَتَيْنِ وَقَدْ نَهَيْتُهَا قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (لَوْ كَانَتْ سُورَةً وَاحِدَةً لَكَفَتِ النَّاسَ) . قَالَ: وَأَمَّا قَوْلُهَا يُفَطِّرُنِي إِذَا صُمْتُ فَإِنَّهَا

تَنْطَلِقُ تَصُوم وَأَنَا رَجُلٌ شَابٌّ فَلَا أَصْبِر فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (لَا تَصُومُ امْرَأَةٌ إِلَّا بِإِذْنِ زَوْجِهَا) وَأَمَّا قَوْلُهَا: إِنِّي لَا أُصَلِّي حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ فَإِنَّا أَهْلُ بَيْتٍ قَدْ عُرِفَ لَنَا ذَاكَلَا نَكَادُ نَسْتَيْقِظُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ قَالَ: (فَإِذَا اسْتَيْقَظْتَ يَا صَفْوَانُ فَصَلِّ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وَابْن مَاجَه قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو سەعید (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، ئێمەش لەوێ بووین، وتی: میردەکەم صەفوانی کوڕی موعەتتەل، لێم دەدا کاتێ نوێژ دەکەم و کاتێ بە ڕۆژوو دەبم ڕۆژووەکەم پێ دەشکێنێ و نوێژی بەیانیش دوای ڕۆژ هەڵاتن دەکات، دەڵێ: صەفوانیش لەو کات لەلای پێغەمبەر بوو(ﷺ)، دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ)دەربارەی قسەکانی خێزانەکەی پرسیاری لە صەفوان دەکرد، صەفوان گوتی: ئەی پیغەمبەری خودا (ﷺ)کە دەڵێ: لێمدەدا کاتێ نوێژ دەکەم،دوو سورەتی درێژ دەخوێنی منیش قەدەغەم کردووە سورەتی درێژ بخوێنێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: یەك سورەت بخوێنە سورەتی (الناس) بخوێنە بەسە، صەفوان گوتی: سەبارەت بەوەی دەڵێ: ڕۆژووم پێ دەشکێنێ، ئەی پێغەمبەر خودا (ﷺ)من گەنج خۆم پێ ناگیرێ، چونکە بەشەوان لە کارم و بە ڕۆژ لە ماڵم، پێغەمبەر فەرمووی: دروستە نیە هیچ ئافرەتێك بە بێ مۆڵەتی میردەکەی بە ڕۆژووبێ،(واتە: ڕۆژووی سوننەت)، سەبارەت بەوەی کە دەڵێ: نوێژی بەیانی ناکات تاکو ڕۆژ هەڵات، ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێمە خاوەن کارومەڕومەڵاتین شەوان ناخەوین ئاودێری دەکەین بە درێژای شەو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی صەفوان هەر کاتێ لە خەو هەڵسای نوێژ بکە.

پ٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئافرەتان چۆن لە ماڵ بچنە دەرەوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ أُمَيَّةَ قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ)، عَنْ خُرُوجِ النِّسَاءِ؟ فَقَالَ: (يَخْرُجْنَ تَفِلَاتٍ) عبدالرزاق

واتە: ئیسماعیلی کوڕی ئومەیە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ)کرا دەربارەی چوونە دەرەوەی ئافرەتان؟ فەرمووی: بەبێ بۆن لە خۆدان دەچنە دەرەوە.

وانەی سی و پێنج

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی
کردەوە هەرە چاکەکان و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چەند شتێمان فێربکە خودا بەهۆیانەوە سوودمان پێ بگەیەنێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سُلَيْمِ بْنِ جَابِرٍ الهُجَيْمي قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّا قَوْمٌ مِنْ أَهْلِ الْبَادِيَةِ فَعَلِّمْنَا شَيْئًا يَنْفَعُنَا اللَّهُ بِهِ، فقَالَ: (لَا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا، وَلَوْ أَنْ تُفْرِغَ مِنْ دَلْوِكَ فِي إِنَاءِ الْمُسْتَسْقِي، وَلَوْ أَنْ تُكَلِّمَ أَخَاكَ، وَوَجْهُكَ إِلَيْهِ مُنْبَسِطٌ وَإِيَّاكَ وَإِسْبَالَ الْإِزَارِ، فَإِنَّهُ مِنَ الْمَخِيلَةِ، وَلَا يُحِبُّهَا اللَّهُ وَإِنِ امْرُؤٌ شَتَمَكَ بِمَا يَعْلَمُ فِيكَ، فَلَا تَشْتُمْهُ بِمَا تَعْلَمُ فِيهِ، فَإِنَّ أَجْرَهُ لَكَ، وَوَبَالَهُ عَلَى مَنْ قَالَهُ)رواه ابن حبان الالباني صحيح (قَالَ: فَمَا سَبَبْتُ بَعْدَهُ دَابَّةً وَلَا إِنْسَانًا)

واتە: سولەیمی کوڕی جابیری هوجەیمی (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتم: ئەی نێردراوی خودا ئێمەی خەڵکی بیابانین، شتێمان فێربکە خودا بەهۆیەوە سوودمان پێ بگەیەنێ، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: هیچ شتێك لە چاکە بەکەم مەزانە، هەتا ئەگەر ئاویش بەتاڵ بکەی لە دەولکەکەت بۆ قاپی ئاو خۆر،ئەگەر قسە بۆ براکەت بکەی بە ڕووێکی خۆش

بێت، ئاگاداربە جل وبەرگت شۆڕ نەکەی چونکە ئەوە خۆبەلزانینە و خودا پێی ناخۆشە، ئەگەر کەسێك جوێنی پێدای بە شتێك لەتۆدا هەبوو، تۆ جوێن بەو مەدە بە شتێك کەلەودا هەیە،پاداشتی ئەو بۆ تۆیە، ئۆبالەکەی بۆ ئەو کەسەیە کە قسەکەی کردووە) دەڵێ: پاش ئەو قسەی پێغەمبەر هەرگیز جوێنم نە بە ئاژەڵ دا نەبە ئینسان.

پ ٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) شتێکی هێندە بەسوودم فێربکە لە دوای تۆ لە کەس دیکە نەپرسم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سُفْيَانَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الثَّقَفِيِّ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ قُلْ لِي فِي الْإِسْلَامِ قَوْلًا لَا أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَدًا بَعْدَكَ وَفِي رِوَايَةٍ: غَيْرَكَ قَالَ: قُلْ: آمَنْتُ بِاللَّه ثمَّ اسْتَقِم) رَوَاهُ مُسلم

واتە: (سوفیان)ی کوڕی(عبدالله الثقفي) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێکم پێ بڵێ لەبارەی ئیسلامەوە کە دوای تۆ لەکەس نەپرسم . فەرمووی: (بڵێ باوەڕم هێناوە بەخوا ئینجا ڕێگای ڕاست بگرە و بەردەوام بە لەسەری).

پ ٣ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بەڕێزترین کەس کێیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قِيلَ يَا رَسُولَ اللهِ مَنْ أَكْرَمُ النَّاسِ؟ قَالَ: (أَتْقَاهُمْ) قَالُوا: لَيْسَ عَنْ هَذَا نَسْأَلُكَ، قَالَ: (فَيُوسُفُ نَبِيُّ اللهِ ابْنُ نَبِيِّ اللهِ ابْنِ نَبِيِّ اللهِ ابْنِ خَلِيلِ اللهِ) قَالُوا: لَيْسَ عَنْ هَذَا نَسْأَلُكَ، قَالَ (فَعَنْ مَعَادِنِ الْعَرَبِ تَسْأَلُونِي؟ خِيَارُهُمْ فِي الْجَاهِلِيَّةِ خِيَارُهُمْ فِي الْإِسْلَامِ، إِذَا فَقُهُوا) متفق عليه

واتە: لە(ئەبو هورەیرە)ەوە (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: وترا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کێ بەڕێزترینی خەڵکە؟ فەرمووی: (کامیان زیاتر تەقوا کار بێت) وتیان: پرسیاری ئەوەت لێناکەین، فەرمووی: (یوسف پێغەمبەری خوا، کوڕی

پێغەمبەری خوا، کوڕی پێغەمبەری خوا، کوڕی خۆشەویستی خوا) وتیان لەوەش پرسیارت لێناکەین، فەرمووی: (لەجۆر و جەوهەری عەرەب پرسیارم لێدەکەن؟ کامیان لە سەردەمی نەفامی (جاهلیه)دا چاکبوبێت لە ئیسلامیشدا هەر چاك دەبێت، ئەگەر شارەزای ئایین بوون).

پ ٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا سەرەتا لە پێناوی خودا بجەگم یان موسڵمان بم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ الْبَرَاءِ قَالَ: أُتِيَ النَّبِيُّ (ﷺ) رَجُلٌ مُقَنَّعٌ فِي الْحَدِيدِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أُقَاتِلُ أَوْ أُسْلِمُ؟ فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):(أَسْلِمْ ثُمَّ قَاتِلْ) فأسلَمَ ثُمَّ قَاتَلَ فقُتِلَ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (هَذَا عَمِلَ قليلاً وأُجِر كثيراً) رواه البخاري ومسلم

واتە: لە(بەڕائەوە)ەوە (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێکی خۆپێچرای لە ئاسن هاتە خزمەت پێغەمبەر وتی:ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئایا بجەنگێم یان باوەڕبێنم؟ فەرمووی: موسڵمان بە ئینجا بجەنگێ، جا موسڵمان بوو پاشان دەستی بەشەر کرد و کوژرا (شەهید بوو)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو کەسە کردەوەیەکی کەمی کرد و پاداشتێکی گەورەی دەست کەوت.

شرح الحديث: (رجل) هو الأصرم عمرو بن ثابت الأشهلي رضي الله عنه. (مقنع) وجهه مغطى

فأسلم على يد مصعب خلق كثير من الأنصار ولم يبق في بني عبد الأشهل أحد من الرجال والنساء إلا أسلم حاشا الأصرم (عمرو بن ثابت) فإنه تأخر إسلامه إلى يوم أُحد فأسلم واستشهد ولم يسجد لله سجدة واحدة، وأخبر عليه الصلاة والسلام أنه من أهل الجنة)

پ ٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چاکترین وخراپترین کەس کێیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن أبي بكرةَ أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ النَّاسِ خيرٌ؟ قَالَ:(مَن طالَ عمُرُهُ وحَسُنَ عَمَلُهُ) . قَالَ: فَأَيُّ النَّاسِ شَرٌّ؟ قَالَ: (مَنْ طَالَ عُمُرُهُ وَسَاءَ عَمَلُهُ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ قال الالباني حسن لغيره

واتە: لە(ئەبو بەکرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا باشترین کەس کێیە؟ فەرمووی: ئەوەی تەمەنی درێژ بێ وکردەوەکانی باش بن و گوتی: ئایا خراپترین کەس کێیە؟ فەرمووی: ئەوەی تەمەنی درێژ بێ و کردەوەکانی خراپ بن.

وانەی سی و شەش

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی
مافی دراوسێ (الجار) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) جیرانەکەم ئازارم دەدا ئایا چی بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَشَكَا إِلَيْهِ جَارًا لَهُ، فقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) ثَلَاثَ مَرَّاتٍ: (اصْبِرْ) ثُمَّ، قَالَ لَهُ فِي الرَّابِعَةِ أَوِ الثَّالِثَةِ: (اطْرَحْ مَتَاعَكَ فِي الطَّرِيقِ) فَفَعَلَ، قَالَ: فَجَعَلَ النَّاسُ يَمُرُّونَ بِهِ وَيَقُولُونَ: مَا لَكَ؟ فَيَقُولُ:آذَاهُ جَارُهُ، فَجَعَلُوا يَقُولُونَ: لَعَنَهُ اللَّهُ فَجَاءَهُ جَارُهُ، فقَالَ: رُدَّ مَتَاعَكَ، لَا وَاللَّهِ لَا أُوذِيكَ أَبَدًا) رواه ابن حبان قال الالباني حسن صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵای لە دراوسێکەی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) سێ جاران پێی فەرموو: ئارام بگرە، پاشان کە جاری سێیەم یان چوارم کابرا دەهاتەوە شکایەتی لێ دەکرد کە ئازاری دەدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڕۆ کەلوپەلی ماڵەکەت فرێدە سەر ڕێگا، ئەویش وای کرد، خەڵکی بەلایدا ڕەت دەبوون پرسیاریان لێ دەکرد بۆچی وات کردووە؟ دەیگوت دراوسێیەکەم ئازارم دەدا، خەڵکیش لەعنەتیان لێ دەکرد، جا دراوسێیەکەی هات گوتی: کەل وپەلەکەت کۆکەرەوە بیگێڕەوە، سوێند بەخوا ئیتر هەرگیز ئازارت نادەم.

پ٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوو ئافرەت هەنە یەکیان ئازاری جیرانەکەی دەدات، ئەوی دیکە ئازاریان نادات، ئایا ئەم دووانە سزا وپاداشتیان چۆنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ فُلَانَةً تُذْكَرُ مِنْ كَثْرَةِ صَلَاتِهَا وَصِيَامِهَا وَصَدَقَتِهَا غَيْرَ أَنَّهَا تُؤْذِي جِيرَانَهَا بِلِسَانِهَا قَالَ:(هِيَ فِي النَّارِ) قَالَ:يَا رَسُولَ اللَّهِ فَإِنَّ فُلَانَةً تُذْكَرُ قِلَّةَ صِيَامِهَا وَصَدَقَتِهَا وَصَلَاتِهَا وَإِنَّهَا تَصَدَّقُ بِالْأَثْوَارِ مِنَ الْأَقِطِ وَلَا تؤذي جِيرَانَهَا. قَالَ: (هِيَ فِي الْجَنَّةِ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالْبَيْهَقِيّ فِي (شعب الْإِيمَان) وابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئافرەتێك هەیە، باسی دەکەن کە نوێژ و ڕۆژوو وخێری زۆر دەکات، بەڵام بە زمانی ئازار جیرانەکەی دەدات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو لە ئاگرە، کابرا گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا وە ئافرەتێك هەیە باسی دەکەن، ڕۆژوو وخێر ونوێژی کەمە، تەنها پارچە کەشکێك دەکاتە خێر (واتە: شتێکی سادە دەکاتە خێر، بەڵام هەڵسو کەوتی جوانە)، بەڵام جیرانەکەی ئازار نادات، فەرمووی: ئەو لە بەهەشتە.

وفي رواية(عن ابي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يَقُولُ: قِيلَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): إِنَّ فُلَانَةَ تُصَلِّي اللَّيْلَ وَتَصُومُ النَّهَارَ وَفِي لِسَانُهَا شَيْءٌ يُؤْذِي جِيرَانَهَا سَلِيطَةٌ، قَالَ: (لَا خَيْرَ فِيهَا هِيَ فِي النَّارِ) وَقِيلَ لَهُ: إِنَّ فُلَانَةَ تُصَلِّي الْمَكْتُوبَةَ وَتَصُومُ رَمَضَانَ وَتَتَصَدَّقُ بِالْأَثْوَارِ وَلَيْسَ لَهَا شَيْءٌ غَيْرُهُ وَلَا تُؤْذِي أَحَدًا قَالَ: (هِيَ فِي الْجَنَّةِ) رواه الحاكم وقال هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ .

(بِالْأَثْوَارِ مِنَ الْأَقِطِ) أَيْ: بِقِطَعٍ مِنْهُ جَمْعُ ثَوْرٍ بِالْمُثَلَّثَةِ وَهُوَ قِطْعَةٌ مِنَ الْأَقِطِ

پ ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر دوو دراوسێمان هەبوو شت بۆ کامیان بنێرم پێشتر؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَائِشَة قَالَت: يَا رَسُول الله إن لِي جَارَيْنِ فَإِلَى أَيِّهِمَا أُهْدِي؟ قَالَ: (إِلَى أقربهما مِنْك بَابا) رَوَاهُ البُخَارِيّ

واتە: عائیشە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: گوتم: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، دوو دراوسێمان هەیە شت بۆ کامیان بنێرین، فەرمووی: دەرگای کامیان لە تۆ نزیکتر بوو.

وانەی سی و حەوت

پرسیاری هاوەڵان لە بوارە جۆرا و جۆرەکان (المنوعات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خۆجوانکردن وپۆشتەیی خۆبەزلزانینە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) وَكَانَ رَجُلًا جَمِيلًا فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي رَجُلٌ حُبِّبَ إِلَيَّ الْجَمَالُ وَأُعْطِيتُ مِنْهُ مَا تَرَى حَتَّى مَا أُحِبُّ أَنْ يَفُوقَنِي أَحَدٌ إِمَّا قَالَ بِشِرَاكِ نَعْلِي وَإِمَّا قَالَ بِشِسْعِ نَعْلِي أَفَمِنْ الْكِبْرِ ذَلِكَ قَالَ لَا وَلَكِنَّ الْكِبْرَ مَنْ بَطِرَ الْحَقَّ وَغَمَطَ النَّاسَ) صحيح سنن أبي داود

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، وە پیاوێکی جوان بوو، وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)، من پیاوێکم شتی جوام پێ خۆشە، وەك دەبینی چۆن پۆشتەم، حەزناکەم کەس لە من لە پێشتر بێ لە جوانی وپۆشتەیی، هەتا لە قەیتانی نەعلەکانیشم، ئایا ئەمە لە خۆبەزلزانینە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: نەخێر بەڵکو خۆبەزلزانین ئەوەیە حەق ڕەت بکەیتەوە و بەچاوی کەم سەیری خەڵکی بکەیت.

وفي رواية(عن ابن مسعودٍ (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قَالَ:(لا يَدْخُلُ الجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ) فَقَالَ رَجُلٌ: إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَناً، وَنَعْلُهُ حَسَنةً، فَقَالَ: (إِنَّ اللهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الجَمَالَ، الكِبْرُ: بَطَرُ الحَقِّ، وَغَمْطُ النَّاسِ) رواه مسلم.

واتە: (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) (خودای لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ناچێتە بەهەشت ئەوەی بەقەد گەردیلەیەك خۆبەزلزانینی تێدابێت)، پیاوێك وتی: پیاوێ حەزدەکات جلوبەرگەکەی جوان بێت، نەعلەکانی جوان بێت؟ فەرمووی: (خوا جوانەو جوانی خۆش دەوێت، خۆبەزلزانین بریتییە لەڕەتکردنەوەی هەق وراستی بەسووك سەیرکردنی خەڵکی).

ومعنى (بَطَرُ الحَقِّ) دَفْعُه، (وغَمْطُهُمْ): احْتِقَارُهُمْ)

پ٢/ ئەبوبەکر دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا من خۆبەزلزانم چونکە جلەکانم درێژن؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلَاءَ لَمْ يَنْظُرْ اللَّهُ إِلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: إِنَّ أَحَدَ شِقَّيْ ثَوْبِي يَسْتَرْخِي إِلَّا أَنْ أَتَعَاهَدَ ذَلِكَ مِنْهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِنَّكَ لَسْتَ تَصْنَعُ ذَلِكَ خُيَلَاءَ) رواه البخاري

واتە: عبدالله ی کوڕی عومەر (خودا لە خۆی وباوکی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:هەرکەسێك جل وبەرگەکەی لە دووبخشێ بۆ خۆبەزلزانین، خودا لە ڕۆژی قیامەت بە چاوی ڕەحمەت تەماشای ناکات، ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێ وتی: یەکێ لە لا جلەکانم درێژە لەسەری ڕاهاتووم (واتە: ئایا ئەو هەرەشە منیش دەگرێتەوە)، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەی ئەبوبەکر تۆ کەوات کردووە بۆ فیزو خۆبەزلزانین نییە.

پ٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئافرەتان چی بکەن بۆ دریژی جل و بەرگ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ ابْنِ عُمَرَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ مِنْ الْخُيَلَاءِ لَمْ يَنْظُرْ اللَّهُ إِلَيْهِ قَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَكَيْفَ تَصْنَعُ النِّسَاءُ بِذُيُولِهِنَّ قَالَ تُرْخِينَهُ شِبْرًا قَالَتْ إِذًا تَنْكَشِفَ أَقْدَامُهُنَّ قَالَ تُرْخِينَهُ ذِرَاعًا لَا تَزِدْنَ عَلَيْهِ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی عومەر (خودا لە خۆی وباوکی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:هەرکەسێك جل وبەرگەکەی لە دووبخشێ بۆ خۆبەزلزانین، خودا لە ڕۆژی قیامەت بە چاوی ڕەحمەت تەماشای ناکات، ئوم سەلەمە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا ئافرەتان چی بکەن بۆ دریژی دامێنیان، فەرمووی:بستێك دریژی بکەن، ئوم سەلەمە وتی:ئاخر قاچیان دەردەکەوێ، فەرمووی:گەزێك دریژی بکەن بەڵام زیاتر نا.(ذَيَّال: واتە: دامێن دریژ)

پ٤/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چاکترین سەردەم کامەیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: سَأَلَ رَجُلٌ النَّبِيَّ (ﷺ) أَيُّ النَّاسِ خَيْرٌ؟ قَالَ: (الْقَرْنُ الَّذِي أَنَا فِيهِ، ثُمَّ الثَّانِي، ثُمَّ الثَّالِثُ) رواه مسلم

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) و وتی: باشترین خەڵکی کێنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:خەڵکی ئەو سەردەمەی من تێدا مە، لەپاشان سەردەمی دووەم، لە پاشان سەردەمی سێیەم.

پ٥/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خۆشەویستترین کەس لای تۆ کێیە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) بَعَثَهُ عَلَى جَيْشِ ذَاتِ السَّلَاسِلِ قَالَ: فَأَتَيْتُهُ فَقُلْتُ: أَيُّ النَّاسِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: (عَائِشَةُ) قُلْتُ: مِنِ الرِّجَالِ؟ قَالَ:(أَبُوهَا) قُلْتُ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ (عُمَرُ) فَعَدَّ رِجَالًا فَسَكَتُّ مَخَافَةَ أَنْ يَجْعَلَنِي فِي آخِرهم) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: عەمری کوڕی عاص (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) منی وەک سەرۆک سوپای (زاتو سەلاسیل) ڕەوانەکرد، دەڵێ: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتم: خۆشەویستترین کەست کێیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: عائیشە، ئەڵێ: وتم: ئەدی لە پیاوان؟ فەرمووی: باوکی عائیشە (واتە: ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێ) وتم ئەدی دوای ئەو فەرمووی: عومەر، چەند پیاوێکی ژماردن، دوای چیتر پرسیارم لێ نەکرد،نەوەک من بخاتە کۆتایی هەمووان.

پ ٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا مافی ڕێگا لەسەرمان چییە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (إِيَّاكُمْ وَالْجُلُوسَ بِالطُّرُقَاتِ) قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ مَا لَنَا بُدٌّ مِنْ مَجَالِسِنَا نَتَحَدَّثُ فِيهَا قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (إِذَا أَبَيْتُمْ إِلَّا الْمَجْلِسَ، فَأَعْطُوا الطَّرِيقَ حَقَّهُ) قَالُوا: وَمَا حَقُّهُ؟ قَالَ: (غَضُّ الْبَصَرِ، وَكَفُّ الْأَذَى، وَرَدُّ السَّلَامِ، وَالْأَمْرُ بِالْمَعْرُوفِ، وَالنَّهْيُ عَنِ الْمُنْكَرِ) رواه مسلم

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خۆتان بپارێزن لە دانیشتن لەسەر ڕێگاکان؟ هاوەڵان وتیان: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) بۆمان ناکرێ لەوێ دانەنیشین چونکە لەوێ قسەی دەکەین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: مادام هەر لە ڕێگاکان دادەنیشن، حەق ومافی ڕێگا بدەن،هاوەڵان وتیان: حەق ومافی ڕێگا چییە؟ فەرمووی: چاو بگرنەوە (واتە: نەزەر مەکەن) و ئازاری خەڵکی مەدەن و وەڵامی سەلام بدەنەوە و فەرمان بە چاکە بکەن وڕێگری لە خراپە بکەن.

پ٧/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من چاکە لەگەڵ خزمان دەکەم بەڵام ئەوان خراپەم لەگەڵ دەکەن ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: أَتَى رَجُلٌ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ لِي قَرَابَةً أَصِلُهُمْ وَيَقْطَعُونَ، وَأُحْسِنُ إِلَيْهِمْ وَيُسِيئُونَ إِلَيَّ، وَيَجْهَلُونَ عَلَيَّ وَأَحْلُمُ عَنْهُمْ، قَالَ: (لَئِنْ كَانَ كَمَا تَقُولُ كَأَنَّمَا تُسِفُّهُمُ الْمَلَّ، وَلَا يَزَالُ مَعَكَ مِنَ اللَّهِ ظَهِيرٌ عَلَيْهِمْ مَا دُمْتَ عَلَى ذَلِكَ) رواه مسلم

واتە: (ئەبو هورەیرە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، بەڕاستی من خزمم هەیە ، سەردانیان دەکەم و ئەوان پێیان لێبڕیووم، چاکەیان لەگەڵدا دەکەم، ئەوان خراپەم لەگەڵ دەکەن، من ئارامم لەگەڵیاندا و ئەوان نەفامیم لەگەڵ دەکەن. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر تۆ ئاوابی، وەك خۆت دەیڵێیت، ئەوا خۆڵەمێشی گەرمیان دەرخوارد دەدەیت، بەردەوامیش پشتیوانی خوات لەگەڵە لە دژی ئەوان، هەتا لەسەر ئەم حاڵە بمێنی).

پ٨/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە کاتی پژمین چی بڵێم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: عَطَسَ رَجُلٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: مَا أَقُولُ؟ فَقَالَ: (قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ) فَقَالَ الْقَوْمُ: فَمَا نَقُولُ؟ قَالَ: (قُولُوا يَرْحَمُكَ اللَّهُ) قَالَ: فَمَا أَقُولُ لَهُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: قُلْ: يَهْدِيكُمُ اللَّهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ) رواه الطبراني وابو داواد وابن ماجه والترمذي قال الالباني صحيح

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: کابرایەك لەلای پێغەمبەر (ﷺ) پژمی وتی: چی بڵێم، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بڵێ(الحمد لله) ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون وتیان: ئێمەی چی بڵێین ئەی پێغەمبەری خودا، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بڵێن: (يَرْحَمُكَ اللَّهُ) کابرا وتی: ئەدی من چ وەڵامیان بدەمەوە، پێغەمبەر فەرمووی: بڵێ (يَهْدِيكُمُ اللَّهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ).

پ٩/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆن لە کێشە ڕزگار دەبین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن عُقْبَةَ بن عامرٍ قَالَ:لَقِيتُ رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) فَقُلْتُ: مَا النَّجَاةُ؟ فَقَالَ: (أَمْلِكْ عَلَيْكَ لِسَانَكَ وَلْيَسَعْكَ بَيْتُكَ وَابْكِ عَلَى خَطِيئَتِكَ)رَوَاهُ أَحْمد وَالتِّرْمِذِ قال الالباني صحيح

واتە: عوقبەی کوڕی عامیر (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: گەیشتمە پێغەمبەر (ﷺ) وتم: چۆن ڕزگارمان دەبێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: زمانت بگرە و لە ماڵی خۆت دانیشە و بگری بۆ گوناهەکانت.

پ .١/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا (هەڕج) چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّ مِنْ وَرَائِكُمْ أَيَّامًا يُرْفَعُ فِيهَا العِلْمُ وَيَكْثُرُ فِيهَا الهَرْجُ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا الهَرْجُ؟ قَالَ: (القَتْلُ) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو موسا (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ڕۆژانێك دادێ زانست بەرز دەکرێتەوە و هەڕج زۆر دەبێ، هاوەڵان وتیان: ئەی نێرراوی خودا هەڕج چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: کوشتنە.

پ ١١/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تۆ سوعبەتمان لەگەڵ دەکەی ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّكَ تُدَاعِبُنَا، قَالَ: (إِنِّي لَا أَقُولُ إِلَّا حَقًّا) رواه التِّرْمِذِيّ قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: هاوەڵان وتیان: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) تۆ (گاڵتە وگپ)مان لەگەڵ دەکەی؟ فەرمووی: هیچ شتێك ناڵێم حەق و ڕاستی نەبێ.

پ ١٢/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەواڵم بدەری دەربارەی تاعون ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الطَّاعُونِ فَأَخْبَرَنِي: (أَنَّهُ عَذَابٌ يَبْعَثُهُ اللَّهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَأَنَّ اللَّهَ جَعَلَهُ رَحْمَةً لِلْمُؤْمِنِينَ لَيْسَ مِنْ أَحَدٍ يَقَعُ الطَّاعُونُ فَيَمْكُثُ فِي بَلَدِهِ صَابِرًا مُحْتَسِبًا يَعْلَمُ أَنَّهُ لَا يُصِيبُهُ إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَهُ إِلَّا كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ شَهِيدٍ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد(ﷺ) دەربارەی تاعون، هەواڵی پێدام وفەرمووی: ئەوە عەزابێکە خودا ڕەوانەی دەکات بۆ هەر کەسێك حەز بکات، خودا کردوویەتی بە ڕەحمەت بۆ ئیمانداران، هەرکەسێك توشی تاعون بێ، لە شاری خۆی بمینێتەوە وداوای پاداشت لە خودا بکات، بزانێ کە هیچ کەس تووشی هیچ شتێك نابێ، مەگەر خودا لە سەری نووسی بێ، ئیللا خودا پاداشتی شەهیدی بۆ دەنووسێ.

پ١٣/ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆن دەبمە ڕەفیقی تۆ لە بەهەشتدا ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ رَبِيعَةَ بْنِ مَالِكٍ الْأَسْلَمِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ لِي النَّبِيُّ (ﷺ): سَلْ، فَقُلْتُ: أَسْأَلُكَ مُرَافَقَتَكَ فِي الْجَنَّةِ، فَقَالَ: أَوَ غَيْرَ ذَلِكَ فَقُلْتُ: هُوَ ذَاكَ، قَالَ: فَأَعِنِّي عَلَى نَفْسِكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ

واتە: ڕەبیعەی کوڕی مالیکی ئەسلەمی (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموم: داوابکە، وتم: داوات لێ دەکەم ببمە ڕەفیقی تۆ لە بەهەشتدا،فەرمووی: شتێکی دیکە داوا بکە، وتم: هەر ئەوەم دەوێ، فەرمووی: هاوکاریم بکە بە زۆر سوجدەبردن بۆ خودا (واتە: تۆ زۆر سوجدە ببە بۆ خودا، منیش دوعا دەکەم ببیتە ڕەفیقی من لە بەهەشتدا.

پ ١٤ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) خودا تۆی عەفو کردووە بۆچی هێندە خۆت ماندوو دەکەی لە عیبادەت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) صَلَّي حَتَّي انْتَفَخَتْ قَدَمَاهُ، فَقِيلَ لَهُ: أَتَكَلَّفُ هَذَا، وَقَدْ غَفَرَ اللَّهُ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ؟ فَقَالَ: (أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا) رواه البخاري

واتە: لە(موغیرە)ی کوڕی (شوعبە)وە (خوای لێی ڕازی بێت) کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە نوێژیکرد هەتا قاچەکانی ئاوسان، پێی وترا: بۆ ئەوەندە خۆت ماندوو دەکەیت، کەخواش لە گوناهی ڕابردووت و داهاتووت بووردووە، فەرمووی: (ئەی من بەندەیکی سوپاسگوزار نەبم؟).

پ ١٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر گەیشتمە برایەکی موسڵمان ماچی بکەم یان تۆقەی لەگەڵ بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ الرَّجُلُ مِنَّا يَلْقَى أَخَاهُ أَوْ صَدِيقَهُ أَيَنْحَنِي لَهُ؟ قَالَ: (لَا)، قَالَ: أَفَيَلْتَزِمُهُ وَيُقَبِّلُهُ؟ قَالَ: (لَا)، قَالَ: أَفَيَأْخُذُ بِيَدِهِ وَيُصَافِحُهُ؟ قَالَ: (نَعَمْ) رواه الترمذي قال الالباني حَسَنٌ

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی نێردراوی خودا(ﷺ)، پیاوێك لە ئێمە دەگاتە براکەی یان برادەرەکەی ئایا خۆی بۆ بچەمێنێتەوە؟ فەرمووی: نەخێر، وتی: لەباوەشی دەگری وماچی دەکات؟، فەرمووی: نەخێر، وتی: ئایا دەستی بگری وتۆقەی لەگەڵ بکات؟ فەرمووی: بەڵێ.

پ١٦ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دۆستانی خودا کێنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابن عباس رضي الله عنهما قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ أَوْلِيَاءُ اللَّهِ؟ ، قَالَ: الَّذِينَ إِذَا رُءُوا ذُكِرَ اللَّهُ) ابونعيم في الحلية والنسائي في الكبير الجامع الصحيح

واتە: ئیبن عەباس خودا لە خۆی وبابی ڕازی بێ دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) کێ دۆستانی خودان؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەوانەی ئەگەر بینران خودا یاد دەخەنەوە.

پ١٧ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا خۆشەویستترین ئایین لای خودا کامەیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ): أَيُّ الْأَدْيَانِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ؟ قَالَ: (الْحَنِيفِيَّةُ السَّمْحَةُ) الادب المفرد قال الالباني حسن لغيره (شرح (الحنيفة السمحة) الأعمال المائلة عن الباطل والتي لا حرج فيها ولا تضييق)

واتە: ئیبن عەباس (خودا لە خۆی وبابی ڕازی بێ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا(ﷺ)، ئایا خۆشەویستترین ئایین کامەیە؟ فەرمووی: ئایینی ڕاست ودروست ولێبوورده (واتە: ئیسلام)

پ ١٨ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە زەمانی جاهیلی لە (٥٠) سەر ئاژەڵ، سەرێکیان سەردەبڕی بۆ خێر، ئێستا چی بکەین ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ ابْنِ جُرَيْجٍ قَالَ: سَمِعْتُ عَطَاءً يَقُولُ: كَانَ أَهْلُ الْجَاهِلِيَّةِ يَذْبَحُونَ فِي الْفَرَعَةِ مِنْ كُلِّ خَمْسِينَ وَاحِدَةً، فَلَمَّا كَانَ الْإِسْلَامُ سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ؟ فَقَالَ: (إِنْ شِئْتُمْ فَافْعَلُوا، وَلَمْ يُوجِبْ ذَلِكَ) عبدالرزاق

واتە: ئیبن جوریج (رحمه الله) دەڵێ: گوێم لە عەتا بوو دەیگوت: خەڵکی زەمانی جاهیلی لە پەنجا سەر ئاژەڵ، سەرێکیان سەردەبڕی، کە ئیسلام هات پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) لەم بارەوە؟ فەرمووی: ئەگەر حەز دەکەن ئەم کارە بکەن، بەڵام واجب نییە لەسەرتان.

پ ١٩ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئەو دوو لەعنەت لێ کراوە چینە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَالَ: (اتَّقُوا اللَّعَّانَيْنِ) قَالُوا: وَمَا اللَّعَّانَانِ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: (الَّذِي يَتَخَلَّى فِي طَرِيقِ النَّاسِ، أَوْ فِي ظِلِّهِمْ) رواه مسلم

واتە: (ئەبوهورەیرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (خۆتان بپارێزن لەو دوو نەفرەت لێکراوە)وتیان: ئەو دوو نەفرەت لێکراوە چین ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ؟ فەرمووی: (ئەوەی لەسەرە ڕێگای خەڵکیدا پیسایی دەکات، یان لەسێبەرەکانیاندا). (کەجێگای دانیشتنی خەڵکە).

پ ٢٠ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا قەومی خۆت خۆش بوو دەبێتە دەمارگیری ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عُبَادَةَ بْنِ كَثِيرٍ الشَّامِيِّ، مِنْ أَهْلِ فِلَسْطِينَ، فِي امْرَأَةٍ مِنْهُمْ يُقَالُ لَهَا فَسِيلَةُ، أَنَّهَا قَالَتْ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: (سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَمِنَ الْعَصَبِيَّةِ أَنْ يُحِبَّ الرَّجُلُ قَوْمَهُ؟ قَالَ: لَا، وَلَكِنْ مِنَ الْعَصَبِيَّةِ أَنْ يَنْصُرَ الرَّجُلُ قَوْمَهُ عَلَى الظُّلْمِ) رَوَاهُ أَحْمَدُ، وَابْنُ مَاجَهْ قال شعيب حديث حسن، عباد بن كثير الشامي متابع، وفُسَيلة- ويقال: جميلة وبه ترجم لها المزي، ويقال: خُصَيلة- روى عنها جمع، وذكرها ابن حبان في الثقات. زياد بن الربيع: هو اليحمدي. وأخرجه الطبراني في «الكبير ٢٢/ (٩٥٥) من طريق الإمام أحمد، بهذا الإسناد.

واتە: عوبادەی کوڕی کەسیری شامی لە خەڵکی فەلەستین، لە ئافرەتێك لەوان کە ناوی (فەسیلە) بوو دەگێڕێتەوە، وتویەتی: گوێم لەباوکم بوو، دەیگوت پرسیارم لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) وتم: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) هۆزی خۆت خۆش بوێ ئایا دەمارگیرییە؟، فەرمووی: نەخێر بەڵکو دەمارگیری ئەوەیە هۆزی خۆت بەسەرخەی لەسەر زوڵم. (واتە: پشتگیریان بکەی بۆ زوڵم کردن)

پ ٢١ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) هاتووم ئامۆژگاریم بکە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَن أبي هريرةَ أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ): أوصني. قَالَ: (لَا تغضبْ) فردَّ ذَلِكَ مِرَارًا قَالَ: (لَا تَغْضَبْ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك گوتیيە پێغەمبەر (ﷺ)، ئامۆژگاریم بکە، فەرمووی: تورە مەبە، چەند جار دووبارەی کردەوە، هەر پێ فەرموو: تورەمەبە.

پ ٢٢ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) سەگی رەش چییە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي ذَرٍّ، قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْكَلْبِ الْأَسْوَدِ الْبَهِيمِ، فَقَالَ: (شَيْطَانٌ) ابن ماجه صحيح

واتە: ئەبی زەر (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەرکرد(ﷺ) دەربارەی سەگی رەش، فەرمووی: شەیتانە.

وانەی سی و هەشت

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی کڕین وفرۆشتن (البیوع) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بەزی مردارەوەبوو دروستە بەکاربێنین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ عَامَ الْفَتْحِ وَهُوَ بِمَكَّةَ: (إِنَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ حَرَّمَ بَيْعَ الْخَمْرِ وَالْمَيْتَةِ وَالْخِنْزِيرِ وَالْأَصْنَامِ). فَقِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ شُحُومَ الْمَيْتَةِ فَإِنَّهُ يُطْلَى بِهَا السُّفُنُ وَيُدْهَنُ بِهَا الْجُلُودُ وَيَسْتَصْبِحُ بِهَا النَّاسُ؟ فَقَالَ: (لَا، هُوَ حَرَامٌ). ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عِنْدَ ذَلِكَ: (قَاتَلَ اللَّهُ الْيَهُودَ، إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمَّا حَرَّمَ عَلَيْهِمْ شُحُومَهَا أَجْمَلُوهُ، ثُمَّ بَاعُوهُ فَأَكَلُوا ثَمَنَهُ) رواه البخاري

واتە: (جابیری کوڕی عبدالله) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ساڵی ڕزگارکردنی مەککە، لەناو مەککەدا فەرمووی: (خوداو پێغەمبەرەکەی مەی و مرداربوو و بەراز و بتیان حەرامکردوە) وترا: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕات چییە لەبارەی پیوی(بەز) مردارەوە بوو، دیواری کەشتی پێ سواغ دەدرێت و پێستەی پێ چەور دەکرێت و خەڵکی بەکاری دێنن بۆ چرا؟ فەرمووی: (نەخێر ئەوە حەڕامە). پاشان لەوێدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (خوا جولەکەکان بکوژێت، لەکاتێکدا خوای گەورە پێوی

مردارەوەبووی لێ حەڕام کردبوون، ئەوان دەیانتوانەوە و دەیانفرۆشت وپارەکەیان دەخوارد).

پ ٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە شتێك بفرۆشم هێشتا نەم کریوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ قَالَ سَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ يَأْتِينِي الرَّجُلُ فَيَسْأَلُنِي الْبَيْعَ لَيْسَ عِنْدِي أَبِيعُهُ مِنْهُ ثُمَّ أَبْتَاعُهُ لَهُ مِنْ السُّوقِ قَالَ لَا تَبِعْ مَا لَيْسَ عِنْدَكَ) رواه النسائي

واتە: حەکیمی کوڕی حیزام (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) وتم: ئەی نێرراوی خودا پیاوێك دێتە لام داوای شتێك دەکات لێم بکرێ، بەڵام لام نییە پێی بفرۆشم، پاشان دەچم لەبازاڕ بۆی دەکڕم، پێغەمبەر (ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی: شتێك مەفرۆشە لەلات نەبێ.

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە شت فرۆشمەوە پێش ئەوەی وەریبگرم (بێتە دەستم)؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ حِزَامِ بْنِ حَكِيمٍ قَالَ قَالَ حَكِيمُ بْنُ حِزَامٍ ابْتَعْتُ طَعَامًا مِنْ طَعَامِ الصَّدَقَةِ فَرَبِحْتُ فِيهِ قَبْلَ أَنْ أَقْبِضَهُ فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ لَا تَبِعْهُ حَتَّى تَقْبِضَهُ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: حەکیمی کوڕی حیزام (ﷺ) دەڵێ: خواردنێکم کڕی لە خواردنەکانی زەکات، فرۆشتمەوە بە قازانج پێش ئەوەی وەریبگرم، چوومە لای پێغەمبەر (ﷺ) بۆم باسکرد، فەرمووی: مەیفرۆشە تاکو وەریدەگری.

پ٤/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا موخابەرە دروستە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ زَيْدِ بْنِ أَبِي أُنَيْسَةَ قَالَ: حَدَّثَنَا أَبُو الْوَلِيدِ الْمَكِّيُّ، وَهُوَ جَالِسٌ عِنْدَ عَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ الْمُحَاقَلَةِ وَالْمُزَابَنَةِ وَالْمُخَابَرَةِ، وَأَنْ تُشْتَرَي النَّخْلُ حَتَّي تُشْقِهَ، وَالْإِشْقَاهُ: أَنْ يَحْمَرَّ أَوْ يَصْفَرَّ أَوْ يُؤْكَلَ مِنْهُ شَيْءٌ، وَالْمُحَاقَلَةُ: أَنْ يُبَاعَ الْحَقْلُ بِكَيْلٍ مِنَ الطَّعَامِ مَعْلُومٍ، وَالْمُزَابَنَةُ: أَنْ يُبَاعَ النَّخْلُ بِأَوْسَاقٍ مِنَ التَّمْرِ، وَالْمُخَابَرَةُ: الثُّلُثُ وَالرُّبُعُ وَأَشْبَاهُ ذَلِكَ. قَالَ زَيْدٌ: قُلْتُ لِعَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ: أَسَمِعْتَ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ يَذْكُرُ هَذَا عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: نَعَمْ. (رواه البخاري

واتە: (زەیدی کوڕی ئەبو ئەنیسە) دەڵێ: (ئەبو ولید المکی) لەکاتێکدا کە لەلای (عطاء)ی کوڕی (أبو رباح) دانیشتبوو لە (جابری کوڕی عبدالله) وە (خوای لێ ڕازی بێت) بۆی گێڕاینەوە: پێغەمبەر (ﷺ) کڕین و فرۆشتنی (محاقلە) و(مزانبە) و (مخابرە) ی قەدەغەکرد. هەروەها ڕێگەی نەداوە خورما بکڕێت هەتا سووربێ یان زەردباو دەبێت، یان لێی دەخورێت.(محاقلە): کێڵگە فرۆشتنە بە خۆراکێکی دیاری کراو (مزابنە) فرۆشتنی دارخورمایە بە چەند وسقێك لە خورمای وشك. (مخابرە) بریتییە لەڕێژەی سێیەك و چواریەك و شتی لەو جۆرە، (زید) دەڵێ: بە (عطاء)ی کوڕی ڕباح)م وت: گوێت لێبوو کە (جابیر) بڵێت: ئەم فەرموودەیەم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) وەرگرتووە؟! وتی: بەڵێ.

وفي رواية(عَنْ أَنَسٍ:(أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) نَهَى عَنْ بَيْعِ الْعِنَبِ حَتَّى يَسْوَدَّ، وَعَنْ بَيْعِ الْحَبِّ حَتَّى يَشْتَدَّ) رواه ابو داود قال الالباني صحيح

واتە: ئەنەس (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە فرۆشتنی تریێ تاکو ڕەش دەبێ و لە فرۆشتنی دانەوێڵە تاکو توند دەبێت.

وفي رواية (عن جَابِرِ بْن عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا نَهَى النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ بَيْعِ الثَّمَرِ حَتَّى يَبْدُوَ صَلَاحُهَا وَأَنْ لَا تُبَاعَ إِلَّا بِالدِّينَارِ وَالدِّرْهَمِ إِلَّا الْعَرَايَا) رواه البخاري

واتە: ئەنەس (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە فرۆشتنی بەروبووم تاکو بەکارهێنانی دەردەکەوێ و نەفرۆشرێت مەگەر بەدینار و درهەم، ئیللا شتی قرسێندراو.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ((ﷺ) رَخَّصَ فِي بَيْعِ الْعَرَايَا، بِخَرْصِهَا فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ، أَوْ: فِي خَمْسَةِ. يَشُكُّ دَاوُدُ: قَالَ خَمْسَةٌ أَوْ دُونَ خَمْسَةٍ) رواه البخاري / البيوع

واتە: (ئەبو هورەیرە) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی دا لە مامەڵەی (عرایا)، لەوەی کەوا لە پێنج وسق (واتە ٧٠٠ کلیۆ گرام) زیاتر نەبێت.

(عرایا: ئەو مامەڵەیەیە کە لە سنووری (٥) (وسق)دا دەکرێت واتە (٧٠٠کیلۆ گرام) ئەمەیش لەبەر دابینکردنی پێویستی خواردنی ماڵ و منداڵ بۆ ماوەی ساڵێك)(پوختەی صەحیحی موسلیم)

واتە: پێغەمبەر ڕێگای فرۆشتنی قرساوەکانی داوە لە ئەندازەی پێنج بار، یان کەمتر. (روناکی رب العامین) ڕوونکردنەوەی (منهاج الطالبین) م/ عبدالله هەرتەلی

پ٥/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە شت کرین فێڵم لێ دەکەن چی بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن ابْنَ عُمَرَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ) قال: ذَكَرَ رَجُلٌ لِرَسُولِ (ﷺ) أَنَّهُ يُخْدَعُ فِي الْبُيُوعِ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ) (مَنْ بَايَعْتَ فَقُلْ: لَا خِلَابَةَ). فَكَانَ إِذَا بَايَعَ يَقُولُ: لَا خِيَابَةَ) رواه البخاري

واتە: (ابن عمر)دەڵێ: پیاوێك لە خزمەت پێغەمبەدا ((ﷺ) باسی ئەوەی کرد کە لە مامەڵە و کڕین و فرۆشتندا دەیخەڵەتێنن، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (لەگەڵ هەر کەس مامەڵەت کرد بڵێ: لاخلابە) واتا بۆت ڕەوانیە بمخەڵەتێنی ئیتر ئەو پیاوە لەوەولا هەرکات مامەڵەی بکردایە لەبری ئەوەی بڵێ (لاخلابە) ئەیگوت (لاخیابە) چونکە زمانی تەواو نەبوو.

الخلابة: الغش والخديعة

پ ٦ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دینارەکەم بۆ هێنایەوە ئەوەش مەڕەکە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

((عَنْ عُرْوَةَ البَارِقِيِّ، قَالَ: دَفَعَ إِلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) دِينَارًا لِأَشْتَرِيَ لَهُ شَاةً، فَاشْتَرَيْتُ لَهُ شَاتَيْنِ، فَبِعْتُ إِحْدَاهُمَا بِدِينَارٍ، وَجِئْتُ بِالشَّاةِ وَالدِّينَارِ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَذَكَرَ لَهُ مَا كَانَ مِنْ أَمْرِهِ، فَقَالَ لَهُ: (بَارَكَ اللَّهُ لَكَ فِي صَفْقَةِ يَمِينِكَ)، فَكَانَ يَخْرُجُ بَعْدَ ذَلِكَ إِلَى كُنَاسَةِ الكُوفَةِ فَيَرْبَحُ الرِّبْحَ العَظِيمَ، فَكَانَ مِنْ أَكْثَرِ أَهْلِ الكُوفَةِ مَالًا)) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

واتە: عورپوەی باریقی (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر دینارێکی پێدام تاکو مەڕێکی بۆ بکرم، دوو مەڕم پێ کری، یەکێکیانم فرۆشتەوە بە دینارێك، هاتمەوە لای پێغەمبەر(ﷺ) دینارەکەومەڕەکەم بۆ هێنایەوە، ڕوداووەکەم بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: خودا بەرەکەت بخاتە مامەلەکەت، لەپاش ئەم دوعایە ئەگەر چوبایە سەر زبڵخانەی کوفە قازنجێکی زۆری دەکرد، بوو بە دەوڵەمنترین خەڵکی کوفە.

لە ڕیوایەتی دیکەدا دەڵێ:ئەگەر خۆڵی کڕیبایە قازانجی دەکرد.

وفي رواية (عَنْ عُرْوَةَ يَعْنِي ابْنَ أَبِي الْجَعْدِ الْبَارِقِيَّ قَالَ أَعْطَاهُ النَّبِيُّ (ﷺ) دِينَارًا يَشْتَرِي بِهِ أُضْحِيَّةً أَوْ شَاةً فَاشْتَرَى شَاتَيْنِ فَبَاعَ إِحْدَاهُمَا بِدِينَارٍ فَأَتَاهُ بِشَاةٍ وَدِينَارٍ فَدَعَا لَهُ بِالْبَرَكَةِ فِي بَيْعِهِ كَانَ لَوْ اشْتَرَى تُرَابًا لَرَبِحَ فِيهِ) رواه ابو داود قال الالباني صحيح

پ٧ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا زیو بەقەرز دەبێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي الْمِنْهَالِ قَالَ: بَاعَ شَرِيكٌ لِي وَرِقًا بِنَسِيئَةٍ إِلَى الْمَوْسِمِ -أَوْ إِلَى الْحَجِّ- فَجَاءَ إِلَيَّ فَأَخْبَرَنِي، فَقُلْتُ: هَذَا أَمْرٌ لَا يَصْلُحُ، قَالَ: قَدْ بِعْتُهُ فِي السُّوقِ فَلَمْ يُنْكِرْ ذَلِكَ عَلَيَّ أَحَدٌ، فَأَتَيْتُ الْبَرَاءَ بْنَ عَازِبٍ فَسَأَلْتُهُ، فَقَالَ: قَدِمَ النَّبِيُّ (ﷺ) الْمَدِينَةَ وَنَحْنُ نَبِيعُ هَذَا الْبَيْعَ، فَقَالَ: (مَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ فَلَا بَأْسَ بِهِ، وَمَا كَانَ نَسِيئَةً فَهُوَ رِبًا) وَائْتِ زَيْدَ بْنَ أَرْقَمَ، فَإِنَّهُ أَعْظَمُ تِجَارَةً مِنِّي. فَأَتَيْتُهُ فَسَأَلْتُهُ، فَقَالَ مِثْلَ ذَلِكَ) رواه البخاري

واتە: (ابو منهال) دەڵێ: شەریکێکم هەبوو(زیونکی) فرۆشت بە قەرز تا وەرزی حەج لە دواییدا هات بۆلام و ئەمەی بۆ گێڕامەوە منیش وتم: ئەمە کارێکی نەشیاوە، وتی: لەبازاڕ فرۆشتوومە و کەسیش نکۆلی لێنەکردووە منیش هاتم بۆلای (البراء)ی کوڕی (عازب) پرسیارم لێکرد ئەویش وتی: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە ئێمە ئەم جۆرە سەودایەمان دەکرد فەرمووی: (ئەوەی دەست بە دەست بێت، قەیناکات بەڵام هەرچی بە دواخستن (قەرز) بێت ئەوە سووە)، برۆ بۆلای زەیدی کوڕی (أرقم)یش چونکە ئەو بازرگانێکی گەورەترە لە من، منیش چووم بۆلای پرسیارم لێکرد و ئەویش هەمان شێوەی پێ وتم.

پ٨/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە خورما بەخورما بگۆڕمەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي نَضْرَةَ قَالَ: سَأَلْتُ ابْنَ عُمَرَ وَابْنَ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ) عَنِ الصَّرْفِ، فَلَمْ يَرَيَا بِهِ بَأْسًا، فَإِنِّي لَقَاعِدٌ عِنْدَ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ فَسَأَلْتُهُ عَنِ الصَّرْفِ، فَقَالَ مَا زَادَ فَهُوَ رِبًا، فَأَنْكَرْتُ ذَلِكَ لِقَوْلِهِمَا، فَقَالَ: لَا أُحَدِّثُكَ إِلَّا مَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ (ﷺ)، جَاءَهُ صَاحِبُ نَخْلِهِ بِصَاعٍ مِنْ تَمْرٍ طَيِّبٍ، وَكَانَ تَمْرُ النَّبِيِّ (ﷺ) هَذَا اللَّوْنَ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) (أَنَّى لَكَ هَذَا). قَالَ: انْطَلَقْتُ بِصَاعَيْنِ فَاشْتَرَيْتُ بِهِ هَذَا الصَّاعَ، فَإِنَّ سِعْرَ هَذَا فِي السُّوقِ كَذَا وَسِعْرَ هَذَا كَذَا، فَقَالَ رَسُولُ ((ﷺ) (وَيْلَكَ) أَرْبَيْتَ، إِذَا أَرَدْتَ ذَلِكَ فَبِعْ تَمْرَكَ بِسِلْعَةٍ، ثُمَّ اشْتَرِ بِسِلْعَتِكَ أَيَّ تَمْرٍ شِئْتَ). قَالَ أَبُو سَعِيدٍ: فَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ أَحَقُّ أَنْ يَكُونَ رِبًا أَمِ الْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ؟ قَالَ: فَأَتَيْتُ ابْنَ عُمَرَ بَعْدُ فَنَهَانِي، وَلَمْ آتِ ابْنَ عَبَّاسٍ. قَالَ: فَحَدَّثَنِي أَبُو الصَّهْبَاءِ أَنَّهُ سَأَلَ ابْنَ عَبَّاسٍ عَنْهُ بِمَكَّةَ، فَكَرِهَهُ) رواه مسلم

واتە: (أبو نضرة)دەڵێ: پرسیارم لە (ابن عمر) و (ابن عباس) کرد (خوای لێیان ڕازی بێت) دەربارەی پارە گۆڕینەوە کە بەخراپ نەهاتە پێش چاویان، لە کاتێکیشدا کەلای (أبو سعید الخدری) (خوای لێی ڕازی بێت) دانیشتبووم پرسیاری پارە گۆڕینەوەم لێکرد. وتی: ئەوەی زیاد بکا سووە، منیش نکۆڵیم لەوەکرد لەبەر قسەی (ابن عمر) و (ابن عباس) ئەویش وتی: هیچت بۆ

باس ناکەم جگە لەوەی لە پێغەمبەر (ﷺ) م بیستووە، جارێك باخەوانی دارخورماکەی دێتەوە بۆلای بە مەنێ خورمای چاکەوە -خورمای پێغەمبەریش (ﷺ) لەجۆرێکی تر بوو بۆیە فەرمووی: (ئەمەت لە کوێ بوو) ئەویش وتی: دوو مەنم بردووە ئەم مەنەم پێکرپیوە، نرخی ئەمەیان لە بازاڕ ئەمەندەیە و نرخی ئەوەیشیان ئەمەندەیە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (کۆستت کەوێ ناشێ سووکاریت کردبێ؟ ئەگەر کاتێ ویستت ئەوە بکەیت خورماکەت بە شتێك بفرۆشە، بەو شتە چ خورمایەکت ویست پێی بکرە) (أبو سعید)دەڵێ: جا باشە خورما بە خورما لەبەر تەرە بەوەی کە سووی تێبکەوێت یا زیو بە زیو؟ دەڵێ: پاشان هاتم بۆلای (ابن عمر) ئەویش ڕێگری لێکردم بەڵام نەچووم بۆلای (ابن عباس) دەڵێ: پاشتر (أبو الصهباء) قسەی بۆ کردم کەلە (مەککە) (ابن عباس)ی بینیوە و لەو بارەوە پرسیاری لێکردووە ئەویش حەزی پێنەکردووە.

وانەی سی و نۆ

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی قەرز وقەرزکردن (الدين) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چ هەڕەشەك دەربارەی قەرز کردن دابەزیوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جَحْشٍ قَالَ: كُنَّا جُلُوسًا بِفِنَاءِ الْمَسْجِدِ حَيْثُ يُوضَعُ الْجَنَائِزُ وَرَسُول الله جَالِسٌ بَيْنَ ظَهْرَيْنَا فَرَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَصَره قبل السَّمَاء فَنظر ثُمَّ طَأْطَأَ بَصَرَهُ وَوَضَعَ يَدَهُ عَلَى جَبْهَتِهِ قَالَ:(سُبْحَانَ الله سُبْحَانَ الله مَا نَزَلَ مِنَ التَّشْدِيدِ؟ قَالَ: فَسَكَتْنَا يَوْمَنَا وَلَيْلَتَنَا فَلَمْ نَرَ إِلَّا خَيْرًا حَتَّى أَصْبَحْنَا قَالَ مُحَمَّدٌ: فَسَأَلْتُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): مَا التَّشْدِيدُ الَّذِي نَزَلَ؟ قَالَ:(فِي الدَّيْنِ وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَوْ أَنَّ رَجُلًا قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ عَاشَ ثُمَّ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ عَاشَ ثُمَّ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ عَاشَ وَعَلَيْهِ دَيْنٌ مَا دَخَلَ الْجَنَّةَ حَتَّى يُقْضَى دَيْنُهُ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَفِي شَرْحِ السُّنَّةِ نَحْوَهُ والنسائي والطبراني في الأوسط والحاكم قال الالباني حسن (ثُمَّ طَأْطَأَ): أَيْ خَفَضَ،(مَا نَزَلَ مِنَ التَّشْدِيدِ؟): أَيْ: التَّهْدِيدِ وَالْوَعِيدِ

واتە: موحەممەدی کوڕی عبدالله ی کوڕی جەحش (ﷺ) دەڵێ: ئێمە دانیشتبووین لە لایەکی مزگەوت،کە جەنازەی لێ دادەنرا، پێغەمبەری خودا

دانیشتبوو لە نێوان ئێمە، سەری خۆی بەرزکردەوە بەرەو ئاسمان، تەماشای کرد،پاشان چاوەکانی نزم کردنەوە ودەستەکانی لەسەر نێوچاوانی دانا، فەرمووی پاکی بۆ خودا وپاکی بۆ خودا چ هەڕەشەیەك دابەزیوە؟ دەڵێ: بێ دەنگ بووین ڕۆژ وشەوێك، لەخێر زیاترمان نەبینی، تاکو بەیانیمان کردەوە (محمد) گوتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) ئەو هەڕەشەیە چییە دابەزیوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: دەربارەی قەرز دابەزیوە، سوێندم بەوەی گیانی (محمد) ی بەدەستە ئەگەر پیاوێك لە ڕێگای خودا بکوژرێ پاشان زیندووبێتەوە، بکوژرێتەوە لە ڕێگای خودا وزیندووبێتەوە، پاشان بکوژرێتەوە لە ڕێگای خودا وزیندووبێتەوە، ناچێتە بەهەشت تاکو قەرزەکەی بۆ نەدرێتەوە.

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەموو قەرزەکەم بۆ براکەم دایەوە، ئافرەتێك ماوە شایەدی نیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ سَعْدِ بْنِ الْأَطْوَلِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: (مَاتَ أَخِي وَتَرَكَ ثَلَاثَمِائَةِ دِينَارٍ، وَتَرَكَ وَلَدًا صِغَارًا، فَأَرَدْتُ أَنْ أُنْفِقَ عَلَيْهِمْ، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِنَّ أَخَاكَ مَحْبُوسٌ بِدَيْنِهِ فَاقْضِ عَنْهُ قَالَ: فَذَهَبْتُ فَقَضَيْتُ عَنْهُ ثُمَّ جِئْتُ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ قَدْ قَضَيْتُ عَنْهُ وَلَمْ يَبْقَ إِلَّا امْرَأَةٌ تَدَّعِي دِينَارَيْنِ وَلَيْسَتْ لَهَا بَيِّنَةٌ. قَالَ: أَعْطِهَا فَإِنَّهَا صَادِقَةٌ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وابن ماجه والبيهقي قال الشيخ الألباني صحيح

واتە: سەعدی کوڕی ئەتوەڵ (ﷺ) دەڵێ: براکەم مرد، سێ سەد دینار و منداڵێکی بچوکی جێ هێشت، ویستم بۆیان خەرج بکەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: براکەت بەند کراوە بەهۆی قەرزداریەکەی، قەرزەکەی بۆ بدەرەوە، دەڵێ ڕۆیشتم قەرزەکم بۆ دایەوە، پاشان هاتمەوە وتم: ئەی نێرراوی خودا هەموو قەرزەکەم بۆ دایەوە، تەنها ئافرەتێك ماوە دەڵێ: دوو دیناری منی لەسەرە بەڵام شایەدی نیە، فەرمووی: بیدەرەوە ڕاست دەکات.

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بۆ ئەوەندە پەنا دەگری بەخودا لەقەرزاری؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّ النَّبِيَّ ((ﷺ)) كَانَ يَدْعُو فِي الصَّلَاةِ: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ). قَالَتْ: فَقَالَ لَهُ قَائِلٌ: مَا أَكْثَرَ مَا تَسْتَعِيذُ مِنَ الْمَغْرَمِ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: (إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا غَرِمَ حَدَّثَ فَكَذَبَ، وَوَعَدَ فَأَخْلَفَ) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: (عائیشە) (خودا لێی ڕازی بێ) هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژدا دەپارایەوە: خوایە من پەنادەگرم بەتۆ لەسزای گۆڕو لەفیتنەی دەجال و پەنادەگرم بەتۆ لە فیتنەی ژیان و مردن، خودایە پەنادەگرم بەتۆ لەهەرشتێ تووشی گوناهم بکات، لەقەرزێك کەنادرێتەوە، عائیشە دەڵێ: یەکێ وتی (ئەی پێغەمبەری خوا) بۆ ئەوەندە پەنا دەگری لەقەرزاری؟ فەرمووی: (پیاو ئەگەر قەرزاربوو قسە دەکات و درۆ دەکات، بەڵێن دەدات و نایباتە سەر).

پ٤/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) شتومەك گران بوو، نرخمان بۆ دابنێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَن أنس قَالَ: غَلَا السِّعْرُ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ (ﷺ)فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ سَعِّرْ لَنَا فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) (إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمُسَعِّرُ الْقَابِضُ الْبَاسِطُ الرَّازِقُ وَإِنِّي لَأَرْجُو أَنْ أَلْقَى رَبِّي وَلَيْسَ أَحَدٌ مِنْكُمْ يَطْلُبُنِي بِمَظْلِمَةٍ، بِدَمٍ وَلَا مَالٍ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ وَابْنُ مَاجَهْ وَالدَّارِمِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: ئەنەس (ڕەزای خودای لێبێ) دەڵێ: نرخی شتومەك بەرزبوویەوە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)، هاوەڵان وتیان: ئەی نێرراوی خودا نرخمان بۆ دانێ (واتە: نرخ بۆ شتومەك دیاری بکە)؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خودا خۆی نرخ

دانەرە، ڕۆزی دەگڕێتەوە وڕۆزی دەبەخشێ و من ئومێدم وایە بگەمە خودای خۆم هیچ کەس لە ئێوە حەق ومافی بەسەرمەوە نەبێ، نە مافی خوێن نە مافی سامان.

پ٥ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر خۆشی خرایە دڵی موسڵمان، ئایا خودا ئەم کارەی پێ خۆشە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: (أَنْ تُدْخِلَ عَلَى أَخِيكَ الْمُسْلِمِ سُرُورًا، أَوْ تَقْضِيَ عَنْهُ دَيْنًا، أَوْ تُطْعِمَهُ خُبْزًا) رواه الطبراني في شعب الايمان

واتە: ئەبو هوڕەیرە (ڕضی الله عنه) دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، چ کردەوەیەك خێرترە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: خۆشی بخەیتە دڵی برایەکی موسڵمان، یان قەرزی بۆ بدەیتەوە یان عەفوی بکەی لە قەرز، یان نان دەرخواردی بدەی.

وانەی چـــل

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (دیاری) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/١ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەندێ ماڵم داوەتە نوعمانی کوڕم تۆش شایەد بە لەسەری ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (رضي الله عنه) قَالَ: تَصَدَّقَ عَلَيَّ أَبِي بِبَعْضِ مَالِهِ، فَقَالَتْ أُمِّي عَمْرَةُ بِنْتُ رَوَاحَةَ، لَا أَرْضَى حَتَّى تُشْهِدَ رَسُولَ (ﷺ) فَانْطَلَقَ أَبِي إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) لِيُشْهِدَهُ عَلَى صَدَقَتِي، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ (ﷺ) (أَفَعَلْتَ هَذَا بِوَلَدِكَ كُلِّهِمْ). قَالَ: لَا، قَالَ: (اتَّقُوا اللَّهَ وَاعْدِلُوا فِي أَوْلَادِكُمْ). فَرَجَعَ أَبِي فَرَدَّ تِلْكَ الصَّدَقَةَ) رواه البخاري

واتە: (النعمان)ی کوڕی (بشیر)(خوای لێی ڕازی بێت) وتوویەتی: (باوکم هەندێ لە ماڵەکەی پێ خەڵات کردم، بەڵام دایکم (عمرە)ی کچی (رواحە) وتی: ڕازی نابم هەتا پێغەمبەر (ﷺ) نەزانێ، باوکم لەگەڵ خۆی بردمی بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)بۆ ئەوەی بیکات بە شایەت لەسەر ئەو خەڵاتەی پێشکەشمی کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: (ئایا ئەمەت لەگەڵ هەموو منداڵەکانی ترت کردووە؟ ئەویش وتی: نەخێر، ئەویش فەرمووی: (لە خوا بترسن و دادگەرین لە نێو منداڵەکانتانا). ئیتر باوکم گەڕایەوە و لەو خەڵاتە پاشگەز بوویەوە.

پ ٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) شت وەربگرم دروستە لەبەرامبەر فێرکردنی قورئان؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ رَجُلٌ أَهْدَى إِلَيَّ قَوْسًا مِمَّنْ كُنْتُ أُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْقُرْآنَ وَلَيْسَتْ بِمَالٍ فَأَرْمِي عَلَيْهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَالَ: (إِنْ كُنْتَ تُحِبُّ أَنْ تُطَوَّقَ طَوْقًا مِنْ نَارٍ فَاقْبَلْهَا) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وَابْن مَاجَه قال الالباني صحيح

واتە: عوبادەی کوڕی سامیت (ﷺ) دەڵێ: وتم ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) پیاوێك دارکەوانێکی بەدیاری بۆ هێناوم، من نووسین و قورئانم فێرکردووە، ئەوەش سامان نییە، لە پێناوی خودا تیری پێ داوێم، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر حەزدەکەی بە ئاگر تەوق بکرێیت ئەوە وەربگرە.

زانایان دەڵێن: بۆیە دژایەتی نیە لەگەڵ فەرموودەکەی عیلاج بەقورئان بەکرێ، چونکە ئەوە عیلاجە، ئەوەی دیکە فێرکردنە، هەروەها دەڵێن تەبلیغی ئایین بەپارە دروستە.

پ ٣ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چی لەم قوماشە بکەم

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَلِيٍّ، أَنَّهُ أَهْدِيَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حُلَّةٌ مَكْفُوفَةٌ بِحَرِيرٍ، إِمَّا سَدَاهَا، وَإِمَّا لُحْمَتُهَا، فَأَرْسَلَ بِهَا إِلَيَّ، فَأَتَيْتُهُ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا أَصْنَعُ بِهَا؟ أَلْبَسُهَا، قَالَ: (لَا، وَلَكِنِ اجْعَلْهَا خُمُرًا بَيْنَ الْفَوَاطِمِ) رواه ابن ماجه قال الالباني صحيح

واتە: عەلی (ﷺ) دەڵێ: جلێکی چینراو بە ئاوریشم بەدیاری درایە پێغەمبەر(ﷺ)،بۆمنی ڕەوان کرد، منیش چوومە لای وتم: چی لەم قوماشە بکەم؟ ئایا دەبەری بکەم فەرمووی: نەخێر، بەڵکو بیکە سەرپۆش دابەشی بکە لە نیوان فاتیمەکان.

شرح - (سداها) في المصباح السدى من الثوب خلاف اللحمة. وهو ما يمد طولا في النسج. (لحمتها) في المصباح لحمة الثوب بالفتح ما ينسج عرضا. والضم لغة. (خمرا) في المصباح الخمار ثوب تغطي به المرأة رأسها. والجمع خمر مثل كتاب وكتب.

ئایا پێغەمبەری خودا (ﷺ) دیاری وەردەگرت؟

(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: (كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَقْبَلُ الْهَدِيَّةَ وَيُثِيبُ عَلَيْهَا) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالْبُخَارِيُّ وَأَبُو دَاوُد وَالتِّرْمِذِيُّ واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دیاری وەردەگرت وپاداشتی دیارییەکەشی دەدایەوە.

وانەی چل و یەک

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی تازیەداری ئافرەتی مێردمردوو و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ١ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ماوەی تازیەداری ئافرەتی مێردمردوو چەندە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(قَالَتْ زَيْنَبُ: سَمِعْتُ أُمِّي أُمَّ سَلَمَةَ، تَقُولُ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى رَسُولِ اللهِ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ ابْنَتِي تُوُفِّيَ عَنْهَا زَوْجُهَا، وَقَدِ اشْتَكَتْ عَيْنُهَا، أَفَنَكْحُلُهَا؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (لَا) مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا، كُلَّ ذَلِكَ يَقُولُ: (لَا) ثُمَّ قَالَ: (إِنَّمَا هِيَ أَرْبَعَةُ أَشْهُرٍ وَعَشْرٌ، وَقَدْ كَانَتْ إِحْدَاكُنَّ فِي الْجَاهِلِيَّةِ تَرْمِي بِالْبَعْرَةِ عَلَى رَأْسِ الْحَوْلِ) مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە:(زینب) دەڵێ: لە (أم سلمە)ی دایکم بیستووە، دەیگوت: ژنێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مێردی کچەکەم وەفاتی کردووە، کچەکەم تووشی چاو ئێشە بووە، ئایا دروستە چاوی بە کل بۆ بڕێژین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نەخێر). ئەمەی دووجار یان سێجار دووبارە کردەوە. لەهەموو جارێکیشدا دەیفەرموو: (نەخێر)، ماوەکەی چوار مانگ و دە ڕۆژە. خۆ جاران یەکێ لەئێوە لەسەردەمی نەفامیدا دوای تەواو بوونی ساڵێك قشپلەکەی فڕێ دەدا). (حمید) دەڵێ: بە (زینب)م وت:

مەبەستی چی بوو دوای تەواو بونی ساڵێك قشپلەکەی فڕێ دەدا؟ (زینب) وتی: لەسەردەمی نەفامیدا ئەگەر ژن مێردەکەی بمردایە دەچووە زنجێکی پیس و پۆخڵی بچووکەوە، خراپترین جلی لەبەردەکرد. نەبۆنی خۆش و نەهیچی تری بەجێ نەئەهێنا تا ساڵێك. ئینجا گیاندارێکیان دەهێنا گوێدرێژ یان مەڕ یان باڵندەیەك. داوێن و گیانی خۆی پێدا هەڵدەسوو، کەمجار ئەو شتەی ئەو خۆی پێدەسڕی نەدەمرد(*)، ئینجا لە زنجەکەی دەهاتە دەرەوە، قشپلێکی دەدرایە دەست و ئەویش فڕێی دەدا، ئیتر ئەوکاتە ئاوی بە خۆیدا دەکرد و بۆنی خۆشی لەخۆی دەدا) * - مەبەست ئەوەیە کە لاشەی ئەو ئافرەتە ئەوەندە پیس ئەبوو، کە زۆر جار ئەو گیاندارەی دەکوشت کە لێی نزیك دەکرایەوە.

پ/ ئایا دروستە ئافرەتی مێردمردوو بۆن لە خۆی بدات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەیە:

(عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَا تَحِدُّ امْرَأَةٌ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلَاثٍ إِلَّا عَلَى زَوْجٍ، فَإِنَّهَا تَحِدُّ عَلَيْهِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا وَلَا تَلْبَسُ ثَوْبًا مَصْبُوغًا، وَلَا ثَوْبَ عَصْبٍ، وَلَا تَكْتَحِلُ، وَلَا تَمْتَشِطُ، وَلَا تَمَسُّ طِيبًا إِلَّا عِنْدَ طُهْرِهَا، حِينَ تَطْهُرُ نُبْذًا مِنْ قُسْطٍ وَأَظْفَارٍ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئوم عەتیە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: دروست نییە تازیەداری لە سێ ڕۆژ زیاتر، مەگەر ئافرەتێك مێردی مردبێ، ئەوە چوار مانگ ودەڕۆژ تازیەدار دەبێ، جلوبەرگی ڕەنگاو ڕەنگ دەبەر ناکا،.... کل لە چاو ناکات، قژی شانە ناکات، بۆنی خۆش لە خۆی نادات، مەگەر کاتی پاکبوونەوە لە حەیز کەمێك لە قوست وئەزفار(دوو بۆن بوو کاتی خۆی) لە قۆماشی خۆ پاك کردنەوە دەدات.

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تەڵاق دراوم دروستە بچم خورما بڕنم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَن جابرٍ قَالَ: طُلِّقَتْ خَالَتِي ثَلَاثًا فَأَرَادَتْ أَنْ تَجُدَّ نَخْلَهَا فَزَجَرَهَا رَجُلٌ أَنْ تَخْرُجَ فَأَتَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: (بَلَى فَجُدِّي نَخْلَكِ فَإِنَّهُ عَسَى أَنْ تَصَّدَّقِي أَوْ تَفْعَلِي مَعْرُوفا) رَوَاهُ مُسلم

واتە: (جابیر)ی کوڕی (عبدالله) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پورم تەڵاق درا وێستی بڕوات بەری دارخورماکەی بچنێتەوە، کابرایەك پێیدا هەڵشاخا کە نەڕواتە دەرەوە، پووریشم چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکرد. فەرموی: (بەڵێ بڕۆ بەری دارخورماکەت بچنەوە سا بەڵکو صەدەقە و خێرێشی لێبکەیت).

شرح الكلمات (أن تجد) أي تقطع ثمرتها. (فزجرها) أي نهاها.

وانەی چل و دوو

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (خەرجی و پۆشاکی عیددەدار (نفقه المعده) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا تەڵاقدراوی سێ بەسن نەفەقە و خانووی دەکەوێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن فَاطِمَةَ بِنْتَ قَيْسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا): إِنَّ زَوْجَهَا طَلَّقَهَا ثَلَاثًا، فَلَمْ يَجْعَلْ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سُكْنَى وَلَا نَفَقَةً، قَالَتْ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِذَا حَلَلْتِ فَآذِنِينِي). فَآذَنْتُهُ، فَخَطَبَهَا مُعَاوِيَةُ وَأَبُو جَهْمٍ وَأُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (أَمَّا مُعَاوِيَةُ فَرَجُلٌ تَرِبٌ لَا مَالَ لَهُ، وَأَمَّا أَبُو جَهْمٍ فَرَجُلٌ ضَرَّابٌ لِلنِّسَاءِ وَلَكِنْ أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ). فَقَالَتْ بِيَدِهَا هَكَذَا: أُسَامَةُ أُسَامَةُ. فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (طَاعَةُ اللَّهِ وَطَاعَةُ رَسُولِهِ خَيْرٌ لَكِ). (قَالَتْ): فَتَزَوَّجْتُهُ فَاغْتَبَطْتُ) رواه مسلم

(وقولها: فاغتبطت به أي: حصل لي منه ما قرت به عيني، وما يغبط فيه)صحيح ابن حبان

((فَاغْتَبَطْتُ) الْغِبْطَةُ بِكَسْرِ الْغَيْنِ الْمُعْجَمَةِ: حُسْنُ الْحَالِ وَالْمَسَرَّةِ) نيل الاوطار

واتە: (فاطمة) ی کچی (قیس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: مێردەکەی سێ تەڵاقەی دا. پێغەمبەر (ﷺ) نەخانە و لانەو نەخەرجی بۆ دابین نەکرد. (فاطمة)وتی: پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموم: (ئەگەر عیدەکەت بەسەر چوو ئاگادارم بکە). کە عیدەکەی بەسەر چوو ئاگاداری کردەوە لەوکاتەدا (معاویە) و (أبو جهم) و (أسامه)ی کوڕی (زید) (خوای لێ ڕازی بێت) خوازبێنیان کرد، پێغەمبەر فەرمووی: (معاویە کابرایەکی دەست کورتە، (أبو جهم)یش زۆر لە ژن دەدات، بەڵام ئوسامەی کوڕی زەید گونجاوە) (فاطمة) ناڕەزایی نیشاندا بەدەستی و وتی: ئوسامە ئوسامە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (بەگوێکردنی خوا و پێغەمبەرەکەی بۆ تۆ چاکترە). (فاطمة) دەڵێ: کە شووم پێکرد بەختەوەر ودڵخۆش بووم.

پ ٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا تەڵاقدراوی حامیلە نەفەقەی دەکەوێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ فَاطِمَةَ بِنْتِ قَيْسٍ: أَنَّ زَوْجَهَا طَلَّقَهَا ثَلَاثًا فَأَتَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: (لَا نَفَقَةَ لَكِ إِلَّا أَنْ تَكُونِي حَامِلا) رواه مسلم

واتە: (فاطمة) ی کچی (قیس) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: مێردەکەی سێ تەڵاقەی دا، چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: خەرجیت ناکەوێ، ئیللا ئەگەر حامیلە بی،خودا لە قورئان فەرموویەتی: (وَإِنْ كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنْفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ) (الطلاق: ٦)

پ ٣ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەبو سوفیان هێندە پارەمان ناداتێ بەشی خۆم ومندالەکەم بکات،ئایا هەندێکی لێ ببەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ هِنْدَ بِنْتَ عُتْبَةَ قَالَتْ يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ أَبَا سُفْيَانَ رَجُلٌ شَحِيحٌ وَلَيْسَ يُعْطِينِي مَا يَكْفِينِي وَوَلَدِي إِلَّا مَا أَخَذْتُ مِنْهُ وَهُوَ لَا يَعْلَمُ فَقَالَ خُذِي مَا يَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالْمَعْرُوفِ)مُتَّفق عَلَيْهِ

واتە: عائیشە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: هیندی کچی عوتبە پرسیاری لە پێغەمبەر کرد وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) ئەبو سوفیان پیاوێکی ڕەزیلە، هێندمان پارە ناداتێ بەشی خۆم و منداڵەکەم بکات، مەگەر هەندێکی لێ بشارمەوە ئەویش نازانێ، پێغەمبەر (ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: بیبە ئەوەندی بەشی خۆت ومنداڵەکەت دەکات بەچاکە.

تێبینی: (ابن القیم) لە (فتاوی الرسول) دەڵێ:ئەم فەتوایەی سەرەوە چەند شتێك لە خۆی دەگرێ:

١- خەرجی ئافرەت دیاری نەکراوە و نەخەملێنراوە لە زەمانی پێغەمبەر و صەحابە وتابیعین

٢- نەفەقەی ئافرەت لە ڕەگەزی نەفەقی منداڵە هەردووکیان بە عورف (المعروف)

٣- خەرجی منداڵە تەنها لەسەر باوکانە.

٤- ئەگەر باوك و میرد مەسروفاتی واجبی سەریان نەکەن، ئەوا ژن و منداڵ بۆیان هەیە بە چاکی و بەپێی پێویست مالێکە ببەن.

٥- ئەگەر ژن دەیتوانی بۆ خەرجی بە خۆی مالێ ببات ، نابێ داوای تەلاق.

٦- مادام خوا و پێغەمبەر خەرجییان دیاری نەکردووە بە عورف دیاری دەکرێ.

٧- ئەگەر یەکێ وەکو سکالاّ زەمی کەسێ بکات ، باسی حاڵی خۆی بکات، نابێتە غەیبەت، وەبۆ ئەوەش کە گوێی بۆ دەگرێ بۆی نابێتە غەیبەت کە بڕیاری بۆ دەدات.

٨- ئەوەی ئەو مافەی لەسەریەتی نەیدات، شایستەی ئەوەیە لێی وەربگرێ . وەک نموونەی (هند) و (میوان) وەک پێغەمبەر فەرموویەتی :

(عَنْ الْمِقْدَامِ أَبِي كَرِيمَةَ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: (لَيْلَةُ الضَّيْفِ وَاجِبَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ، فَإِنْ أَصْبَحَ بِفِنَائِهِ مَحْرُومًا كَانَ دَيْنًا لَهُ عَلَيْهِ، إِنْ شَاءَ اقْتَضَاهُ، وَإِنْ شَاءَ تَرَكَهُ) وَفِي لَفْظٍ: (مَنْ نَزَلَ بِقَوْمٍ فَعَلَيْهِمْ أَنْ يَقْرُوهُ فَإِنْ لَمْ يَقْرُوهُ فَلَهُ أَنْ يُعْقِبَهُمْ بِمِثْلِ قِرَاهُ) رَوَاهُمَا أَحْمَدُ وَأَبُو دَاوُد) قال الالباني صحيح،(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (أَيُّمَا ضَيْفٍ نَزَلَ بِقَوْمٍ فَأَصْبَحَ الضَّيْفُ مَحْرُومًا فَلَهُ أَنْ يَأْخُذَ بِقَدْرِ قِرَاهُ وَلَا حَرَجَ عَلَيْهِ) رَوَاهُ أَحْمَدُ

(القري: الصيافة وحسن الوفادة، (يُعْقِبَهُمْ) يتبعهم ويطالبهم)

وانەی چل و سێ

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (میرات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەلالە چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ مَعْدَانَ بْنِ أَبِي طَلْحَةَ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) خَطَبَ يَوْمَ جُمُعَةٍ، فَذَكَرَ نَبِيَّ (ﷺ) وَذَكَرَ أَبَا بَكْرٍ، ثُمَّ قَالَ: إِنِّي لَا أَدَعُ بَعْدِي شَيْئًا أَهَمَّ عِنْدِي مِنَ الْكَلَالَةِ، مَا رَاجَعْتُ رَسُولَ الله (ﷺ) فِي شَيْءٍ مَا رَاجَعْتُهُ فِي الْكَلَالَةِ، وَمَا أَغْلَظَ لِي فِي شَيْءٍ مَا أَغْلَظَ لِي فِيهِ، حَتَّي طَعَنَ بِإِصْبَعِهِ فِي صَدْرِي، وَقَالَ: (يَا عُمَرُ، أَلَا تَكْفِيكَ آيَةُ الصَّيْفِ الَّتِي فِي آخِرِ (سُورَةِ) النِّسَاءِ). وَإِنِّي إِنْ أَعِشْ أَقْضِ فِيهَا بِقَضِيَّةٍ يَقْضِي بِهَا مَنْ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَمَنْ لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ) رواه مسلم

واتە: لە(معدان)ی کوڕی (أبي طلحة)وە: کە (عمر)ی کوڕی (الخطاب) لە ڕۆژی جومعەدا وتارێداو باسی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبو بەکری کرد، پاشان وتی: من هیچ شتێك پاش خۆم بەجێناهێڵم گرنگتربێت لە لام لە (کلالە) هیچ کاتێك مشت و مڕم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نەکردووە ئەمەندەی کە لە (کلالە) ەدا کردوومە، هیچ کاتێك ئەویش لەگەڵم تووندوتیژ نەبووە ئەوەندەی لەوەدا تووندوتیژبووە، تاوەکو جارێکیان پەنجەی کوتایە سنگم و و فەرمووی: (ئەی عومەر ئەرێ ئایەتە هاوینەکەت بەس نییە کە لە کۆتایی سورەتی (النساء)

دایە (بۆیە پێی ئەوترێت ئایەتی هاوینە چونکە لە هاویندا هاتۆتە خوارەوە). من ئەگەر عومر باقی بێ بڕیارێکی ئەو تۆی لەبارەوە ئەدەم کە کەسێك قورئان خوێن بێت و کەسێکیش قورئان خوێن نەبێت پەیڕەوی بکات. (٤) دواهەمین ئایەتێك دابەزیوە ئایەتی (الکلالە)ەیە

پ ٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا حوکمی شەرعی چییە بۆ کەسێکی کافر کە لەسەر دەستی موسڵمانێك موسڵمان بوو؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): مَا السُّنَّةُ فِي الرَّجُلِ مِنْ أَهْلِ الشِّرْكِ يُسْلِمُ عَلَى يَدَيْ رَجُلٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ؟ فَقَالَ: (هُوَ أَوْلَى النَّاسِ بِمَحْيَاهُ وَمَمَاتِهِ) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ وَالدَّارِمِيُّ حسن صحيح

واتە: تەمیمی داری (ﷺ) دەڵێ:پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ)کرد حوکمی شەرعی چییە دەربارەی کەسێك لە ئەهلی شیرك لەسەر دەستی کەسێکی موسڵمان موسڵمان بووە؟ فەرمووی: نزیکترین کەسە لێی لە ژیان ومردنیدا.

پ ٣ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) جارەییەکم بەخێر دایە دایکم، ئێستاش دایکم وەفاتی کردووە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عن بُرَيْدَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: بَيْنَا أَنَا جَالِسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذْ أَتَتْهُ امْرَأَةٌ فَقَالَتْ: إِنِّي تَصَدَّقْتُ عَلَى أُمِّي بِجَارِيَةٍ، وَإِنَّهَا مَاتَتْ، قَالَ: فَقَالَ: (وَجَبَ أَجْرُكِ، وَرَدَّهَا عَلَيْكِ الْمِيرَاثُ). قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُ كَانَ عَلَيْهَا صَوْمُ شَهْرٍ، أَفَأَصُومُ عَنْهَا؟ قَالَ: (صُومِي عَنْهَا). قَالَتْ: إِنَّهَا لَمْ تَحُجَّ قَطُّ، أَفَأَحُجُّ عَنْهَا؟ قَالَ: (حُجِّي عَنْهَا) رواه مسلم

واتە: بوڕەیدە(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لەکاتێکدا لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبوم ئافرەتێك هات و وتی: من کەنیزەکێکم بەخشیوە بەدایکم، دایکیشم مرد... فەرموی: پاداشتەکەت دەستکەوت و بەیاسای میراتیش کە

نێزەکەکەت بۆ گەڕایەوە، ئینجا پرسیاری لە پێغەمبەرکرد وتی: دایکم ڕۆژوی مانگێك قەرزارە، ئایا لە بڕی ئەو بەڕۆژو بم؟ فەرمووی: بەڕۆژوبە بۆی، وتی: هەرگیز حەجیشی نەکردبو ئایا حەجی بۆ بکەم؟ فەرمووی: حەجیشی بۆ بکە.

پ ٤ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باوکی منداڵان شەهید بووە، مامیشی هات هەموو ماڵەکەی برد ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرٍ قَالَ: جَاءَتِ امْرَأَةُ سَعْدِ بْنِ الرَّبِيعِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هَاتَانِ ابْنَتَا سَعْدِ بْنِ الرَّبِيعِ قُتِلَ أَبُوهُمَا مَعَكَ فِي يوم أُحد شَهِيدًا، وَإِنَّ عَمَّهُمَا أَخَذَ مَالَهُمَا فَلَمْ يَدَعْ لَهُمَا مَالًا وَلَا يُنْكَحَانَ إِلَّا وَلَهُمَا مال، فقال:(يَقضي اللهُ في ذلك) فَنَزَلَتْ آيَةُ الْمِيرَاثِ، فَأَرْسَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى عَمِّهِمَا فَقَالَ: (أَعْطِ ابْنَتَيْ سَعْدٍ الثُّلُثَيْنِ، وَأُمَّهُمَا الثُّمُنَ، وَمَا بَقِيَ فهو لك) (رَوَاهُ أَحْمَدُ وَأَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ) (الثُّلُثَيْنِ) دوو لەسەر سێ

واتە: لە جابیرەوە هاتووە: دەڵێ خێزانی سەعدی کوڕی ڕەبیع هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ)، وتی ئەی نێرراوی خوا ئەوانە دوو کچی سەعدن بابیان لەشەڕی ئوحد لەگەڵ تۆدا بوو شەهید بووە، مامیان هات هەموو ماڵی بردن، کەسیش مارەیان ناکات چونکە ماڵیان نیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی خوا بڕیاریان بۆ دەدات، جا ئایەتی میرات دابەزی، پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە دوای مامیان، فەرمووی (دوو سێیەك بدە کچەکانی سەعد، هەشتیەك بدە دایکیان، ئەوەی مایەوە بۆ خۆت .

پرسیار: ئایا منداڵی زینا میرات دەگرێ؟

(عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَالَ: أَيُّمَا رَجُلٍ عَاهَرَ بِحُرَّةٍ أَوْ أَمَةٍ فَالوَلَدُ وَلَدُ زِنَا لاَ يَرِثُ وَلاَ يُورَثُ) رواه ابن ماجه والترمذي قال الالباني حسن ((شرح الكلمات (من عاهر أمة) أي زنى بها)

ئایا منداڵی مولاعەنە میراتی بۆ کێیە؟

واتە: عەمڕی کوری شوعەیب لەباب و باپیریەوە دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەر پیاوێك زینا بکات لەگەڵ ئافرەتێکی ئازاد یان کەنیزەك، ئەو منداڵە منداڵی زینایە، ئەو منداڵە میرات لەم پیاوە ناگری، ئەگەر منداڵەکەش مرد میراتی لێ ناگیرێ.

(عن مَكْحُولٍ قَالَ جَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِيرَاثَ ابْنِ الْمُلَاعَنَةِ لِأُمِّهِ وَلِوَرَثَتِهَا مِنْ بَعْدِهَا حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ عَامِرٍ حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ أَخْبَرَنِي عِيسَى أَبُو مُحَمَّدٍ عَنْ الْعَلَاءِ بْنِ الْحَارِثِ عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) مِثْلَهُ (رواه ابوداود) قال الالباني صحيح

واتە: میراتی منداڵی مولاعەنە بۆ دایکییەتی، لەپاشان هی دایکەکەش بۆ میرات گرانیەتی پاش مردنی.

وفي رواية-(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ، قَالَ: فِي وَلَدِ الْمُلَاعَنَةِ: (مِيرَاثُهُ كُلُّهُ لِأُمِّهِ، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ أُمٌّ فَهُوَ لِعَصَبَتِهِ) وَقَالَ إِبْرَاهِيمُ: (مِيرَاثُهُ كُلُّهُ لِأُمِّهِ وَيَعْقِلُ عَنْهُ عَصَبَتُهَا، وَكَذَلِكَ وَلَدُ الزِّنَا، وَوَلَدُ النَّصْرَانِيِّ، وَأُمُّهُ مُسْلِمَةٌ) مصنف ابن ابي شيبة

واتە: لە (عبدالله) وە هاتووە گوتویەتی: منداڵی مولاعەنە(میراتەکەی هەمووی بۆ دایکیەتی، ئەگەر دایکی نەمابوو بۆ خزمانی منداڵەکەیە، وە(ابراهیم) دەڵێ: میراتەکەی هەمووی بۆ دایکییەتی و تۆڵەی خوێنیشی لەسەر خزمانی دایکییەتی، وە منداڵی زیناش بەهەمان شێوەیە، وە منداڵی لە گاوران بەهەمان شێوەیە کە دایکی موسڵمان بێ.

وانەی چل و چوار

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (خزمەتکار و کرێکار) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕۆژی چەند جاران لە خزمەتکارەکەم ببوورم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَمْ أَعْفُو عَنِ الْخَادِمِ؟ فَصَمَتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثُمَّ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَمْ أَعْفُو عَنِ الخَادِمِ؟ فَقَالَ: (كُلَّ يَوْمٍ سَبْعِينَ مَرَّةً) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

واتە: عبدالله ی کوڕی عومەر (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) چەند جار لە خزمەتکارەکەم خۆش بم؟ پێغەمبەر بێ دەنگ بوو، پاشان کابرا وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) چەند جار لە خزمەتکارەکەم خۆش بم؟ فەرمووی: ڕۆژی حەفتا جاران لێی ببورە.

وانەی چل و پێنج

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (عەزل) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/١ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا عەزل بکەین؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: ذُكِرَ الْعَزْلُ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: (وَمَا ذَاكُمْ). قَالُوا: الرَّجُلُ تَكُونُ لَهُ الْمَرْأَةُ تُرْضِعُ، فَيُصِيبُ مِنْهَا وَيَكْرَهُ أَنْ تَحْمِلَ مِنْهُ. وَالرَّجُلُ تَكُونُ لَهُ الْأَمَةُ، فَيُصِيبُ مِنْهَا وَيَكْرَهُ أَنْ تَحْمِلَ مِنْهُ. قَالَ: (فَلَا عَلَيْكُمْ أَنْ لَا تَفْعَلُوا ذَاكُمْ، فَإِنَّمَا هُوَ الْقَدَرُ). قَالَ ابْنُ عَوْنٍ: فَحَدَّثْتُ بِهِ الْحَسَنَ فَقَالَ: وَاللَّهِ لَكَأَنَّ هَذَا زَجْرٌ) رواه البخاري

واتە: (ئەبو سەعید خودری)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) باسی (عەزل)کرا، فەرموی: (مەبەستتان لەو دابڕین (عەزل)ە چییە؟ وتیان: جاری وا هەیە پیاو ژنی شیردەری هەیە کە دەچێتە لای نایەوێ سکی تر بکات، یان پیاوێك کەنیزەکێکی هەیە و دەچێتەلای حەزناکات سکی لێی پڕبێت. فەرمووی: (هیچتان بۆنابێ گەر وانەکەن چونکە ئەوە قەزاو قەدەرە) (أبن عون)دەڵێ: ئەمەم بۆ حەسەن باسکرد. وتی: بەخوا پێدەچێ بۆ سەرزەنشت بێت.

وفی روایه(وفي رواية(عَنْ جَابِرٍ، قَالَ كُنَّا نَعْزِلُ وَالْقُرْآنُ يَنْزِلُ. مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واته: جابیر دەڵێ: ئێمە عەزڵمان دەکرد قورئانیش دادەبەزی قەدەغەی نەدەکردین

پ٢/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) جاریەکم هەیە دەچمە لای بەڵام حەز ناکەم منداڵی ببێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ جَابِرٍقَالَ: (إِنَّ رَجُلًا أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: إِنَّ لِي جَارِيَةً هِيَ خَادِمَتُنَا وَأَنَا أَطُوفُ عَلَيْهَا وَأَكْرَهُ أَنْ تَحْمِلَ فَقَالَ: اعْزِلْ عَنْهَا إِنْ شِئْتَ فَإِنَّهُ سَيَأْتِيهَا مَا قُدِّرَ لَهَا فَلَبِثَ الرَّجُلُ ثُمَّ أَتَاهُ قَالَ: إِنَّ الْجَارِيَةَ قَدْ حَبِلَتْ. قَالَ: قَدْ أَخْبَرْتُكَ أَنَّهُ سَيَأْتِيهَا مَا قُدِّرَ لَهَا) رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

واته: جابیر (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاته خزمەت پێغەمبەر وتی: جاریەکم هەیە خزمەتکارمانە و من لە دەورەی دەسوڕێمەوە(واته: جیماعی لەگەڵ دەکەم)، پێم ناخۆشە سکی پڕ بێ بە منداڵ، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: ئەگەر حەزدەکەی عەزل بکە، بەڵام ئەگەر بۆی نووسرابێ منداڵی دەبێ، پاش ماوەیەك کابرا هاتەوە وتی: جاریەکەم سك پڕ بووە، فەرمووی: پێم نە وتی: ئەگەر بۆی نووسرابێ سکی پڕ دەبێت.

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ڕاستە جوولەکە دەڵێن عەزل زیندە بەچاڵ کردنی بچووکە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَبِي سَعِيد الْخُدْرِيَّ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، إِنَّ لِي وَلِيدَةً، وَأَنَا أَعْزِلُ عَنْهَا، وَأَنَا أُرِيدُ مَا يُرِيدُ الرَّجُلُ، وَأَكْرَهُ أَنْ تَحْمِلَ، وَإِنَّ الْيَهُودَ تَزْعُمُ أَنَّ الْمَوْءُودَةَ الصُّغْرَى الْعَزْلُ، فَقَالَ: (كَذَبَتْ يَهُودُ إِنَّ اللَّهَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَخْلُقَهُ، لَمْ يَسْتَطِعْ أَحَدٌ أَنْ يَصْرِفَهُ) رواه احمد والطبراني (حسن)

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: من جاریەكم هەیە، لەكاتی جیماع عەزل دەكەم،وحەزناكەم سكی پڕ بێ، بەڵام جوولەكە دەڵێن عەزل زیندە بەچاڵ كردنی بچووكە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: جوولەكە درۆ دەكەن، ئەگەر خودا ویستی لەسەر بێ منداڵ دروست بێ، هیچ شتێك ڕێگری لێ ناكات.

وانەی چل و شەش

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (شتی ونبوو) و وەڵامی پێغەمبەر(ﷺ)

پ ١/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر پارەم دۆزییەوە چی لێ بکەم ؟ یان وشتر و مەڕومااڵت چی لەوان بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن زَيْدَ بْنَ خَالِدٍ الْجُهَنِيَّ (رضي الله عنه) صَاحِبَ رَسُولِ (ﷺ) قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ (ﷺ) عَنِ اللُّقَطَةِ: الذَّهَبِ أَوِ الْوَرِقِ؟ فَقَالَ: (اعْرِفْ وِكَاءَهَا وَعِفَاصَهَا، ثُمَّ عَرِّفْهَا سَنَةً، فَإِنْ لَمْ تَعْرِفْ فَاسْتَنْفِقْهَا، وَلْتَكُنْ وَدِيعَةً عِنْدَكَ، فَإِنْ جَاءَ طَالِبُهَا يَوْمًا مِنَ الدَّهْرِ فَأَدِّهَا إِلَيْهِ). وَسَأَلَهُ عَنْ ضَالَّةِ الْإِبِلِ؟ فَقَالَ: (مَا لَكَ وَلَهَا؟ دَعْهَا، فَإِنَّ مَعَهَا حِذَاءَهَا وَسِقَاءَهَا، تَرِدُ الْمَاءَ وَتَأْكُلُ الشَّجَرَ حَتَّي يَجِدَهَا رَبُّهَا). وَسَأَلَهُ عَنِ الشَّاةِ؟ فَقَالَ: (خُذْهَا، فَإِنَّمَا هِيَ لَكَ أَوْ لِأَخِيكَ أَوْ لِلذِّئْبِ) رواه مسلم

واتە: (زەید)ی کوڕی (خالد الجهنی)، هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) کرا سەبارەت بە هەڵگرتنەوەی شتی ونبوو: زێڕ یا زیو (مەبەست پارەیە)؟ ئەویش فەرمووی: (سەیرکە بزانە دەمی تووڕەکەی بەچی بەستراوە و تووڕەکەیش چییە و چۆنە؟ پاشان تا سااڵێ جارێ بۆ بدە، ئەگەر نەناسراو خاوەنی نەبوو خەرجی کە و ئەوە سپاردە بێت لای خۆت، جا

ئەگەر خاوەنەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هاتەوە بۆی بیدەرەوە) ئینجا پرسیاری لێکرد سەبارەت بە حوشتری ون بوو؟ ئەویش فەرمووی: (تۆ چیتە بەسەریەوە؟ وازی لێبێنە، سمی خۆی و جەوەندە ئاوی خۆی پێیە خۆی دێتە سەر ئاو و درەخت دەخوا تا خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە). ئینجا پرسیاری لێکرد دەربارەی مەڕ و مالاتی ون بوو؟ فەرمووی: (بیگرە لای خۆت، چونکە یا بۆ تۆ دەبێت یا بۆ براکەت یا بۆ گورگ).

(شرح الكلمات (الْوِكَاءُ هُوَ الْخَيْطُ الَّذِي تُشَدُّ بِهِ الصُّرَّةُ وَالْكِيسُ وَنَحْوُهُمَا، (فَقَالَ: اعْرِفْ عِفَاصَهَا) أَيْ: وِعَاءَهَا، (وَحِذَاؤُهَا) أَيْ: يُؤْمَنُ عَلَيْهَا مِنْ أَنْ تَمُوتَ عَطَشًا.

وانەی چل و حەوت

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (شیردان) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا دروستە مێردی ئەو ژنەی شیری پێم داوە سەردانم بکات؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتْ: جَاءَ عَمِّي مِنَ الرَّضَاعَةِ يَسْتَأْذِنُ عَلَيَّ، فَأَبَيْتُ أَنْ آذَنَ لَهُ حَتَّى أَسْتَأْمِرَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَلَمَّا جَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قُلْتُ: إِنَّ عَمِّي مِنَ الرَّضَاعَةِ اسْتَأْذَنَ عَلَيَّ فَأَبَيْتُ أَنْ آذَنَ لَهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (فَلْيَلِجْ عَلَيْكِ عَمُّكِ). قُلْتُ: إِنَّمَا أَرْضَعَتْنِي الْمَرْأَةُ وَلَمْ يُرْضِعْنِي الرَّجُلُ؟ قَالَ: (إِنَّهُ عَمُّكِ، فَلْيَلِجْ عَلَيْكِ). رواه البخاري

واتە: (عائیشە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: مامە شیرییەکەم هات و مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی خواست. منیش ڕێگەم نەدا تا پرسێك بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەم، کەپێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی هێنا، وتم: مامی شیرییم مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی خواست، منیش ڕێگەم نەدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ڕێگەی بدە، با مامت بێتە ژورەوە بۆ لات). وتم: خۆمن ژنەکەی شیری پێداوم، نەك پیاوەکە، فەرمووی: (ئەوە مامی تۆیە بابێتە ژوورەوە).

پ٢/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا بە یەك دوو جار شیر خواردن ژن و پیاو لە یەك حەرام دەكات ؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أُمِّ الْفَضْلِ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتْ: دَخَلَ أَعْرَابِيٌّ عَلَى نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ فِي بَيْتِي، فَقَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، إِنِّي كَانَتْ لِي امْرَأَةٌ فَتَزَوَّجْتُ عَلَيْهَا أُخْرَى، فَزَعَمَتِ امْرَأَتِي الْأُولَى أَنَّهَا أَرْضَعَتِ امْرَأَتِي الْحُدْثَى رَضْعَةً أَوْ رَضْعَتَيْنِ؟ فَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ): (لَا تُحَرِّمُ الْإِمْلَاجَةُ وَالْإِمْلَاجَتَانِ).رواه مسلم

واتە: (أم الفضل)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ كاتێ كە پێغەمبەر (ﷺ) لای من بوو، كابرایەكی دەشتەكی هات بۆلای، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ژنێكم هەبوو، ژنێكی ترم بەسەردا هێنا، ژنە كۆنەكەم دەڵێ: كە بەمنالّی قومێ یان دوو قوم شیرم داوە بەو ژنە نوێیەت؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (یەكجار مژین و دووجار مژین نابێتە هۆی حەڕام بوون).

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) كەسێك مۆڵەت دەخوازێ بێتە ماڵەكەت، مامی شیری حەفصەیە ؟

وەڵامەكەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)كَانَ عِنْدَهَا، وَإِنَّهَا سَمِعَتْ صَوْتَ رَجُلٍ يَسْتَأْذِنُ فِي بَيْتِ حَفْصَةَ، قَالَتْ عَائِشَةُ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا رَجُلٌ يَسْتَأْذِنُ فِي بَيْتِكَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (أُرَاهُ فُلَانًا) لِعَمِّ حَفْصَةَ مِنَ الرَّضَاعَةِ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: (قُلْتُ): يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوْ كَانَ فُلَانٌ حَيًّا -لِعَمِّهَا مِنَ الرَّضَاعَةِ- دَخَلَ عَلَيَّ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (نَعَمْ، إِنَّ الرَّضَاعَةَ تُحَرِّمُ مَا تُحَرِّمُ الْوِلَادَةُ).رواه البخاري

واتە: (عائیشە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەلای بووە، گوێی لە دەنگی پیاوێك بوو، مۆڵەتی دەخواست بۆ ماڵەكەی (حفصە)، (عائشە) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوە پیاوێكە مۆڵەت دەخوازێ بۆ هاتنە ژوورەوەی ماڵەكەت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (وابزانم فلّان كەسە)

مەبەستی مامی شیری حەفصە بوو. (عائیشە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەگەر فلان کەس زیندوو بوایە، -کەمامی شیری بووە- مەحرەم بوو بە من؟ ئەیتوانی بێتەماڵم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ هەرچی لەڕێگەی لەدایك بوونەوە ببێتە مەحرەم، بەشیر خواردنیش دەبێتە مەحرەم).

پ٤/ ئیمامی عەلی دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بۆچی ئافرەت لە ئێمە ناخوازی، بۆ نموونە وەکو کچی حەمزە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَلِيّ (رضي الله عنه) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا لَكَ تَنَوَّقُ فِي قُرَيْشٍ وَتَدَعُنَا؟ فَقَالَ: (وَعِنْدَكُمْ شَيْءٌ). قُلْتُ: نَعَمْ، بِنْتُ حَمْزَةَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ((ﷺ): (إِنَّهَا لَا تَحِلُّ لِي، إِنَّهَا ابْنَةُ أَخِي مِنَ الرَّضَاعَةِ) رواه مسلم

واتە: (علی)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، هۆکەی چییە؟ بۆ ژن لەناو قورەیشدا هەڵدەبژێریت و واز لەئێمە دەهێنیت؟ فەرمووی: (جا ئێوە کێتان هەیە؟) وتم: کچەکەی حەمزە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (کچەکەی حەمزە بۆ من ناشێت، چونکە برازای شیرییمە).

ئایا شیردان چەند شایەدی دەوێ؟

السؤال/ هل يكفي أن تشهد في الرضاع امرأة واحدة أو امرأتان؟

الجواب/ الشهادة في الرضاع تصح بواحدة إذا كانت ثقة، والله تعالى يقول: (وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى) (البقرة:٢٨٢) أي: إذا نسيت إحداهما تذكرها الأخرى؛ وهذا في غير شهادة الرضاع.) شرح شرح سنن أبي داود الراجحي

پ ٥ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئافرەتێك هاتووە دەڵێ شیرم بەو ئافرەتە داوە کە تۆ مارەت کردووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عُقْبَةَ بْنِ الْحَارِثِ أَنَّهُ تَزَوَّجَ ابْنَةً لِأَبِي إِهَابِ بْنِ عَزِيزٍ فَأَتَتْهُ امْرَأَةٌ فَقَالَتْ قَدْ أَرْضَعْتُ عُقْبَةَ وَالَّتِي تَزَوَّجَ فَقَالَ لَهَا عُقْبَةُ مَا أَعْلَمُ أَنَّكِ أَرْضَعْتِنِي وَلَا أَخْبَرْتِنِي فَأَرْسَلَ إِلَى آلِ أَبِي إِهَابٍ يَسْأَلُهُمْ فَقَالُوا مَا عَلِمْنَا أَرْضَعَتْ صَاحِبَتَنَا فَرَكِبَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) بِالْمَدِينَةِ فَسَأَلَهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) كَيْفَ وَقَدْ قِيلَ فَفَارَقَهَا وَنَكَحَتْ زَوْجًا غَيْرَهُ)رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: عوقبەی کوڕی حاریس (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: کچێکم مارەکرد، هی مااڵی ئەبو ئیهابی کوڕی عەزیز بوو، ئافرەتێك هات وتی: شیرم بە عوقبە داوە کە ئەو کچەی مارەکردوە (واتە: شیری بە هەردووکیان داوە)،عوقبە گوتی: نەم زانیوەتۆ شیرت بەمن دابێ وکەسیش هەواڵی بەمن نەداوە، ناردی بە دوای ئالی ئەبی ئیهاب، پرسیاریان لێ کرد، گوتیان نەمان زانیوە ئەو ژنە شیری بەتۆ دابێ، چوونە الی پێغەمبەر لە مەدینە، فەرمووی: چۆن وا دەڵێ، پێغەمبەر لێکی جیاکردنەوە شووی بە پیاوێکی دیکە کرد.

لەڕیواتیکدا دەڵێ: شیرم بەهەردووکتان داوە.

وانەی چل و هەشت

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (تەڵاق) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ/ ئمامی (عمر) (رضي الله عنه) دەڵی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) (عبدالله)ی کوڕم ژنەکەی لە کاتی حەیز تەڵاق داوە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّهُ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَسَأَلَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا ثُمَّ لِيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ ثُمَّ تَحِيضَ ثُمَّ تَطْهُرَ ثُمَّ إِنْ شَاءَ أَمْسَكَ بَعْدُ وَإِنْ شَاءَ طَلَّقَ قَبْلَ أَنْ يَمَسَّ فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَرَ اللَّهُ أَنْ تُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاءُ) رواه البخاري

واتە: لە عبدالله ی کوڕی عومەر (رضي الله عنه) هاتووە کە ژنی خۆی تەلاق داوە لە کاتی حەیز، لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)، عومەر خوا لێی ڕازی بێ، پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد لەم بارەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: فەرمانی پێ بکە بابیگێڕیتەوە، پاشان لای خۆی بێ تاکو پاك دەبێتەوە، ئینجا دەکەوێتەوە حەیز، پاشان پاك دەبێتەوە، پاشان ئەگەر حەزی کرد با لای بێ، ئەگەر حەزیشی کرد با تەڵاقی بدات، پێش ئەوەی بچێتە لای، ئەوە ئەو عیدەیە کە خوا فەرمانی پێ کردووە.

پ٢ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) خێزانەکەم زمانی پیسە چی لێ بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ لَقِيطِ بْنِ صُبْرَةَ قَالَ:(قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ لِيَ امْرَأَةً فِي لِسَانِهَا شَيْءٌ، قَالَ: (فَطَلِّقْهَا إِذًا)، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ لِي مِنْهَا وَلَدًا، وَلَهَا صُحْبَةً، قَالَ: (عِظْهَا، فَإِنْ يَكُ فِيهَا خَيْرٌ، فَسَتَقْبَلُ، وَلَا تَضْرِبْ ظَعِينَتَكَ ضَرْبَكَ أَمَتَكَ) الطبراني وابن حبان قال الالباني صحيح

واتە: لەقیتەی کوڕی صوبرە (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: وتم: ئەی نێردراوی خودا (ﷺ)، خێزانەکەم زمان پیسە، پێغەمبەر فەرمووی: کەواتە تەڵاقی بدە، ئەڵێ وتم: ئەی نێردراوی خودا منداڵم لێی هەیە و ماوەیەکە بەیەکەوەین، فەرمووی: ئامۆژگاری بکە، ئەگەر خێری پیوەبێ، بەقسەت دەکات، ولە خێزانت مەدە وەکو لێدانی جاریەکان.

پ٣ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) خێزانەکەم خۆش دەوێ، بەڵام باوکم دەڵێ تەلاقی بدە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: (كَانَ تَحْتِي امْرَأَةٌ أُحِبُّهَا وَكَانَ أَبِي يَكْرَهُهَا، فَأَمَرَنِي أَنْ أُطَلِّقَهَا فَأَبَيْتُ، فَذَكَرَ ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ)فَقَالَ: يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ طَلِّقْ امْرَأَتَكَ) رَوَاهُ الْخَمْسَةُ إِلَّا النَّسَائِيّ وَصَحَّحَهُ التِّرْمِذِيُّ قال الالباني حسن

واتە: ئیبن عومەر (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێ: ئافرەتێك خێزانم بوو خۆشم دەویست،بەڵام باوکم فەرمانی پێ کردم تەڵاقی بدەم، منیش ڕەتم کردەوە، ئەڵێ بۆ پێغەمبەرم (ﷺ) باس کرد، فەرمووی: ئەی عەبدوڵای کوڕی عومەر ژنەکەت تەڵاق بدە.

پ ٤ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) خێزانەکەم دەستی کەس ناگێڕێتەوە ئایا چی لێ بکەم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ رَجُلًا قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ تَحْتِي امْرَأَةً لَا تَرُدُّ يَدَ لَامِسٍ قَالَ طَلِّقْهَا قَالَ إِنِّي لَا أَصْبِرُ عَنْهَا قَالَ فَأَمْسِكْهَا) رواه النسائي قال الالباني صحيح الاسناد

واتە: ئیبن عەباس (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ) خێزانەکەم دەستی هیچ کەس ناگێڕێتەوە چی لێ بکەم؟ فەرمووی: تەڵاقی بدە، کابرا وتی: لە جیابوونەوەی ناتوانم ئارامبگرم، فەرمووی: مادام وایە بیهێڵەوە.

سێ تێبینی:

١- (لا تَرُدُّ يَدَ لَامِسٍ)دەربارەی دەستی کەس ناگێڕێتەوە، هەندێ دەڵێن دەستی کەس ناگێڕێتەوە واتە: لە زینا، هەندێ دەڵێن دەستی کەس ناگێڕێتەوە واتە: لە سەرفکردنی مااڵی مێردی.

٢- بۆچی پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگای دا بیهێلیتەوە؟ وەڵام چونکە پیاوەکە چاوی لە ئافرەتەکە بوو، دوور نەبوو پاش تەلاقدان بەحەڕامی بچێتە لای.

٣- هەندێکیش دەڵێن: فەرموودەکە لاوازە کاری پێ ناکرێ.

پ٥/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) پیاوەکەم سێ بەسن تەلاقی داوم شووم کردووە بە یەکی دیکە،بەڵام چاوم لە پیاوی کۆنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عائشة قالت: أَنَّ امْرَأَةَ رِفَاعَةَ الْقُرَظِيِّ جَاءَتْ إِلَى رَسُول اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ رِفَاعَةَ طَلَّقَنِي فَبَتَّ طَلَاقِي وَإِنِّي نَكَحْتُ بَعْدَهُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الزُّبَيْرِ الْقُرَظِيَّ وَإِنَّمَا مَعَهُ مِثْلُ الْهُدْبَةِ قَالَ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) لَعَلَّكِ تُرِيدِينَ أَنْ تَرْجِعِي إِلَى رِفَاعَةَ لَا حَتَّى يَذُوقَ عُسَيْلَتَكِ وَتَذُوقِي عُسَيْلَتَهُ)صحيح البخاري

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: خێزانی (رفاعة القرظي) هاتە خزمەت پێغەمبەر وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)، میردەکەم (رفاعة القرظي) سێ بەسێ تەڵاقی داوم، لە پاشان شووم کردەوە بە (عبدالرحمن ی کوڕی الزبیر)لەپیاوەتی کەوتووە و، وەکو ئەم پەڕۆیە وایە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (پێدەچێ حەز بکەیت بگەڕێیتەوە بۆلای (رفاعە)؟ نەخێر نابێ، نابێ هەتا ئەو(میردە تازەکەت) چێژ لەتۆ وەردەگرێت و تۆش چێژ لەو وەردەگریت)

معاني الكمات: (البتة) هي: طلاق الثلاث.

پ٨/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر کەسێك خێزانی خۆی سێ بەسێ تەلاقدا، پاشان شووی کردەوە بەپیاوێك، ئەویش تەلاقی داوە بێ چوونە لای ئایا بۆ پیاوی یەکەم دروستە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ)عَنِ الرَّجُلِ يُطَلِّقُ امْرَأَتَهُ ثَلَاثًا فَيَتَزَوَّجُهَا الرَّجُلُ، فَيُغْلِقُ الْبَابَ وَيُرْخِي السِّتْرَ، ثُمَّ يُطَلِّقُهَا قَبْلَ أَنْ يَدْخُلَ بِهَا؟ قَالَ: (لَا تَحِلُّ لِلْأَوَّلِ حَتَّى يُجَامِعَهَا الْآخَرُ) رواه النسائي قال الالباني صحيح

واتە: ئین عومەر (ﷺ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (ﷺ) دەربارەی پیاوێك خێزانی سێ بەسێ تەڵاق بدات، پیاوێکی دیکە مارەی بکاتەوە، ودەرگا دابخات وپەردەکانی بەرداتەوە، پاشان تەڵاقی بداتەوە پێش ئەوەی بچێتە لای، فەرمووی: بۆ هی یەکەم حەڵاڵ نابێتەوە تاکو ئەوەی دیکە جیماعی لەگەڵ نەکات.

ئایا (حەڵاڵەکەر و حەڵاڵ بۆ کراوە(الْمُحِلَّ، وَالْمُحَلَّلَ لَهُ) مانای چییە؟ وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِالتَّيْسِ الْمُسْتَعَارِ؟ قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: (هُوَ الْمُحِلُّ) ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَعَنَ اللَّهُ الْمُحِلَّ، وَالْمُحَلَّلَ لَهُ) رواه الحاكم والطبراني وابن ماجه قال الالباني حسن

واتە: عوقبەی کوڕی عامیر (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا هەواڵتان بدەمێ بە نێری خوازراو؟ هاوەڵان وتیان: بەڵێ ئەی نێرراوی خودا(ﷺ)، فەرمووی: ئەوەی حەڵاڵ دەکات، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەعنەتی خودا لەو کەسەی ژنێك مارە دەکا تاکو بۆ مێردەکەی حەڵاڵ بکا و لەعنەتی خودا لەو مێردەش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێ.(بەکوردی پێی دەگوترێ مارەبەجاش)

وانەی چل و نۆ

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی
تەلاقدانی بەپارە (خولع) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باغەکەی دەدەمەوە با (سابیت)یش تەلاقم بدات ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

خولع: واتە پیاو ژنی خۆی تەلاق بدات بەرامبەر بڕێك (فدیە).

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا أَنَّ امْرَأَةَ ثَابِتِ بْنِ قَيْسٍ جَاءَتْ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ، وَاللهِ مَا أَعْتِبُ عَلَى ثَابِتٍ فِي خُلُقٍ وَلَا دِينٍ، وَلَكِنْ أَكْرَهُ الْكُفْرَ فِي الْإِسْلَامِ ، فَقَالَ: أَتَرُدِّينَ عَلَيْهِ حَدِيقَتَهُ قَالَتْ: نَعَمْ قَالَ: يَا ثَابِتُ، اقْبَلِ الْحَدِيقَةَ وَطَلِّقْهَا تَطْلِيقَةً) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ

واتە: ئیبن عەباس (خودا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) دەڵێ: خێزانی سابیتی کوڕی قەیس هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی نێرراوی خودا، سوێند بەخودا سەرزنشتی سابیت ناکەم لە دینداری و هەڵسوکەوتی، بەڵام پێم ناخۆشە بگەڕێمەوە سەر کوفر (واتە: بگەڕێمەوە سەر هەڵسوکەوتەکانی ئەهلی کوفر) پاش هاتنم بۆ ناو ئیسلام، فەرمووی: باغەکەی بۆ دەگێڕیتەوە(تاکو دەستت لێ هەڵگرێ) وتی: بەڵێ، فەرمووی: ئەی سابیت قەبوول بکە وەرگڕتنەوەی باغەکەت و تەلاقی بدە.

وفی روایه(عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ حَبِيبَةَ بِنْتَ سَهْلٍ كَانَتْ عِنْدَ ثَابِتِ بْنِ قَيْسِ بْنِ شَمَّاسٍ فَضَرَبَهَا فَكَسَرَ بَعْضَهَا فَأَتَتْ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) بَعْدَ الصُّبْحِ فَاشْتَكَتْهُ إِلَيْهِ فَدَعَا النَّبِيُّ (ﷺ) ثَابِتًا فَقَالَ خُذْ بَعْضَ مَالِهَا وَفَارِقْهَا فَقَالَ وَيَصْلُحُ ذَلِكَ يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ)قَالَ نَعَمْ قَالَ فَإِنِّي أَصْدَقْتُهَا حَدِيقَتَيْنِ وَهُمَا بِيَدِهَا فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) خُذْهُمَا وَفَارِقْهَا فَفَعَلَ) صحيح سنن أبي داود

واته: عائیشه (خودا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: (حەبیبەی کچی سەهل)خێزانی سابیتی کوڕی قەیس کوڕی شەماس بوو، لێیدا و هەندێ جێگای شکاند پاش بەیانی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) سکالای هێنایە لای پێغەمبەر(ﷺ) ، پێغەمبەریش(ﷺ) بانگی سابیتی کرد و پێی فەرموو:هەندێ مالّی لێ وەرگرەو تەڵاقی بدە، سابیت وتی: ئەوە دروستە ئەی نێرراوی خودا، فەرمووی: بەڵێ، وتی: دوو باخم مارەیی پێداوە، لە دەستی ئەودایە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: وەریانگرەوە و تەڵاقی بدە.

وانەی پەنجا

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (زیهار) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) زیهارم لەگەڵ خێزانم کردوە، بەڵام پێش کەفارەت جیماعم لەگەڵ کردووە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) قَدْ ظَاهَرَ مِنْ امْرَأَتِهِ فَوَقَعَ عَلَيْهَا فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي قَدْ ظَاهَرْتُ مِنْ زَوْجَتِي فَوَقَعْتُ عَلَيْهَا قَبْلَ أَنْ أُكَفِّرَ فَقَالَ وَمَا حَمَلَكَ عَلَى ذَلِكَ يَرْحَمُكَ اللَّهُ قَالَ رَأَيْتُ خَلْخَالَهَا فِي ضَوْءِ الْقَمَرِ قَالَ فَلَا تَقْرَبْهَا حَتَّى تَفْعَلَ مَا أَمَرَكَ اللَّهُ بِهِ) رَوَاهُ الْخَمْسَةُ إِلَّا أَحْمَدَ وَصَحَّحَهُ قال الالباني حسن

واتە: ئیبنو عەباس (خودا لە خۆی و بابی رازی بێ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر زیهاری لەگەڵ خێزانەکەی کردبوو، وتی: ئەی نێرراوی خودا (ﷺ)من زیهارم لەگەڵ خێزانەکەم کردووە، بەڵام پاش زیهار پێش ئەوەی کەفارەت بدەم جیماعم لەگەڵ کردووە؟ فەرمووی: بۆچی وات کرد؟ وتی: لەبەر ڕوناکی مانگ خلخالەکانم بینین (لە ڕیوایەتی دیکە دەڵێ: قاچەکانم بینی خۆم بۆ نەگیرا) پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: نزیکی مەکەوە تاکو ئەوەی خودا فەرمانی پێ کردی جێ بەجێی نەکەی (واتە: تاکو کەفارەتەکە دەدەی)

زیهار: واتە: کەسێك بە خێزانی بڵێ تۆ وەکو پشتی دایکمی یان وەکو خوشکمی.

پ٢/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا کەفارەتی زیهار چییە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ خَوْلَةَ بِنْتِ ثَعْلَبَةَ قَالَتْ وَاللَّهِ فِيَّ وَفِي أَوْسِ بْنِ صَامِتٍ أَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ صَدْرَ سُورَةِ الْمُجَادَلَةِ قَالَتْ كُنْتُ عِنْدَهُ وَكَانَ شَيْخًا كَبِيرًا قَدْ سَاءَ خُلُقُهُ وَضَجِرَ قَالَتْ فَدَخَلَ عَلَيَّ يَوْمًا فَرَاجَعْتُهُ بِشَيْءٍ فَغَضِبَ فَقَالَ أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي قَالَتْ ثُمَّ خَرَجَ فَجَلَسَ فِي نَادِي قَوْمِهِ سَاعَةً ثُمَّ دَخَلَ عَلَيَّ فَإِذَا هُوَ يُرِيدُنِي عَلَى نَفْسِي قَالَتْ فَقُلْتُ كَلَّا وَالَّذِي نَفْسُ خُوَيْلَةَ بِيَدِهِ لَا تَخْلُصُ إِلَيَّ وَقَدْ قُلْتَ مَا قُلْتَ حَتَّى يَحْكُمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ فِينَا بِحُكْمِهِ قَالَتْ فَوَاثَبَنِي وَامْتَنَعْتُ مِنْهُ فَغَلَبْتُهُ بِمَا تَغْلِبُ بِهِ الْمَرْأَةُ الشَّيْخَ الضَّعِيفَ فَأَلْقَيْتُهُ عَنِّي قَالَتْ ثُمَّ خَرَجْتُ إِلَى بَعْضِ جَارَاتِي فَاسْتَعَرْتُ مِنْهَا ثِيَابَهَا ثُمَّ خَرَجْتُ حَتَّى جِئْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَجَلَسْتُ بَيْنَ يَدَيْهِ فَذَكَرْتُ لَهُ مَا لَقِيتُ مِنْهُ فَجَعَلْتُ أَشْكُو إِلَيْهِ (ﷺ)مَا أَلْقَى مِنْ سُوءِ خُلُقِهِ قَالَتْ فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ يَا خُوَيْلَةُ ابْنُ عَمِّكِ شَيْخٌ كَبِيرٌ فَاتَّقِي اللَّهَ فِيهِ قَالَتْ فَوَاللَّهِ مَا بَرِحْتُ حَتَّى نَزَلَ فِيَّ الْقُرْآنُ فَتَغَشَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَا كَانَ يَتَغَشَّاهُ ثُمَّ سُرِّيَ عَنْهُ فَقَالَ لِي يَا خُوَيْلَةُ قَدْ أَنْزَلَ اللَّهُ فِيكِ وَفِي صَاحِبِكِ ثُمَّ قَرَأَ عَلَيَّ قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ إِلَى قَوْلِهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُرِيهِ فَلْيُعْتِقْ رَقَبَةً قَالَتْ فَقُلْتُ وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا عِنْدَهُ مَا يُعْتِقُ قَالَ فَلْيَصُمْ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ قَالَتْ فَقُلْتُ وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ شَيْخٌ كَبِيرٌ مَا بِهِ مِنْ صِيَامٍ قَالَ فَلْيُطْعِمْ سِتِّينَ مِسْكِينًا وَسْقًا مِنْ تَمْرٍ قَالَتْ قُلْتُ وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا ذَاكَ عِنْدَهُ قَالَتْ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَإِنَّا سَنُعِينُهُ بِعَرَقٍ مِنْ تَمْرٍ قَالَتْ فَقُلْتُ وَأَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ سَأُعِينُهُ بِعَرَقٍ آخَرَ قَالَ قَدْ أَصَبْتِ وَأَحْسَنْتِ فَاذْهَبِي فَتَصَدَّقِي عَنْهُ ثُمَّ اسْتَوْصِي بِابْنِ عَمِّكِ خَيْرًا قَالَتْ فَفَعَلْتُ قَالَ سَعْدٌ الْعَرَقُ الصَّنُّ) رواه احمد وابن حبان قال الالباني حسن)

واتە: لەخەولەی کچی سەعلەبەوە هاتووە دەڵێ:سوێند بەخوا سەرەتای سورەتی (المجادلە) دەربارەی من و ئەوسی کوڕی سامیت دابەزیوە، دەڵێ من خێزانی ئەو بووم، پیرێکی مامەلە خۆش نەبوو، دەڵێ ڕۆژێك هاتەوە داوایەکم

لێ کرد تورەبوو، وتی: تۆ بۆ من وەکو پشتی دایکمی، چووە دەرەوە ناو کۆڕی خزمانی، دوایی هاتەوە داوای سەرجێی لێ کردم، وتم: سوێندم بەوەی گیانی خەولەی بەدەستە، نزیکم نابی، ئەوەی گوتت گۆتت، تاکو خوا و پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاری لێ نەدەن دەڵێ دڕێژی کردم بەڵام لێ نەگەڕام هیچ بکات و پیرێکی لاواز بوو لەخۆم دوورخستەوە،چوومە لای دراوسێیەکەم، جل وبەرگم بە ئەمانەت لێ وەرگرت و چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، لە لای دانیشتم، شتەکەم بۆ گێڕایەوە، باسی ڕەفتاری خراپی ئەوم کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی خەولە کوڕە مامت پیرە دەربارەی ئەو لە خوا بترسە،دەڵێ: سوێند بەخوا چی پێ نەچوو خوا قورئانی دەربارەی من نارد خوارەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی خەولە خوا ئایەتی دەربارەی تۆ و پیاوەکەت نارددەخوارەوە جا بۆی خوێندمەوە(قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ إِلَى قَوْلِهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ)

جا پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموم: پێ بڵێ با بەندەیەك ئازاد بکات، ئەڵێ وتم: ئەی پێغەمبەری خوا والله پارەی نیە بەندە ئازاد بکات، فەرمووی با دوو مانگ لەسەر یەك بە ڕۆژووبێ، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (والله) بەتەمەنە ناتوانێ بە ڕۆژووبێ، فەرمووی: با (٦٠) فەقیر تێربکات ویسقێك لە خورما، وتم: والله ئەی پێغەمبەری(ﷺ) خوا نییەتی،فەرمووی: ئێمە یارمەتی دەدەین، بە سەبەتێك لە خورما، وتم: منیش یارمەتی دەدەم بەسەبەتێك خورما ئەی نێرراوی(ﷺ) خوا،فەرمووی: پێکات و دەستت خۆش بێ و چاکت کرد، بڕۆ کەفارەتەکەی بۆ بدە، داوات لێ دەکەم چاك بی لەگەڵ ئامۆزاکەت، دەڵێ: منیش وام کرد و باش بووم لەگەڵی.

وانەی پەنجاو یەك

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (لیعان) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ ١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر کەسێك لەگەڵ خێزانم ببینم لەسەر جێگا چی بکەم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن سَهْلَ بْنَ سَعْدٍ السَّاعِدِيَّ: أَنَّ عُوَيْمِرًا الْعَجْلَانِيَّ جَاءَ إِلَى عَاصِمِ بْنِ عَدِيّ الْأَنْصَارِيِّ (رضي الله عنه) فَقَالَ لَهُ: أَرَأَيْتَ يَا عَاصِمُ لَوْ أَنَّ رَجُلًا وَجَدَ مَعَ امْرَأَتِهِ رَجُلًا، أَيَقْتُلُهُ فَتَقْتُلُونَهُ، أَمْ كَيْفَ يَفْعَلُ؟ فَسَلْ لِي عَنْ ذَلِكَ يَا عَاصِمُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَسَأَلَ عَاصِمٌ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَكَرِهَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمَسَائِلَ وَعَابَهَا، حَتَّى كَبُرَ عَلَى عَاصِمٍ مَا سَمِعَ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ((ﷺ) فَلَمَّا رَجَعَ عَاصِمٌ إِلَى أَهْلِهِ جَاءَهُ عُوَيْمِرٌ فَقَالَ: يَا عَاصِمُ، مَاذَا قَالَ لَكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَ عَاصِمٌ لِعُوَيْمِرٍ: لَمْ تَأْتِنِي بِخَيْرٍ قَدْ كَرِهَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمَسْأَلَةَ الَّتِي سَأَلْتُهُ عَنْهَا. قَالَ عُوَيْمِرٌ: وَاللَّهِ لَا أَنْتَهِي حَتَّى أَسْأَلَهُ عَنْهَا. فَأَقْبَلَ عُوَيْمِرٌ حَتَّى أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَسَطَ النَّاسِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ رَجُلًا وَجَدَ مَعَ امْرَأَتِهِ رَجُلًا، أَيَقْتُلُهُ فَتَقْتُلُونَهُ أَمْ كَيْفَ يَفْعَلُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (قَدْ نَزَلَ فِيكَ وَفِي صَاحِبَتِكَ، فَاذْهَبْ فَأْتِ بِهَا). قَالَ سَهْلٌ: فَتَلَاعَنَا وَأَنَا مَعَ النَّاسِ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمَّا فَرَغَا قَالَ عُوَيْمِرٌ: كَذَبْتُ عَلَيْهَا يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنْ أَمْسَكْتُهَا. فَطَلَّقَهَا ثَلَاثًا قَبْلَ أَنْ يَأْمُرَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: فَكَانَتْ سُنَّةَ الْمُتَلَاعِنَيْنِ) رواه البخاري

واتە: (سەهل ی کوڕی سەعدی ساعدییەوە) دەڵێ: جاریکیان (عویمری عەجلانی) هات بۆلای (عاصم ی کوڕی عدی ئەنصاری)(خوای لێ ڕازی بێت) پێی وت: ئەرێ (عاصم) ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ژنەکەیدا پیاوێکی بینی، بیکوژێت و ئێوەش بیکوژنەوە؟! یان چیبکات باشە؟ (عویمر) وتی بە (عاصم): تکات لێدەکەم لەم بارەیەوە پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکە.. (عاصم) یش پرسیاری کرد.. پێغەمبەر (ﷺ) بەم جۆرە پرسیارانە ناڕەحەت دەبوو، تاوای لێهات (عاصم) ئەو حاڵەتەی لەسەر دڵ گران بوو، کە (عاصم) گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، جارێکی دی (عویمر) هاتەوە بۆلای وتی: پێغەمبەر (ﷺ) چی پێوتی؟ عاصم وتی: خێرت بەناوچەوانەوە نەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئەو مەسەلەیەی بەلاوە گران بوو، (عویمر) وتی: بەخوا وازناهێنم تا خۆم پرسیاری لێنەکەم، ئیتر چوو بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لەناو کۆمەڵێ خەڵکدا دانیشتبوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): چی دەفەرموویت لەبارەی پیاوێکەوە لەناو جێگەدا پیاوێکی تر لەگەك ژنەکەیدا ببینێ؟ ئایا بیکوژێ و ئێوەش بیکوژنەوە، یان چی بکات باشە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لەبارەی تۆو هاوسەرەکەتەوە ئایەت هاتۆتە خوارەوە، بڕۆ بیهێنە) (سهل) دەڵێ: (عویمر) و هاوسەرەکەی لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ)بەرنامەی (لعان)یان ئەنجامدا، منیش لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دانیشتبووم، کاتێ لێبوونەوە (عویمر) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەگەر بیهێنمەوە مانای وایە بۆختانم بۆ کردووە، بۆیە پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمان بدات، (عویمر) سێبەسێ تەڵاقیدا. (أبن شهاب) دەڵێ: ئیتر ئەوە بووە بەرنامەی (لعان) لەبەینی ژن و میردا.

پ ٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا چۆن لیعان دەکرێت؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: سُئِلْتُ عَنِ الْمُتَلَاعِنَيْنِ فِي إِمْرَةِ مُصْعَبٍ: أَيُفَرَّقُ بَيْنَهُمَا. (قَالَ): فَمَا دَرَيْتُ مَا أَقُولُ، فَمَضَيْتُ إِلَى مَنْزِلِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) بِمَكَّةَ، فَقُلْتُ لِلْغُلَامِ: اسْتَأْذِنْ لِي، قَالَ: إِنَّهُ قَائِلٌ، فَسَمِعَ صَوْتِي، قَالَ: ابْنُ جُبَيْرٍ؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: ادْخُلْ،

فَوَاللَّهِ مَا جَاءَ بِكَ هَذِهِ السَّاعَةَ إِلَّا حَاجَةٌ، فَدَخَلْتُ، فَإِذَا هُوَ مُفْتَرِشٌ بَرْذَعَةً، مُتَوَسِّدٌ وِسَادَةً حَشْوُهَا لِيفٌ، قُلْتُ: أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْمُتَلَاعِنَانِ أَيُفَرَّقُ بَيْنَهُمَا؟ قَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ! نَعَمْ، إِنَّ أَوَّلَ مَنْ سَأَلَ عَنْ ذَلِكَ فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ، قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ أَنْ لَوْ وَجَدَ أَحَدُنَا امْرَأَتَهُ عَلَى فَاحِشَةٍ، كَيْفَ يَصْنَعُ؟ إِنْ تَكَلَّمَ تَكَلَّمَ بِأَمْرٍ عَظِيمٍ، وَإِنْ سَكَتَ سَكَتَ عَلَى مِثْلِ ذَلِكَ. قَالَ: فَسَكَتَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَلَمْ يُجِبْهُ، فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ ذَلِكَ أَتَاهُ فَقَالَ: إِنَّ الَّذِي سَأَلْتُكَ عَنْهُ قَدِ ابْتُلِيتُ بِهِ. فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَؤُلَاءِ الْآيَاتِ فِي سُورَةِ النُّورِ: (وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ) فَتَلَاهُنَّ عَلَيْهِ، وَوَعَظَهُ وَذَكَّرَهُ، وَأَخْبَرَهُ أَنَّ عَذَابَ الدُّنْيَا أَهْوَنُ مِنْ عَذَابِ الْآخِرَةِ، قَالَ: لَا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا كَذَبْتُ عَلَيْهَا. ثُمَّ دَعَاهَا فَوَعَظَهَا وَذَكَّرَهَا. وَأَخْبَرَهَا أَنَّ عَذَابَ الدُّنْيَا أَهْوَنُ مِنْ عَذَابِ الْآخِرَةِ، قَالَتْ: لَا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ إِنَّهُ لَكَاذِبٌ. فَبَدَأَ بِالرَّجُلِ فَشَهِدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ، وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ، ثُمَّ ثَنَّى بِالْمَرْأَةِ فَشَهِدَتْ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ، وَالْخَامِسَةُ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ. ثُمَّ فَرَّقَ بَيْنَهُمَا) رواه البخاري

واتە: (سەعید کوڕی جوبیر) دەڵێ: لەکاتێکدا کە (مصعب) میر بوو پرسیارم لێکرا دەربارەی ئەو پیاوو ژنەی کە (لیعان) دەکەن، ئایا جیا دەکرێنەوە لەیەك؟ نەم دەزانی چ وەڵامێك بدەمەوە. چووم بۆ مالّی (ابن عمر) (خوای لێ ڕازی بێت) لە مەککە و بەخزمەتکارەکەیم وت: مۆڵەتم بۆ وەربگرە، وتی: خەوتووە، (ابن عمر) لە ژوورەوە گوێی لەدەنگم بوو، وتی: ئەوە (ابن جبیر)ە؟ وتم: بەڵێ، وتی: وەرە ژوورەوە، سوێندبێ لەم کاتەدا پێویستییەك تۆی هێناوە.. (سعید) دەڵێ: چوومە ژوورەوە، لەسەر سەرجلی وڵاغێك دانیشتبوو، پشتییەکی (بالیف) یەکی پڕ لە ڕیشووی دارخورمای لەژێر شاندابوو.. وتم: (ابو عبدالرحمن) ئایا ژن و پیاوێك (لعان) چوو بە بەینیاندا جیا دەکرێنەوە؟ وتی: (سبحان الله) بەڵێ، لەڕاستیشدا یەکەم کەسیش ئەو پرسیارەی لە پێغەمبەری خوا کرد (ﷺ) فلانی کوڕی فلان بوو پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): تۆچی دەفەرموویت ئەگەر یەکێکمان ژنەکەی خۆی لەحاڵەتی فاحیشەدا بینی چی بکات؟ ئەگەر قسە دەکات باس لە شتێکی زۆر گەورە دەکات، ئەگەر بێدەنگیش بێت لە شتێکی گەروە بێدەنگ بووە. پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو، وەڵامی نەدایەوە.دوای ئەوەی بابای (پرسیارکەر) هاتەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و

عەرزی کرد: قوربان ئەو پرسیارەی کە پێشتر عەرزم کردی تووشی خۆم بووە، ئیتر خوای گەورە ئەم چەند ئایەتەی لەسورەتی (النور) ناردەخوارەوە (وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ ..) پێغەمبەر (ﷺ) ئایەتەکانی بەسەردا خوێندەوە، ترسی خودا و باسی قیامەتی بیر خستەوە، پێشی فەرموو: (کەسزای دنیا گەلێك سووکترە لە سزای قیامەت) کابرا وتی: سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە، بوختانم بۆ نەکردووە. پاشان پێغەمبەر (ﷺ) هاوسەرەکەشی بانگکرد، بەهەمان شێوە ترسی خودا و باسی قیامەتی بیر خستەوە، بەویشی فەرموو: (سزای دنیا گەلێ سووکترە لە سزای قیامەت). ژنەکە وتی: نەخێر، سوێندم بەو کەسەی تۆی بە حەق ناردووە، ئەو پیاوەم درۆ دەکات. ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) لەکابراوە دەستی پێکرد، ئەویش چوار جار سوێندی خواردکە خۆی لەڕاستگۆیانە، لەسوێندی پێنجەمیشدا وتی: نەفرەتی خوام لێبێ ئەگەر درۆزن بم. پاشان ژنەکە چوار جار سوێندی خوارد. کە پیاوەکەی لە درۆزنانە، لەسوێندی پێنجەمیشدا وتی: خەشم و قینی خوام لەسەربێت ئەگەر ئەو مێردەم لەڕاستگۆیان بێت. ئیتر پاش ئەم سوێند و نەفرەتە جیای کردنەوە لەیەك.

پرسیار: ئایا پاش (لیعان کردن) چی دەکرێت؟

وەڵام: ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێن.

١- ژن ومێرد لێك جیا دەکرێنەوە هەتا هەتایی.

٢- ئافرەتەکە مارەیی خۆی وەردەگرێ .

٣- منداڵەکە نالکێنرێت بە باوکەوە، بەڵکو دەلکێنرێت بەدایکەوە.

٣- هەرکەس دایکی تۆمەتبار بکات حەددی لێ دەردەکرێت.

٤- حەدد دەرناکرێت لە مێردەکەی بەهۆی لیعانەوە.

٥- لەپاش لێك جیابوونەوە (نەفەقە، جل وبەرگ و سوکنا) لەسەر پیاو نیە.

٦- حەدد لەو ئافرەتەش دەرناکرێت بەهۆی لیعانەوە.

پ ٣ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) خێزانەکەم منداڵێکی ڕەشی بووە منیش حاشام لە منداڵەکە کردووە کە لە من بێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ أَعْرَابِيًّا أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: (يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ امْرَأَتِي وَلَدَتْ غُلَامًا أَسْوَدَ، وَإِنِّي أَنْكَرْتُهُ. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) (هَلْ لَكَ مِنْ إِبِلٍ). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: (مَا أَلْوَانُهَا). قَالَ: حُمْرٌ. قَالَ: (فَهَلْ فِيهَا مِنْ أَوْرَقَ). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (فَأَنَّى هُوَ). قَالَ: لَعَلَّهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ يَكُونُ نَزَعَهُ عِرْقٌ لَهُ. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): (وَهَذَا لَعَلَّهُ يَكُونُ نَزَعَهُ عِرْقٌ لَهُ).رواه البخاري

واتە: (ئەبو هورەیرە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کابرایەکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنەکەم منداڵێکی ڕەش پێستی بووە، منیش حاشام لێکردووە کە منداڵی من بێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئایا تۆ گەلە وشترت هەیە؟) وتی: بەڵێ. فەرمووی: (ڕەنگەکانیان چییەو چۆنە؟) کابرا وتی: سوورن، فەرمووی: (ئایا ڕەنگ خۆڵەمێشیان تیایە؟) کابرا وتی: بەڵێ، پێغەمبەری خوا فەرمووی: (بۆچی وایە؟) کابرا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، لەوانەیە لە ڕەچەڵەکی (باوانێکەوە) هاتبێ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لەوانەیە ئەمەش لەڕەچەڵەکی باوانێکیەوە هاتبێ).

وانەی پەنجاو دوو

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (عیددەی ئافرەتان) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)

پ٨ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا ئافرەتی سکپڕ ئەگەر مێردی مرد کەی شوو دەکاتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُتْبَةَ: أَنَّ أَبَاهُ كَتَبَ إِلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الْأَرْقَمِ الزُّهْرِيِّ، يَأْمُرُهُ أَنْ يَدْخُلَ عَلَى سُبَيْعَةَ بِنْتِ الْحَارِثِ الْأَسْلَمِيَّةِ، فَيَسْأَلَهَا عَنْ حَدِيثِهَا وَعَمَّا قَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ اسْتَفْتَتْهُ. فَكَتَبَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُتْبَةَ يُخْبِرُهُ: أَنَّ سُبَيْعَةَ أَخْبَرَتْهُ أَنَّهَا كَانَتْ تَحْتَ سَعْدِ بْنِ خَوْلَةَ، وَهُوَ فِي بَنِي عَامِرِ بْنِ لُؤَيّ، وَكَانَ مِمَّنْ شَهِدَ بَدْرًا، فَتُوُفِّيَ عَنْهَا فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ وَهِيَ حَامِلٌ، فَلَمْ تَنْشَبْ أَنْ وَضَعَتْ حَمْلَهَا بَعْدَ وَفَاتِهِ، فَلَمَّا تَعَلَّتْ مِنْ نِفَاسِهَا تَجَمَّلَتْ لِلْخُطَّابِ، فَدَخَلَ عَلَيْهَا أَبُو السَّنَابِلِ بْنُ بَعْكَكٍ -رَجُلٌ مِنْ بَنِي عَبْدِ الدَّارِ- فَقَالَ لَهَا: مَا لِي أَرَاكِ مُتَجَمِّلَةً، لَعَلَّكِ تَرْجِينَ النِّكَاحَ؟ إِنَّكِ وَاللَّهِ مَا أَنْتِ بِنَاكِحٍ حَتَّى تَمُرَّ عَلَيْكِ أَرْبَعَةُ أَشْهُرٍ وَعَشْرٌ. قَالَتْ سُبَيْعَةُ: فَلَمَّا قَالَ لِي ذَلِكَ جَمَعْتُ عَلَيَّ ثِيَابِي حِينَ أَمْسَيْتُ، فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَسَأَلْتُهُ عَنْ ذَلِكَ؟ فَأَفْتَانِي بِأَنِّي قَدْ حَلَلْتُ حِينَ وَضَعْتُ حَمْلِي، وَأَمَرَنِي بِالتَّزَوُّجِ إِنْ بَدَا لِي. قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: فَلَا أَرَى بَأْسًا أَنْ تَتَزَوَّجَ حِينَ وَضَعَتْ وَإِنْ كَانَتْ فِي دَمِهَا، غَيْرَ أَنَّ لَا يَقْرَبُهَا زَوْجُهَا حَتَّى تَطْهُرَ) رواه البخاري

واتە: (عبیدالله)ی کە (عبدالله)ی کوڕی (عتبه): کەباوکی نامەیەك دەنوسێت بۆ (عمر)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (أرقم الزهری) تیایدا داوای لێدەکات بڕوات بۆلای (سبیعه)ی کچی (الحارث الاسلمیة) پرسیاری لێبکات دەربارەی بەسەرهاتێکی کە پرسیاری کردووە لە پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش وەڵامنامەکەی (عبدالله ی کوڕی عتبه) دەنووسێ و دەڵێ: (سبیعه وەڵامی پێدام کاتێ هاوسەری (سەعد ی کوڕی خوله)بووە و لەناو خێڵی (بنی عامر بن لۆی)کە یەکێك بووە لەوانەی ئامادەی (بەدر)بووە، لە حەجی ماڵ ئاواییدا وەفات دەکات، لەکاتێکدا کە ئەو دووگیان بووە، دوای وەفاتی مێردەکەی، منداڵەکەی دەبێت. کاتێك لە زەیسانی پاك دەبێتەوە خۆی دەڕازێنێتەوە بۆ خوازبێنی کاران، (أبو سنابل) کوڕی (بعکك) -کەپیاوێکی خێڵی (بنی عبدالدار) بوو- چوو بۆلای، پێی وت: چییە دەتبینم خۆتت ڕازاندۆتەوە؟ دەڵێی بەتەمای شووکردنیت؟ سوێند بەخوا ناتوانی شوو بکەیت، هەتا چوار مانگ و دەڕۆژ بەسەرتا نەگوزەرێ. (سبیعه)ش وتی: کە ئەمەی پێ وتم، لەئێوارەدا خۆم کۆکردەوە چوومە خزمەت پێغەمبەر لەوبارەیەوە پرسیارم لێکرد. ئەویش فەتوای بۆدام کەلەگەڵ لەدایکبوونی منداڵەکەمدا (عیدده)م تەواو بووە. فەرمانی پێدام کەشوو بکەم، ئەگەر بەلامەوە چاك بێت -ئەبو شەهاب دەڵێ: بەگوناهی نازانم ئافرەت شوو بکات دوای دانانی منداڵەکەی، با خوێنیشی مابێت بەڵام مێردە تازەکەی نابێت نزیکی بکەوێت تا پاك دەبێتەوە.

پ ٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مێردەکەم کوژراوە ماوەی چەند دانیشم (عیددەم چەندە)؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَن زَيْنَب بنت كَعْب: أَنَّ الْفُرَيْعَةَ بِنْتَ مَالِكِ بْنِ سِنَانٍ وَهِيَ أُخْتُ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَخْبَرَتْهَا أَنَّهَا جَاءَتْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) تَسْأَلُهُ أَنْ تَرْجِعَ إِلَى أَهْلِهَا فِي بَنِي خُدْرَةَ فَإِنَّ زَوْجَهَا خَرَجَ فِي طَلَبِ أَعْبُدٍ لَهُ أَبَقُوا فَقَتَلُوهُ قَالَتْ: فَسَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)أَنْ أَرْجِعَ إِلَى أَهْلِي فَإِنَّ زَوْجِي لَمْ يَتْرُكْنِي فِي مَنْزِلٍ يَمْلِكُهُ وَلَا نَفَقَةٍ فَقَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (نَعَمْ)

فَانْصَرَفْتُ حَتَّى إِذَا كُنْتُ فِي الْحُجْرَةِ أَوْ فِي الْمَسْجِدِ دَعَانِي فَقَالَ: (امْكُثِي فِي بَيْتِكِ حَتَّى يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ) قَالَتْ: فَأَعْتَدَدْتُ فِيهِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا) رَوَاهُ مَالِكٌ وَالتِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ وَالدَّارِمِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: (زەینەبی کچی کەعب) خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: فوریعەی کچی مالیك، دەکاتە خوشکی ئەبو سەعیدی خودری هەواڵی پیداوە، کە چووە پرسیاری کردووە لە پێغەمبەر(ﷺ)، کە بگەڕێتەوە لای کەسوکاری، چونکە میردەکەی لەکاتی چوونی بۆ گرتنەوەی عەبدێکی ڕاکرد و کوژرا، دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد کە بگەڕێمەوە بۆ لای کەسوکارم، چونکە میردەکەم هیچی بەجێ نەهێشتووە لە پێویستی و خەرجی، فەرمووی: بەڵێ بگەڕێوە لایان، منیش ڕۆیشتم تاکو لەوێ لە ژوورێك بووم، یان لە نوێژگایەك بووم، بانگی کردم فەرمووی: بمینێوە لە ماڵەکەت تاکو ماوەکەت تەواو دەبێ، دەڵێ: چوار مانگ و دە ڕۆژان مامەوە.

شرح الحديث(فَإِنَّ زَوْجَهَا خَرَجَ إِلَى طَلَبِ أَعْبُدٍ): جَمْعُ عَبْدٍ (لَهُ): أَيْ: مَمْلُوكَةٍ (أَبَقَوا): أَيْ: هَرَبُوا (قَتَلُوهُ): أَيِ: الْعَبِيدُ) مرقاة المفاتيح

پ ٣ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) سابیت لێیداوم دەستی شکاندووم بڕیارێکم بۆ بدە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ الرُّبَيِّعِ بِنْتِ مُعَوِّذٍ: (أَنَّ ثَابِتَ بْنَ قَيْسِ بْنِ شَمَّاسٍ ضَرَبَ امْرَأَتَهُ فَكَسَرَ يَدَهَا وَهِيَ جَمِيلَةُ بِنْتُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُبَيٍّ، فَأَتَى أَخُوهَا يَشْتَكِيهِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)فَأَرْسَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)إِلَى ثَابِتٍ، فَقَالَ لَهُ: خُذْ الَّذِي لَهَا عَلَيْكَ وَخَلِّ سَبِيلَهَا؟ قَالَ: نَعَمْ، فَأَمَرَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)أَنْ تَتَرَبَّصَ حَيْضَةً وَاحِدَةً وَتَلْحَقَ بِأَهْلِهَا) رَوَاهُ النَّسَائِيّ قال الالباني صحيح

واتە: ڕەبیعی کوڕی مەعوەز (ﷺ) دەڵێ: سابیتی کوڕی قەیس لە ژنەکەی خۆیدا دەستی شکاند، کە ناوی جەمیلەی کچی عبدالله بوو، براکەی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) شکایەتی لێ کرد، پێغەمبەر (ﷺ)ناردی بە دوای

سابیت پێی فەرموو: ئەو مارەیەی ئەم ئافرەتەی لە سەرتۆیە بۆ خۆت، ڕێگای بەردە(واتە: دەستی لێ بکەوە) سابیت وتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ کرد یەك حەیز چاوەڕوان بکاو چووە لای کەسوکاری.

تێبینی: دوو ڕا هەیە لەم بارەوە:

ڕای یەکەم: زۆربەی ئەهلی عیلم دەڵێن عیددەی خولع لەگەڵ کراوە وەکو عیددە تەڵاقە سێ حەیز چاوەڕوان دەکات

ڕای دووەم دەڵێ: عیددەی خولع یەك حەیزە وەك لەم دەقدا هاتووە.

(عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ، أَنَّ امْرَأَةَ ثَابِتِ بْنِ قَيْسٍ اخْتَلَعَتْ مِنْ زَوْجِهَا عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ (ﷺ) (فَأَمَرَهَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ تَعْتَدَّ بِحَيْضَةٍ). هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَاخْتَلَفَ أَهْلُ العِلْمِ فِي عِدَّةِ المُخْتَلِعَةِ، فَقَالَ أَكْثَرُ أَهْلِ العِلْمِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) وَغَيْرِهِمْ: إِنَّ عِدَّةَ المُخْتَلِعَةِ عِدَّةُ المُطَلَّقَةِ ثَلَاثُ حِيَضٍ، وَهُوَ قَوْلُ سُفْيَانَ الثَّوْرِيِّ، وَأَهْلِ الكُوفَةِ، وَبِهِ يَقُولُ أَحْمَدُ، وَإِسْحَاقُ. وَقَالَ بَعْضُ أَهْلِ العِلْمِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) وَغَيْرِهِمْ: إِنَّ عِدَّةَ المُخْتَلِعَةِ حَيْضَةٌ. قَالَ إِسْحَاقُ: (وَإِنْ ذَهَبَ ذَاهِبٌ إِلَى هَذَا فَهُوَ مَذْهَبٌ قَوِيٌّ) رواه الترمذي قال الالباني صحيح

-(وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاثَةَ قُرُوءٍ) (البقرة:٢٢٨) الحيض، يعني: إذا مرت ثلاث حيضات خرجت من العدة.

وانەی پەنجاو سێ

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (دایەنگا) و وەڵامی پێغەمبەر(ﷺ)

پ ١/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەم منداڵە برازای منە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

((عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا قَالَتْ اخْتَصَمَ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ وَعَبْدُ بْنُ زَمْعَةَ فِي غُلَامٍ فَقَالَ سَعْدٌ هَذَا يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ) ابْنُ أَخِي عُتْبَةُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ عَهِدَ إِلَيَّ أَنَّهُ ابْنُهُ انْظُرْ إِلَى شَبَهِهِ وَقَالَ عَبْدُ بْنُ زَمْعَةَ هَذَا أَخِي يَا رَسُول اللَّهِ (ﷺ) وُلِدَ عَلَى فِرَاشِ أَبِي مِنْ وَلِيدَتِهِ فَنَظَرَ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) إِلَى شَبَهِهِ فَرَأَى شَبَهًا بَيِّنًا بِعُتْبَةَ فَقَالَ هُوَ لَكَ يَا عَبْدُ بْنَ زَمْعَةَ الْوَلَدُ لِلْفِرَاشِ وَلِلْعَاهِرِ الْحَجَرُ وَاحْتَجِبِي مِنْهُ يَا سَوْدَةُ بِنْتَ زَمْعَةَ فَلَمْ تَرَهُ سَوْدَةُ قَطُّ)
صحيح البخاري(الولد للفراش: أي لصاحب الفراش وهو الزوج أو المولى)

واتە: (عائیشە)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: جارێکیان (سعد ی کوڕی ئەبی وەقاص و عەبدی کوڕی زەمعە) لەبارەی منالێکەوە بوو بە مشت ومڕیان، (سعد)وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم منالّە برازامە، منالّی (عتبە) ی کوڕی (ابی وقاص)ە، وەسیەتی بۆ کردووم، کەلای من دایناوە، وتویەتی: ئەمە کوڕمە. سەیری شێوەی بفەرموو. (عبد)ی کوڕی (زەمعە)ش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم کوڕە برای منە، لەباوکی خۆمە، (بەڵام دایکمان جیایە)

ئەو لە کەنیزەکەیەتی، پێغەمبەری خوا (ﷺ)سەیرێکی منداڵەکەی کرد، بینی بەناشکرا لە (عتبە) دەچێ، فەرمووی: (عبد ئەم منداڵە هی تۆیە، چونکە منداڵ ڕۆڵەی تێکەڵی باوك و دایکە. مرۆڤی داوێن پیسیش جگە لە پەشیمانی و ڕەنج خەساری هیچی تری دیکەی دەست ناکەوێ) ئینجا بە (سەودە)ی کچی (زەمعە)ی فەرموو: (سەودە! ئیتر تۆ نامەحرەمی بەو کوڕە)، ئیتر ئەو کوڕە (سەودە)ی نەدەبینی.

ڕوونکردنەوە: (إِنَّمَا قَضَى بِهِ لِعَبْدِ بْنِ زَمْعَةَ عَلَى أَنَّهُ عَبْدٌ لَهُ وَرِثَهُ لَا عَلَى أَنَّهُ أَخُوهُ، وَلِذَا قَالَ: (هُوَ لَكَ) وَلَمْ يَقُلْ هُوَ أَخُوكَ، وَقَالَ: (احْتَجِبِي مِنْهُ يَا سَوْدَةُ): وَلَوْ كَانَ أَخاً لَهَا بِالشَّرْعِ لَمْ يَجِبِ احْتِجَابُهَا (هُوَ لَكَ يَا عَبْدُ بْنَ زَمْعَةَ، الْوَلَدُ لِلْفِرَاشِ) يَعْنِي: الْوَلَدُ يَتْبَعُ الْأُمَّ إِذَا كَانَ الْوَطْءُ زِنًا، هَذَا هُوَ الْمُرَادُ هَاهُنَا، وَإِذَا كَانَ وَالَدُهُ وَأُمُّهُ رَقِيقَيْنِ أَوْ أَحَدُهُمَا رَقِيقًا، فَالْوَلَدُ يَتْبَعُ أُمَّهُ أَيْضًا (وَلِلْعَاهِرِ الْحَجَرُ): أَيْ: وَلِلزَّانِي الْحِجَارَةُ بِأَنْ يُرْجَمَ إِنْ كَانَ مُحْصَنًا، وَيُحَدَّ إِنْ كَانَ غَيْرَ مُحْصَنٍ،مرقاة((أَنَّ ابْنَ وَلِيدَةِ زَمْعَةَ): بِالْإِضَافَةِ أَيِ: ابْنَ جَارِيَتِهِ (مِنِّي): وَهِيَ جَارِيَةٌ زَانِيَةٌ كَانَتْ فِي الْجَاهِلِيَّةِ لِزَمْعَةَ) مرقاة

پ٧ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەر سێکمان کێشەمانە لەسەر ئەم منداڵە ئایا بۆ کێیە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ قَالَ: صَالَحَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَوْمَ الْحُدَيْبِيَةِ عَلَى ثَلَاثَةِ أَشْيَاءَ: عَلَى أَنَّ مَنْ أَتَاهُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ رَدَّهُ إِلَيْهِمْ وَمَنْ أَتَاهُمْ مِنَ الْمُسْلِمِينَ لَمْ يَرُدُّوهُ وَعَلَى أَنْ يَدْخُلَهَا مِنْ قَابِلٍ وَيُقِيمَ بِهَا ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ فَلَمَّا دَخَلَهَا وَمَضَى الْأَجَلُ خَرَجَ فَتَبِعَتْهُ ابْنَةُ حَمْزَةَ تُنَادِي: يَا عَمِّ يَا عَمِّ فَتَنَاوَلَهَا عَلِيٌّ فَأَخَذَ بِيَدِهَا فَاخْتَصَمَ فِيهَا عَلِيٌّ وَزَيْدٌ وَجَعْفَرٌ قَالَ عَلِيٌّ: أَنَا أَخَذْتُهَا وَهِيَ بِنْتُ عَمِّي. وَقَالَ جَعْفَرٌ: بِنْتُ عَمِّي وَخَالَتُهَا تَحْتِي وَقَالَ زَيْدٌ: بِنْتُ أَخِي فَقَضَى بِهَا النَّبِيُّ (ﷺ) لِخَالَتِهَا وَقَالَ: (الْخَالَةُ بِمَنْزِلَةِ الْأُمِّ . وَقَالَ لِعَلِيٍّ: (أَنْتَ مِنِّي وَأَنَا مِنْكَ) وَقَالَ لِجَعْفَرٍ: (أَشْبَهْتَ خَلْقِي وَخُلُقِي) وَقَالَ لِزَيْدٍ: أَنْتَ أَخُونَا وَمَوْلَانَا) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: بەڕائی کوڕی عازیب (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی حودەیبیە ئاشتەوایی لەسەر سێ شتان کرد: هەر کەسێك لە ناو کافران بێتە ناو موسڵمانان بیگێڕنەوە ناو کافران، وە هەر موسڵمانێك بچێتە ناو کافران ئەوە نەیگێڕنەوە ناو موسڵمانان، سااڵی داهاتوو بێنەوە بۆ عومرە تەنها سێ ڕۆژان بمێننەوە، کاتێ سااڵی داهاتوو چووە مەککە ماوەکەی تەواو بوو، کچۆلەیەکی حەمزە بەدوای کەوت بانگی کرد ئەی مامە ئەی مامە، عەلی خۆی لێ نزیك کردەوە دەستی گرت، جا (علی و زەید وجعفر) بوو بە کێشەیان لەسەری، عەلی: وتی: من گرتمەوە وکچی مامی خۆمە، جعفر گوتی: کچی مامی خۆمە وخێزانم پلکی ئەو کچەیە، زەید گوتی: کچی برامە (کاتی خۆی پێغەمبەر لە دروست کردنی برایەتی جەعفەر و زەیدی کردبووە برا لە مەدینە)، پێغەمبەر(ﷺ) بریاری دا بۆ پلکەکەی بێ، فەرمووی: پلك لە جێگای دایکە و فەرمووی: ئەی عەلی تۆ لەمنی منیش لە تۆم و فەرمووی: ئەی جەعفەر تۆ شێوەو ڕەفتارت وەکو هی منە، فەرمووی بە زەید: تۆ براو بەندەی ئازاد کراوی ئێمەی.

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەم ژن ومێردە کێشەیانە لەسەر منداڵ ئایا بۆ کامیانە ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَبْدِ الْحَمِيدِ بْنِ جَعْفَرٍ الْأَنْصَارِيِّ عَنْ جَدِّهِ: (أَنَّ جَدَّهُ أَسْلَمَ وَأَبَتْ امْرَأَتُهُ أَنْ تُسْلِمَ، فَجَاءَ بِابْنٍ لَهُ صَغِيرٍ لَمْ يَبْلُغْ، قَالَ: فَأَجْلَسَ النَّبِيُّ (ﷺ)الْأَبَ هَاهُنَا وَالْأُمَّ هَاهُنَا، ثُمَّ خَيَّرَهُ وَقَالَ: اللَّهُمَّ اهْدِهِ، فَذَهَبَ إِلَى أَبِيهِ) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالنَّسَائِيُّ قال الالباني صحيح

واتە: (عبدالحمیدی کوڕی جەعفەری ئەنصاری لەباپیریەوە) (ﷺ) دەڵێ: باپیرم موسڵمان بوو، وخێزانەکەشی ڕەتی کردەوە موسڵمان بێ، دەڵێ: باپیرم کوڕێکی هەبوو هێنایە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)کە هێشتا بالیغ نەببوو، دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) باوکی منداڵەکەی لێرە دانیشاندو دایکی لێرە، منداڵەکەی سەرپشك کرد، فەرمووی: خودایە ڕێنمایی بکەی، منداڵەکە چووە لای باوکی(واتە: باوکی هەڵبژارد)

پ٤/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مێردەکەم منداڵەکەم لێ دەستێنێتەوە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (قَالَ (أَنَّ امْرَأَةً جَاءَتْ فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ زَوْجِي يُرِيدُ أَنْ يَذْهَبَ بِابْنِي وَقَدْ سَقَانِي مِنْ بِئْرِ أَبِي عِنَبَةَ، وَقَدْ نَفَعَنِي، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)اسْتَهِمَا عَلَيْهِ، فَقَالَ زَوْجُهَا: مَنْ يُحَاقُّنِي فِي وَلَدِي؟ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ)هَذَا أَبُوك وَهَذِهِ أُمُّك فَخُذْ بِيَدِ أَيِّهِمَا شِئْت، فَأَخَذَ بِيَدِ أُمِّهِ فَانْطَلَقَتْ بِهِ) رَوَاهُ أَبُو دَاوُد قال الالباني صحيح

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: ئافرەتێك هات گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مێردەکەم دەیەوێ کوڕەکەم لێ بسێنێ، ئەو کوڕە بیگومان ئاوی پێداوم لە بیری ئەبو عینەبە و سوودی پێگەیاندووم، پێغەمبەر فەرمووی: قورعەی لەسەربکەن، مێردەکەی وتی: ئەم کوڕە مافی خۆمە کێ بۆم وەردەگرێتەوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە منداڵەکە ئەوە باوکتە، ئەوەش دایکتە، کامیانت پێ خۆشە لە هەردووکیان دەستی بگرە، جا منداڵەکە دەستی دایکی گرت و ڕۆیشت.

پ٥/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) پیاوەکەم تەڵاقی داوم، منداڵەکەشم لێ دەستێنێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (أَنَّ امْرَأَةً، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ ابْنِي هَذَا كَانَ بَطْنِي لَهُ وِعَاءً، وَثَدْيِي لَهُ سِقَاءً، وَحِجْرِي لَهُ حِوَاءً، وَإِنَّ أَبَاهُ طَلَّقَنِي، وَأَرَادَ أَنْ يَنْزِعَهُ مِنِّي، فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللهِ (ﷺ): أَنْتِ أَحَقُّ بِهِ مَا لَمْ تَنْكِحِي) رَوَاهُ أَحْمد وَأَبُو دَاوُد قال الالبانی حسن

واتە: عەمرێ کوڕی شوعەیب لە عبدالله ی کوڕی عەمر دەگێڕێتەوە (ڕەزای خودای لێبێت) دەڵێ: ئافرەتێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەو کوڕەی من سکم بۆی دەفریوە، هەردوو مەمکم بۆی کانی بووە، سینگم بۆی شوێنی حەوانەوە بووە، باوکی تەڵاقی داوم و دەیەوێ منداڵەکەم لێ بسێنێ، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: تۆ لەپێشتری بۆ منداڵەکەت مادام شووت نەکردۆتەوە(واتە: ئەگەر شووی کردەوە ئەم مافەی نامینێ)

وانەی پەنجاو چوار

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی خوێن و تۆڵەکان (الدماء و الجنايات) و وەڵامی پێغەمبەر(ﷺ)

پ ١/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئافرەتێك ئافرەتێکی کوشتووە بەبەرد، کوژراوەکەش منداڵی لە سکدایە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: اقْتَتَلَتِ امْرَأَتَانِ مِنْ هُذَيْلٍ، فَرَمَتْ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَي بِحَجَرٍ، فَقَتَلَتْهَا وَمَا فِي بَطْنِهَا، فَاخْتَصَمُوا إِلَي رَسُولِ (ﷺ) فَقَضَي رَسُولُ الله (ﷺ) أَنَّ دِيَةَ جَنِينِهَا غُرَّةٌ: عَبْدٌ أَوْ وَلِيدَةٌ، وَقَضَي بِدِيَةِ الْمَرْأَةِ عَلَي عَاقِلَتِهَا وَوَرَّثَهَا وَلَدَهَا وَمَنْ مَعَهُمْ، فَقَالَ حَمَلُ بْنُ النَّابِغَةِ الْهُذَلِيُّ: يَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)كَيْفَ أَغْرَمُ مَنْ لَا شَرِبَ وَلَا أَكَلَ، وَلَا نَطَقَ وَلَا اسْتَهَلَّ، فَمِثْلُ ذَلِكَ يُطَلُّ. فَقَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) (إِنَّمَا هَذَا مِنْ إِخْوَانِ الْكُهَّانِ) مِنْ أَجْلِ سَجْعِهِ الَّذِي سَجَعَ) رواه البخاري

واتە: (أبو هريره)(خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: دووژن لە هۆزی (هوزەیل) دەبێ بەشەڕیان، یەکێکیان بەردێك دەگرێتە ئەوی تریان دەیکوژێت لەگەڵ منداڵەکەی سکیدا، لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵا دەکەن، پێغەمبەریش (ﷺ) کێشەکە دەبڕێتەوە بەوەی کە خوێنی کۆرپەکەی دا ئەنێت بەبەندەیەك یا کەنیزەکێك کە نرخەکەی نرخی پێنج حوشتربێت واتا نیوەی دەیەکی خوێنێکی تەواو، خوێنی ژنەکەیش دائەنێت لەسەر خزم و کەس و کاری ژنە بکوژەکە، کوڕی ژنە کوژراوەکە و ئەوانەی لەگەڵیاندا کردنی بەمیراتگری ژنەکە. (حمل)

ی کوڕی (نابعە)ی (هوزەیل)دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، چۆن خوێنی کەسێك ببڕێرم کەنە ئاوی خواردۆتەوە و نەنانی خوارد وە نەقسەی کردووە و نەهاواری کردووە، نموونەی کەسێکی لەو شێوە خوێنی بەتاڵە و بە هەدەر دەڕوات، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (ئەمە لە برادەرانی کولەنانی و فاڵچییەکانە) لەبەر ئەو بەیت و باڵۆرەی کە وتی.

پ ٢ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) حەقی ددانەکەم دەوێ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(وَعَنْ يَعْلَى بْنِ أُمَيَّةَ قَالَ: غَزَوْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)جَيْشَ الْعُسْرَةِ وَكَانَ لِي أَجِيرٌ فقاتَلَ إنساناً فَعَضَّ أَحَدُهُمَا الْآخَرَ فَانْتَزَعَ الْمَعْضُوضُ يَدَهُ مِنْ فِي الْعَاضِّ فَأَنْدَرَ ثَنِيَّتَهُ فَسَقَطَتْ فَانْطَلَقَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)فَأَهْدَرَ ثَنِيَّتَهُ وَقَالَ: (أَيَدَعُ يَدَهُ فِي فِيكَ تَقْضِمُهَا كَالْفَحْلِ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

واتە: یەعلای کوڕی ئومەییە (ﷺ) دەڵێ: چوومە غەزا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە سوپای عوسرە، کرێکارێکم هەبوو لەگەڵ کەسێك بەشەڕ هات، یەکیان دەستی ئەوی دیکەی گەزی، دەست گەزراو دەستی خۆی ڕاکێشا، لەدەمی ئەوەی گەزتبووی، ددانی کەوت (واتە: ددانی ئەوەی دەستی گەزتبوو) چوونە لای پێغەمبەر بۆ حەقی ددانەکەی، پێغەمبەر حەقی ددانی بۆ دانەنا، فەرمووی: ئایا دەستی خۆی لە ناو دەمت بەجێ بێڵێ تاکو بیکرۆژێ وبیقرتێنێ. (واتە: مافی خۆیەتی دەستی خۆی ڕاکێشاوە چونکە تۆ گەزتووتە)

پ٣/ - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەو پیاوە براکەمی کوشتووە، ئەگەر دانی پیا نەنێ شایەت دێنم؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عَلْقَمَةَ بْنَ وَائِلٍ: أَنَّ أَبَاهُ (رضي الله عنه) حَدَّثَهُ قَالَ: إِنِّي لَقَاعِدٌ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ)) إِذْ جَاءَ رَجُلٌ يَقُودُ آخَرَ بِنِسْعَةٍ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا قَتَلَ أَخِي، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ)

(أَقَتَلْتَهُ). فَقَالَ: إِنَّهُ لَوْ لَمْ يَعْتَرِفْ أَقَمْتُ عَلَيْهِ الْبَيِّنَةَ. قَالَ: نَعَمْ، قَتَلْتُهُ. قَالَ: (كَيْفَ قَتَلْتَهُ). قَالَ: كُنْتُ أَنَا وَهُوَ نَخْتَبِطُ مِنْ شَجَرَةٍ، فَسَبَّنِي فَأَغْضَبَنِي، فَضَرَبْتُهُ بِالْفَأْسِ عَلَى قَرْنِهِ فَقَتَلْتُهُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): (هَلْ لَكَ مِنْ شَيْءٍ تُؤَدِّيهِ عَنْ نَفْسِكَ). قَالَ: مَا لِي مَالٌ إِلَّا كِسَائِي وَفَأْسِي، قَالَ: (فَتَرَى قَوْمَكَ يَشْتَرُونَكَ). قَالَ: أَنَا أَهْوَنُ عَلَى قَوْمِي مِنْ ذَاكَ. فَرَمَى إِلَيْهِ بِنِسْعَتِهِ وَقَالَ: (دُونَكَ صَاحِبَكَ). فَانْطَلَقَ بِهِ الرَّجُلُ، فَلَمَّا وَلَّى قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) (إِنْ قَتَلَهُ فَهُوَ مِثْلُهُ). فَرَجَعَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُ بَلَغَنِي أَنَّكَ قُلْتَ: (إِنْ قَتَلَهُ فَهُوَ مِثْلُهُ) وَأَخَذْتُهُ بِأَمْرِكَ؟ فَقَالَ رَسُولُ (صلي الله عليه وسلم): (أَمَا تُرِيدُ أَنْ يَبُوءَ بِإِثْمِكَ وَإِثْمِ صَاحِبِكَ). قَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ -لَعَلَّهُ قَالَ- بَلَى. قَالَ: (فَإِنَّ ذَاكَ كَذَاكَ). قَالَ: فَرَمَى بِنِسْعَتِهِ وَخَلَّى سَبِيلَهُ) رواه مسلم (شرح الكلمة (بنسعة) هي حبل من جلود مضفورة جعلها كالزمام له يقوده بها (او سير عريض يربط به الاسير.

واتە: لە(علقمه)ی کوڕی (وائل)ەوە: کە باوکی قسەی بۆ کردووە وتوویەتی: من لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووم کاتێکم زانی پیاوێك هات کە پیاوێکی دیکەی پەت کردبوو بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەمە براکەمی کوشتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئایا کوشتووتە؟) خاوەن کوژراوەکە وتی ئەگەر دانی پێدانەنێت شایەتی لەسەر دەهێنم کابرا وتی: بەڵێ کوشتوومە. فەرمووی: (چۆن کوشتووتە) ئەویش وتی: من و ئەو پێکەوە گەڵامان لەدرەختێك ئەوەراند، جنێوێکی پێدام تورەی کردم، منیش تەورێکم دا بەلاسەریدا و کوشتم پێغەمبەریش (ﷺ)فەرمووی: (ئایا هیچ شتێکی وات بەدەستەوە هەیە لەتۆڵەی خۆتدا بیدەیت) ئەویش وتی: مالّم نییە تەنها کراسەکەم و تەورەکەم نەبێت). فەرمووی: (ئەی وا ئەبینی خزم و کەسوکارەکەت بتکڕنەوە) ئەویش وتی: من لەوە سووکترم لای خزم و کەس و کارەکەم کەشتی وام دەرهەق بکەن. پێغەمبەریش (ﷺ) پەتەکەی بۆ فڕێ دەداتەوە و دەفەرموێت: (ئەوە خۆت و برادەرەکەت). کابرایش لەگەڵ خۆی ڕاکێشا کاتێ پشتی هەڵکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر بیکوژیتەوە ئەویش وەکو ئەو وایە). کابرا گەڕایەوە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، پێم گەیشتۆتەوە کە تۆ فەرموویتە: (ئەگەر بیکوژیتەوە ئەویش وەکو ئەو وەهایە) و منیش بە فەرمانی تۆ بردوومە؟ پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت: (ئەی تۆ ناتەوێت تاوانی خۆت و

تاوانی براکەیشت بکاتە گەردنی خۆی) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا -وادەزانم وتی: بەڵێ- فەرمووی: (دەی ئەوە وەهایە) (واتە: لێبووردنت، دەبێتە هۆی لێخۆشبوونی گوناهی خۆت و براکەت) کابراش پەتەکەی فڕێدا و بەرەڵای کرد.

ڕوونکردنەوە: (إِنْ قَتَلَهُ فَهُوَ مِثْلُهُ فَالصَّحِيحُ فِي تَأْوِيلِهِ أَنَّهُ مِثْلُهُ فِي أَنَّهُ لَا فَضْلَ وَلَا مِنَّةَ لِأَحَدِهِمَا عَلَى الْآخَرِ لِأَنَّهُ اسْتَوْفَى حَقَّهُ منه بخلاف ما لو عفى عَنْهُ فَإِنَّهُ كَانَ لَهُ الْفَضْلُ وَالْمِنَّةُ وَجَزِيلُ ثَوَابِ الْآخِرَةِ وَجَمِيلُ الثَّنَاءِ فِي الدُّنْيَا)شرح النووي على مسلم

پ ٤ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) گەورەکەم زەکەری بڕیوم ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عن عَمْرُو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)صَارِخًا، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (مَا لَكَ؟) قَالَ: سَيِّدِي زَانِي أُقَبِّلُ جَارِيَةً لَهُ فَجَبَّ مَذَاكِيرِي، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) (عَلَيَّ بِالرَّجُلِ) فَطُلِبَ فَلَمْ يُقْدَرْ عَلَيْهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (اذْهَبْ، فَأَنْتَ حُرٌّ) . قَالَ: عَلَى مَنْ نُصْرَتِي يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ يَقُولُ: أَرَأَيْتَ إِنِ اسْتَرَقَّنِي مَوْلَايَ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (عَلَى كُلِّ مُؤْمِنٍ أَوْ مُسْلِمٍ) رواه ابن ماجه قال الالباني حسن (فجب) أي قطع. (مذا كيرى) هي جمع الذكر على غير قياس

واتە: عەمرِی کوڕی شوعەیب لەباب وباپیریەوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك بە هاوار هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش فەرمووی: ئەوە چیتە؟ وتی: گەورەکەم بینی جاریەکەی ئەوم ماچ کرد، ئەندامی نێرینەی بڕیم (واتە: زەکەری) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو پیاوەم بۆ بێنن، بەدوای گەڕان کابرا هەڵات و نەگیرا، پێغەمبەر فەرمووی: تۆ بڕۆ لە بەندایەتی ئازاد بووی، وتی: ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) کێ سەرم دەخات ئەگەر گەورەکەم کردمیەوە بەندە، فەرمووی: هەموو مسڵمان وباوەڕدارێك.

وانەی پەنجاو پێنج

پرسیاری هاوەڵان دەربارەی غەیبەت (الغيبة) و وەڵامی پێغەمبەر(ﷺ)

پ ١ / - ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) فلانە کەس فەقیرحاڵە نان ناخوا تاکو نانی نەدەنێ ؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، أَنَّهُمْ ذَكَرُوا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلا، فَقَالُوا: لا يَأْكُلُ حَتَّى يُطْعَمَ، وَلا يَرْحَلُ حَتَّى يُرْحَلَ لَهُ، فَقَالَ لَهُمُ النَّبِيُّ (ﷺ) : اغْتَبْتُمُوهُ، فَقَالُوا : إِنَّمَا حَدَّثْنَا بِمَا فِيهِ، قَالَ: حَسْبُكَ إِذَا ذَكَرْتَ أَخَاكَ بِمَا فِيهِ) رواه الأصبهاني و أبو نعيم فى الحلية قال الالباني حسن لغيره

واتە: عەمرِی کوڕی شوعەیب لەباب وباپیرییەوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەر باسی پیاوێك کرا، هاوەڵان وتیان ئەی نێرراوی خودا(ﷺ) فلانە کەس نان ناخوات تاکو نانی نەدەنێ، سواری وڵاخ نابێ، تاکو خەڵك سواری نەکەن (واتە: هێنده فەقیر حاڵە)؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئێوەی غەیبەتی ئەوتان کرد، وتیان: شتێمان گوت تێیدایە، فەرمووی: ئەوەندەت بەسە (واتە: لە گوناح) باسی براکەت بکەی کە ئەو سیفەتەی تێدا هەبێ.

پ٢ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) غەیبەت چییە وچۆنە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنِ الْغِيبَةِ، فَقَالَ: (أَنْ تَذْكُرَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ) قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ، فَإِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ؟ قَالَ: (فَإِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدِ اغْتَبْتَهُ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ فَقَدْ بَهَتَّهُ) البزار وابو يعلى الوصلي قال حسين سليم أسد إسناده صحيح ومسلم.

هاوەڵی بەڕێز ئەبو هورەیرە دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر(ﷺ) کرا غەیبەت چییە؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: غەیبەت ئەوەیە باسی برایەك یان خوشکێك بکەی ئەویش پێی ناخۆش بێ، هاوەڵان وتیان: ئەدی ئەگەر ئەوەی باسمان کرد ئەو سیفەتەی تێدابوو، فەرمووی: ئەگەر ئەو سیفەتەی تێدابوو ئەوە غەیبەتت کردووە، بەڵام ئەگەر ئەو سیفەتەی تێدا نەبوو ئەو بوختانت پێ کردووە) بۆ زانین: بوختان لە غەیبەت خراپترە (هەردووکیان حەرامن) وە بزانن: غەیبەت هیچ سوودی نیە، جگە لە گوناح، جا هەیە بەناوی سوعبەت غەیبەتی خەڵکی دەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویە هاوەڵان ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟

هاوەڵان: وتیان خودا و پێغەمبەر دەزانن.

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ:(أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ؟ قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ قِيلَ: أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ؟ قَالَ: إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدِ اغْتَبْتَهُ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدْ بَهَتَّهُ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ

واتە: (ئەبو هورێرە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟) وتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (باس کردنی براکەتە بەوەی کە پێی ناخۆش بێت). وترا: ئەگەر ئەو شتەی کە من دەیڵێم لەبراکەمدا هەبوو؟ پێغەمبەر (ﷺ)

فەرمووی: (ئەگە ئەو شتەی تیا بوو ئەوا غەیبەتت کردووە، ئەگەر تیایانەبوو ئەوا بوختانت بۆ کردووە

پ٣ / ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) صەفیە بەژنی کورتە؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةَ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا - قَالَتْ: قُلْتُ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) : حَسْبُكَ مِنْ صَفِيَّةَ كَذَا وَكَذَا - تَعْنِي قَصِيرَةً - فَقَالَ: لَقَدْ قُلْتِ كَلِمَةً لَوْ مُزِجَ بِهَا الْبَحْرُ لَمَزَجَتْهُ قَالَتْ وَحَكَيْتُ لَهُ إِنْسَانًا فَقَالَ مَا أُحِبُّ أَنِّي حَكَيْتُ إِنْسَانًا وَأَنَّ لِي كَذَا وَكَذَا) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ والبيهقي وقال الترمذي حديث حسن صحيح قال الالباني صحيح

واتە:عائیشە خودا لێی ڕازی بێ دەڵێ: گوتمە پێغەمبەر(ﷺ) صەفییە ئەوها و ئەوهایە (واتە: مەبەستی ئەوە بوو باڵای کورتە) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: قسەیەکەی وات کرد ئەگەر تێکەڵاوی ئاوی دەریا بکرێ پیسی دەکات (کە ئاو بەهیچ شتێك پیس نابێ) عائیشە گوتی: وەسفی مرۆڤێکم کردووە، فەرمووی: حەزناکەم وەسفی مرۆڤێك بکەی، چونکە ئەو شتە و ئەوشتەی بۆ من هەیە(واتە: ئەو چاکانەی هەنە)

پ٤ / عائیشە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) زەمی ئەو پیاوت کرد، دوایش زۆر ڕێزت لێ گرد بۆچی؟

وەڵامەکەی لەم دەقەی خوارەوەدایە:

(عَنْ عَائِشَةُ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا): أَنَّ رَجُلًا اسْتَأْذَنَ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: (ائْذَنُوا لَهُ، فَلَبِئْسَ ابْنُ الْعَشِيرَةِ. أَوْ: بِئْسَ رَجُلُ الْعَشِيرَةِ). فَلَمَّا دَخَلَ عَلَيْهِ أَلَانَ لَهُ الْقَوْلَ. قَالَتْ عَائِشَةُ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قُلْتَ لَهُ الَّذِي قُلْتَ ثُمَّ أَلَنْتَ لَهُ الْقَوْلَ. قَالَ: (يَا عَائِشَةُ، إِنَّ شَرَّ النَّاسِ مَنْزِلَةً عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ وَدَعَهُ -أَوْ: تَرَكَهُ- النَّاسُ اتِّقَاءَ فُحْشِهِ) رواه مسلم

واتە: (عائیشە) (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، ئەویش فەرمووی: (مۆڵەتیبدەن، خراپترین کوڕی هۆزە،

یان خراپترین پیاوی هۆزە)، کاتێك هاتە خزمەتی، بە نەرم و نیانی قسەی لەگەڵ کرد. عائیشە دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەر، پێش ئەوەی بێتە ژوورەوە ئەوەت پێ وت کە فەرموت، کەچی دواتر بەنەرم و نیانی قسەت لەگەڵی کرد. فەرمووی: (ئەی عائیشە، بەڕاستی خراپترین ئاکام لای خوا لە ڕۆژی دواییدا، بۆ ئەو کەسانەیە، کە خەڵکی وازی لێدێنن بۆ خۆپاراستن لە خراپەی ولێی دوور دەکەون).

لـە کۆتـــــاییـدا:

لەخودای میهرەبان دەپارێمەوە ئەم کارەم لێ وەرگرێ و لە هەڵە و کەم و کوڕییەکانم خۆش بێ، دوا پێداچوونەوە بەرواری (٦/ ١٠/ ٢٠٢٠)

سەرچاوەکان

١- البخاری

٢- مسلم

٣- ابن حبان

٤- ابن ماجه

٥- ابو داود

٦- الترمذي

٧-النسائی

٨- الدارمی

٩- پوختەی صەحیحی موسلیم بەکوردی

١٠- فقه السنه سید سابق بەکوردی

١١- تەفسیری ڕامان

١٢- پوختەی تەفسیر

١٣- تەفسیری ئاسان

١٤- الدار قطني

١٥- فتاوی الرسول (ﷺ) لابن القیم

١٦- مصنف عبدالرزاق

١٧- مصنف ابن ابی شیبه

١٨- تحفة الاحوذي بشرح الترمذي المباركفوري

١٩- ڕوونکردنەوەی (منهاج الطالبين) م/ عبدالله هەرتەلی

٢٠- سنن البيهقی و الحاكم و الطبراني.

٢١- شرح النووی علی مسلم.

٢٢- شرح سنن ابی داود الراجحی.

٢٣- فەرهەنگی سەرچاوە

٢٤- فەرهەنگی دەریا

٢٥- قاموس المعانی

٢٦- الادب المفرد لامام البخاری

٢٧- مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح

نـــــاوەڕۆک

پێشـــــەکی ٥
ئایا بۆچی هاوەڵان (خودا لێیان رازی بێ) تامەزرۆ بوون پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) بکەن؟ ٧
چەند فەرموودەیەکی گرنگ لەسەر بەقسەکردنی پێغەمبەر(ﷺ) ١٠
وانەی یەکەم : پرسیاری هاوەڵان لە بواری بیروباوەڕ (العقيدة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ١٢
وانەی دووەم: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی پەیام و پێغەمبەران (الرسل والرسالات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٣٨
چەند پرسیار وەڵامێکی دیکە دەربارەی پێغەمبەران (عليهم الصلاه والسلام)..... ٤٤
وانەی سێیەم : پرسیاری هاوەڵان لە بواری هاوسەرگیری (الزواج) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٤٧
چەند فەرموودەیەکی دیکە دەربارەی هاوسەرگیری لە شێوەی پرسیار و وەڵام..... ٦٧
وانەی چوارەم: پرسیاری هاوەڵان لە بواری خەون (الرؤيا) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٧٤
چەند فەرموودەیەکی دیکە لەسەر خەون لە شێوەی پرسیار و وەڵام ٧٩
وانەی پێنجەم: پرسیاری هاوەڵان لە بارەی (بەهەشت) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ).....٨٤
وانەی شەشەم: پرسیاری هاوەڵان لە بارەی ڕۆژی قیامەت (يوم القيامة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٨٨
وانەی حەوتەم : پرسیاری هاوەڵان لە بواری پاك وخاوێنی (الطهارة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٩٣
وانەی هەشتەم: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی نوێژ (الصلاة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ).. ١٢٢
وانەی نۆیەم : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مردن و مردووان (الموت والأموات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ١٤١
وانەی دەیەم : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی زەکات و سەدەقە (الزكاة والصدقات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ١٤٥

وانەی یازدەهەم: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مانگی ڕەمەزان (رمضان) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ١٥٦
وانەی دوازدەهەم : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی شەوی قەدر (ليلة القدر) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ١٦٩
وانەی سێزدەهەم: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی حەج وعومرە (الحج والعمرة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ١٧٢
وانەی چواردەهەم : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی قوربانی (الاضحية) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ١٨٧
وانەی پازدەهەم: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مزگەوتەکان (المساجد) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ١٩٠
وانەی شازدەهەم : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی قورئانی پیرۆز (القران الكريم) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ١٩٧
وانەی حەڤدەهەم : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی یادی خودا (ذكر الله) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٢٠٧
وانەی هەژدەهەم : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی پاڕانەوە (الدعاء) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٢١٣
وانەی نۆزدەهەم: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی چەند کرەوەیەکی چاك و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٢٢٢
وانەی بیست : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی کاروکاسبی (العمل والكسب) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٢٣١
وانەی بیست و یەك : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی گەورەیی ئوممەتی پێغەمبەر و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٢٣٧
وانەی بیست و دوو: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی فاڵچی وکاهینەکان و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٢٤٠
وانەی بیست و سێ: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی گوناهە گەورەکان (الكبائر) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٢٤٢

وانەی بیست و چوار: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی گەشبینی و ڕەشبینی و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٢٤٤
وانەی بیست و پێنج : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی نەخۆشی و پزیشکی و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٢٤٧
وانەی بیست و شەش: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی تێکۆشان (الجهاد) و جۆرەکانی شەهیدی و وەڵامی پێغەمبەر(ﷺ) ٢٥٦
وانەی بیست و حەوت : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی عیبادەت لە جیاتی کەسێك و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٢٦٧
وانەی بیست و هەشت : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی سوێند خواردن و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٢٧٣
وانەی بیست و نۆ: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی خواردنەوەکان (الاشربة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٢٧٦
وانەی سی: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی خواردەمەنییەکان (الْأَطْعِمَةِ) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٢٨٠
وانەی سی و یەك: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی سزای زینا و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ).... ٢٩٦
وانەی سی و دوو : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی سوێندان (القسامة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٠٣
وانەی سی و سێ : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مافی دایك وباوك (الوالدين) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٠٧
وانەی سی و چوار : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مافی ئافرەت لەسەر پیاو و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣١٣
وانەی سی و پێنج : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی کردەوە هەرە چاکەکان و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣١٧
وانەی سی و شەش : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی مافی دراوسێ (الجار) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٢١
وانەی سی و حەوت: پرسیاری هاوەڵان لە بوارە جۆرا و جۆرەکان (المنوعات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٢٤

وانەی سی و هەشت : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی کڕین وفرۆشتن (البیوع) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٣٣٥
وانەی سی و نۆ: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی قەرز وقەرزکردن (الدین) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٣٤٢
وانەی چل: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (دیاری) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٣٤٦
وانەی چل و یەك : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی تازیەداری ئافرەتی مێردمردوو و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٣٤٩
وانەی چل و دوو: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (خەرجی و پۆشاکی عیدەدار (نفقه المعده) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٥٢
وانەی چل و سێ: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (میرات) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)...٣٥٦
وانەی چل و چوار: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (خزمەتکار و کرێکار) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٦٠
وانەی چل و پێنج : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (عەزل) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ).. ٣٦١
وانەی چل و شەش: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (شتی ونبوو) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٦٤
وانەی چل و حەوت: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (شیردان) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٦٦
وانەی چل و هەشت: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (تەڵاق) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) . ٣٧٠
وانەی چل و نۆ : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی تەلاقدانی بەپارە (خولع) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٧٥
وانەی پەنجا : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (زیهار) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ)..... ٣٧٧
وانەی پەنجاو یەك: پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (لیعان) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) . ٣٨٠
وانەی پەنجاو دوو : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (عیددەی ئافرەتان) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٨٥
وانەی پەنجاو سێ : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی (دایەنگا) و وەڵامی پێغەمبەر(ﷺ).... ٣٨٩
وانەی پەنجاو چوار : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی خوێن و تۆلەکان (الدماء و الجنایات) و وەڵامی پێغەمبەر(ﷺ) ٣٩٣

وانەی پەنجاو پێنج : پرسیاری هاوەڵان دەربارەی غەیبەت (الغيبة) و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٩٧
سـەرچاوەکـان ٤٠١

پرسیاری هاوەڵان
و
وەڵامی پێغەمبەر ﷺ

بەڕێـــزان: پاش ئەوەی سەیری کتێبخانەی کوردیم کرد، هیچ بابەتێك نەبوو، بەناونیشانی پرسیاری هاوەڵان و وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) یان خود فەتواکانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هاوەڵان، بۆیە گەڕام لەسەر ئەم بابەتە چەندین دەقم دۆزیەوە، داواکارم خودا لێم قەبوول بکا،وە ئومێدەوارم سەرجەم موسڵمانان سوودی لێ وەربگرن،وەدەکرێ بکرێتە مەنهەج بۆ قوتابخانە شەرعییەکان،خول، پێشبڕکی...هتد

دوو ئـــاگاداری:

١- ئەوانەی پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کردووە بریتینە لەمانە:
(١- فریشتە ٢-موسڵمان ٣- گاور (دیان) ٤- جوولەکە).

٢- ئەم کتێبە لە نزیکەی (٥٦٥) پرسیار و وەڵام پێك هاتووە، زیاتر لە(٥٣٣) پرسیار ئاراستەی پێغەمبەر (ﷺ) کراوە، وە (٣٤) فەرموودەش لەم کتێبە کراوەتە پرسیار و وەڵام، وە (٥٥) وانە و بابەتی زۆر گرنگی لە خۆ گرتووە.

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی
بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە
■ 07504671394 - 07824671394
■ فەیس بووك : کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی
■ هەولێر - بەرامبەر دەرگای قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری
DESIGN 07504808081

نرخ : ٥٠٠٠ دینار